# کاک فوئاد
# ڕێبەر، سیاسەتمەدار و
# زانایەکی سیاسی
(1948-1979)

نووسین و ئامادە کردنی: ڕەشاد مستەفا سوڵتانی
سوید ساڵی 2006ی زاینی (1385ی هەتاوی)

دیزاین و بەرگ: حەیدەر ئیبراهیمی
Ara_mariwan@yahoo.com

**ناوی کتێب:** کاک فوئاد، رێبەر سیاسەتمەدار و زانایەکی سیاسی
**نووسەر:** ڕەشاد مستەفا سوڵتانی
**چاپی یەکەم:** چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ باشووری کوردستان ـ شاری سلێمانی،
سالّی 2006/ی زاینی
**چاپی دووەم:** چاپخانەی باقر مورتەزەوی ئالّمان / کۆڵن سالّێ 2007 ی زاینی
**تیراژ:** هەزار دانە
**دیزان و گەڵاڵەی ڕووبەرگ و کونترۆڵ:** حەیدەر ئیبراهیمی و ئەرسەلان عەزیزی
**شابەک:** ISBN:91-976462-0-2
**نرخ:** پازدە ئۆیرۆ (25 دۆلار)

***کەڵک وەرگرتن لە بابەتەکانی ئەم کتێبە بە هەر شێوەیەک لە گەڵ ناوبردنی" سەرچاوەدا" ڕەوایە. مافی بڵاوکردنەوە و لە چاپدانەوەی کتێبەکە بۆ نووسەر پارێزراوە.***

# پێڕست

**1 - پێشەکی و وتە یەک لەگەڵ خوێنەران ....................................... 1**
**2- پێشکەش بە نیلسون ماندێلا .................................................. 8**
**3- بار و دۆخ و فەزای پەروەردە بوونی کاک فوئاد .......................... 10**
*3.1 - شاری مەریوان ............................................................. 10*
*3.2- ئاڵمانە ........................................................................ 13*
*3.3- ماڵەکەمان .................................................................... 20*
*3.4- دەورانی منداڵی کاک فوئاد ............................................... 25*
*3.5- باوکی کاک فوئاد ............................................................ 26*
*3.6- دایکی کاک فوئاد ............................................................. 38*
*3.7- خەبات وبەرەنگاری دژی دیکتاتوری کۆن ونوێ ................................ 84*

**4- ژیانی غەریبی کاک فوئاد ..................................................... 87**
**5- پێش ڕۆیشتن بو زانکۆ ......................................................... 95**
*5.1- دووخانیاتی مەریۆان ........................................................... 95*
*5.2-بەشداری لە تاقی کردنەوەکان و هەڵبژاردنەکانی زانستگاکانی ئێران ........... 98*
*5.3-وت و وێژ لە گەڵ کار بەدەستانی نەوتی ئابادان................................ 105*
**6- خوێندنی دەورەی چوار ساڵەی زانکۆ لە تاران .......................... 106**
*6.1- دیدار و هاتنی هاوڕێ یان بۆ ئاڵمانە ........................................... 113*
*6.2- بڕیاریک ......................................................................... 114*
**7- بار و دۆخی سیاسی_کۆمەڵایەتی ئێران و کوردستان ................. 116**
**8- گەڵاڵەی دروست بوون و پێک هاتنی کۆمەڵە .............................. 121**
**9- کاک فوئاد پاش تەواو کردنی زانکۆ ......................................125**
*9.1- مودیر عاملی بەرق لە شاری مەریوان .......................................... 125*
*9.2- - دەورانی مودیر عامیلی بەرقی بروجرد ....................................... 131*
*9.3- ئەنستیتوی تکنۆلۆژی بەرقی شیراز ........................................... 134*

*9.4- دەبیری هونەرەستانی سەنعەتی شاری سنە ................................. 137*

**10- دێل کردنی کاک فوئاد ...................................................... 142**

10.1- دێل کردنی کاک فوئاد لە شاری سنە ........................................... 142

10.2- لە زیندانی کۆمیتەی هاوبەشی تاران ........................................... 143

10.3- لە زیندانی قەسری تاران ....................................................... 145

*10.4- زیندانی شاری سنە ............................................................ 153*

*10.5- مان گرتنی مێژوویی 24 رۆژەی زیندانی سنە .............................. 155*

10.6- هەڵویستی گۆڤاری "بەرەو ئازادی" ........................................... 161

10.7- بڕیارنامەی خەلکی سنە ........................................................ 163

10.8- داواکانی زیندانی یە سیاسی کانی سنە ........................................ 166

10.9- ناوی ئەو زیندانی یە سیاسی یانە مانیان گرتووە ............................ 167

**11- ئازادی کاک فوئاد لە زیندان ............................................... 168**

**12- خەباتی سیاسی کۆمەڵە پێش ڕووخانی شا ............................... 172**

*12.1- کونگەرەی یەکەمی کومەلە و بوژاندنەوی تەشکیلات ........................ 172*

*12.2- تاکتیکی پێشوازی لە زیندانی یە سیاسی یەکان ............................. 173*

*12.3 ڕێکخستنی پێشوازی لە کاک شوعیب زەکەریایی ............................. 174*

*12.4- پەیکەرێک لەکاک سمایل وهاوڕێکانی لە گۆڕستانی تایلەی سنە ........... 176*

**13- جەرەیان و هێزە سیاسی یەکان لە دەورانی دیکتاتوری شا و دیکتاتوری جمهوری ئێسلامی ................................................... 178**

13.1- جولانەوەی مەزهەبی- ئێسلامی لە سنەو مەریوان ........................... 179

13.2- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران .......................................... 195

13.3- کۆمەڵە ........................................................................ 201

13.4- چریکە فیدایی یەکانی خەلکی ئێران ........................................... 211

13.5- سازمانی پەیکارلە کوردستان ................................................... 214

13.6- موجاهیدینی خەلک لە کوردستان ............................................. 216

13.7ـ کەسایەتی سیاسی ـ مللی لە کوردستان..................................218

**14- ڕێکخراوە و ئورگانە دیموکراتیکەکان، دەور و ڕێبەری کاک فوئاد ... 220**

*14.1- کۆمیتەی ژنان لە شاری مەریوان ............................................ 220*

*14.2- کانوونی دانش ئاموزان وقوتابیان و دانشجویانی مەریوان ................. 225*

*14.3- ئیتحادیەی کرێکارانی بیکاری مەریوان ....................................... 228*

*14.4- نەورۆزی خوێناوی شاری سنە ............................................... 231*

*14.5 _ جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و ئینقلاب ........................................ 236*
*14.6_ جەمعیەتی دیفاع لە مافی گەلی کورد لە مەریوان ............................. 238*
*14.7_* جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە نەوسود ......... 239

**15- خەباتی خەلکی مەریوان دژی بی عەدالەتی یەکانی**
**دوو رژیمی شا و جمهوری ئیسلامی ......................................... 241**
*15.1- شورای کورت تەمەنی شاری مەریوان دەسکەوتێکی مێژوویی بوو ...... 243*
**16- دامەزراندنی یەکیەتی جووتیاران و هەوەڵین واحیدی پێشمەرگە ..... 247**
*16.1- نامەیەکی کاک فوئاد بۆ کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ........................... 248*
*16.2- خەباتی ڕێکخراویی شارودێهات ................................................ 251*
*16.3- دووهەڵویست ودوو بۆچوونی سیاسی لە مەریوان .......................... 251*
*16.4- هەڵویستی کاک فوئاد لە بەرانبەر موخالفینی سیاسی ....................... 256*
**17- قسە کانی کاک فوئاد لە مەهاباد هاوینی سالی 1358 .................. 260**
*17.1- روون کردنەوەیەک ............................................................ 260*
*17.2- قسە کان ......................................................................... 262*
**18- چەند هەڵویست ورِوداوی گرێنگ ......................................... 339**
18.1- بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد لە عێراق ................................ 339
18.2- قیادە موەقەت و گەمارۆی شاری مەریوان ................................... 341
18.3- بڕیارنامە هەشت مادەیی مەهاباد ............................................... 344
18.4- گەلالەی دامەزراندنی زانستگای کوردستانی ئێران ........................ 346
18.5- کونفرانسی وەحدەت ............................................................. 348
18.6- هەڵویستی چەپی ئێران سەبارەت بە کۆمەلە .................................. 350
18.7- بۆ چونی کۆمەڵە سەبارەت بە کاری تیئوریک ................................ 352
**19- کارەساتی 23 ی تیری 1358ی هەتاوی لە مەریوان .................. 355**
*19.1- گۆڤاری پێشرەوی ژمارە هەشتی کۆمەڵە ....................................... 364*
**20- کۆچی مێژوویی شاری مەریوان ........................................... 366**
*20.1- فیلمێک لە ئوردووگای کانی میران ............................................. 384*
*20.2- ئەندامانی شورای شاری مەریوان .............................................. 384*
*20.3- دەقی وتار و سوخنرانی یەکەی کاک فوئاد لە ئوردووگای کانی میران .... 385*
*20.4- پێشرەوی ژمارە 8 (کوردی) ....................................................... 391*

20.5- تاكتيك، ديپلۆماسی و موزاكره له ڕوانگای كاك فوئادەوە ................ 393

**21- خەباتی سیاسی و تەشكیلاتی كاك فوئاد دوای كۆچی مەریوان ...... 400**

21.1- سەفەر بۆ شاری پاوە .......................................................... 400

21.2- سەفەر بۆ كەرەفتوو ناوچەی دیواندەرە ...................................... 405

21.3- سەفەر بۆ شاری سەقز .......................................................... 406

21.4- سەفەر بۆشاری بۆكان .......................................................... 407

21.5- سەفەر بۆ شاری بانە ........................................................... 408

21.6- سەفەر و گەڕانەوە بۆ مەریوان ................................................ 409

**22- كارەساتی شەهید بوونی كاك فوئاد ...................................... 410**

22.1- هێنانەوەی تەرمی كاك فوئاد بۆ ئالمانە ...................................... 415

22.2- وەسیەتی دایە بەهیە ............................................................ 420

22.3- گۆڤاری كیهان .................................................................. 421

22.4- پیلانی دوژمن پاش مەرگی كاك فوئاد ....................................... 422

**23- گۆڕستانی تاڵە سوار ........................................................ 425**

23.1- شیعری سەر كێلەكان .......................................................... 429

23.2- دایكی "تاڵە سوار": ناسری حیسامی ......................................... 436

**24- موهەندس فوئاد مستەفا سولتانی**

***ڕێبەر و سیاسەتمەدار و زانایەكی سیاسی ..................................... 438***

1 . 24- ڕێكخراوە و تەشكیلات ...................................................... 444

24.2- سیاسەت و تاكتێك .............................................................. 445

24.3- تەئسیر و دەوری شەخسیەتی كاك فوئاد لە سەر بنە ماڵە.................. 446

24.4- یازدە مانگ! ...................................................................... 452

24.5_ وەسیەت نامەی گیانبەختكردوو بە ڕێز ماجید مستەفا سولتانی............ 458

**25- كۆمەڵە دوای كاك فوئاد .................................................... 464**

**26- هەڵ بژاردەیەك لە شیعر و نوسراوەكان بو یادی كاك فوئاد .......... 474**

26.1- سپیدار: ناسری حیسامی ........................................................ 474

26.2- ڕاسپاردە: احمد شاملو .......................................................... 477

26.3- مرۆڤی گەورە و شەهیدی نەمر : حسین بەفرین ............................ 488

26.4- پێشكەش بە گوردانی كاك فوئاد: ڕێبوار .................................... 501

26.5- بە سەر هاتی جووتیاریك ....................................................... 503

*26.6- رێز گرتنیک لە هاورێ فوئاد: ئیرەجی ئازەرین ............................... 515*
*26.7- هەزار بریا: ڕێبوار ............................................................ 532*
*26.8- میوانی تۆن: ڕێبوار ............................................................ 535*
*26.9- بە یادی کاک فوئاد : ئەحمەد بازگر ............................................ 537*
*26.10- نامەی سەرە خۆشی: سەلاح موهتەدی ......................................... 540*
*26.11- دیدەنی: شێرکۆ بێکەس ....................................................... 543*
*26.12- گلینەی چاو: کاک مارف حەسەنی ............................................. 546*
*26.13- نامەی سەرە خۆشی کۆمەڵە لە دایک و باوکی شەهیدانی نەمر ........... 547*
*26.14- دوو جار دیداری کاک فوئاد و دوو بیرەوەری:داریوش نەویدی ......... 550*
*26.15 - "تۆ" لە ڕوانگەی بەرزیەوە: حەمە عەزیز ...•.......................... 554*
26.16_ ئوستوورەیەک بۆ هەمیشە ................................................... 555
**27- ڕێزگرتن ومەراسمێ شکۆدار بە یادی کاک فوئاد ...................... 558**
*27.1- چلەی گیان بەخت کردووان ..................................................... 558*
*27.2- یەکەمین نەورۆزی مەرگی کاک فواد ........................................... 560*
*27.3- شاری بوکان 9 ی شەهریوەری 1360 ....................................... 566*
*27.4- یادی 20 ساڵەی شەهید بوونی کاک فوئاد ..................................... 568*
**28- سرودی کاک فوئاد ........................................................... 581**
*28.1- پێناسی سرودی کاک فوئاد ..................................................... 582*
**29- سەر چاوەکان ............................................................... 585**
*29.1- فارسی ............................................................................ 585*
*29.2- کوردی ........................................................................... 586*
*29.2ـ انگلیزی ........................................................................... 586*
**30- بیوگرافی نووسەر ........•................................................ 587**
**31- تکایەک لە خوێنەران! ....................................................... 588**

# 1. پێشەکی و وتە یەک لەگەڵ خوێنەران

هەندی جار شت گەلیکی سامناک و دلتەزین روودەدا کە مرۆڤ ناتوانی فرمێسکەکانی ڕاگرێ! ڕاستی یەکەی ئەوەیە کە جوانەمەرگەکان لە کوردستان ژیاون، کارەسات و تراژدییەکان هەمووی لە کوردستان رووی داوە. کات و زمان هەموو برێنەکان سارێژ ناکات، بەڵام لە پرۆسەی زماندا مرۆڤ فێر دەبێ لە گەڵ برێنەکاندا، بژیت ! هیوادارم ئەم کتێبە بۆ ناسینی زۆرتری شەخسیەتی کاک فوئاد بە زمانی فارسی تەرجومە کرێتەوە. خۆ ئەگەر کەسێک بێەوی ئەم کتێبە وەرگێڕێتەوە سەر زمانەکانی تر خزمەتێکی گەورەی دەر حەق بەمێژوو و فەرهەنگی کورد کردوە. تراژدی یەکان ئەوەندە قوڵ و بەرین بوون کە بۆ ماوەی چەند ساڵ گێژ و کاس بووم ولەو ماوەیەدا تەنیا توانیم هەندیی دەس نووس و نەوار و بیرەوەری کۆ کەمەوە و لە خزانی پاییز بیانپاریزم.تێپەڕ بوون لە ڕەنجەکان بە ڕاستی دژوار بوو. ئاوارە بوون و پەنا بەری دەردێکی بێ دەرمانە. لە سفرەوە دەس پێکردن بە ڕاستی هێچ ئاسان و ڕاحەت نی یە. بە تایبەت هاتنە ناو فەزا و سیستەمێکی تر کە زۆردلڕەق و بێ رەحمە و هەموو کاتێک مرۆڤ دەخاتە حالەتی دیفاعی یەوە.زۆرکات و وەختی ئێنسان دەکوژی. لە بار و دۆخی ئالوز و دژوارەدا دەبێ ئاگات لە خۆت بێ کەلە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی یەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر خۆت گەشە بدەیت و تێکۆشێ بە زووترین کات خۆت لە گەڵ سیستەمەکەدا بگونجێنی، ئەگێنا ژیانت بەفیرۆ دەچیت. بۆ کۆ کردنەوەی ماتریالی ئەم کتێبە

وەک بیرەوەری، ڤیدئۆ، عەکس، نەوار ،شیعر وتاری سیاسی وتەرجومە ڕەنجی زۆرم کێشا .,لەم بوارەدا دۆست، برادەر، ئاشنا و هاوڕێ کانم تکای منیان وەرگرت و بە مەحەبەتەوە وڵامیان داوە و دریغیان نەکرد و ئەوەی لە

دەستیان هات و ئێمکانی هەبوو یارمەتیان دام. براکان و خۆشکە کانم، فایزە، مەلەکە، ڕەزا، حیشمەت، عبدوڵا و... بە شێوە یەکی بەر فراوان و هەمەلایەنە یارمەتی دلسۆزانە یان داوم ودەبێ سوپاسبژێریان بم کە هان دەری شێلگیری من بۆ نووسینی ئەم کتێبە بوون. لە هەندی فەسڵی کتێبەکەدا، مەتڵەب و وتارەکانی شاعیر و نووسەران هەر بە ناوی خۆیانەوە نووسراوە وبە تایبەت ئەمانەت داریم کردوە. خۆشک و براکانم جگە لە یارمەتی بێ سنوور وەک ڕاوێژ کار، مشاورو شارەزا لە کارەساتەکان دەوریان دەگێڕا و زۆر ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لە بیر چوبونەوە، وەبیریان هێنامەوە و ئاستی مێژوویی کتێبەکەیان بەرزتر کردەوە.

لەم کتێبەدا تێکۆشاوم کە بە هێچ شێوە یەک تانوپۆی، بنەماڵەیی و خانەوادەگی بەخۆیەوە نەگرێت ئەمما لە ئەساسدا، مێژووی قۆماغیکی تایبەتی گەلی کوردە. پرووسەی ئەو مێژووە بێگومان ئاوێنەی باڵا نوێنی بنەماڵەکەیە.و بێ پەردە و ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە و خۆی دەنوێنی. ئەمە ئیدیعایەکی پوچ و خاڵی نی یە. ئەم بنەماڵەیە هەنگاویکی گەورە و بەرچاوی لە مێژووی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی، هەڵگرتوە و شەقڵی خۆی لەمێژووی ئەو قۆناغە حەساسە داوە.

هەرگێز ئێدیعا ناکەم کە توانێومە مێژوویی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەلەو کاک فوئادم نوسیوەلە هەمان کادا ئێدیعا دەکەم زۆر ماتریاڵ دوکۆمینت، سەند و بەلگەم لە فەوتان و گوم بوون ڕزگار و نەجات داوە ونەم هێشتوە پرۆسەی زمان لە بیری باتەوە و شرت و گوم بن. لانی کەم نە لە ڕوانگای عاتیفی و پەیوەندی بیولۆژیکەوە،کە لە گەڵ کاک فوئاد هەمەتوانێومە دەوری کەسایەتی و شەخسییەتی ئەو لە مێژوویی خوێناوی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئێران نیشان وئاماژەی پێی بکەم. دژوارترین ئێش دەسپێکردنیەتی و ڕچە شکاندن پێویستی یەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی یە. ئێمەی کورد تەنانەت لە بواری نووسینی ڕووداوەکان، مێژوو و بیوگرافی ڕێبەرانی کورد دەستمان پڕ نی یە و تا ڕادەیەکی زۆر خاڵی یە. مێژووی کورد

لە لایەن داگیرکەرانەوە دەنوسرێ وئەوان خاوەنی دوکۆمینتەکانن، و بە مەیل، مەسڵەحەت و بەرژەوەندی خۆیان ئارشیڤی دەکەن ولە عەمەلدا لە خەڵکی کورد شاراوەیە و سانسور کراوە.

دوکۆمینتەکانی کورد لە لاپەڕەکانی مێژوودا یان کەمن یان نەنوسراون. خەبات و کارەساتە مێژوویی و دوکۆمینتەکانی کورد لە ئاستێکی زۆر نزمدا لە لایەن پارتی و رێکخراوەکانی کوردەوە، تۆمار و ئارشیڤ کراون. پارتەکانی کوردستان توانیویانە کەرەسەی پێویست و چەک و تەقەمەنی بە ئارەزوی خۆیان بشارنەوە بەڵام کاتێک دێتە سەر نوسراوە و دوکۆمینتەکان زۆر کەمتەرخەم و لە ئەساسدا، بایەخی عیلمی و زانستیان پێ نە داوە.

بە داخەوە لە سەردەمی ناکۆکی یەکانی ناوحیزبی کومونیسی ئێران(کۆمەڵە) دا، بەشی بە ناوی حیزبی کومونیستی کرێکاری دەستیان بە سەر هەموو ئارشیوی کۆمەڵەدا گرت. ئارشێوی ڕادیو کۆمەڵەیان لە باتی ئەوەی وەک گلێنەی چاو بیپاریزن، سوتاندیان و هێچ ئاسەوارێکی لی نەما وئێتر نازانم وڵامیان لە بەرانبەر بێ بەشان و هەژارانی کورددا چی یە ؟ڕاستەوخۆ من لەو ئارشیوە مەحرووم و بێ بەش کرام وئەو سەرچاوە باوەرپێکراوە، لە لایەن تاقمی کومونیسمی کرێکاری یەوە فەوتا و نابود کرا.

دەولەتەکان و میللەتەکانی تر بۆ نموونە ئامریکا بە مەبەستی سڕینەوە و گوم کردنی هەموو ئاسەواری جەنایەتەکانی لە ڤێتنام لە هەموو ئامرازێکی قانوونی، سیاسی و کۆمەڵایەتی کەڵکێ وەر گرتوە. ئەندازە و حەجمی ئەو بومبانەی کە ئامریکا بە سەر خاکی ڤێتنام ڕژاندی وخەڵکێ بێدفاعی ڤێتنامی کوشت گەلیک لە هەموو بومبەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی کە دونیای پێ وێران کرا زۆر تر بوو.ئامریکایی یەکان لە هالیوود وەک ئامێرێکێ سیاسی ـکۆمەڵایەتی ئەو پەڕی کەڵکیان وەر گرتوە. فیلمێکیان دروست کردوە کە سیستە می سەرمایەداری، ئەرتەش و سازمان سیای ئامریکا بە پێچەوانە نیشان دەدات. ئاکتۆرەکان لە فیلمەکەدا سیمای ئەرتەشی ئامریکا وەک ئەرتەشێکی ڕزگاری بەجش و یارمەتی دەرکە گوایە خەڵکی ڤێتنام لە

حکومەتەکەیان بێزارن، نیشان دەدەن پەیام و کاکڵەی فیلمەکە بۆ بینەر سیمای ئێنسان دۆستانە و زۆردلۆڤان و بە رەحمی دەوڵەتی ئامریکایە.لەم فیلمەدا هەموو خەتا سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکان خراوەتە سەر شانی حیزبی زەحمەتکێشانی ڤێتنام و خەڵکی بێ دیفاع وبێ تاوانی ڤێتنام. بەم شێوەیە ئامریکا مێژووی دەسکرد ساز دەکات و نەسڵی نۆی، لە ڕووداوە ڕاستی یەکان مەحروم و بێ بەش دەکات و جەنایەت، کوشتار و تەجاوەزی نیزامی خۆی دەشارێتەوە. ئەمە ڕەوەندێک لە ئارشێڤ کردنی درۆ و دەلەسە و شاردنەوەی ئاکاری وەحشیانەی دەوڵەتی ئامریکا یە. ئامریکای یەکان بە شێوە یەکی دڵتەزین کوشتار و ژنۆسیدی خەڵکی بێدفاعی ڤێتنامیان کرد کە تا ئێستا وێنەی هەرگێزلە مێژوودا نە بێنراوە. ئارشێڤێکیان دروست کردوە کەهێرش و جەنایەتەکانیان شرت وگوم کەن. یانی لە واقیعدا لە ژنوسیدو تەجاوەز و چەوساندنەوەی دونیا،و کردەوە وەحشیانەکانیان بە هەر شێوە بۆ نەسڵی داهاتوو سیمای یەکی میهرەبان و دڵسۆزانە لەخۆیان نیشان دەدەن. و لە درۆ و جەنایەت و لە قاڵبی فیلم مێژووی ئامریکا دروست دەکەن. بە وتەیەکی تر هەموو میدیای ئەو وڵاتەو هاوپەیمانەکانیان وەک تەلەڤیزیون، گۆڤار، کتێب، سینەما، سایتی کامپیوتر، ماهوارەی ئاسمانی و... لە خزمەت مێژووی ئامریکادایە. ئەگەر خەڵکی ڤێتنام ئارشیوی دەوڵەمەندیان بوایە ئامریکا نەیدەتوانی بەو شێوەیە سیمایەکی مرۆڤ دوست لە خۆی نیشان دا و ڤێتنامی یەکان پەردەی ئاشکرایان لە سەر جەنایەتی ئامریکا لا دەبرد.

کوشتاری کورد خۆ درۆ نی یە. کورد هەموو کاتێک هێرش کراوەتە سەری و بوە بە قوربانی داگیرکەران و سزاوارو شیاوی ئەوەیە کە جەنایەتەکانی داگیرکەران تۆمار و ئارشێڤی لێ دروست بکات. خۆ کورد قەدو بە بیرەوەری مێژووی جیهان داگیر کەر نەبووە.هێچ کەس و میللەت و دەوڵەتێک ناتوانی مێژووە کەی حاشا کات. دەبی کارەساتە دڵتەزینەکان ،کوشتارەکان، شکستەکان و سەرکەوتنەکان و... بنوسێتەوە. کە ئەو کارە ڕاستەوخۆ مێژووی کوردە. ئێستاو لەم فازەدا شایستەو سزاوارە

دیکۆمینتەکان و مێژووی خوێناوی خۆی، بە شێوەیەکی عیلمی بنووسێ و لە ئاستێکی بەرزدا کۆی کاتەوە. دەبوا پارتی و ڕێکخراوەکانی کورد بۆ نووسینی ڕووداوەکان و مێژوو، ئۆرگانی تایبەتیان تەرخان و لە ئاستێکی بەرزدا لەو بوارەدا، خەباتیان بکردبایە. زۆر روداوی مێژوویی لە بیر چوەتەوە کە نموونەی لە مێژووی میللەتەکانی تردا، کەمە. زۆربەی هەرە زۆری ئەو دوکۆمینتانە لە لای سۆڤیەت، میتی تورکیا، ساواکی ئیسلامی ئێران، حیزبی بەعسی سووریا وعێراق و ولاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاواوە، ئارشێڤ کراون. ئێمە بۆ شێ کردنەوە و زانیاری سەبارەت بە مێژووی کورد ناچارین لە ئارشیڤی ئەوان کەلک وەر گرین و مێژووی خۆمان بدۆزینەوە و تا ڕادەیەکیش سوال کەین. ئەگەرچی کورد خاوەنی دەولەتی خۆی نە بووە، ناکرێ بلێین نەیتوانیوە دوکۆمینتەکان و نوسراوەکان قایم بکا و بشاریتەوە، خۆ باسکەکانی ئەسپانیا و خەلکی فەلەستین ودوورگەی تیموور، دەولەتیشیان نە بووە کە چی خاوەنی ئارشێڤی دەولەمەند و عیلمین. هاوار بە مالم کورد لە هە پارچەیەک و بە راستی بەداخەوە خاوەنی ئارشێڤیک بە شێوەی عیلمی، مودێرن، کلاسیک و زانستیانە نی یە.

هیوا دارم ئەم کتێبە وەک فانوس و چرایەک ڕێگا بۆ تۆژینەوە و شێ کردنەوەی زۆر کارەساتی کۆمەلایەتی و مێژوویی کە سەرمایە کوردی هەژارن، روون کاتەوە و لە ئاستی خۆیدا ڕچەشکێن بێ ! دەزانم کە زۆر شتم باس نەکردوە و نە پێکاوە. ئەم کتێبە دلۆپەیەک لە دەریای شەخسیەت و کاراکتری کۆمەلایەتی و سیاسی ڕێزدار کاک فوئادە و "من ئەوەم پێکراوە کە توانیومەو ئەوەی لە توانای مندا بووە کردومە!" هیوادارم مەبەستم پێکا بێت، چونکوو کاک فوئاد ئەفسانە نی یە بەلکوو خودی مێژووە !

کارل مارکس دەلی : وا نی یە کە نوێنەرانی ئەدەبی و سیاسی چینێک، ئەندامی ئەو چینە بن کە نوێنەرایەتی دەکەن. کاک فوئاد بە پێچەوانەی شوێنێ کۆمەلایەتی خۆی نوێنەرایەتی چینی هەژار و فەقیرو بێ بەشانی ئێران و کوردستانی بە دلسۆزی و لیبوردوویی و شە هامەتەوە کرد.

هەندێک لە مەتڵەبەکان کۆ کراونەتەوە و بیر و ئەندیشەی ئازیزانێکی ترە کە هەست عاتیفەو هەڵویستی خۆیان بە تایبەت سەبارەت بە کاک فوئاد نیشان داوە کە شایانی رێز و قەدردانین. شیعرەکان لە کات و شوێنی جیاواز و بە بۆنەیٚ جۆراوجۆرەوە گوتراون، کە بە ئێمزای خاوەنیانەوە دیاری کراون. هەر کام لەو شیعرانە بە شێوەیەک ئاستی شەخسیەتی سیاسی وکۆمەڵایەتی کاک فوئاد نیشان دەدەن. بەڵام سەرجەم راسپاردە و پەیامێکیان پیٚ یە کە لە چەند قاڵب و فورمدا، دارێژراون. پەیامەکە ئەوەیە : کاک فوئاد رێبەرێکی زۆر خۆشەویست وبەتوانا، سیاسەتمەدارێکی هێژا و کارزان و هەرە دڵسۆزی سیاسی، تیژ، لیهاتوو و لە هەمان کاتدا غورووری بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کورد بە تایبەتی بووو دەورانی ژیانی بە ئێمان و لیبوردوویی وسەداقەتی شۆڕشگێرانەوە پێوا.

بەکورتی نەزەرات و نوسراوەکەم سەبارەت بە کاک فوئاد لە ڕاستیدا بە هۆی نزێکی زۆر ترم چ لە دەورانی خوێندنی دەبستان. دەبیرستان، زانستگا و دیدارەکانی زیندان و پاش تەواوبونی زیندان بوە و هەیە. بێگومان ئوتۆریتە ی کۆمەڵایەتی، مەعنەوی و سیاسی کاک فوئاد ئەوەندە لە ئاستێکی بەرزدا هەیە کە موتڵەقەن پێویستی بە دیفاع و تەئییدی من بە هێچ شێوە و جۆرێک نە بووە ونیە. بێگومان ئەم کتێبە دەوری رێبەری کاک فوئادی هەمە لایەنە باس نەکردووە. تائێستا و پاش نزیکەی سیٚ ساڵ کۆمەڵە شتێکی نە نوسیوە. بە ڕێز ئێرەجی ئازەرین ماڵی ئاوەدان بیٚ مەتڵەبێکی سەبارەت بە کاک فوئاد نووسی هەر باش بوو کە ڕچەی شکاند و سوپاسی دەکەم. دەورانی فەعالیەت و هەڵسوڕانی نهێنی کۆمەڵە و ئەو جەلەسە و کۆبونەوانە کە کراوە و بە تایبەت کونگەرەی یەکەمی کۆمەڵە لیرەدا نە هاتوە. نوسراوە کانی تەشکیلاتی و رێکخراوەیی و داخلی کە کاک فوئاد دەور و نەقشی سەرەکی تێدابوە ونوسیویەتی و دەبوا ئاماژەیان پیٚ بکەم لە بەر دەستمدا نەبوو. چاپ و بڵاو کردنەوەی ئەو بەشانە ئەرکی سەر شانی هاوڕیٚ یانی لە مێژینەی کاک فوئاد و ئەو دوو ڕێکخراوەیە کە بە ناوی کۆمەڵەوە خەبات دەکەن.

***بۆ ئاگاداری خوێنەران و ڕوونکردنەوەیەک:***

- چاپی یەکەمی ئەم کتێبە ساڵی 2006 ی زاینی لە باشوری کوردستان و لە شاری سلێمانی کرا.و سوپاس بژێر و منەتباری ئەو هاورێ خۆشەویستانەم کە لە سلێمانی بۆ چاپی کتێبەکە یارمەتی دڵسۆزانەی منیان دا.

- کتێبەکە بڵاو بوەوە و پاشان زۆر نوسراوە،مەتڵەب و بیر و بۆچونی جیاواز سەبارەت بە کاک فوئاد لە تلەڤیزیون،ڕادیو،گۆڤار و سایتەکان بڵاو بوەوە. من هەموویانم بۆ چاپی دووهەم شارۆ و کۆ کردەوە و لەو شوێنانەی کە پەیوەندی مەنتیقی،سیستماتێک و گونجاوی هەبوە نوسیوەتەوە.

- تا ڕادەیەکی زۆرکەم، شت گەلێکی پێویست و لە بیر چووم بە کتێبەکە زیاد کردووە .

- بەڕێزان کاک ئەرسەلان عەزیزی و کاک حەیدەر ئیبراهیمی بۆ چاپی دووەمی کتێبەکە زەحمەتی زۆریان کێشا کە شایانی قەدردانییە و فرە سپاسیان دەکەم.

# 2. پێشکەش بە نیلسون ماندێلا

جەنایەت، ئێعدام و تێروری سیستماتێکی داگیرکەرانی کوردستان واتە سوریا، عێراق، تورکیا و ئێران لە کوردستان ئەوەندە تەشەنە و تەرزی داکوتاوە کە ئیعتباری هەمویانی لە لای بیروڕای گشی جیهانی و وڵاتانی پێشکەوتووی دونیا هێناوەتە خوارێ. تۆماری جەنایەت و تاوانە ڕەش و دژ بە ئێنسانی یەکاێی داگیرکەران لە کوردستان هێندە وەحشیانە و زۆرە کە سنووری تێپەڕاندوە. و پێویستە بنووسرین و ئارشیڤ کرێن تا وەک دێکۆمێنتی مێژوویی بمێننەوە.

بە ڕێز نیلسون ماندێلا، ڕێبەری کونگەرەی میللی ئەفریقا، لە سالی 1992 حازر و ئامادە نەبوو بەرەو تورکیا سەفەر بکات، تا خەڵات و جایزەی نێو نەتەوەیی ئاشتی ئاتاتورک وەر گرێت. نیلسون ماندیلا ڕاستەوخۆ پەردەی لە سەر سیاسەتی شوڤێنیستانە ،داگیرکەرانە و سیمای دزێوی حکومەتی تورکیا لە کوردستان هەڵمالی و بەم جۆرە لە خەلکی کورد بە گشتی و لە دێموکراسی بە تایبەتی دیفاعی کرد.

پارلەمانی جمهوری ئێسلامی ئێران بە شانازی یەوە دەیویست کە جایزە و خەڵاتێک بە نیلسون ماندێلا پێشکەش بکات. بۆ ئەو مەبەستە چەند جار نیلسون ماندێلایان داوەت کردوە، تا بەرەو ئێران سەفەر و دیدار بکات. بە ڕێز

نیلسون ماندێلا ڕۆژی 30 10 2004، هەڵویستی خۆی گرت و ئامادە و حازر نەبوو به هێچ شێوەیەک جایزە و خەڵاتی جمهوری ئێسلامی ئێران وەر بگرێت وتەنانەت بەرەو ئێرانیش سەفەر بکات. ئەم هەڵویستەی ماندێلا ڕاستە و خۆ دیفاع لە ئازادی، دیموکراسی و مافی گەلی کوردە و شایانی ڕێز و ئێحترامە. (گۆڤاری شەرق لە ژمارە ی 7567 ڕۆژی06 11 2004 ئەم هەواڵەی بڵاو کردوەتەوە).

نیلسون ماندیلا به کردەوەی شۆڕشگێڕانە "ڕێگای دژواری ئازادیی !" و ڕێز دانان بۆ دیموکراسی بە هەژاران وبێ بەشانی ئافریقا نیشان دا که لەو بوارەدا یەکیک لە خۆشەویست ترین و سەرکەوتووترین ڕێبەرانی دەورانی ئاپارتایدAPARTHIED و ئەم سەردەمە یە.

ماندیلا جگە لە خەڵکی ئافریقا بۆ هەموو بێ بەشان و زوڵم لیکراوانیی دونیا ولە وانە خەڵکی هەژاری کورد ڕەمزی خەبات و تێکۆشانە ومن بە شانازی یەوە ئەم کتێبە بە نیلسون ماندێلا پێشکەش دەکەم.

# 3. بارودۆخ و فەزای پەروەردە بوونی کاک فوئاد

## 3.1 شاری مەریوان

مەریوان شارێکە لە سنووری دەسکردی دوو دەوڵەتی دیکتاتۆری ئێران و عێراق هەڵکەوتوە. شارێکی جوان و دەور تادەوری دارستانە ،لە کۆندا حکوموتی ڕەزا شا مەریوانی ناو نابوو "دژی شاپوور". دژ بە مانای قەڵا هاتوە و یانی قەڵای شاپوور. لە ناوەڕاستی شاردا قەڵایەکی کۆنە هەبوو و پاشان حکومەت قەڵاکەی چووڵ کرد وپادەگانێکی گەورەی بە ناوی پادەگانێ موسک دروست کرد کە وەک مار پەپکەی خواردوە و جار ناجار ژەهرەکەی بە سەرخەڵکدا دەڕێژی. هەموو کاری دژ بە خەڵک لەو پادەگانە ڕێک دەخرێ و سازمان دەدرێ. ساواک، ڕوکنی دووی ئەرتەش و ژاندارمری ،ساوامای ئێسلامی پەناگایان ئەویە.بە ڕواڵەت لە ناو شار تابلۆیەکیان داکوتاوە بەڵام کارە نهێنی یە کانیان لە پادەگان دەکرێ. جاش و سیخۆر و بەکری گیراو هات و چوی پادەگان دەکەن. زۆربەی پیلانەکانی شا دژی کوردی باشور و رۆژ ئاوا(عێراق) لەم پادەگانەوە دادەڕێژرا.

پادەگانی موسک لە دوو کیلو میتری شارە و ڕۆژانی جومعە سەربازەکان دێنە ناو شار و لە بەر چەکمە و پۆتێنی ئەوان دانیشتوانی شار و خەڵکی ئاسایی ژیانیان لی حەرامە لەزمانی حکومەتی شا تۆپخانەی مەزنی ئەرتەشی ئێران لەوی دامەزرابوو. کاتێک مەلاکان بە دەسەڵات گەیشتن هەمان شێوەی شایان بە ڕێو برد وپاسداریشیان هێناو گەورەتریان کردەوە.

مەریوان دارستانی بە ناو بانگە و دەریاچەی "زرێوار" لە نزێکی شارە وهاوێنە هەوار و سەیرانگاییەکی خۆشە. ئاوەکەی شیرینە و بالندە کۆچەری یەکانی دەریاچەی وان و دەربەندی خان دێنە زرێوار و بۆ ماوەیەک دەمێننەوە. ڕاوی بێ ئوسول و نە خوێندەواری و نە زانینی جەماوەری خەڵک و نە پاراستنی سروشت ویاساکانی دەستیان لە دست یەک ناوە و بالندەکانیان تا سنووری نابودی و فەوتان بردووە. بە تفەنگ و کەرەسەی تر ڕاو کراون ولە هەمان کاتدا ڕاویان ناون.



دیمە نێک لە شاری مەریوان

ئۆرگانە کانی دەوڵەتی بە ڕواڵەت بۆ خەڵک ئێش دەکەن بەڵام لە ڕاستیدا بە شێوەی جۆراوجۆر دژی ئامانج و بەرژەوەندی خەڵک هەڵدەسوڕێن. هەموویان لە ژێر چاوە دێری ساوامای ئێسلامیدا دژ بە خەڵک هەڵدەسورن. ئێنسانی بە شەرەف و شۆڕشگێڕ لە هەوەڵین هەنگاودا لە گەڵ ساواک و ئێستا ساوامای ئێسلامی بەرەوڕوو دەبێ. فەرهەنگی خوڵتە و بەرتیلدان و جاسوسییان تا ڕادەیەک جێ خستوە. لە شورای واقیعی خەڵک و جەماوەر خەبەرێک نیە. هەموو ئورگانە دەوڵەتی یەکان لە "داهۆڵ" دەچن. هەر کەسێک بیەوی ئێشێک و خزمەتێک بکا ناچارە دژی دەسەڵاتدارانی حکومەتی بێ. ئەگینا ناتوانی بە باشی

لە خزمەت هەژاراندا بێ و خزمەتێک بە خەلک بکا. ئێستا شارەکە نەفوسی زۆرە و دانیشتوانی دێهاتەکانی کۆماسی، کەڵاتەزان، سەرشێو، هەورامان و مەریوان بەرەو ژیانی مودێرن و شارستانی هاتون و بۆ شاری مەریوان کۆچیان کردووە و شارەکە گەورەتر بوەتەوە و تا نزیک و بناری کێوەکان ملی ناوە و دەشتەکانیشی گرتوەتە بەر. دەریاچەی زرێوار وەک هاوینە هەوار جێ حەسانەوەی خەلکە ولە قەراخ زرێوار بینا و مالێ مودیرن ورازاوە بۆ توریست و گەشت یار دروست کراوە و سەنعەتی توریست خەریکە گەشە دەکات. لە دەریاچەی زرێوار چەند جۆر ماسی پەروەردە و بە خێو دەکرێ. لەزستانی توش و کاتێک پلەی سەرما دەچیتە ژیر سفرەوە ئاوی زرێوار دەبیتە سەهۆل و دانیشتوانی دێهاتی دەور و بەر لە سەر دەریاچەکە هات و چوو دەکەن. دەور تا دەوری زرێوار قامیش و زەلە کە لە کۆندا بۆ سەربانی خانو و مال کەلکی لی وەر دەگیرا. خەلکی ناوچە لە زرێوار ڕاوە ماسییان دەکرد و ڕاوی باڵندە کۆچەری یەکانیش زۆر بیرەحمانە دەکرا.زرێوار بە پێ یاسا و قانوونەکانی ژێنگە ناپاریزری وڕووپەڕەکەی خەریکە بەر تەسک و چکۆلە دەبێتەوە. پاراستنی ژێنگە و سروشت بۆ دانیشتوانی شار و دێهات زۆرگرینگ و حیاتی یە. زرێوار لە باری ئێکۆسیستم وئێکۆلۆژی یەوە لە مەترسی فەوتان و نابودی دایە. ئاوەڕۆی دێهاتی دەور و بەر دەڕژێتە ناو دەریاچەکە ولە ڕوانگای عیلمی کیمیاوە پێ هاشیPH زریواری گۆڕاوە و ئەمە گالتەی پێ ناکرێ و خەتەرە. هەتا دێ و بەرە بەرە ئاوی زرێوار کەم دەبێتەوە و وشکی زیاد دەکات. ئەگەر چارەیەکی عیلمی بۆ نە کرێ زرێوار تەنها لە سەر نەقشەی کتێبە ئارشێو کراوەکانی جیوگرافیا دەمێنیتەوە.



ده ریاچه ی زرێوار و بەشێک لە شاری مەریوان

# 3.2 ئاڵمانه

ئاوایی ئاڵمانه له سنووری نێوان مەریوان و هەورامان هەلکەوتوه. له باری جێوگرافی و سروشتیەوە تیپ و قەوارەی مەریوانی هەیە. دارستانەکانی چڕ و پڕ و بە تایبەت دەوەن زار و تێکەڵاوێک لە داری بەرز و نزمی جۆراوجۆرە. بەگشتی داری بەڕوو، قەزوان ومێو و مازوی زۆرە. له باری جێولۆژی یەوە تیپ و قەوارەی هەورامانی هەیە. کێوە کانی بە کوێستانە بەرزوسەر کەش و شاخاوی یە کانی هەورامانەوە لکاوە. پلەی سەرما له کوێستانە کانی ڕۆژ هەڵاتی ئاڵمانه لە فەسڵی زستاندا تەقریبەن دەگاتە 20 تا 30 ی ژێر سفر. و پلە گەرمایش لە فەسڵی هاویندا تەقریبەن دەگاتە26 سەرەوەی سفر. هەوای ساف و دڵکەشێ لە هەوای هەورامان دەچێ. شەوانێک کە مانگ لە ئاسۆ دەردەکەوێت و خاوە خاو گەورە دەبێ تەبەقی زێڕین دروست دەکا. تریفە تریفی مانگەشەو وڵات ڕوون دەکا و دەیڕازێنێتەوە کە سەد ئەوندەی ڕۆژ جوانی دەنوێنی. ئاسمانی سافی پڕ لە ئەستێرەی پرشنگدارە و مانگ لە سەفەری شەو هێلاک دەبی و پاشان بەرەو ڕۆژ هەڵات ئاوا دەبێ، و ڕۆژ لە بۆسە و کەمین دێتە دەر و بەرە بەیان لە باوش دەگرێ و دیسانەوە ژیان

سیمایەکی تر بە خۆی دەگرێ. ئەم چەرخ و سورانەوەی هەتاو و مانگ دوایی نایەت. بە شەوانی هاوین مانگ لە پشتی کێوەکانەوە دەر دێ و خۆی نیشان دەدات. مانگەشەوەکەی دڵرفێنە وکاتێک مانگ تریفە تریفی دێت و ئاسمانی شین پڕ لە ئەستێرە یە، ئێنسان مات و حەیران دەکات. ماڵە کانی ئاوایی کە چین چین و لە سەر یەکن لە وێنەی بیناکانی هەورامانە. زۆربەی ماڵەکان لە بەرد دروست کرابوون و کەمتر گڵیان بە کار هێنابوو. وشکە کەڵەک و دیواری بەردین زۆر باوە. ئێستا بیناکان ئاڵ و گۆڕی تایبەتیاندا بە سەرداهاتوە و کەرەسەی مودێڕن و هاوچەرخ بە کار دێنن. خەڵکەکەی بە دیالکت و زاراوەی سۆرانی قسە دەکەن. پیر و بە ساڵدا چوەکانی کەم تا کورتێک دیالکتی هەورامی دەزانن و لیی حاڵی دەبن. ژمارە وڕێژەی دانیشتوانی تەقرێبەن لە یەک هەزار و پێنج سەد کەس زیاترە.



دیمەنێک لە ئاوایی ئاڵمانە

بەر لە وی مەدرەسەکەی دامەزرێت مزگەوتێکی گەورە و ئاوەدانی بوو و ئێستاش هەر هەیە. مزگەوتەکە بە دەستوری حاجی فەرەج و اللە بەگی ئالمانە(باپیرم کوڕی مستەفا سانی هەورامان) دروست کرا و هەموو خەرج و مەسارفی لە لایەن فەرەج اللە بەگەوە دابین دەکرا. تەنانەت حوجرەی فەقیی هەبوو کە لە مزگەوتەکە دەیانخوێند. بۆ بەڕێوە بردنی مزگەوتەکە مەلایان بۆ هێنا. فەرەج واللە بەگ ڕێز و حورمەت و دابین کردنی ئاسایش وئەمنیەت و ژیانی مەلا و فەقی کانیی ئالمانەی لە ئەستو گرتبوو.و دروست کردنی مزگەوت و دانانی حوجرە بۆ فەقی کان و هێنانی مەلا لە لایەن فەرەج اللە بەگەوە لە ناوچەی هەرامان و مەریوان ناو بانگی دەرکردبوو.بە مەبەستی دابین کردنی باری ئێکۆنومی مزگەوتەکە، پارچە زەوی یەکی بۆ دیاری کردبوو کە بە ناوی" زەوی مزگەوت " دەناسرا و هەموو داهاتەکەی بە مزگەوتی ئالمانە دەدرا. فەرەج اللەبەگ لە زیندانی شاری دامۆغان مرد و پاشان هەموو ئەرک و مەسرەفی مزگەوتی ئالمانە لە ئەستۆی کوڕەزا و کوڕەکانی فەرەج اللە بەگ بوو. و دانیشتوانی ئالمانە یش یارمەتیان مزگەوتیان دەدا. و بۆ بە ڕێوە چونی ژیانی عایلەی مەلا زەوی و زاری تەرخان کردبوو و بەدیاری پێی دابوو. مزگەوتی ئالمانە ناوەندێک بۆ خوێندەوار کردنی خەلک وپەرە پێدانی زانستی ئەو سەردەمە بوو. کەم نەبوون ئەوکەسانەی کە بۆ ماوەیەک دەهاتنە مزگەوتی ئالمانە و عیلمی ئایینیان دەخوێند و پاشان بەرەو ناوچەکانی تری کوردستان دەرۆیشتن و دیسانەوە دەستیان بە خوێندن دەکرد.

خەلکی ئاوایی بەگشتی جووتیارن و خەرێکی ئاژەل داری و کشت و کالن. توتن، گەنم ،جۆ، میوە ،خۆری،ڕوون،ئاژەل، داری چنار،مێوژ، بنیشت (جاچکە) ، هەلۆژەی وشک و گوێز لە بەرهەمە سەرکی یە کانن. میوە کانی جۆراوجۆر و تا بلێ بە تام و بۆن خۆشن. قۆخ، هەنجیر، سێو، ترێ، گوێز، هەلوژە، تووی سپی و ڕەش، هەرمێ،بەری قەزوان، بەلالوک ،زرک، شووتی ،کالەک ،شێلانە (قەیسی) ،کالیار ،تووترک، سێف هەرمێ،گویژ، لە وەرزە کانی سالدا هەیە ومیوە چن لە سەر دارەکانیان و یا لە بێستانەکان دەیان چنن.

سەوزە و تەرەکاڵ بریتین لە تەماتە، پەتاتە، بامیە، خەیار، ترۆزی، شوید،مەرزە،نەعناع،قاخڵی ،گوڵە بەرۆژە ،کولەکە، باینجان، گێزەر، پیاز، رێحانە ،سەولێ، جافری، سلق، چونەر، شەلەم، کاهو وسیر.

بناری شاخ و کێوەکان چەم و دۆڵ و سەحرا و دەشتەکان لە گوڵی رەنگاورەنگ و بۆن خۆش پرە و هەر فەسڵێک گوڵێ تایبەتی خۆیان هەیە. بۆن و بەرامەی گوڵان لە فەسڵی بەهاردا ئێنسان مەست دەکا.پایزی ئاڵمانە ئاودامان و رەنگاورەنگە و باخ و دارستانەکانی زەرد،کاڵ، سوور، زەدی تۆخ، شین، خورمایی،سووری کاڵ،پەمەیی، قاوەیی، وەنەوشەیی، سوورفل،دەنوێنن و رەنگەکان وەک شەپۆلی دەریا لە داوین کێو و شاخ و دەشت و سەحراکانی ئەو دێ یە مونج و پەنگی خواردەوەتەوە. بە بەهاراندەر و دەشت مەست و پڕو لیواولیو لە گوڵ وگوڵزارەو جارە گوڵیان دروست کردوەو کاتی هەڵکردنی شنە با دەغڵ و دان و گژ و گیا کەروێشکە دەکات.



بەر دێی ئاڵمانە ، کانی هەڵوژە و چەم دێ

بە راستی تابلۆیەکی رەنگاورەنگ و پڕ لە سیحر و جوانی یە.گوڵەکان لە ئاخر و ئۆخری خاکەلیوە دەردێن و و بەرە بەرە لە دەشت و پێدەشتەکان

خۆیان دەنوینن.وردە وردە بەفرەکانی شاخ و بەنار و کەژەکانی قەلەبەرد وچالاو و کوێستانەکان دەتوینەوە و گژ وگیا و گوڵ شین دەبن. هەڵاڵە برمەی کوێستانی قەلەبەرد زۆرجوان و سوور و بەناوبانگە. پەرژێنەکانی سەر دەشت و مەزرا پڕن لە گوڵ باخیی خۆڕسک. گوڵی وەنەوشە ،ڕێحانە، هێرۆ، گوڵاڵەسوورە، شەوبۆ، هەزبێ، (مەرزە)،شیلان، مێخەک،سەولێ، گوڵە چاوئێشە، نەعناع، گەزیزە، زەنبەق ،ڕێواس ،سۆڵان ،شلێر، جاترەو نێرگز بە شێوەی خۆڕسک و بەرفراوان لە دەشت و شاخ وجاڕو دۆڵ و کێوەکان دەبینرین و تابلۆیەکێ ئێجگار ڕەنگین و ڕازاوەیان بە سروشتی ئاڵمانە داوە. جاڕە گوڵی ئاڵمانە لە شوێنانەی کە کشت و کاڵی لی نی یە دەبینرێ. و دار میو و داڵێت وباخی ترێی یەکجار زۆرە. کانیاوەکانی ،ئاڵمانە تا بڵی تامیان سازگار و خۆشن. ئەم کانیاوانە تام و چێژی ئاوی روون و سازگاریان هەیە،بە تایبەت کانیاوەکانی سەرەوەی ئاوایی زۆر بە ناوبانگن.کانی یەکان لە کێوەکانی قەلەبەرد، چالئاو، وحەسەن بەسرەوە سەرچاوە دەگرن و خۆش تامن. کانی یەکانی مەڵ هەوا، سەید عەتا،سەرخەرەنگەزە، سێفەتاڵ، خوڕێنکە، گوێزمیران، تیکلان، هانەساردە،بەڵخەی دەگاوەر،سەر چنار.تاڵەسوار،پیر مەحەممد،کانی هەڵوژە، کانی پەریزاد،کانی میرئاڵی و بەڕوار بە ناوبانگن. خەڵکی ئاوایی، دەوەنەکانیان لە ڕیشە دەر هێناوە و لە باتی دار ڕەز و ترێیان داناوە. هەر ساڵە بنیشت کەری لیزانی ناوچەی لهۆن و زەردۆیی یان خەڵکی ئاوایی لە دار قەزوانەکان جاچکە تاڵ دەگرن و ئەم کەرەسەیە کە زۆر تاڵ وخاوە دەکوڵینن و سارد ی دەکەنەوە کە بەرهەمەکەی دەبێتە بنیشتی پاڵێنراو کە بێگەرد و سپی یە. بنیشتە تاڵ لە فەرهەنگی سوننەتیدا وەک دەرمان بۆ برێن و زامی سووک و قووڵ کەڵکی لیی وەر دەگرن. بەڵام بنیشتی کۆڵراو و پالیراو وەک داهاتێکی بە نرخ بۆ فرۆش دەچێتە بازاڕ.لە وەرزی پاییزدا گەڵای دار و درەخت ڕنگیان دەگۆڕێت و ڕەنگیان خەنەیی، زەرد، سوور، مۆر، و زەردی کاڵ دەنوێنن.لە دەمەو زستاندا گەڵاکان وردە وردە دەوەرێن. هاوینە هەوارەکانی ئاڵمانە لە بەشێ ڕۆژ هەلاتی ئاوایی یە. سەر چنار، حەسەن بەسر، مەڵ هەوا، دەگاوەر،

تێکلان، گوێز میران، سەر خەرەنگەزەوخۆرێنکە لە هاوینە هەوارە خۆشەکانی ئالّمانە یە. لە نزیک تالّە سوار و لە پێدەشتی قەلەبەرد و چالّئاو کێویک بە ناوی پاوان "پاوەن" هەیە کە لە زاراوەی مەحللی پێی دەگوترێ پاوەکە. ئەم کێوە کە هەوراز و نەشێو و نزار ی زۆرە بۆ بەخێو کردنی مەڕ و مالّات تەرخان و قەدەغە و قۆرخ کراوە و هەموو دانیشتوانی ئاوایی دەیپارێزن. داوێنی ئەم کیوە واتەپاوەکە پوش و پواری زۆرە و لەوەرگەیەکی بە پیت و دەولّەمەندە. لە ئاخر و ئۆخری پاییز و لە فەسلّی زستاندا کە دەشت و دەر پووش و پوار و گیای نە ماوە پاوەنەکە ئامادەیە. شوانی ئاوایی مەر و مالّات لە داوینی ئەم کیوە دەلەوەڕێنی. لە هەندی سالّدا پاوەنەکە ئاگر دەگرێ و خەلّکی ئاوایی بە زەحمەتێکی زۆر دەتوانن ئاگرەکە بکوژێنەوە. تاوانی ئاگر تێ بەردانی پاوانەکە دەخرایە سەر بنیشت کەری غەریب کە لە جوانڕۆ و زەردۆیی یەوە دەهاتن و یان ئەو کەسانەی کە لە ناو خەلّکدا کردەوەی ناشیرین و خراپیان کەم نە بوو. هەندی جاریش تاوانەکە دەکەوتە سەر رێبوارانی ماندوو وبێ هەست و کەمتەرخەم. لە حالّیکدا هۆکاری ئاگرەکە دەیتوانی کتووپڕ بێ. یانی ئەو حەجمە لە پوش و پوار و گەلّای دار کە لە سەر یەک کەوتوە لە باری عیلمی یەوە ئامادەیە کە بە تیشکی هەتاوی هاوینی گەرم ئاگر بگرێت. یانی بێ ئەوەی کەسێک دەخالەت بکا، تێشکی گەرمی هەتاو هەل و مەرجی لە بار و شەرایەتی گونجاو و پووش و پواری وشک یارمەتی دەرە و دەتوانی ئاگر خۆش کات و بکاتەوە. لە هەر حالّدا سووتانی پاوەن بۆ خەلّکی ئاوایی زەرەر و زیانێکی قورس و خەسارەتێکی گەورە بوو. لە دەورانی بێکاری و فەسلّی زستان راوی نیچیر و کەروێشک باو بوو. لە دارستانەکان و کێوەکانی ئالّمانە و ناوچەکە حەیوانی کیوی زۆر بوو. بە تایبەت گورگ، ورچ، رێوی، سمۆرە، ئاسک و بزنەکیوی، بەراز، مالووس، چەقەلّ، کەمتیارو بالّندەکان لە چەشنی کەو، مراوی وەحشی وکۆچەری، کۆتر،زڕەکەو. سووسکە،هەوێردە،راو کراوە. فەسلّی کەو بووار (کەو بگار) یانی کاتێکە کە پۆلە کەو بەرەو ساردەسیر و گەرمەسیر پۆل پۆل کۆچ دەکەن راو دەکراو شێوەی راوەکەش زۆر لە کەرامەت و ئێنسافەوە

دوور بوو. راوی بێ ئوسوڵ و بێ واده و بێ ئەوەی حەیوانەکە بە شێوەی عیلمی و زانستی پاراسترابێ دەکرا و هەر ئەم فاکتورە یارمەتی دەری نابودی و فەوتانی نەسلی حەیوانەکە بوو. بە جۆریک کەژیانی ئاسایی نەسلی حەیوانی بەر تەسک دەکردەوە و ئێستا نەسڵەکەیان بە زەقی رووی لە کزی ناوە. بە دەیان شێوەی خراپ، تەڵە، دانیشتن لە سەنگەر، تور، ئاوە خۆرە، دێوجامە،بەقەڕاو و. . دەچونە راوی کەو و ئەم باڵندەیە کوشتار دەکرا. یا کاتێک کەو لە سەر هێلکەکانی کڕ دەکەوت، جووتیارانێک کە بۆ کەندنی کەما و لۆ دەچونە کوێستان، هێلکەکانیان دەر دەهێنا و ئەگەر هێلکەکان نەدەبران، دایکەکە جوجکەکانی بەخێو دەکرد دایک بە تەنها نەیدەتوانی بەخێویان کات چونکوو باوکەکە کوژرابوو. ئێتر رێوی و هەڵۆ و ماریش لە ئینسان خراپتر نە بوون. فەرهەنگی فیئودالی، هەژاری، نە خوێندەواری، راوی ناوادەی بە سەر حەیواندا داسەپاندبوو و کوشتارەکە لە گەڵ وجداندا فاسڵەیان زۆر بوو. بێگومان نەقد و رەخنە لە شێوە ی راوی بێ سنووری حەیوان وباڵندە لە ناوچەکەدا بە دەیان نووسراوە تەواو نابێ. ئێستا خەڵکی ئاوایی بە شێوەی مکانیزە و مودێڕن، باخداری و کشت و کاڵ دەکە ن. کاربا (بەرق) ، ئاوی خاوێن و پاک ،جادە و ڕێگای هات و چوی ماشین و دەرمانگا و تەلەفونیان و. .. هەیە. و گوایە لە حاڵی حازردا راوی بێ وادە ناکرێ و حەیوان و باڵندە و سروشت تا رادەیەکی چاک دەپاریزن. لەم ئاخرانەدا لە بەڵخەی دەگاوەر گول ئاوێک (هەسێڵ) لە بتۆن و چیمەن توو دروست کراوە کە ئاو لە پشت ئەو لەمپەرە کۆ دەبێتەوە وتا ڕادەیەک لە وەرزی هاویندا کێشەی بی ئاوی حەلل کردوە.

لە نزیک ئاوایی رووباریک بە ناوی گردەڵان هەیە. ئەم رووبارە ئاوەکەی لە کیوی قەلەبەد و چاڵاو و کێوەکانی گاڕانی مەریوانەوە سەرچاوە دەگری و پاشان لە پێچاو پێچی کیوەکانی ناوچە تێپەڕ دەبی. ئاوی کانیاوی دێهاتی مەسیری دەڕژیتە ناو رووباری گردەڵان و لە نزیک ئاڵمانەوە تێپەڕ دەبی و لە ئاخردا سیراون ئەم رووبارە چکۆلەیە بە دێلی دەگریت وبە ناچاری تێکەڵ بە سیروان دەبێ. خەڵکی ئاڵمانە لە داوینی کوێستاندا دەژین و بە هێچ شێوەیەکی

سوننەتی و کلاسیک ناتوانن لە ئاوی گردەڵان بۆ کشت و کاڵ و باخداری کەڵک وەر گرن. بەڵام بۆ شوردن و خاوێن کردنەوەی موو وخوری مەر و بزن، کەڵکی زۆرە. گردەڵان ماسی زۆرە. لە فەسڵی پایز و بەهاردا خەڵک بە قولاب و تورِ و دینامیت دەچنە راوی ماسی. شێوە یەکی تر لە راوەی ماسی ئەوەیە کە ماسی بە ماش دەکرن. بەم شێوەیە ماسی یەکی زۆر لە ناو ماشەکەدا ئەسیر و دێل دەبی. و راستەوخۆ نەسڵی ماسیش بەرەولەناو چون و فەوتان دەبات. تەقاندنەوەی دینامیت کە باو بوو شێوەیەکی بێرەحمانەی راوە ماسی بوو کە بە جارێک ماسی چکۆلە و گەورەی دەکوشت و لە ناو دەبرد. نە پاراستنی سروشت بە هەرشێوە و دەلیلیک پرۆسەی هاو سەنگی ژینوار تێک دەداو رەوتی نورماڵی دەشێوێنی.

وشەی ئاڵمانە: ناوی ئاوایی یەکە لە کۆندا هەلمانە بووە. هەل بە مانای دەور، نۆبەو مەجال هاتوە. کە وایە هەلمانە یانی دەوری ئێمەیە و مەجالی ئێمەیە. کە لە پرۆسە و تێپەرِ بوونی زەماندا وشەی هەلمانە گۆردراوە و بوەتە ئاڵمانە. خەڵکی ئاوایی و دیهاتی دوور و نزیکی ناوچە تا ئەم ئاخرانە هەر دەیانگوت ئاوایی هەلمانە.

## 3.3 ماڵەکەمان

ماڵەکەمان دوو نهۆمی لە سەرەوەی ئاوایی و لە بنار کێوێک و لە داوێنی کوێستانی قەلەبەردو چاڵاو هەڵکەوتبوو. حەوشەکەی گەورەو هاوسێودراوسێ و خەڵکی ئاڵمانە عمارەتیان پێی دەگوت. دەشتی مەریوان لە ژێر پێمان بووو تا چاو بری کردبایە تا



ماڵی کاک فوئاد و چنارەکانی پشت عمارەت

قەراخ كێوى ميراجيمان دەدى. ماڵەكە دوو دێبەر و باخچەى هەبوو كە پەرژێنى باخچەكان و دار ميوەكان ماڵەكەى بە شێوەيەكى دلڕفين ڕازاندبوەوە. دارەكانى قەيسى، سێو، قۆخ، بادام، ترێ سپى و ڕەش، قەزوان و داڵيتى ڕەز و سەوزە و تەڕەكاڵى جۆراوجۆر لەو دوو باخچەيە ديمەنێكى جوانيان بە ماڵەكە دابوو. لە گۆشەيەكى حەوشى ماڵەكە دار ڕەزێك دانرابوو كە داڵيتێكى دروست كردبوو.ڕەزەكە هێشوە ترێ زۆرى دەگرت و لە فەسڵى هاويندابەرى ڕەزەكە ئەوەندە زۆر بوو كە بۆ ئەو تاقە دار ترێ يە قورس بوو و پێت وابوو دەدارێتەوە. هێشوى ترێ گەييو شۆڕ دەبونەوە.بەر لە گەيشتنى ترێ كە و بە كاڵى واتە "هاڵەو بەرسيلەيى"كەلكى لى وەر دەگێرا. لە گەڵاى تازەى ڕەزە ناسكەكان دۆڵمە و ياپراخيان دروست دەكرد.

لە پاڵ و لاى ڕۆژهەڵاتى ماڵەكە ئاوێكى خۆڕ هاژە هاژ دەهاتە خوارەوە و بو ماڵەكە و بۆ باخچەكان بە كەلك بوون.شەوانى هاوين هاژەى ئاو و تريفە تريفى مانگە شەو وئاسمانى ساف و بێگەرد،سێحر ئاوى بوو. كە وشە لە وەسفى عاجز ە. خشە خشى گەڵاى دار چنارەكان و كەروێشكەى جاڕە گەنم و جۆ گوڵى ڕەنگاوڕەنگى قەد و لاپاڵى دەور و بەر و هەواى فێنك و خۆش هارمونى ژيان بوو. شەوانى هاوين لە سەر بان دەژيان. كە هەوا رووى لە ساردى دەنا بەرە بەرە دەكشاينە دواوە و لە بەر هەيوان دادەنيشتين. هەيوانەكان زۆر دلگير بوون و لە گەڵ ژوورە كانى دانيشتن بە يەكەوە لكابوون وتا هەواساردى دەكرد هەر لە هەيوان بووين. كە سەرما زۆرى دەهێنا دەچوينە ژوورەكان و سۆپاى دارين ماڵ و ژيانمانى گەرم دەكرد.

سروشت و ديمەنە جوانەكانى ماڵەكەمان تێكەڵى ژيانمان بوو.كاك فوئاد لە داوێنى ئاوا سروشتێكدا و لە ئامێز و باوەشێ پڕ عاتێفەى بنەماڵە پەروەردە بوو.لە وەرز و فەسڵى خۆشدا گۆڕەپان و مەيدانى يارى و گەمە كردنمان هەموو شاخ و كێو و دەشتو دۆڵ و چەمەكانى دەگرتەوە. لە ساڵى 58 ەوە ماڵەكەمان گوڕانكارى زۆرى بە سەردا هات. ئێعدام و كوشتنى جوانەمەرگەكان هەر بە جارێك ئاڵ و گۆڕى بنەڕەتى لە ماڵەكە پێك هێنا. هەندێكمان بوين بە

پێشمه‌رگه‌ و و ده‌ستمان له‌ ژیانی شه‌خسی هه‌ڵگرت. هه‌ندێكی تر له‌ لایه‌ن جمهوری ئێسلامی یه‌وه‌ له‌ سه‌ر ئیش و كار ده‌ر كران و ژیانێكی سه‌خت و دژوار پێشوازی لی كردن. باوكم ئاڵمانه‌ی به‌ جێ هێشت و له‌ لای پێشمه‌رگه‌ سه‌ربه‌رزه‌كانی كۆمه‌ڵه‌ گیرسایه‌وه‌. فایزه‌ له‌ سه‌ر بڕیاری جه‌سوورانه‌ی ژیانی شه‌خسی خۆی له‌ مه‌ریوان تێك دا و هاته‌وه‌ لای دایه‌ به‌هیه‌. دانیشتوانی ماڵه‌كه‌ برێتی بوون له‌ دایكه‌كان و فایزه‌ و به‌یان و فرمێسك و شه‌راره‌ كه‌ تاڵاوی رۆژگاریان چه‌شت. زه‌خت و زۆر و فشاری پاسدار و به‌كرێ گیراوانی ناوچه‌ هانده‌ر و پاڵپێوه‌نه‌ری ئه‌وان بوو كه‌ ئاڵمانه‌ به‌ جێ بێڵن و له‌ شاری مه‌ریوان بژین. ماڵه‌كه‌ چوڵ و هۆڵ بوو و ئاگاداری لی كردنی بێ سه‌مه‌ر بوو. له‌ ره‌وت و ئێدامه‌ی دیكتاتوری مه‌زهه‌بی و قه‌ڵاچۆی گه‌نجه‌كان ماڵه‌كه‌ به‌ره‌ به‌ره‌ رووخاو و به‌رد و كۆڵه‌كه‌كان وخشته‌كانی به‌رگه‌ی جه‌نایه‌ته‌كان و دیكتاتوری جمهوری ئێسلامیان نه‌گرت. دیواره‌ پانه‌كان وخشته‌كان و به‌رده‌كان چاویان به‌رایی نه‌ده‌دا، داگیركه‌ری خوێن رێژ به‌ بینن و به‌ چاوپێكه‌وتنی پاسداری ریشن و بێ ریش و به‌كرێ گیراوانی كورد قێزیان ده‌شێواوه‌ و بێزیان ده‌كرد. هێواش هێواش دیواره‌كان درزیان هه‌ڵگرت وكارێته‌و كۆڵه‌كه‌ كان و به‌رده‌كان و خشته‌كان له‌ یه‌ك بێزار بوون وله‌ داخ جه‌نایه‌تی ئێسلام له‌ یه‌ك بڕان و ترازان و به‌ره‌و خوار بونه‌وه‌. ئه‌و عماره‌ته‌ خۆش دیمه‌ن و جوانه‌ كه‌ ساڵیانی ساڵ قه‌ره‌باڵغ و پڕ له‌ میوان بوو و خانه‌واده‌ و بنه‌ماڵه‌یه‌ك تیدا ده‌ژیا ئێستا به‌ردی له‌ سه‌ر داری نه‌ماوه‌ و به‌ ده‌ستی راسته‌وخۆی جمهوری ئێسلامی ته‌خت و وێران و كاول كراوه‌. بیره‌وه‌ری و ئاسه‌وارێ ئه‌و ماڵه‌ قه‌ره‌باڵغ و جوان و پڕ میوانه‌ ته‌نیا له‌ سه‌ر په‌رده‌ی مێشكی مێژوو ماوه‌.

باوكم واته‌ حه‌مه‌ ره‌شید به‌گ مه‌عه‌لیمی ئاڵمانه‌ بوو وكاك فوئادی زووتر له‌ كاتی پێویست ناردیه‌ خوێندن و مه‌دره‌سه‌ی ده‌س پێكرد. كاك فوئاد پێنج ساڵی ته‌واو كردبوو كه‌خۆی له‌ سه‌ر مێز و كورسی مه‌دره‌سه‌ دیته‌وه‌. هه‌موو هه‌ڤاڵه‌ كانی خه‌ڵكی ئاوایی ئاڵمانه‌ بوون و هێچ شتێك نامۆ و بێگانه‌ نه‌ بوو. پۆله‌ كانی یه‌ك تا چواری به‌ خێرایی خوێند و هه‌موو ساڵێك به‌ یه‌كه‌م ده‌ر ده‌چوو. له‌

حیساب و ژمارە و بیر کاری زۆر زۆر ئازا وتیژ بوو. یەکێک لە هاوپۆلەکانی کە کوڕە جووتیاریک بوو هەندی جار لە کاک فوئاد ئازاتر بوو.لە یاری یە کانی چاوشارکێ. واخین، ماتان، فوتباڵ و تۆپێن، بۆڕین، بەردە فڕکێ (بەرد هاویشتن) و سەگە ڕاو. .. حەزی دەکرد. لە چەرمی خاو و بەن و پەڕۆ، قەڵماسک (بەرد هاوێژ) مان دروست کردبوو کە یاری یەکی سامناک بە ناو بەردە فڕکێ مان پێ دەکرد. لە زستاندا، ورچە بەفرینەمان دروست دەکرد. شەڕە تۆپەڵ یاری یەکی فەسڵی زستان بوو و لە سەر سەهۆڵ خلیسکانیمان دەکرد. کاک فوئاد گوێگرێکی چاکی ناسراو و هاوسێمان بووکە جار و بار دیدارو هات و چوی دەکردین وڕاز و داستان و حیکایەتی بۆ دەگوتین. بۆ هەر چێڕۆک و داستانێک گوێز و مێوژ و خواردەمەنی تری وەک بەرتیل دەویست و دەیگوت ئەگەر بەرتیل نەدەن هێز و هەناوم نیە تاشتێکتان بۆ بلێم ئێتر ئێمە ناچار بوین پێش دەسپێکردنی چێڕۆکە کان بەرتیلی خۆمان تەحویل بدەین. زۆربەی چێڕۆکەکانی کابرای ناسراو داستان گەلیکی دینی و مەزهەبی بوو کە ئاخرەکەی بە تراژیدی و خوێن ڕشتن تەواو دەبوو و هەمووگوێگرانی خەمبار دەکرد. هەندی جار واقمان وڕ دەبوو و زۆر جاریش دەترساین و یان دەگریاین. هەندی جار چیرۆکی کچە هەژاری سەر تەنوور، کوڕی شوان، کچی سواڵکەر و دوانزە سوارەی مەریوانی و... بۆ دەگێڕاینەوە. کە زۆرتر باسی ئەوین و خوشەویستی و شکست و سەکەوتنی مرۆڤی کۆمەڵگای کوردەواری بوو وپێمان خۆش بوو. کاک فوئاد زۆربەی حیکایەتەکانی ئەو چیرۆک بێژە و شیعرەکانی قانیع کە دایە بە هیە بۆی دەخوێندینەوە لە بەر بوو و لە بیری نەدەچونەوە. ساڵ هات وساڵ چوو و تەمەنی کاک فوئاد خەریک بوو لە سنووری دە ساڵان تێپەڕ بێت. سەر دەمێک بوو باوکم منداڵە گەورەکانی بۆ خوێندن ناردبووە شاری سنە. لە تەمەنی دەساڵیدا کاک فوئاد بەرەو سنە نێردرا وشوێنی خوێندنی گۆڕدرا. وئەم جارە لە شارێ گەورە ی سنە سەقامگیر بوو. هەمو شتێک تەنانەت ئاو و هەوا، داب و نەریت، کولتور و شوێنی ژیانی بە تەواوی گوڕدرا. و جیاوازی یەکی عەجایەبی لە گەڵ فەزای ئاڵمانە

هەبوو. دووری لە هەڤالان، دایک و باوک ،خۆشک و برا و دراوسیَ کان، غەریبی،نامویی و هەموو ئەمانە لە سەر مێشک و دەرونی حە ساس و بێگەردی کاک فوئاد تەئسیری قووڵی دانا. شەرایەتی کۆمەڵایەتی ئەو کاتەی سنە ناڕاسەوخۆ کۆسپ و گیر و گرفتی خولقاندبوو. ئەم شەرایەتە دژوارە هەموو منداڵە غەریبە کانی تر کە لە ناوچەکانی تری کوردستانەوە بە هەر دەلیلێک بۆ سنە هاتبوون دەگرتە بەر و خۆی داسەپاندبوو.ژیانی غەریبی لە سنەی ئەو سەر دەمە یانی ساڵی 1336 بۆ ئەو کەسانەی کە زاراوەی خەڵکی سنە یان نەدەزانی ئوتوماتیک مەحدوودیەت، تەبعیز و هەڵاواردنی بار دەهێنا و بە ئاشکرا خۆی دەنواند.

ئەگەر بە زاراوەی سنەیی قسەت نەکردبایە منداڵانی هاو تەمەنی سنەیی ئێمە ڕاستەوخۆ دەیانزانی کە تۆ غەریبی و سنەیی نیت. بڕێک و هەندی لە موعەلیمەکانمان زۆر بەرچاو تەنگ و دەمار گرژ وهەلس و کەوتیان لە باری فیر کردن و بار هێنان و پیداگوگی یەوە بە نسبەت منداڵە غەریبەکانەوە کورتی دەهێنا ولە ئێنساف دوور و هەڵە بوو. کە لە سەر کردەوە و بیر کردنەوەی منداڵەکانی هاو پۆلمان تەئسیری خراپی دانابوو.داسەپاندنی شەڕو لیدان ،تەوهین و گەلەکۆمە، لاسایی کردنەوەی زاراوەی مەریوانی، ،سوکایەتی بە خەڵکی ناوچە کانی تری کوردستان،هەڕەشە و گوڕەشە لە لایەن هەندی لە منداڵەکانی گەڕەکیی قەتارچیا نەوە تا پڕیود و قۆناغێکی چەند مانگە بەردەوام و ئێدامەی هەبوو و بە ڕاستی ژیا نێکی تاڵ و پڕ لە چەرمەسەرێان بۆ ئێمە دروست کرد بوو.

## 3.4 دەورانی منداڵی کاک فوئاد



ئاڵمانه ، کاک فوئاد له تەمەنی دوازدە ساڵیدا

پەروەردەکردنی کاک فوئاد له ئەستوی حەمه ڕەشید بەگ و دایه بەهیه و ژنێکی یارمەتیدەر بەناو خۆشکه عالیه(خەڵکی ئاوای ڕەشەدێی مەریوان) بووه. ئەگەر چی ژیانی دایه بەهیه له گەڵ دوو بەره منداڵ و"هەوێ" تێکەڵ بووه بەڵام پیوەندی و ڕابیتەی ئەو دوو دایکه به نسبەتی ئاستی کۆمەڵایەتیو وەزعی ئابوری ناوچەکه زۆر زۆر گەرم و به دڵەوه نزیک بووه. به جۆرێک میوان و بێگانه نەیاندەتوانی منداڵەکا ن جیا کەنەوه و بزانن کامه منداڵ هی کام دایکەیه؟ ئێتر لێبوردوویی و تاقەت دەوری خۆی هەبوو. سەرباری هەموو ناکۆکی یەکان ڕێز و ئێحترامێک که ئەو دوو دایکه به نسبەت بەکترینەوه بوویان له ناوچه کەدا ناو بانگی دەر کردبوو.سەرجەم فەزا و بارودۆخی پەروەردەکردن بۆ منداڵی دێهات، زۆر ئاسان ولەبار نەبوو.

کاک فوئاد له ساڵی 1948 ی زاینیی (1327 ی هەتاوی) له ئاوایی ئاڵمانەی ناوچه ی مەریوان له بنه ماڵه یه کی فیئودال و خاوەن دەسەڵات و مالک چاوی به ژین پشکووت. شه رایه تی پەروەردە کردن و پێ گەیاندنی منداڵ لەو سەر دەمەدا و به تایبه ت له کوردستان زۆر ئاسان نه بوو. باوک

هەمە کارە و خاوەن دەسەڵات و سەر پەرەست و پێک هێنەری هەموو ئێمکاناتێکی ژیان بوو. دایک نە زۆرتر لە باوک بەڵکوو شان بە شانی ئەو لە هەموو مەیدانێکدا لە ئێشی سوننەتی یەوە بگرە تا ئێشی پەروەردە و بارهێنانی لە ئەستو بوو.

# 3.5 باوکی کاک فوئاد


حە مە ڕەشید بەگی مستەفا سولتانی

حەمە ڕەشید بەگی مستەفا سولتانی کوڕەزای مستەفا سان وکوڕی فەرەج واڵلە بەگە و لە ئاوایی کەڕئاوا کە شوینی ژیانی مستەفا سان بووە لە دایک بووە. کوڕەکانی مستەفا سان هەموو سەروەت و سامان و موڵکی باوکیان بەش دەکەن و ژیانی هاوبەشیان لە کەڕئاوا کۆتایی پێ دێت. باپیری کاک فوئاد واتە فەرەج اڵلاە بەگ، خوێندەوار و ناسراو بووە. ناوی فەرەج اڵلە بەگ لە گەڵ ناوی چەند کەسی تر لە سەر بەردێکی پانی مەڕمەڕ هەڵکەندراوە.ئەو بەردە مەڕمەڕە لە حەوشی

گەورەی مزگەوتی جامیعی شاری سنه (دار الاحسان) له سەر دیوار و ستوونێک داکوتراوه. فەرەج اللە بەگ له کەڕئاواوه بەرەو ئاڵمانه کۆچ دەکات وکاتێک دێته ئاڵمانه له ژێر چاوەدێری خۆیدا حەمه رەشید بەگ دەنێریته خوێندن.

باوکم به پەرۆش وعەلاقه ی زۆرەوه خوێندنی سەرەتایی دەس پێ دەکات. پاشان بۆ درێژەدان به خوێندنی پلەی باڵا دەچێته شاری سنه. له شاری سنه خوێندنی تەواو دەکات. له گەڵ فەزای شارستانیەت و ڕووناکبیرانی سنه ئاشنا و زۆر نزیک بووه. فەزای سیاسی و کۆمەڵایه تی ــئابوری شاری سنه تەئسیرێکی یەک جار زۆرو بەر فراوان و دیاری کراوی له سەر هەڵویستی باوکی کاک فوئاد دانابوو. ئاستی نزیکایەتی و هات و چوی ناو کۆڕ و کۆمەڵێ تێگەیشتوی شاری سنه پاڵی پێوه نا که له باری فیکریەوه له گەڵ ئەم کۆڕ و کۆمەڵانه خۆی بگونجێنی. هەر له سەر ئەم ڕێبازه ڕویشت و بوو به موعەلیم (مامۆستا) له ناوچەکانی دیواندەره و مەریوان. کاتێک بووه موعەلیم زۆر ڕازی و دڵخۆش بوو. ئێشی موعەلیمی له گەڵ وەزعی ڕوحی و بوچونی سیاسی ئەو یەکیان دەگرتەوه. گوێگرێکی دایمی ڕادیو بی بی سی بوو و بەرنامەکانی پێ جوان و مەنتیقی بوو. چەند جار به ناوی منداڵەکانیەوه(فایزه و ماجید) نامەی بۆ ڕادیو بی بی سی نارد و سەبارەت به ڕووداوه سیاسی یەکان پرسیاری لیکردن و رادیو بی بی سیش وەڵامی دەدایەوه. له پرۆسەو ورەوتی ڕووداوەکان و ئاڵ گۆڕه کانی کۆمەڵگای کوردستان و دونیا به باشی تیدەگەیشت. ناوچەی هەورامان و مەریوان بۆ دابین کردنی ئارەزوەکانی ئەو بەر تەسک و سنووردار بوو.یەکەم کەس بوو کەله ناوچەی هەورامان و مەریوان جیاوازی له نێوان کچ و کوڕدا قەد دانەنا و ئێحترام و ڕێز ی تایبەتی له کچەکانی گرت و به چاوی سووک ونزم مافیانی چاو لی نه کردهێچ کات بۆروانگەی بەر تەسکی فیئودالی و یاسای تۆخی داڕزاوی ئائینی و تانه و لۆمەی نەیاران و ئەفرادی تینەگەیشتورێزی دانەنا ووەک مرۆڤێکی نۆی خواز و پێشکەوتوو سەبارەت به مافی کچەکانی بیری دەکردەوه.

لەمپەر و مانیعی نە بینراو و سوننەتی کۆن و داڕزیو و هەرێم و فەرهەنگی زاڵ و دواکەوتووی عەشایەری و کولتور و داب و نەریتی جێماو لە قافڵەی زەمان و مێژوو،جگە لەوی پەیکەری مرۆڤ و ئێنسانیان زەنجیر دەکرد و چوارمێخە دەکێشا، چنگی نەفرەت وبێزاری دەخستە ناو مێشکی ئێنسان و دەیان هاری. لەو هەل و مەرجە کۆمەڵایەتی و دژوارەدا حەمە ڕەشید بەگ کچی ناردە خوێندن تا لە کاروانی عیلم و زانست دوا نەکەون و لە کردەوەدا بە پێچەوانەی دەریا و شەپۆلەکانی مەلەی کرد. دەیان جار کۆنەپەرەستی و حەسودی و دواکەوتویی سەر ڕێگایان پێی گرت و خەریک بوو لە دەریای نەزانی و دواکەوتویدا بخنکێت. ئەو هەڵویستەی باوکم سەبارەت بە خوێندنی کچەکانی ، شایانی ڕێزە. یەکێک لە فیوداڵە بەناوبانگەکانی ناوچە کاتێک دەبیستێ کە باوکم منداڵەکانی بۆ خوێندن بەرەو شاری سنە ناردووە ،پەژارە و خەم دایدەگرێ و دەڵێ خۆزگە دەسەڵاتم هەبوایە و حەمە ڕەشیدم دارکاری بکردبایە .هەر لەو کات و ساتانەدا لە هەرێمی مەریوان و هەورامان کچ لە مافی ئێنسانی و کۆمەڵایەتی مەحرووم و بی بەش کرابوو و ژنان لە لایەن تاکە کەس و کۆمەڵگاوە بە چاوی نزم چاو لیدەکران . ئەوەندە هەل و مەرج و ستەمی پیاوسالاری لە ئاستێکی بەرزدا بوو کە چەند کچ و ژن لە دەس زوڵم و زۆر و ژێرپێ نانی مافیان و لە بەر بیدەرەتانی ئاوریان لە جەستەی خۆیان بەر دا. ویا دەرمانی کوشەندە و ژە هریان دەخوارد و بەو جۆرە کۆتاییان بەو ژیانە تاڵە دەهێناو جوانە مەرگ دەبون . بە داخەوە لە نێوان ساڵەکانی 1338 تا 1355 ی هەتاوی لە مەریوان و هەورامان چەند کچ لە بنەماڵەی ناسراو و تەنانەت هەژاریش خۆیانیان کوشت و بەو چەشنە و ڕاستەوخۆ و بی پەردە و بە شێوەیەکی دڵتەزین وڵامی ئەو بیعەدالەتی یانە و سیستەمی پیاو سالاریان داوە . سپاردنی کچی چکۆلە بە دایەن و ماڵە جووتیارێک تا تەمەنی یازدە و دوازدە ساڵی و دوور خستنەوەی لە عاتیفەی دایک و باوک و ناوەندی بنەماڵە، کولتور و کردەوەیەکی باو و ناحەز بوو کە هەندی لە ئاغاوات و مالکە بە دەسەڵاتەکانی هەورامان دەیانکرد . کاتێک کچەکان دەگەڕانەوە ئامێزی بنەماڵەکەیان لە

ئاستێکی تردا پەروەردە کرابوون وبە تایبەت لە گەڵ هەل و مەرجێکی نوی بەرەوڕوو دەبونەوە کە ماوەیەکی دەویست تا خۆیان لە گەڵ باوک و دایک و خزم و کەس و کار بگونجینن و ئەم گونجاندنە بۆ کچەکان ئاسان نە بوو. هاتنەوە بۆ ناو خانەوادە و پرۆسەی خۆ گونجاندن بۆ کچەکان لە باری عاتیفی و رۆحی وسوننەتی یەوە زۆر دشوار بوو. ئەم دیاردەیە بۆ ماوەیەک کرا و پاشان هەڵویستی دایکان و باوکان گۆڕدرا وئێتر ڕازی بە دوور خستنەوەی منداڵەکانیان نە بوون و ئەو شێوە لە پەروەردە کردنی کچەکان بە یەکجاری نەما،وباوک و دایک مەسئولیەتی بە خێو کردنیان لە ئەستۆ گرت .

لەو ناوچەو هەرێمە کە فەرهەنگی فیئودالی و داب و نەریتی کۆن و دارڕزاو زاڵ و داسەپابوو یەکەم کەس بوو کچەکانی ناردە خوێندن و وکاتێک وەسیەتی نووسیبوو سەروت و سامانی لە نێوان کوڕ و کچدا بە یەکسان و بە یەک ئەندازە دابەش کردبوو. بە پێچەوانەی هەندی لە بنەماڵەکان کە فامیلی ئێران پەرەست و شاپەرەستیان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو باوکم بە ڕاستی لەو بیر و بۆچونە بیزار بوو و فامیلی " مستەفا سوڵتانی " (نازناو) بۆ هەموو خانەوادەکە دیاری کرد و هەڵبژارد . ئەو لە گەڵ رەورەوەی مێژوودا هەنگاوی پێشکەوتوانەی دەنا. ڕۆژنامەی کوردستانی لە مەهابادەوە بۆ دەهات کەبە نهێنی و زۆر درەنگ دەگەیشتە دەستی و لە گەڵ کۆماری مە هاباد پەیوەندی عاتیفی-نهێنی هەبوو. بۆ چارە سەر کردنی کێشەی کورد لە بەشی جنووبی کوردستان (ئێران) کە ئێگلیزی یەکان لە ڕوانگە وئاسۆی سیاسی و بەرژەوەندی خۆیانەوە خوازیاری حەللی بوون دوو کۆبونەوەی بەربڵاو و ئاشکرا لە دوو ئاوایی چوڕ و ئاڵمانە کرا تا " نوێنەرانی "خەڵکی هەورامان و مەریوان هەڵبژێردرین و حاکمانی ئێگلیزی لە عێراق دیدار کەن .نوێنەران هەڵبژێردران و لەم کۆبونەوانەدا باوکم بە کۆما ی دەنگ هەڵبژێردرا و بەشداربوەکان لە کۆبونەوەکەدا ڕاستەوخۆ متمانە و پشتیوانی خۆیانیان سەبارەت بە نوێنەرایەتی باوکم دەر بڕی و نیشان دا . هەر بۆیە حەمە ڕەشید بەگ وەک نوێنەری ناوچەی هەورامان و مەریوان بۆ موزاکرە و وت ویژ لە گەڵ ئێنگلیزی یەکان لە

شارۆچکەی خورماڵ وشارەکانی هەڵەبجە و سەید سادیق دیدار و چاوپێکەوتنی هە بوو.چە ند جار لە گەڵ حاکمانی ئێگلیزی لە عێراق سەبارەت بە ئوتۆنۆمی جنوونی کوردستان قسە و باسی کرد و ئەوان بۆ ئەم مە سەلەیە دەعوەتیان کردبوو.هەندی داخوازی وچەند خاڵێکیان مەترەح کردبوو کە حاکمانی ئێگلیزی پێیان خۆش نەبووبوو و تەنیا سکوتیان کردبوو وئێگلیزی یەکان وەک زل هێزێکی گەورەی جیهان تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئامادەی فیداکاری بوون. لە پێناو ئەوەی کە لە وڵاتانی موستەعمەر ئێنگلستان، ئاڵای ئێنگلیز نابێ ئاوابوونی ڕۆژ بەبێنیت حازر بە هەموو چەشنە فیداکاریەک بوون . لەو قۆناغە مێژوویی یەدا ئێگلیزی یەکان ئێدیعایان دەکرد کە لە وڵاتانی گری دراو بە ئێگلیزەوە ئاڵای ئێنگلیز لە بەر تێشکی هەتاو دەشکایەوە و قەد لە و وڵاتە گری دراوانە هەتاو ئاوا نابی . لە واقیعدا لە هەر وڵاتێکی موستەعمەرەیان کە هەتاو ئاوا دەبوو لە وڵاتێکی تر هەتاو هەڵدەهات و هەرگیز ئاڵاکەیان بی تێشکی هەتاو نەدەمایەوە و ئاوابونی هەتاوی نەدەدی . ئێنگلیزیە کان دەیانویست کێشەی کورد لە جنووبی کوردستان بە شێوەی خۆیان چارە سەر کە ن.و پلاتفورمی ئەوان ڕاستەوخۆ دژی پلان و نەقشەکانی ئاغای جەعفەری باقرئۆف سکرتیری حیزبی کومونیستی ئازەربایجانی سوڤیەت و ئاغای جەعفەری پیشەوەری سکرتیری کۆماری ئازەربایجانی ئێران بوو. لە هەمان کاتدا وڵامێکیان بە رووسیا دەداوە کە لە شیمالی کوردستان لە جمهوری مە هاباد پشتێوانیان دە کرد. وێنە و عەکسەکانی خۆی و کەسێکی تر کە ئەویش نوێنەری کوردی هەورامان و مەریوان بوە لە گەڵ حاکمی بریتانیا لە کوردستانی عێراق کە پێم وایە میجرسۆن بووە تا ئەم ئاخرانە هەر مابون.لە کاتی وت وێژ لە گەڵ حاکمانی ئێنگلیزی زۆرترین پرسیاریان لە باوکم کردبوو. بۆ نموونە پرسیاریان کردبوو ئایا ئێوە لە گەڵ کۆماری مەهاباد پەیوەندی تان هەیە ؟ئایا ئێوە قازی تان خۆش دەوێ؟ئایا سەفەری مەهابادتان کردووە؟ ئێنگلیزی یەکان بە باشی دەیانزانی کە کۆماری مەهاباد بۆ خەڵکی کورد جێگای هیوا و ئۆمید بوو . ئێنگلیزی یەکان لە هەڵەبجە وەعد و پەیمانی زۆریان دابوو بەڵام هەمووی لە پێناو بەرژەوەندی

بەریتانیای گەورە فەوتا و وەک جاری جاران پەیمان شکێنیان کرد . باوکم لە میوان خانەکەی عەکسی شێخ مەحموودی مەلیکی هەڵواسیبوو. بە تایبەت ئەو وێنە و عەکسانە کە لە گەڵ حاکمانی ئێگلیزی لە هەڵەبجە گرتبووی هەمووی شاردەوە و ئیتر نەمان دیەوە و. ... لە کتێبێکی ئێگلیزی ئاماژە بەم ڕووداوە مێژوویی یە کراوە و بە داخەوە دەستم نەکەوت کە ئەوەی پێویستە تەرجومە کرێتەوە و بینووسم. باوکم لە پرۆسەی ژیانی دا زەوق و توانای شیعر گوتنی هەبوو. جار و بار شیعری دەگوت و هەوراز و نەشیوی ژیان هەمووشیعرەکانی لە ناو برد و فەوتاند. زۆربەی شیعرەکانی نالی، مەولەوی ،قانیع، ناری و حافزو سەعدی شیرازی لە بەر بوو.کاتێک ڕێبەرانی کۆماری مەهاباد لە لایەن زلهێزەکان و شای ئێرانەوە لە سێدارە دران وکۆماری مەهابادلە لایەن حکومەتی رووسیاوە خەیانەتی پێ کرا باوکم کۆپلە شیعرێکی خوێندەوە کە کۆماری کورت تەمەن و جوانەمەرگی مەهابادی باس دەکرد. ئەم شیعرە کەوتە زاری منداڵان و وەک سرود دەیان خوێندەوە. ئامریکا وشا دوو ئۆرگانی سامناکیان بە ناوی ڕووکنی دووی ئەرتەش و ساواکیان دامەزراند و ئیتر گاڵتەی پێ نەدەکرا و خەڵک زۆر ترسان. هەر کەسێک لە کۆماری مەهاباد پشتیوانی کردبایە ئەتکیان دەکرد و زمانیان لە پشتی سەریەوە دەر دەهێنا. کۆماری مەهاباد نەمابوو وپشتیوانی بە هەر شێوەیەک لە کۆماری مەهاباد مەسەلەی مان و نەمان بوو و قەدەغە کرابوو. بۆیەدایک و باوکان لە منداڵەکان هەڕەشەیان کرد کە شیعرەکان وەک گورانی و سرود نەخوێنەوە. شیعرەکان لەبیر و مێشکی مێژوودا مایەوە بەڵام دیکتاتوری رەزا شا لە بیری منداڵەکانی بردەوە.

**شیعری کۆماری مەهاباد:**

بزمارە و بزمارە کەوشی بریقە دارە
ئەوا قازی موحەممد درا لە سێدارە
قازی بینایی کوردی هەژارە دوژمن ڕشتی خوێنی ئەو سەردارە


باوکم تەقەلا و زەحمەتێکی زۆری بۆ کردنەوە و ڕێکخستنی مەدرەسەی ئاڵمانەکێشا، بە زەحمەت توانی قەناعەت بە نوێنەران و کار بەدەستانی

حکومه‌تی ئێران له شاری سنه بێنی تا ئێزن و ئێجازه‌یان دا له ئاڵمانه مه‌دره‌سه‌یه‌کی دامه‌زراند و کرده‌وه.مانیع و له مپه‌رو کۆسپی گه‌وره، بۆرۆکراتی و کاغه‌ز بازی وسیسته‌می داڕزاوی پاشایه‌تی بوو که له هه‌زاران قالب و شێوه خۆی ده‌نواند. بۆئه‌م مه‌به‌سته‌ش زۆر ماندوو و هێلاکیان کرد. له ساڵی 1324 هه‌تاوی مه‌دره‌سه‌ی ئاڵمانه ی کرده‌وه، که له‌و کاته‌دا زۆربه‌ی دێهاتی هه‌ورامان و مه‌ریوان مه‌دره‌سه‌یان نه بوو و ئاڵمانه خاوه‌نی مه‌دره‌سه بوو، که ناو بانگی ده‌رکردبوو. حکومه‌ت ده‌بستانه‌که‌ی به ناوی شاعیری میللی و فارسویژی ئێرانی قائانی ناو نابوو. له سه‌رتابلۆیه‌ک نوسرابوو ده‌بستانی قائانی ئاڵمانه و تابلوکه‌یان له دیواری مه‌دره‌سه‌که داکوتا بوو. گڵۆپی عیلم و زانستی هێنایه تاریکستانی ناوچه وبه‌و ئامێره سنووری نه‌خوێنده‌اری و تاریکی تا ڕاده‌یه‌ک به‌رته‌سک کرده‌وه. ئاسۆی بیر و ئه‌ندیشه‌ی به‌ر بڵاو بوو. ده‌یویست ده‌بستانه‌که مودێڕن و پێشکه‌وتوو، بێت و به شێوه‌ی عیلمی ونوێ وانه‌کایی ژماره و پێوان، هه‌ندسه،حیساب، مێژوو، جۆغرافیا و... به قوتابی یه‌کان فێر که‌ن تا له قافڵه و کاروانی زانست جێی نه‌مێنن. له هه‌مان کاتدا، باوکم و براکانی و و برازاکه‌ی له باری سوننه‌تی و کلاسیکه‌وه مه‌لای مزگه‌وت و حوجره‌ی فه‌قێ کانیشان له باری ئابوری یه‌وه زۆر چاک یارمه‌تی ده‌دا تاخوازیارانی عیلمی ئائێنیش بتوانن بخوینن.

باوکم بۆ په‌یوه‌ندی گرتن و هه‌واڵی منداڵه‌کانی له غوربه‌ت وه‌ک سوننه‌ت کاناڵ و ڕێگایه‌کی دامه‌زراندبوو که له ئاستێکی باش و عه‌مه‌لیدا ئه‌و په‌یوه‌ندیانه ده‌گیرا. کاناڵه‌که بۆ ئه‌مڕۆ ڕه‌نگه کۆن و عه‌جایه‌ب بنوینیت. کاناڵێکی پۆستی دانابوو که ئێمه له شاره‌کانی ته‌وریز، سنه، تاران و شیرازه‌وه نامه‌کانمان بۆ دوکاندارێکی ناسیاو و خۆشه‌ویستی باوکم به ناوی به ڕێز کاک تۆفیق عه‌زیزی پۆست ده‌کرد و ئه‌ویش حه‌ڵقه‌ی په‌یوه‌ندی یه‌کان بوو ونامه‌کانی ده‌دایه ده‌ستی باوڕپێکراوانی و ئه‌وان نامه‌کانیان بۆ ئاڵمانه ده‌هێناو ته‌حویلی باوکم ده‌درا. له حاڵێکدا ئاڵمانه پۆستی نه بوو و له وه‌رزه ناخوشه‌کانی ساڵدا په‌یوه‌ندی گرتن زۆر زه‌حمه‌ت بوو، ئێمه له‌و کاناڵه‌وه هه‌موو کات په‌یوه‌ندیمان ده‌گرت. باوکم

لەو کارەی یانی دامەزراندنی پۆست مکانیزمێکی خستبوە کار کە لە گەڵ ژیانی مودیڕندا یەکیان دەگرتەوە و مەینەتەکانی ژیانی غەریبی بە چەشنێک بۆ ئێمە سووک دەکردەوە و بە گەیشتنی نامەکان بۆ هەر لایەک ئاگری تاسەی دوریمان کەمێک دەشکا و دائەمرکا و لە یەکتر وەک باوک و ئەولاد ئاگادار دە بوین. نامەکان هەموو جۆرە هەواڵێکی تێدابوو. باوکم لەو مکانیزمە وەک سەرپەرەست، باوکی غایب، دەستور و راوێژ، پێشنیار، ڕێنوینی، ئاموژگاری، هان دان بۆ باشتر کردنی وەزعیەتی خوێندن، میوانداری، و. .. کەڵکی وەر دەگرت. جار و باریش کە هات و چووی خەڵک و پەیوەند یەکانی ناوچەی مەریوان و شارەکان بە هۆی سەرما و ڕێ بەندانەوە دەبڕا و لە سەرکیوەکانی گاران، ئارێز و سوورکەوڵ بەفرێ قورس دەباری و جادە و ڕێگاکان دەبەستران، پەیوەندی یەکانی لە کاناڵی تەلگرافخانەی ئاوایی سەوڵئاواوە دەگرت. لەو دەورەدا کەلک وەرگرتن لەم ئامێرانە لە ناو خەڵکدا کەمتر باو بوو. یەکەم کەس بوو کە رادیوی کڕێ و هێنایە هەورامان و دەنگ و باس و هەواڵەکانی گوی دەدا ولە وەزعی جیهان ئاگادار دەبوو و خێرا بۆ خەڵکی دەگیڕایەوە. خەڵکی ناوچە بە دیتنی رادیو سەریان سوڕ مابوو. باوکم هەموو ژیانی بۆ پێ گەیاندن و خوێندەوار کردنی منداڵەکانی تەرخان کرد و لەو ڕێگادا قەد ماندوو نەبوو. زۆر بەئێحساس و مەسئولیەتەوە ئەو ڕێگا دژوارەی پێوا.دژی شەپۆلە بەرز و قورسەکانی دەریای نەفامی و نەزانی و دوواکەوتوویی و فەرهەنگی کۆن و پرتووکاوی ناوچە مەلەی کرد و بەراستی شەپۆلەکانی جوامێرانە بڕی و سەرما و گەرما و کۆسپە نادیارەکانی کۆمەڵگای کوردستان و ئێرانیش نەیتوانی بەر بە ئێرادە و بڕیاری بگرێ. مێژووشاهیدە کە تا رادەیەکی زۆر و بەرچاو هەڵگری چرای عیلم و زانست و ئاڵای پێشکەوتوویی لە هەرامان و مەریوان بوو ولەو بوارەدا سەربەرزو سەرکەوتوو بوو.باوکم سەری بۆ جمهوری ئیسلامی دانە نەواند ودوای کوشتن و تیر باران کردنی هاورێ یان حسین وئەمین وکوشتنی کاک فوئاد ماوەیەک لە تاران و سنە خۆی شاردەوە و دوای ئێعدام کردنی ماجید و ئەمجەد لە تەوریز، بڕیاری خۆی دا و

هاتە ناوچە کانی ژێر دەسەلاتی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە. لەو کاتەدا مەحدوودیەت و دەس تەنگی باڵی بە سەر ژیانی پێشمەرگەدا کێشابوو.باوکم بە دڵ ئاوەڵەیی و کەرامەتی بەرزەوە ئەو هەل و مەرجە تاڵەی قەبووڵ کرد.دوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ سنوورەکانی دەستکرد باوکم ڕۆیشتە سلێمانی و لەوی نیشتەجێ بوو.ئەگەرچی شەرایەتی ڕۆحی و تەمەنی ئەو لە گەڵ فەزای پێشمەرگایەتی تا ڕادەیەک یەکیان نەدەگرتەوە بەڵام لە گەڵ پێشمەرگە و لە مەقەڕەکانی کۆمەڵەدا ژیانی گوزەراند. بۆ پێشمەرگەکان ڕێزی فراوان و تایبەتی هەبوو.لە گەڵ هەوراز و نشێوەکانی کۆمەڵە هاوسەفەر بوو. هەرگیز کۆمەڵە و پێشمەرگە قارەمانەکانی جێ نەهێشت . و و بە کردەوە لە گەڵ ژیانی خۆش و تاڵ و سەرکەوتن و شکستی پێشمەرگەکاندا بوو . و لە ساڵی 1988 زاینی کوردستانی بە جێ هێشت ولە وڵاتی سوید بوو بە پەنابەر. باوکم نزیکەی حەوت ساڵ لە وڵاتی سوید ولە شاری ئوپسالا وەک پەنابەری سیاسی ژیا و پی وابوو ئاخرین ڕۆژەکانی عومری یەوپیری دەروازەی ژیانی کوتاوە. بە پێ ئارەزووی خۆی لەساڵی1994ی زاینی گەڕایەوە بۆ کوردستان وهەر ئەو ساڵە لە مەریوان کۆچی دوایی کرد و لە بەشێکی تایبەتی گۆڕستانی تاڵە سوارو لای براکانی بە ڕێزان : عەلی بەگ و حەمە شەریف بەگ و عیزت بەگ بە خاک سپێردراوە.



حەمە ڕەشید بەگ لە کوردستانی ڕۆژ ئاوا ، ئوردووگای  مالومە

# نا مە ی سـەرە خۆشی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران (کۆ مە ڵە)
کمیتە مرکزی سازمان کردستان  حزب کمونیست ایران (کومەلە)
The Kurdistan Organisation Of the Communist  Party of Iran (Komala)
Central  committee

## هاوڕێ مە لە کە ی خۆشـەویست!

ویرای سڵاویکی گەرم و ئارەزووی سڵامەتی و سەربەرزیتان  بە داخەوە لەم ڕۆژزنەدا  هەواڵی فەوتی باوکی بەڕێزتان  کاک حەمە ڕەشید مان بیست.

بەم بونەوە پڕ بە دڵ لە خۆت و دایە بەهیەی ئازیز و هەموو ئەندامانی بە ڕێزی بنەماڵەکەتان سەرەخۆشی دەکەین و خۆمان بە شەریکی غەمتان دەزانین.

کاک حەمە ڕەشید، لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابوردوودا شەریکی هەموو هەڵس و کەوتەکانی کۆمەڵە لە کوردستان بوو و شادمانی و غەمی هەرگێز لە کۆمەڵە جیا نە بوو. هەر بەم بونەوە پەیوەندیەکی عاتیفی بە هێزی لە گەڵ هەمووومان پێک هێنا بوو.

ڕێز و حورمەتیک کە دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستانی ئێران لە لایەن خەڵکی شەریف و حەق شناسەوە لیی گیرا پاداشیک بوو، بۆ ژیانیکی سەر بەرزانە کە ئەم خۆشەویستە تێپەڕی کرد. با وەکو باری ڕەنجی دڵ تەزینی لە دەست دانی ئازیزانی هەمیشە لە دەروونیدا بوو بەڵام هەولی ئەدا سەبوور و هاندەر و ورە بەخش بێ و نیشانەی غەم بە ڕواڵەتیەوە دیار نە بێ. یادی بۆ هەمیشە لە دڵمان دا زیندووە.

**بە هیوای سەرکەوتن**

**کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە**

**28 دسامبر 1994**

**ئێبراهیمی عەلی زادە**

بێگومان باوکێکی ئاوا و شەرایەتی وا لە سەر پەروەردەبونی منداڵ ،تەئسیری ڕاستەوخۆ دادەنێ. هاوکات ،کاک فوئاد لە خەباتی دوور و درێژی بنەماڵەکەی دژی زۆڵم و زۆری ڕەزا شا لە کاتی گەنجیداتەئسیری وەر گرتبوو.بە وتەیەکی تر کاک فوئاد پەروەردەی بنەماڵەیەکی خوێندەوارو سیاسی بوو کە لە مەڵبەند و شوێنیک دەژیان ڕاستەوخۆ لە لایەن حکومەتە مەرکەزیەکانی ئێرانەوە بە شێوەیەکی دڵتەزین و شوڤینیستانە، لە دواکەوتوییدا

ڕاگیرابووو هەموو سەروەت و سامانی خەڵکی کورد بە تاڵان دەبرا و هەڵیان دەلوشا.حکومەتی مەرکەزی تەنیا پادەگانی ئەرتەش وئورگانی نهێنی و سامناکی ڕوکنی دوو و پاسگای ژانداری دێهاتی بۆ خەڵک بە دیاری هێنابوو. و دەتوانین ئێدیعا کەین کە تەنیا ئامێری سەرکوتی بۆ گیانی خەڵکی کورد تیژتر دەکرد و پەرەی پێ دابوو و بەس. ئێستاش ئەو کردەوە شوڤینیستانە و میلیتاریزەی ئاشکرای کوردستان وەک جاری جاران و بە شێوەی دوو لایەنە هەر بەر دەوامە. ئاشکرایە بیر و بوچون و خەتی سیاسی کاک فوئاد لە ناوەڕۆکەوە پێشڕەو ونوێ خوازو لە گەڵ خەی سیاسی بنەماڵەکە جیاوازی زۆری هەبوو.

## 3.6 دایکم لە بواری مەینەتەکاندا

## وەک پۆڵا وا بوو!

## ( تێپەڕ بوونی 10 ساڵ لە مەرگی دایکم )



دایە بەهیە ساڵی 1993 لە سوئید

**نووسینی: مەلەکەی مستەفا سوڵتانی بەهاری (1384)**

دایە بەهیە لە سالی 1306 هەتاوی واتە ( 1927 زایینی) لە ئاوایی "ڕەشەدیی" ناوچەی مەریوان لە دایک بووە. دەورانی مندالی لە "ڕەشەدێ" تێپەر دەکا بەلام بە هۆی بارودۆخی ئەو سەردەمە و وەزعی کومەلایەتی ونەبوونی مەدرەسە نەیتوانیوە بخوێنێ. سەردەمی مندالی دایکم هاوکات دەبێ لە گەل دەورانی خەفەقان و دیکتاتوری رەزا شا کە بۆ داسەپاندنی دەسەلاتی رەشی خۆی زەبر و زەنگ دەخاتە سەر ژیان و گوزرانی خەلک و بۆ دامەزراندنی بنەمای دیکتاتوریەتی خۆی مافی مرۆڤ پێشێل دەکا و ژیان لە خەلک تال دەکا تا ڕادێەک کە زمان و جەل وبەرگی کوردی قەدەغە دەکات و دەست دەکا بە گرتن و زیندانی کردنی ئاغاوات لەهەموو کوردستان . باوکی دایکم (شیخ ئەحمەد کونەپۆشی) ژیانی لە ئێران بە جێ دێلێ و پەنا دەباتە بەشێکیتر لە کوردستان (عێراق) و بە مال و خێزانەوە دەڕواتە ئاوایی نزارە لە نزیک پێنجوێن و لە وی نیشتەجێ دەبن.

بار و دۆخی کومەلایەتی و سیاسی عێراق، بە نیسبەت ئێران جیاوازییەکی، یەکجار زۆری هەبووە .خەلکی کوردستانی عێراق دوای شورشەکانی شیخ مەحمود لە هەلومەرجێکی تردا دەژیان، تامی دیموکراسی و ئازادیان چێشتبوو، زمان و جەل و بەرگی کوردی ئازاد بوو، گوڤار و رۆژنامە بە زمانی کوردی چاپ دەکرا ، فەزا و جەوی سیاسی و کومەلایەتی ئەوێ لە ئاستیکی بەرزدا بوو. ئەم هەل و مەرجە لە سەر هەموو کەس و لە ئاستی جۆراوجۆردا، تەئسیری باشی دانابوو.

دایکم کە دەورانی نەوجوانی لەم فەزایەدا بەسەر دەباو شەخسیەتی قەوارە و شکل دەگریت و هەلێکی بۆ دەرەخسی ماویەک ئەگەر چی کورت دەرواتە مەکتەب و هەر وەها تێگەیشتویی و دەرکی شەخسی خۆی ئەو مەجالە پێکدێنێت کە زۆر زوو خۆی نیشان بدات. باس دەکەن ماموستا قانع کە هەم خزمی باپیرم بووە و هەم لە گەلی دا زۆر نێوانی خوش بووە هەموو جاری پارچە شیعرێکی بردوە و بانگی کردوە بەهیە گێان ئەم شیعرەم بو تۆ هێناوە. وەرە گوێی لێ ڕاگرە. ماموستا قانع تەنیا یەک جار خوێندوویەتەوە و دایکم خێرا لە بەری کردوە. دەلێن زۆر جار باوکی ئاواتی خواستوە (خوزگە ئەم کچەم کوڕ بوایە !). دایە بەهیە لە قەدەر تەمەنی لە

هاومالەکان و هاوتەمەنەکانی خۆی زۆر تێگەیشتوتر بووە. ئینسانێکی تیژ و وریا بووە. لە ناو مال و خێزانەکەیاندا و لە کاتێکدا دەرکەوتە و ئاوارە بوون و گیر و گرفتی دوو بەرکێ بووە، ئەو زۆر بە ژیری و عاقلانە و ئینسانی لە گەڵ ئەو گیروگرفتانەدا هەلسوکەوتی کردوە. هەر ئەوە بووە بە هۆی ئەوە، ببێ بە مشاور و راوێژکاری بنەمالەکەی لە رۆژە تاڵ و دژوارەکاندا و هەموو کاتێک دایک و باوکی، یانی خاتون شەمسە و شێخ ئەحمەد پرس و رایان پێکردوە.

شەڕی دووهەمی جیهانی تەواو دەبێ وئینکلیزیەکان رەزاشا لە ئێران دەردەکەن و کورەکەی دەکەنە شا .دیکتاتۆری و زۆلم و زۆر بۆ ماوەیەک کەم دەبێتەوە و خەلک هەناسەیەک دەکێشن و بنە مالەی شیخ ئەحمەد بۆ مەریوان و ئاوایی رەشەدێ "رەشەدێ" دەگەرێنەوە.

## ژیانی نوێ لە هەورامان

دایکم لە سالی 1325 لە گەڵ باوکم ( حەمە رەشید بەگی موستەفا سولتانی) ژیانی هاوبەش دەس پێدەکەن ودایکم بەرەو "ئالمانە" دێت. ژیانی نۆی و هاتن بۆ "ئالمانە" لە راستیدا بۆ دایە بەهیە نامۆ و بێگانە بوو. چونکو پێکەوە ژیان لە گەڵ هەوێ دا و مەسەلەی هەوێ ساری زۆر سەخت بوو. بیزاری و یەک نەدوواندن و دوو بەرەکی منداڵ و گیروگرفتەکانی ژیانی دێهاتیش... سەرباری ئەمانە بوو. ئیش و کاری ناو ماڵ، زۆربەی لە ئەستۆی دایکم بووە. لەم بابەتەوە رەنجی لە رادەبەدەری کێشاوە. مالێکی ئاوەها پڕ خێزان و میواندار، رێکخستن و خزمەتی ئەو هەمووە خێزان و میوانە هەر لە ئەو دەوەشایەوە. لە زۆر بابەتەوە لە رێکخستن و رێنوینی و راپەراندنی کارەکان و ئەرکەکانی تری بنەمالەکەدا خاوەن نەزەربوو و بە شێوەی باش هەلیدەسوراند.

کردەوەو رەفتاری دایکم بەرانبەر بە دەور و بەری و زەحمەتکێشانی ئالمانە، و ئەو کەسانەی کە لە مالەوە کاریان دەکرد زۆر تایبەتی بوو. هەلسوکەوت و کردەوەی ئێنسانی ئەو لە گەڵ هەمووان و حورمەت گرتن لە کەسایەتی ئینسانەکان

بە بێ فەرق و جێاوازی و هەڵاواردن بە تایبەت لەو دەورانەدا و لەو فەرهەنگ و دابونەریتەدا، جێگا و مەقامێکی تایبەتی بە دایە بەهیە دابوو. بە جورێک کە ئەگەر ڕۆژێک نەخۆش بوایەت یا لە ماڵەوە نەبوایەت جێی خاڵی ئەو زۆر دیار بوو و هەموو کەس هەستی دەکرد کە شتێکی لە دەس داوە. یانی لە ڕاستیدا ژیان لەو ماڵە دا ڕەوتی ئاسایی خۆی لە دەس دەدا و هەموو نارەحەت دەبوون.




بەرهەمی ژیانی دایکم لەو ئیزدواجە دا 10 منداڵ بوو. بەناوەکانی کاک فوئاد، کاک حەسین، دادە فایزە، کاک ئەمین، کاک ماجید، خۆم (مەلەکە)، ئەمجەد، ڕەزا، حشمەت و کاوە. کاوە تەنیا 6 مانگ ژیا و هەر بە منداڵی فەوتی کرد.

منداڵەکانیتر هەمویان لە وەختی خویدا مەدرەسەیان دەسپێکردوە. دایکم هاندەر ویارمەتی دەریان بۆ دەرس خوێندن بوو. تا ڕادەیەک شەوانە لەگەڵیان دادەنیشت تا تەکلیفەکانیان بنووسن و هەتا جاری وابوو خۆی لە نووسینی تەکلیفەکانیان دا ، یارمەتی دەدان. سەیر ئەوە بوو، خۆیشی لە گەڵ منداڵەکاندا دەرسی دەخۆیند و زۆر زۆر عەلاقەمند بوو بەوە کە سوادی زیاتری ببێت. هەمیشە کتێبی سەرتایی تایبەتی بە خۆی بوو. دیتە بیرم نیشانی دەداین نامە چۆن بنووسین

و ئه‌گه‌ر نامه‌که بۆ که‌سی له خۆمان گه‌وره‌تر یا چکوله‌تر بوو، چۆنی بنووسین. شه‌وانه دوای ده‌رس و ده‌ور، کۆڕی ماڵی ئێمه به شیعره خۆشه‌کانی شاعیری پایه به‌رزی کورده‌واری ماموستا قانع که دایه به‌هیه بۆی ده‌خویندینه‌وه گه‌رم و گۆڕ ده‌بوو. دایکم زۆر شیعر، حه‌کایه‌ت و په‌ندی پێشینیانی به زمانێکی پاراو بۆ باس ده‌کردین. بۆ ئێمه زۆر باسی ده‌ورانی ڕابردوو به‌تاییه‌ت کاتێک که له عێراق بوون ده‌گێراوه. به حه‌دێک خۆش ئه‌و شیعرانه‌ی ده‌خوێنده‌وه و به حه‌دێک له باس کردنی ئه‌و شتانه‌دا شارزا بوو هه‌ر به‌راستی هه‌موو ئازای ئه‌ندامی ئێمه ده‌بووه گوێ و هه‌زاران خه‌ون و خه‌یاڵی خۆش له مێشکی ئێمه‌دا نه‌خشی ده‌به‌ست و فانتاسی و دونیایه‌کی خۆشی پێ ده‌به‌خشین. ( ئێسته‌ش ئاره‌زو ده‌که‌م خۆزگه ده‌متوانی چه‌رخی چه‌پ گه‌ردی مێژووم ده‌گه‌ڕانده‌وه ئه‌و سه‌رده‌مه، تا دایکم دانیشێ و باسمان بۆ بکا و بۆ ئێمه شیعره ناسک وخوشه‌کانی بخوینیته‌وه)

## ده‌ور و ته‌ئسیردانانی دایکم له سه‌ر منداڵه‌کان

کرده‌وه و ره‌فتاری دایکم ته‌ئسیری تایبه‌ت و باشی کرده سه‌ر که‌سایه‌تی و فیکر و بیرو باوری منداڵه‌کان و ئه‌ویش یه‌کێک له هۆیه‌کان بوو که به راستی منداڵه‌کانیش له ڕوانگایه‌کی تره‌وه چاو له دونیا که‌ن و هه‌ر له سه‌ره‌تای جوانیه‌وه هه‌ستیان به فه‌رق و جیاوازیه کانی ناو کومه‌لگا کرد. هه‌ستیان به زوڵم و زۆر و بێ عه‌داڵه‌تیه‌کان کرد، که رۆژانه له ژیانی هه‌ژاران و بێ به‌شاندا روو ده‌دات. بوو به هۆی ئه‌وه فه‌رق و جودایی به‌ین زاڵمان و زۆرداران له‌گه‌ڵ زۆرلێکراوان و هه‌ژاران باش بناسن. ئه‌و هه‌ست و ئه‌حساسه بڵێسه‌ی ئاگری نه‌سره‌وتن و هه‌وڵدان بۆ گۆڕینی ئه‌ووه‌زعه و بونیاد نانی دونیایه‌ک که هه‌موو ئازاد و سه‌ربه‌ست تێیدا بژین و چی که فه‌قیر و هه‌ژار نه‌چه‌وسێنه‌وه، بوو به خولیای مێشکی ئه‌وان به‌تاییه‌ت کاک فوئاد.

به‌ڵام ده‌توانم بڵێم هه‌ر له‌و کاته‌وه نه دایک تاسه‌ی خۆشه‌ویستی له منداڵ شکا و نه منداڵ له دایک. چونکه ده‌بوو منداڵه‌کان دوای ته‌واو کردنی پۆلی چوارم بۆ

دەرس خوێندن بڕونە سنە و لەوێ دەرسیان بخوێندایە. ئەوە کە منداڵەکان دوور دەکەوتنەوە بۆ دایکم زۆر سەخت و گران بوو. لە لایەک دەرس خۆێندن پێویست و زەروری بوو بەڵام بە داخەوە لە جێگاو شوێنی ژیانیان ئەو ئیمکانە نەبوو ، لە لایەکی ترەوە منداڵی کەم تەمەن بێ دایک و باوک لە غەریبیدا، هەموو سات و کاتێ نیگەران و بە خەم و پەژارەوە بوون کە داخوا نەخۆش نەبن، سەرمایان نەبێ و برسێەتی نەکێشن، کوورەکەیان سارد نەبێتەوە، چراکەیان گوڵ نەکێشێ، لەمەدرەسە جێ نەمینن، کەس ئەزیەتیان نەکا و هەزاران ئەگەر و مەگەری تر، کە داییم لە مێشکی دایە بەهیەدا دەهاتو دەچوو.

دوو مانگ پێش دەسپێکردنی مەدرەسە دایە لە بیری بەڕێ کردنی منداڵاندا بوو. چییان بۆ دروس بکا و چیان بۆ پێچێتەوە کە کاری منداڵەکان ئاسان کاتەوە، تاکوو ئەوان زەحمەتی کەمتر بکێشن. هاوکات لە گەڵ ئەو کارانەدا بە شیعری خۆش و ناسک غەریبی و دووری منداڵەکانی دەلاواندەوە. دایکم هەموو شتێکی بۆ ئامادە دەکردن، لە پاک و خاوێن کردنەوەی نوێنوبان و جەلوبەرگەوە تا ئامادە کردنی هەموو جۆرە خوراک و پێداویستیەکانی پاک وخاوێن کردنەوە و دانەویڵە و... منداڵیش هەموو نارەحەت بوون. بەڵام بە رووی خویان نەدەهینا و رۆژەکانی ئاخر بە گۆرانی وتن و هەڵپەرکێ دەیانکردە بەزم و شادی.

لە تەواوی ئەو ماویەدا کە منداڵەکان لەم شار و ئەو شار پەرەوازەی دەرس خۆێندن بوون رافعی دایە بەهیە بۆ لای ئەوان بە رێوە بوو . هەر کامەیان دەیان بیرەوەری و خاترەی خۆشی ئەو کاتانەیان هەیە کە کەس دەهات بوو لایان و بوو هەر کامەیان شتی تایبەت بە خۆی پێ بوو.

## دایکم و شێوەکانی یارمەتی منداڵەکانی

کاتێک منداڵی ئەوەلی دایە بەهیە، یانی کاک فوئاد تێکەڵ مەسائیلی سیاسی دەبێت و عەلاقەمند دەبێ وهەوڵ دەدات ئاشنایی زۆرتر لە دونیای دەوروبەری پەیدا بکات ، پەسا پەسا دەپرسێ و دەخۆێنێتەوە کونجکاوی دەکات، پێی خۆش دەبێت

کتێبەکانی کەسانێک وەکوو" پیرە مێرد" و "ماموستا قانع" و... بخۆێنێتەوە. لەو کاتەدا ئەو کتێبانە لە ئێران قاچاخ بوون. دایکم کەسی تایبەت بۆ کوردستانی (عێراق) بەرێ دەکات تا کتێبەکان بۆ کاک فوئاد بێنن. لەوە بە دوا کە مەسائیلی سیاسی و شۆڕش و دیفاع لە کرێکاران و هەژاران بوو بە بەشێک لە ژیانی منداڵەکان و لە سەر ماف و بەرژەوندی ئەوانەوە هەموو شت دیتن، ئەو ە وێردی زمانی منداڵەکان بوو. دایە بەهیە ڕازدار و پاڵ پشتی ئەوان بوو. ئەو کات تەنیا دایک نەبوو بەڵکوو وەک هاوڕێیەک یارمەتیدەر بوو. تەواوی شتە نهێنییەکان وەک کتێب و نوسراوەکان، هەموو ئەو دەیشاردنەوە. (ئەوکات تەقریبەن تەواوی نوسراوەکان دەس نووس بوو و شتی چاپ کراو، یان نەبوو یان زۆر کەم بوو) زۆر جار ئەیوت فوئاد گیان نازانم بۆ چی من زۆر لەو دەفتەرە خەت ورد وردانە دەترسێم.

کاتێک ساڵی 1349 کاک حەسین لە لایەن ساواکەوە دستگیر کرا و بەکرێگیراوانی ساواک وەک "دوستدار" و دوو هاوکاری تری هاتن و ڕەژانە ناو ماڵ و هەموو شتێکیان پێکدا دا و تەواوی کەل و پەلی ئەو ماڵەیان ژیر و روو کرد بۆ ئەوەی بەڵگە و مەدارک لە کاک حەسین گیر بێنن، دایکم خێرا بە ژیری و لێزانی خۆی ئەو شتانەی کە نەدەبوا ساواک ببینێ خستە ناو گۆزەی ئاو و گوزەکەی دا بە کچێک بەو عینوانە دەروات بۆ کانی ئاو دێنی. بەو شێوەیە نووسراوەکانی لە بەر چاو مەئموورەکانی ساواک، دوور کردەوە و شاردەوە. ئەوە زۆر بە قازانجی کاک حەسین تەواوبوو چون ساواک بەڵگە و مەدرەکی لێ نە گرت.

لە ساڵی 1353 کاک فوئاد لە لایەن ساواکەوە لە شاری سنە دستگیر کرا و دەوریکی تر لە خەم و پەژارە و مەینەت داوێنگیری دایکم بوو. ئەو دایکە ژیانی لێ تاڵ ببوو وماوەیەکی زۆر لە گەڵ باوکم، لە تاران ئەم ئیدارە و ئەو ئیداریان کرد. تا زانیان کاک فوئاد لە کام زیندان دایە. کاتێک کاک فوئاد بە 4 ساڵ زندان حوکم کرا و ساڵانی ئەوەڵ لە زیندانی "قەسر" لە تاران بوو، دایکم داییم بۆ چاوپێکەوتن و دیداری کاک فوئاد لە هاتوو و چۆدا بوو. بە تایبەت دوای ڕێگایەکی دوور و دریژ لە مەریوانەوە بۆ تاران و ماندوو بوونێکی زۆر و 10دقیقە چاوپێکەوتن و سەر باری ئەوانە ئەو کات، تەنیا نەورۆزان دیداری خۆشک و برا دەدرا. ئەوەی کە، کاک فوئاد

چاوپێکەوتن و دیداری ببێ، بێ تاقەت نەبێت و ئێحتیاجی بە شتێک نەبێت ئەوندەی تر دایە بەهیە ی هان دەدا ، کە زوو زوو بۆ چاوپێکەوتنی بڕوات. دایکم بیرەوەری زۆری لەو دەورانە بوو. کە دەچووە چاوپێکەوتنی کاک فوئاد، باسی دەکرد ئەو سەردەمە تاڵ تاڵ قژەکانی سپی ببوون. ژنێکی پاسەوان کە تەفتیشی لەشی دەکات قژی دایە بەهیە کە ئاوا لوول و ڕەش و سپی بووە پێ جوان دەبێت و لێ پرسیوە چۆن ئەو قژەت ئاوا لول ڕەش و سپی دەروس کردوە و لە کوی؟ ئەویش وڵام و جوابی داوەتەوە: "زیندانی قەسر قژی منی وا دروس کردوە".
یا خانەوادەکان حەقیان نەبوو، بۆ زیندانییەکان لە دەرەوی زیندان شت بکڕن، و دەبووا لە فروشگای ناو زیندان شتیان بکڕیبا، دەیکوت کاتێک داوای شتی زۆرم دەکرد فرۆشیارەکە هاواری لێ بەرز دەبۆوە کە ئەوە زۆرە. دایە بەهیە پێی ئەڵی: "پێمخۆشە هەموو شتێکی بۆ بکڕم. بۆ تۆ زەحمەتێکی نیە تا تۆ خۆت نارەحەت کەێت.

ساڵی ئاخر کاک فوئاد، داوای کرد کە بێخەنە زیندانی سنە، و دوژمن زیندانەکەی گۆڕی و هاتەوە سنە. هات و چوو کردن بۆ دایە بەهیە ئاسانتر ونزیکتر بۆوە. دوای ماوەیەک زندانیە سیاسییەکانی شاری سنە بە ئێعتراز بە وەزعی نالەباری زیندان مانێان گرت و خواردنیان نەخوارد، تا بە دی هاتنی داخوازەکانیان، ئەو مانگرتنە 24 ڕۆژی خایاند. حاڵ و وەزعی زندانییەکان کە چیان بەسەردێ ؟ و سەرئەنجامی ئەو مانگرتنە درێژ خایەنە چی دەبێت ؟ دەوریەکی تر لە پەژارە و خەم، ترس و وەحشەت و دڵنیگەرانی بۆ هەموو کەس و کاری زندانیەکان دەستی پێ کرد. دایە بەهیە ئارام و ئوقرەی لێ بڕابوو بە تایبەت کاتێک خەبەریان هێنا وەزعی زندانییەکان زۆر خراپە و چەند کەسێکیان بردۆتە نەخۆشخانە و گیانیان لە خەتردایە. جەماعەتێکی یەکجار زۆر لە بنەماڵە و کەس‌وکار و دوست و ئاشنای زندانییەکان لە بەر دەرکی زیندانی سنە کۆبوونەوە و خوازیاری چاوپێکەوتنی زندانیەکان بوون. تاکوو بێانبینن و دڵنیا بن وەزعیان چوونە؟ دایکم کە ئوقرەی لێ بڕابوو لە لایەک بۆ جگەر گۆشەکەی شین و گریانی ئەکرد و نەیدەزانی لە چ حاڵێک دایە، لە لایەکی ترەوە هەوڵی دەدا کاک فوئاد ببینێ ئەفسەر نگهبانی زیندان دەیکوت

ناکرێ ئەوانە کاری بێ قانونیان کردوە و ئێجازە و حەقی مولاقاتیان نیە. دایە بەهیە وەک شێر گوراندی بە سەریا و وتی چۆن دەبێ لە کاتی ئاوا دا، کە نازانم کورەکەم حاڵی چۆنە، نەهێڵن دایک منداڵی خۆی ببینێ و هەر بە دەم هاوار و گریانەوە ئەو دوو شیعرەی خۆێندەوە:

هەر کەس زاڵم بێت ئەوە کاریەتی    دایک بۆ رۆڵەی چی قەراریەتی
قرچەی دەرونم بەگاتە فەلەک    شێوەن بخاتە دایەرەی مەلەک


ئەو هەڵویستەی دایە بەهیە وا تەئسیری دانا کە هەر ئەو کاتە وتیان دووانتان برون و یارمەتی فوئاد بدەن تاکۆ بێت و بیبینن. (کاک فوئاد چۆنکوو ماویەکی زۆر بوو مانی لە خواردن گرتبوو، هێزی نەمابوو و نەیدەتوانی، لە ناو زیندانەکەوە تا بەر دەرگای زیندان بە تەنیا بە رێگادا بێت) هەموو ژیانی دایە بەهیە پڕ بوو لە نیگەرانی دڵ بە دوایی و چاوەڕوانی و خەم و پەژارە سەبارت بە منداڵەکانی. کاتێک چکۆلە بوون دووری و غەریبی، پەرەوازە بوونی منداڵ لەم شار و ئەو شار بە شوین خۆێندندا، کاتێک گەورە بوون ترس و لەرزی ساواک و ساوامای ئێسلامی ساتێک ئارامی بەو دایکە نەدا.

## ئازاد بونی کاک فوئاد لە زیندان

ئازاد بوونی کاک فوئاد لە زیندان هاو کات بوو لە گەڵ دەسپێکردنی شۆڕشی ئێران دژی رژیمی پاشایەتی. شۆڕش بوو بە هۆی ئەوە کە دایکم بە راستی تاسەی لە کاک فوئاد نەشکا و مەجاڵی ئەوەی پەیدا نەکرد ماویەک لە گەڵی بێ و خەمی دووری ئەو چەند ساڵەی زیندان لە دڵ دەرکات. کاک فوئاد لە زیندان ئازاد بوو و گەڕایەوە بۆ ئاڵمانە، هەوەڵین شەوەکەی دایە بەهیە لە بەین کاک فوئاد و کاک


حەسین دا لە سەر بانێک کە کاک فوئاد خەوتنی ئەو سەر بانەی پێ خۆش بوو ڕاکشا و سەری هەر دووکێانی نا بان باڵی و ئەو شیعرەی دووپات ئەکردەوە.

**مەردە بووم چ نۆ، زیندە بێمەوە وەک حەزرەت یەعقوب، یوسف دێمەوە**



کاک فوئاد پاییزی 1357
ئازادی لە زیندان و پێشوازی لە مێوانەکان

به‌ڵام ڕه‌وتی ڕووداوه‌کان به‌ ڕادیه‌ک زوو ده‌چووه‌ پێشه‌وه‌ که‌ کاک فوئاد ته‌نیا یه‌ک تا دوو حه‌فته‌ له‌ ماڵێدا بوو و خێرا ده‌ستی به‌ کار و فه‌عالێتی سیاسی کرد. دایک تاسه‌ی نه‌شکا له‌ ڕوڵه‌ و هه‌ر چاوه‌ڕوان بوو که‌ ڕۆژێک کوڕ بگه‌ڕێته‌وه‌. قه‌ت ئه‌و مه‌جاله‌ پێدا نه‌بوو و دایه‌ به‌هیه‌ دوای ئه‌م سه‌فه‌ر و ئه‌و کۆبوونه‌وه‌ کاک فوئادی ده‌دیت. سه‌ر باری ئه‌وه‌ زۆر مه‌ترسی بوو که‌ نکا ساواک وکۆنه‌په‌رستانی ده‌ور و به‌ر نه‌خشه‌ و پیلانێکی بۆ دارێژن، زۆر جار نیگه‌رانیی خۆی له‌وه‌ ده‌رده‌بڕی. به‌ درێژایێ ماوه‌ی کۆچی ئیعترازیی خه‌ڵکی مه‌ریوان، دایکم له‌ ئوردوگای "کانی میران" دانیشت، که‌ ئێواران کاک فوئاد ده‌هاته‌وه‌ ئوردوگا و بیبینێ.



کاک فوئاد له‌ ئوردوگای "کانی میران". ڕاگه‌یاندنی ئاکامی وتو وێژه‌کان بۆ کۆچ کردووه‌کانی شاری مه‌ریوان

دوای گەرانەوەی خەلک بۆ ناو شار دایکم دانیشت و لە گەڵ کاک فوئاد قسەی کرد و نیگەرانی و پەژارەی خۆی لەوە دەربڕی کە ئەم وەزعیەتە زۆر خراپە و مەعلووم نیە چۆن دەبێ پێی وت: تۆ لە دەورانی شادا زیندان، شکنجە و زەحمەتی زۆرت کێشا، موبارەزەت کرد ، دەترسێم وەک جوانەمەرگ ئیسماعیل شەریفزادە عەکس و پوستری تۆ بۆ من بمێنێ. کاک فوئادیش بە پێکەنینەوە وەتی:

**"دایە تۆمنت بۆ ، پەروردە کرد بۆ خوشی خۆت بوو، یا نەتەوەی کورد"**

بەحسی زووری لە گەڵ کرد و وتی منیش تۆم زۆر خۆش ئەوێت و رێز و حورمەتم بۆ هەستی دایکیت هەیە. بەڵام شۆڕشی ئێمە بە ئاکام نەگەیشتوە و ئیستا ئەوەڵی کاری ئێمەیە، تۆ سەعی کە فیکرت بەم شتانەوە مەشغوڵ نەبێ، ئەوە منداڵەکانی تریش هەن، نیگەران مەبە.

لەو ماوەیەدا ترس و وەحشتی دایکم لە ڕادە بەدەر بوو. دەتکوت پێیان وتوە چی پێش دێت و چ تراژدییەک چاوەڕوانی دەکات. رۆژی 23ی تیر کاتێک کاک رەئووف کونە پوشی ئاموزایی دایکم و دوو شۆڕشگیری تر بە ناوەکانی کاک حەمەی دەرسی وکاک مەحمود بالکی بە دەس چەکدارەکانی مەکتەبی قورئان شەهید بوون لە ڕادە بەدەر نارەحەت بوو. رۆیشتم قسەم لە گەڵ کرد. ویستم دڵخۆشی بدمەوە. لێم پرسی بۆ وادەکەیت بۆ وا نیگەران و نارەحەتی وڵامی داوە رئووف ئاموزامە، رەفیقی منداڵەکانمە، زەحمەتی زۆری کێشا. بە داخەوە نەتیجە یەکی نەدیت. مەرگی ئاوا ناوادە زۆر سەختە، سەرەڕای ئەوە لەو رۆژە دەترسێم کە منیش وەک دایکی رئووف بە مسیبەتی وا گرفتار بم، بۆخۆم نارەحەتم دەزانم چ رۆژێکی سەخت و دژوار لە بەرمە. هەروایش بوو خۆێن مژانی جمهوری ئیسلامی بەرەەمی ژیانیان بەتاڵان برد و چنارە سەر بەرزەکانیان داراندەوە.

## تراژدی یەکان و جەنایەتە بێ سنوورەکانی جمهوری ئێسلامی

دەبێ بوترێ ئەو زوڵم وزۆرە وەحشیانە و بێ عەداڵەتییە، کە دوو رژیمی پاشایەتی و ئیسلامی سەبارت بە منداڵەکانی دایکم کردوویانە لە جیهاندا کەم وینەیە.

مه‌گه‌ر له رووماں و ئه‌فسانه‌دا شتی وا ببیسریت ئه‌وی رژیمی خوێن مژی ئیسلامی به‌سه‌ر دایه به‌هیه‌ی هێنا وه‌ک ئه‌وه‌یه که له ئه‌فسانه‌دا ده‌گێرنه‌وه. زۆجاک به سه‌ر کاوه‌ی ئاسنگه‌ری هێێناوه. دایکم ده‌ریایه‌ک له خه‌م و په‌ژاره‌ی به‌کۆڵ کێشا. له‌و بواره‌دا خاوه‌نی وره‌ی له ڕاده‌به‌ده‌ر به‌رز و ئیمانی پۆلاین بوو. به راستی قه‌ڵایه‌ک له وره و مه‌قاومه‌ت بوو. سه‌ر جه‌م پێنج کوری لاو و گه‌نجی له لایه‌ن رژیمی خوێن مژی جمهوری ئیسلامییه‌وه به ناوه‌کانی کاک فوئاد، کاک حه‌سین، کاک ئه‌مین ، کاک ماجید، کاک ئه‌مجه‌د جن جن و شه‌هید کراون و ئه‌وان بوون به پێنج شه‌هیدی گه‌وره‌ی شۆڕشی ئێران وکوردستان. بوون به پێنج ئه‌ستێره‌ێ پرشنگداری ئاسمانی کورده‌واری.

رۆژی 28 ی مورردادی ساڵی 58 کاک حه‌سین و کاک ئه‌مین به ده‌س جه‌نایه‌تکاره‌کانی ئیسلامی و جاشه خۆ فروشه‌کان گیران و له پاده‌گانی مه‌ریوان زیندانی کران 6 رۆژ له زینداندا بوون. له ماوه‌ی ئه‌و 6 رۆژه دا ئه‌و دایکه بێچاره‌یه‌مان هه‌وڵ و ته‌قالای زۆری دا، چوو بۆ لای "خه‌ڵخاڵی" خۆێن مژو قه‌ساب و ته‌نانه‌ت چووه ماڵه جاشه‌کان و تکاو ته‌مه‌نای زۆری له یه‌کێک له جاشه خۆفروشه‌کان به ناوی "شیخ عبدولی کۆنه پۆشی حه‌سه‌ن ئاوڵه" کرد و زۆری له به‌ر پاڕایه‌وه به‌ڵام هیچ یه‌ک له‌وانه فایده‌ی نه‌بوو.

له‌و ماوه‌یه‌دا که له زیندان بوون یه‌ک جار مولاقات و دیداریانی کرد و رۆژی 3 شه‌هریوه‌ر دیسان چوو بۆ پادگان که به‌ڵکوو بیانبینێ به‌ڵام نه‌یتوانی چونکه پاده‌گان یه‌کجار ئاڵۆز و وه‌زعێکی نائاسای بوو. پڕ ببوو له جاش و پاسدار و خاڵخاڵی هاتبوو. هه‌مو دیانزانی هاتنی ئه‌و جه‌لاده یانی قه‌تڵ و خۆێن ڕشتن چونکوو تازه له پاوه گه‌ڕابۆوه و له‌وێ ئیعدامی کردبوو. دوای ئه‌وه‌ی دایکم له پاده‌گان گه‌ڕایه‌وه، نیو سه‌عاتی نه‌برد، خه‌به‌ریان هێنا که 9 که‌سیان له پادگان ئیعدام کردوه کاک حسین و کاک ئه‌مین، کاک حسین و کاک ئه‌حمه‌د پیرخێرانی، کاک جه‌لال نه‌سیمی، دووکتور به‌همه‌ن، کاک فایه‌ق عه‌زیزی، کاک عه‌لی داستانی، کاک عه‌لی عێراقی بوون.

لە بەر نەخۆشخانە خەڵکێکی یەکجار زۆر ڕاەستابوون. تەواوی شاری مەریوان ڕژابووە ئەوێ. هەموو تاسابوون 9 جەنازە لە سەر یەک دانرابون. گۆمی خۆێن دروس ببوو. هەموو دەگریان، هاواریان دەکرد، جنیویان بە جمهوری ئیسلامی و جاشەکان دەدا. قیژە و هاواری شاریک لە گەڵ تەقە و تیر ئەندازی پاسداران تێکەڵ ببوو. هەموو وا پەشۆکابوون کەس نەیدەزانی چی بەچی یە. لەو کاتەدا دایکم دەگاتە بەر نەخۆشخانە. خەڵکەکە لێ دەهاڵێن و ئەیهێننە ناو ماشینێک و جەنازەی جن جن کراوی کاک حسین ئەنێنە باوشی و لە گەڵ چەند جەنازەی تر دەیبەنە مزگەوتی حاجی نەجیم. خەم و پەژارەی حسینی کەم نەبوو پەسا پەسا ئەحواڵی ئەمین دەپرسێ. جوابی دەدەنەوە ئەمین یان بردوە بۆ ئاڵمانە. ئەویش پێ وائەبێ ئەمین ئیعدام نەکراوە هەڵوەدای ئەوەیەتی هەر چی زووتر ئەمین ببینێ تاکوو سەری ئەمین بنێ بە سینگەوە و سەری ئەو بکا بە مەڵهەمی زامەکەی حسین و ئەو باسی ئیعدام کردنی کاک حسینی بۆ بکات. دایکم دەیگوت لە نێوان ڕێگای مەریوان تا ئاڵمانە مەچەکی دەستی حسینم گرتبوو لە بەر ئەوەی جیا نەبێتەوە (جن جن و لەت و کوت بوونی تەرمەکان لە ڕادە بەدەر بوو) بۆ دیتنی کاک ئەمین زۆر بە پەلە و بێ ئۆقرە بوو. بە هەر حاڵ تا گەییشتە ناو مزگەوتی ئاڵمانە، دیتی جەنازەی کاک ئەمین یش لەوێ دانراوە. نەیزانیبوو کاک ئەمین ئیعدام کراوە. هیچ قەڵەم و هیج زمانێک ناتوانێ ئەو هەستە خەمبارە بنووسێ و بگێڕێتەوە کە ئەو وەختە دایە بەهیە چ حاڵێکی بوو و چی بەسەر هات. بە ڕاستی فیلم و ڕۆمان وا نین. ( ئەڵبەت کەس و کاریش لە ئاڵمانە وایان دەزانی تەنیا کاک ئەمین ئیعدام کراوە و کاک حسین زیندوە و دوایی دێتەوە بۆ ئاڵمانە)

ئەمجارە دایکی جەرگ سوتاو، دەستی بە شیوەن و زاری و لاواندنەوە و گێڕانەوەی بەسەرهاتی چەندین ساڵەی خۆی کرد. دووری لە منداڵەکانی، تاسە لێ نەشکان و تیر نەبوون لە دیداری یەکتری، ساڵیلنێک ڕەنج و مەینەت کێشان بە هیوای ئەوەی ڕۆژێک لە سێبەر و پەنایاندا بحەسێتەوە و ئەزیەت و ئازارەکانی ڕژیمی پاشایەتی و ئیسلامی و زوور شتی تر...

دایکم سەری هەر دوو کوڕی شەهید و جن جن کراوی نا باوشی و مەلای ئاوایی بە رەسم و یاسای مەزهەبی زۆر ئیسراری کرد کە ئاوا نابێ ئەوە خەلافی دین و شەرعە و تۆ دەبێ لێرە نەبی. زۆر حەدیس و مەسایلی دینی هێناوە بەڵام دایە بەهیە وتی من تا ئیستا تاسەم لەم مندالانەم نەشکاوە و بەتایبەت ئەم دوو ڕۆڵە شیرینمە هەر ئەمشەو مێوانن دونیایش خراپ بێ جێیان نایەڵم. دەبێ سەریان لە باوشی دایکیان دا بێ ئیمشەو میوانی خۆشەویستی و میهر و مەحەبەتی دایکیان بن. دەبی لە نزیکەوە گوێیان لە قولپەی خەم و پەژارەی دڵم بێ . دەبێ لە نزیکەوە گویان لە کزە کز و قرچە قرچی جەرگم بێ . تا بەیانی سەری هەر دووکێان لە باوشێا بوو بە سوزی دڵی دایکێکی جەرگ سوتاوەوە ئەوانی ئەلاواندوەو زووو زوویش ئەیوت:

من دڵم نایەت ، تێر بکەم شینتان فوئاد گیان خۆش بێ ، لە جێ نشینتان

خاڵخالی هاتوە، بە وڵاتدا ڕۆڵە جوانەکانمی ، برد لە زەکاتدا

هەی داد هەی بێدا ، نەو جوانم ڕۆ یەخسیر کێشەکان ، پادەگانم ڕۆ

دایک ئیعدامییەکان، چی یە حاڵیان ئاگر ئەبارێت، لە دەور ماڵیان

دایک ئێعدامییەکان ، بێن بۆ دووکانم هەواڵ ئەو کۆستە، من باش ئەزانم



تەرمی کاک حسین و کاک ئەمین لە باوشی دایکم دا



تەرمی کاک ئەمین لە باوشی دایکم دا 1358/6/3



تەرمی کاک حسین لە باوشی دایکم دا 1358/6/3

بۆ بەیانی تا ناو قەبرەکە هەر دوو رۆڵە جوان و شیرینەکەی رەوانە کرد و ئەوسا گەڕاوەماڵەوە. لە ماوەی سەرەخۆشی کورەکانیدا تیرتیر ئەگریا و بە شیعری خۆش ئەیانی لاواندەوە. لە هەمان کاتدا هۆشی بە هەموو میوان و کەسێکەوە بوو کە بە وەخت نەهار و شامیان خۆاردبێ. کە لەوەختی خەودا مێوانێک، کەسێک کەم و کەسری نەبێ، لە وەختی نان خۆاردن دا داوای لە هەمووان ئەکرد کە نەگرین با ئەو خەڵکە بە بتوانن خۆاردن بخۆن. نە خۆی دەگریا و نەیدەهێشت کەس بگری. هاوسەرەکەی کاک حسین، شوکریە، 5 مانگ بوو بە "فرمێسک" حامله بوو.هۆشی بەویشەوە بوو و زوو زووئەیوت:

"ئامان حسین گیان ، دەردم نەدوێنی لانکەی بێ باوک، بە من نە جوێنی
یاخوا لەیلەکەت، نەجیب زادەبێ روینەکەی لەیلت، وەخت و وادە بێ
ماڵ باوکی لێلت، هۆنەکەنەوە نەک بە ناوادە، لێلت بەنەوە"

کاتێک لە بێ ئارامی و پەژارەدا، دەستی بە شیعر وتن دەکرد خۆیان و ژیانی ڕابردوو، و ئامانج و ئارەزوکانیان، رەفیقەکانیان و بە هەموو شتێکیاندا هەڵدەکوت.

بۆ کەلاس ئەرون ، با بە تەما بم
بۆ قەساب خانەی پادەگان ئەرون، با دڵنیا بم
جامانەی سەرت، ئەمین ڕۆڵە گیان ڕیشە مرواری
تۆ خۆت دابەکوشت ڕۆڵەی ئازیزم بۆ کوردەواری

چەند رۆژێک لە شەهید بوونی کاک حسین و کاک ئەمین تێپەر ببوو، کاک فوئاد، کاک ماجیدی ناردبوو بۆ لای دایکی بە نامەیەکەوە. نامەکە لە لایەن شەهید "جەماڵە ڕەش" ئەندامی کومەڵەی رەنجدەرانی عێراق بوو، لە کاتێکدا حوکمی ئیعدامی درابوو بۆ دایکی نووسیبوو. هاتنەوەی کاک ماجید و سفارشی کاک فوئاد، دایکی داخداری تەسکین دا. بەڵام رۆژی 9 ی شەهریور بوو ئەو رۆژە 8_ 9 دانە هێلی کۆپتر دایم دەهاتن و دەچوون، هاتن و چوونی ئەو هێلی کۆپترانە ئوقرە و ئارامشی لە دایە بەهیە هەڵگرتبوو. لە ڕادە بەدر نارەحەت بوو، زۆر پەریشان حاڵ ونیگەران بوو. دەتکوت هەستی بەوە کردبوو و ئیحساسی ئەکرد کە هاتو چوونی

ئەو هێلیکۆپترانە دیسان وەیشوومە و نەهامەتێکی تری هاپێوە کە دامەنگیری دەبێت زوو زوو ئەیوت:

تەیارەی چەمران شانەو شان ئەکات
داوای جوانەکان مەریوان ئەکات
ئاخ من نەمردام ، عەزرەت وە نۆە
ساتێک سەرمە نا، فوئاد ڕۆڵە گیان وە باڵای تۆە
ئاگرێک بەر بووە لە سەر و ماڵم
مەلان سڵ ئەکەن ڕۆڵە ماندوو دەرنەچوەکەم لە کۆی زووخاڵم

هەر ئەو ڕۆژە یەکێک لە خوشکە کانی دایکم چوو بۆ "پیرخێران" بۆ سەرەخۆشی لە ماڵ "سەید رەشی پیر خێرانی" کە ئەوانیش دوو کوڕیان "کاک ئەحمە" و "کاک حسین" یان ئیعدام کرابوو کاتێک هاتەوە گریان و شیونی دەکرد وتمان چییە؟ بۆ وا نارەحەتی؟ وەتی نەخۆشم. ئەو شەوە تا بەیانی ئێمە لە گەڵی خەریک بووین ئارام و ئوقرەی نەبوو. دوایی زانیمان کە خۆشکی دایکم لە "پیر خێران" گەڕاوەتەوە جاشێکی مەریوانی بە ناو حەسەن بەگی نەچێ سەر ئەباتە ناو ماشینەکە و ئەڵی "فوئاد"مان کوشتووە.

ڕۆژی دوای مێوانێکی یەکجار زۆرمان بۆ هات لە نێو مێوانەکان دا ژنێکی مەریوانی لە بانەوە هاتبووە دایە بەهیە هەر ئەو ژنەی سوئال پێچ ئەکرد و ئەیپرسی وتیانە فوئاد لە بانەیە .تۆ ئەوت دیوە یا نا و حاڵی چوون بوو؟ ژنەکە دەیزانی کاک فوئاد شەهید بووە بەڵام نەیدەویست ئەو بیڵێ. جوابی دەداوە ئەرێ دیومە و حاڵی باش بوو، بەوە رازی نەبوو منی بانگ کرد و وتی زۆر دەترسێم ئەو هەموو خەڵکە بەو بەیانییە زووە بۆ هاتوون ؟ منیش نەمدەزانی چی بووە، وتم ئیمرۆ ڕۆژی حەفتەی براکانمە بۆ ئەوە هاتون. وتی خۆ ماڵ "نەسیمی" یش حەفتەی "جەلالە". وتم حەتمەن پێان خۆش بووە لای ئێمە کە دوانمان شەهید بووە ببن. مەسەلەکە ئاوا بوو هەموو زانیبوویان کاک فوئاد شەهید بووە. خەڵک

پێش جەنازەکەی بۆ ئەڵمانە هاتبوون. کاتێک زانیان ئێمە هیشتا نەمان زانیوە هیچ کەس دڵی نەدەهات بڵێ شتێکی وا بووە.

ئەوندەی پێ نەچوو ماشینێکی یەکجار زۆر بەرەو ناو دێ هات. یەکێک لە خزمەکانی خۆمان وتی ئەو هەموو ماشینە جەنازەی پێە. هەموو دەیان پرسی کێە شەهید بووە؟ یەک دەیکوت ئەمجەد یەک دیکوت ناسر ئەوان هەر دووکیان پێشمەرگە بوون. بە زمانی کەسدا نەهات باسی کاک فوئاد بکات. کاتێک شوک و وەحشەت هەموانی داگرتببوو، بەرەو پیری ماشینەکان هەڵدەهاتن کەسێک لە ناو ماشینیکەوە بانگی کرد دایە بەهیە جەنازەی کاک فوئادت بوو هاتوەتەوە!

زۆر بە توندی باڵمی کوشی و وتی: "مەگەر دوای ئەمین و حسین من کوڕی ترم دەکوژرێ؟" کە زانی راستە دەستی دادە فائیزەی گرت و وتی دەبێ " هەڵپەڕی ئەوە زەماوەندی فوئادە!". ژێر کراسەکەی کاک فوئادی نابووە باخەڵ و پوتینێکی نابووە کۆشی تا جەنازە کە شۆردرا هەر ماچی کرد و ماچی کرد و وتی:

"من فوئادم بوو،شێری روی جیهان
ئەحیا کەرەوەی، بنەچەی کوردان!
تۆ بۆ کوی ئەڕوی عەزمی کویداری
رەفیقەکانت فوئاد ڕۆڵە گیان بە کی ئەسپاری ؟
ئەوەچەند ساڵە هام بە تاسەتۆ
بۆم نەنا بە بۆن ئەو هەناسەتۆ
فەرهادە کۆ کەن ، نەتەوەی چینی
لە سەر شیوو سەقز ، بۆ وا خەمگینی !
ئەوانەی لە تەکتا بوون، روویان بێ سیا
وا تۆیان جێ هێشت ، بە تاق و تەنیا"

لە لای کاک ئەمین و کاک حسین مترڵ تازەکەی کاک فوئاد کراوە. کاتێک قەبرەکە حازر بوو ئەوەڵ جار دایکم خۆی خستە ناو قەبرەکە و هاواری ئەکرد: "ئەو بەرد و خاکە داتان ناوە بیکەن بەسەر فوئاد دا، لە باتی ئەو بیکەن بە سەر

من دا، تۆخۆا من بە جێگەی ئەو لەم قەبرەدا داپۆشن. فوئاد جوانە، ئەوەڵ عەمریە، ڕەفیقەکانی چاوەڕێی ئەون، لە زیندان هاتۆتەوە. ماندووی دەرنەچووە، کاری زۆرە، کێ دڵی تێ ئەو ڕۆڵە شیرینەی من بنێتە قەبر؟"

خولاسە بەزۆر دایە بەهیەیان دەرهێنا و بە خەم و پەژارەیەکی یەک جار زۆروە مەراسمی ناشتنی کاک فوئاد تەواو بوو.

دایکم بەو هەمووە نارەحەتییەوە، ورەی بەرنەدا وهەروا موحکەم و قایم ڕاوستا و جامانەکەی کاک فوئادی وەک ڕەمزی پێشمەرگایەتی بە دار قەزوانێک کە لە سەر قەبرەکەی کاک فوئادایە هەڵاوسی. هەر ئەو ڕۆژە کە دیتی من زۆر بێ ئوقرە و نارەحەتم و خەریکە حاڵم خراپ ئەبێت بەو حاڵەی خۆیەوە هات سەرمی بە سینەوە نا و منی لە باوش گرت و دڵخۆشی دامەوە و وتی: "تۆ هاوبیر و بڕوا بوویت لە گەڵیان زۆر زەحمەتت کێشاوە بۆ ئەو ئامانج و ئەهدافە کە ئەوان بوویانە. تۆ بێدڵی ڕۆڵە بە ئاوات نەگەیشتوەکانمت نەکردوە نابێ وا بکەیت."

## دڵی دایکم دەریا بوو

کاتێک گەیشتینە ماڵەوە، نەهار حازر کرابوو و سفرە ڕاخرا و نەهاریان هێنا هیچ کەس ڕووی لە سفرە و نان نەکرد. بەڕاستی کەس توانای ئەوەی نەبوو دوای سەر قەبران و شاهید بوونی ئەو حاڵە کە پێش هات، ڕوو لە نان و سفرە کات. بەڵام دایە بەهیە لە حاڵێک دا ژێر کراسەکەی کاک فوئادی لە باخەڵێ و یەکێک لە پۆتینەکانی لە داوین کراسەکەیدا نابوو، هەستا خۆی فێنک کردەوە و ئەوەڵین کەس چووە سەر سفرەکە و وتی دەبێ هەر هەمووتان لە گەڵ من نان بخۆن. چۆن دەبێ ئێوە نان نەخۆن؟ هەموو ماندوە و هیلاکن. لە بەر ئەوەی تواناتان بێ و یارمەتی هەڵگرتنی ئەو خەمە قورسانم بدەن، وا من دەستم پێکرد دەی ئێوەش فەرموون. هەموو سەریان لەو کارەی سووڕ مابوو، ئەو کردەوەیەی دایکم تەسکینی پێدان، خوشحاڵی کردن، هەموو کەس واق مابوو لە توانا و دڵ گەورەیی ئەو دایکە، قوەت قەلبی، بە هەموو کەس دا.

هەر ئەو کات کە سەرە خۆشی سێ کوری دایە بەهیە بوو منداڵەکانی تر نەیاندەتوانی لە ماڵێ و لای دایکم بن. دوو سێیەکیان پێشمەرگە بوون ئەوانی تریش لە بەر حەملەی جاش و پاسدار رۆژانە لە ماڵ ئەبوون و شەوانە دەبوا لە شوێنێک خۆیان بشارنەوە. لەو ماوە کورتەدا، جاش و پاسدار چەند جار هێرشیان هێنا بۆ ئاڵمانە تا دەستگیریان کەن.

## هەواڵی مەرگی کاک فوئاد بە ئەمجەد، لە لایەن دایکمەوە

ئەمجەد پێشمەرگە بوو. ماویەک لە ناوچەی مەریوان و دوایی لە بانە، پێ خۆش ئەبێ بێتەوە سەر لە دایکم بدات لەو ماوەیەدا دەیزانی کاک حسین و کاک ئەمین ئیعدام کراون بەڵام بۆ شەهید بوونی کاک فوئاد ئاگادار نەبوو و هیچکام لە هاوڕێکانی پێی ناڵێن کە شتی وا رووی داوە. حەفتە و 10 رۆژیک لە شەهید بوونی کاک فوئاد گوزرابوو مێوانێکی زۆر لە ماڵماندا بوو وتیان وا ئەمجەد هاتەوە و نەیزانیوە کە کاک فوئاد شەهید بووە، کاتێک ئەمجەد ئەرواتە سەر قەبران زۆر دەپرسی ئەی ئەو قەبرەیتر کێیە؟ پێی ئەڵێن ئەوە کەسێکە خەڵکی ئاڵمانەیە و مردووە و خۆی پێی خۆش بووە لە پەنای کاک ئەمین و کاک حسین دا بێت. یەکێک لە دوستەکانمان بە ڕاکردن و هەولێکی زۆرەوە هاتە ماڵەوە و وتی ئەمجەد نەیزانیووە چی بەکەین؟ دایە بەهیە بە خێرای خۆی عەکسەکانی کاک فوئادی کۆ کردەوە، تا بەر دەرگا بە پیرایی ئەمجەدوە چوو لە باوشی گرت و پێکەوە بۆ شەهید بوونی کاک ئەمین و کاک حسین تێر گریان. و دوای دایکم ئەحواڵی کاک فوئادی لە ئەمجەد پرسی، ئەمجەد وتی من نەمدیووە لە مەریوان وەتوویانە لە بانەیە و لە بانە وەتوویانە چووە بۆ سەر دەشت. هەر ئەو کاتە دایە بەهیە یەکێک لە عەکسەکانی کاک فوئادی دەر هێنا و وتی:

| | |
|---|---|
| "تۆ مەگرە لە دڵ ، گەردی جوانی | بۆ کەس نەهاتوە ، ئاو لە زیندەگانی |
| موبارکی بێ ، بەرگی سپی نۆ | دەورانی دونیا بەم پاسە مەبۆ |
| بەقوربانت بم ، ئەڵماسی ناو خاک | موبارکت بێ ، مەنزڵی تەنیا و تاک |
| ئەی خۆا بیهێنی، دەورانێ لە نۆ | من شاد ببمەوە ، بە رەفیقانی تۆ" |

خولاسە بە شیعر بە شێوەی خۆی ئەمجەدی حاڵی کرد کە کاک فوئادیش شەهید بووە. ئەڵبەتە ئەمجەد تاسابوو و بە چەند کەس ڕاگیر نەدەکرا زۆر زۆر حاڵی خراپ بوو.

هەر لەو کاتەدا کە پێشمەرگەکانی کومەڵە لە دەور و بەر دەبوون خۆی هەموو پێداویستیەکانی ئەوانی ئامادە دەکرد و بووی ئەناردن. لە هیچ یارمەتی وکومەکێک سەبارەت بەوان دریغی نەبوو.

## مەسئولییەت و ئەرکەکانی دایکم قورستر بوونەوە

پاش هاوینی 58 دەورێکیتر لە مەینەت و گیروگرفت بۆ دایە بەهیە دەستی پێکرد. لەلایەک سێ کوڕی سێ بەرزە چناری دارابوەوە، لەو لایتر منداڵەکانی تری بە دوای کار و باری سیاسی و پێشمەرگایەتی رویشتبوون، باوکم نەیتوانی لە ماڵەوە بمێنی لەم لا و لەولا بە نهێنی دەژیا. هاوسەرەکەی کاک حسین دووگیان بوو و دوای چەند مانگ کچەکەی، "فرمیسک" لە دایک بوو. خۆشکە گەورەکەم واتە دادە "فائیزە" تەنیا رۆڵەی دایکم بوو کە ئاگاهانە و بە پێی بڕیار و هەڵویستی میژوویی، ژیانی خێزانی وخوسوسی خۆی تێکدا و مێردەکەی بە جێهێشت و لای دایکم مایەوە. دادە فائزە منداڵێکی سێ ساڵەی بوو و هەروەها دوو گیانیش بوو. هەموو ئەوانە ئەرک و مەسئولییەتی یەکجار زۆری بۆ دایکم خولقاند. سەر باری ئەو وەزعە گەمارۆی ئابووری کوردستان کرابوو و شت دەس نەدەکەوت و باری ئابوری و ماڵیش زۆر خراپ بوو.

## پاسداران و پشکنینی خێرا خێرای ماڵی دایکم

لەوە بە دوا جاش و پاسدار رۆژ نا رۆژێک بە بەهانەی پاکسازی دەرژانە ناو دێ و گەمارۆی ماڵەکەیان دەدا، ئەوەڵ جار کە ئەڕونە ناو دێ هەموو خەڵکەکە لە مزگەوت کۆ ئەکەنەوە و زۆریان بۆدینن کە دژی کومەڵە شیعار

بدەن. کەس جوابیان ناداتەوە، بە دایە بەهیە ئەڵێن دەبێ یەک دمانچە و ئەوندە فیشک و فەلآن وفیسارتەحویل بدێتەوە. دایکم ئەڵێت: "من ئەوانەم نیە تا تەحویلی ئێوەی بدەمەوە." پاسدار و جاشەکان دەس ئەکەن بە هەڕەشە و گوڕەشە و وا ئەکەین وا بچێ... دایە بەهیە ئەڵێت: "ئەوی لە دەس ئێوە هات کردووتانە. منەتتان نەبێ هەرچی لە دەستان دێت کۆتایی مەکەن." بە دوای ئەوەدا هەموو خۆێن مژەکانی ئیسلامی دەرژێنە ناوماڵەکە و مەسئولی ئەو واحیدە بە گوچانێک کە بە دەستیەوە بووە، قاپی عەکسی هەموو شەهیدەکان دەشکێنی و عەکسەکان دەدڕێنێ. بۆ ئەزیەت کردن، بە دایکم ئەڵێت: "تۆ دایکی فوئادی؟" ئەویش ئەڵێت: "ئەری فوئاد لە باوشی مندا گەورە بووە و شیری مەمکی منی خۆاردوە."

هەر رۆژە بە بەهانەیەک ئەرژێنە ناو ماڵ و ئەزیەتی ئەکەن. رۆژێک بە دوای من و چەند دانە لە کچەکانی کومەڵەدا ئەگەرێن، رۆژی دوایی بە شوین ئەسلەحەو موهیماتی پێشمەرگەکاندا ناو ماڵەکە دەگەڕێن و تەنانەت ئاوردانەکەی حەمامەکە بە پێمەڕە و پاچ تێک و پێک دەدەن. رۆژێکی تر ناو چەمەدان و لیباس بە شوین یەکێک لە کوڕەکان دا ئەگەرین. ئەو کارەیان ئەوندە مەسخەرە بووە کە پاسدارێک بانگ دەکا مەگەر بە دوای هێلکە دا ئەگەڕێن کوا ئینسانێک لە چەمەدان دا جێگای ئەبێتەوە؟!

دایکم باسی ئەکرد کاتێک نامەی ئێمەی پێ ئەگەیشت دوای ئەوە ئەیان خۆیندەوە دەبوا لە جێگایەکی قاییم بمانشاردایەتەوە. بۆ ماویەکی یەکجار زۆر تەنانەت ناتوانێ ئالبۆمی عەکس لە ماڵێ دانێ و هەموی لە لای دۆست و ئاشنا دادەنێ. رۆژێک حیشمەت، برای چکۆلەم، لە گەڵ دوو رەفیقی بۆ سەر دان ئەڕواتەوە بۆ ئالمانە ئەو شەوە لەوی ئەبێت. بەیانی سەعات 8_9 چەند کەس لە خزمەکان بۆ چاو پێکەوتنی حیشمەت دێن دروس لە نزیک ماڵەکە و لە فاسلەی زۆر نزیکەوە چاویان بەجەماعەتێک چەکدار ئەکەوێت و ئەوەڵ جار پێیان وائەبێ کە ئەوانە پێشمەرگەن. تەنانەت ئەیانەوێ لەگەڵیان شۆخی بکەن. کە ئەبینن نە

ئەوانە جاش و پاسدارن، یەکێک لە خزمان پرسیار لەجاشەکان دەکات و بەو شێوەیە سەر گەرمیان ئەکات.

ئەوی تر ئەڕواتە ماڵەوە ئەڵێ: بە دایکم کوا حیشمەت؟

دایە بەهیە ئەڵێ: لە گەڵ رەفیقەکانی لە ماڵا دانیشتوون.

ئەویش ئەڵێت ئەی خاکم بە سەر ماڵەکە موحاسرە کراوە جا چی کردەن؟

دایکم خێرا ئەڕوات تەواو نامە و نووسراوەکانیان لە باخەڵەکانی خۆی قایم دەکات و ئەڵێت بە کەسێکی تر تۆیش دمانچەکانیان هەلگرە. ئەو کەسە ناوێری خێرا دایە بەهیە دمانچەی هەر سێ کەسەکەیان دەنێتە ناو کەواکەی بەری و دەیشاریتەوە، کورەکان دەیانەوەی هەڵ بێن دایکم ئەڵێت نابێت کاری وا بکەن دوێنی و پێری لە دێی "چۆڕ ئەحمەدیان"، " ئەحە رەشیان" لە حاڵی هەڵاتندا کوشت. هەر سێ کێان ئەباتە ئەنبار و لە نێو کەندوی گەنمدا ئەیان شارێتەوە. یەکێک لە جاشەکان کە خەڵکی مەنتەقە بووە، بە مەسەلەکە ئەزانی و زۆر یارمەتی دایکم ئەدا. لە ڕێوە لە بەر دەرکی ئەو ئەنبارەدا رادەوەستێ وبە جاش و پاسدارەکان ئەڵێت من ئێرە گەڕاوم ئێوە بڕون شووێنی تر بگەڕین. دایکم ئەیوت: "بە یەک عالم نامە و نووسراوە و بە سێ دمانچەوە لە خەمی ئەو سێ کورە دا کە داخۆ چیان بە سەر دێ، نەجاتێان ئەبێ یا پەیدایان ئەکەن، ئارام و ئوقرەم لێ بڕابوو." دەیگێڕاوە، لەو کاتەدا کە جاش و پاسدار تەفتیشی ماڵەکە ئەکەن ئەویش کارێک بۆ خۆی پەیدا ئەکات و لە ناو ئنبارەکە دا خۆی بەو کارەوە خەریک دەکات. دوای ئەوە کە ماڵ پشکنین تەواو ئەبێت جاش و پاسدارەکان لە شوێنێک کۆدەبنەوە کە لە دێ بڕون، دایکم ئەڕوات بە شووێنیاندا لێان دەپرسی بۆچی هاتن و بۆ چی تەفتیش ماڵتان کرد و چیتان ئەوی ؟ مەسئولی واحیدەکە ئەڵێت هاتوین بۆ دەستگیر کردنی حیشمەت.

ئەو وەزعە بەو شێوەیە درێژەی بوو. دژوارترین رۆژکانی ژیانیان لە گەڵ دادە فائیزە لە ئالمانە بوو و هاوکات تەنیا و بێ کەسیش بوون.

## ئەو لیکدانەوانە کە هەڵە بوو

دەبێ بکوتری کەسانێک بوون کە نەیاندەتوانی لێک دانەوەیەکی دروستیان سەبارت بە ئەو وەزعە ببێ  کە ئەوە جمهوری ئیسلامییە ئەو فەزای ترس و وەحشت، کوشت و بڕ و دیکتاتورییەی،  پێکهێناوە و منداڵ و کەس وکاریان ئاوارە و بێکار دەکری لە سەرکار دەریان دەکەن و هەر دەنگێکی ئازادیخوازی بە گوللە و تیرباران جواب دەداتەوە. زیندان، ئەشکنجە و تەبعید زمانی وتووێژی خۆێن ڕێژانی ئیسلامییە لە گەڵ خەڵک. ئەو کەسانە، بە وەیکە منداڵەکانی دایکم هەموو شۆڕشگێڕن و لە شۆڕشدا بەشداریی چالاکانەیان کردوە، وەک ئەوەی کە گۆیا منداڵەکانی دایکم  بۆ ئەوان گیر و گرفت و موشکلەیان خولقاندبێ،  بە تانە و تەوس ئەزێتیان ئەکرد.

## جمهوری ئیسلامی و تەشکیلاتی کۆمەڵە لە  تەورێز

دوای ماوەیەک سێ  کوری دایە بەهیە کاک ماجید، ئەمجەد و ڕەزا  بۆ تەشکیلاتی نهێنی شارەکان  ئەنیرن. ماجید بۆ تەورێز، ئەمجەد بۆ ورمێ و ڕەزا بۆ ئەهواز لەمانگی ڕێبەندانی ساڵی 59 کاک ماجید لە لایەن بەکرێگیراوانی ئیسلامیەوە لە تەورێز دەستگیر ئەکرێت لە ماوەی چەندین مانگ دا لە ژێر سەختترین ئازار و ئەشکنجەدا ئەبێت بۆ ئەوەی بزانن کێیە. بەڵام قەت نەیانتوانی بزانن کێیە. تەنانەت نەیانزانی کوردە. یان ناوی چییە؟ تا کاتێک لە ئاخرەکانی بەهاری ساڵی 60 تەشکیلاتی کومەڵە لە تەورێز زەربەی  قورسی خۆارد و ماڵێکی نهینی کومەڵە لە لایەن جمهوری  ئیسلامیەوە بە یارمەتی خەیانتکارەکانی حیزبی تودە و فیدایانی ئەکسەرییەت  شناسایی کرابوو و دەستی بە سەرا گیرا. لەوێ سجیلە ئەسڵیەکەی "ماجید"یان دیتبۆوە و بەوەدا زانیان ئەو کێیە. لەو زەربە گەورەیەدا ئەمجەد، کاک هوشنگ توحیدی، کاک ئیسماعیل یەگانە دوست، فائیزە و کچی مامم  کە بۆ مەعالەجە بۆ تەورێز رویشتبوون  دەستگیر کران.

لە دوای ماوەیەکی کورت و بە دوای تەقینەوەی دەفتەری سەرۆک وەزیری لە تاران لە مانگی پوشپەری 1360 کە مەشهورە دیسان خوێن ڕێژەکانی ئیسلامی دەستیان بە قتل وعام لە تەواوی زیندانەکاندا کرد. لەڕۆژی 8 تیر لە تەورێز 11 کەسیان ئیعدام کرد چواریان کومەڵە بوون کە بریتی بوون لە: کاک ماجید، ئەمجەد، کاک هوشنگ و کاک ئیسماعیل.

دایکم نەیدەزانی کە ماجید دەستگیر کراوە چونکە ماجید بە ناوی "سادق خدادوست" و تورک و خەڵکی "بناو" خۆی بە جەنایەتکارانی ئیسلامی ناساندبوو. ئەمجەدیش دوای ماویەکی زۆر بێ خەبەری، چەند حەفتە پێش ئەوەی بیگرن بە تەلەفون لە گەڵ سنە قسە ئەکات و ئەو خەبرە بە دایکم ئەگات. بەڵام ماوەیەک تێپەڕ ئەبێت و لە هیچکامیان خەبەری نابێت. دادە فائیزە و کچە ئامۆزاکەم بۆ کوردستان ناگەڕێنەوە. دایە بەهیە لە نارەحەتی و خەم و پەژارە و وەسوەسەی ئەوە نەکا گرفتێ بۆ یەکێان پێش هاتبێ، زۆر نیگەران دەبێ.

## هەواڵی دڵتەزێن بە دایکم درا

دایکم ئەڕوات بۆ مەریوان بە شوێن حاڵ و هەواڵدا و خەبەر بزانی. هەر ئەو ڕۆژە ڕۆژنامەی سەرانسەری ئێران خەبەری ئیعدامەکانی تەورێزی بە خەتی گەورە چاپ کردبوو. ناوی کاک ماجید و ئەمجەدیشی تیا ئەبێت. خزم و کەس لە مەریوان ئەوە ئەزانن. هێچکەس هەواڵەکە بە دایکم نالێ. بە هەزار ئەم بەر ئەو بەر بەڕێی ئەکەن بۆ سنە. لە سنە و لە ماڵی یەکێک لە براکانما هەموو کۆ بوونەتەوە. کاتێک دایکم ئەگاتە ناو ماڵەکە ئەڕوانێت هەموو گریاون و چاویان سوور بۆتەوە. ئەڵێت بۆ گریاون؟ پێی ئەڵێن، فایزە و کچە ئامۆزاکەم دەستگیر کراون و زیندانین. دایە بەهیە ئەڵێت زیندان هیچ نیە، زیندان گریانی ناوێت، کەسێک پێی ئەڵێت، ئاخر کێ ئەتوانێت بە تۆ بەڵێ ماجید و ئەمجەد تیرباران کراون و ڕۆژنامەکە ئەدات بە دەستییەوە.

هیچ کەس ناتوانێ وەسفی ئەو دایکە جگەر سووتاوە بکات کە چ حاڵێکی بووە، کۆست لە دوای کۆست بۆ سێهەمین جار ئاوا دوو رۆڵەیتری بە جاری تیرباران بکرێت، تەنیا بە دەم ئاسانە بەوتری کە لە ماوەیەکی کورتدا ، پێنج شێر پێنج رۆڵەی قارەمان بە دەس جەنایتکارانی ئیسلامی بکوژرێن. ئەو دایکە چی بە سەر دێت؟ بەرهەمی ژیانی، رەنجی چەندین ساڵەی، هیوا و ئومێدی بە دەس وەحشیەکانی جەهل و کۆنەپەرستی بە تاڵان بروات، ئەڵبەتە ئەوان تەنیا کوڕی دایکیان نەبوون بەڵکوو سەرمایەی وەڵاتەکیان بوون، دڵسوز و خەم خۆری فەقیران و هەژارانی وەڵاتەکەیان بوون هەر بۆیە گیانیان لە پێناو قازانج و بەرژوندی ئەواندا، بەخت کرد. بەڵام سەری تەسلیمیان بۆ دوژمنان دانەنواند.

## سەفەر بۆ تەورێز و هێنانەوەی تەرمی جوانەمەرگەکان

دایکم خێرا لە گەڵ دوو سێ کەس دۆست و ئاشنا بەرەو تەورێز رێ ئەکەوێت. لە رێوە ئەڕواتە دادگای ئینقلاب لەوی رەئیسی زیندان تا دایە بەهیە ئە بینێت ئەڵێت: "دایکی ماجید و ئەمجەدی؟ ئێوە زۆر شێوەی یەک دەدن، دایە دڵم بۆت ئەسووتێ." دایکم ئەڵێت: "ڕاس ناکەیت ئەگەر دڵت بۆم ئەسووتێ چۆن حوکمی تیربارانی دوو شێرە کوڕی منت دا؟ خۆ تۆ دەتزانی "خەڵخاڵی" دووکوڕیترمی ئیعدام کرد و "چەمران" چ ستون و تۆپ و تەیارەیەکی خستە رێ بۆ کوشتنی فوئادم." لە دادگای ئینقلاب وسایلی رۆڵە تیرباران کراوەکانی وەرئەگرێتەوە.

ئەمجار ویڕای ئەو هەموو خەم و پەژارە ومەینەتە ئەکەوێتە هەوڵی ئەوەی بتوانی ڕوڵە جوانەکانی لە قەبر دەربێنێ و بیانباتەوە بۆ لای برا شەهید کراوەکانیان، بیان باتەوە بۆ ئاڵمانە و مەنزڵی یەکجاری. ئەوانیش لای کاک فوئاد ، کاک حسین، کاک ئەمین بن. ئیدارەکانی دەوڵەتی زۆر موخالفەتی ئەکەن و ئەڵێن ئەوان تازە لە قەبردان، لە باری مەزهەبییەوە بەهانەی بۆ دێننەوە ئەوە کە شتی وا ناکرێت، هەر وەها ئەڵێن ئیدارەی بێهداشت ئیجازە نادات. لە تەورێز چەند

کەس لە ڕەفیقەکانی کاک ماجید و ئەمجەد زۆر یارمەتی دایکم بۆ جێ بە جێ کردنی کارە ئیدارییەکان دەدەن. یەکێک لەوانە بە ناوی نهێنی ئەمین، "کاک سەعید ڕەحمانپور" بوو کە زۆر زۆر بە داخەوە دوای ماوەیەکی تر ئەویش ئیعدام کرا.

بە هەر حاڵ دوای زەحمەتێکی یەکجار زۆر و بە یارمەتی ئەو کوڕانە دەتوانن ئیجازەی گواستنەوەی تەرمەکانیان لە تەورێز بۆ ئالْمانە وەرگرێت. دوای 8 ڕۆژ هەر دووکیان لە قەبر دەردێنێ (ئەوانەی لە گەڵ دایە بەهیە بوون باس دەکەن تا کرێکارەکان قەبری یەکێک لە کوڕەکان دەداتەوە بۆ ئەوەی دەریبێنێ دایکم بە چنگ ئەویتریان دەردێنێ) و بەرەو کوردستان وەڕێ ئەکەون، ئەڵبەت لە نامەکەدا مەسیری ڕویشتنەوەی زەنجان ـ سنەیان بۆ دیاری ئەکەن و ئەڵێن حەقی نیە لە بوکان و سەقزەوە بڕواتەوە. لە تەورێز پێش ئەوی ڕێکەون خەبر ئەدنەوە کە لە ئالْمانە قەبر حازر کەن. کەس‌وکاری ئەوێ هەموو شتێک حازر ئەکەن.

کاتێک دێن تەرمەکان لە بان باربەنی ماشینەکە، دابەستن دایکم بۆخۆی یارمەتی بەرز کردنەوەی تەرمەکان ئەدات و سەر ئەداتە ژێریان خۆین بە سەر و چاویدا دێتە خوارێ. هەموو ئەوانەی کە لەوێ بوون زۆر نارەحەت ئەبن. دایە بەهیە خۆی دڵخوشی کوڕەکان دەداتەوە پێیان ئەڵێت: "ئێوە کوڕی منن، لە گەڵ کوڕەکانی خۆمدا هیچ فەرقتان نیە.

کە لە تەورێز وەڕێ ئەکەون تا زەنجان یەکسەر باران دەبارێت شوفیری ماشینەکە کە تورک بووە و لە دێتنی ئەو وەزعە زۆر نارەحەت دەبێت بەتایبەت کاتێک ئەزانێت، دایکێکی کورد ئەوە پێنج کوڕی لە دەس داوە زوو زوو ئەڵێت: "دایە ئەو ئاسمانە بۆ تۆ و بۆ ئەو زوڵمە لە تۆ کراوە شین دەکات. ئەگێنا نەبینراوە و زۆر کەم لە هاویندا ئاوا باران بباریێ!" لە بەین سنە ـ مەریوان، ستوونێکی ئەرتەشی بەر بە ڕوێشتنی تەرمەکان ئەگرێت ئەیانەوێت ئەزێتیان کەن و موزاحمی چوونەوەیان بۆ ئالْمانە بن. دایە بەهیە خۆی لە گەڵ فەرماندەی ستوونەکە قسە ئەکات و ئەڵێت من ئیجازەم گرتوە کە ئەو کوڕانمە بڕونەوە ئەو

جێگایه‌ی له دایک بوون. له مه‌ریوان دیسان شتی وا پێش دێت، هه‌ر دایکم خۆی جێ به جێی ئه‌کات.

له "تاڵه‌سوار" و دوای مه‌راسمی ناشتنی ئه‌و دوو میوانه‌ی کاک فوئاد که له ته‌وریزه‌وه هاتبوونه‌وه، خزم و که‌س داده‌نیشن و ئه‌گرین دایکم پێیان ئه‌ڵێت: "هه‌ستن به جێی ئه‌وه بگرین، میوانداریی له‌و دۆستانه و ئه‌و دڵسوزانه که‌ن که ئه‌و ماوه‌یه له گه‌ڵ من بوون، زه‌حمه‌تیان کێشاوه و زۆر ماندوو بوون."

دوای ئه‌و جه‌نایه‌ته تازه‌یه که خۆێن رێژه‌کانی جمهوری ئیسلامی ده‌رحه‌ق به دایه به‌هیه کردیان، دایکم به بێ ته‌نیا منداڵێک وبه بێ هاوسه‌ره‌که‌ی یانی باوکم گه‌ڕایه‌وه ماڵه‌وه. ئه‌گه‌ر ساڵی 58 به دزیش بوایه منداڵه‌کان سه‌ردانیان ئه‌کرد. ئه‌مجاره ئه‌وه‌ش نه‌ما و دوو رۆڵه‌ی تری تیرباران کرا و باقیه‌که‌یان پێشمه‌رگه‌ن. ته‌نیا فائیزه بوو که شانی دابووه ژێر قورسایی خه‌مه‌کان و یارمه‌تیده‌ر و خه‌مخۆر و دڵسوزی بوو. ئێستا فائیزه‌ش له زیندانه و نه ته‌نی له ماڵ نیه تاکوو یارمه‌تیده‌ر بێت، به‌ڵکوو خه‌می ئه‌وه که فایزه وکچه ئاموزاکه‌م چییان به سه‌ر دێت، بوو به سه‌ر باری خه‌مانیتر. هه‌روه‌ها ساڵی 58 خه‌ڵک هه‌موو به‌شداری خه‌م و په‌ژاره‌ی ئێمه‌یان ئه‌کرد و ئه‌و به‌شداری و به‌خه‌مه‌وه بوونه ته‌سکینده‌ر بوو. ئه‌و ده‌مه هێشتا ده‌سه‌ڵاتی ره‌شی ئیسلامی ته‌واو دانه‌مه‌رزابوو، ئه‌هاتن رۆژ نه رۆژێک هێرشیان بۆ گرتن و بردنی شۆڕشگێران ئه‌هێنا. به‌ڵام نه‌یانه‌وێرا زور به‌مێنه‌وه. ئه‌م جاره نه‌ک دێن و هه‌ڕه‌شه و گوڕه‌شه ئه‌که‌ن، به‌ڵکوو دروس له پشت ماڵه‌که‌ی دایه به‌هیه پایه‌گایه‌کیان دانا و زۆر به ئاشکرا به‌رگریان له خه‌ڵک ده‌کرد که بۆ هاوده‌ردی بۆ لای دایکم ده‌هاتن. رۆژانه چه‌ندین ماشین خه‌ڵک که له مه‌ریوان و ده‌ور و به‌روه ده‌هات ئه‌یان گه‌ڕاندنه‌وه.

شایانی باسه ئه‌و هه‌مووه زه‌خت و زۆره‌ی رژیم نه‌یتوانی به‌ر به هاتنی خه‌ڵک بگرێ، دایکم باسی ئه‌کرد برێکه‌س دوای خه‌ۆ هێواش له ده‌رکه‌یان ده‌دا، ئه‌هاتن داده‌نیشتن تا پێش ئه‌وی رۆژ بێته‌وه ئه‌وسا ئه‌رویشتن، به‌شێک که‌س و کاری نزیک له به‌ر خۆش خزمه‌تی و ترس له‌وه نه‌کا خۆێن ڕێژانی جمهوری


ئیسلامی شتێکیان پێ بڵێ، ساڵە وەختی لە ئیعدامی ماجید و ئەمجەد گوزرا و نەیان ویرا دەرکە لە دایکم بەکەنەوە، کاتێکیش کە کەسێکیان هاتبوون دایە بەهیە پێی وتبوو: "مەگری لازم ناکا خۆت نارەحەت کەیت!"

## خەمی دادە فائیزە لە زینداندا


خەمی زامەکانی ماجید و ئەمجەد پەترۆی نەبەستبوو دایە بەهیە ئەکەوێتە هەڵوەدای ئەوە کە بڕوات بە دوای دادە فایزەدا، پاشان سێ جار هاتوچۆی تەورێزی کرد تا توانی یەک جار چاوی پێ بکەویت و تەقالا کردن لەم ئیدارە و لەو ئیدارە و هەر وەها گەواهی دوکتور و تەهیەی مەدارک بۆ ئەوەی کە فائیزە بۆ دیداری دوکتور بەرەو تەورێز هاتوە.

هاوکات لە گەڵ ئەوانەدا زۆر تامەزرۆی دیداری ڕۆڵەکانیتری بوو. دەبێ بێان بینێ دەردە دڵێان بۆ بکات، بۆیان باس کات چۆن رۆیشت بۆ تەورێز لە وێ چ زەحمەت و مەرارەتێکی کێشا، چەندە هەڵسوکەوت بوو بە توشیەوە. بە دڵی بڕیندارەوە بەر ئەم ئیدارە و ئەو ئیدارەی کرد تا بتوانی ڕۆڵە جوانەکانی بێنیتەوە:

**من چووم بۆ تەورێز، خاکیم وە پا کرد**
**باڵای جوان ئەمجەد و ماجیدم، تیایا پەیدا کرد**



شەهید ماجد



شەهید ئەمجەد

چۆن هاتەوە، بەسەر هاتی خۆی بگیرێتەوە بوویان، خولاسە هەزار فیکر و خەیاڵ، هەزار ڕاز و نیاز... هەر ئەو هاوینە دوای مولاقاتێکی دادە فایزە خێرا هات بۆ دەور و بەری بوکان بۆ دیداری منداڵەکانی‌تری. ئەو هاتنەی زۆر تەسکین دەر و فەرح بەخش بوو. هەم بۆ خۆی و هەم بۆ ئێمەش .ئەیوت:

"هاتوم سەر ڕۆڵە جوانەکانم بنم بە سینمەوە  بیکەم بە مەڵهەم، پێنج برینمەوە"

لەوە بە دوا فشار و زەخت و زۆری ئیسلامییەکان بە سەر دایە بەهیەوە زیاتر و زیاتر بوو. بە بوونی پایگاە لە پشت ماڵەکەیەوە رازی نەبوون، شەوانە دەچوون لە هەیوانەکە دا دەستیان بە قەدم لێ دان ئەکرد. دایکم ئەیوت کاتێک ئەم پرسی ئەوە کێە؟ جوابیان ئەداوە بێ دەنگ نەبی بە گوللە کون کونت ئەکەین و ئەتپاشین. زەخت و زۆری ئەو دەورانە لە




فرمێسك کچی کاک حسین لە باوش دایە لە نیوان قەبری کاک فوئاد و کاک حسین دا پاییزی 1359

ڕاده بەدەر و تاقەت پڕوکێن بوو. بە تایبەت بوونی ئەو پایگایە دروس لە پشت ماڵەکەوە زەخت و زۆرەکەی یەکجار زیاتر کردبوو. بەڵام هەمو شەوێک چەند کەس لە خەڵکی دێیەکە دەچوون و لایان ئەخەوتن، تەنانەت یەکێک لە دۆستەکانی خۆمان لە دێیەکی ئەولاترەوە، بە پێخوش بوونی خۆی ماوەیەکی یەکجار زۆر هەموو شەوێک ئەهات ولایان ئەمایەوە. خولاسە بە هەموو جورێک ئەزێتیان ئەکرد و موزاحمەتێان بۆ دایە بەهیە پێک ئەهێنا. هەموو ڕۆژێک دایکم ئەرۆیشت بۆ "تاڵەسوار" بۆ سەر قەبر شەهیدەکان بە تایبەت ئەگەرمیوان یا کارێکی نەبوایە زۆر ئەمایەوە و تا درەنگان لە وێ ئەبوو. باسی ئەکرد هەر کات ئەرویشتم جەماعەتی چەکداری ڕژیم لە سەر قەبران بوون و دەسیان ئەکرد بە پرسیار و سین سوال و جیم جواب ، تۆ کێی؟ بۆ هاتووی بۆ ئێرە؟ کارت چیە؟

## جمهوری ئیٚسلامی و دارودەستەکەی کێلەکانیان شکاند

یەکێک لە ڕۆژەکان کاتێک دایە بەهیە ئەڕواتە سەر قەبران ئەبینێ هەموو کێلی سەر قەبری کوڕەکانیان شکاندوە. جەنایەتکارانی ئیسلامی یەک ستون بۆ شکاندنی کێلی قەبری شەهیدکان لە تاڵەسوار بەڕێ دەکەن. ئەو کردەوە وەحشیانە و نامرۆڤانەیە بوو بە هۆی ئەوە کە ڕق و توڕەیی خەڵک بەرانبەر بە جمهوری ئیسلامی سەد چەندان بێت، هەموو لەو کردوە نائینسانیە توڕە و بێزار بوون.





کێلە شکاوەکان

دایکم سەرەڕای باری قورسی لە دەس دانی پێنج ڕۆڵەی لاو و گەنج بە دەس جنایەتکارانی ڕژیم وموشکڵە و گیروگرفتەکانی ژیان، بە هەموو لەحازێکەوە، دڵەلەرزی و نەسرەوتن و بێ ئوقرەیی بۆ منداڵەکانیتری ببوو بە سەر باری قورسایی خەمەکانی. تەواوی ئەو ماوەیە نیگەران و دڵ لە دوابوو کە نەکا جارێکیتر ئەو مسیبەتەی لێ دووپات بێتەوە. هەمووکاتێک هەڵوەدای خەبەر و باس و وەزعی کومەڵە بوو، هەزار خاس و خراپ بوایەت، دەبووا خەبەر هەموو، رادیوکانی گوێ لێ بوایەت. باسی ئەکرد لە بەر ئەوەی زوو بتوانم هەموو خەبەرەکانم گوێ لێ بێ و هیچیان لە دەس نەدەم بۆ هەر کامێکیان رادیویەکم دانابوو. داییم هەواڵی دەپرسی، کی ئەڕوات بۆ ناو پێشمەرگە؟ کی دێ تا نامە بچکۆلە پێچراوەکە لە ناو دەروازەی ماڵەکە بە جێ بێڵی و بانگ کا، دایە بەهیە من تۆم نەدیوە و خواحافیز. ئەو دەنگە و ئەو بانگە چەندە تەسکین دەر و فەرح بەخش بوو بۆ دایکێکی پێنج ڕۆڵە کوژراو و چاوەڕێی خەبەری ڕۆڵەکانیتری. تەنیا ئەو دایکانە هەستی ئەکەن کە ڕۆڵە کوژراون و چاوەڕێی خەبەری خۆشی کچ و کوڕە پێشمەرگەکانیانن. دەورانێک کە شەڕی ئێران و عێراق کەوتە کوردستانەوە نیگەرانییەکانی دایە بەهیە زیاتر بوو. لە لایەک ژیانی پێشمەرگایەتی پڕە لە خەتەر، لە لایەکی ترەوە تۆپ باران و مووشک بارانی ئەو شەڕە ئەوندەیتر ترس و خۆفی بۆ پێکهێنابوو.

## ئازیەتبار بۆ شەهیدانیتر کە هاوڕێ و ناسراوی منداڵەکانی بوون

شایانی باسە هەر لەو ساڵانە دا دایکم جگە لەشەهید بوونی پێنج کوڕی خۆی، شەهید بوون و لە دەس چوونی کەسانێکی زۆر خۆشەویست و ئازیزی بینی، کە دەرد و خەمی ئەوانیش کەمتر لە منداڵەکانی خۆی نەبوون. ئەوکەسانە هاوڕێ، هاوسەنگەر، هاوخەبات و رەفیقی چەندین ساڵەی منداڵەکانی بوون کە لە گەڵ ڕۆڵەی خۆیدا جیاوازی وفەرقیان نەبوو. ئەو کەسانە یەکجار زۆرن ڕەنگە لەم نوسراوەدا نەگونجێ کە ناوی هەموویان بێنم، بەڵام یادی ئازیز و خۆشەویستیان هەتا هەتایە بەرز و بەرێزە و لێرەدا تەنیا وەک نموونە ناوی چەند

کەس لەوانە دەبەم. دوکتور جەعفەر، کاک سدیق کەمانگەر، پیرخزرییەکان، ناسر و ئەحمەد ئاموزام، کاک ئەیوب نەبەوی، زکریاییەکان، شەهلا کولاقوچی، کاک عبداللە نودینیان، کاک عەتا رۆستەمی، کاک موسا شیخ الاسلامی، کاک لەتیف نیکپەی و... ئەوانە کەسانێکن کە لە مێژە دایکم دەیناسین وەک کوڕ و کچی ماڵ بوون. کەسانێکن لە مردن باکێان نەبوو لە مەرگ نەترسان و تا ئاخرین هەناسە لە سەر ڕێبازی شۆڕش بۆ ڕزگاری یەک جاری ئینسان هەوڵیان دا و گیانی پیرۆزی خۆیان پێشکەش بەو ڕێبازە کرد.

کاتێک دوکتور جەعفەر رەفیقی دێرینەی منداڵەکان، هاوسەری خۆم، باوکی "بەیان" لە ساڵی 1366 شەهید بوو، خیرا دایکم خۆی گەیاندە ئوردووگای کومەڵە بۆ لای ئێمە و دەیکوت: "زامی پەترۆ بەستەم کۆلاوە و مەرگی دوکتور وەک مەرگی یەکێک لە کوڕەکانمە. بە لە دەس چوون و نەمانی دوکتور جەعفەر منداڵەکانم دڵسوزێکیان لە دەس داوە". لێرەدا خەمی من و خەمی بێ باوکی "بەیان" بە خەمەکانی دایکم ئیزافە و زیاد بوو.

## بۆ منداڵەکانی زڕدایکم ، دایک بوو باوەژن نەبوو!

پێم خۆشە لێرەدا باس لە تایبەتمەندی ڕابتەی دایکم لە گەڵ کاک ڕەشاد و کاک عبداللە دوو برام کە دایکمان جیاوازە بکەم. کاک فوئاد 6 مانگ لە کاک ڕەشاد گەورەتر بوو و هەروەها کاک ئەمین6 مانگ لە کاک عەبە. ئەو هاو تەمەنی و هاوبازی بوونە لە دەورانی منداڵییەوە و هەروەها هاوکەلاس بوون لە تەواوی دەورانی خوێندن و ئەم شار و ئەو شار و غەریبی وموهیمتر لەوانە هاو بیر و بڕوا بوونمان هاو فیکر و هاو خەبات، هاوڕێ و هاوسەنگەر بوونمان تێکەڵی و ڕابتەی تایبەتی پێک هیناوە. ئەو دوو برامە ساڵانێکی زۆر لە ڕێزی پڕ لە شانازی پێشمەرگایەتی کۆمەڵەدا بوون و خەباتیان کرد. ئاسەوار و جێ پەنجەی کاک ڕەشاد لە ئارشیوی کۆمەڵەدا بە زۆر نوسراوە و وتاری رادیوییەوە دیارە. کاک عەبەیش لە بەشە جوراوجورەکانی تەشکیلاتی ناوچەدا بوو و لە

سالی 1364 جارێک به سه‌ختی بریندار بوو. ئه‌و مه‌جمووعه شتانه ببوو به هۆی ئه‌وه که نێوانی دایکم له گه‌ڵ ئه‌واندا زۆر تایبه‌تی و جیاواز بوو. وای لێهاتبوو زۆر که‌س نه‌یان ده‌زانی ئه‌وان کوڕی دایکم نین. خۆشه‌ویستی و رێز و ئیحترامێکی له ڕاده‌به‌ده‌ریان به‌ڕانه‌ر به یه‌کتری بوو. هه‌میشه دایکم ئه‌یوت: "خۆا بمگری ئه‌گه‌ر فه‌رق له بین ڕه‌شاد و منداڵی خۆمدا، دابنێم. یا له‌سالی 1993 که له گه‌ڵ دایکم بۆ دیداری کاک عه‌به بۆ ئاڵمان رۆیشتین و سه‌ردانی کاک عه‌به‌مان کرد، کاتێک له ئاڵمان گه‌ڕاینه‌وه کاک عه‌به داوای لێبوردنی له دایکم کرد و وتی دایه گیان نه‌متوانیوه ئه‌وی که شیاوی تۆیه خزمه‌تی تۆ بکه‌م، دایکم ئاوا جوابی داوه و وتی: "عه‌به گیان به بوونی تۆ ئه‌گه‌ر ئیحساس که‌م ئه‌مین نه‌ماوه خه‌جاڵه‌ت بار بم."

## دایکم یار و پشتیوانمان بوو

له ته‌واوی ژیانی سیاسی ئێمه‌دا چ ده‌ورانی شا و کار و هه‌ڵسووڕانی نهێنی و چ سه‌ر و به‌ندی ئینقلابی ئێران وهه‌روه‌ها له دواتردا و به‌شداری بێ وچان و هه‌مه لایه‌نه‌ی ئێمه له ته‌واوی شیوه‌کانی خه‌بات و موبارزه‌دا وه‌ک ته‌زاهورات، مانگرتن، ڕێپێوان و شتی دی و پێشمه‌رگایه‌تی قه‌ت قه‌ت دایکم موخالفه‌تی ئێمه‌ی نه‌کرد، که ئه‌و کاره مه‌که‌ن.

دایکم به تیژی و وریایی خۆی ته‌شخیسی زۆر شتی ده‌دا و هه‌ڵویستی به‌رانبه‌ر به زۆر کار و کرده‌وی ئێمه و هاوڕێکانمان و کۆمه‌ڵه‌یشی بوو. زۆر جاران موخالفه‌تی توندڕه‌وی ئێمه‌ی ده‌کرد. زۆر جاران له سه‌ر ئه‌و نه‌وعه شتانه له گه‌ڵمان باسی ئه‌کرد و مه‌نع ولۆمه‌ی ده‌کردین و یا مه‌نع و لۆمه و نه‌کردنی فه‌ڵان و به‌هه‌مان شتی ئه‌کردین.

سالی 1359 و دوای بزووتنه‌وه‌ی دووم که هێزه سیاسییه‌کان شاره‌کانیان به‌جێهێشت و به‌ره‌و دێهات رویشتین، له‌و سه‌رده‌مانه‌دا ده‌ورانێکی سه‌خت و تاقه‌ت پڕوکێن بوو بۆ هه‌موو ئه‌و ژن و کچانه که له گه‌ڵ هێزه

سیاسییەکان لە کوردستان کار و فەعالییەتیان ئەکرد. نە وەک پێشمەرگە ی چەکدار بوون کە لە کار و باری شۆڕشدا بەشداریان بێت و نە ئیمکانی کار و هەڵسووڕانی سیاسی ـ تەشکیلاتی لە شارەکان هەبوو. بە کورتی بڵێم ئێمە ژنان و کچانی کۆمەڵە موشەخەسەن لە دەوروبەری مەریوان، بە کار و فەعالییەتی سیاسی لە ناو زەحمەتکێشانی دێ بە تایبەت ژنان خەریک بووین. یان کاری تەداروکات و خزمەتگوزاری پێشمەرگەمان دەکرد و یا لەو ماڵانەدا کە دەژیان خەریکی کاری ناو ماڵ و منداڵ بەخێو کردن لە گەڵ ساحێب ماڵدا بوین.

لە گەڵ یەکێک لە هاوڕێکانم ڕۆیشتین بۆ ئەڵمانە بۆ سەر دانی دایکم کە بیستبووی وەزعی ئێمە بەو جورەیە. لە هەر دووکمان زۆر تورە بوو و وتی:

"ئەگەر پێتان خۆشە منداڵ بەخێو کەن بۆ ئیزدواج ناکەن و منداڵی خۆتان بەخێو کەن. کار و فەعالێەتی سیاسی ئێوە زیاتر و زۆرتر لە زۆربەی ئەو کەسانە بووە کە ئیستا پێشمەرگەن. بۆ ئێوە چیتان لە کوڕی فەلان کەس کەمترە بۆ چەک هەڵ ناگرن و پێشمەرگە بن و وەک ئەوان کار و فەعالێەت بکەن؟"

دایکم ئەو شێوە لە کار و فەعالییەتی سیاسی ئێمەی پێ کەم بوو، پێی وا بوو توانا و زەرفییەتی ئێمە زیاتر لەو کاریە کە ئێمە دەمان کرد.

## دایکم و دیداری منداڵەکان لە پانایی کوردستان

دایە بەهیە تەواوی ئەو ساڵانە هەموو شوێنێک کە منداڵەکانی لێ بوو بۆ چاوپێکەتنمان هات. لە سەقز و بوکانە وە بیگرە تا گەورک و ئوردوگاکانی کومەڵە لە عێراق. هەموو ساڵێک، سەرەڕای دووری و سەختی و خەتەری ڕێگا و بەتایبەت کاتی شەری ئێران و عێراق ئەو هەمووە توپ بارانە، ئەهات بۆ لامان. تەنیا بەوە قایل نەبوو تەنانەت لە بەخێوکردن نەوەکانیدا یارمەتی زۆری داین و ساڵها سەرە ڕای ئەو هەمووە موشکڵ و گیر و گرفتەی خۆی، "بەیان و شەرارە" (منداڵەکانی من و حشمەت)ی بەخێو کرد. ئەو دەورانە فشاری ڕژیم بەڕادەیەک زۆر بوو کە نەیدەتوانی بە هەمو کەس بڵێت ئەوە منداڵی ئەوانن بەڵکوو ئەیوت منداڵی کەسیترن.



دایه‌به‌هیه له ئوردوگای مالومه ساڵی 1364



ساڵی 1364 ئوردوگای مالومه له ڕاسته‌وه

مه‌له‌که.ره‌زا، دایکم و حیشمه‌ت و به‌یان ده‌ستی دایه به‌هیه‌ی گرتوه

## ژیانی پەنابەری و تاوێک لە گەڵ جگەرگۆشەکان

ساڵی 1989 بە هۆی هەلومەرجی تاریخی و سیاسییەوە، ژیانی پەنابەری بە سەر زۆر کەسی شورشگیر و سیاسیدا سەپا کە بنەماڵەی ئێمەش لەو کەسانە بوون کە هاتنە ئوروپا و وڵاتی سوئێد.

خێرا دایکم بۆ دیتنی ئازیزەکانی بەرەو وڵاتی سوئێد ڕێکەوت. بە دوای ئەو هەمووە بەسەر هاتە تاڵ و گورچک بڕە کە جمهوری ئیسلامی بە سەر ئەو و بنەماڵەکەی هێنابوو، چاوەروانی ئەوە دەکرا کە دایە بەهیە بتوانێ لە لای منداڵەکانیتری وچانێک بگرێ و پشوویەک دەرکات. لە دەسدانی پێنج کوڕی لاو و گەنجی، بە، بوون و ژیان لە گەڵ ئەمانی تر، خەم و پەژارەی ساڕێژ بکات. پەیدا بوونی ئاوا مەجالێک وەک خەون و خەیاڵی پێهاتبوو. بۆ هەر دوو لا، هەم بۆ دایکم هەم بۆ منداڵەکانی هەموو، وایان بیر ئەکردەوە، تۆ بڵێی دوای ئەو هەمووە مەینەت و کوێرەوەرییە، بکریت جارێک و کەڕەتێکیتر ئەو دایە جەرگ سوتاوە و ئەو خۆشک و برا جەرگ بڕاوانە بتوانن یەک بگرنەوە و تەنیا بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت سەر بە سەری یەکەوە بنێن و دوو دەردە دڵ بکەن و لەدەرفەتێکی زیاتردا لە پای قسە و باس و بیرەوەری یەک تر دانیشن.

دیارە ژیانی پەنابەری بەتایبەت لە سەرەتاوە گیروگرفتی تایبەت بە خۆی هەیە، وەک ئەوە کە ئەو کەسانە دەبێ بەردی بناغەی ژیان لە ئەوەڵەوە دابمەرزێنن ، زمان فێر بوون، پەیداکردنی کار و زۆر شتیتر موشکلەی هەر کەسێکە. هەر وەها هی ئەوانیش بوو. سەرەڕای ئەو مەسائیلە بە گشتی، دایە بەهیە لە سوئێدیش توشی کومەڵێ موشکڵیتر وەک نەخۆشی و کەساڵەتی زۆری باوکم و نەخۆش بوون و فەوتی یەکێک لە نەوەکانی و شتیتر بوو. بەڵام بە هەموو ئەو گیروگرفتانەوە، دایکم هەستی بەوە دەکرد ئیتر خەتەر کەم بووتەوە و ئەتوانێت بێ ترس و لەرزی جاش و پاسدار لای منداڵەکانی بێت و زۆری پێ خۆش بوو. کاتێک لەگەڵی دادەنیشتی پێت وانەبوو ئەوە ئەو کەسەیە که ئەو

هەمووە بەسەر هاتە سەخت و دڵتەزێنەی بۆ پێش هاتوە. زۆر بە رۆحیە و سەر زیندووتر لە جاران هەڵسوکەوتی دەکرد. بە دیتن و فێر بوونی شتی تازە عەلاقەی نیشان دەدا، بۆ کەلاسی سویدی ئەرویشت و بەڕاستی هەوڵی دەدا کە ئەو زمانە فێر بێت. لە چاو هاوتەمەن و هاوکلاسەکانیشی باش بوو، رۆژێک لە کەلاس هاتەوە وتی وەرن و پێکەنن. ئیمرو ماموستاکەمان دەرسی پرسیەوە من باش جوابم داوەتەوە. هاوکەلاسەکانم وتوویانە خۆش بە حاڵت تۆ هیچ موشکل و گیر و گرفتت نەبووە. بۆیە باش فێر ئەبیت. وەک هەمیشە دەور و بەری وەک پوورەی هەنگ وابوو. دەوری پڕ لە خەڵک بوو، هاتوچۆی زۆر بوو و لەگەڵ هەموان گەرم و گور بوو.



لە ڕاستەوە شەرارە و فرمێسک کە دانیشتوون
کاک عەبە، دایە بەهیە و بەیان ساڵی 1993 لە ئەڵمان



**.ساڵی 1992 لە وەڵاتی سوید دایە بەهیە لەحالی دەرس خوێندندا**

ڕەوتی توندی ڕووداوەکان ئەو مەجالەی بە ئێمە ڕەوا نەدی و دوای ماویەکی کورت لێمانی ئەستاندەوە. وەک ئەوە کە لە خەو ڕاپەری دروس لە ماوەی 6 مانگدا هەم باوک و هەم دایکمان فەوتی کرد. ئەوان ڕۆیشتن بەڵام نە تاسەمان لێیان شکا ونە دەردە دڵ و نە قسەکانی ئێمە تەواو بووە.

## هیلاک بەڵام قاییم وەک پۆڵا لە نەخۆشخانەی ئۆپسالای سوئێد

دەبێ بەوتری ڕەگباری گوللەی خوێن ڕێژەکانی جمهوری ئیسلامی تەنیا لە سەر جەستەی پێنج کوڕەکەی دایکم کاری نەکرد. تەنیا پێنج ئەستێرەی دایە بەهیە و ئاسمانی فەقیر و هەژارانی وەڵاتەکەمانی نەکوژاندەوە، بەڵکوو لە سەر جەرگی دایکیانیش کاری کرد. بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە دوای ماوەیەک ئەو دایکە سەربەرزانە ڕاوەستاو وپاشان توشی سەرتانی جەرگ بوو.

کاتێک نەخۆش کەوت لە مەریوان بوو. تا زانیمان نەخۆشە داوامان لێ کرد بە پەلە بگەڕێتەوە بۆ سوئێد، هەر وایشی کرد. دوای چەند حەفتەیەک هاتەوە سوئێد ، شەو و ڕۆژی ئەوەڵ دیار نەبوو کە نەخۆشە. وەک هەمیشە و ئاسایی هەڵسوکەوتی لە گەڵ هەمووان دەکرد، بە وردی خەبەر و باسی هەموو کەس و هەموو شتێکی بۆ گێراینەوە.

شەویک ئێشی زۆر بوو بردمان بۆ بیمارستان لە ڕێگا وتی چەند قسەم هەیە پێتانی ئەڵێم: "یەکەم من ئەزانم چیمە نامەوی عەمەڵ کەم ... لە قسەکانیدا بە هیوای باش بوون نەبوو. دووم ئەزانم ئێوە ماندووتان دەرنەچووە ولە ژیان نەحەسانەوە. ئەم کارە زەحمەتی زۆری هەیە، بەڵام کاتێک کە مردم پێمخۆشە تەرمەکەم بنێرنەوە بۆ لای ڕۆڵەکانم لە "تاڵەسوار" و لە لای ئەمجەد بمنێژن. سێ هەم چەند شتم داناوە کە لە مردنیشدا لە گەڵم بن - کفنەکانی حسین و ئەمین ـ (ئەو شەوە بە هۆی ئەوە کە زۆر خوێن یان لێ ڕژا دوو جار کفنیان لێگوڕین)، چاو پێچی کاتی تیر بارانی کوڕەکانم و هەروەها ژێر کراسییەکەی فوئاد چون

هەرچی بۆنم کرد بۆنی فوئادی لێ دێت بیخەنە ناو قەبرەکەم. پێم خۆشە ئەوانە لە مرگیشدا لە گەڵم بن."

لە بیمارستان دوای معایینە و ئازمایش، وتیان سەرتانی هەیە. کاتێک بە خۆیان وت کە نەخۆشینەکەی ئەوەیە وەک هەمیشە لە بەرانبەر ئەویشا موحکەم و قەوی وەک پۆڵا ڕاوەستا و زۆر ئاسایی داخوازییەکانی خۆی لە گەڵ دوکتورکەدا باس کرد. ئێمە هەموومان زۆر گریاین و نارەحەتیمان دەربڕی بەڵام ئەو زۆر ئاسایی دڵخۆشی هەمووانی ئەداوە. تەقالای یەکجار زۆر بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشینەکەی کرا. بەڵام بێ نتیجە بوو و دوای 43 ڕۆژ، ڕۆژی 3/ 6 / 1995 لە نەخۆشخانەی شاری "ئۆپسالا" فەوتی کرد و لە سەر پێخۆش بوونی خۆی هەموو داخوازییەکانیمان جێ بەجێ کرد و تەرمەکەی بە ڕێز و حورمەتێکی زۆرەوە کە شیاوی ئەو دایکە قارمانە بوو، بۆ مەریوان بەڕی کراوە و لە گوڕستانی "تاڵەسوار"ی ئاڵمانە لای ئەمجەد بە خاک سپێردرا.


قەبرەکەی دایکم لە پاڵ قەبری ئەمجەد دا

کاتێک لە ژیانی دایە بەهیە بیر دەکەیتەوە هەر هەموو ژیانی لە گەڵ زەخت و زۆر و ناعەداڵەتیەکانی ئەو کومەڵگایە پڕ بووە. پربووە لە فشار و حەق کوژی کە ئەو نەوعە رژیمانە و بە تەئسیر لەوان کومەڵگا بەرانبەر بە ئینسانەکان بە تایبەت ژنان کردویەتی، لە ئەوەڵی جوانیدا، توشی رەو کردن و ئاوارە بوون و لەوێ لەو غریبییە هەزاران گیروگرفتی خانەوادە، بە هۆی ئەوە مندالی گەورەی ماڵ بووە، باری قورسی مسئولیەتەکان کەوتوەتە سەر شانی. ژیانی هاوبەش لە رەسم و یاسایەکیتری ژیان دا، کە بۆ ئەو نامۆ و غەریب بووە هاوکات لە گەڵ ئەوە سەر بە هەو هۆی

بوون خۆی دونیایەک موشکڵ و گرفتاری پێکهێناوە. بە هوی نەبوونی ئیمکاناتی ئاسایی دەرس وخوێندن لە وڵاتانی ئێمە دووری لە منداڵ و داییم ترس و لەرز و دڵەڕاوکێ داخۆ حاڵیان چۆن بێ و هەزار فیکر و خەیاڵ، منداڵ گەورە دەبی و بە پێوانەکانی رژیمە زاڵم و خۆێن مژەکانی پاشایەتی و ئیسلامی ئەشکنجە و زیندان و کوشت و بڕ، ئەبێت بە ژیان بۆ ئەوان. دیارە باوک و دایکم وەک ئەوان داییم لەو ئەزیەت و ئازارەدا بوون. کە هەتا ئاخری ژیانیان کاتێکیش ئارامیان نەبوو.

بەڵام دەبێ بەوتری دایە بەهیە بەڕاستی نموونەی ڕاوستان و خۆڕاگری بوو. لە هەر کام لە دەورانەکانی ژیانیدا. چ ئەو کات لە کوردستانی (عێراق) مسئولیەتی خۆشکە چکولەکانی خۆی بە ئەستۆ بوو، چ لە کاتی هەوێساری دوو بەرەکە منداڵ، چ لە کاتی ئەم زیندان و ئەو زیندانی رژیمی شا و چ لەکاتی جن جن کردنی ڕۆڵە جوانەکانی بە دەستی رژیمی ئیسلامی قەڵایەک لە ورە و ئێمانی بوو.

دایە بەهیە دڵێکی یەکجار گەورە و پاکی بوو. قەت قەت قین و تورەی بەرانبەر بە کەس بە دڵ ڕێنەدا. هەستی ئینساندۆستی، لە پلەیەکی یەکجار بەرزدا بوو. دێتەوە بیرم کاتێک ئەیگێڕاوە لە ئیعدام و کوشتنی منداڵەکانیا چەند سەختی کێشاوە و چەندە سەختە ڕۆڵە لە دەس دان، هەر ئەو کاتە ئەیوت خۆایا دوژمنم ئەوەی بەسەر نەیەت کە بەسەر من هات. قەت قەت خراپەی بۆ کەس بە ئاوات نەدەخواست. دایکم ئینسانێکی زۆر عاقڵ، میهرەبان، بە تەحەمول، سەبوور و گەش بین بوو. هیچ موشکڵ و گیر و گرفتێک چۆکی پێ دانەدا. بە پێچەوانەوە، دڵی هەمیشە پڕ لە هیوا و ئومێد بوو. هەرگیز رووخان و نائومێدی بە دڵ ڕێ نەئەدا. تا ئاخرین کاتەکانی ژیانی ڕاوەستا و قورس و قایم بوو.

**بەرز و بەرێز بێت یادی دایە بەهیە،**

**دایە گیان!**

**هەتا هەتایە یادت لە دڵمانایە**

**بەهاری 2005**

بارودۆخ فەزای پەروەردە بوونی کاک فوئاد

**نۆ: وشەیەكی هەورامی و زاراوەی ئەردەڵانییە و بە مانای تازە هاتووە.**

***نوسراوەی خوارەوە كە بە ڕێز" مەریم سەبا "بە زمانی ئینگلیزی نوسیویەتی ، بە زمانی كوردی تەرجومە كراوەتەوە .***

## دایە بەهیە!
## سیمبۆلی دایكانی شۆڕشگێڕ
## دایە بەهیە كێوی ئومێد بوو !

ئەمڕۆ نزیكەی دوو ساڵ دەبی كە دایە بەهیە بە نەخۆشی شێرپەنجە لە شاری ئوپسالای سوید سەری نایەوە . ئێمە لێرە ئەم هەموو كۆششەی كە لە پێناو سەرفرازی خەڵكانی چەوساوە و بەشخوراو كراوە لە یاد دەگرین و پاداشتی شكۆمەند دەنرخێنین . لە ڕێڕەوتی شۆرشی ئێران دایكا نێك لە ئەژمار نەهاتوو منداڵێك یا زیاتریان لە دەست دا و قوربانیێ زۆریان بەخشی .ئەوانە هەموویان دایكانی شۆرش ، دایكانی سەرفرازی و ئازادیین . ئێمە لێرە وەك نموونە دەربارە و سەبارەت بە یەكێك لەم دایكانە، یانی دایە بەهیە بۆ ئەوەی پاداشتی گشتیان بدینەوە دەنوسین .دایە بەهیە دەمنداڵ و زرمنداڵی بەخێو كرد .پێنج منداڵی لەو شۆرشە لە دەست دا، پێنجیشیان ماوەیەكی دوور و درێژ دوور لە دایكیان ژیانیان گوزەراند و لەم ماوەدا دایە بەهیە بێكەس و تەنیا بوو.سەروسامانی دایە بەهیە دەستی بە سەرا گیراو چەندەها جار ماڵیان پشكنی .بەڵی سەرەڕای ئەمەش دایە بەهیە لیبراوانە سەری بۆ دیكتاتوری و كردەوە وەحشیانەكانی ڕژیم دانەنەواند .لە گرمەی شۆرشدا دڵی ئارام و سەچاوەی ئەوین و ئومێد بوو. سەبارەت بە سەرنگون كردنی ڕژیمی تاریكستانی، نامرۆڤانە ، دڕەندە و كۆنەپارێز هەرگیز بێ باوەڕ و نائومێد نەبوو.

دایە بەهیە دایکی فوئاد مستەفا سولتانی، یەکێک لە دامەزرێنەران و ڕابەرانی کۆمە لە بوو.فوئاد کە ئەندازیار و موهەندسی کارەبا بوو ، زەمانی شا خسترایە زیندان و ڕێبەری مانگرتنی مێژوویی و بە ناو بانگی 24 ڕۆژە بوو کە دژ بە هەلو مەرجی دژواری زیندان کرا.ئەم مانگرتنە کە لە پێناو مافی گشت زیندانی یەکان چ سیاسی و چ غەیرە سیاسی ( تاوانباران ) بوو و خوازیاری مافی مرۆڤانە و ئێنسانی بون کە بە سەرکەوتن و پیرۆزی گەیشت .

فوئاد لە نەبەردێکی دژ بە سوپای ئێسلامی گیانی لە دەست دا. هەر دوو ڕۆژپێش تر دوو برای ئەو ، حسین و ئەمین کە هەر دووکیان ئەندام و روخساری سیاسی بە ناو بانگی کۆمە لە بوون ، لە لایەن رژێمی ئێسلامی یەوە تیرباران کران . یادی فوئاد بە ڕێکخستنی ئەو ڕێپێوانە بە ناو بانگە مێژوویی یە ی خەلکی شاری مەریوان دژ بە بوونی لەشکری ڕژێمی ئێسلامی لەو شارە هەتا هەتایە هەر دەمێنێ . فوئاد خولقینەرێ چەندین بیری مودێرن و شۆڕشگێرانە بە مەبەستی گەشە وپێشبردنی ئێتحادیەی جووتیاران و کریکاران بوو.ڕابەرایەتی سیاسی، بوێری و پێداگری و خوشەویستی ئەو هەمیشە گران بەها و زیندوودەمێنێ.

سالێک پاشتر دوو کوری تری دایە بەهیە ماجید و ئەمجەد کە لە ئەندامانی چالاکی بەشی نهێنی کۆمە لە بوون لە شاری تەورێز دەستگیر کران. پاش ئەشکەنجە یێ بێ وچانی چەند مانگی ،کە تێدا بەرگری و بوێریەکی بێ وێنەیان نواند ، هەر دووکیان لە لایەن زیندان وانەکان و جەللادەکانی کۆماری ئێسلامییەوە تیر باران کران .زاوای دایە بەهیە دوکتور جەعفەر شەفیعی کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمونیستی ئێران و ناوەندی کۆمە لە و کەسایەتیێ زۆر خۆشەویستی کریکاران و هەژارانی کوردستان بوو، و لە پێناو ئەنجامدانی ئەرکێکی سیاسی لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبیل گیانی لە دەست دا. پێنج کوڕ و زاوایەکی ، شەش ڕووناکبیری شۆڕشگێڕ ، گشتیان لە ماوەی کەمتر لە دوو سالٚ لە پێناو شۆڕش و مروڤایەتی، بۆ سوسیالیزم و ئازادی گیانیان بەخشی، و دایە بەهیەش بێدەنگ فرمێسکی ڕژاند . ئەو بوو کە گیان و

خۆشەویستی، پێداگری و بوێری، و ئامادەگی پێ بەخشین تا لە پێناو جەماوەری هەژار و چەوساوە خۆ بەخت کەن . بەڵی گشتیان لە لایەن هێزی کۆنەپارێز و زاڵمەوە ڕاپێچ کران و کوژران . دوو کوڕی زیندووی دایە بەهیە دوو زڕ کوڕی و کچێکی ساڵەها پێشمەرگە و ئەندامی حیزب بوون و هەندێکیان ئێستاش هەر خەبات دەکەن .

خەسڵەت و ڕەوشتی چاک و مرۆڤایەتی دایە بەهیە بۆ کوڕەکانی حسین،ئەمجەد،فوئاد،ماجید و ئەمین بە میرات مابوەوە. دایە بەهیە پاش مەرگی کوڕەکانی بە ورەی قایم و سەربەرزانەژیانی گوزەراند . کاتێک تەرمی ماجید و ئەمجەدی جگەرگۆشەیان لە تەورێز پێ دایە وە ،دایە بەهیە لەو کاتە دڵتەزینەدا ورەی بەرز بوو و لە بەرانبەر دوژمنانی فرمێسک لە چاوانی نەهاتە خوارەوە .وهێزی ڕژیم و بەکرێ گیراوانی ناوچە چەندین جار کێلی قەبری کوڕەکانیان شکاند و دایە بەهیە خێرا چاکی دەکردنەوە . زۆر جار پێشمەرگەکانی کۆمە ڵە بۆ جێ بە جێ کردنی ئەرکی نهێنی لە پەنای ئەو لە ئاڵمانە خۆیان دەشاردەوە وپاشان بە سڵامەت بۆ بنکەکانیان دەگەڕانەوە .دایە بەهیە سیمای و ڕوخساری مەقاوەمەت و بەرگری خەڵکی کوردستان وسیماو سیمبۆلی شکۆ ، شۆڕش و سەرفرازی دژ بە هێزەکانی کۆنەپارێز بوو.دایەبەهیە دایک و خۆشکی پێشمەرگەکانی تر کە ڕژیمی ئێسلامی باوک و برا و خۆشکەکانیانی کوشتبوو لیبڕاوانە فێر دەکرد بە شێوەیەکی بە نرخ و سەربەرزانە بەرەنگاری هەلەمەرجی تاقەت پڕووکین ودژوار ببنەوە .کە دەهاتە مەقەڕەکانی کۆمەڵەدایە بەهیە کانگای تاقەت، لە خۆبوردوویی و سۆزی دایکایەتی بۆ کچان وژنانی پێشمەرگە بوو کە لە ناو ڕێزەکانی کۆمەڵەدا خەباتیان دەکرد .

کە واتە دایەبەهیە کێ بوو؟ جەمیلەی ڕەحیمی لە گۆڤارێک بە ناوی خەباتی ژن" پەیکاری زن " کەبە زمانی فارسی دەردەچوو ئاوا لە دایە بەهیە دەدوێ : ژنێک کە نووسەر نە بوو،وکتێبێکیشی نەنوسیبوو و شاعیریش نە بوو، کە چی سەرەڕای ئەمانە هێچ کتێبێک نی یە بە ئەندازەی دایە بەهیە تاو و تێنی

خۆ بنوێنێ. ئەندامی هێچ حیزبێکی سیاسی نەبوو ،بەڵام هەمیشە خەباتی سیاسی نهێنی لە یاد بوو.پاش ئەو هەموو مەینەت و کارەساتە دڵتەزینانە کە چێژای پاش مەرگی هەموو جگەرگۆشەکانی کە لە دەستی دا ، سەرباری ئەو هەموو دڵشکەستیەی یەک لە دوای یەک کە لە گەڵ ئەو دەکەوتیتە ئاخافن و قسەکردن دایە بەهیەت وەک مرۆڤی ڕووخاو نەدەدی، بەڕاستی دڵت بۆ دەسوتا بەڵام هاوکات ڕێزت بۆی زیاتر دەبوو.پاش ئاخافتن و قسەکردنی کورت لە گەڵ دایە بەهیە مرۆڤ ڕاستەوخۆ گیر و گرفتی خۆی سووک تر دەهاتە بەر چاو.دایە بەهیە خاوەند و ساحیبی بە هێزترین کەسایەتیێ بوو کە مرۆڤ دیتبووی . ئەو کێوی ئومێد بوو !

Mother Bahiya  Symbol of revolutionary mothers

by: Mariam  Saba



Mother Bahi-ya

## Symbol of revolutionary mothers

***Mother Bahi-ya died less than two years ago from cancer in Uppsala, Sweden. Here, we pay tribute to her, remembering all she has done for the emancipation of oppressed and deprived people.***

In the course of the Iranian Revolution, countless mothers lost one or more children and made many sacrifices. They all are mothers of the revolution, mothers of emancipation and freedom. Here we are writing about Mother Bahi-ya as a symbol of such mothers, so as to pay tribute to all of them.

Mother Bahi-ya brought up ten children and step-children. She lost five of them in the revolution, and five were away from her for a long time. Left by herself and alone, her belongings were confiscated, her house searched many times. Still, she patiently resisted humiliation and degradation. In the midst of revolution she remained calm, a source of love and hope. She never lost faith in overthrowing the state of darkness, inhumanity and barbarism.

She was the mother of Foad Mostafa Soltani, one of the main founders and the leader of Komala. Foad, an electrical engineering graduate, was imprisoned under the Shah and led a famous 24-day hunger strike in protest at unbearable prison conditions. This strike, which defended the right of all prisoners, political and criminal, to humane and dignified treatment, ended successfully. Foad died in a battle with the troops of the Islamic Republic. A couple of days earlier, two of his brothers, Hossein and Amin, had been executed by the Islamic regime. Both had also been members of Komala and famous political figures. Foad is also remembered for organising the famous, historic march of the people of Marivan city against the  military presence of the Islamic regime in the city. He created many revolutionary initiatives to advance the mass organisation of the peasants and workers. His political leadership, courage and determination, and his comradeship will always be missed.

A year later, Mother Bahi-ya's two other sons, Majed and Amjad who were Komala underground activists in Tabriz, were arrested. After enduring torture for many months, during which time they showed great resistance and courage, they were assassinated by the butchers of the Islamic Republic. Her son-in-law, Dr Ja-far Shafiee, member of the Central Committees of both the Communist Party of Iran and Komala, and a well-loved personality among the workers and poor people of Kurdistan, was killed in a car accident while on a party mission. Five of her sons, one son-in-law, six revolutionary intellectuals: all killed in the service of revolution and humanity, socialism and freedom in less than two years.

Mother Bahi-ya cried in silence. She had given them life, love, determination, courage, and a willingness to sacrifice all for their fellow human beings, for the poor and exploited. They had been taken away from her, and murdered by the forces of ignorance, exploitation and hate.

Her two surviving sons, two step-sons and one daughter were peshmergas and members of the party for many years, and some still are.

Hossein, Amjad, Foad, Majed, and Amin, all had inherited her great ethical and human characteristics. After the deaths of her distinguished sons, she continued life with dignity and pride. She had not cried a single tear in view of her enemies when they handed over the remains of her beloved sons Amjad and Majed. When her sons' ruthless killers smashed their gravestones time and again, it was Mother Bahi-ya who repaired them every time. On many occasions, Komala peshmergas on secret missions hid in her village of Almaneh, which allowed them to return safely to their bases.

She was the face of resistance for the people of Kurdistan, a symbol of respect, revolution and emancipation from the forces of darkness. She taught other mothers and sisters to be patient, to tolerate hardships with dignity in the absence of husbands and sons. When paying visits to Komala's camps, she was a source of comfort and motherly love, especially to the women peshmergas.

Who then was Mother Bahi-ya? Jamileh Rahimi, writing in the Persian-language magazine *Peykar-e Zan* (*Women's struggle*), described her as 'a woman who was not a writer, who had no books nor wrote poetry, yet who was more influential than any book one can read.... She was not a member of any political party but her quiet political activities will always be remembered.... After all those problems she went through, after all the sons she lost, her heart broken many times, when you talked to her, you wouldn't find a broken person. You couldn't pity her, you only could respect her. After a short conversation with Mother Bahi-ya, one's own problems seemed much smaller. She had one of the strongest personalities one could ever find. She was a mountain of hope.'

**Mariam Saba**

**The Mostafa-Soltani brothers.** *From left to right*: **Hossein, Amjad, Foad, Majed, and Amin**

IRANIAN OUTLOOK MAY 1997 9

# 3.7 خه‌بات و به‌ره‌نگاری دژی دیکتاتۆری کۆن ونوێ

فه‌ره‌ج الله به‌گی ئاڵمانه باپیری کاک فوئاد له ساڵی 1316ی هه‌تاوی له ته‌بعید و زیندانی قه‌سری تاران بووه و و پاشان له داموغان و سمنان که‌دوو شارێ فارس نشینه و له رۆژهه‌ڵاتی ئێران و له ئوستانی خۆراسان هه‌ڵکه‌وتون ته‌بعیدی و زیندان بووه وله ساڵی 1320 ی هه‌تاوی له زیندانی داموغان به هوی شه‌رایه‌تی دژوار و سه‌ختی زیندان کۆچی دوایی ده‌کا و له قه‌برستانی شاری داموغان ئه‌سپه‌رده ده‌کرێت. دووکوڕی فه‌رج واڵاه به‌گ که ئه‌وانیش له سمنان و داموغان زیندان ده‌بن له سه‌رو به‌ندی شه‌ڕی دووهه‌می جیهانی یانی شه‌هریوه‌ری 1320 له زیندان ده‌ر ده‌چن و ده‌گه‌ڕێنه‌وه بۆ کوردستان. عه‌لی به‌گ مامی کاک فوئاد خویندەوارێکی به ناو بانگ و زۆر تێگه‌یشتوو وتێژ و له سه‌رده‌م و ده‌ورانی خۆیدا خاوه‌ن ده‌سه‌ڵات و نه‌فوزی کۆمه‌ڵایه‌تی به‌رزی هه‌بوه. له زیندانیی داموغانه‌وه به‌ره‌و کوردستان ده‌گه‌ڕێته‌وه و پاش مانگێک ده‌گاته شاری سنه وئه‌وه‌نده زیندانه‌که ته‌ئسیری له سه‌ر دانابوو که که‌م که‌س له خزمان و ئاشناکانی ده‌یناسنه‌وه. پاش ماوه‌یه‌ک ده‌گه‌ڕێته‌وه ئاڵمانه و به هوی ته‌ئسیری رووخینه‌ر و درێژ خایه‌نی ده‌ورانی زیندانی شاره‌کانی داموغان و سمنان له ئاڵمانه هێلاک و نه‌خۆش ده‌که‌ویت ودوکتور و ده‌رمانیش فریای ناکه‌ویت و کۆچی دوایی ده‌کات. عه‌لی به‌گ له ناوچه‌ی هه‌ورامان زۆر خۆشه‌ویست و ته‌نانه‌ت رێز و ئێحترامی تایبه‌تی هه‌بووه. حه‌مه شه‌ریف به‌گ مامی دیکه‌ی کاک فوئاد له زیندان خوێندبووی و هاوزیندانی یه‌کی به ناوی ره‌زا روستا یارمه‌تی چاکی دابوو به جۆرێک که فێری خوێندن و نووسینی کردبوو.پێش دروست بوونی کۆماری مه‌هاباد ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ کوردستان.

سەری بۆ زۆڵم و زۆری ئەرتەشی ئێران دانەنەواند.لە گەڵ ئەرتەشی ئێران کەوتە شەڕ وهێزی حکومەت بەرگەی نەگرت و هەتا دەهات پاشەکشەی دەکرد. تا دەور و بەری شای سنە ی گرت و ئەو ناوچەیەی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی و هێزی ئەرتەشی ئێرانی شکست دا.. شاری سنەی گەمارۆدا و خەریک بووهەموو تەقەمەنی و چەک و ئەسڵەحەی پادەگانی سنە موسادرە بکات. سەرتیپ ئەمین فەرماندەی پادەگانی سنەی به دێلی گرت ولە ئاوایی نەوەڕە زیندانی کرد. وەفدێک لە نوێنەرانی خەڵکی سنە و فەرماندەی هێزی حکومەتی بریتانیا کە لە نزیک شاری سنە و لە ئاوایی شێڵان دامەزرابوون و وئایەتوڵا مەردۆخی سنە(نەوەڕە) دێنە ئاوایی نەوەڕە و فریای دەکەون وپاشان حەمە شەریف بەگ سەرتیپ ئەمین ئازاد دەکات. ئەم حەرەکەتە بە شێوەیەک پشتیوانی لە کۆماری مەهاباد و چالاکی یە سیاسی یە کانی حەمە رەشید خانی بانە بوو. وباری ناسیونالیستی هەبوو ولە ناوەڕۆکدا دژی دەسەڵاتی رەزاشا لە کوردستان بوو. لیکدانەوە و تەحلیلی ئەم کارەساتە مێژوویی لیرە ناگونجی. رەئیسی ستادی ئەرتەشی ئێران حەسەنی ئەرفەع لە کتێبەکەی بە ناوی کوردەکان لیکدانەوەیەکی مێژوویی و سیاسی کە بە زمانی فارسی نوسراوە لە لاپەڕەی19 ی کتێبەکەی ئەو رووداوە مێژوویی یە ی نوسیوە وئاماژەی پێ کردووە.

**بیرەوەیەک لە باوکم :**

باوکم وەک خاترە و بیرەوەری هاتن ودیداری شێخ مەحمودی لە ئاڵمانە گیڕایەوە و کورتەیەک لەو بیرەوەری یە، ڕێکوپێک کراو لێرەدا نوسراوە .

## دیداری شێخ مەحموودی مەلیک لە ئاڵمانە !

خەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد، هەموو کاتێک لە لایەن دوژمن و زلهێزەکانەوە بەرەنگاری کراوە. زلهێزە کان سەرکەوتن و ڕزگاری کوردستانیان بۆ تەحمول نە دەکرا و بۆیە هەمیشە لە فیکری پیلان و هیرش بۆ

دیّل کردنی ڕێبەرانی بزووتنەوە ی گەلی کورد بوون. شێخ مەحموودی مەلیک ساڵی 1924 لە ناوچەکانی شارەزوور، هەڵەبجە و پێنجوین پەلاماری هێزەکانی عێراقی و ێنگلیزی دا که ڕاستەوخۆ لە لایەن بە ڕێز مەحموود خانی دزڵی یەوە پشتیوانی دەکرا. بەڵام پیلانی ئێنگلیزی یەکان زۆر بەربڵاو بوو و مەلیک مەحموود ناچار کرا بەرەو کوردستانی ڕۆژ هەڵات و ناوچەکانی هەورامان و مەریوان بڕوات . شێخ مەحموودی مەلیک ساڵی 1925 لە گەڵ هێزەکانی چوە دەڤەری هەورامانی تەخت و مەریوان و لە و ناوچانە مایەوە . بەشێک لە هێزەکانی شێخ مەحموود لە ئاوایی باشماخ نیشتەجێ بوون وخزم و نزیکان و بنەماڵەی شێخ لە ئاوایی " ولەژێر " سەقامگیر بوون . و مەلیک مەحموود لە ئاوایی دەرزیان و لە هاوینە هەواری " هانە سابەی دزڵی " مەقەڕی هەبوە و ئەو شوینانە جێی نهێنی حەسانەوە و پەناگایان بوە .بەڵام هێزەکانی شێخ لە ئاوایی ولەژێر نیشتە جی بوون .ساڵی 1926 شێخ مەحمودی مەلیک لە گەڵ بەر پرسێکی ئێرانی لە شاری بانە دانیشتن و گفتو وگۆ و موزاکرەی هەبووە ، بە داخەوە باسەکانی ئەو کۆبونەوە مێژوویی یە، لە لایەن شێخەوە یان باس نەکراوە و یان کەم کەس لێی ئاگادارە . بەڵام دڵنیام ئێرانی یەکان نوسیویانە و هەڵیان گرتووە .ساڵی 1926 شێخ لە لایەن فیئودال و خانە بە ناوبانگەکانی هەورامان و مەریوانەوە یارمەتی درا و دیسانەوە لە گەڵ هێزەکانی ئێنگلیز وعێراق لە سەرسنوور بە شەڕ هات و شەڕەکە ئەوەندە قورس بوو کە هێزەکانی شێخ توانیان یەکیک لە فڕۆکە شەرەکەرەکانی ئێنگلیس بخەنە خوارەوە و فرۆکەوان و میکانیکی فڕۆکە کە بە دیلی بگرن . ئەم دوو کەسە یانی فڕۆکەوان و میکانیکی فڕۆکەکە لە ئاوای ولەژێر زیندانی کران. لە ساڵی 1926 شێخ هێزێکی لە کوردەکانی گەڵباخی، ڕەزئاو و تیلەکۆ لە ناوچەی مەریوان کۆ کردەوە و بەو هێزە بەرەو پێنجوینی ڕۆیشت و دوای شەڕێکی ئازایانە پێنجوینی گرت .

لە ساڵی 1925 بنە ماڵەی مستەفا سوڵتانی، شێخ مەحموودیان بۆ ئاوایی ئاڵمانە دەعوەت کردووە و بەو دیدارەی شێخ و کەس و کاری شانازیان

کردووە و بە ڕێز و ئێحترامی تایبەتەوە لە مەلیک مەحموود پێشوازی وچەند ڕۆژێک میوانداریان کردووە . خەڵکی بە ساڵدا چوو بیرەوەری و خاترەی زۆریان لە پرسیارەکانی شێخ و قسە بە نرخ و جوانەکانی هەیە . شێخ مەحموود ئەوەندە سەمیمی و بە دڵەوە نزیک بووە کە زۆر پرسیاری تایبەت و خۆماڵی لە دانیشتوانی ئاڵمانە کردووە. و ساڵی 1927 شێخ مەحمود لە ئاوایی ولەژێر نە ما وبەرەو ئاوایی پیران تەشریفی برد . و...

# 4. ژیانی غەریبی کاک فوئاد

سنە ساڵی 1341هەتاوی
ا لە ڕاستەوە ڕاوەستاو:
فوئاد.
و حسین، ڕەشاد



باوکم بڕیار و هەڵویستی خۆی گرتبوو. زۆوتر لە وەی بیرت لی دەکرەوە هەل و مەرجی بۆ خویندنی منداڵە کانی لە شاری سنە ئامادە کردبوو. لە گەڕەکی قەتارچیان خانوویەکی بە کرێ گرتبوو، و لە واقیعدا دوو ژیانی لە ئاڵمانە و سنە پێک هێنابوو.بنەماڵە و خێزان لە دێ دەژیان و منداڵەکان بە خاتری خویندن نۆ مانگی ساڵ لە سنە دەژیان. فەزا و بار و دۆخی سنە بە هێچ شێوەیەک لە گەل مەیل و داخوازییەکانی ئێمەی منداڵ یەکیان نەدەگرتەوە.

ژیانی غەریبی تەنیا و تەنیا غەریبی و دووری لە کەس و خزمان نیە. لە باری پسیکۆلۆژی و رەوانی یەوە تەئسیری خۆی هەیە. شەرایەتی کۆمەڵایەتی ئەو کاتەی سنە ناراستەوخۆ کۆسپ و گیر و گرفتی بە جۆرێک پێک هێنابوو و خولقاندبوو. ئەم شەرایەتە دژوارە هەموو منداڵە غەریبەکانیی تر کە لە ناوچەکانی تری کوردستانەوە بە هەر دەلیلیک بۆ سنە هاتبون دەگرتە بەر و خۆی داسەپاندبوو. هەر ئەوەندە بەس بوو کە نە توانی بە زاراوەی سنەیی قسە بکەیت، ئیتر تەبعیز و هەڵاواردن بە ئاشکرا خۆی دەنواندوغەریب بوون ئێحساس و هەستێکی تایبەتی هەبوو.تەقریبەن لە مێهر مانگی ساڵ 1336ی هەتاوی، کاک فوئاد خوێندنی لە مەدرەسەیەکی ئیبتدایی لە گەڕوکێ قەتارچیان دەس پێکرد.

دەبستانەکە(چوارمی ئابان) بینایەکی ئەشرافی شاری سنە و هی خانەوادەی بابانەکان بوو. بیناکە دوو نهۆمی و حەوشێکی گەورە وچەند ژووری هە بوو. کە لە ڕاستیدا بۆ پەروەردە و بار هێنانی منداڵ و بە تایبەت بۆ مەدرەسە نەدەبوو.منداڵی گەڕەک سەرجەم تا پۆل و کەلاسی شەشەم دەیانتوانی لەوی بمێنەوە و دوای کەلاسی شەش دەبوا بچنە دەبیرستان. ڕۆژانی هەوەڵ بۆ کاک فوئاد تاقەت پڕووکین و سەخت بوو. دەبوا بە فارسی قسەی کردبایە. قۆتابی و مامۆستاکان، نامۆو بێگانە بوون. هەندی و تاقمێک شاگردی تەوەزل و تەنبەڵ کە سەرنەکەوتبوون لەوی مابوونەوە. هەمو ئێنرژی و کاتیان بۆ کۆتر بازی،مەحەلە جەنگێ و ئاژاوە نانەوە و کاری بێ ئامانج تەرخان کردبوو.کاتێک ئەو کوڕانە بە دار و شەلاق لییان دەدرا هەموو منداڵەکان و بە تایبەت کاک فوئاد سوور هەڵدەگەڕان و پەریشان دەبوو.ماوەیەکی زۆری پێ نە چوو کە کاک فوئاد خۆی لە گەڵ هەل و مەرجەکەدا گونجاند. کاربەدەستانی مەدەرەسە سەریان سوڕما. لەترمی دووهەمی کەلاسی پێنجم ،بە ئەسپایی و نادیار دەرەجە کانی باش بوو و لە ترمی سیهەم یەکجاری ئاستی دەرەجەکانی بەرز و بەرزتر بونەوە و بە یەکەم دەرچوو.

سەرکەوتنەکانی لە لایەن موعەلیمەکان و قوتابی یەکانەوە بە خۆشحالی یەوە وەر نەدەگیرا. ئەوندە هوشیار و زیرەک بوو تەنانەت تەبعیز و هەڵاواردنی

کاربەدەستانی مەدرەسە نەیدەتوانی کەتمانی دەرەجە باشەکانی کات. لە پۆلی شەشەمدا کەس نەبوو شان لە شانی بدا و لەگەڵیا کی بڕکی بکات و بتوانی وەک ئەو تیژ و وریا بێت. کاتێک ئێمتحانی نیهایی شەشەم لە ئاستی ئوستاندا دەستی پێکرد ولەو کاتەدا پرسیارەکانی هەموو قۆتابیانی پۆلی شەشەم یەک جۆر بوو ئێمتیازو دەرەجەکانی وێنەی نەبوو و بە شاگردی یەکەمی ئوستان دەرچوو. لە لایەن بەڕێوە بەرانی مەدرەسە تەشویق کرا و مەکان و جێ و شوێنی کۆمەڵایەتی و شەخسی کاک فوئاد بە خێرایی گۆڕدرا و لە لایەن ناسراو ئاشنا و خزم و کەس و فامیلەوە، ڕێزی تایبەتیان بۆ دادەنا.میزانی سوکایەتی منداڵی سنەیی بە نیسبەت کەمتر بوەوە وهەر ڕۆژە خۆشەویست تر،دەبوو. دەورانێکی سەیر و پڕ لە چەرمەسەری بوو. ئێمە بە گشتی لەو شەڕانەی کە پێیان دەفرۆشتین حاڵەتی دیفاعیمان هەبوو. ئەوە خۆی نەوعیک سەرکەوتن و هێنانە خوارەوەی لیدان و شەڕە داسەپاوەکانی منداڵانی سنەیی بوو. دەوری شەخسیەتی کاک تاهیر و بە تایبەت کاک فوئاد لە هێوەر کردنەوەی شەڕەکان و بەهانە گرتنی منداڵان و هاو مەحەلەیی زۆر بەر چاو بوو. ئۆتۆریتە و ئێعتباری جوان و چاکیان بەدەس هێنابوو. لە پۆلەکاندا نموونە و شاگردی یەکەم یان دووهەم بوون. باوکم ئەوەندە ناڕازی بوو کە لە مەدرەسەی چواری ئابان وەر گێرابووین و لە وی دەرسمان دەخوێند. لە سنە دەبستانی ترهەبوو کە ئاستی خوێندن وڕادەی نەزم و کونترۆڵیان باشتر بوو.

ئێمە کە لە ئاڵمانەوە هاتبوین و مەیدانی یاری وگەمە کردنمان بەر بڵاو و هەڤاڵەکانمان خزم و کەس و کار یان دراوسێ دەرگا بە دەرگا بوین، و شەڕ و لیدان و کوتەک کاری مانایەکی نەبوو.فەزا و جەوەکە تایبەتی و ئارام و خۆماڵی بوو. لەم کەش و قەوسەدا و لەم هەڵس و کەوتەدا کاک تاهیر هاو کەلاسێکی سەقزی هەبوو ،کە ئەویش وەک ئێمە شەڕیان پێ دەفرپشت و دەیان جار بەهانە و گەلەکۆمەیان لی کرد و لییان دا،هەندی لە منداڵانی سنەیی ئەهاتن بە شێوەی ناوجی کەر و گوایە نەهێڵن شەڕەکە ئاڵۆزتر بێ و یان کۆتایی پێ بینن، دەستی منداڵە غەریبەکەیان چەندکەسی دەگرت و لە عەمەلدا ئەویان چوارمێخە دەکێشا

و هاوڕێ کانی خۆیان ئازاد دەکران و ئەوانیش کام لات ئێشێت دەی بخۆ و شان و مل و دەم و لوتمان نەرم دەکرا و حیسابی دەیان شێلا. ئا لەو سەرو بەندەدا کوڕە سەقزی یەکە دەهاتە مالّمان. هەستێکی ناسکی هەبوو و زۆر مەلّبەندی کوردستان گەڕابوو. تا بلّێ دەنگ خۆش و قسەزان و گالّتە چی و گورانی بێژ بوو. لە مەدرەسە بۆ ماموستاکان و قوتابی یەکان گۆرانی دەگوت و راستەوخۆ گۆرانی یەکانی سپەر و قەلّغانێک بوون کە ئەوەی دەپاراست و مندالّی سنەیی کەمتریان لی دەدا. زۆرهات و چۆی مالّمانی دەکرد و کاتێک دەستی دەکرد بەگۆرانی وتن، ئاو پرژینی دلّمانی دەکرد. خەمەکانمان تا ڕادەیەک باریان دەکرد و تەسکێنی ڕۆح و زاخاوی مێشکمانی دەدا. باش لە بیرم نەماوە پێم وایەناوی ئاغای شافیعی بوو. بەلّام لە سالّەکانی 1336، 1337 و 1338 هەر لە سنە ماوەیەوە پاشان نەمانزانی بۆ کوی چوو و هیوادارم ساغ و سلّامەت بێ و ئەو کاتانە خەم ڕەوێنی خەمەکانمان بوو.

کاک فوئاد لە میهری سالّی 1338 ی هەتاوی لە دەبیرستانی زەکەریای ڕازی ناوی نووسی و پۆلی حەوتەمی دەس پێکرد. زیرەکی و تیژی کاک فوئاد ناو بانگی دەر کردبوو و، لەم کاتەدا لە ناو کۆمەلّگا و مەدرەسە جێی جۆی بە جوانی کردبوەوە. ناسراوی ناو قۆتابی یەکان و موعەلیم و دەبیرەکان بوو. ئەگەرچی قۆتابی زرەنگ و هوشیار لە دەبیرستانی ڕازی کەم نە بوون،بەلّام کاک فوئاد لە ئێنشا، جەبر و هەندەسە، لە هەموان ئازاتر و تیژ تر بوو. بە تایبەت کاتێک ئێنشای دەخوێندەوە هەمو پۆلەکە سکوتیان دەکرد و گوێ ڕایەلّی بوون.ئێنشاکانی تان و پۆی کۆمەلّایەتی کرچ و کالّێ پێوەبوو وهەر بەو دەلیلە و فاکتۆری دارشتنی جوان و ڕێزمان و دێڕی کورت و پڕ مانا ڕاستەوخۆ گوێگەرانی زۆر بوو. جارێکیان موعەلیمی ئێنشاکە، بە ناوی ئاغای یەلفانی مەوزوعێکی تایبەتی نەدابوو و دەبوا هەرکەسێک خۆی مەتلّەبێک هەلّبژێریت و بنوسێ کاک فوئاد مەتلّەبی "کەلّاش چنین لە هەوراماندا" ی هەلّبژاردبوو. ئێنشاکە چەند لاپەڕە بوو کە ژیان و ڕەنج و مەینەتی کەلّاش چنەکانی هەورامانی باس دەکرد. چۆن دروست دەکرێ؟ کەرسەکەی لە چی یە ؟ دەوری ژنان لە چنیندا

چەندە ؟ ۆ چ فەسڵێکی ساڵ کەڵاش دەکریتە پێ ؟ قیمەتی چەندە؟پیاوان تا کوی ئەم بەرهەمە بە کۆڵ حەمل دەکەن و دەیگوازنەوە ؟لە چ کاتێکەوە دەس بە کەڵاش چنین کراوە ؟ دەوری خەڵکی زەحمەتکێشی هەجێجێ و خەڵکی هەورامان، لەم سەنعەتدا چی یە ؟ئێنشاکە ی خوێندەوە و موعەلیمەکە ئەگەرچی دەیانگوت بیر و ڕای سیاسی هەیە بەڵام بە دڵی نەبوو و بە ئێشارە و بە چاو نەوعێک هەڕەشەی کرد و دەرەجەی باشی بۆ دانەنا. دەیان گوت ئاغای یەلفانی خۆی کۆنە سیاسی بوە و ئێستا بە ئەنقەست وا دەکات. هەر تێنەگەیشتین بۆ وا ئاڵۆز و موخالیف بوو.

کاک فوئاد لە دەرسی ڕیازی و جەبر، هێندسە،و شێمی (کیمیا) و فێزیک زۆر لێهاتوو و ئازا بوو. تەنیا لە کەلاسدا گوێ بە تەوزیحی مەعەلیمەکە دەدا و ئێتر بۆ ئەو پرۆسەی تێگەیشتنەکە تەواو بوو.زۆربەی موعەلیمەکان و بە تایبەت بەڕێزان مەهدەوی، عەتایی، حسامەالدینی، کیمیا (کەریم لاویان مامۆستایەکی جولەکە بوو، ئەوەندە بە ئێمانەوە ئێشێ دەکرد ناو بانگی دەر کردبوو و خەڵکی سنە ڕێزی تایبەتیان لی دەگرت) ، سەجادی، تەیری، خۆشیان دەویست. لە بێرمە موعەلیمی تەبێعیمان نە بوو و دوکتورێک لە نەخۆشخانەی سنەوە کە خەڵکی کوردستان نە بوو دەهات و بیولۆژی (تەبێعی) فێر دەکردین. لە ئاخری ساڵدا کە ئێمتحان ئێجباری یە و دەبێ نوسراوەی قوتابی یەکان ئارشێو کرێ دوکتورەکە بە مەسئولیەتی خۆی چەند ڕۆژبەر لە جەلەسەی ڕەسمی ئێمتحان چەند پرسیاری لە کاک فوئاد کرد و دەرەجەی بیستی (بان ترین دەرەجە و پلەی زانین لە سیستەمی ئەو کاتەی ئێران ژمارەی 20 بوو) بۆ دانا. بە ڕێزان ئاغای عەتایی و ئاغای حسام الدین دەبیری ڕیازیات(بیر کاری) و جەبر وەختێک لە دەستی شاگردی تەوەزڵ و تەنبەڵ ،بە ئامان ئەهاتن و وڵامی زەحمەتەکانی خۆیان بە خەسار دەدیت، هەموو جارێک بۆ سەرزەنشت و هان دانی قوتابی یە گەورەکان کاک فوئادیان بۆپۆلی بان تر واتە پۆلی دە وچار جار یازدە بانگ دەکرد و داوایان لێدەکرد وڵامی مەسەلەکان و تەوزیحی معادڵاتی جەبر و موسەلەسات، بداتەوە و بە شێوەیەکێش زەخت و فشاریان دەخستە

سەرقۆتابی پۆلەکانی دە و یازدە تا لە خوێندن و سەعی کردن ئاکتیڤ و فەعال بن. لەو مەیدانەشدا، کاک فوئاد زۆرتر لە وەی چاوەڕوان دەکرا وڵامی دروست و عیلمی دەداوە و ئاغای عەتایی و ئاغای حسام الدین تەشویقیان دەکرد و ڕێزیان لی دەگرت، ئەم لیهاتووی و سەیتەرە بە سەر خوێندن و بیری تیژ نا ڕاستەوخۆ ئوتوریتەی بۆ پێک هێنابوو و میزانی خۆشەویستی کاک فوئادی بردبوە ئاستێکی تر. لە پۆلەکاندا بە دڵ ئاوەڵەیی یەوە یارمەتی هاوپۆلەکانی دەدا وقەد چاوەڕوانی چاکەی ئەوان نەبوو، کە ڕۆژی لە ڕۆژان قەرەبووی کەنەوە. بێگومان تەئسیری زەحمەتەکانی دەبیرەکانی شاری سنە و بە تایبەت بە ڕێزان کیمیا، عەتایی، حسام الدین مەهدەوی و...زۆر بەر چاو وئاشکرا و دەورێکی دیاری کراویان لە سەر خوێندن و. .. لە کوردستان دانا بوو. ئاوێکی وەستاو و بێ جوڵەیان خستە جمو جوڵ و پەردەیان لە سەرهێزی نادیاری قۆتابی کورد لە شاری سنە لابرد و ئاکام و نەتێجەو بەرهەمی زەحمەتی بێ وچان و دڵسۆزی یەکانیان لە وەر گرتن و چونە ناوەوەی گەنجانی کورد لە زانستگاکانی ئێران خۆی نیشان دا. خانەوادە و بنەماڵەکان و گەنجانی کورد بە دەیان جار سوپاسی خۆیان بە نسبەت هەموو دەبیرە بە ئێمان و خۆشەویستەکانی شاری سنە دەر بڕیوە.

کاک فوئاد پۆلی نۆهەمی وەک قۆتابی یەکی نموونە تەواو کرد و پاشان بۆ درێژەدان بە خۆێندن لە ڕشتەی بیر کاری و ڕیازی لە دەبیرستانی هیدایەت وەر گیرا. قوتابی یەکانی ئەو ساڵە پاڵێنراو بوون و زۆربەیان، ئازا و لیهاتوو و تیژ بوون. کی برکی و ڕەقابەت توند و تیژ و سەخت و دژوار بوو. دو سێ کەس و لە وانە کاک شوعیب و کوڕێکی جولەکە بە ناوی سوفێر لە ڕەقیبە سەر سەختەکانی کاک فوئاد بوون. لە نووسینی ئێنشای ئازاد جارێکیان سەبارەت بە ڕووباری "سیروان" نووسیبووی کە ئەگەر لە سەر ئەو ڕووبارە لەمپەر و سەدێک دامەزرینن، کارەباو بەرق و ئاو بۆ ئوستانی کوردستان دابین دەکری و ئێتر خەڵک موحتاج نابن و ئێنرژی چاک فەراهەم دەبێت. لە سێ ساڵی کەلاسی دە،یازدە، و دوازدە بە یەکەم دەرچوو. حکومەتی ئێران هەر ساڵە قوتابی یە

چاک و زرەنگەکانی بۆ ئوردووگای رامسەر کە شوێنیکی هاوێنەهەوار و خۆش لە شیمالی ئێرانە دەعوەت دەکرد. وکاک فوئادیان وەک قوتابی نموونە بۆ شاری رامسەر هەڵبژارد وبرد.

کاتێک لە خەیابانی فردەوسی تێپەڕ دەبوین لە بەر دووکانی محەمەدی نیکپەی شێوەکاری (نەققاشی) زۆر بە توانای شاری سنە ڕادەوەستا و تەماشای هونەرە جوانەکانی دەکرد. نیکپەی چەند تابلوی جوانی کێشابوو و لە پشت شووشە و ویترینی دووکانەکەی داینابوو و خەڵک تەماشایان دەکرد. بەلای زۆر کەسەوە جوانترینی، تابلوی سواڵکەرێک بوو بە ناوی "ئەلحەو" ئەم پیاوە هەژارە ناسراوی هەموو خەڵکی سنە بوو. کاتێک سواڵی دەکرد و پارەیان پێ دەدا منداڵی سنەیی تورەیان دەکرد و هەموو داهات و پارەی ئەو ڕۆژەی فرە دەدا و شوینەکەی جێ دەهێشت. دووهەمیان تابلوی کرێکارێک بوو کە وەستا (بەننایەک) خەریکی دروست کردنی بینا و ماڵ بوو و چاوەڕوانی گڵ و قوڕی پێژراو و شێلاو بوو. کرێکارێک بە کۆڵ و لە سەر پلیکانە، بۆسەر بانی هەرە بەرز هەڕگی (قوڕ) ئامادەی بۆ وەستا و بەننا ی ماڵەکە دەبردە سەر بان و لە بەر دەستی وەستا دای دەنا. لەشاری سنە بەو شێوە کارە دەڵێن کاسە کێش یان"ناوە کێش" و نیکپەی لەو تابلویەدا ژیانی سەخت و دژواری ناوە کێشەکانی نیشان دەدا کە هێچ چەشنە ئەمنیەت و گارانتی ژیانیان نە بوو.ئەگەر بە هەڵەدا نە چم نیکپەی وەک ڕمزی لیهاتوویی و قودرەت و هێز لە ناوەی سەر شانی کرێکارەکەدا وێنەی کەرێکی کێشابوو، و ناوەکێش ئەو وەزن و قورسایی یەی لە سەر پەینجە دەبردە سەر و لە بەر دەست بەننادا دای دەنا. سیهەم تابلوی پیاوێکی ئەسپ سوار بوو "سوار چاک" ، کە لە حالی هێرش بۆ سەر دوژمن بە تاو غاری دەکر د. ئەم تابلویە قۆناغێکی ژیانی جەماوەری خەڵک و دەورانی فیئودالی نیشان دەدا، ئەم سێ تابلویە هەموو ڕێبوارێکی بەر دووکانەکەی ڕادەگرت و بێ ئێرادە ئێنسان تەماشای دەکردن. لە بیرمە کاک فوئاد هەر سەبارەت بە تابلوکان قسەی دەکرد و بێگومان لە خولیای مێشکێدا شت گەلیک

کاڵ و خام تێپەر دەبوو. کاک فوئاد  کە قوتابێیەکی دەورەی دەبیرستان بوو سەرەنجی هونەرێکی دەدا کە ژیانی جەماوەری خەڵکی باس دەکرد.

کاتێک ئامریکایەکان وئەرتەشی شا دەیانەویست پادەگانی سنە گەورە ترکەنەوە و زاغە و داڵانی شاردراوە و نهێنی بۆدروست کەن و ناوی MCO (سەر نوێ)  یان لی نابوو "کرێکاری زۆریان لە ناوچە تورک نشینەکان و کرماشانەوە هێنابوو و لە پادەگان ئێشیان دەکرد. جێران و هاوسێ یەکمان بوو کە زۆر پیر و لە پادەگان کاریان پێ دابوو، بەڵام تاو نا تاوێک پەڵپ و بەهانەیان پێ دەگرت و دەیانویست دەری کەن. هەموو شکایەت و نامەکانی بۆ کاربەدەستانی پڕۆژەی پادەگان  کاک فوئاد دەینوسی و یارمەتی دەدا.قەد سپاس و قەدردانی یەکانی ئەو پیرە پیاوە کە لە کاک فوئادی دەکرد لە بیرم ناچێتەوە.

لە پۆلی چوارم و پێنجمی دەبیرستان لە گەڵ کاک تاهیر برامان  دەچوە کورسی زمانی ئێگلیزی کە دوو کابرای ئامریکایی  لە دەبستانی ئاسەف وەزیری شاری سنە بۆ قوتابی ئازا و زەرەنگ دایانبوو. نزیکەی پازدە بیست کەسێک بەشداریان دەکرد. باوکم جار و بار پرسیاری دەکرد لییان کە ئامریکایی بۆ زمانی ئێنگلیزی دەڵیتەوە مەگەر دەبیری ئێنگلیزی تان نی یە ؟کاک تاهیر و کاک فوئاد دەیانگوت باوکە زۆر تر پرسیاری تاریخی مان لی دەکەن. بۆ نموونە دەپرسن تەپەی روسی لە کوی یە ؟ قەڵای حەسەن ئاوا لە کوی یە؟ ئاوی قەڵاکە لە کویوە دەهات ؟ و زۆر پرسیاری تر.نیوان مەسیحی یەکان،جولەکەکان  و موسڵمانەکان چۆنە؟  رۆژ بوو بە مانگ و مانگ بوو بە ساڵ ویەکێک لە  کابرا کان بێ سەر و شوین چوو و کەس نەیزانی چی بە سەر هات. پاش ماوەیەک رۆژنامەی کیهان ناوی سەفیر وباڵوێزەکانی ئامریکای لە رۆژهەڵاتی ناوەراست نووسیبوو کە کابرا  وەک سەفیر سەری لە بەحرین دەرهێنا ودەرکەوت نەوتە رەشەکەی بەحرین میغناتیسی بووە و کابرای ئامریکایی  بۆ دوورگەی بەحرین کێشاوە. کابرا تا رادەیەکی زۆر لە باری قسە کردنی ئێنگلیزی یەوە یارمەتی یانی دابوو. و ئەمانیش شاد و خۆشحاڵ بوون، ناویان  میستر لیمبرت و میستر

کەیتۆ بوو و هە دوو کیان فارسی باشیان دەزانی. پاسدارەکانی جمهوری ئێسلامی باڵویزخانەی ئامریکایان لە تاران گرت و چەند کەسێکیان دێل کرد. ئوسقوف کاپوچی هاتە تاران و تکای لە مەلاکان کرد تا ئازادیان کەن. کاپوچی چوە زیندان و چاوی بە میسترِ لیمبرِت کەوت کە یەکیک لە بەرپرسانی باڵویزخانەی ئامریکا لە تارانبوو ،لیمبرِت لە گەڵ زیندان وانەکان بە فارسی قسەی کردبوو و کاپوچی سەری سورِ مابوو. ئەو کاتە کاپوچی تێگەیشت نەوتی ئێرانیش مغناتیسی هەیە.

# 5. پێش ڕۆیشتن بو زانکۆ

## 5.1 دووخانیاتی مەریۆان

کاتێک کاک فوئاد ساڵی 1345 دەبیرستانی تەواو کرد، و بە یەکەم دەرچوو. بۆ ماوەیەکی کورت گەڕایەوە بۆ لای دایک و باوکی لە ئاڵمانە. وەزعی ئابوری بنەماڵەکە گورِدرا بوو و کاک فوئاد نەدە کرا لە مەدرەسە تایبەتیەکانیی تاران ناو بنووسێ و خۆی بۆ کونکور ئامادە کات. لە ڕاستیدا کاک فوئاد، پێویستێکی بە مەدرەسە تایبەتی یەکانی تارانیش نەبوو. چونکوو خزم و ئاشنا و ناسراو ئەمەیان دەگوت و ئەوانیش بۆ متمانە و گارانتی دەر چون لە کێ برِکی زانستگا، وەک پێشنیار مەترحیان دەکرد. کاتێک کاک فوئاد ئەم دڵسۆزی یانەی دەبینی بزەیەکی تاڵ و زەردە خەنەیەکی ژیرانە سەر لیوەکانی دەگرت. دەرچون لە کونکوری زانستگا بۆ ئەو زۆر زۆر ئاسان و موستەحیل بوو. ئێتر فیکر و زەینی بە ئەو شتە پوچانەوە خەریک نەدەکرد.

ئێدارە و ئورگانێک بە ناوی دووخانیات بۆ تاڵانی بەرهەمی سەرەکی جووتیارانی ناوچە دامەزرابوو. ئەم ئێدارەیە لە لایەن بەرێوەبەرانی سەرەوە لە شاری سنە و یا تاران بە ئێجارە دەدرا. سیستەمێ دامەزراو وەک زەروو لە

خوێنی جووتیارانی ناوچه خوێنیان دەمژێ. بۆ لێکدانەوه و حیساب کردنی میزان و حەجمی توتون کارمەندێکیان پێویست بوو. ئەو کارمەندە دەبوا له ژمارە و پێوان و حیسابدا زۆر شارەزا و تیژ بیت. بۆیە پێشیاریان بە کاک فوئاد دا و ئەویش قەبوڵی کرد و هاتە ماڵی کاک حەمە کە ئەو کاتە لە باری ئێداری و مەسئولیەتەوە مودیر دەفتەری دادگای مەریوان و بەرپرسی ئەو ئورگانە بوو. نزیکەی سێ مانگ لە وی ئێشێ کرد. خۆی دەیگوت تەجروبەی ژیان و شتی زۆر فیر بووم.

پرۆسه و شێوه کاری دووخانیات بەم جۆرە بوو کە توتونی هەر ناوچەیەک بە نۆبە دهاتە دووخانیات و هەر جووتیاریک بەرپرسی هێنانی توتونی خۆی بوو، کە دەوڵەت هێچ چەشنە یارمەتێیەکی نەدەدا. بازاڕی دەڵاڵ وبەرتێل خۆر لە تەنوری گەرم داخ تر بوو. توتنەکە بە ماشین یان قاتر ،لە دێهاتەوە دەگۆزرایەوە بۆ دووخانیاتی مەریوان.

بەرهەمێکی سەرەکی و بە نرخ و زۆر بە ناوبانگی مەریوان توتنە، کە چەند جۆر و نەوعی هەیە باشترینی سامسۆنە. توتونەکە حکومەت بە مەیلی خۆی دەیکرێ ولە زمانی حکومەتی شای ئێران بەرەو وڵاتە عەرەبی یەکانی دەور و بەری کەنداوی فارس سادیر دەکراو دەفرشرا. ئێستا توتونی کوردستان بۆ کوی دەنیردرێت زۆر ئاشکرا نی یە.

پرۆسە وکرێنی توتونی جووتیارانی ناوچە لە لایەن دەوڵەتەوە کە زۆر بێڕەحمانە و بەلاش دەکڕدرا و لە حەقیقەتدا، تاڵانی ڕەنجی شانی سەدان هەزار جووتیار بوو ،و ئەم وەزعە هەستی کاک فوئادی بریندار کرد. لە یەکەم هەنگاودا قەپاندار و کار بەدەستان بە فرو فیڵ توتونەکەیان بە کەم دەکێشا وقەپاندار و مەسئولی باسکۆ لەم تاڵانەدا ڕاستەوخۆ شەریک بوون. پاشان توتونەکەیان بە دەرجەیەکی خوارتر بە حیساب دەهێنا. ئەگەر عادلانە و لە ڕووی ئێسافەوە بایە دەبوا، هەمووی بە دەرەجە یەک یان دوو دانین کە قەد ئەوان لایەنی هەژارانیان نەدەگرت. تای تەرازووکە هەموو کاتێک بەجۆرێک میزان کرابوو کە بە قازانجی هەژاران نە بوو. کاک فوئاد زوو بەم دزی و تاڵانەی زانێ.

سەرەڕای ئەمانە دەبوا جووتیاران سەبر کەن تا دەوڵەت توتونەکەیانی سادیر دەکرد و دووای پێنج شەش مانگ پارەی خەڵکیان دەدا. هەر جووتیارێک دەبوا بە قەرز و سەلەم پێداویسی یەکانی ژن و منداڵی چارە سەر کات. پارەکەیان ئەوەندە دێر دەدا کە خاوەن توتون لە ژێر قەرز و سو و سەلەمی حاجی یە کانی دێهات و شار دەپڕوکا. دووخانیات ئاوێنەی باڵا نوێنی " زەرووویەک "بوو کە خوێنی بێ بەشان و تووتنەوانەکانی بێرەحمانەی دەمژێ و تاڵانی دەکردن. کاتێک کاک فوئاد لە کۆڕ و مەحفەلی تەنانەت ئاسایی قسەی دەکرد بە ئاشکرادەیگوت: تووتنەوان و جووتیاران دەبێ لێژنە و کۆمیتەیەک لە خۆیان هەڵبژێرن ولە دووخانیات حازر بێ و نوێنەرایەتی ئەوان بکا ولە حقوق و مافیان دیفاع بکات. بە تایبەت لە سەر قیمەت و دەرەجەی توتون بڕیاری نوێنەرانی جووتیاران شیاوی ڕێزە. و دەوڵەت و ئورگانی دووخانیات بە هێچ شێوەیەک شێاوی ئەو قەزاوەت و داوەرییە نین. قسەیەکی کورتە بەڵام زۆر مانا دار ومرۆڤانە و شۆڕشگێڕانەیە. لەو کاتەدا هەڵویستی ئاوا ڕادیکاڵ و نوێ بە مێشکی تیژو بیرمەندی کاک فوئاد دەگات و ڕاستەوخۆ لە هەژاران و زەحمەتکێشان دیفاعی کرد. هەموو جارێک دەیگوت دەبوا لێژنەیەک لە جووتیارانی ناوەندی و هەژار و کەم دەسەڵات بۆ دیاری کردنی قیمەتی گەورەترین داهاتی ناوچەی مەریوان یانێ توتون کە نەهێڵیت حکومەتی شا لە کاناڵی کاربەدەستانی دوخانیات، داهات و سەرمایەی جووتیاران تاڵان کەن درۆست بێ. هەنگاوێکی شۆڕشگیڕانە و زۆریش رادیکاڵ بوو، مەترح کردنی بیر و فیکری وا لە و سەردەمەدا، شەهامەت و بوێری وئازایەتی دەویست ! کەجوتیاران دەتوانن بەو شێوەیە لە تاڵانی بەرهەمی ڕەنج وکاریان بەرگری کەن. ساڵ هات و ساڵ چوو و دەسەڵاتی ساواک و ڕوکنی دووی ئەرتەش و دیکتاتوری بێ ڕەزای دەورانی شا، سێبەری ڕەشی بە سەر هەموو بیر و فیکرێکی ئازادیخوازانەدا خستبوو. بۆ گەنجێکی حەڤدە هەژدە ساڵە وەک کاک فوئاد مەترەح و دەر بڕین و ئەفشای ئەو هەموو تاڵان و زوڵم و زۆرە و بیر کردنەوە و دیفاع کردن لە چینی هەژار، هەستی ناسک و ئیمان و باوەڕی

دڵسۆزانەی نیشان دەدا. کاک فوئاد پەردەی لە سەر دزی و تاڵانی دووخانیات هەڵماڵی و هەر بۆیە رەئیس و بەرێوە بەرانی دوخانیات دژایە تیان کرد و نەیان هێشت لە وی بمێنیتەوە.

# 5.2 بەشداری لە تاقی کردنەوەکان و هەڵبژاردنەکانی زانستگاکانی ئێران

ساڵی 1346 ی هەتاوی کاک فوئاد خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی زانستگاکانی ئێران واتە کی بڕ کی"کونکور و تاقی کردنەوە" ئامادەکرد و لە لایەن باوکمەوە، هاوینی ئەوساڵ لە گەڕەکێکی جنووبی تاران بە ناوی "خانی ئاباد" کە زۆربەی خەڵکەکەی کەم دەسەڵات و هەژار بوون لە لای دۆستێکی دلوڤان و میهرەبان بە ناوی ئاغای سوهرابی کەیقوبادی کە ماوەیەک لە شاری سنە لە پۆست و تەلگرافدا کارمەند و لەگەڵ کاک سەعیدی برامان هاوڕێ بوو ژووریکی بۆ کوڕەکانی بەکرێ گرت. کاک فوئاد لە ئاڵمانەوە بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی زانستگاکان، بەرەو تاران ڕویشت ولەوێ سەقامگیر بوو. زانستگاکانی ئێران بە شێوەیەکی زۆر بەر تەسک لە ناو قوتابیان و موحەسڵینی ئێرانی چالاکترین و تیژ ترین خۆێندکار و دانشجویان هەڵدەبژارد. بۆ ئەو مەبەستە و ڕاگەیاندنی بە جەماوەری خوازیار لە زۆربەی رۆژنامە و گۆڤارەکاندا ناویان دەنوسرا. و ئەندامان(وەر گیراوەکان) و بەر ئەندامان (جێگری ئەندامان کە هێشتا مەعلووم نە بوو ئایا دەچنە ناوەوە و یان وەر ناگیرین) دەیانزانی لە کام شار و لە کام زانکۆ (زانستگا) دەبێ خۆیان بناسینن و ئامادەی خوێندن بن. کاک فوئادلە زۆر زانستگا ناوی نووسی و لە موسابقەکان کە ئەفرادی زۆر تیژ و هەڵکەوتوویان هەڵدەبژارد بەشداری کرد. شایانی باسە کە بۆ هەر ڕشتە و خوێندگەیەک (دانشکەدە) ، ژمارەیەکی کەمیان دەویست. سیستەمی حکومەتی شا لە واقیعدا هەموو گەنجەکانی سەرن دەکرد و دەپاڵوی. لە ئاکامدا دەبوا دەرەجە و

نومرەکانت لە سەرەوە بێ ئەگێنا ڕاستەو خۆ وەر نەدەگیرای و ئێمکان چونە ژوورەوە بۆ زانستگا نەبوو تا شوێنیک بۆ خۆت لە زانستگا بەدەس بێنی. هەڵبژاردنی لاوەکان لە مەقیاسێکی زۆر بەر تەسکدا، دەکرا و هەلبژاردنەکان سنووری لە ڕادە بەدەر بەرتەسک ومەحدوودەی هەبوو. لە هەر حاڵدا ئەوانەی وا لە ئێمتحانی زانستگاکان ،سەر دەکەوتن و قەبووڵ دەبوون هەلکەوتوو و شاگرد و قوتابی نموونە بوون. کاک فوئاد لە نزیکەی دوانزە زانستگا ناوی نووسی و لە هەڵبژاردنەکان بەشداری کرد. شایانی باسە تاقی کردنەوەکان و هەڵبژاردنەکانی زانستگا کانی ئێران شێوەیەکی زاڵمانە ی هەبوو.چونکوو زۆر کەس بە دەرجە ی عالی و باشەوە هەر وەر نەدەگیران. بۆ نموونە لە زانکۆکانی فەنی، حقوق، دوکتوری، ئابوری و. .. دانشجوەکانیان لە نێوان سی دەرەجەدا حەڤدە بۆ سەرەوە( بان ترین پلە و دەرجە لە دەبیرستان بیست بوو) هەڵدەبژارد و ئێجازەی چونە ناوەوەیان بوو. لەم پرۆسەیەدا حکومەتی ئێران و سیستەمی پاشایەتی و دیکتاتوری دەیان گەنج و لاوی تێنوی عیلم و زانست لە خوێندنی پلەی باڵا بێ بەش و مەحرووم دەکران ئەم بێ عەدالەتی و هەڵاواردنە بە نسبەت کوردستانەوە لە رادە بە دەر بەر بڵاو و بەر فراوان و دوو قات بوو. جەوانان و گەنجەکانی کورد وەک شارۆمەندی پلەی سی چاویان لی دەکرا و لە هەموو ناحیە و لایەنێکەوە مەحروم دەکران. نە بوونی مەدرەسەی ئاسایی و موعەلیمی چاک و لیزان، کەم بوونی کتێب و نە بوونی ئێمکاناتی فێر کردن و بار هێنان و زۆر شتی تر ئەو هەل و مەرجە نالەبار و زاڵمانەیە بوو کە رژیمی پاشایەتی بە دیاری بۆ جەوانانی کوردی هێنابوو.و بەم شێوەیە لە زانست و خۆێندنی زانستگا و مەدرەسە بە ئاشکرا مەحروم دەکران. لە پاڵ ئەم بێ عەدالەتی یەدا پادەگانی نیزامی ئەرتەش و ساواک و شارەبانی و ژاندارمری لە کوردستان تا دەهات پەرەی دەسەند و گەورە و گەروەتر دەبونەوە و و هەموو داهات و ماڵیاتەکانی ئوستانی کوردستانێ وەک مار هەڵدەلووشێ و فەزایەکی نیزامی و عەسکەریان بە سەر کوردستاندا داسەپاندبوو. ماڵیات و داهاتی کوردی هەژار بۆ گەشەی دەزگای سەرکوت مەسرەف و خەرج دەکرا. هێچ ئورگان وشوێنێکی

کوردستان له ئاست و به ئەندازەی دەزگای سەرکوت گەشەی نه کردبوو و پارەوی بۆ تەرخان نەکرابوو.هەر شار و شارۆچکەیەکی کوردستان خاوەنی پادەگانی نیزامی خۆی بوو، و پەیتا پەیتا تەبلیغ وپرۆپاگاندە دەکرا که سنوورەکان دەپارێزین وناهێڵین بێگانەو دوژمن هێرش بێنن. له حالیکدا بێگانه بۆ کوردی رۆژ هەڵات کوردەکانی رۆژ ئاوا بوون و ئێمه دەردی هاوبەشمان به ڕاستی زۆر و یەکێک بوو و دوژمنی یەکتر نه بووین. خەڵکی کورد له ژێر چکمەی ئەم میلیتاریزم و دیکتاتوری یەدا پرۆکابوو و هێچ شار و شارۆچکەیەکی کوردستانت نه دەبینی که میلیتاریزه نه کرابێ. له هەر شارێکی کوردستان ژمارەی بەرگ دروو و خەیاتی جل و بەرگی نیزامی و دووکانی فرۆشی کەل و پەلی ئەرتەشی زۆر زۆر بوو.که وابوو گەنجان و لاوانی کورد به گشتی و به تایبەت کچانی کورد له رۆیشتن و خوێندن له زانستگا مەحروم کرابوون. هەر بەو دەلیله و دەیان فاکتۆری نه بینراوی تر لاوانی کورد له زانستگاکانی ئێران کەم بوون. کاک فوئاد ئەم بێ عەدالەتی یەی له سەر دڵی مابوو و له کۆڕ و کۆمەڵی رووناکبیران ئەم مەسەله و دیاردەیەی مەترح دەکرد و دەیگوت دەوڵەت بۆ سەیتەره و دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو ئێراندا وادەکات.


کاک فوئاد، ئاوایی ئاڵمانه
ساڵی 1345

ئەندامان ئەو کەسانه بوون که له تاقی کردنەوەکاندا دەر چووبون و سەر کەوتبون و بەر ئەندامان یانی ئەو کەسانه که هێشتا چاره نووسیان سەبارەت به زانستگا

مەعلووم نەبوو. ئایا ئێزنیان دەدن لە زانستگا بخوێنن ؟ بەڵام ناویان لە گۆڤارەکاندا نوسرابوو. ماوەیەکی دەویست تا چارەنووسی بەر ئەندامان دیاری دەکرا. ئایا وەردەگیرین یان وەر ناگیرین. وەر گیراوەکان (ئەندامان) دەیان زانی لە کام شار و لە کوێ ئامادەی خوێندن بن و خۆیان بناسینن. زۆر جار بەرئەندامان دەکەوتنە سنووری وەر گیران و وەر نە گیران و ئەگەرچێ قوتابی یەکی چاک و زیرەک بوون بەڵام ئەگەر وەر نە گیرابان زۆڵمێکی قورسیان لی دەچوو.

وەر گیران لە زانستگا بۆ گەنجی کورد دژوار و سەخت بوو. نە بوونی زانستگا و کۆلیژی چاک لە کوردستان زۆر زەق و بەر چاو بوو. ئەو وەزعە زۆربەی گەنجەکانی کوردستانی پەرەوازەی ئەم لاو ئەو لای ئێران کردبوو. ئەو کۆچەش بەش ئێمەی تێدابوو. ژیان لە خانی ئاباد بۆ ئێمە زۆریش ئاسان و راحەت نەبوو. فەزاو جەوی مەزهەبی خەست و خۆڵی شیعەگەری تەحەمولی دژوار بوو. تەحقیر و سوکایەتی ڕاستەوخۆ نەدەکرا ئێمە لەماڵی ناسراوێکی زۆر نزیک و خۆشەویستی کاک سەعید بە ڕێز ئاغای سوهرابی کەیقوبادی و مریەم خانمی تەوەجوهی ژوورێکمان بۆ دانرابوو و لە وی دەژیاین. خانە خۆێ بوون و چەتری ڕێز گرتن و دڵنەوایی یان سنووری نەدەناسی. لە گەڵیان تێکەڵ بووین و وەک ئەندامی بنەماڵەی خۆیان چاویان لە ئێمە دەکرد. لە باری عاتیفی و ئینسانی یەوە لە برا و خۆشک چاکتر بوون و هەموو ئێمکاناتی ماڵە کەیان لە ئێختیار نابووین و قەد لە یارمەتی دانمان دریغیان نە دەکرد. خۆش ترین دەورانی ژیانمان لە تاران ئەو چەند مانگە بوو کە لە لای بنە ماڵەی ئاغای کەیقوبادی دەژیاین. چەند جار بۆ دیدار و چاو پێکەوتنی دایک و باوکمان هاتنە مەریوان و ئاڵمانە. زۆر شەریف ویارمەتی دەر و بە دڵەوە نزیک بوون. لە کەمترین کاتدا ئێمەیان لە گەڵ سیستەم و فەزای تاراندا گونجاند کە بە ڕاستی خۆ گونجاندن و چونە ناوەوەی کۆمەڵگای تاران لەو کاتەدا بۆ ئێمەی غەریب ئاسان نە بوو و بە ڕاستی دژوار بوو. زۆر بە داخەوە جگە لە مریەم خانم تەوەجوهی ژیانێ هەموو ئەندامانی ئەو بنەماڵەئازیزە تراژیدی یەکی سامناک

بوو که قەد چاوەڕوان نە دەکرا. هئچ کامیان خۆشییان لە ژیان نە دی. عومر و تەمەنێکیان لی تێپەڕ نە بووبوو، و دوکتور و دەوا و دەرمانیش فریایان نە کەوت وله گەنجێدا مردن. سیما ،موژگان، سوهراب خان ودایکی وئەشکان له بیرەوەری یەکانی ئێمەدا زیندوون و شوێنی تایبەتیان هەیە وسەری ڕێز و نەوازشیان بۆ دادەنەوینین و یادیان بە خێر ! بەڵام لە بیرمە کە پاش سێ مانگ لە بەر تەنگی شوێن و جێگا دراوسێ یەکی ڕوو بە ڕوومان بە سفارشی سوهراب خان ژوورێکی بە کرێ پێ داین. خاوەن ماڵەکە سێ کچێ بوو کە خۆیان بۆ زانستگا و مەدرەسە ئامادە دەکرد. بە پێشنیاری باوکی کچەکان و ئاغای سوهرابیی کەیقوبادی تکایان لەکاک فواد کرد تا لەمادەکانی کیمیا، فیزیک و بیرکاری،کچەکان یارمەتی بدا وئەویش قەبوڵی کرد. کاک فوئاد یارمەتی دانی ئەو کچانەی بەلاوە زۆر ئاسان بوو.

باوکمان کە بە درێژایی ژیانی بە شوێن منداڵەکانی وێڵ و لە حاڵی سەفەردا بوو و هەمیشە هات و چووی تاران و شیراز،سنە و تەوریزی دەکرد، بە هەڵکەوت ئەو جارە بۆدیدار ی ئێمەبۆ تاران هات. شەوی هەوەڵ هێچ خەبەرێک نە بوو بەڵام شەوی دووهەم، خاوەن ماڵ کردیەسەرمان دەبێ ماڵەکە بە جێ بێڵن و لیرە برۆن. پرسیارمان کرد چ بوە چ خەبەرە چ قەوماوە ؟لە وڵامدا وتیان کە ئێمە چاومان لی بوە باوکی ئێوە دەس نوتژی بە شێوەی ئاینی سوننی گرتوە و قەد ناتوانین ڕێگاتان بدەین و ئێمە موسڵمانین و بە جۆرە دەریان کردین و دیسانەوە بۆ ماڵی ئاغای کەیقوبادی گەڕاینەوە و هاتینەوە سەر شوێنی خۆمان. کاتێک باسیان بۆ کردین ئەو خاوەن ماڵە شیعەی تۆخ بوە و باوکی ئێمە بە شێوەی ئاینی سوننی دەست نوێژی گرتوە کە لای ئەوان قەبوڵ نە بوو. زۆر ڕازی بووین کە تەنیابە دەرکردن موشکلەکە حەل بوو.چاوەڕوانی ئێهانەت و بی حورمەتی گەورەترمان دەکرد، کە شانسمان هێنای و بە دەر کردن تەواو بوو. هاوێنیکی گەرم و ناخۆش بوو. قرچە قرچی گەرما و نە بوونی ئێمکاناتی تیر و تەسەل و هەوای زۆر تەم و مژاوی و پرلە دووکەڵی جنووبی تاران و خانی ئاباد ئێنسانی لە خۆی بێزار دەکرد. شارۆمەندانی خانی ئاباد لە خوار هێڵی هەژاری

دەژیان. شارێگای هات و چوی ماشینی قورس و درێژ، لە خانی ئابادەوە تێپەڕ دەبوو. خیابانەکان پیس و لە باری بیهداشتی یەوە پێی ڕانەدەگەیشتن و پارەی تەرخان کراو بو ئاوەدانی به تێکڕا دەدزرا و خەڵکی هەژاریش لە هەوایەکی ناپاک و دووکەڵاوی که هەناسە کێشان زەحمەت بوو دەژیان ودووکەڵی کارخانە و گرمە و ناڵەی هات و چوی ماشین بە تێکڕا وەزعێکی ناخۆشیان دروست کردبوو.هەواکەی تا بڵێ تەماوی، مژاوی، و دووکەڵاوی و ڕەش بوو کە بە زەحمەت دەکرا نەفەس و هەناسە بکێشی. بەیانیان دوای نان و چا خواردن دەڕۆیشتینە ناو پارکەکان و دەمان خوێند. برا گەورەکەمان، واتە کاک سەعید کە وەک موعەلیم ئێشی دەس کەوتبوو لە مەعاشەکەی یارمەتیمانی دەدا. لەم بابەتەوە زۆر ڕازی و سوپاسبژێری ئەوین. ڕۆحی یارمەتی و هاوکاریەکە و ئەو فیکرە شایانی قەدردانی و سوپاسە. ڕۆژان و شەوان وەک بێ ئەوەی بە خوت بزانی و بە ئەسپایی تێپەڕ دەبوون و کاتێ ئێمتحان و تاقی کردنەوە و هەڵبژاردنەکان گەیشن. شپرزەیی، شڵەژان، دڵە ڕاوکێ، فشاری ڕۆحی و جسمی، هێزی نە بینراوی چاوەڕوانی، وڵامدانەوە بە ئارەزوەبەرزەکانی دایک و باوک هەمووی ئەمانە ماندووکەر و هەڵگرتنی قورس بوون.

مەیل و خواستی زۆربەی خزمان و نزیکان و پشنیاریان بۆ کاک فوئاد ئەوە بوو کە لە زانستگای ئەفسەری ئەرتەش و یان شارەوانی ناو بنوسی و بەشداری بکات. کاک فوئادیش لەهەمان کاتدا کە دڵسۆزی یەکانی دەبیست قەبووڵی نەدەکرد و سپاسیانی دەکرد. و بە تەوزیح و لیکدانەوەی درۆست قەناعەتی بەوان دەهێنا. ئەرتەش و شارەبانی ،لە هەڵسەنگاندنەکانی ئەو سەردەمە داهاتوویەکی باشی بۆ چاوەڕوان دەکرا و زەمانەتی ئێش و شوغڵ و مەقامی هەبوو. کاک فوئاد ئەسڵەن ڕازی نەبوو. گەرمای هاوین و فشاری دەور و بەر، ڕووی لە کەمی ناوشڵەژان و دڵە ڕاوکێ ڕووی لە زۆری نا و کاتی موسابقە و ئێمتحانەکان گەیشت. کاک فوئاد لە سەر خۆ و بە تەوازعەوە چوە بەشداری هەڵبژاردنەکان. کاتێک دەهاتەوە ماڵەوە و لیمان دەپرسی کاکە برا، گیانی خۆت ڕاست بڵێ ئێمتحانەکانت چۆن بوو ؟لە وڵامدا دەیگوت خراپ نە

بوو.له بیرمه كاتێک چوه ئێمتحانی مەدرەسەی عالی بازرگانی و هەمان پرسیارمان لی پرسی. وتی پێم وایه دەر بچم و باش وڵامم داوەتەوه. له حاڵێكدا كاتێک ڕۆژنامەی ئێتلاعات و كەیهان له چاپ دەر هاتن و ناوی وەرگیراوەكانمان چاو لی كرد، باشترین مەقامی بەدەس هێنابوو. ڕۆژێكی تر دەبوا بۆ ئێمتحانی زانستگای تەوریز بەرەو تەوریز سەفەر كەین و تا گاراژیش هات و كاتێک من وشەهید حسین سواری ماشینی ئێران تووریست بوین، له ناكاو پەژیوان بوەوه و چووه خوارەوه. پرسیارمان كرد بۆچی وادەكەی ؟ وڵامی داوه من بە خاتری ئێوه هاتم ؟ وتم مەگەر ناتەوێ بەشداری ئێمتحانە كانی زانستگای تەوریز كەیت ؟ وەڵامی دایەوه من له تاران و ئەو دانشكەدە كە حەزی لی دەكەم قەبوڵ دەبم و وەر دەگێرێم ئێتر بۆ بێم. ئەوكات دەركەوت له زۆرتر له دوانزه زانستگا دەر چوه و باشترین مەقام وجزوی ژماره كانی سەرەوەیه و له پلەكانی بەرزدا وەر گێراوه. هەر ڕۆژنامه و گۆڤارێک كه له تاران دەردەچوو و ناویی وەرگێراوەكانی زانستگای تێدا نووسرابوو ناوی كاک فوئادیشێ تێدا بوو. كاک فوئاد جگه لەوی، مرۆڤێكی تیژ و وریا بوو له مەیدانی ئێمتحانه سەختەكانی زانستگایش ڕچەیەكی هەره دژواری شكاند و وەک نابغه و بیرمەندێكی هوشیار خۆی نیشان دا. سەرجەم لەم زانستگایانه وەر گێردرا : زانستگای شەریفی تاران ،پولی تكنێكی تاران، زانستگای نەوتی ئابادان، زانستگای فەنیی تاران، مەدرەسەی عالی بازرگانی تاران، زانستگای پەروەدە و بار هێنابی موعەلیمانی تاران ،زانستگای عیلم و سەنعەتی تاران ،زانستگای پترۆ شیمی شیراز،كۆلیجی ڕیازیاتی زانستگای تاران، زانستگای ئەسفەهان، و...

له ئاخریدا زانستگای شەریفی تارانی هەڵبژارد و ماوەی چوار ساڵ له وی خوێندی و بوو به موهەندسی بەرق (كاره با).

# 5.3 وت و وێژ لە گەڵ
# کار بەدەستانی نەوتی ئابادان

کاک فوئادیان بۆ گفتوو گۆ (موساحبە)، بانگ کرد و ئەویش جل و بەرگی جوان و ڕێک و پێکی لە بەر کرد و ڕۆیشت. نزیکەی سەعات و نێوێک قسەیان لیی پرسیبوو. باش لە بیرمە کە پرسیارەکانی ئەوانی دەگێڕایەوە. دوو جار ئەم قسەیە دووپات کردەوە. کاک فوئاد وتی:پرسیان ئەگەر بەبی بە سەرۆک وەزیری ئێران، هەوەڵ جار چ دەکەی ؟ وتی جوابم داوە، ئەگەر سەرۆک وەزیری ئێران بم هەوەڵ دەچمە دیداری خەڵکی جنووبی تاران، بەلوچستان و کوردستان پاشان بێ درەنگ ئەو مەڵبەندانە ئاوەدان دەکەمەوە. سیستەمی ئاوی خاوێن و بیهداشتیان بۆ دادەمەزرێنم. پارک و خانوی مودێڕنیان بۆ دروست دەکەم. مەدرەسەی چاکیان بۆ دروست دەکەم. کاک فوئاد پێکەنی و وتی کابرا چاوی پەڕیە تەوقی سەری و واقی وڕما. گەنجێکی ئاوا نەترس و ئازا، دڵسۆز و دلۆڤان (میهرەبان) تەنیا ژیانی شەخسی خۆی لە بەر چاو نە بوو، بەڵکوو سادقانە و بە ئیمانەوە ئامانجێکی تری لە بەر چاو بوو.

هەڵویستی بێ پەردە و سیاسی کاک فوئاد کاربەدەستانی شیرکەتی نەوتی ئابادانی زۆر خافڵگیر کرد کە ئەوانی بە ئاگا هێنا، تا بڕیاری خۆیان بدەن. شرکەتی نەوتی ئابادان شوێنیکی حەساس و لە ژیر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆیی ئەمریکایەکان و تا ڕادەیەکیش ئینگلیزی یەکان بوو. هەموو دانشجوەکان بە شێوەیەکی سامناک کونترۆلی پۆلیسی دەکران و ئەگەر ساواک و پۆلیس ڕازی بوایەن ئەو کاتەدانشجوەکەیان وەر دەگرت. وڵامی لێژنەی شرکەتی نەوت لەو کاتەدا بە کا ک فوئاد سکوتێکی موزیانە و سێحرئاوی و گومانلێکراو دەبێ. پاش چەند ڕۆژ بە نامە وڵامیان داوە کە تۆ (فوئاد مستەفا سوڵتانی) لە موساحبە و وڵامدانەوە بە پرسیارەکانی شرکەتی نەوتی ئابادان ناجح نە بووی و ناتوانی لێرە بخوێنی. ئەو نامەیە هەستی کاک فوئادی برێندار

کرد چونکوو یەکێک لەو زانستگایانە کە عیلاقەی پێ بوو شرکەتی نەوتی ئابادان بوو. بەر لە کاک فوئاد یەک دوو کەسی تر لە شاری سنە لە وی وەر گێرابوون، و هەڵویستی نا عادلانەی لێژنەکە بوو بە یەکیک لە ئەزمونە سیاسی یە کانی دەورانی گەنجی کاک فوئاد. ماوەیەک چوە ناو دەرونی خۆی وفیکری لی کردەوە و پاشان بایەخی بۆ هەڵویستی ساواک دانەنا و لە تاران بە ئارەزوی خۆی ڕشتەی زانستگای هەڵبژارد.

# 6. خوێندنی دەورەی چوار ساڵەی زانکۆ لە تاران

لەتاران تەقریبەن هەموو پاریزگا و ئوستانەکان ودەسەڵات دار و سەرمایەداری ناوچەکانی تری ئێران لە شارەداری تاران لە گەڕەکی ئەمیر ئاباد زەوی و خاکیان کڕی بوو و بۆ دانشجوی ئوستانی خۆیان بینا و ساختمانی خۆش و بەرزیان درست کردبوو. دانشجوەکانی ئەو ناوچانە کاتێک دەهاتنە تاران بێ دەردی سەر و بە ڕاحەتی دەچونە ئەمیر ئاباد و ژوورێکیان پێ دەدرا و دەحەسانەوە. بۆ نموونە بینای ئەسفەهانی یەکان، بینای مەشهەدی یەکان، بینای خۆزستانی یەکان، بینای شیرازی یەکان ،بینای کاشانی یە کان، بینای کرمانی یەکان و بینای یەزدی یەکان و. .. لە ناو ئەو هەموو بینا و ساختمانەدا تەنیا سەرمایەداری کورد، لە گوی گادا خەوتبوو و شوێنەواری نە بوو و بێ خاسییەت دەبێنرا و لە باری فەرهەنگیشەوە لە ئاستێکی بەرزدا خۆیان نە دەنواند. دانشجوی کورد هەر وەک میللەتەکەی بێ سەر پەنا و ماڵ و بینا بوو. لە بیرمە وەک خیرۆمەند هەندی جار لەم بنایانە وەک بێ پەنا لە ژوورێکدا لای ئەم و ئەو دەژیان. لەم پرۆسەیەدا دانشجوی کورد سوکایەتی و تەحقیر دەکرا. بێگومان میللەتێک کە دەوڵەتی خۆی نە بێ وەک هەڵۆی باڵکراو وایە!



تاران ساڵی 1345 پارکی گشتی شار لە ڕاستەوە
کاک تاهیر. کاک سەعید کاک فوئاد و ڕەشاد

کاک فوئاد لە پاییزی 1346 دا، بۆ خوێندنی دەوەی چوار ساڵەی کۆلێژی بەرەق و کارەبا لەزانکۆی (زانستگا)ئاریا میهر شەریفی ئێستا چوە تاران. بۆ کرێ گرتنی ژوورێک زۆر گەڕام و بە راستی هێلاکی کردم. پاشان ناهومید بووم و ئەوەندە گەڕابووم ئاوی پام هاتبوو. لە هەمانکاتدا دڵم زۆر تەنگ و بە چاوی خۆم دەمدی کە رۆژە تاڵەکانی ژیانمان هەر بەر دەوامە. ساتێک ئاسودە نابین. هەر گەڕام و هەر گەڕام وخیابانەکانی تارانم گەز کرد و دەس بەردار نەبووم. وچومە بونگا و شوێنی ئێجارەدانی خانوو وکابرای کرێ دەر وتی بنەماڵەیەکی مەشهەدی ژووریکیان هەیە.لە نزیک زانستگاکە، ژوورێکم لە خانەوادەیەکی مشهەدی دانیشتووی تاران بە کرێ گرت ئەو خانەوادەیە ئاوا وشک و مەزهەبی توخ نە بوون و دەکرا لە گەڵیان بژێت. میوانانی کاک فوئاد و هات و چوی باوک و دایک و خزمانانم ئاسایی بوو. و بە نسبەت دیاردەی مەزهەبەوە کراوە و سەختگێر نە بوون.

ژوورەکەمان لە خەیابانی ئازربایجانی شەرقی بوو، تاقە ژوورێکی گەورە بوو کە دیوارێکی ناسکیان کێشابوو و ژوورەکەی دوو بەش کردبوو. لەو بەشەکەی تری دا خزمی خاوەن ماڵ دەژیا و کەمتر دەکەوتە ماڵەوە. گورووبانی ئەرتەش بوو و لە ئاخریدا زانیمان لە زیندان و ئەرتەش دا ئێش دەکات. کابرا بە ڕاستی بۆ ئێمە بێ ئازار بوو. زۆریش یارمەتی دەداین کە خاوەن ماڵ لە هات و چوی زۆر و میوانەکانمان قەڵس و ناراحەت نە بێ. لە دونیای خۆیدا بوو، قەد لێمانی نەدەپرسی چ دەکەن ؟ بە تایبەت کاتێک کاک تاهیر برامانی کە ئەفسەری هێزی هەوایی ئەرتەش بوو بێنی ئێتر متمانەی سەد جار زۆرتر بوو. لەم ژورەدا هاورێیانی بە رێز: شوعیب زەکەریایی، عەبدوڵای موهتەدی، حەمە حسین کەریمی، سەدیقی کەمانگەر، موسلیحی شێخ الاسلامی، ئێرەجی فەرزاد،عەتا روستەمی،مەحمودی مەنوچیهری ،یەدوڵای بیگڵەری حسین موراد بەگی،ماجید تاهیری، سەعید یزدیان و. .. دیداری کاک فوئادیان دەکرد. ئەمانە جار و بار دەهاتن و هەر لە دیدار وچاوپێکەوتن گەلیکی ئاوا بوو کە گەڵاڵەی دامەزراندنی رێکخراویی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" ، بە سترا. ناکرێ بڵێین کە لە یەک شوێندا بوە ئەمما زۆر جار ئەوانم لەوی بینیوە. کاک فوئاد لە کۆبونەوەکانی دوکتور مەنوچیهری هەزار خانی، دوکتور باقری مومنی، میم ئەلف بە ئازین، دوکتور ئەمیر حوسین ئاریانپوور و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی ئەو کاتەی تاران بەشداری دەکرد. بەڵام هەمووکاتێک سنووری خۆی هەبوو. تاقە جارێکیش لە کۆبوونەوەکانی دوکتور عەلی شەریعەتی کە رووناک بیرانی ئەو کاتە هات و چوویان دەکرد بەشداری نەکرد. رووناک بیری کورد بە دەگمەن دەچونە جەلەسەکانێ دوکتور شەریعەتی. بۆ دێتنی تیاتر و شانۆی عیلمی و زانستیانە و پێشڕەو وەک ئێبسنی ئاژاو گێڕ و سەگیک لە شوینی خەرمان (نەسرەتوڵاه نەویدی) ،دیکتە و زاویە (غولام حسین ساعیدی) و فیلمەکانی رگبار، دوکتور ژیواگۆ، گا، زوربا (شۆرش) ،شەڕ وئاشتی The peace and war(لیئو تولستۆی Leo Tolstoy) خاک، دایک (گورکی Maxim gorky)و دون ئارام میخائیل شولوخوف Michail Sholokhov (دەر هێنەر

Sergej Bondartjuk) له گه‌ڵ هاورێ كانی ده‌چوو. و له په‌یام و راسپارده‌كانی تیاتره‌كان و فیلمه‌كان رخنه‌ی توند و قووڵی هه‌بوو.جار جار هات و چوی ئه‌نجومه‌نی فه‌رهه‌نگی ئێران و رووسیای ده‌كرد و له‌وی فیلمه‌كانی دایک(گورکی) ، دونی ئارام (شولوخوف) ، دوور له وڵات(چه‌نگیز ئایتماتۆف chingiz Aitmatov) و رزمناوی پوتیومكین Potiomkin(ده‌ر هێنه‌ر ئێزنشتاین Sergej Eizenstejn) ی بینی. كاک فوئاد و هاورێ یانی دامه‌زرینه‌ری كۆمه‌ڵه خاڵه هاوبه‌شه‌كانیان ئێده‌ی سوسیالیستی و ماركسیستی و كاری رێكخراوه‌یی، مه‌رزبه‌ندی و سنووركێشان له گه‌ڵ سوڤیه‌ت، چین، ئاڵبانی، كوبا، و رێبازی چریكه‌كان و حیزبی تووده بوو.به تایبه‌ت له گه‌ڵ بۆچونی موتوری چكۆله (چریک) كه موتوری گه‌وره (جه‌ماوه‌ری خه‌ڵک) هه‌ڵده‌سورێنی و چریكه‌كان هه‌ڵگرێ راسته‌وخۆی ئه‌و ئاڵاو رێبازه بوون، سنووریان كێشابوو.بۆ چه‌گوارا، ئه‌نوه‌ر خوجه، رژه‌دبره و كاسترو رێزیان هه‌بوو، به‌ڵام هه‌رگیزرێبازی ئه‌وانیان قه‌بووڵ نه بوو.زۆر له حیزبی تووده نارازی و تورە بوون. له گه‌ڵ رووناک بیرانی بی لایه‌ن، ترسنۆک، سه‌ر لی شێواو، بی ئاسۆ و پاسیڤی سه‌رده‌م تێكه‌ڵاویان نه بوو. و به ده‌یان جۆر دووریان ده‌گرت و سنوورێكی نادیاریان دانابوو كه كه‌متر هه‌ست ده‌كرا، به‌ڵام له پراكتێكدا به رێوه ده‌چوو.له‌و سه‌روبه‌نده‌دا، هاو كات و ته‌قریبه‌ن هاو زه‌مان چه‌ند نوسراوه‌ی به نرخ و گران به‌ها له وانه شیعرێكی مه‌لا ئاواره(مه‌لا خدر شه‌ڵماشی -سه‌رده‌شت) به ناوی تووتنه‌وانێكی ناوچه‌ی سه‌رده‌شت كه ژیانی مه‌ینه‌تبار، پڕ ره‌نج و كوێره‌وه‌ری جووتیارانی كوردی باس ده‌كرد و پاڵپێوه‌نه‌ر و هانده‌ری جووتیاران بۆ خه‌باتێكی سه‌ركه‌وتوانه دژی چه‌وسێنه‌ران بوو كه‌وته ده‌ستمان. وچه‌ندنوسراوه‌ی تر به نهێنی و بێ ئێمزای نوسه‌ره‌كه‌ی بڵاو بونه‌وه. ئه‌م نوسراوانه كۆپی ده‌خرا ودیسانه‌وه به ده‌ست ده‌نوسرانه‌وه و به رووناک بیری باوه‌ڕ پێكراو و جێ متمانه ده‌درا. نوسراوه‌ی كێ رچه‌ی شكاند ؟ كه خه‌باتی چینایه‌تی كرێكاران و خه‌باتی نه‌ته‌وایه‌تی باس ده‌كا و نوسراوه‌ی نان و فێشه‌ک كه هاتنه‌وه‌ی پێشمه‌رگه قاره‌مانه‌كانی ساڵی 47 به رێزان مه‌لا ئاواره و ئێسمایل

شەریف زادە و... بۆ کوردستانی رۆژ هەڵات و چونیەتی هەڵویستی خەڵک سەبارەت بەوان باس دەکا و نوسراوە گەلیک کە لە فورم و قالبی چیرۆک و پەخشانێکی دوور و درێژدا گوتراوە و شەڕی ناوخۆیی کوردستانی باشوور باس دەکا، ،ئاستێکی بەرزیان نیشان دەدا و لە هیوا ئومید و گەش بینی پڕ بوون. خوێنەریان بە ئاشکرا بۆ خەبات تێکۆشان دژی زوڵم و زۆر و بی عەدالەتی هان دەدا. لە مەراسمی رۆژی کۆمەڵە کاک سەلاحی موهتەدیم بینی و پرسیارم لیکرد و وتی نوسراوەکانی کی رچەی شکاند؟ برا رۆ و نان و فیشەک من نوسیومە. شیعری کاک فاتیح بە ناوی" گژەبا" و نوسراوەکەی بە ناوی" ئێمە و پولیس" لە ناو کۆڕوکۆمەڵی ڕووناکبیردا بڵاو بوەوە .گژە با وەک شیعری نویَ حیسابیان لە سەر دەکرد، خوێنەری زۆر بوو وپەیامەکەی شاعیرانە و لە باری ناوەڕۆکی هونەری و قاڵبی شیعری یەوە زۆر ناسک و دەوڵەمەند و شۆرشگێڕانە بوو.بەڵام نوسراوەی ئێمە و پولیس ورەی ڕووناکبیری دەشکاند وڕووخێنەر بوو، و پاسیفیسم وئاسۆیەکی ڕەش بینانەی تەبلیغ و بانگەواز دەکرد. شیعری هەڵۆ(عقاب) کە پوشکین شاعیری رووسی وتویە وپێم وایە دوکتور خانلەری تەرجومەی کردوەتەوە سەر زمانی فارسی وپاشان بەرێزان ئوستاد هەژار و کاک سوارە ئێلخانی زادە لە زمانی رووسی؟ یان فارسی یەوە تەرجومەیان کردوەتە سەر زمانی کوردی لە ناو کۆڕ و کۆمەڵی رووناکبیراندا دەست بە دەست دەگەڕا و خوازیارانی کەم نە بوون. هەر دوو تەرجومەکەی مامۆستا هەژار و کاک سوارە تام و چیژی تایبەت بە خۆیان هەبوو. دەکریَ ئێدیعا کەین ئەو نوسراوەچاکانە کە بە زمانی کوردی نوسران و رووناکبیرانی تر کۆپییان دەخست و بە دەس دیسانەوە دەیان نوسی یەوە و پاشان بە نهێنی بڵاو دەبونەوە هەمووی ئەدەبیاتی ریالیستی کوردی بوون و فیکر و رەوتێکی سیاسییان تەبلیغ و تەرویج و بانگەواز دەکرد کە راسپاردەکانیان خەبات و هەڵسوڕانی سیاسی دژی بی عەدالەتی و ودیکتاتوری و ساواک و سیستەمی پاشایەتی بوو. لە هەر بیرو ئەندیشەی مارکسیستی و هەمە چەشنە لە چەگواراوە بگرە تا هوشی مین، مائو، ڕژەدبرە، کاسترۆ، مارکس، لێنین، پلە

خانۆف و ئاستالین، ئەنوەر خوجە(تیتۆ ئیستەکان، ریویزیونیستەکان) و ڕۆمانی سیاسی (خوشە های خشم جان ئاشتاین بک)، ژانی گەل و کوێرەوەری (ئێبراهیم ئەحمەد) ،ئەو دە ڕۆژەی کە دونیای هەژاند نوسراوەی جان ڕیدو نوسراوەکانی جەک لەندن(پاژنەی ئاسنی) ون، برتولت برشت وشولوخوف وماکسیم گورکی و... باو بوو.هەندی جار کاک فوئادکتێب ویا نوسراوەیەکی بەدڵ بوایە تەحویلی منی دەدا ودەیگوت دەرس و ئێشەکانت تەعتیل کە ئەم کتێبانە زۆر زۆر گرێنگە و دەرفەتمان نی یە و کتێبەکانیان بە ئەمانەت بە من داوە و رای دەسپارد کە دوو یان سێ کۆپی بخەم و بێنوسمەوە. منیش شەوانە دێر ئەو کارەم دەکرد و بە خەتی جوان دەمنوسیەوە. لە بیرمە نوسراوەیەکی مائوبە ناوی ئانتاگۆنیزم، مانیفستی کومونیست هی کارل مارکس و ئینگلس، کتێبی سووری مائو، توتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت شیعری مەلا ئاوارە و شێوەی بەرهەم هێنانی ئاسیایی هی لنین،پلەخانۆف وزۆر نوسراوەی مارکسیستی تر و... بە دەست نوسیمەوە و لانی کەم بۆ هەر کامیان سێ کۆپیم دەخست و لە زووترین کاتدا تەحویلی کاک فوئادم دەداوە. کۆبونەوەکانی لە گەڵ هاوڕێ یانی دامەزرینەری کۆمەڵە نهێنی بوو. بەڵام ئەو شتەی کە دەبوا وەک گلینەی چاو بیپاریزم ڕازداری و نهێنی یەکانی بوو و منیش بە شاهیدی مێژووو دەیان کەس دریغم نە کرد وبەشانازییەوە نهێنی یەکانم پاراست.

کاک فوئاد لە پاڵ کاری نهێنی سیاسی- تەشکیلاتی خەریکی خوێندنیش بوو و دەرس و واحیدەکانی زانستگا ی پێ ئاسان و سووک بوو. لە زانستگا لە گەڵ تاقمی چریک و موجاهیدین و... نێوانی خۆش و ئێحترامی بۆ هەموویان بوو. ماوەیەک لە خیابانی ئە سکەندەری شیمالی دەژیا. ئەو بینایە لە لایەن حکومەتەوە بە دانشجوەکان درابوو.چەند کەس پێکەوە دەژیان. منیش وەک میوان لە وی دەژیام. چاوەڕوان دەکرا هەر کات کاربەدەستانی زانستگا بیانزانیبا لەوی بە شڕو شێتاڵەوە دەرم کەن. ئەو بینایە پێان دەگوت، کوی زانستگا و لە ژێر چاوە دێری و کونترۆلی پۆلیسدا بوو. پاش دووساڵ دەبوا دانشجوی کۆن کۆچ کا و شوێنەکەی بۆ دانشجوی تازە جێی بێلی و کاک فوئاد

لە خیابانی شادمان ماڵیکی بە کرێ گرت کە چوار ژووری هەبوو. کاک عەتا ڕوستەمی بۆ ئامادە بون و بەشداری لە زانستگا، هاتە لامان وسەرجەم چوار کەس کاک فوئاد، کاک شوعیب و کاک عەتا ڕۆستەمی و من لە وی دەژیان. جارێکیان باوکی کاک عەتا حاجی ئەمین بەگ بە شوێن بازرگانی و مامەڵە هاتبوە تاران و پارەی تەزویر و جەعلی و دیناری عێراقی لە بازاڕی تاران بە تاجرەکان دابوو،تاجر تارانی شکایەتیان کرد وپۆلیس هاتن ئەویان گرت و پاش ماوەی چەند سەعات پۆلیسێکی زۆر دەوری ماڵەکەیان دا و هاتن بۆ پشکنین. باش بۆو زوو فریا کەوتین و دەس نووسەکان و کتێبەکانمان گواستەوە و پۆلیس لەو گەڕان و پشکنینەدا بەلگە و پارەی قاچاخیان دەس نە کەوت و کتێب و جزوەیش نەمابوو کە توندی زیندانمان کەن. من کتێب و جزوەکانم لە گەڵ خۆ بردە دەرەوە و بۆ ئەوەی لە خیابانەکان وێڵ و سەرگەردان نەبم و سەرمام نە بێ چومە سینەما و شانسم هێنای کە کار بەدەستانی سینەما نە یانزانی ئەو ساکە گەورەو پڕە چی تێدایە. ئەوکاتە مەسەلەی تەقێنەوەی بۆمب و ئەو شتانە زۆر باو بوو. کە چریکەکان دەیان کرد وپاشان ساواکیش بە ئەنقەست دەیَ کرد و خێرا لە تلەویزیون و گۆڤارەکاندا بڵاو دەبوەوە و هەموویان بە خەتا و ئاژاوەی موخالفێنی ڕژیم و شا دەنوسی و بەو بەهانەیە پێشڕەوانیان دەگرت. لە سینەما لە هەر کەسێک شکیان کردبا دەگەڕان وخەتەر لای بنا گوێم دەرچوو. پاشان حاجی بە پارە پولیسی تیر کرد و بەرتێلەکە چەور بوو و پۆلیس دەستی لە سەر مان هەلگرت. کاک فوئاد لەو کارەی حاجی زۆر توڕە و نێگەران بوو. ئەسڵەن کاک عەتا و ئێمە ئاگاداری ئەو کارەی حاجی نە بوین. هەوەڵ جار بوو کە دیتم کاک فوئاد بە جۆریک شڵەژا کە ئۆقرەی لی بڕابوو. من و کاک عەتا تێگەیشتین کە کاک فوئاد حەز ناکا ئێمە لە هەموو شتێک دەخالەت کەین. کاک فوئاد زۆر کتێبی مارکسیستی و نوسراوەی دەست نووسی لە ماڵەکە بە نهێنی شاردبوەوە و ئەو ڕووداوە فرە نیگەرانی کردبوو.کە ئەگەر پولیس کتێبی قاچاخی دەس کەوتبا و بیزانیبا ، گرتن و زیندان و مان نە مان بە شوێنیەوە بوو.

کاک فوئاد دەورانی زانکۆی(زانستگای)لە کۆلێژی بەرق (کارەبا) تەواو کرد و لیسانسی وەر گرت و بوو بە موهەندسی بەرق. دەبوا دووساڵ بۆ حکومەتی ئێران سەربازی بکات. ئەو کاتە دەکرا دەورانی سەربازی لە پادەگان نە بی و لە شوێنێکی تر بۆ حکومەت ئێش کەیت و لە باتی سەربازی حیساب دەکرا.. کاک فوئاد وەک ئەفسەری وەزیفە گەڕایەوە مەریوان و وەک مودیر عامیلی بەرقی ناوچەی مەریوان دوو ساڵ سەربازی یەکەی گوزەراندو تێپەڕکرد.

## 6.1 دیدار و هاتنی هاوڕێ یان بۆ ئاڵمانە



هاوینی سالی 1348 ئالمانە لە ڕاستەوە کاک فوئاد، کاک نەسروڵای بلووری، کاک سەعید، کاک حەمە حسین کەریمی، ڕەشاد، کاک شوعیب وکاک ئولفەت

گرووپێک لەهاوڕێ یان بە ڕێزان: عەتا ڕۆستەمی، حەمەحسین کەریمی، شوعیب زەکەریایی، نەسروڵای بلووری لە هاوینی ساڵی 1348 ی هەتاوی بۆ دیدار و چاوپێکەوتنی کاک فوئاد هاتنە ئاڵمانە و چەند ڕۆژێک میوان بوون. کاک فوئاد لە دەبیرستان و زانستگا لە گەڵیان ئاشنا بوو بوو کە لە شارەکانی سنە، مەریوان و سەقزەوە هاتبوون. یەکیک لە بیرەوەری یەکانم کوێستان گەڕی

وچوون بۆ سەر بەرزایی یەکانی چاڵاو و قەلەبەرد بوو. شەوێک لە کوێستانی قەلەبەر ماینەوە و هەمووئەو کیوانە گەڕاین وزۆر سەرەو ژوور و سەرەو خوار بوینەوە کە هێلاک و ماندووی کردین. سەیرانیکی پڕ لە سەفا و خۆشی و یەگانەگی بوو. لە مەسیری ڕێگا لە هەوارەکان و سەر کانیاوەکان لامان دەدا و هێلاکیمان تۆزیک دەر دەچوو.بێگومان هاتنەکە تەنیا دیدارێکی ئاسایی نە بوو بەڵکوو تان و پۆی سیاسی و کۆبونەوەیەکی مەحفەلی و لە سەردەمی دامەزراندنی رێکخراوەی کۆمەڵەدا بوو.باس و پولیمیکی زۆر ولە هەمان کاتدا قسە وگفتوگۆ لە گەڵ زەحمەتکێشان دەکرا کە بە گشتی هەدەفمەند بوو.



هاوینی ساڵی 1348 ئاڵمانە لە ڕاستەوە
کاک تاهیر، کاک عەتا ڕوستەمی، ڕەشاد، کاک سەعید وکاک فوئاد

## 6.2 بڕیاریک

**کاک فوئاد بە خەتی خۆی لە پشت یەکێک لە وێنەکانی. ئەم دێڕانەی لە ساڵی 1347 هەتاوی لە تاران نوسیوە:**

*"لە هەل سورڕ و داسورڕی ژیانا، بە قەڵ ماسەکی بەش و لی کەوتن لە پاش ئەو پەلەیە لە ژیان دواکەوتم. و لە پاش ئەوەی لەو دوواکەوتنەدا، گەلی چەتی (شتی) نە ناس راوم بە باشی بۆ روون بوەوە کەوتمە زانستگای ئاریامیهر. تاکو*

*لەویدا  لە بەشی کارەبادا خەریکی فێر بوون بم. بەڵام ئێتر نازانم لە پاش ئەمەشدا ژێنم چۆن ئەبێ و چۆنم بە سەر تێ (دێ) . ئاخۆ لەوی یا لیرە دەس بە ئێش بم و پەلامار بۆ سەر بەر هەڵستەکانی مرۆڤایەتی بم. خۆشم نازانم!"*





تاران  ساڵی 1347 کاک فوئاد  لەزانستگای سەنعەتی شەریف

**دوو وشە: چەتێ و تێ زاراوەی مەریوانی یە، کە لە باتی شتێ و دێ م  لە پەرانتیزدا داناوە**

# 7. بار و دۆخی سیاسی_ کۆمەڵایەتی ئێران و کوردستان

کوردستان تا ساڵی 1340 ی هەتاوی کۆمەڵگایەکی فیئودالی بوو و سەرمایەداری دەرفەت و مەجالی گەشەی پەیدا نەکردبوو. شۆڕشی سپی شا فیئودالیسمی لە کوردستان خستە وەزعێکی دیفاعی یەوە کە تا دەهات هەرەسی دەهێنا. هێزی کاری تازە پێگەیشتوو کە بەرەو بازاڕی کار رویشتبوو، دوو نیشانە لە سەر ناوچاوان و تەوێڵی دەبینرا و داکوترابوو و شەقڵی خواردبوو. یەکەم نیشانەی دواکەوتویی کۆمەڵگای کوردستان و دووهەم نیشانەی ستەمی نەتەوایەتی کە کۆمەڵگای کوردستان تووشی هاتبوو. کوردستان لە باری سەنعەتی، تکنۆلوژی، کۆمینیکاسیون مێدیا وە دواکەوتبوو. نەخوێندەواری، زاڵ بوونی فەرهەنگی فیئودالی، دەردی بی دەرمانێک بوو کە بە سەر کۆمەڵگای کوردستان داسەپابوو.تایبەتمەند یەکانی کوردستان ئاشکرا و زەق تر بونەوە. رووناکبیری شۆڕشگێڕی ئەو سەردەمە ئێتر لە گەڵ فینۆمنی "کار و سەرمایە" بەرەوروو بوو. حیزبە کۆنەکان، شەخسیەتی سیاسی کۆن، رێبەرانی مەزهەبی و فیئودالەکان نەیاندەتوانی بە شێوەی لیبراوانە و شۆڕشگێرانە رێبەری جەماوەری خەڵک و تەنانەت کارێکی شیاوی کۆمەڵگای کوردەواری بکەن.

شەڕی سارد لە نێوان شورەوی و ئامریکا و بونیاد نانی حکۆمەتی سوسیالیستی بە پێ دوکترینی مائولە چین و دیاردەی ئەمپڕیالیزمی رووسیاو شۆڕشی کوبا و سەرکەوتنی شۆڕش لە ئەلجەزایر و ئەندوونزی هەمووئەمانە لە شێوەی بیر کردنەوەی چەپی رووناکبیری ئێران لە ساڵەکانی چل تەئسیری دانابوو.سوسیالیزمی نەوعی رووسیا ئێعتبار و و نرخی لە لای رووناکبیران ئەگەرچی لە دەسەڵاتدابوو، هاتبوە خوارەوە و پیس دۆڕاندبووی. پرتوکاوی و هەرس هێنانی سیستەمی شورەوی و گەشەی چین، بوە هوی ئەوە کە چین وەک قوتبێکی ژمارە دوو بناسرێ. گەشەی تکینک، سەنعەت، ورادیو و

گۆڤارەکان، کە هەموو ڕووداوەکانێ بە خیرایی بڵاو دەکردەوە لەسەر چەپی ئێران تەئسیری ڕاستەوخۆی دانابوو.

لنین وەک ڕێبەری کرێکاران هەر خۆشەویست و خاوەن ئوتوریتەی بەرزبوو، دوکترینی مائو لە چین خەباتی چەکداری جەماوەری و گەمارۆی شارەکان لە ڕێگای دێهاتەوە ڕێنوێنی و سفارش دەکرد. شۆڕشی کوبا و فیدڵ کاسترۆ خەباتی چەکداری شاریان قوبوڵ بوو.

لە ئێران دیکتاتوری ڕەزا شا دامەزرابوو و خەڵک لە هەموو ژیانێکی ئاسودە بێ بەش کرابوون و چارە نووسی خەڵکی ئێران کەوتبوە دەستی ئاغای میر پێنج(ڕەزا شا) کە نەخوێندەوار بوو. چکمەکانی ڕەزا شا شۆڕشی مەشروتە و دەسکەوتەکانی ورد و خاش کرد و سەرکوتی کرد.ئێنگلیزیەکان ڕەزاشایان لە ئێران دەر کرد و کوڕەکەیان کرد بە شا. ئەم جارە ئامریکا و ئێنگلیز بە دوو قۆڵی شایان یارمەتی دا و هەموو پلان و سیاست و بەرنامەکانی لە لایەن ئەوانەوە دیکتە دەکرا. ساڵی 1946 ی زاینی ئازادی خوازانی کورد کۆماری مەهابادیان دامەزراند و پارلەمانی کودرستان دیاری کرا و ئاڵای کورد بۆ ماوەیەک لە سەر خاکی کوردستان شکایەوە. پاشان خەیانەتی ڕووسیا و هاو کات ڕێک کەوتن و خەیانە تی هاوبەشی ئامریکا و ئێنگلیز و. .. کۆماری ساوایان کوشت و حەمە ڕەزا شا بە دەستوری ئامپریالیزمی جیهانی ڕێبەرانی کۆمار بە ڕێزان : قازی مەحەممد(پێشەوا – ڕێبەری کۆماری مەهاباد) مەحەممد حسین سیف قازی (وەزیری جەنگ و فەرمانداری مەهاباد) و ئەبولقاسم سەدر قازی(نوێنەری خەڵکی مەهاباد لە پارلەمانی تاران ساڵی 1943) لە دادگایەکی نیزامیدا بە شێوەیەکی دڵتەزین لە کازیوەی بەیانی ڕۆژی 10 ی خاکە لیوەی 1326 ی هەتاوی لە مەیدانی چوار چرای مەهاباد لە سێدارە دا.

کاتێک کۆماری مەهاباد بونیاد نرا و دروست بوو، حکومەتی مەرکەزی لە ئێران نەیتوانی ئەو دەسکەوتە مێژوویی یەی کورد و ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی یەی کوردستان، کە قەوارە و فورمی کۆمەڵگای کوردستانی گوڕابوو تەحەمول بکات و بۆ دامەزراندنی دیکتاتوری یەک پارچە و دژایەتی لە

گەڵ مافی نەتەوەکانی تر و دیموکراسی تەنیا رێگا چارەیان گەمارۆی کوردستان و میلیتاریزەی کردنی کوردستان بوو. شا و شەعبان بی مێشک، جبهەی میللی یان تەفرو و تونا کرد وبە پیلان پرۆسەی تواندنەوەیان ئامادەکرد وردە وردە تواوە و لە بەین چوو.کودەتای 28 ی مورادی 1332 ی هەتاوی بە یارمەتی راستەو خۆی ئامریکا کرا و دوکتور موسەدیق و کابینە و دەوڵەتە بە هێزەکەیان بی دەسەڵات و بی هێز کرد. بۆ ئاگاداری خوێنەران حکومەتی ئامریکا لەم دوایی یانەدا بۆ سرینەوەی ئەو کردەوە خراپانە لە لاپەڕەکانی مێژوو و لە زەینی خەڵکی ئێراندا، راستەوخۆ داوای لێبوردنی لە خەڵکی ئێران کرد. سازانی حیزبی توودە لە گەڵ حکومەتی شا و و کودەتای ئامریکا و ساواک بۆ جارێ دووهەم لە ئێران، دیکتاتوری حەمە رەزا شای دامەزراند. کۆمەڵگای ئێران پرۆسەی فیودالی دەپێوا و سەردەمێک بوو سەرمایەداری بواری گۆڕینی دەست پێی کردبوو. تەمەن وعومری فیئودالیسم لە ئێراندا زۆر دوور و درێژ بوو.مێژوو ناسان و مێژووزانان دەڵێن ،ئێران لە قۆناغی کۆیلەتی تێپەڕ نەبووە و ئەو جۆرەی سیستەمی کۆیلەتی لە یونان و ئیتالیا بووە لە وڵاتی ئێران ئاوا کۆمەڵگایەک نە بووە. یانی خاوەن کۆیلە و کۆیلە، کە دووچینی سەرەکی کۆمەڵگا بن نە بینراوە و نەبووە. کە وایە دەورانی فیئوالیسم زۆر دێر تەواو بوو و تازە فەرهەنگەکەی هەر هەناسە دەکێشی و هێشتا نە مردووە و ماوە. شۆڕشی سپی شا لە سەرەوە کرا و ئاڵ و گوڕی پێک هێنا و و دەسەڵاتی حکومەتیان زۆر ترکرد و کۆمەڵگای ئێرانی گۆڕا.چەپی ئێران لە ئاوا بار و دۆخێکدا دەبوا وەڵامی وەزعی تازە بداتەوە. حیزبی تودە ئابڕوی نە مابوو و پراکتێکی خەیانەت و سازانی هەڵبژارد. هەموو شتێک لە لایەن سوڤیە تەوە بە حیزبی توودە دیکتە دەکرا و تەنیاچاوی لە رووسیا بوو. شۆڕشی سپی شا و گەشەی سەرمایەداری هێزی کرێکاری کێشایە ناو بازاڕی کار و پرۆسەی پەیدا بوونی چینێکی نوێ دەستی پێکرد و کرێکار راستەوخو لە کۆمەڵگای ئێران بوو بە هێزی بەرهەم هێنان.رووناک بیری ئێرانی دەبواله گەڵ ئەم وەزعە خۆی بگونجێنی و ئاداپتە بکات ورێگایەک بدوزیتەوە.

ڕێکخراوی موجاهیدین بە تێکڵاویک لە مارکسیسم و ئیسلامی شیعەی سووری عەلەوی لە دایک بوو. ڕێکخراوی چریکە فیدایی یە کانی خەڵکی ئێران لە کۆبا ئێلهامیان وەر گرت و دەست بە کار بوون. لە حیزبی توودە ڕێکخراوی سازمانی ئینقلابی دروست بوو و جیا بونەوە. ئیسلامی یەکان بە ڕێبەری خومینی شایان نەدەویست و هاو کات زۆر دژی ئازادی ژنان و ئیسڵاحات ئەرزی و دابەش کردنی زەوی لە بەین جوتیاراندا بوون. جەرەیانی سیاهکەڵ لە شیمالی ئێران لە لایەن چریکەکانەوە سازمان درا و شەڕی چەکداریان کرد و بە شوین ئەوەدا. ساواک و شا زۆر کەسیان گرت و توندی زیندانیان کرد، زۆریان ئێعدام کرد و حکومەتی پۆلیسی دامەزرا. پارەی نەوتی ئێران دەدرا بە چەک و پادەگان و هێزی سەرکوتگەری پێ بەخێو دەکرا. و بەشێکی تری داهاتەکە دزەکانی حکومەتی و غەیرە حکومەتی هەڵیان دەلووشی. کە وا بوو دیکتاتوری بێ پەردە و ئاشکرا لە ئێران دامەزرا. سات و سەودا و مامڵەی ڕووسیا و ئامریکا و روخاندنی کۆماری مەهاباد و کوشتن و لە سێدارەدانی ڕێبەرانی جمهوری کورت تەمەنی مەهاباد خەیانەتێکی مێژوویی بە کورد بوو کە ئەم هەڵویستەی ڕژیمی پاشایەتی بوە هوی دوواکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان لە باری سیاسی، ئابوری و فەرهەنگی یەوە. حیزبی دیموکرات پاش لە سێ دارەدانی ڕێبەرانی کۆماری مەهاباد، ڕێبەری یەکەی تووشی قەیرانی توندی سیاسی هات وبەشێک لە ڕێبەری یەکەی لە حیزبی توودە ئێلهامی وەر دەگرت. ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕی ناو حیزبی دیموکرات جیا بونەوە و کۆمیتەی شۆڕشگێریان پێک هێنا و زۆربەیان رویشتنە کوردستانی عێراق و بەرەی حاکم لە ناو بزوتنەوەی عێراقدا کۆمیتەی شۆڕشگێریان نا ژێر فشار و وئەوانیش بۆ ئەوەی وڵامێک بەو کردەوە خراپانە بدەنەوە لە کوردستانی رۆژ هەڵات (ئێران) دەستیان بە خەباتی چەکداری کرد، کە لە باری کۆمەڵایەتی و سیاسی یەوە زوو بوو. کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لە ساڵەکانی1346 -1347 ی هەتاوی لە هەندی ناوچەی کوردستان پەرەی سەند و روناکبیرانی تری کورد، یارمەتیان دا وتەنانەت ئامادە بوون لە گەڵ کومیتەی شۆڕشگێڕ هاوکاری ڕاستەوخۆ کەن

وپێکەوە لە گەڵ ئەوان خەباتی چەکداری کەن. رژیمی شا کەوتە میلیتاریزەی کوردستان وئەو ناوچانەی پێشمەرگەی لی بوو. خەڵکی بێ تاوانی گرت و زیندانی کردن. زۆر کەسی کوشت و لە باتی دادگای مەدەنی دادگای نیزامی و سەحرایی رێک خست و بێ محاکەمە زۆر کەسی زیندان کرد و حوکمیان درا و هەندێکیش تەبعید و لە کوردستان دوور خرانەوە. ساواک و شا بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئێراندا هێزی بەکرێ گیراو و هەڵخەڵە تاویان دروست کرد، کەلە زمانی فارسیدا چریک یان پێ دەگوت. شۆرشی ساڵەکانی 1347- 1346 ی هەتاوی تەنیا ماوەیەک دەوامی هێنا و پاشان سەرکوت کرا. رێبەرانی بزووتنەوەکە یان شەهید بوون و یان لە کوردستان دەر چوون. بەرێزان ئێسمایل شەریف زادە ،سلێمان موعینی، مەلا ئاوارە(مەلا خدر شلماشی) ، مینە شەم و. .. سیمای ناسراو لە ئاستی رێبەری دا خەباتیان کرد.پێم وایە بە رێزان: مەلا مەحمود زەنگەنە و موراد پادامی (موراد شیرێژ ) و سەدیق ئەنجیری و قادر شەریف(هاشم عقل التولاب) لە گەڵیان بوون .رژیمی شا بە یارمەتی پارتی دیموکراتی کودستانی عێراق، بزووتنەوەی ساڵەکانی 1346 –1347 ی هەتاوی سەرکوت کرد. و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق هەندی لە رێبەرانی بزووتنەوەکەیان و لە وانە بە رێز کاک سلێمانی موعینی یان دیل و زیندانی کرد و پاشان کوشتیان و تەرمی ئەو ئازادیخواز و شۆرشگێرەیان تەحویلی ساواکی ئێران دا.هەروها بە رێزان خەلیل شەوباش (بانە یی)و مەلا رەحیمی سیوچی کە ئەندامی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو(بە ناوی نهێنی میرزا ئەحمەد و خەڵکی قۆڵغەتەپە) لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقەوە دێل کران و پاشان کوشتنیان و تەرمەکانیان هەرگیز تەحویلی بنەماڵە کانیان نە داوە.

# 8.گەڵاڵەی دروست بوون و پێکهاتنی کۆمەڵە

کۆمەڵە لە پایزی 1348ی هەتاوی (1969 ی زایینی) وەک پێویستی یەکی مێژوویی و وەک ڕێکخراوەیەکی نهێنی لە تاران بنیات نرا ولە دایک بوو و دامەزرا. بڕیار و هەنگاوێکی زۆر گەورە لە مێژووی خەڵکی کوردا بوو. گرێنگ ترین خەت و بۆچۆونی کاک فوئاد و دامەزرینەرانی کۆمەڵە ئەوەبوو کە لە گەڵ رووناک بیرانی پێشکەوتوی سەردەم کە بوچونی سیاسی دیاری کراو و هاوبەشیان هەبوو ئەو کارەیان کرد. خاڵە هاوبەشەکانی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە رۆحیەی کومونیستی شۆڕشگێڕانە ،پاکی و بێگەردی سادقانەی سیاسی، لە خۆ بووردن لە هەموو بوارێکی خەباتدا و بایەخ دانەنان بۆ ژیانی شەخسی و. .. بوو.رووناک بیرانی کورد لە تاران کەبەراستی هەڵویستی عەدالەتخوازی و سوسیالیستیان بۆ کێشەی نەتەوایەتی کوردستان هەبوو، و بیر و رای چینایەتییان لەبار و دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێران و کوردستانەوە سەر چاوەی دەگرت بە نهێنی یەکیان گرت و کۆمەڵەیان دامەزراند. ئامانجەکانی کۆمەڵەی ئەو کات کە سەداقەت و شەرافەتی شۆڕشگێڕانە بڕبڕەی پشتی بوو، ڕێک خستنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی کە پشت بە هێزی جەماوەری بەرێنی بێ بەشان دەبەستێ بوو و لە هەمان کاتدا خەبات بۆ لابردنی چەوسانەوەی مرۆڤ لە مرۆڤ و لابردنی چەوسانەوەی کرێکاران و بێ بەشان و نابەرابەری ناو کۆمەڵگا بوو.وەک رەوتی تەشکیلاتی کە زۆر مەترح و باو بوو کونگرەی دامەزرینەر و موسس،ئێعلام نەکرا و رانەگەیەندرا بەڵام لە پراکتیکی دوور و درێژی کۆمەڵەدا کۆنگەرەی دامەزرێنەرهەبوو.فەزای سیاسی تاران و و فەزای کۆمەڵایەتی کوردستان لە سەر بۆچونی فیکری و هەڵویستی دامەزرینەرانی کۆمەڵە تەئسیری راستەو خۆی دانابوو. وەزنی سیاسی چینی کرێکار لە ئێران و بزووتنەوەی کۆمونیستی جیهانی قبلە نمای یەکگرتنەکە بوو.ئامانجی رووناک

بیرانی دامەزرینەری کۆمەڵە، سوسیالیزم و نەمانی چەوسانەوە و حکومەتی کرێکاری بوو.سەبارەت بە کۆمەڵگای سوڤیەت زانیاری تا رادەیەک بوو کە ئەویش وڵامدەرەوە نەبوو.بە حیزبی توودە قەد باوەڕ نەدەکرا چونکوو هەمووکاتێک وەک قوتابی و خوێندکار لە سوڤیەتەوە دیکتە یان پێ دەکرا. کتێبی سوور وتزەکان و دوکترینی مائو لە نێوان رووناک بیرانی ئەو سەردەمە لایەنگری کەم نەبوو. تەقریبەن چەپەکانی دونیا بەرەو چین سەرنجیان ڕاکێشرابوو و سەریان هەڵسوڕاندبوو. بزووتنەوەی کۆمونیستی لە قەیرانێکی توند و تیژدا گەرمە یاوی گرتبوو و هەڵویستی سیاسی بۆ رووناک بیران و پێشرەوانی چەپ لە نێوان قوتبەکاندا ئاسان نە بوو. لەو پڕیودە و کاتەدا سوڕان بە لای شۆڕشی سەرکەوتووی چین بەر چاو دەکەوت و وەک رێگا حەللێک بۆ چارەی کێشەکان ومەسەڵەکان خۆی داسەپاندبوو. لە ئێران ریفورمی زەوی و زار لە سەرەوە شا کردبووی و ئاڵ و گۆڕی کۆمەڵایەتی پێش هێنابوو کە بە تایبەت لە سەر هەڵویست و لیکدانەوەکانی دوو(2) رووناک بیری کورد لە شارەکانی بۆکان و مەریوان تەئسیری دانابوو بە جۆرێک کەلیکدانەوەی سەیر و عەجایەبیان لە شۆڕشی سپی شا دەکرد. لە مەریوان بە بۆنەی رۆژی شەشی بەهمەن (رۆژی شۆڕشی سپی شا و خەڵک) و لەبۆکان بە بۆنەی " جەژنەکانی شاهەنشایی و کەسایەتی شای ئێران " وتاریان خوێندەوە کە چاپ و بڵاو بوەوە . ئەوەی کە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە وەک بنەمایەکی بنەڕەتی لە بەر چاویان بوو ئەوە بوو کە شوێن کەوتووی، هێچ حیزبێک نە بوون و دەستیان بۆ هێچ وڵاتێک لە سەر سینە دانە نا. لە هەمان کاتدا ئاگاهانە خۆیان لە سەف و ریزی هاو بەشێ چینی بێ بەشان و کرێکاراندا بینیەوە. دامەزرئنەرانی کۆمەڵە هەموویان گەنج و ئەزمونی سیاسی زۆریان نە بوو. بەشێک لە رووناکبیرانی ئەو کاتەی ئێران بوون کە لە کوردستان ژیابوون و بە شوێن وڵامێکی شۆڕشگێرانە بۆ ئەو پرسیارە بوون کە چ بکەن ؟لە هەمانکاتدا کێشەی میللی کورد مەترەح بوو. دژایەتی لە گەڵ سیستەمی پاشایەتی کە راستەوخۆ ئامریکا و رۆژئاوا پشتیوانی لیدەکرد، بە راستی ئاسان نە بوو، و دەبوا خۆیان بۆ ئەو

خەباتە کە لە واقیعدا شەڕی مان و نەمان بوو ئامادە کەن. چاوی ڕاست لە چاوی چەپ دەترسا و بە ڕاستی ئێنسان لە ساواک دەترسا و دەزگای شکەنجە و زیندان و پولیسی وەحشی یان بۆ تەرخان کردبوو. لە شارەکانی کوردستان سێ ئۆرگانی ساواک، ئەرتەش و پولیس بە شێوەی سێ لایەنە بۆ پاراستنی سیستەمی پاشایەتی خەباتیان دەکرد. بۆیە کۆمەڵە و گەلالەی دروست بوونی دیارە یەکی نهێنی بوو. ئەرکی تەشکیلاتی بۆ دامەزرینەرانی کۆمەڵە قورس بوو. زەخت و فشاری ساواک و نە بوونی ئاسایش و ئەمنیەت وای لە کۆمەڵە کردبوو کە بۆئەندام و یار گرتن و گەورە کردنەوەی تەشکیلات و وەر گرتنی ئەندامی تازە تووشی چەپ ڕەوی و پاریزی زۆر و هەڵبژاردنی وسواسانەکرد و لەم پرۆسەیەدا کۆمەڵە بە ڕاستی قازانجی نە کرد. دەروازەی کۆمەڵە لە واقیعدا بە خاتر نهێنی کاری بە شێوەیەکی باوەڕ پێ نە کراو بەسترا بوو. پێوەرەکان، ئیمانی پتەو باوەڕی قووڵی سیاسی و پاراستنی نهێی یەکانی تەشکیلات بوو و ئەندامان دەبوا لە ژێر شکەنجە دا سەربەرز و بە ئیمان بن و لە گەڵ ژیانی کرێکاری خۆیان تێکەڵ کەن وهاو کات قازانجی شەخسی پێ شێل کەن. ئەوە بە هەڵکەوت نە بوو کە هەموو دامەزرینەرانی کۆمەڵە لە تاران کورد بوون. ئەگێنا کاک فوئاد هاوڕێ رووناک بیرە ئێرانی یە کانی کە بووچونی چریکی و بوچوونی تریان هەبوو بە باشی دەناسی. بۆ نموونە مەسعوود و مەجید ئەحمەد زادە گان ناسراوی زۆر نزیکی کاک فوئاد بوون. فەزای سیاسی تاران و زانستگاکان و کاراکتری بە ڕێزان سمایل شەریف زادە و سلێمان موعینی و شۆڕشی کوردستانی عێراق لە سەر هەڵویستی دامەزرینەرانی کۆمەڵە تەئسیری زۆری هە بوو.

کارەکەیان لە ئاستێکی هەرە بەرزی نهێنێ دا بەهرەمەند بوو کە پۆلیس و ساواک، تاگیرانی ساڵی 1353 دەستی پێکرد و ئەندامانی کۆمەڵە لەو خەباتەدا سەر بەرز و هێچ راز و نهێی یەکیان نە درکاند. دەزگای جاسوسی ئێران نەیزانی کۆمەڵە هەیە و خرێکی کاری نهێنی سیاسی و تەشکێلاتی یە. یانی پۆلیس لە تاران ئەو ڕێکخراوە یەی نە دەناسی و لە هەڵسوڕانی سیاسی

ڕێکخراوەکە ئاگادار نە بوو. پەیوەندی کاک فوئاد لە گەڵ ڕووناکیرانی تر وەک بە ڕێزان: سەدیق کەمانگەر،تەیب عەباسی رووخ اللّهی، سەعید یزدیان، یەدووڵای بیگلەری، فاتیح شێخ الاسلامی، عەتا ڕۆستەمی، حەمە حسین کەریمی، یوسف ئەردەڵان، موسلیح شێخ الاسلامی، عبدووڵای بابان، شوعیب زەکەریایی، مەحمودی مەنوچیهری، عبدوڵای موهتەدی، ساعید وەتەندوست، خانە(سەعید) موعینی، حسین موراد بەگی، سیاوەش مودەڕەسی، ئێرەخی فەرزاد، مەحمود کەیوان و ماجید تاهیری و حبیباللّه و نەسرۆلای بلووری و... کەم نە بوو.ئەڵبەتە لە گەڵ زۆر کەس پەیوەندی عاتیفی هەبوو، و ڕەنگە ئێستا بە هەزاران دەلیل و فاکتۆری کۆمەڵایەتی، ژیانی ئاسایی خۆیان هەیە، کە لە باری ئەمنیەتی یەوە نووسینی ناویان بە پێویست نازانم. کۆڕ و کۆمەڵی کوردەکانی ئەو کاتەی تاران کە خوێندەواریش بوون، بەرەو مارکسیزم و فیکری نوێ ملیان نا و ئارمانی هاوبەشیان فرەتر بوو. لە پاییزی 1348 ی هەتاوی کۆمەڵە وەک ڕێکخراوەیەکی نهێنی لە دایک بوو. تەشکیلاتەکەی زۆرتر لە کوردستان و تاران خەریکی هەڵسوڕانی سیاسی بوون. ئامانجەکانی کۆمەڵەی ئەو کات، ڕێک خستنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی کە پشت بە هێزی جەماوەری بەرینی بێ بەشان دەبەستی بوو و لە هەمان کاتدا، خەبات بۆ لا بردنی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە مرۆڤ و لابردنی چەوسانەوەی کرێکاران و بی بەشان و لا بردنی ستەمی نەتەوایەتی و نابەرابەری ناو کۆمەڵگا بوو. کۆمەڵە وەک پێویستی یەکی مێژوویی لە دایک بوو.لە بواری مێژوودا روحیەی کۆمونیستی، شۆڕشگێڕیی ڕاستە قینە، پاکی و بێگەردی لە باری سیاسی یەوە، لە خۆ بوردن لە هەموو بوارێکی ژیاندا بڕبڕەی پشتی کۆمەڵە بووە. و لە کردەوە و بیر و بوچونی دامەزرێنەرانی ریشەی داکوتابوو. بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ بە شێوەی نهێنی لە کوردستان و ئێران کاری تەشکیلاتی و سیاسی کردو ئاسەواری ئەو خەباتە نهێنی یە لە گەڕەکە هەژارەکانی شارەکانی کوردستان و لە ناو فەقیر ترین توێژی کۆمەڵگای کوردەواری لە دێهات ئێستاش دیارە. ئەندامانی دامەزرینەری کۆمەڵە وەکوو بەشێک لە رووناکبیرانی ئەو کاتەی ئێران،کە لە کوردستان ژیا

بوون بە شوین وڵامێکی شۆڕشگیڕانە بۆ ئەو پرسیارە بوون کە چی بکەن ؟لە هەمان کاتدامەسەلەی میللی کورد، مەترەح بوو. خەباتی گەلی کورد دژی ستەمی نەتەوایەتی لە زۆەوە دەستی پێکرابوو. هەر شۆڕش و بزوتنەوەیەکی بەشێک لە کوردستان لە سەر ئەو پارچەکەی تری تەئسیری دادەنا. و هەر کات حکومەتە مەرکەزی یە کانی ئێران ،عێراق،سووریا و تورکیا کز دەبوون بزوتنەوی میللی سەری هەڵدەدا. بەشە داگیر کراوەکانی کوردستان لە کاتی سەر هەڵدانی بزووتنەوەکانیاندا، دەبوون بە سەنگەرێک بۆ ئازادی خوازانی کورد لە پارچەکانی تردا.

# 9. کاک فوئاد پاش تەواو کردنی زانکۆ

## 9.1 مودیر عاملی بەرق لە شاری مەریوان

کاک فوئاد ساڵی 1351 ی هەتاوی، دەورانی سەربازی یەکەی، کە دوو ساڵ بوو لە شاری مەریوان گوزراند. دوو ساڵ سەربازی بۆ هەموو شارۆمەندێک ئێجباری بوو و دەبوا لە شوێنێک خزمەت سەربازی خۆی بکردبایە. وەک مودیر عاملی بەرق لە شاری مەریوان دەستی بە کار کرد. گەنجێکی رووناک بیر و شۆڕشگێڕ بۆ خزمەت بە هەژارانی کورد لە مەریوان، بە ئێمانەوە قەڵغانی هەلگرتوە و ئارەزووی ئەوەیە خزمەتێک بکات. وەزعی کۆمەڵگاکە سەیر و سەمەر بوو. خەڵک نەیادەتوانی هەناسە بکێشن و دیکتاتوری موتڵەق داسەپابوو. تەنیا سەرەنێزە و چەکمە و پۆتێن مافی هەناسە کێشانیان بوو. کاک فوئاد لە سەر ڕێڵی سەداقەت و ئێمان و فیداکاری دەرۆیشت و ئەم هەڵویستە لە زەوقی کار بە دەستانی حکومەتی دابووو هەستیانی برێندار کردبوو. ڕووناکبیران و شۆڕشگێڕانی تر تا ڕادەیەکی بەر چاو ئێشی سیاسیان کردبوو. لە ناو خەڵکدا ئێعتبار و ئەتوریتەیان بە دەس هێنابووو بە راستی

خۆشەویست بوون.توێژی موعەلیمی ڕووناکبیر لە ئەوانی تر سەرکەوتووتر بوون وشوێن دەستیان دیار بوو. بە تایبەت یارمەتی و ئامادە کردنی ئاستی سیاسی و کاری بە ئاگا هێنانەوەی قوتابی یەکانی شاری مەریوان منەتباری خەبات و تێکۆشانی بە ڕێزان: فاتیح شێخ الاسلامی و ئەحمەدی مەجلیسی، حسین مستەفاسولتانی، عەتا روستەمی، ودەیان موعەلیمی تربوو.ئەحمەد مەجلیسی خەڵکی میناب بوو و دەرسی کیمیای لە ئەستوگرتبوو. کاک فاتیح لە دامەزراندنی کتێبخانەی شار و مەدرەسە دەوری سەرەکی وهەڵسوڕاو و فەعالی هەبوو. کاک فاتیح ماویەک تووشی وردەکاری و تەحریک و هان دانی قوتابیان هاتبوو تا دژایەتی هەندی موعەلیمی غەریب بکەن. بەم شێوەیە قوتابیان لە خوێندن دوور کەتبونەوە کە باری نگەتێڤی قورس تر بوو و لە ڕاستیدا دەسکەوتێکی سیاسی نەبوو.بەڵام دژی کاربەدەستان و نوێنەرانی پیسی حکومەتی وبە تایبەت ساواک خەباتی کرد و لە سەر و لە پێناو هەڵویستە بە نرخ و چاکەکانی دەر کرا وقەد تەسلیمی ملهوڕی ساواکی یەکان نە بوو و سپەری دانە خست کە پاشان لە شاری ئەسفەهانیش زیندانیان کرد. کاک حسین و جەمعێکی تر لە دەبیران دەرسی بیرکاری و کیمیا و فیزیکیان لە ئەستوو بوو.کاک حسین و هاورێ کانی ئاستی دەرسەکانیان بە شێوەیەکی عالی و بێ وێنە بردە سەرێ و گەنجەکانی مەریوانیان بۆ زانستگاکانی ئێران ئامادە کرد و ئاکامی تێکۆشان و زەحمەتەکانی ئەو گروپە موعەلیمە زۆر دیارە. لە دەورانی دەبیری ئەو توێژە موعەلیمە دڵسۆز و فیداکارە قوتابیانی مەریوانی رچەیان شکاند و لە زانستگاکانی ئێران وەر گیران. و فەزا وجەوی ئاموزشی و فێر کردن و بارهێنانی لە باری پێداگۆگی یەوە گەشە پێدا. و ژمارەیەکی زۆر لەقوتابی یەکانیان لە بێ لایەنی، نائومیدی ،ڕەش بینی و سەرگەردانی رزگار کرد. جەوێک داسەپابوو کە گەنجەکانی مەریوان لە کاروانی پێشکەوتویی عیلم و زانین دوور خستبوەوە. ئەو توێژە موعەلیمە فیداکار و دڵسۆزە جەوەکەیان شکاند وبە کردەوە یارمەتی گەنجەکانیان دا و چرای عیلم و زانستیان بە دەست خوازیارانی یەوە دا. ودەیان موعەلیمی تر لە ئاستێکی تر و بە نهێنی دژی

حکومەتی پاشایەتی خەبات وکاری سیاسیان دەکرد. ناوی ئەو موعەلیمە شۆڕشگێڕ و دڵسۆزانەی مەریوان ئەوەندە زۆرن کە شوێن دەستی هەموویان دیارە و تەنها دەتوانم بڵێم، ئەرکی ئێنسانی و کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێرانەی خۆیان بە ئێمان و سەداقەتەوە بە جێ هێنا وبە کردەوە نیشانیان دا. بە داخەوە ناکرێ لیرە ناوی هەموو ئەو ئازیزانە بنووسم. و زۆر زۆر داوای لیبوردوون دەکەم و لە بەرانبەر هەڵسوڕانی شۆڕشگێڕانە و کۆمەڵایەتیان سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنم. زۆربەی هەرە زۆری موعەلیمەکانی مەریوان لە لایەن مەلاکانی کۆنەپارێز و بەهاوکاری بەکرێ گیراوانی ناوچەوە بە تاوانی بەشداری و دیفاع لە عیلم و زانست وشۆڕشی کوردستان لە سەر کار وئێشی خۆیان دەر کران. زۆربەی هەرە زۆریان خاوەنی هەڵویستی سیاسی بوون و لە سەنگەرە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا دژی بی عەدالەتی ودیکتاتوری هەڵسوڕان و خەباتی نهێنی و ئاشکرایان کرد. ڕووناک بیرانی تر کاری سیاسیان لە مەریوان لە بوارێکی تردا دەکرد .

هاوڕێ مینەی حیسامی وەک موهەندسی کشت و کاڵ لە ئێدارەی کەشاوەرزی مەریوان یەکیک لە بەر پرسان بوو. کاک مینە سیمایەکی زۆر خۆشەویست وخاوەن هەڵویست و دڵسۆز وجێگای متمانە و باوەڕی خەڵکی مەریوان بوو وسەرەڕای خەباتی سیاسی دژی دیکتاتوری و سیستەمی پاشایەتی، فیداکارانە و بە هەستێکی ئێنسانی یەوە ئێش و خزمەتی دەکرد و بە ڕاستی لە ناو جەماوەری خەڵکدا ڕێز و ئێحترامی تایبەتی هەبوو. لە درێژە ی خەباتی سیاسی و کاتێک فەرماندە و پێشمەرگەی هێزی پێشڕەوی کۆمەڵە بوو زۆر سوننەتی چاکی ڕێکخراوەیی و پێشمەرگانەی جێ خست و یەکیک لە فەرماندەخۆشەویستەکانی کۆمەڵەبوو.کاک مینە بەرپرسی کومیتەی هێزی پێشڕەو بوو.وکاک یەحیا دەوەنداری و کەسێکی تریش ئەندامی کومیتەکەبوون .پراکتێکی شۆڕشگێڕانەی هێزی پێشڕەو لەلاپەڕەکانی میژووی سەربەرزی کۆمەڵەدا تۆمار کراوە.

نیروگایەگی تازە ی بەرق لە مەریوان دامەزرابوو . کاک فوئاد هەوەڵ جار وزە وکارەبای بە شارۆمەندانی کەم دەسەلات وگەڕەکە هەژارەکانی مەریوان دا. بەلام فەرمانداری مەریوان زۆر موخالیف بوو ودەیەویست کارەبا بە ماڵی ساواکی یەکان، بەرپرسانی حکومەتی و گەڕەکی دەوڵەمەندەکان بدرێت.وزە و کارەبا لە نیروگا کۆنەکەی مەریوان کە بی هێز وشکاو بوو، بۆ دەوڵەمەندەکان دابین کرابوو کە زۆر جار دەکوژایەوە و دەوڵەمەندەکان بی کارەبا دەمانەوە . کاک فوئاد وەک مودیر عامیلی بەرقی مەریوان لە جەوێکی سیاسی کە لە مەریوان هەبوو دەستی بە کار کرد. بڕیاری دا تابۆ محلە و گەڕەکە هەژار نشینەکان بەرق بکێشن. بۆ گەڕەکی لیلاخییەکان، و گەڕەکی کونە دێو و پشت دارسیران، گەڕەکی نزیک تەرخان ئاوا، لە زوو ترین کاتدا، سرویسی بەرق و ئێمکاناتی ئەلکتریسیتەی دا.ئەم نەقشە و پلانە و سرویسانە دەبوا بە ئێجازەی ساواک و فەرماندار بکرێ و عالی جەنابان ئاگادار بن. ساواک بەڵگەی دەویست و لە هەمان کاتدا ئاسۆیەکی دوورتریان لە بەر چاو بوو کە گورووپێک یان حیزبێک شوێن هەڵکەن و یەکسەرە نابودیان کەن. ساواک لە کەمیندا نوستبوو و بە ئەنقەست قسەیەکیان نەدەکرد. فەرمانداری ئەو کاتەی مەریوان کابرایەک بە ناوی "نیرومەند" بوو کە خەڵکی ترساندبوو و وەک ملهوڕێک لە شاردا دەسوڕایەوە و تەعزیم و سەردانەواندنی دەویست. کەم کەس دەیویرا دژایەتی بکا. بۆ نموونە لە شارەکای تری کوردستان ئێمام جومعە یان بازاڕیەکی خۆشناو، دژی دەسەلاتدارێکی سەر بە ڕژیم ئێعترازیان دەکرد. و یان لە بەرانبەر زوڵم و زۆری بێ سنووریان تا ئەندازەیەک کە زەرەر و خەسارت نە بینن ڕادەوەستان و دژایەتیان دەکرد. بەڵام لە مەریوان ئێمام جومعە و بازاڕی یە بە دەسەڵاتەکان سکوت و قرو قەپیان کردبوو. خەڵکی مەریوان لەم بابەتەوە زەرەری فرە و لە ڕادە بە دەریان کرد. کاک فوئاد لە سەر ئەم وێرانەیە،کە نوێنەرانی رژیم دیکتاتوریان دا سەپاندبوو و پەپوو تیدا دەێخوێند بینایەکی تری دروست کرد. بینای سەربەستی، بینای شەرافەت، بینای کردەوەی چاکی دروست کرد. لە گەڵ ژێر دەست و کارمەندەکانی ئێدارەی بەرق وەک برا وا

بوو.لە ئێحترامی درۆینە کە دەکرا بێزار بوو. قەد لە پشتی شۆفیری ماشینەکە دانەدەنێشت. وەک خاک ئارام و بێ فیز بوو. لە حاستی ژێر دەست میهرەبان و بە ڕەحم و لە حاست حاکمانی زاڵم جیددی و هەرگیز سەری دانەدەنواند و نانیشی بە قەرز نە دەدا. بە کارمەندەکانی ئێدارەی بەرق شەخسیەتێکی تری دابوو. کارمەندێکی خراپ لەوی بوو کە بە ئاشکرا سەر بە حاکمانی دز و نیرومەند بوو و جاسوسی دەکرد، کاک فوئاد تەنانەت تریقی نە کردەوە، یان قینی لێی هەڵنەگرت و ئەزیەت و ئازاری نەدا. لێخۆشبوون لە ئێنسانی فرێو دراو و تینەگەیشتوو بەشێک لە دەریای کاراکتری شەخسی کاک فوئاد بوو.


کێشە و شەڕی کاک فوئاد و نیرومەند فەرمانداری مەریوان گەیشتە جێگایەکی ناسک، و لە ناو کۆڕ و کۆمەڵی فیودالی و تویژی ڕووناکبیری موعەلیم و بازاڕی دەنگی دایەوە. کاک فوئاد بۆ فەمانداری مەریوان قەلغانی دانەخست و سەرکەوتوانە دژی راوەستا و بە پێچەوانەی رەوت و جەرەیانی کۆمەڵایەتی و شەپۆلی دەریا مەلەی کرد! تا دەهات ئوتۆریتەی کاک فوئاد بەرزتر دەبوەوە ونەفوزی مەعنەوی نیرومەند دەشکا و هەرەسی دەهێنا. وای لی هات جەماعەتی مفتە وێژ و کلکە سوتی کەر وتیان بە راستی فوئاد نیرومەندی بەزاند. نزیکەی ساڵێک کاک فوئاد لەو مەیدانەدا خزمەتی کرد و لەو سەروبەندەدا بوو کە لە گەڵ هەژارانی ناوچە تێکەڵ بوو.. فەرماندار لە لایەن حکومەتەوە دیاری دەکرا.جگە لە فەرماندار بوون، بۆ خۆی کار و باری جاسوسی دژ بە بزووتنەوەی کورد لە عێراق، و پەروەدەکردنی سیخۆر و شۆڤار و جاسوسی لە مەریوان لە ئەستۆ بوو. لە مەریوان پاش ساواک حیسابی لە سەر دەکرا.

کڕینی کەل و پەلی ئەلکتریکی بۆ شاری مەریوان کە لە لایەن دەڵاڵ و تاجرەکانەوەدەکرا و خەڵکی زەرەریان دەبینی،کاک فوئاد ئەو پرۆسەیەی هەڵوەشاندەوە و بە سەر پەرەستی خۆی ئەو ماملە و کڕێ نانەی دەکرا و دەستی دزەکان کە شەرێکی حاکمانی دز بوون توند بەست و چوار مێخەیانی کێشا. تاڵان و دزی لە خەڵک دەکرا. کاتێک مەسرەفی بەرقی ماڵەکانیان

حیساب دەكرد دزی یەكان ئاشكرا بوو وكاك فوئاد بەم تاڵانەی زانی و بەری پێی گرت. هەندی لە دانیشتوانی شار بە یارمەتی دزەكان لە شە بەكەی بەرقی شار. دزی یان دەكرد و بە دەستووری كاك فوئاد كونترۆڵی مەحكەم و چاكیان بۆ مەسرەفی بەرقی شار دامەزراند. زۆرتر لە ساڵێک كێشە و خەبات بە سەربەرزی و كەرامەتەوە بۆ كاك فوئادتەواو بوو. لەو ماوەیەدا، سوننەتی ئێنسانی باش، هان دان و فیر كردنی خەڵک بۆ داوای مافیان، و ئێعترازی ڕەوا، و كۆمەڵێک بیرەوەری مرۆڤانە و شۆڕشگێڕانەی لە مێشكی خەڵكی بە شەرەفی مەریواندا تۆمار كرد. كە خاترە و بیرەوەری ئەو كردەوە چاكانە ئێستاش لە سەر پەردەی مێشكیان هەر ماوە. دوور نیە ڕۆژی لە ڕۆژان خەڵكی كورد"پەیكەری" شۆڕشگێڕی هێژا و سیاسەت زان واتە كاك فوئاد وەک سەمبول و ڕەمزی سەربەستی لەكوردستان دامەزرێنن. و یان"فیلمێک" لە كاك فوئاد سەبارەت بە پرۆسەی دامەزراندنی كۆمەڵەو دەورانی زیندانەكەی و دەوری دیاریكراو و بەرچاوی لە رێبەری یازدە مانگەی شۆرشی كوردستان و بیوگرافی یەكەی و. .. دروست كەن. و یا زانستگایەک بە ناوی كاك فوئادەوە لە شاری سنە دامەزرینن.

بە پیلانی ساواک و فەرمانداری و شەخسی نیرومەند كاك فوئادیان لە مەریوان هەڵكەند و خێرا شەبەكەی بەرقی كرماشان پێشنیاری مودیر عاملی بەرقی بروجردیان پێی دا.لە مەریوان كاك فوئاد لە گەڵ هەندی رووناک بیری چەپی باشوری كوردستان كە لە ترسی ساواک و پاراستن ژیانی نهێیان هەبوو پەیوەندی هەبوو. ئەوان یەكەم جار كتێبی ژانی گەل و پاشان نوسراوگەلێک كە بە دەست نوسرابوەوە ، تەحویلی كاك فوئادیان دا.

# 9.2 دەورانی مودیر عامیلی بەرقی بروجرد



**کاک فوئاد مودیر عاملی بەرقی شاری بروجرد سالی**

کاک فوئاد بۆ تەواو بوونی دەورەی دوو ساڵەی سەربازی لە لایەن شەبەکەی بەرقی ناوچەی کرماشانەوە مودیر عامیلی بەرقی شاری بروجردیان پێ سپارد. کاک فوئاد لەو ئێشە کە لە ئوستانی خوڕەم ئاباد دەستی کەوتبوو، ڕازی و کەیفی ساز بوو. زۆر ناسراو و هاوڕێ چاکی لە لوڕستاندا هەبوو. شاری بروجرد، بۆ کاری نهێنی سیاسی و تەشکیلاتی کاک فوئاد گونجاو بوو. ئەو شارانەی وەک بروجرد کە لە سنووردا نە بوون، میزان و ئاستی کونترۆڵی پۆلیس و ساواکی لە خوارەوەبوو ولە هەمان کاتدا ڕەوت و فینۆمنی جاسوسی لە ئاست و بە ئەندازەی شارە کانی کوردستان کە لە سنووردا هەڵکەتبوون سامناک نە بوو. دیکتاتوری ڕژیمی شا لە بروجرد وەک شارەکانی کوردستان تا ڕادەیەک زەق و بەر چاو نە بوو. میلیتاریسم بە شێوەیەکی سامناک سێبەری نە خستبوە سەر ژیانی خەڵک. جیاوازی یەکی زۆر لە نێوان بروجرد و مەریواندا هەبوو. سالی 1352 ی هەتاوی(1973 ی زاینی) منیان تەبعید و ناردبوە شاری نەهاوەند کە لەوی موعەلیم بم. شاری بروجرد جێرانی شاری نەهاوەندە و من جار و بار بۆ دیداری کاک فوئاد دەڕۆیشتمە بروجرد و چەند جاریش هەر نەمتوانی کاک فوئاد بە بێنم. لە گەڕەکێکی قەراخ شار و شوێنێکی دەوڵەمەند نشین، خانوویەکی گەورەیان بۆ بە کری گرتبوو. خاوەن ماڵ لە شوێنێکی تری بروجرد دەژیا و لەم بارەوە کاک فوئاد ئاسودە بوو. پاشان لە لایەن شەبەکەی بەرقی

کرماشانەوە لە ساختمانی ئێدارەی بەرقی بروجرد ماڵێکی دوو نهومیان بە کاک فوئاد دا، و خێرا گواستیەوە ناو ماڵە تازەکە .

کاک فوئاد لە کێشەی مەریوان ئەزمون و تەجروبەی چاک فێر بووبوو و ئەمجارە هەڵسوڕانی سیاسی و تەشکیلاتی یەکەی وەک دڵۆپەی ئاو دەی پێکا. میزان و ئاستی ئێشە کای

لە دەرەجەیەکی بەرزی نهێیدا بوو. نێوانی لە گەڵ خەڵکی بروجرد زۆر سەمیمانە و بە دڵەوە نزیک بوو. دیسان بۆ گەڕەکە وێران و بێ بەرق و هەژارەکانی بروجرد تەرح و گەڵاڵەی تایبەتی لە سەرەوەی هەموو ئێش و کارەکان دانا. لە ماوەیەکی کورتدا ئێمکاناتی ئەلیکترێکی بە گەڕەکە هەژارەکان دا و کارەبایان بۆ ئەو گەڕەکانە کێشا. ئوتۆریتەی جارانی زیاتر بوەوە. هەندی پارەداری شار کەوتنە ململانی و موخالیفەت. کاک فوئاد تا ڕادەیەک توانی ئەو پیلانانە بەر پرچ بداتەوە ولە هەمان کاتدا بەڵگە و مەدرەک بە دەستەوە نە دا.

لە بیرمە بۆ دیداری هاوڕێ یان بەرەو کرمانشان( تاقەوسان ) دەچوو. سەردانی ماڵی کاک یەدووڵای بیگلەری دەکرد. بۆمانی دەگێڕایەوە کە منداڵە کەیانی دیوە و ناویان ناوە حەمە.حەمە منداڵێکی کۆرپە، ساوا، ڕەزا شیرین، نازدار و سۆمای چاویان بوو. هەندی دۆستی عاتیفیشی هەبوو، کەبە شێوەیەک هاوکار و هاو دەورەی زانستگا بوون و لە کرماشان دەژیان، سەردان و دیداری ئەوانیشی دەکرد.

لە شاری بروجرد لە گەڵ زۆربەی هاورێ یانی لوڕ و خوزستانی ئاشنا بوو. ئاکامی ئەو پەیوەندی یانە یارمەتی گەلێک بوون کە لە دەورانی شەڕی سنە، کۆچی مەریوان لە لایەن خەڵکی خوزستان و لوڕستانەوە بە گەلی کورد کرا. شۆڕشگیڕانی لوڕ و خوزستانی لە سەر و بەندی ڕاپەڕینی خەڵکەکانی ئێراندا زۆر جار لە کوردستان دەبینران و خەرێکی کاری سیاسی و تەشکیلاتی بوون.جار و بار دەهاتنە ماڵەکەی من لە گەڕەکی چوار باخی سنە و دەمانەوە و کاک فوئادیان دیدار دەکرد. کاتێک دەچومە مەدرەسە ئەوان هەر لە ماڵەوە یان لە دەرەوەخەرێکی کار و تێکۆشانی خۆیان بوون. گیان بەخت کردووان موحسن

نەهاوەندی و بیهروزی موعینی دوو هاوڕێ کاک فوئاد بوون، کە لە خورەم ئابادەوە بۆ دیداری کاک فوئاد هاتنە سنە و ماوەیەک لە وی مانەوە. زۆر هاوڕێ تری لە ناوچەکانی تری ئێرانەوە و لە وانە لە خوزستانەوە بۆ دیداری کاک فوئاد دەهاتنە کوردستان.

کاک فوئاد لە بروجرد لە و ماوەیەدا توانی پشتیوان و هێزێکی باشی مەعنەوی بۆ کۆمەڵە، کۆ کاتەوە و هەندی لەو شۆڕشگیڕانە کە بەرەو کوردستان هاتن تەنانەت لە گیانی خۆیان بۆ رزگاری بەش مەینەتان و هەژاران دریغیان نە کرد وبە سەر بەرزی یەوە لە شەڕی مەقاوەمەت گیانیان بەخت کرد. ئەبو شاهین(فوئاد عەرەب) لەشەڕی خوێناوی 59 ی سنە کوژرا و دوکتور بەهمەن ئەغزەری لە پادەگانی مەریوان ئێعدام کرا. یادی هەموویان بەرز و بە ڕێز بێت !ئەوان نمونەیەک لە ئێنسانە هەڵکەوتوو و شۆڕشگیڕەکان بوون کەلە دەرد و مەینەکانی کوردا بە شدارن بوون. و راستەوخۆ وەک ئەرکێکی ئەنترناسیونالیستی لە مافی هەژارانی کورد دیفاعیان کرد. ئەوان بۆ ئەو فیداکاریانە بە سەداقەت و کەرامەتی بەرزەوە گیانیان پێشکەش کرد.

شەهید موحسن نەهاوەندی لە ساڵی 1357 ی هەتاوی ،هاتە سنە و چەند رۆژێک لای من وەک میوان مایەوە وشەوێک ماشینیکی هێنایە بەر دەرگای ماڵەکە و چوار دەمانچەی (چواردە خۆر) لە ماشێنەکە جا سازی کرد و شاردیەوە و هەر ئەو شەوە بەرەو لوڕستان ڕێ کەوت. بە منی وت ،کاتێک تەلەفونم کردە دەبیرستانی شاپور و قسەم لە گەڵ کردی، ئەوە بەو مانایە کە من بە سڵامەت گەیشتوم و نە گیراوم. و تۆ ئەو مەتڵەبە بە فوئاد بڵێ.بە ڕێز موحسن نەهاوەندی تەلفونی کردە دەبیرستانی شاپور و منیان بانگ کرد کە کەسێک دەیەوی لە گەڵتا قسە بکات. کاتێک گوشی یەکەم بە دەستەوە گرت خۆی ناساند و پاش سڵاو و چاک و خۆشی وتی بە سڵامەت گەیشتووم و ئەم هەواڵە بە فوئاد بگەیەنە. منیش هەر ئەو رۆژە کاک فوئادم بینی و جەرەیانەکەم بۆ گیڕایەوە و وتی باش بوو لەو هەموو کونتڕۆڵەی پولیسی ڕێگا نەجاتی بوو و نە گیرا.

# 9.3 ئەنستیتوی تکنۆلۆژی بەرقی شیراز

کاک فوئاد پاشان بۆ ئێشی ڕەسمی دەگەڕا و هەموو هەوڵ و تەقالای ئەوە بوو وەک موعەلیم و دەبیر ئێشێک بەدەس بێنی. لە پێناو ئەو مەبەستەدا درگای زۆر وەزارتخانەی کوتا. تا ئێشێک کە لە گەڵ سلیقە و بیر و بۆچون و ئاسۆی سیاسی خۆیدا یەک دەگرنەوە ودەگونجی بدۆزێتەوە.لەو قۆناغەدا زۆر سەر سوڕهێنەر بوو کە دەس لە پارە و ئێمکانات هەڵگرێ و پۆستی موهەندسی و مودیر عامیلی وێڵ و بەرەڵا کەیت و ئێشێکی تر کە بە نسبەت خوارتر لەئێشی موهەندسی و لەگەڵ ئاستی خوێندن و ڕشتەی زانستگا دوورە هەڵبژێرێت. بۆ داب و نەرێتی کۆمەڵگای ئەو کاتەی ئێران ئاسایی، نورماڵ و عادی نەبوو. ئاستی تێگەیشتوویی خەڵک و تەنانەت ڕووناکبیرانیش بەرز نەبوو.پێوانەی ئەم هەڵویستە لە تەرازووی هەڵسەنگاندنەکاندا ئاسان و ڕاحەت نە بوو. هەموو دەیان پرسی بۆ کاک فوئاد وا دەکات حیفە ! کوا موهەندسی بەرق دەبێ ئێشی موعەلیمی بکات. مەگەر کورەی عەرز بە پێچەوانە دەگەڕێ ؟ زانایەک وەک فوئاد نابێ ئێشێکی خوارتر لە موهەندسی هەڵبژێرێت. دەیان تانە و لۆمەی یاران و نەیاران و خزم و ئاشنا و کەس و کاریش پێشکەش دەکرا و تەحەمولی بۆ کاک فوئاد دژوار بوو.

ئەو سەنگەرە کاک فوئاد تێدا فەعالیەتی دەکرد بە هێچ شێوەیەک بەر تەسک و مەحدوود نە بوو.دوورنما و ئاسۆی ڕووناک و ڕۆشنی بۆ خۆی دیاری کردبوو. هەموو لەم هەڵویستەی کە ئێشی موهەندسی ئەهمال کەیت وخۆازیاری ئێشی موعەلیمی بیت، تایبەتمەندی و حەساسی یەتی پێک هێنابوو. نەزەر وفیکری خزم وکەس وکار،دۆست و برادەر یار و نەیاری بۆ لای ئەم بڕیارەی خۆی ڕاکێشابوو.بە لای زۆربەی هەرە زۆری ناسیاو، ئاشنا و کەسانی دەور و بەری شتێکی سەیر و عەجایەب بوو. ئەوان لە تەرازووی مێشکدا سووک و قورسێان دەکرد پێوانە و پێوەرەکان لای بیر و رای گشتی و لای کاک فوئاد هەر

وەک دوو خەتی شان بە شان و مەوازی و دوو ڕێلی ئاسن قەد بە یەک نەدەگەیشتن. لە واقیعدا خەتی فیکریان زۆر لە یەک دوور و بیگانە و نامۆبوو.

کاک فوئاد لە سەر هەڵویستی خۆی پێی داگرت و لە سەر هەڵویستە کەی خۆی بەردەوام بوو. کار بەدەستانی ئەنستێتۆی شیراز موساحبە و وت ویژێکیان بۆ دانا و لەو کۆسپە گەورەیە دەرچوو. بڕیاری خۆی دابوو لە شیراز کاری موهەندسی فەنیی ئەنستیتۆ بکات و مالەکەی بۆ شیراز بار بکات. گەڕایەوە مەریوان و ئەم ڕووداوەی باس کرد و هەموو، لەوەی کارێکی گیر هێناوە ڕازی بوین و پیرۆز باییمان پێ گوت. بە تایبەت مالی کاک تاهیریش لە شیراز بوو و ئیتر موشکلی خانوو و زۆر شتی تر ئاسان کرابوەوە. دایە بەهیە وتی: ڕۆڵە باشە خۆ ناکرێ بێ ئێش بسوڕێتەوە و دڵ خۆت ڕازی کە و دەس بە کار بە. هیوادارم غەریبی یەکە زۆر نە خایەنیت و درێژ نە بێت. لە شاری سنەیش و لە هونەرستان داوای ئێشی کردبوو، بەڵام پێی وا نە بوو لە ئەنستیتۆی سنە ئێشێک دەس کەویت. لە گەڕانەوە بۆ شیراز بە هەڵکەوت کاک فوئاد دەچیتە ئەنستیتۆی تکنۆلۆژی شاری سنە و هەوالێک لە بەڕێوە بەران و مەسئولین دەپرسی ئایا ئێش هەیە ؟ من داوای کارم کردوە، ئایادەبیری فەنی تان ناویت ؟ ئەوانیش هەندی پرسیاری لی دەکەن و لە سابقەی کار و ئاستێ خوێندن و دەرەجەی زانستگا و. .. دەپرسن. پێیان وابوە کە موهەندس نیە و داوای شەهادە و مەدرەکی زانستگا دەکەن. لەپرووسەی ئەم دیالۆگانەدا چەند کەس و ناسیاوی شەخسی کە لەوی ئێش دەکەن چاک و چونی لە گەڵ کاک فوئاد دەکەن و ئەحوالی دەپرسن. ئەمە بۆ کار بەدەستانی ئەنستیتۆ نەوعیک زەمانەت و گارانتی بووە و متمانەی بە کار بە دەستانی هونەرستان داوە. کاک فوئاد کارت و شتەکانی نیشان دەدات و خێرا ڕازی دەبن. پێشنیاری پێی دەکەن هەرچی زوو تر دەس بە کار بکات و ماتڵ نە بێ. وەرچەرخانێکی گەورە لە ژیانی کاک فوئاد پێش هات و زۆر زۆر خۆشحاڵ و بە کەیف بوو. دیسانەوە ئێمەی ئاگادار کردەوە و ئەم جارە سەد چەندان شاد بوینەوە و حەزمان کرد و ڕازی بوین. دوا بڕیاری کاک فوئاد وای لی هات کە نامەیەکی بۆ کار بە دەستانی ئەنستێتۆی

شیراز نووسی و لە نامەکەدا داوای لیبوردنی کردبوو و نووسیبوی ببورن ناتوانم لای ئێوە بم و لە شاری سنە ئێشم گیر هێناوە وماڵتان ئاوەدان بێت. تکایە هەوڵ بدەن کەسێکی تر پەیداکەن تا یارمەتێتان بدات. وبەم شێوەیە کاک فوئاد نە چوو بۆ شیراز و لە کوردستان مایەوە. بووچونی کاک فوئاد سەبارەت بە شوینی ژیانی هەژاران گرێنگ بوو.هەڵسوڕانی سیاسی و کاری تەشکیلاتی لە شاری سنە بە نسبەت شیرازەوە ئاسان بوو.لە هەمان کاتدا ڕەنجدەر و کرێکار و ئامانجەکەیان لە هەر شوێنیکی ئێران بۆ ئەو جیاوازی و فەرقی نەبوو.هەڵبژاردنی سنە بۆ کاک فوئاد لە سەر بنەما و ئەساسی باوەڕ بە بار و دۆخ و فەزای سیاسی کوردستان بوو، گومان لەوەدا نی یە کاک فوئاد رێکخستنی هەژاران و کرێکارانی لە سنە پێی ئاسان بووە. دیاردەی زمان ،کولتور و فەرهەنگی هاوبەش، ناسین و زانیاری زۆر سەبارەت بە باری پسیکۆلۆژی و ڕەوانی خەڵک و... دەوری نە بینراوی هەبوە. هەڵبژاردنی سنە ئەگەر لە باری تاکتێکی یەوە حیسابی لە سەر کەین بۆ کاک فوئاد کاتی و موەقەت بووە. بەڵام ئێشی دەبیری و پەیوەندی لە گەڵ تەیفی بەر بڵاوی گەنجەکان، ماتریال و کەرسەی خاوێک بووە کە بۆ کاری سیاسی –تەبلیغی موناسب و گونجاو بووە. بڕیارەکانی کاک فوئاد لە سەر هەڵبژاردنی ئێشی موعلیمی و دەبیری لە گەڵ فەلسەفە و ئەندیشەی مارکسیستی و رزگاری ڕەنجدەران، هاوجیهەت و هاو سەنگ و یەکیان دەگرتەوە. مەدرەسەکان و گەنجەکان شوێنێکی لە بار و موناسب بوون و لە هەمان کاتدا لاوانی کورد کەرەسە و ماتریالی چاک بۆ کاری سیاسی و سەرمایەی پاشە ڕۆژی جمو جوڵی کۆمەڵایەتی بوون و مەیدانێک بۆ تەبلیغی زانیاری یەکانی مرۆڤایەتی و ئێدئولۆژی عیلمی و مارکسیستی بوون.

# 9.4 دەبیری هونەرەستانی سەنعەتی شاری سنە



شاری سنە و بناری کێوی ئاویەر

لە ساڵی 1353 هەتاوی،(1973 ی زاینی) لە پێناو ئامانجە سیاسی یەکانی و بۆ خزمەت بە جەماوەری خەڵک لە شوغڵی مودیر عامیلی شرکەتی بەرق دەستی کێشا ولە سەر بڕیاری خۆی و بۆ فەعالیەت و هەڵسوڕانی سیاسی و کاری تەشکیلاتی ناو هەژاران و بێ بەشان، وەک مامۆستای لاوان و گەنجانی سنە لە هونەرستانی سەنعەتی شاری سنە دامەزرا و لە پاییزی هەمان ساڵ دەستی بە کار کرد. کاک فوئاد دەیویست لە گەڵ لاوان بێ و پێی وابوو ئەنستیتۆ حەشارگە و شوێنێکی چاک بۆ فەعالیەتی رێکخراوەیی و سیاسی یە. ئا مانجی ئەو تەنیا هونەرەستان نە بوو، بەڵکوو ئاسویەکی دوور تری لە بەر چاو بوو. شوغڵی موعەلیمی وەک پردە بازێک هەڵبژاردبوو تا بتوانی بێ شک و گومان لە ناو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا هەڵسوڕی و کاری نهێنی

وتەشکیلاتی بکات. گەنجەکان و لاوەکانییش مەکان و شوێنی دیاری کراوی خۆیان هەبوو.

پارە و سەرمایە لە سیستەمی فیکری و دیدگا و بۆچونی کاک فوئاد ئامێرێک بۆ ژیان بوو. شوغڵ و مەقام ودەسەڵات لە سەر سەری خەڵکەوە بۆ کاک فوئاد بێ نرخ ،بێ ئەرزش و بێ بایەخ بوون. ئەوەی کە بۆ کاک فوئاد هەر نرخی نەبوو پاوان خوازی و دەسەڵاتی بورۆکراتێک و مەقامی دەوڵەتی بوو.

هەرگیز نەیویست لە دەسەڵاتی بوروکراتێکی دەوڵەتی بەشدار بێت و وەک عونسورێک خۆی لە هەرەمی ئەو دەسەڵاتە بە بینێتەوە. چونکوو دەسەڵاتەکەی پێ دیکتاتوری بوو وقەد ڕازی نە بوو یارمەتی تاوانەکانی ڕژیمی شا بدات و لەو تاوانانەدا بەشدار بێت. ئێمانی بە حکومەتی دیموکراتیک و خەڵکی بوو کە لەو حکومەتەدا دیموکراسی دەوری بینراوی هەبێ.

ڕێز و ئێحترامی بۆ دەسەڵاتی شورای واقیعی ناو کۆمەڵگا، لێژنەی هەڵبژێردراوی کرێکاران، کومیتە و نوێنەرانی هەژارانی شار و دێ بوو.ئیتر نەدەکرا لە گەڵ باوەڕ و ئێمانی خۆی درۆ بکات و هەر بەو دەلیلە و بە پێی ئەو فاکتۆرانە مەقام و دەسەڵاتی درۆێنەی جێ هێشت.

لە هونەرەستان بە دڵ خۆشی یەوە دەستی بە ئێش و کار کرد. زۆر سەمیمی و خۆماڵی و بێ ئالایش بوو. ڕژیم و حکومەتی پاشایەتی هەموو شار و شارۆچکەی کوردستانی لە شوڤار و جاسوس و خەفیە تەنی بوو. بە دەیان شێوە و سیما و ڕواڵەتەوە دەهاتنە مەیدان و ڕووناکبیریان لە ژێر چاو و کونترۆڵدا بوو. هەموو مەدرەسە کان بەکرێگیراوی تایبەتیان بۆ تەرخان کردبوو.سێبەری سامناکی ساواک وەک سێبەری خۆت بە شوینتەوە بوو. لە پاڵ ئورگانی ساواک، شارەوانی، ڕوکنی دووی ئەرتەش، ژاندارمری، بۆ خزمەت بە سیستەمی پاشایەتی کی بڕکی یان دانابوو. هەندی کەس کە لە ئەرتەش،شارەوانی.ساواک وژاندارمری بازنشستە(خانە نشین) دەکران خوڕایی و بەلاش لە کۆمەڵگا هەڵدەسوڕان ولە هەموو قاوەخانە و چای خانە و شوینێک خەرێکی پرس و جۆ بوون. لەم هەل و مەرجە ناسکەدا کاری نهێنی بە

سەختی دەکرا. یا دەبوا قڕو قەپ کەیت یا ئەگەر کاری تەشکیلاتی و سیاسیت دەکرد. بێ قوربانی و حادسە نە بوو. کەمتر لە مانگێک کاک فوئاد دەبیری فەنی بوو. لە گەڕەکێ هەژار نشینی ئاغە زمانی سنە  ماڵێکی بە کرێ گرت. تازە هەندی کەل پەللی بۆ کرێ بوو و وەسایلەکانی شاری بروجردی بۆ گواستبوەوە. خەریکی ژیانی ئاسایی و کاری موعەلیمی  بوو  ودەکەوتە سەر ڕێلی خۆی و هێدی هێدی پێش دەچوو.

لە ڕۆژی 28 ی مانگی میهری1353  ساواک گروپێکیان دیاری کردبوو و لە هونەرەستان کاک فوئادیان دێل و ئەسیر کرد. و ماڵەکەیان پشکنی و هێچیان دەس نە کەوت.  ئێوارەی ئەو ڕۆژە من لە دەبیرسانی پەروین ئێعتسامی  بۆوم و    بۆ ئەو قۆتابی یانە کە نەیاندەتوانی لە ڕۆژدا بێنە مەدرەسە دەرسم دەگوتەوە.  مودیری دەبیرستان و معاونەکەی منیان لە پۆل و کەلاس دەرهێنا و وتیان  کابرایەک کاری پێتە ولە بەر دەرگای دەبیرەستان چاوەڕوانی تۆیە. کە چوومە بەر دەرگا و کابرام بینی  ناسیمەوە و ساواکی بوو، بەڵام بە ڕاستی ترسام و شڵەژام و نەمزانی چی بڵێم. کابرا دەستی گرتم و وتی سەلاو ئاقای رەشاد  مستەفا سوڵتانی  چاکی چۆنی  ؟  حاڵتان چۆنە ؟ بمبورە کاتی تۆم گرت منیش حەپەسا بووم و پێم وابوو دەیەوی خۆم بگرێت. لە ترسانا سڵاوم کرد و وتم زۆر سپاست دەکەم. کابرای ساوکی وتی نارەحەت مەبە  براکەت "ئاغا فوئاد"لای ئێمەیە و دەستوریان داوە کە کاریان پێ یە و ئازاد دەبێ و نێگەران مەبە. ئەمەش کلیلی ماڵەکەی و  چ دەڵی و چ فەرمایشیکت هەیە؟منیش وتم نا عەرزێکم نی یە و کلیلەکانم بە نا هومێدی وحەپەسانەوە وەر گرت. کابرا وتی ئێتر کاتت ناگرم و ببورە و دەستی لە گەڵم دا و وتی خودا حافیز و خێرا چوە ناو ماشێنیک کە بۆی ئامادە کرابوو. منیش دڵم لە مشتمدا بوو وخودا حافیزیم لی کرد. ئێستا چۆن بگەڕیمەوە ماڵ زۆر شتم هەبوو کە بیان شارمەوە. بە هەر جۆرێک بوو  گەیشتمە ماڵەوە   برا چکۆلەکانم ئاگادار کرد و هەموویان وەک ئاوی سارد بە سەرو چاویان برێژی  لەشی پڕ عاتیفە و گەرمیان سارد بوەوە. و پەژارە و خەمێکی قووڵ و بێ ئەندازە دایانی گرت، و خەم و پەژارەی منیان دوو

قات کردەوە و خورپە لە دلمەوە هات. لە ترس ئەوە کە کەمینیان دانە نابێ نەمتوانی شتێک هەلگرم و لە دەرەوەی مالەکە بیشارمەوە و یا تەحویلی ئاشناو کەسێکی بدەم و بەلام کتێب و نوسراوەی قاچاخم بردە سەر بانی مالەکە ودوورم کردنەوە.

بەیانی بە داخ و کەسەرێکی بێ ئەندازە لە خەو هەستاین و هەوالمان لە وانەی متمانەمان پێ بوو پرسی. لەو شەوەدا ماشینی شەوانەی تاران_ سنە بۆ بەیانی زوو لە چای خانەیەکی نێوان سنە و تاران مسافر دادەبەزێنی کە هاوشارێکیمان بە ناوی ئاغای نەجمەی تالەبانی کاک فواد بە کەلبچەکراوی ودێل و ئەسیری دەبینی. کە چوار پێنج ساواکی بە تفەنگەوە خەریکن بۆ تارانی دەبەن. لە گەل کاک فوئاد بە ئێشارەی چاو و برۆچاک و چۆنی دەکات و هەوالەکەی بۆ شار ی سنە هێناوە و تەقریبەن هوموو زانیان و هەوالەکە وەک شنەی با سنوری شکاند و بلاو بوەوە. فشار و چاو لیکردنی نەیاران و هەندی خەلکی تێنەگەیشتوو، دووری گرتن لە ئێمە عەزابی زۆر و قورس بوو. تا دوێنی برادەر و هاڤال بووین و ئەمرۆئێمەیان نەدەناسی و خۆیان گێل دەکرد و بەلاماندا وەک ئەوەی ناتان ناسین سەریان دادەخست و تێپەڕ دەبوون. لە هەمان کاتدا تاقمێکی نە هێندە زۆریش بە چاوی رێز و ئێحترامەوە دیداریان دەکردین.

لەو سەردەمەدا هەوالەکە بلاو بوەوە. هەندی لە هاورێ یانی کاک فوئاد بۆ ئەوەی بزانن هەوالەکە و گرتنی کاک فوئاد درۆستە بە نهێنی دەهاتنە مالەکەمان لە خەیابانی بیمارستان لە گەڕەکی قەتارچیان و راستەو خۆ دەیان پرسی. یەکیک لەو هاورێ یانە رێبەری زۆر خوشەویست و بە رێز کاک حەمە حسین کەریمی بوو کە هات ودەروازەکەی کوتا وئێمەش دەرگامان کردەوە و کتوپڕ ئەومان بینی بێ ئێرادە فرمێسک لە چاوانمان هاتە خوارەوە. دەستمان لە ملی کرد و بە خێر هاتنمان لی کرد. بەلام هەناسەمان سوار بوو بوو و بە تاسەوە ماچمان کرد. کاک حوسین پرسیاری کرد و هەوالی گرتنی کاک فوئادی پێ درا و ئەویش بە هوی هەلسوڕان و فەعالیەت نهێنی خۆیەوە نەهاتە

ماڵەوە و تەنیا بە سەڵاو و چاکی و چۆنی و لە ئامێز گرتنی ئێمە قەناعەتی هێنا. پەژارە وخەمێکی قورس لە ناو چاوانی دەبینرا و لە دەریای مەندی خەیاڵدا گوم بوو. هەندی پرسیاری کرد ڕۆژی گرتنی کاک فوئاد و لە کوی یە، ئایا شتی لی گیراوە ؟ دەیویست بێتە ماڵەوە وخەمەکانی سووک کات و نەوازش و دڵنەوایی خۆشک و برا چکۆلەکانی کاک فوئاد بدات. دڵمان فرە پڕ و خەمگین بوو وباری قورسی دڵتەنگیمان بە دیتنی ئەو سووک بوو. بە هۆی وەزع و فەعالیەتی سیاسی خۆیەوە ئێتر زۆر ماتڵ نە بوو. خوا حافیزی کرد وئێمەی جێ هێشت و ڕۆیشت. لە درێژایی کۆڵانەکەدا، وەک مرۆڤێکی ماندوو و هێلاک بە ئەسپایی هەنگاوی دەنا و خەم و پەژارە هەموو وجودی داگرتبوو. بیر و فیکری هەر لای ئێمە بوو و جار جار سەری هەڵدەسوڕان و لایە کی دەکردەوە.ئێمەیش شڵەژابووین و بە راستی حەپسابووین. پاش ماوەیەک کە ڕۆیشت و بە هەر هەنگاوێک کە دەینا دەکەوتە سنووری تێپەڕ بوون وتەنیا ترپەی هەنگاوەکانی دەبیسترا زۆری پێ نە چوو وئاخرەکەی کاک حەمەحسین لە پێچی کوڵاندا هەر بە یەکجاری گوم بوو.

کاک فوئاد پاش ئەوەی چوار ساڵ زیندانی کیشاو ئازاد کرا و دەر هات بۆمانی گیڕایەوە کە بە ساواکی یەکانی وتبوو، کلیلی ماڵەکەی تەحویلی مەلەکە بدەن. بەڵام ساواک وای نە کرد و کلیلی ماڵە کەی لە دەبیرستانی پەروین ئێعتسامی تەحویلی من دا.

کاک فوئاد لە هەر جێگایەک دەژیا وەک تاران، بروجرد، مەریوان و سنە نوسراوە و کتێبی مارکسیستی و. .. هەبوو.لە سنە کە گیرا وساواکی یەکان ماڵەکەیان پشکنی هچیان دەس نە کەوت. هەر لەو ماڵەدا کتێبی کلاسیکی مارکسیستی هەبوو کە ئاستی خوێندەواری ساواکی یە کان بەرز نە بوو و نەیادەزانی ئەو کتێبانە کە بە زمانی ئێنگلیزی نوسرابوون چ بوون ؟ و لە گەڵ خۆیان نەیان برد. کاک ئەمین ئەندامی کۆمەڵە بوو و بە باشی دەیزانی کاک فوئاد بە چ شێوەیەک کتێب، دەس نووس و نوسراوەکانی شاردەوەتەوە. سفارشی بۆ کاک ماجید نارد کە بڕوات و ماڵەکە بگەڕێت ونوسراوە و کتێبە کان

شرت و گوم بکات، ماجید ئەو کارەی کرد بەڵام هێچی دەس نە کەوت. ئەمین لە ئاوایی هەزار خانی موعەلیم بوو و هاتەوە بۆ سنە و خۆی ماڵەکەی پشکنی. زۆر نوسراوەی دەس نووسی لە ناو کارتونی ژێر فەرشەکان دۆزی یەوە و لە ژێر یەخچاڵەکەدا چەند کتێبی و. .. دەر هێنا و هەموویانی گواستەوە و لای برد. ماڵەکەمان هەر راگرت و کرێ کەمان دا. کاتێک حوکمی زیندانی درا ئەو وەختە ماڵەکەمان تەحویلی خاوەن ماڵ دایەوە.

# 10. دیل کردنی کاک فوئاد

## 10.1 دیل کردنی کاک فوئاد لە شاری سنە

کاک فوئاد لە شاری سنە وەک موعەلیم و دەبیری هونەرستانی سەنعەتی ئێشی دەکرد. سەردەمێک بوولە لایەن پۆلیس و ساواکەوە لە ژێر چاوە دێری و کونترۆڵ دا بوو. لە سەر ئەساس قسەکانی خۆی سێ مانگی رەبەق و تەواو ئاگادار بووە کە ئەفرادێکی نە ناسراو بە جل و بەرگی جۆراوجۆرەوە بە شوێنیدا دەڕۆن. لە دیدارەکانیدا هەل و مەرجەکە نا ئاسایی دەبینی. و تا ڕادەیەکی زۆر لە تەعقیب و شوێن هەلگرتنی ئاگادار بوە. بەڵام کاک فوئاد لە بڕیارە سیاسی یەکانی خۆی قەد پاشگەز نەدەبوەوە. ترسان و ڕاڕا بون لە سیستەمی فیکری و بۆچونیدا مەحاڵ بوو، و بۆ بڕیارەکانی وئەو شتەی ئێمانی پێی بوو لە گیانی دریغی نەدەکرد. ئەگەرچی دەیزانی ئەمڕۆ و سبەی ساواک ئەسیری دەکا و ئەشکنجە و سێدارە و کوشتن چاوەڕوانی دەکا، بەڵام قەد لە سەر باوەڕ و ئێدئولۆژی ڕزگاری بێ بەشان ڕاڕا نەبوو.

# 10.2 لە زیندانی کۆمیتەی هاوبەشی تاران

کاتێک لە شاری سنە کاک فوئادیان گرت خێرا بەرەو تاران و زیندانی کۆمیتەی هاوبەشی سێ ئۆرگانی ساواک، ژاندارمری و پۆلیس بە ڕێیان کرد. ئەو زیندانە لە ناوەڕاستی شاری تاران هەلکەوتبوو. بینایەکی زۆر گەروە و بەرز و چەندین دەروازە و درگای ئاشکرا و نهێنی هەبوو. پەلەوەر و باڵندە نەیدەتوانی لەو نزیکانەوە بفڕێ. سەرباز و پۆلیس نیگەهبانی و کێشکیان دەدا. تەنانەت ماشین و دووچەرخەیش کونترۆڵ دەکرا. ئەم زیندانە شوێنیکی تایبەت بۆئوپۆزیسیونی حکومەت و ڕژیمی شا بوو. زیندانێکە بۆ ئەفرادی سیاسی تەرخان کرا بوو کە لە سەر دێلەکە تا هەنگاوێکی نزیک مەرگ کاریان دەکرد و دەیانویست لە زیندانی سیاسی ئێعتراف وەر گرن. بە قەولی جەلادەکان زیندانیەکەیان وەک کەرەسەی خاو چاو لی دەکرد. دەبوا لە سەر ئەو زیندانی یە ئێش و کار کرێت تا بۆ وڵام دانەوە و ئێعتراف و تۆبەکردن پوختە و ئامادەی کرێ.

لە ئەساسدا وەک کارخانە وا بوو. کە کەرەسەی خاویان دەگۆڕی جا ئەگەر بە قیمەتی گیانی هەزاران کەس تەواو بوایە. لەم کارخانە و دزگای پاڵاوتن زۆرتر دەیاتوانی لەش و جسمی زیندانی بگۆڕن ئەگێنا لە باری ئێدئولۆژی یەوە جەلادەکان وسیستەمی حکومەتی شکستیان دەهێنا و سەر نەدەکەوتن. ئەشکەنجە، تەعزیب، ورد کردن، سوکاتەتی، لیدانی تا سنووری مەرگ، خستنە سللولی تەنها، ژووری تاریک، بێ نانی، بێ ئاوی، بەرگری لە خەو و خۆ شورین، و ئەهانە و بێ حورمەتی لە لایەن زیندان وانەکانەوە پێشکەش دەکرا و بەم جۆرە زیندانیان، ورد، پڕس و منگەنە دەکرد ودەشکاند. شایانی باسە شکاندنەکان تەنیا لە باری فیزیکی یەوە بوو و زیندانی یەکان زۆربەی هەرە زۆریان لە باری ئێدئولۆژی یەوە قایم و محکەم و لە سەر باوەڕی خۆیان ڕادەوەستان و سەربەرزانە مەقاوەمەت و لە گەڵ مەرگ و نەمان شەڕیان

دەکرد. و لە شەرافەتی شۆڕشگێرانە و باوڕەکەی خۆیان دیفاعی مێژوویی و سەر بەرزانە یان دەکرد.

مانەوە لە کۆمیتەی هاوبەش و کار لە سەر زیندانی بە وەزعی هەڵسوڕان و بەشداری لە جمو جۆڵی سیاسی و بە میزان و ئاستی دژایەتی زیندانییەکە لە بەرانبەر حکومەت و زۆر شتی ترەوە پەیوەندی هەبوو و گرێ درابوو. ئەوەندە ماتڵیان دەکرد تا هاو بیر و هاو ڕێکخراوەکەی بدۆزنەوە و یان کەسێکی تر لە سەر زیندانی یەکە ،ئێعتراف بکات. لیدان و ئەشکەنجە تا ئاخرین ڕۆژەکانی مانەوە لە زیندانی کۆمیتەی هاوبەش بەر دەوام بوو.

کاک فوئاد لەم مەیدانەو لەژێر ئەشکەنجەی سەدەکانی ناوەڕاست سەربەرزانە مەقاوەمەتی کردو بە هێچ شێوەیەک تەسلیمی کاربەدەستانی زیندان و حکومەتی پاشایەتی و دیکتاتۆری نەبوو. هەموو شتێکی ئینکار کرد و حاشای لی بوو. دوای کاک فوئاد هێچ کەسێکی تر لە هاوڕێ یا ن و ئەندامانی کۆمەڵە نە گیران. لەم ماوەیەدا خانەوادە ئێزن و ئیجازەیان پێ نەدرا دیداری کەن. پاشان باوکم و دایە بەهیە بە سفارشی سەرهەنگ زەمانی و ... توانیان جارێک کاک فوئاد دیدار کەن . بە هەڵکەوت باوەژنی (دایە کاڵێ) کە لە تاران دەبێ زۆر ئارەزووی دیداری کاک فوئاد دەکات . لە گەڵ یەکێک لە منداڵەکانی ڕاوێژ و تەگبیر دەکات و دەڵین، دەچینە بەر زیندان و داوای دیدار و چاو پێکەوتنی فوئاد دەکەین. ئەگەر ئێزن و ئێجازەیان دا خۆ فوئاد دەبینین و ئەگەریش ئێجازەیان نەدا دەگەڕێنەوە بو کوردستان. کە لە گەڵ کوڕەکەی دەچنە بەر زیندان و داوای دیدار و چاو پێکەوتنی دەکەن کابرای ئەفسەری ساواک یان پۆلیس ڕازی دەبێ و دەڵی باشە، بەڵام تەنیا بیست دەقیقە دەتوانن لە گەڵ فوئاد قسە و باس کەن. ئیتر نازانم شانس یار بوو یا دیداری کاک فوئاد لە لایەن زیندانەوە ئازاد کرابوو.

دایە کاڵێ لەو دیدارە زۆر ڕازی و خۆشحاڵ بوو و وتی کاتێک فوئادم بینی داچەڵەکام. خریکبوو لە سەر خۆم بچم ئەوەندەیان ئازار و ئەشکەنجە کردبوو کە سیما و ڕواڵەتی، گۆڕدرابوو. کز و زەعیف و لاواز و بێ هێز بە حاڵ

دەیتوانی هەنگاو هەڵگرێ وبرینداریان کردبوو ورەنگی هەڵپروسقابوو. پێشە و ئێسکەکانی دەم و چاوی دیار بوون. دەستی لە سەر پشتی بوو و لیدانەکە ئازاری بە پشتی گەیاندبوو. ئێمە تاقەتما ن نە هێنا و دەستمان بە گریان کرد و فرمێسک بە خۆڕ لە چاوانمان هاتە خوارەوە. بەڵام فوئاد ڕوحیەی قەوی و ورەی بەرز بوو و کەوتە قسە کردن و هەواڵی دایک، باوک، براو خۆشکەکانی پرسی. هەمیشە زەردەخەنەیەک لە سەر لیوەکانی بوو. ئیسکسووک ودەم بە پێکەنین و ڕەزا شیرین و دەتگوت هێشتا لە سەنگەری خەباتدا شەڕەکەی لە گەڵ دوژمن تەواو نە بووە. نگابانەکان تاو ناتاوێک دەستوری تەواو بونی دیدارەکەیان دەدا. ئێمە دڵمان نەدەهات جێی بێڵین وقەد تاسەی دیدارمان نە شکا و ئەوانیش گوێ یان بە ئێمە نە دا و بە نابەدڵی فوئادمان جێ هێشت.

دایە کاڵێ هەرگیز دڵی بەرایی نەدا، وەزعی جسمی وئەو ئەشکەنجە و لیدان و ئازارانەی کە دەر حەق بە کاک فوئاد کرابوو بۆ دایە بەهیە بگێڕیتەوە و تەنیا لە ورەی بەرزی قسەی دەکرد. پاش چوار مانگ کوشتن و لیدان و ئەشکەنجە کاک فوئادیان بۆ زیندانی قەسر نارد و لەوی بوو. دیداری و چاو پێکەوتنی بۆ دایک و باوک ئازاد کرا. بەڵام خۆشک و برا ساڵیک جارێک، ئەویش لە کاتی نەورۆزدا ئێجازەیان بوو دیداری کەن ولە وی موحاکەمەی دەستی پێکرد.

# 10.3 لە زیندانی قەسری تاران

لیدان، ئەشکەنجە، تەوهین، منگەنە، سوکایەتی، ژووری تەنها، تەعزیب و فشاری ڕەوانی نەیاتوانی ورەی بەرزی کاک فوئاد بشکێنن. حکومەتی شا و ساواک تەنیا توانیان شوێنی زیندانەکە بگۆڕن، ئەگینا قەد نەیانتوانی ئێرادە و ئێمان و ورەی کاک فوئاد بگۆڕن. کاک فوئاد و زۆر کەسی تر لە زیندانی کۆمیتەی هاوبەش سەربەرزانە بەرەنگاری دوژمنیان کرد و بەرەو زیندانی

قەسر گوێزرانەوە. نەفرەتی زۆری لە ترسنۆکی بوو. مەقاوەمەت و ڕازداری و ورەی بەرزی بەرێزان: سەعید موعینی، شوعیب زەکەریایی و فوئاد مستەفا سوڵتانی و هاوڕێ یانی تری کۆمەڵە گاڵتەی پێ نەدەکرا و وەک ئەفسانە وا بوو. یەکێک لە زیندانی یە سیاسی کانی قەسرکە لە گەڵ ئەواندا زیندان بوو دەیگوت :زیندانی قەسر ئەنگوشتەرێک بوو کە لە دەستی شوعیب و فوئاددا بوو.تا ئەو جێگایە لە بیرم مابێ ئەم ناسراو و بەرێزانە هاو بەند و هاو زیندانی کاک فوئاد بوون:زاکروس خەسرەوی،ئەبووبەکر مودەرەسی، جەعفەر حەسەن پوور، سولیمان خورەمی، ئیرەرجی فەرزاد، شوعیبی زەکەریایی، عبدوڵای موهتەدی، سەعیدی یزدیان، موحەممدی میسری، تەیب عەبباسی ڕوح الاهی، یوسفی ئەردەڵان، سەعیدی موعینی، عەبە تاران، دوکتور سەدیق نبات چیان، موحسن نەهاوەندی،بیژن چیهرازی و. ..

زیندانی قەسر لە تاران بوو. بە ڕەواڵەت پۆلیس کونترۆڵی دەکرد بەڵام بە یارمەتی ساواک و پیسترین ئەفرادی پۆلیس بە ڕێوە دەچوو. بەند و سلولەکانی ناو زیندان دوور لە یەک نە بوون. پۆلیس زیندانی یەکانی جار و بار دەگواستەوە بۆ زیندانی گشتی و عمومی. زیندانی سیاسی دەیانتوانی لە گەڵ یەکتر بژێن و پێکەوە بن. ساواک بۆیە زیندانی یەکانی بۆ قەسر دەبرد بەو مانایە بوو کە هەموو هەڤاڵ و خەبەر و نهێنی یەکانی کەشف کردووە. ئیتر پێو یست نی یە زیندانی لە کۆمێتەی هاو بەش ڕاگرن. ساواک ئەو پەڕی جەلادی و ئەشکەنجەی دژ بە زیندانی کردبوو ولە هەڵسەنگاندنی دزگای ئەمنیەتی و ساواک دەبوا زیندان بگۆڕدرێ. پڕۆسەیەکی تر بۆ زیندانی ڕچاو کرابوو. زیندانی سیاسی دەبوا لەو کاناڵەش تێپەڕ بێ.

لە زیندانی قەسر برینەکان قەتماغە وپەترۆیان دەبەست و ئەزیەت و ئازاری زیندانی سیاسی لە ئاستی کۆمیتەی هاو بەش نە بوو . بەڵام دەیان شێوەی تریان بۆ شکاندنی زیندانی سیاسی بە کار دەهێنا. دوور خستنەوەی زیندانی لە هاو فیکر و سیاسی یەکان و بردنی بۆ ناو زیندانی ئاسایی و عادی لە وانە بوو. زیندانی عادی بریتی لە چارە ڕەش ترین ومەزڵووم ترین مرۆڤی ناو

کۆمەڵگای ئێران بوون و ئەفرادێک بوون کە کۆمەڵگای چینایەتی ئێران بە هەزاران جۆر ئەوانی داغان و ورد و خاش کردبوو،کە لە ڕاستیدا بە جۆرێک قوربانی کۆمەڵگای پڕ لە نابەرابەری، لە ستەم، لەهەڵاواردن و تەبعیز بوون. ئەفرادێک کە ڕێزیان بۆ قانونی پاشایەتی دانەنابوو، ئەفرادێک کە تاوانی گەورەیان کردبوو دزی،فرۆشتن و کڕینی مەوادی موخەدیر،یان قەتڵی نەفسی یان کردبوو.

کاک فوئاد لە زیندانی قەسر وەک ئەستێرەی گەش درەوشا. تەسلیمی زۆرگویی دوژمن نەبوو. سەنگەری خەباتەکەی گۆڕابوو و لە شەرافەت و کەرامەتی مرۆڤایەتی دیفاعی دەکرد. پۆلیس و ساواک بۆ ئەوەی چۆکی پێ دادەن و وردی کەن دوو جار بردیانە ناو زیندانی یە ئاسایی و عادی یەکان. کاک فوئاد هەر دوو جارەکە لە گەڵ هاوڕێ یانی تر مانی گرت و خۆی لە نان خواردن پاراست و ئەوەندە لە سەر داخوازی یەکانی سوور بوو کە توانی جەوی زیندانی عادیش بگۆڕی. لە ناو زیندانی قەسر لە گەڵ هەموو گرووپ و تاقمی سیاسی ئاشنا بوو. لە ماوەیەکی کورتدا تەقریبەن لە گەڵ ڕوحیە و ئاسۆی فیکریان ئاشنا بوو. لە گەڵیان پۆلیمیک و بەحسی سیاسی زۆری کردبوو. لە هەر حاڵدا یەکێک لە خۆشەویست ترین زیندانی سیاسی لە ناو زیندانیە سیاسی یە کانی قەسردا بوو. خاوەن ئۆتۆریتەی بەرز وکاراکتری سیاسی و جیی متمانەی هەمووان و تەنانەت جەماعەتی موجاهیدین بوو.کاک فوئاد هەرگیز ڕێبازی موجاهیدینی قەبوڵ نە بوو، بەڵام بۆ تاکە تاکەی زیندانی یە سیاسی کان ڕێزی هەبوو.

دەبوا باوک و دایک بۆ دیداری کاک فوئاد لە ئاڵمانەوە بێنە مەریوان و سنە و پاشان بەرەو تاران سەفەر کەن. بێدادی و وەحشیگەری زیندان وانەکان و مەحرومیەتی خانەوادەی زیندانی سیاسی لەو دیدارانە بەو پەڕی خۆی گەیشتبوو. کاتێک دەچوینە دیداری ورەی بەرز و هەموو کاتێک دەم بە پێکەنین بوو. جارێکیان لە سنەوە بۆ دیداری ڕویشتمە تاران و بە هەزاران زەحمەت ئێجازەیان دا، زۆر جار دەبوا بە فارسی قسەمان بکردبایە، بەڵام کاک فوئاد لە

کاتی خواحافیزی دەرفەتی پەیدا کرد و بە پەلە وتی ئاگات لە خۆت بی دووهاوپۆلی زانستگات مەحموود ئەخوان بی تەرەف(حماد شیبانی ) و حسین مەولودی سەفا لە ژیر ئەشکەنجە و لیدان زۆر شتیان سەبارەت بە تۆ بە ساواک وتوە وبە منیان وت چاک تۆ دەناسن. ئەو دوو کەسە لە زانستگا یەکترمان دەناسی و لە دانشجوە نە ترس و ئازاکانی زانستگای موعەلیمانی تاران بوون. داخوازی یەکانی تەنیا کتێب و جل و بەرگ و... بوو.کتێبی مێژووی کورد و کوردستان، نوسراوەی ئایەتوالله مەردۆخ کوردستانی و زۆر کتێبی تر کە ساواک سانسوری نە کردبوو وەک دیوانی حافزو تەفسیری قورئانی داواکرد و بۆمان برد. کاتێک کەل و پەل و خواردنەکانمان تەحویل دەدا ئەو جەلادانە زۆربەیان دەدزی. کەمتیار و داڵە کەرخۆرەکانی زیندان لە هەوەڵین هێرش هەنگوینەکەیان، لە ناو خۆیاندا بەش وشرت و گوم دەکرد. بە جۆرێک دەیان خوارد و دەیانلستەوە کەدەست بە دەمی نەدەزانی. ماوەیەکی دەخایاند تاکتێبەکانیان تەحویل دەدا. ژوورە کانی زیندانی قەسر سێ شکڵ و شێوە یان بوو. ژوور و سلولی تاکە کەسی و زیندانی عمومی بۆ سیاسی یەکان و زیندانی عادی بۆ ئەفرادی تاوانباری غەیرە سیاسی. کاک فوئاد دەورانی زیندانی یەکەی لە هەر کام لەم سێ شکڵە زیندانە تێپەڕ کرد و گوزەراند.

لە لایەن ساواکەوە زیندانی سیاسیان موحاکمە دەکرد و دادگاکە فەرمایشی و داهۆڵ ئاسا بوو. پارێزەرێکیان بۆ دیاری کردبوو، گوایە ئەو پارێزەرە لە زیندانی سیاسی دیفاع دەکات و ناهیڵی مافی پێ شێل کرێ. کاک فوئاد دەیگوت ئەم کارەیان هەر کوت و مت لە تێاتر دە چێ. گەز و قەپان و شایەن و تەرازوو بەدەستی خۆیانەوەیە و هەر شێوە و جۆرێک بیانەوێ تیاترەکە دەڕازینەوە و کارگەردانی ئەم تیاترەش ساواکە. بۆ کاک فوئاد دوکتور نیابەتی یان دانابوو کە لە مافی ئەو دیفاع بکات. دوکتور نیابەتی وەکیلی تەسخیری و بە کرێ گیراو و دیاری کراوی رژیمی شا بوو. لەو کاتانەدا ئەمیرعەبباس هویدا سەرۆک وەزیری حکومەتی شا جارێک بە موخالیفینی دەوڵەت و شای گوت "خەراب کار" . ئەم وشە کەوتە دەمی گۆڤار و ڕۆژنامەکان

و بۆ هەموو بابەتێک و بۆ هەموو خوڵتە و دەس لە سەر سینگ دانانێک کاوێژیان دەکردەوە و ئەوەی خوازیار و داوای دێمۆکراسی و سەرەتایی ترین مافی ئێنسانی بکردبایە پێیان دەگوت خەراب کار. وای پێ هاتبوو زۆر کەسی ناحاڵی لە کۆمەڵگای ئێران بە ڕووناکبیریان دەگوت خەراب کار. موحاکمەی هەندی لە "خەراب کاران" ، لە تەلەویزیونی حکومەتیدا بە ئاو و تاوەوە بڵاو دەبوەوە. هەزاران تۆمەت و تاوانیان دەخستە پێ ی زیندانی سیاسی و لە پێشڕەوانی خەڵک سیمایەکی سامناک و دڵڕەق و بێ وجدانیان نیشان دەدا و دروست کردبوو.

کاک فوئادیان چەند جار موحاکمە کرد. بەڵام کاتێک باوکم دیداری دوکتور نیابەتی کردبوو نیابەتی لە وڵامدانەوەی پرسیارەکانی ساواک لە کاک فوئاد زۆر ڕازی بوو، دەیگوت تا ئێستا و لە دەورەی ژیانمدا ئاوا نەمدیوە تاوانبار و موتەهەم بتوانی لە خۆی دیفاع بکات و قسەکانی جامیع و مانیع بێ. سکاڵانامە و دیفاعیاتی فوئاد نموونەیە و هاوتای نییە. وتبووی من ئەزمونی زۆرم لە کاری خۆمدا هەیە و بەدەس هێناوە. لە مافی زیندانی یە سیاسییەکان لە هەموو بوارێکی دادگادا دیفاعم کردووە. بەڵام نوسراوە و دیفاعیاتی فوئاد زۆر محکەم و پێویستی بە دیفاعێکی ئاوا نی یە. نمونەی دیفاعیاتی ئاوام تا ئێستا زۆر کەم دیوە. ئەو زۆر تر لە وەی چاوەڕوان دەکرا حەقانیەت و بێ تاوانی خۆی سەلماندوە. دیفاعیاتەکەی ئەوەندە جوان و لێزانانە و قەناعەت هێنەرە کە ناکرێ بایەخی پێ نەدرێ. ئێتر نازانم هەڵویستی دادگا و ڕێکخراوی ئاسایشی میللی(ساواک) چۆن دەبێ ؟؟دوکتور نیابەتی وەکیل و پارێزەری سەر بە ڕژیمی شا بوو و ساواک بۆ فریوی خەڵک و بنەماڵەی شۆڕشگێڕ و سیاسی یەکان پەروەردەی کردبوو. نیابەتی لاسایی وەکێلێکی پێشڕەو و ئازادیخوازی دەکردەوە و بە ڕواڵەت لە دیموکراسی دیفاعی دەکرد. گوایە لە ئەساسدا لە زیندانی سیاسی دیفاعی دەکرد. نیابەتی دەوری شوڤاری و جاسوسی یان پێ سپاردبوو. شانۆگەرێکی بە ڕاستی لیهاتوو و تا دڵت بخوازی زیرەک بوو. ئێشی سەرەکی ئەو پەژیوان کردنەوە و ڕووخاندنی ورەی شۆڕشگێڕان و ئازادی

خوازانی کۆمەڵگای ئێران بوو،لە راستیدا وەکیل و پارێزەری تەسخیری هەر بەشێک لە سیستەمی سامناکی شا و ساواک بوو. کاک فوئاد لە چوار لاپەڕەدا سکاڵانامە ودیفاعیاتی خۆی ئامادە کردبوو. و ئەوەندە شارەزایانە نوسرابوو کە نیابەتی هێنایە قسە وناچار بوو نەزەری خۆی وەک وەکیل بڵێت. پاشان بە باوکمی وتبوو ئەم دیفاعیاتە دەتوانی بێ تاوانی موتەهەم (گومان لیکراو) نیشان بدات. ڕاسپاردە و ئاموژگاری دوکتور نیابەتی بۆ کاک فوئاد تەنیا نووسینی چەند دێرو جوملەی پەژیوانی بوو و نیابەتی دەویست لە نووسراوکەی کاک فوئاد وەک سەنەد و دێکۆمینت کەڵک وەر گرێت. هاو کات دوو کەس لە ناسراوەکانی باوکم تیمسار مەنسوور پوور و تیمسار مودەڕسی کە سەبارەت بە سەرکوت و شکست پێدانی خەباتی گەلی کورد دژی داگیرکەران، هەڵسوڕاو وفەعال و خزمەتیان دەکرد و ڕاوێژکار و خۆشەویسی شا بوون و لە سیستەمی پاشایەتی و حکۆمەتیدا، پایە و دەسەڵاتی بەرزیان هەبوو، هەمان قسەی نیابەتیان دووپات کردبوەوە و پێشنیاریان دابوو ئەگەر فوئاد پەژیوان بێتەوە هەموو ئەو ساڵانەی کە پارەی لی زەوت کراوە و لە زینداندا بووە ،پارکەی دەدریتەوە و ئێش و شوغڵی فرە باش و موهیمی پێ دەدرێ. تەنانەت چەکی سپی دەدریتی کە بە ئارەزووی خۆی تیدا بنووسی و لە بانک پارە وەر گرێت. ئەم وەعد و پەیمانانە هەمووی بە لای کاک فوئادەوە گاڵتە بە چارەنووسی بێبەشان و چەوساوەکان و پێشێل کردنی مافی ئێسانی مرۆڤ ویاری کردن و سووکایەتی بە ئازادی و دێمۆکراسی بوو.

کاک فوئاد دەیگێڕایەوە کە لە جەلەسەی دادگا و کاتێک موحاکمە دەکرا قازی و دادیار و وەکیلی تەسخیری باویشکیان دەدا و خەو نوچکە دەیانی بردەوە. قەد گوێ یان لە موتەهەم کە ئێمە بوین نەدەگرت. مورەکان و گوپالەکان و بەکرێ گیراوان بڕیاری خۆیان دابوو و تەنیا لە ساڵونی عەدل و داد لە کەمیندا بون کە تای تەرازوەکە لار نەبێتەوە و خوای نە خواستە موحاکمەی زیندانی بێ ئێنسافانە بێ ولە قانوون لا بدا و بە زەرەری "خەراب کار" تەواو بێت. و ڕۆژنامە و ڕادیوکانی بێگانە وتاری سیاسی دژ بە شای ئاریا خودا

بنووسن و بلین. ئەوان بە هەر چەشنێک بوایە لە پڕووپاگاندە و تەبلیغ دژی شا و ساواک بەرگریان دەکرد. کاک فوئاد وتی گەز و مقەس بە دەستی خۆیانەوە بوو و بە هەر جۆرێک بیان ویستایە زیندانی سیاسی مەحکوم دەکرا. ئا لەو فەزایەدا منیان بە چوار ساڵ زیندان مەحکوم کرد و وەک گورگ لوورە لووریان دەهات کە گوایە بەزەیی و ڕەحمیان هاتوەتەوە و دەر حەق بە زیندانی سیاسی دلۆڤان و بەرەحم و میهرەبان بوون.

جارێکیان دەمەو نەۆرۆز بوو و دیدارمان کرد بە ڕاشکاوی و بێ پەردە وتی : زەخت و زۆر و فشار بە ئاشکرا و زەق لە ئاستێکی بەرزدا نی یە و نەماوە وکەم بوەتەوە. ڕەنگە بتوانم پاشماوەی زیندانەکەم لە شاری سنە بکێشم و ئیتر دیدارەکان ئاسانتر دەبێتەوە. لە مەسئول و بەر پرسانی زیندان بە نوسراوە داوام کردوە کە بەرەو سنە بە ڕێم کەن. زۆری پێ نەچوو کە حکومەتی شا کاک فوئادیان بۆ زیندانی سنە گواستەوە. هەواڵی گەیشتنی کاک فوئاد بۆ زیندانی شاری سنە لە لایەن پۆلیسێکی زیندانەوان کە خەڵکی ئاوایی "بەرقوڕوو" بوو بە خزمێکمان گەیشتبوو. کاتێک هەواڵەکەمان پێ گەیشت خەرێک بوو لە خۆشیدا شای مەرگ بین. زیندانی شاری سنە دەورانێکی هەستیار و شکۆدار لە ڕێبەری و ژیانی سیاسی – کۆمەڵایەتی کاک فوئاد بوو کە توانی ڕێبەری ئێعترازە بەر بڵاوە جەماوەری یە کان بکات.

**نامەیەکی کاک فوئاد لەزیندانی قەسری تارانەوە**

**ڕێکەوتی 0215 2535 لە زیندانی قەسرەوە ،بنکەی ئامۆژگاری ژمارە یەک گرتووخانەی بەشی دوو ژمارەی وێنە .....**

**ناو و پێناسی خاوەن نامە: محەممەد فوئاد مستەفا سولتانی ناوی باوک: محەممەد ڕەشید**

**قەرار ژمارە و ڕێکەوت ... ناردراو لە ....**

**برای ئازیزم حسین گیان !**

پاش سڵاو ، هیوا دارم سڵامەت و شاد بیت . منیش سڵامەتم و تەنیا نیگەرانیم دووری لە بنەماڵەیە. نامەکەت ڕێکەوتی25 کە ئەگەر هەڵە نەکەم یەکەمین نامەیشت بوو، بە دەستم گەیشت. موژدەی سڵامەتیتان شاد و خوشحاڵی کردم . هەروەها کە لە چاوپێکەوتنی نەورۆزدا پێتانم وت ، نامە نووسینی تۆ ئەگەرچی دوو دێڕی کورتیش بیت و هەواڵی سڵامەتی بنەماڵەی تێدا بیت ، بۆ من زۆر بە نرخ و گرینگە .

کە وایە هەم خۆت و هەم براکانی تر ،هەوڵ بدەن نە پساوە نامەم بۆ بنووسن . ئەمین گیان لەم یەکساڵ و نێوەی زیندانم نامەیەکێشی بە دەستم نە گەیشتوە . لە وەزع و بە سەر هاتی باوکم بنووسن .هەروەها ئەگەر بنەماڵە بیانەوێ بۆ مەریوان کۆچ کەن ،پێویستە هەوڵ بدەن زەوی و زار و مەزراکان نە فرۆشن و دەبی بیگومان ئاگاتان لییان بێ .

لە خزمەتی باوکم و دایکم و دایە کاڵێ و کاک سەعید و براکانی تر و خۆشکەکانم و ئەندامانی بنەماڵە و ئاشنا و دۆستان و ناسیاوان سڵاوم هەیە و ڕێزم پێشکەشە. و بە تایبەت بە باوک و دایکم بڵێن هاتن بە مەبەست و بۆ چاوپێکەوتنی من پێویست ناکا و خۆیان دووچارێ ڕەنج و دەردی سەرێ ئەو هات و چوە سەخت ودژوارە نەکەن .

**برات فوئاد**

# 10.4 زیندانی شاری سنە

سیاسەتی ئامریکا لە دەورانی حکومەتی جیمی کارتردا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵ و گۆڕی بە سەردا هاتبوو.بە تایبەت بە نسبەت ئێرانەوە ئەم سیاسەتە لە مێدیای جیهانی باس دەکرا. سیاسەتی جیهانی ئامریکا کە لە لایەن کارترەوە باس دەکرا ڕاستەوخۆ مەیدان و دەسەڵات ملهوڕەکان و دیکتارورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی بەر تەسک دەکردەوە. لەو کاتەدا زیندانی یە سیاسی یە کانی ئێران سیاسەتی ئامریکایان بە گاڵتە ناو نابوو جیمی کراسی. کارتر بە ئاشکرا دەیگوت ئێتر بە دیکتاتور و ملهوڕەکان ئێجازە نادرێ لە مە زۆرتر فەزاحەت و بیشەرمی بار بینن. جیمی کارتر دەیگوت : دیکتاتورەکان دیموکراسی ناپارێزن و موخالفەت و دژایەتی لە گەڵ کمونیزمدا ،بە مانای دیفاع لە ملهوڕی ودیکتاتوری نی یە . کە وابوو وڵاتانی گرێ دراو بە ئامریکا بە نسبەت و دەر حەق بەزیندانی یە سیاسی یە کانیان تا ڕادەیەکی کەم زەنجیرەکانیان شل کردەوە.لەو کاتەوە ئێتر بە ئاشکرا شکەنجە، لیدان، ئەزیەت و بی حورمەتی بە زیندانی سیاسی نەدەکرا.زۆربەی زیندانی یە سیاسی یەکانی تاران خوازیاری گواستنەوە بۆ زیندانی تر کە نزیک بە بنەماڵەکەیان بێت بوون. و داوای گواستنەوەیان کرد.

کەمتر لە ساڵیک لە دەورانی چوار ساڵەی زیندانی کاک فوئاد مابوو کە لە دوای گۆڕانی سیاسەتی ئامریکا بە نسبەت حکومەتی شای ئێرانەوە و قسەکانی کارتر ڕەئیسی جمهوری ئامریکا، زەنجیری زیندانی یە سیاسی یە کان ،تا ڕادەیەک شل بوەوە. وڵاتانی گرێ دراو بە ئامریکا زیندانی سیاسیان بە ئاشکرا و زەق ئەشکەنجە و تەعزیب نەدەکرد. وەزعی دڵتەزین و خراپی زیندانی سیاسی ئێران، لە دونیادا بە شێوەیەکی سەر سوڕهێنەر دەنگی دابوەوە و بۆ حکومەتی شا و دەربارەکەی وساوک ئابڕو چون بوو. لە لایەکەوە ئازادی خوازانی ئێرانی و پارێزەرانی مافی مرۆڤ و حقوقدانەکان، پەردەیان لە سەر

جەنایەتەکانی ساواک هەڵماڵیبوو. لە لایەکی ترەوە سەلیبی سووری جیهانی و بیر و ڕای گشتی دونیا بۆ حکومەتی پاشایەتی و ساواک زۆریان هێنابوو. تا دەهات دەسەڵات و نەفوزی دەربار و شا کەم دەبوەوە و وەک بەفری بەهار بەرگەی تەوژم، هێرش و تینی گەرمای جوڵانەوەی خەڵکی نەدەگرت. ئۆرگان و کۆمیتەی مافی مرۆڤ، دەورێکی باشی گێڕا و لە هەموو مێدیای جیهان دەنگی ئێعتراز و شەکایەت و نارەزایەتیان سەبارەت بە زیندانی سیاسی لە وڵاتی ئێران دەرهات.

کردەوەی وەحشیانە و ئەشکەنجە و ئێعدام و تیر بارانی زیندانی سیاسی لە ئێران بە ڕادەیەک گەیشتبوو، کە بۆ بیر و ڕای گشتی جیهان مایەی شەرم بوو و قەبووڵ نە دەکرا. دیواری دیکتاتۆری کەوتبوە بەر شاڵاوی ڕق و تۆڵە و هێرشی خەڵک و پێشڕەوان، و تا دەهات پەرەی دەسەند وحەملە و هێرشیان پێ دەکرد. شا وساواک بێ ئابڕوتر دەبوون، بەڵام کاتێک خەڵک بە ئاگا هاتن، شا و نوێنەرانی پایە بەرزی سیستەمی پاشایەتی پاشەکشەیان کرد و کەوتنە پاڕانەوە و خوڵتەی سەرە مەرگ. پەسا پەسا شابانو فەرەح و شا لە ڕادیو و تلەویزیون، بە قسەی سەمیمانەنەوازشی خەڵکیان دەدا ،و هەموو خەتاکانیان دەخستە پێی مەئمورانی ناحاڵی و گوزارشی بێ ئەساس و متمانەیان بە خەڵک دەدا لەمەودواتر، وا نابێ. بۆ فرێوی خەڵکی ئێران دیداری زۆرتر لە ئێمام ڕەزای مەشهد ،حەزرەتی زینەب لە قوم و چل چرای شیراز دەکرا و توێژ وبەرەی مەلایش بە یارمەتی و ڕێککەوتنی زلهیزەکان، خۆیان و عاباکانیان بۆ ڕفاندنی دەسەڵاتی سیاسی ئامادە دەکرد. و بەو شێوەیە سواری شەپۆلی ڕاپەڕینی خەڵکی بە ئامان هاتووی ئێران بوون. لەو هەل و مەرجەدا، کاک فوئاد لە ساڵی1356(1977) لە زیندانی سنە خۆی دیتەوە. زۆری پێ نە چوو چەند زیندانی سیاسی تری،لەزیندانەکە دیدار کرد ،کە ئەو کاتە وەک زیندانی سیاسی لە زیندانی سنە بوون، و دەورانی مەحکومیەتیان دەکێشا. کاک فوئاد لە گەڵیان و بە یارمەتی ئەوان کاری سیاسی و تەشکیلاتیان دەس پێ کرد. کاک فوئاد هەموو پەیوەندی یەکانی لە گەڵیان پتەو کردەوە. لە زیندانیشدا، هەر لە خەبات

و تێکۆشان بەر دەوام بوو. بۆ باشتر کردن باری ژیانی خۆی و هاوڕێکانی لە بەندیخانەدا مانی گرت و نارەزایی دەر بڕی. لە زیندانی سنە هەموو مافیکیان لی زەوت کرابوو. هەروها بە شێوەی نهێنی لە گەڵ هاوڕی زیندانی یەکانی کاری سیاسی و تەشکیلاتی بەر فراوانی دەکرد. پۆلیسی سنە لە ئاستی پۆلیسی تاران درەندە و وەحشی نەبوو. پولیس تا ڕادەیەکێی نە زۆر خام و نەزان و گێج و کاس بوون. کاک فوئاد ئەو هەلەی قوستەوە و لە و ماوەیەدا کە لە سنە زیندانی بوو هاوڕێ کانی توانیان دیداری کەن. پۆلیس پێناسی عەکسداریان داوا نەدەکرد ووەک خزم دەکرا داوای چاوپێکەوتنی زیندانی کەیت. هاوڕێ یان ئەدیب وەتەندوست، ئێرەجی فەرزاد، نەسرین و فەریدەو جەمیلی زەکەریایی و... کاک فوئادیان لە زیندانی شاری سنە دیدار کرد.

# 10.5 مانگرتنی مێژوویی 24 ڕۆژەی زیندانی سنە

هەواڵی مان گرتنەکەی زیندانی یە سیاسی یەکانی شاری سنە گەیشتە مەریوان. زۆر نێگەرانی وەزعی جسمی و سڵامەتی زیندانی یەکان بووین. بنەماڵەی رەوشەن تۆودە، ئێمە ودۆستان و نزیکان بەرەو شاری سنە کەوتنە رێ و لە بەر دەرگای زیندان کۆ بونەوە. زۆربەی بنەماڵەی زیندانی یە زسیاسی یەکانی تریش هاتبون وداوای دیداری کاک فوئاد کرا نەیان دا. ئاخری رازی بوون و بەڵام کاک فوئاد ئەوەندە هێلاک و ماندوو بوو کە نیدەتوانی لە سەر قاچەکانی راوەستێ. کاک حەمە و شەهید حسین چونە ناوەوە و ژێر باڵیان گرت و هێنایانە پشت درگای زیندان. لە کونی درگای زیندانەوە دایە بەهیە کاک فوئادی بینی.

کاتێک نەیانهێشت دایکی کاک فوئاد بچیتە ناو زیندان و کوڕەکەی دیدار کات، گوڕاندی بە سەر زینداوانەکە و ئەم دوو شیعرەی خوێندەوە :

هەر کەس زالم بێت ئەوە کاریەتیدایک بۆ رۆڵەی چی قەراریەتی
قرچەی دەرونم بە گاتە فەلەک     شێوەن بخاتە دایەرەی مەلەک !

کاک فوئاد و هاورێ کانی لە زینداندا بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزە سیاسی یەکان ،مان گرتنییان وەک ئامێرێک هەڵبژارد. هەموو زیندانەوان و بەرپرسانی زیندان، ساواک و پۆلیس کەوتنە خۆیان کە مان گرتنەکە تووشی شکست کەن و ورەی کاک فوئاد بشکێنن. بەڵام ورە و ئیمانی کاک فوئاد گاڵتەی پێ نەدەکرا. پۆلیس لە هەموو شێوەی ناجوامێرانە کەڵکی وەر گرت و بێ سوود بوو. مان گرتنەکە تا دەهات پەرەی دەسەند و لە دەرەوەی زیندان دەنگی دابوەوە. هەموویان هێلاک، ماندوو و بێ هێزکەوتبوون و هەر کۆڵیان نەدا. زیندانی یە عادی یەکانیش بۆ ماوەی یازدە رۆژ بەشداریان کرد و پەیوەس بوون. ساواک و پۆلیس  لە بەرانبەر ئیرادەی قایم و پۆڵاینی مان گرتوەکان قەڵغان و سپەریان داخست و رێوی ئاسا کەوتنە فڕ و فێڵ و پۆلیس وساواک ناچار بە پاشە کشە کران و دەسەڵاتی پێشویان نەما. کۆمەڵانی خەڵک وەرەیان بەرز بوەوە و کەوتنە جمو جوڵ. خەڵکی حەق شناسی سنە و بە تایبەت بنەماڵەی زیندانی یە سیاسی یەکان و لاوانی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو  هێچ کۆسپ و هەڕەشە و گوڕەشەیەک نەیتوانی  سەر کوتیان کات و بۆ یارمەتیدان و بڵاو بونەوەی هەواڵی باری ناخۆشی سڵامەتی مانگرتوەکان و تەقاندنەوەی هەواڵەکە، و ڕژاندنی ترس و سام لە شاری سنە  و هان دانی جەماوەری خەڵک بۆ رووخانی ڕژیمی پاشایەتی  بریایان دا لە ناوبینای دادگوستەری شاری سنە دانیشن و ئێعتساب کەن. پێشڕەوانی شاری سنە ڕژانە خیابان وهەوەڵین ئێعتراز و تەزاهورات دەستی پێکرد. هەواڵەکە وەک بومب تەقیەوە. دەستە دەستە گەنجەکان و زۆر بنەماڵەی تر و  خانەوادەی هەموو زیندانی یە سیاسی یە کان لە داد گوستەری سنە دانیشتن. پۆلیس هات و گەمارۆی مەیدانی ئێقباڵی و داد گوستەری دا.  لە هەوەڵەوە پۆلیس تەنیا کاریان گەمارۆ بوو. پاشان کە دوو سەعات تێپەڕی و کارمەندەکانی دادگوستەی و قۆتابی یەکانی مەدرەسەکان و خەڵک  بۆ ماڵەوە رۆیشتن و جەماوەری خەڵک کەم بونەوە. پۆلیس دەستی بە

هێرش کرد و بە لولەی ئاو جەماعەتیان ئاوپرژین کرد و هەموو تەڕ بوون. ئێنجاکەوتنە پەلامار و لیدانی جەماعەت. بە شێوەیەک مەلەکەی خۆشکمان درایە بەر لیدان و کوتەک کە ئەگەر کاک عەبدوڵای دارابی فریا نە کەوتبا، دەست و پێیان دەشکاند و یان بە لیدان و کوتەک لە ژێر دەستی پۆلیسدا دەکوژرا. زۆربەی لایەنگران و خزمانی زیندانی یە سیاسی یەکان کەوتنە بەر لیدانی پۆلیس و سوکایەتی یان پێ کرا. یەکە یەکە و دووان دووان جەماعەتیان گرت. لەو فاسلە دا سی و پێنج کەسیان گرت.

میتینگی بەر دادگوستەری شاری سنە بە ئێبتکار و هەڵسوڕانی چالاکانەی ئەندام ولایەنگرانی کۆمەڵە و بە تایبەت ڕێنوینی یە بە نرخەکانی کاک سەدیق کرا. ڕێک خرا. هاورێ یانی شۆڕشگێڕ عەبدوڵای دارابی،جەمیل ونەسرین و فەریدە زەکەریایی،حسین پیر خزری، ئەمین وعبدوڵاه و مەلەکەی مستەفا سولتانی ، غوڵام وەیسی ،ڕەزای حوجەت ،حەمید مەلوکەلکەلامی وگەنجەئازاکانی شاری سنە و... دەوری دیاریکەر و بەرچاویان هەبوو.تەئسیر و ئاکامی ئەو میتینگە، هەوەڵین ئێعتراز و تەزاهوراتێک بوو کە لە شاری سنە کرا و تەنانەت لە خیابانی فیردەوسی و مەیدانی ئێقباڵ ماشینەکانی حکومەتی و شوشەی بانکەکانیان شکاند.

گیراوەکان بریتی بوون لە : باوکم. دایە بەهیە (ئەمین، حوسین، مەلەکە، ماجید ،کەریم و تەیموور مستەفا سولتانی) و چەند کەسی تریان وەک حەمە برا و جەلال کۆنەپۆشی (ڕەشەدێ) ، و... لە نزیک مەریوان و کێوی گاڕان گرت. هەمویان توندی زیندان کران و پاش چەند سەعات باوک و دایکی کاک فوئاد و مەلەکە بە زەمانەت ئازاد کران.

مان گرتنەکە هەر ئێدامەی هەبوو و ڕژیم زۆری بۆ هاتبوو. بە ڕێز کاک سەدیق کەمانگەر پارێزەر و محامی بوو و جار و بار بۆ دیفاع و پەیوەندی لە گەڵ زیندانی یە عادی یەکان دەچوە زیندان و لەو کاناڵەوە کاک فوئادی دیدار دەکرد . و لەو ڕێگاوە هەندی کار و باری تەشکیلاتی کۆمەڵە جی بە جی دەکرا. لەم پرۆسەیەدا کاک سەدیقی کەمانگەر ئەندامی کۆمیتەی حقوقدانانی مرۆڤ و

پارێزەر (مەحامی) و وەکیلی دادگوستەری سنە، کاک عەبدوڵای بابان جێگری فەننی ئوستانداری کرماشان و عەبدوڵڵای مستەفا سوڵتانی دەبیری مەدرەسەکانی مەریوان. پێکەوە بەرەو تاران بە مەبەستی دیداری سەلیبی سووری نێو نەتەویی ، کانوونی پارێزەران و دیداری هەندی کەسایەتی سیاسی ڕۆیشتن. لە تاران بەرێزان : عەبدولکەریمی لاهیجی بەر پرسی کانوونی پارێزەران،کەریم سەنجابی و سارم الدین سادق وەزیری لە جبهەی میللی، سەحابی، داریوش فروهەر، و کریستیان میشل یان بینی. کریستیان میشل بەرێوە بەر و بەرپرسی سەلیبی سوور و زیندانیانی سیاسی بوو، کە لە زیندانی قەسر کاک فوئادی دیدار کردبوو و شەخسەن و لە نزیکەوە دەیناسی.کریستیان میشل ناو و پێناس و ژمارە تەلەفون و ئادرەسی خۆی لە سەر کارتێک نووسیبوو کە بە کاک فوئادی دابوو.

بە یارمەتی سارم الدین سادق وەزیری جبهەی میللی کۆبونەوەیەکی بۆ هەواڵنیرەکان پێک هێنا. ولە گەڵ حەڤدە هەواڵنێرو ڕادیوی نێو نەتەوەیی دونیا کونفرانسی مێدیای پێک هێنا. جەناب کەریمی سەنجابی سەبارەت بە مان گرتنی زیندانی یەکانی شاری سنە بە زمانەکانی فرانساو ئێنگلیزی بە شێوەیەکی جیددی قسەو باسی کردو سکاڵانامەی ئێمەی بۆ هەواڵنیرەکان خوێندەوە . کە لەگۆڤاری لۆموند و لە جامی جیهان نمای ڕادیو بیٚ بیٚ سی بڵاو بوەوە. ڕادیو بی بی سی ماوەی پازدە دەقیقە لە سەر مانگرتنەکە، خواستەکانی زیندانی یە سیاسی یەکان و هەڵسوکەوتی نوێنەرانی ڕژیمی شا لە کوردستان قسە و باسی کرد . و پاشان وفدەکە توانیان نهزەتی ئازادی و جەنابی سەحابی دیدار کەن .وهەروەها دیداری بەر پرسی سەلیبی سووری تاران کریستیان میشل بکەن .کاک فوئاد کارتەکەی کریستیان میشلی ناردبوە دەرەوە و لای عەبدووڵای برام بوو. کاتێک میشل کارتەکە دەبینی و لەگەڵ عەبدوڵای برام قسە دەکات و بە قسەکانی عەبدوڵاە قەناعەت دێنی سەفەرەکەی بۆ زیندانی شیراز دەخاتە دواوە و بۆ ناسراوانی خۆی لە دەرباری شادا تەلەفون دەکا و هەندی وەعدە وقەولیان لی دەستێنیٚ . میشل هاتە زیندانی سنە و زیندانی یە کانی

دیدار کرد و پاشان مان گرتوەکان ئێعتساب غەزایان شکاند.لەو کاتانەدا کە زیندانی یە سیاسی یەکانی سنە وەزعی جسمی و باری تەندروستیان لە مەترسیدا بوو عەبدوڵای برام دەچیتە خزمەت دوکتور" فەتحوڵای لوتفوڵا نیژادیان" و داوای دەکا کە زیندانی یەکان لەشیان ماسیوە نوسخەیەک بنوسی تا دەوا و دەرمان بکڕێ و فریایان بخات .دوکتور زەردەخەنەیەک دەێگری و وڵام دەداتەوە، قەی ناکا و تەنیا پێیان بڵی خواردنی" تراو "بخون چاک دەبەن و جێگای مەترسی نی یە . دوکتور پاشان وتبوی بەیانی خۆم لە زیندان ئێشم هەیە و دەرفەتێک پەیدا دەکەم و ئەوانیش دیدار دەکەم .دوکتور فەتحوڵاە بۆ دیدار و چاوپێکەوتنی زیندانی یە عادی یەکان و موعایەنە و فەحسیان دەچوە زیندان و لەو کاناڵەوە پەیوەندی لە گەڵ کاک فوئاد دەگرت .جمهوری ئێسلامی شەڕێکی بە سەر خەڵکی تورکەمەن سەحرا داسەپاند وبۆ سەقامگیر کردنی دیکتاتوری مەزهەبی هێرشی نیزامی کرد ولە ئاکامدا هەزاران کەسی سویل وبیدیفاعی کوشت . دوکتور فەتحوڵاە لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی مرۆڤایەتی و خزمەت بە برێندارەکانی تورکەمەن سەحرا لە گەڵ کاروانێک لە شۆڕشگێڕانی ئەنترناسیونالیستی کورد کە دەیانەویست فریای خەڵکی تورکەمەن سەحرا بکەون ،لە ڕێگادا بە هۆی پەلە پەل و خێرا ڕویشتنی ڕانندەکەیان ، ماشینەکەیان وەرگەڕا ولە کارەساتێکی دڵتەزیندا گیانی بەخت کرد .

مان گرتن وەک تاکتێکی گونجاو بۆ ئەو سەردەمە کەڵکی لی وەر گیرا. ترس و سام شکا ولە درێژ خایەن تەئسیری ڕاستەوخۆی لە سەر ورە و خەباتی خەڵک دانا. دەسکەوتەکانی ئەو مانگرتنە کە کاک فوئاد ڕێبەری کرد شکانی ترس و سام لە ساواک، پۆلیس، ژاندارمری، زیندان، وبەشداری جەماوەری خەڵک لە هەڵسوڕان و ئێعترازی سیاسی و تەئسیری ڕاستەو خۆ لە سەر زیندانی عادی و هێنانە مەیدان و هان دانی بێ بەشان و چەوساوەکان بۆ ئێعتراز بە سیستەمی پاشایەتی و تەقاندنەوەی جەوی ئێختناق و سەرکوت و پەیوەندی زیندای سیاسی و خەڵک و پڕوپاگاندەی ڕاستەوخۆ دژی ڕژیم وبردنەسەری ئاستی ئێعترازی جەماوەری و دیفاع لە مافی مرۆڤ و پێک هێنانی ڕوحی

یەکیەتی و برایەتی و هاوار و بانگەوازی دەردی هاوبەش و... بوو. کاک فوئاد لە بار هێنان و پەروەردە کردنی ژمارەیەک لە زیندانی یە کان دەوری سەرەکی هەبوو کەپاشان بوون بە کادیرو پێشمەرگە و ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە.

لە مانگرتنە مێژوویی کەی شاری سنە دەنگێکی سەرەکی و هاوارێک بەرز دەبوەوە. ئەو دەنگ و هاوارە دەنگێک بۆ سەربەستی، بەرابەری، ئازادی ،ئاشتی و سولح، دامەزرانی سیستەمێکی دێمۆکراتی دوور لە چەوسانەوە و هەڵاواردن و ژیانی شیاوی مرۆڤ بوو.مانگرتنەکە تەشەنەی کردبوو و زیندانی یە عادی یەکانیش پەیوەس بوون و پۆلیس و ساواک ئوقرەیان لی برا و زەربەیەکی قورسیان لە دەستی شۆڕشگێران خوارد. دەسەڵاتی جارانیان نە ما و وەک ماران گستە پێچیان دەدا لە خۆیان. کەوتنە دارشتنی پیلان و بە هیمەتی هاوڕێ یانی بەشدار لە مانگرتنەکە هەمووی پووچەڵ بوەوە. سەرکەوتنی زیندانی یە سیاسی یەکان لە شاری سنە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان و ڕادیو بێ بێ سی بڵاو بوەوە و لە ئێران دەنگی دایەوە. ئەو سەرکەوتنە مێژوویی یە و مانگرتنی 24 ڕۆژە و شکستی ساواک و پۆلیس ورۆیشتنی شەپۆلی ئێعترازەکەبۆ ناو جەماوەری خەڵک وشکانی ترس وسام و هاتنە مەیدانی لاوان بۆ خەبات دژی حکومەت و سەلماندنی داخوازی زیندانییە سیاسی یەکان و پێک هێنانی پەیوەندی لە نێوان زیندان و دەوەوە، ڕێبەری و ئۆتۆریتەی کاک فوئادی بۆ جارێکی تر چەسپاند.

کاتێک پولیس و شارەبانی خزم و کەس و کاری زیندانی یە سیاسی یە کانیان گرت وتوندی بەندیخانەی سنەیان کرد . هەندێکیان دیندار و بیر و باوەڕی ئائێنی یان بوو و بە هەڵکەوت مانگی ڕەمەزانیش بوو. کاک فوئاد لەو کاتە ناسک و هەستیارە کە مانگرتنەکە لاواز و بی هێز ی کردبوو ،شەوانە لە خەو هەڵدەستا و نان و چایی بۆ ڕۆژوو گرەکان ئامادە دەکرد .و لە کاتی ئێواران و بەربانگدا بەهەمان شێوە لە خزمتیان بوو تا ڕۆژووەکانیان بشکێنن .

رێز و ئێحترام بۆ بیر و ڕای جیاواز یەکێک لە پرنسیپە بەرزەکانی کاک فوئاد بوو.

## 10.6 هەڵویستی گۆڤاری "بەرەو ئازادی"

گۆڤاری بەرەو ئازادی (بسوی ازادی ساڵ1978) ژمارەی4 گەلاویژی 1357 وتارێکی بە زمانی فارسی لە ژێر ناو و نیشانی "مان گرتن و خۆڕاگری زیندانی یە سیاسی یەکانی سنە" چاپ کردبوو.بۆ ئاگاداری، وتارەکە لە لایەن کۆمیتەی پارێزگاری دەسکەوت و پرنسیبی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات (سوید) لە سپتامبری 1978 وەرگیڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. بە ڕێزو خۆشەویست کاک حەسەنی قازی زمانەوان، ئەدیب، نووسەر وسیاسەتمەدارێکی هێژا کە لە سوید پەنابەر بووە وتارەکەی لە زمانی فارسی یەوە بۆ زمانی کوردی تەرجومە کردوەتەوە. دەقی وتار و تەرجومەکەی بە ڕێز کاک حەسەنی قازی بەم شێوەی خوارەوە بوو کە نوسراوە.

● ژیانی دوازدە زیندانی سیاسی کورد لە مەترسی دایە.

● کەس و کاری زیندانی یە کان ،یان گیراون و یان بۆ ئەوەی بە دەست پۆلیسەوە نە بن، ڕایان کردوە و خۆیان شاردوەتەوە.

● خەڵکی سنە هاوپەیوەندی خۆیان لە گەڵ زیندانی یەکان، ڕادەگەیەنن.

لە ماوەیەک لە مەوبەروە 12 کەس لە زیندانی یە سیاسی یەکانی زیندانی پۆلیسی شاری سنە (کورسان) بۆ پروتیست لە دژی ئاکاری جانەوەرانە و درەندانە و دژی قانوونی کاربەدەستانی زیندان و نە بوونی هێچ چەشنە کەل و پەل و ئێمکانێکی پاک و خاوینی و سلامەتی و هەروەها لە مەترسیدا بونی ژیانیان نارەزایی خۆیان دەر بڕیوە. زۆر جار چ بە قسە و چ بە نووسین شکایەتیان لە بەڕێوەبەرانی زیندان و عەدلیە کردوە. بەڵام هێچ کەس و هێچ کار بەدەستێک بە دادی ئەوان ڕانەگەیشتوە. لە ڕۆژی 2 ی پووشپەڕ (ژوئەنی 78) زیندانی یەکان بۆ پروتیست لە دژی ئەو وەزعە دەس بە مان گرتن

له خواردن دەکەن و ڕادەگەیەنن تا جێ بە جێ کردنی تەواوی داخوازەکانیان، درێژه به مان گرتن دەدەن. کاربەدەستانی عەدلییه و پۆلیس نەک هەر تۆزقاڵێکیش سەرنج نادەنه سەر وەزعی وان بەڵکوو بۆ ئەوەی دەنگ وباسی مان گرتنەکه بڵاو نه بێتەوه ڕێگای چاوپێکەوتن و یەکتر دیتنی زیندانی یەکان و کەس وکاریان به تەواوی دەگرن. ژن و منداڵ و خاو و خێزانی زیندانی یه کان بۆ ئەوەی کار به دەستانی عەدلییه به دادیان ڕابگەن ،دەچنه ئەو دایرەیه و له کوریدۆری هودەی مودەعی عام و له سەر پلیکانەکانی خانووی عەدلییه هەڵ دەترووشکین. مودەعی عام داوای چاوپێکەوتنی نوێنەری خاو و خێزانی زیندانی یەکان هەر به بیانوی ئەوەی که کابرا بەرگی کوردی دەبردایه وەدوایه دەداتەوه و بەو پەڕی شوورەیی و بێ شەرمیەوه دەڵی :کەسێکی وا بۆ وت و ویژبنێرنه لای من که شتی لی حاڵی بێ. "مەبەستی بەڕێزیان ئەوه بووه که هەر کەس بەرگی کوردی دەبەردابێ هێچ تێ ناگا و بۆ ئەمه ناشی قسەی دەگەڵ بکرێ. "

پاش ئەو سەرەڕەقی یه و سووک بزووتنەوەی مودعی عام مەئموورەکانی پۆلیس بێ ئەوەی به خۆیاندا بشکێنەوه به باتووم دەگیانی پەنابەرەکانی بەر عەدلییه بەر دەبن و له شوینی به ناو "عەدل و داد "دا دەرەندەترین دیاردەی بێدادی له دژی ئەو کۆبوونەوه ئاشتی خوازانەیه دەر دەبرن. ژن و منداڵ و خزمی زیندانی یەکان پێ یان دەڵین وڵامی دادخوازی ئێمه به باتووم و زەبر و زەنگ نادریتەوه. بەڵام مەئموورەکان له ئاکاری جانەوەرانەی خۆیان دەس بەر دار نابن و به زۆر مەردمەکه له سەر سەرای عەدلییه وەدیوی دەری دەنین. ئەو کردەوه دەبێته هوی پڕۆتیستی ئەو کەسانه وا له سەر سەرای پلیکانەکانی خانووی عەدلییەهەڵتروشکابوون و له حاست ئێعترازی وانیش مەئموورەکان له ئاکاری نائێنسانانەی خۆیان دەس نا پارێزن. تەنانەت کار دەگاته تەقه کردن له خەڵکی بێ پەسیو و پەنا. ژمارەیەکی زۆر له زاو و زێزانی زیندانی یەکان و خەڵکی ئاسایی بریندار دەبن. دوای ئەو کارەساته شەپۆلی تووڕەیی سەرانسەری شاری سنه دەتەنیتەوه و له میتینگیکدا که پێک

دێ بڕیارێکی گشتی لە دژی ئەو کردەوە جانەوەرانەی مەئموورەکان پەسند دەکرێ. بە تاوانی ئێعتراز لە دژی ئاکاری مەئموورەکان ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک دەگیرین و ئێستا 21 کەس لە کەس و کاری زیندانی یە سیاسی یەکان دراون بە دادگای عەسکەری.

دستەیەک لەخزم و کەس و کاری زیندانی یە سیاسییەکان چونکوو لە شاری سنە تەنانەت دەرەتانی ناردنی تیلگرافیشیان بۆ کاربەدەستانی تر نابێ ،ڕادەکەنەتاران و لەویوە تیلگرافی زۆر بۆ کارگێڕە جیاوازەکان دەنێرن و لەو تیلگرافانەدا باسی ئاکاری جانەوەرانەی مەئمووران دەکەن و داوای پێ ڕاگەیشتن دەهێنە گۆڕی. بەڵام تاکوو ئێستا ڕۆژنامە دەوڵەتی یەکان تەنانەت دەنگ و باسێکی کورتیشیان لە مەر ئەو کارەساتە بڵاو نەکردوەتەوە. زیندانی یەکان هەروا مان گرتنی خۆیان درێژە پێ دەدەن و چلونایەتی وەزعی وان روون نی یە. هێچ کەس ئاگای لە مەر چارەنووسی وان نی یە. چونکوو کەس وکاری زیندانییەکان یان بۆ خۆشیان گیراون و یان لە ترسی گیران و ئەشکەنجە کردن ڕایان کردوە. خولی مەرگ هەر وا بە سەر هەموو مەڵبەندی کوردستاندا کراوە و قوفڵی بێدەنگی لە هەموو زار و زمانان دراوە.

## 10.7 بڕیارنامەی خەڵکی سنە

ئێمە مەردمی شاری سنە بە گشتی و ڕووناکبیران و(مامۆستایان و مووچەخوران ،خوێندکاران و قۆتابیان) بە تایبەتی ئەو پەڕی خەفەت و بێزاری خۆمان لەو کارەساتەی کە ڕۆژی شەمو 17 ی پووشپەڕی 1357 هەتاوی (ژووئیەی 78) قەوما ڕادەگەینین. ئێمە لە گەڵ ئەوەی کە شووشە شکاندن و تێکدان تەئید ناکەین، کردەوەی دڵڕەقانە و لە خوڕایی پۆلیس کە بە لیدان و تەقە کردن لە خەڵک بوو، بە هوی دنەدانی وان و لە نەتیجەی ئەو کارەدا، هەل و مەرجێکی ناخۆشی پێک هێنا مەحکووم دەکەین.

لە کاتێکدا کە میللەتی ئێران لە سایەی خەباتی بە حەقی خۆیدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر ئازادی یە زەوت کراوەکانی خۆی دەستێنیتەوە و دەگاتە مافی پێ شێل

کراوی خۆی کاربەدەستانی ڕیژیم هێشتا بە شێوەیەکی جانەوەرانە دەگەڵ خەڵک دەبزوونەوە.و ئەو کردەوەی ئەوان جووڵانەوەی ئارام و دروستی سیاسی خەڵکی لە ڕێبازی خۆی لا دەدا و وایان لی دەکا لە حاست وان دیفاع لە خۆیان بکەن.

لە سەرەتای بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤدا وا هاتووە که لە ئەساسەوە دەبێ مافی ئێنسانی بە هوی جێ بە جێ کردنی قانوون بپاریزدری، تا وەکوو بنیادەم وەکوو ئاخرین چارەیەک وای لی نەیە کە لە دژی زوڵم و زۆر ڕاپەڕێ.

هەموو دەزانن کە زیندانی یە سیاسی یەکانی شاری سنە لە بەر وەزع و چونیەتی پیس و خراپی ناو زیندان و بێ بەشی لە هەموو ئێمکان و دەرەتانێکی سەرەتایی وەکوو: خوراک، پاک و خاوینی، حەمام، و ئاکاری نا ئێنسانی زیندانەوانەکان و هتد، ماوەی دوو حەوتووە مانیان لە خواردن گرتووە. خاو و خیزانی مەینەت باری زیندانی یە کان بۆ ڕزگاری گیانی ئەوان پەنایان بردە بەر عەدلییە (ئەو بە ناو بنکەی عەدل و دادە) . مودەعی عام لە وڵامی داوخوازی قانوونی و هێمنانەی ئەواندا کوتی : "بڕون دەنا داوای یارمەتی لە هێزی چەکدار دەکەم !".

مەدەعی عام بۆ شەڕی چ کەسانێک هێزی چەکدار بانگ دەکا ؟مشتێک ژن و پیاو و منداڵی دادخواز و بێ پەنا و پەسیو، گەرەک بۆ کوی چووبان جگە لە دادگا ؟پۆلیس لە بنکەی عەدالەتدا، دەگیانی خەڵکی بێ سووچ و تاوان روهات و ئەوانی بە زۆری لیدان و هەڕەشە و تەقە تا قورنەی ماڵەکانیان تاودا و هێندێکیشیانی بە زەبری کوتەک و چوماغ بردە دایرەکانی پۆلیس و لە زیندانی کردن. داخوا ئەمە پێ شێل کردنی قانوون لە جل و پەڵاسی پاریزەری قانووندا بوون نی یە ؟لە چ شوینێکی دونیا وڵامی دادخوازی خەڵکی بێ پەنا، بە لیدان و ریژەوی گوللە دەدەنەوە ؟

ئێستا کە زیندانیانی مان گرتوو لە سەرە مەرگدان و کەس و کاریان سەرکوت کراون و گیراون، ئێمە زۆر بە گورجی جێ بە جێ کردنی ئەو داوایانەی خوارەوە داوا دەکەین.

1-   کۆتایی پێدانی مان گرتنی زیندانی یە کان و پێش گرتنی مەرگ و فەوتانیان.

2-   ڕێز گرتن لە داوخوازە قانوونی یەکانی ئەوان و جێ بە جێ کردنی داواکان.

3-   پێدانەوەی مافی ئێنسانی زیندانی یە سیاسی یە و ئاسایی یەکان و دابین کردنی شوینێکی ساغ و ئێنسانی بۆ ئەوان و پاراستنی قانوونی مافی مرۆڤ لە مەر وان.

4-   دەرمان کردنی دەس بێ جێی تەواوی مان گرتووەکان کە لە باری لەش ساغیان دەمەترسی دایە.

5-   بەر دانی تەواوی ئەوانەی وا لە کارەساتی ڕۆژی شەمو 17 ی پووشپەڕ گیراون.

6-   لیپرسینەوە و تەعقیبی ئاکاری ئەو مەئموورانەی کە بوونە هوی کارەساتی پڕ لە داخی ئەو ڕۆژە.

ئێمە تا دەست ویڕاگەیشتنی نەتیجەی دوایی لە مەر ئەو داوخوازانەی سەرەوە بە شێلگیری دەمێنینەوە و دەستەودامێنی تەواوی ڕێکخراوەکانی میللی و ناونەتەوایەتی دەبین.دیارە هەر چەشنە چاوهەڵبواردنێک لەو داوایانەی سەرەوە کە ببێتە هوی "مەرگی"زیندانی یەکان جینایەتێکە وەباڵ ئەستوی کاربەدەستانی مەسئوول و گەرەک وڵامدەری ئەو کردەوە جانەوەرانە ی خۆیان بن بەرانبەر خەلک و قانوون. و هەروەها ئەگەر هاتوو ئەو داوایانە دەس بە جێ، جێ بە جێ نە کرین و بەر و بووی ئەو وەزعە ببیتە هوی ڕەد فیعلی رق و توند و تیژی خەلک، دیسان وەبالی هەر بە ئەستوی کار بەدەستە مەسئولەکانە. - کین ئەوانەی زیندانیان کردوەتە چالاوێکی تاریک و ڕەش؟

ئێمە لە مافی پێ شێل کراوی زیندانی یەکان دیفاع دەکەین!

"بازاڕی یەکان، مامۆستایان، خوێندکاران، قوتابیانی سنە، سەقز و مەریوان"

# 10.8 داواکانی زیندانی یه سیاسیەکانی سنه

1- نەمانی ئەشکەنجە.
2- باشتر کردنی وەزعی پاک و خاوینی و لەش ساغی لە زیندانا.
3- زیدە کردنی ئەو ڕۆژانەی کە زیندانی یەکان ماوەی حەمام کردنیان هەیە.
4- باشتر کردنی وەزعی خوراک لە باری چەندی و چۆنی.
5- زیدە کردنی ماوەی هەوا گۆڕین لە دەرەوە لە ڕۆژدا.
6- مافی دەکار کردنی ڕادیوی دوو شەپۆلەی هی خویی.
7- ئازاد کردنی هاتنی ڕۆژنامە و چاپەمەنی یەکانی ناو خۆ بۆ زیندان.
8- مافی دەکار کردنی چرای چیشت لینان بۆ گەرم کردنەوەی چیشت.
9- ئێجازەی چاوپێکەوتنی کەس و کار.
10-ناردن و سەردانی دوکتور لە زیندان.
11-پێش گرتن لە سووکایەتی پێ کردن و تەعدا کردن لە زیندانی یەکان.

# 10.9 ناوی ئەو زیندانی یە سیاسی یانە مانیان گرتووە


- فوئاد ی مستەفا سوڵتانی
2- عوسمانی ڕەوشەن توودە
3- محەممەدی شافیعی
4- توورەجی میرزایی
5-تەییبی روحوڵایی
6- محەممەدی کەعبی
7-یوسفی قورێشی
8- هووشمەندی ڕەوشەن توودە
9-ڕەزا پوور میرزا
10-پەرویزی قەیتانی
11-محەممەدی شاسواری
12-.....

# 11. ئازادی کاک فوئاد لە زیندان

کاک فوئاد لە میهری 1353 تا میهری 1357 (1978ی زاینی) لەزیندانەکانی : کومیتەی هاو بەش لە تاران و زیندانی قەسر لەتاران و زیندانی سنە وەک موخالیفی ڕژیمی شا و حکومەتی پەهلەوی زیندانی کرا. حوکمی وەک زیندانی سیاسی درا وزیندانی بوو. پاش ماوەی چوار ساڵ لە زیندان لە شاری سنە ئازاد کرا وهاوڕێ یانی کۆمەڵە و خەڵکی ئازادی خوازی سنە و مەریوان پێشوازی بێ وێنە و گەرمیان لی کرد. تەنیا بۆ ماوەی شەوێک لە ماڵی من لە گەرەکی چوار باخی سنە مایەوە. ئەو شەوە و پاش چوار ساڵ دیوارە دەسکردەکان ومیلەکانی زیندان نەما و لە نزیکەوە دیسانەوە عاتیفە وخۆشەویستی و ئێحساسە ناسکەکانی کاک فوئادم هەست کرد. وامدەزانی خەون دەبینم. متمانەم بە ئازادی ئەو ئازیزە نەدەکرد. لە خولیای مێشکم هەر بەر دەرگای زیندان، ئەم شار و ئەو شار، پشت میلەکانی زیندان تێپەڕ دەبوو.لە ناخی دەرونم ئەم شیعرەم دەخوێندەوە

**داستانی هێجری من شەرحی بە نووسین ناکرێ**

**پێت دەڵیم ئازیزم، ئەگەر چاوم بە چاوت کەوتەوە**



پێشوازی لە میوانەکان لە پشتەوە توفیق بلە شێخە و ڕەعنا ی هاوسەری
خاتوون بەهیە ی ئەحمەد ئاباد، کاک فوئاد و فایزە

تاسەی دووری یەکەی بۆ من هەر نە شکا ! ئەو شەوە من وکاک فوئاد و کاک کەریم لە پاڵ یەکتردا خەوتین. بەیانی کاک فوئاد لە گەڵ خزم و کەس و کار و ئەو خەڵکەی کە بۆ پێشوازی هاتبوون بەرەو ئاڵمانە گەڕایەوە. لە مەسیری جادەی سنە- مەریوان و لەو جێگایانە دەیان ناسی خەڵکی ناوچە بە پێشواز و پیرای یەوە دەهاتن و حەیوانیان کردە قوربانی و سەر بڕی و پیرۆز باییان پێی گوت. خەڵکی ئاڵمانە لە گەڵ میوانانی خۆشەویست، ئاهەنگیان بۆ گێڕا و هەڵپەڕین. ڕێزی هەڵپەڕکێ تێکڵاوێک لە کچان و کوڕانی شۆڕشگێڕ و خەڵکی زەحمەتکێش بوو. پێشوازی و شایی و بەشداری خزم و کەس لە ناوەڕۆکدا ئێعتیراز بە دیکتاتوری پاشایەتی و ئۆڕگانە سەرکوتگەرەکانی بوو.پۆل پۆل ودەستە دەستە میوان دەهات و دەڕویشت. لە خۆشیدا، ئەمین و عەبە گورانیان بۆ جەماعەتی هەڵپەرکی کەر دەگوت. کاتێک کاک فوئاد گەیشتە ناو حەوشی

عمارەت هەموو فرمێسکی شادیان ڕشت ! و گریانی کاتی خۆشی وئەسرین بە کوڵ لە چاوان دەهاتە خوارێ. دایە بەهیە گوڵاو و نوقڵ و پارەی بە سەریا ڕشت و لە خۆشیان هەر دەگریا. و ئەم شیعرەی خوێندەوە :

**مەردە بووم چ نۆ، زیندە بێمەوە وەک حەزرەت یەعقوب، یوسف دێمەوە**



**ئازادی لە زیندان و قوربانی کردنی حەیوان لە بەر پێ کاک فوئاد**

دایە کالێ بە هەمان شێوە شیرینی و پارەی بە سەریا ڕژاند. ئاشپەزەکان بێ ئێستراحەت و بێ وچان ئێشیان دەکرد و بەهەزار حاڵ فریا دەکەوتن. دین دار و بێ دین لە کاک فوئاد پێشوازیان کرد. کاک فوئاد پێشوازی لە هەموو میوانەکان دەکرد وبەرەو پیریانەوە دەچوو. وێنە و عەکسی زۆرم لە کاک فوئاد کە خەریکی پێشوازی لە میوانەکانە گرت. ئەو وێنە و عەکسانەلە ئاستێکی بەر فراوان بڵاو بوەوە وچاپ کران. تەنانەت کرێکارانی ئاڵمانە و

ناوچەی مەریوان کە بۆ بژێوی ژیان وەک کرێکاری فەسڵی و لە ناچاریدا هێزی کاریان لە دەرەوی کوردستان بە نرخی هەرزان دەفرۆشت وبیرەحمانە تاڵان دەکران و دەچەوسانەوە عەکسەکانیان لە تاران،تەوریز وکرماشان و هەرێمی خوزستان و. .. لە سەر دیوار و لە خیابانەکان دیبوو. شایانی باسە کە خەڵکی دێهاتەکانی چوڕ، نەنە، مرگ و دارسیران بە شێوەیەکی تایبەت بەشداری وپێشوازیان کرد. هاوڕێ یانی گیان بەخت کردوو ئەحا ڕەش، عەبەی باخیشی و لەتیفی نیک پەی دەوری بەرچاویان لە ڕێکخستنی ئەو پێشوازی یە گەرمەدا هەبوو. تەنانەت چڵکاوخۆرەکان، کۆنەپەرەستان و نۆکەرانی ڕژیمی شا لە کاک فوئاد پێشوازیان کرد. کاک مەزەفەری فەرزاد و ماجید موتور بەرقی تایبەتیان بۆ ئەو ئاهەنگە دامەزراند و عمارەت و ماڵی هاوسێ کانی چراخانی و بە گڵۆپ ڕازاندەوە. گڵۆپەکان شەوانە دێمەنی عمارەت و دەور و بەرێان گۆڕابوو و بەزم و شایی هەر دەکرا. ساواکی و بەکرێ گیراوانیش لە ئاڵمانە حازر بوون و خەرێکی شوڤاری و جاسوسی خۆیان بوون. ئەو شایی و ئاهەنگە زیاتر لە دە ڕۆژی خایاند. چەند ڕۆژێک بەر لە ئازادی کاک فوئاد خەڵکی شاری مەریوان و دێهاتی دەور و بەر، ئێواران دوای ئێش و کار دەهاتنە ئاڵمانە و بەشداری هەڵپەرکێ و مەراسمەکەیان دەکرد.

کاک فوئاد بۆ دیداری هەندی لە خزمان دەست پێشخەرێ دەکرد و بە پێچەوانەی داب و نەریتی کۆن ئاڵمانەی بە جێ دەهێشت ودە چوە دیداریان .چەند کەس لە هاوڕێ یان لە دیدارەکانی کاک فوئاد سەریان سوڕ ما و تا ڕادەیە کی زۆریش بە دڵیان نەبوو . کاک فوئاد لە وڵامیاندا وتی کاکە ئێوە بلّندگۆیەکتان دژ بە هەموومان ڕۆشن کردووە و من بە دیدارێکی ئاسایی بلّندگۆکەم خاموش کرد وئەو کاناڵەم کە دژی هەمووەمان تەبلیغات و پڕووپاگاندەی دەکرد بە شێوەیەکی ئاسان، داخست .

هەل و مەرج و فەزای سیاسی ئێران تا دەهات بەرەو ڕاپەڕین دەچوو. ڕژیمی سەڵتەنەتی و شا کەوتبوونە باری دیفاعی یەوە و نا ڕاستەوخۆ دەپاڕانەوە. لافاوی شۆڕش و بزووتنەوی جەماوەری و قەیامی خەڵکی ئێران،

زل هێزەکانی ناچار کردبوو کە لەسەر لابردنی شا و هێنانەوەی خومینی سات و سەودای خۆیان بە ئاشکرا بکەن، و شێوەی حکۆمەتی ئێرانیش دیاری کەن. بەرە بەرە بینای حکومەتی ئێران هەرەسی هێنا و مەلاکان لە گەڵ زل هێزەکان، ڕێک کەوتن و زەمینە بۆ هاتنە سەر کاری حکومەتی ئاینی و ئاڵ و گۆڕی دەسەڵات فەراهەم و ساز کرا. خەڵکی کورد لەم وەزعە نوێ و تازەیە، گومانیان کرد و سەریا ن سوڕ ما و کەوتنە بن گۆم. ئازادی بیر و باوڕ و فەزای دێمۆکراتێک و دێمۆکراسی مەزە کرابوو و خەڵک خواست و چاەڕوانیان لەوە زۆرتربوو.

# 12. خەباتی سیاسی کۆمەڵە پێش ڕووخانی شا

## 12.1 کونگەرەی یەکەمی کومەلە و بوژاندنەوی تەشکیلات

کاک فوئاد پاش ئازاد بوون، پێشوازی لە میوانەکان و حەسانەوەیەکی کورت لە گەڵ هاوڕی ێانی کومەلە پەیوەندی گرتەوە و تەداروکی هەوەڵین کونگەرەی کومەلە یان دیت. هەوڵین کاری لە کونگەرەدا هەڵسەنگاندنی خەباتی کۆمەڵە و هاوڕێ کانی بووە. لە هەڵسوڕانی سیاسی و تێکۆشانی هەندی لە هاوڕێ کانی چ ئەوانەی کە نە گیرابوون وچ ئەوانەی کە گیرابوون و پاشان ئازاد کرابوون و لە دەرەوەی زیندان هەڵدەسوڕان بە تەواوی ناڕازی بووە. بیر لەوە دەکاتەوە لە گەڵ هاوڕێ یانێکی تردا درێژە بە خەبات بدات. ناڕازی ودوو دڵ دەبێ بەڵام پاش ماوەیەک بەحس و لیکۆڵینەوە و ڕەخنەی توند و سەمیمانە لەو

هاوڕێ یانە پەژێوان دەبیتەوە و حازر بە هاو کاری دەبێت. کاک فوئاد سەرەڕرای رەخنە توند و بی بەزەیەکانی لە کەم و کوڕیە سیاسی و تەشکیلاتی یەکانی کومەلە، دیسان نیشانی دایەوە کە هەوینی یەکگرتن و خەباتی هاوبەشی ناو ئەو ڕیکخراوەیە.

بە رهەمی ئەو کونگەرە یە فەعال کردنەوە و بوژاندنەوەی کومەلە لە باری سیاسی و تەشکیلاتی یەوە بوو. جاریکی تر هەموو هاوڕی ێان پەیمانیان نوێ کردەوە بۆ کار و باری سیاسی بڕونەوە ناو کومەڵگای هەژار و نەداری کوردستان. سیاسەتەکانی کومەلەی لە ئاستی ئال وگورەکانی ئەوکاتەی کومەلگای ئیران‌دا، بۆ نموونە ئەگەری ڕووخاندنی رژیمی پاشایەتی یان هاتنە سەرکاری حکومەتێکی نیزامی و یان شۆڕشێکی جەماوەری دیاری کرد.

هەر ئەو سەردەمە بوو بڕیاری پەروەردە کردنی ژمارەیەک لە کادرەکانی کومەلە لە باری نیزامیەوە لە دەستوری کاری خویان دانرا. مەقەرەکانی "گۆڕەمەڕ" لە سەردەشت ئاکامی ئەو بڕیارانە بوو. پەیوەندی گرتن لە گەڵ تەشکیلاتە هەڵ سوڕاوەکانی ئیرانی و کوردستانی وەکوو کومەلە ی ڕەنجدەران، یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و باقی هێزە چەپەکانی ئیران لە دەستوری کار دا دانرا.

کاک فوئاد وەک هەمیشە لە پێشەوەی هەموو هاوڕێ یانی، بڕیارە هاو بەشەکانی کونگەرەی بە کردەوە و عەمەل دەر دەهێنا.

# 12.2 تاکتیکی پێشوازی لە زیندانییە سیاسییەکان

پێشوازی لە زیندانی یە سیاسی یەکان و ڕێز دانان لەوان و سوخنڕانی بۆ خەلک و بەشداری لە میتینگ و کۆبونەوەکان، گۆشەیەک لە هەڵسوڕانی سیاسی کاک فوئاد بۆ بار هێنان و پەروەردەکردنی کادیر و بردنە سەرەوەی

ئاستی سیاسی بێ بەشان بوو. کاتێک زیندانی یە سیاسی یەکان ئازاد دەبون خێرا ،پلان و بەرنامەی پێشوازی لەو ان دەبوە ئێشی سەرەکی و خۆی بۆ ماندوو دەکرد. کاتیک هاوڕی یانی سەقز، بۆکان، مەهاباد لە زیندان ئازاد کران وەک میتینگێکی سیاسی- کۆمەڵایەتی لە گەڵ زیندان یەکان دەچوە شارە کانی ئەوان و لەو هەل و مەرجە بۆ ئامانجی سیاسی و ڕوون کردنەوەی خەڵک و پەردە لادان لە سەر سیمای دزێوی حکومەتی پاشایەتی و بار هێنانی پێشرەوان و جەماوەری خەڵک کەڵکی وەر دەگرت.

پێشوازی گەرم لە بە رێزان کاک شوعیب زەکەریایی و کاک یوسف ئەردەڵان وبەشداری بێ وێنەی جەماوەری خەڵکی کورد تەکان و زەربەیەکی قورس بوو کە کۆنەپاریزان و شا پەرەستانی ترساند. ئەگەرچی ئاغای موفتی زادە بەیانیە و نوسراوەیەکی بڵاو کردبوەوە و وتبوی ئەمانە ئاژاوەیان لە شاردا ناوەتەوە ،ئێمەپێشوازی لە شوعیب زەکەریایی ناکەین. بەڵام پیلانەکەی ئاکامی نەبوو ولە لایەن خەڵکەوە وڵامی پێویستی وەر گرتەوە و خەڵک پێشوازی یەکی هەڵکەوتوو و بێ وێنەیان لە کاک شوعیب و کاک یوسف کرد.

# 12.3 ڕێکخستنی پێشوازی لە کاک شوعیب زەکەریایی

ساڵی 1347 ی هەتاوی (1968 زاینی) شۆڕشگێڕی قارمان کاک سمایلی شەریف زادە و هاوڕێ کانی دژی حکومەتی شای ئێران و سیستەمەکەی چەکیان هەڵگرت وراپەڕین. کاک سمایل ڕێبەر و پێشمەرگەیەکی لیهاتوو و قارەمان بەرەنگاری ئەرتەش و ژاندامری کرد. هەڵسوڕانی سیاسی و خەباتی ئەوان، فەسڵێکی زێڕینە لە مێژووی خەڵکی کوردا. کاک سمایل بە پیلانی حکومەتی شا و کۆنەپەرەستانی کورد لە دارێنەی نزیک شاری بانە شەهید کرا. ئەم ڕووداوە مێژویی یە لە باری سیاسی –کۆمەڵایەتی یەوە لە سەر بیر و

هەڵویستی رووناکبیرانی سەردەم تەئسیری راستەوخۆی دانا. کە شیعر وهونراوەی بەرزی "دارێنە "ی خولقاند. کاک موسلیح لە شیعری دارێنە بە راشکاوی پەردە ی لە سەر تاوانباران و حکومەتی پاشایەتی لا داوە. لە هەمان کاتدا سیمای کاک سمایل و هاورێ کانی و هەستی شۆڕشگێڕانەی لاوانی رادیکاڵ و ئازا و جوڵانەوەی رزگاری خۆاز و خەباتی ساڵەکانی 46 و 47 ی هەتاوی لە کوردستانی رۆژهەڵات باس دەکات.هاورێ و رێبەری زۆر خۆشەویست و یەکیک لە دامەزرینەرانی کۆمەڵە موهەندس حەمە حسین کەریمی و هەڤاڵی نزیکی کاک فوئاد ئەو رووداوە دڵتەزینە هەستی بزواندوە. وپارچە شیعرەکەی دارێنەی بە شێوە و سۆزێکی پڕ هەستەوە بە دەنگی خۆی لە کاستێکدا تۆمار کرد کە خێرا لە ناو کۆڕو کۆمەڵی رووناک بیرانی سەرانسەری کوردستان بڵاو بوەوە.

شا و ڕژیمەکەی تەنانەت لە تەرمەکەی کاک سمایل دەترسان. بۆ ئەوەی لە لاپەڕەی مێژوودا گوم بێ و خەڵکی کورد و بێ بەشان چاوترسێن بکات، بە دزیەوە تەرمەکەی لە گۆڕستانی "تایلە "ی شاری سنە ناشت، تا بەو جۆرە لە کەس و کار و هەژارانی کورد بیشارنەوە. کاری نامرۆڤانە و دژ بە خەڵکی کورد، تێکۆشان بۆ شکاندنی کەرامەتی لاوانی شۆڕشگێڕ و خەیانەت بە کورد هەرگیز لە بیر ناچنەوە. وەک دەڵین چەمی درۆ سەر چاوەی نزیکە !

کاک فوئاد وەک ئەرکێکی مێژوویی، لە پرۆگرامێکی تایبەتدا یاد ورێزێکی لە کاک سمایل شەریف زادە گرت. کاتێک کاک شوعیب لە زیندان ئازاد کرا خەڵکی سنە بۆ قەدردانی بە پێشوازی یەوە رویشتن، خیابانەکانی سنە لە خەڵک پڕ بوو بوو و جمەی دەهات و وەک دەریا شەپۆلی دەدا، کاک فوئاد لەماڵەکەی من لە گەڕەکی چوار باخی سنە لە گەڵ هاورێیان سەدیقی کەمانگەر، سەید حسین پیر خزرانیان، موسلیح شێخ الاسلامی ،سەید ئەیوب نەبەوی وکەسانێکی تر گەڵاڵە و بەرنامەیەکیان بۆ پێشوازی لە کاک شوعیب و قەدردانی و یادێک لە کاک سمایلی شەریف زادە دارشت وهەر لەو کۆبونەوەدا وتارێکی گونجاو و سیاسیان ئامادە کرد. کۆبونەوەکە بریاری خۆی داو وتارەکەیان تەحویلی

ماجید مستەفا سوڵتانی دا کە لە سەر قەبری کاک سمایل بیخوێنیتەوە. خەڵکیان بۆ سەر مەزاری شۆڕشگێڕێک کە لە دارێنە بە دەستی حکومەتی شا وساواک و هاوکاری خانەکانی کێوەڕۆ کوژرابوو دەعوەت کرد. لەو مەراسمەدا شوێنی گۆڕەکەیان لە خەڵک ئاشکرا کرد. بەرنامەکە لە لایەن بەرێز کاک عەتا روستەمی موعەلیمی شۆڕشگێڕ و پێشمەرگەی زۆر خۆشەویست بە سرودی ئەی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان کاک ماجید مستەفا سوڵتانی وتارەکەی کە شیاوی کاک سمایل و هاوڕێ کانی بوو، خویندەوە. ئەو رێز لینانە ڕاستەو خۆ پەردەی لە سەر پیلان و خەیانەتی ڕژیمی شا لا برد ولە ناو خەڵکی سنە ریسواتری کرد. کاک فوئاد و هاوڕێ یانی بەو پرۆگرامە ئامادە کراوە، قەدردانی بێ وێنەیان لە کاک سمایل گرت، کە وەک ڕێبەر و پێشمەرگە، لە دەورانی دیکتاتوری موتڵەقی شا و ساواک، ڕەچەی شکاند و بێ راڕایی و دوو دڵی بۆ ئازادی و سەر بەستی کورد تێکۆشا و لە گیانی خۆیشی دریغی نەکرد.

## 12.4 پەیکەرێک لەکاک سمایل و هاوڕێکانی لە گۆڕستانی تایلەی سنە

پەیکەرێک کە لە برونز و پۆڵا لە لایەن ئارشێتیکتەکان و لایەنگرانی کۆمەڵە و جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و ئێنقلاب و بە تایبەت دانشجوەکانی بەشی زانکۆی هونەرە جوانەکانی زانستگای تاران دروست کرابوو، پاشان لە سەر مەزارەکەی کاک سمایل دامەزرا.پەیکەرەکە ئاوێنەی باڵا نوێنی خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگە لە دەشت. دارستان و کوێستانەکانی کوردەواری بوو. سیمای لێبڕاوانەی پێشمەرگە، وەری قایمی پارتیزان ،چەک و فیشەکدانی پێشمەرگەو ڕاپەڕین و. ..لە پەیکەرەکە دەباریێ. لە تەرحی کوللیدا پەیکەرەکە لە سەر نەقشە و خەرێتەی کوردستانی رۆژ هەڵات دانرابوو کە ناوی چوار پێشمەرگەکەیش نوسرابوو و چوار دەست بە مشتی گرێ کراوەوە لە قامەتی پەیکەرەکە دیار بوو و خۆی دەنواند. دەستەکان قورس بوون و هەر دەستێک

سی تا چل کیلو دەبوو. سەکۆیەک کە بەرزایی یەکەی میترێک دەبوو، بە نیشانە و رەمزی شاخ و داخی کوردستان تەراحی کرابوو کە لە تۆپۆلۆژی کێوەکانی ناوچەی سەردەشت و سنووری دەسکرد ئیلهام وەر گیرابوو.کێوەکان لە بۆتۆن دروست کرابوون. ناوی پێشمەرگەکان کە لە دارێنە شەهید کران لە سەر لەوحەیەک نوسرابوو : 1- کاک سمایل شەریف زادە 2- کاک عومەر 3 - کاک مستەفا 4 - کاک مەحەمدی شاتمانی(سەردەشت)

هاوڕێ کانی کاک سمایل سەرجەم هەشت کەس بوون و مەلا مەحمودی زەنگنە (قۆڵغە تە پە) یەکێک لە وانە بووە کە لە شوینێکی تر شەهید بووە و لە مەهاباد نیژراوە. دوو کەسی تریان یانی کوێخا شەریف و مەحەمەد (برای ژنەکەی کوێخاشەریف) لە گەڵ ساواک، ژاندارمری، ئەرتەش، دەرەبەگ و خانەکانی کێوەڕۆ ی بانە بە نهێنی تێکەڵ بوون و هاوکاری و جاسوسییان بۆ دوژمن کردووە ولەدارینە خەیانەتیان بە شۆڕشگێران کرد.

کویخا شەریفی خاین بە دەستی کومەلە لە ئاوایی بەلەجەری سەقز لە بەهاری 1360 دا بە سەزای خۆی گەیشت.

کاتێک جمهوی ئیسلامی دەسەڵاتی سیاسی خەڵکی ڕفاند و دیکتاتۆری دامەزراند و شارەکانی کوردستانێ گەمارۆ دا و هێزی پێشمەرگەی دەرپەڕاند و لە هەر شارێکی کوردستان حەمامی خوێنی دروست کرد ،ناجۆامێرانە پەیکەرەکەی ورد و خاش و نابود کرد. و بولدزیری بە سەر پەیکەرەکەدا هێنا و ئێتر نازانم ئایا ئاسەواری ماوە؟ چاوەڕوان دەکرا کاتێک ناوەندی کۆمەڵە لە نزیک ماوەت بوو، بە هەمان شێوە لە بەرێز خانەی موعینی کە لە گۆڕستانی شاری ماوت نێژراوە قەدر دانی و یادێکی بکردبایە. کاتێک بۆ سەردانی کاک عەبدوڵڵەی برام ڕۆیشتمە شاری ماوەت بەیەکەوە دیداری مەزار و گۆڕی کاک خانەمان کرد .

# 13. جەرەیان و هێزە سیاسی یەکان لە دەورانی دیکتاتوری شا و دیکتاتوری جمهوری ئێسلامی

دەورانی ڕژیمی شا دەورانێکی دەسەڵاتداری سیستەماتێکی ساواک و ئەرتەشی شا بوو.کونترۆلی ساواک بەسەر هەموو تاقم، توێژ و چێنیک ئەوەندە زەق و بەر چاو بوو کە خەلک لە سێبەری خۆی دەترسا. لە کوردستان ئەو کونترۆڵ و دیکتاتوری یە بێ پەردە و ئاشکرا بوو. موعەلیمی زانا و خوێندەوار دوکتور و موهەندسی کەشاوەرزی، دوکتوری دەوا و دەرمان ،کارمەندی پسپۆڕ و کارزان و. .. لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان زۆرکەم بوون، بەڵام ئەوەی زۆر بوو پولیس،ژاندارمری، ساواکی و پادەگانی نێزامی و ڕوکنی دووی ئەرتەش بوو.کاری سیاسی لە دەورانی دیکتاتوری شا سەرجەم شێوەی نهێنی هەبوو، و جاسوسی و شناسایی ڕووناک بیران و مرۆڤی تێگەیشتوو، ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕ لە لایەن ساواکەوە بە ئاسانی دەکرا و زوو دەسگیر و زیندانی دەکران. خەباتی سیاسی و چەکداری لە دەورانی دیکتاتوری شادا، زۆرتر لە حاڵەتی دیفاعی، نهێنی و ژێرزەمینیدا، بوو.جگە لە بزووتنەوەی بەڕێز کاک سمایلی شەریف زادە و هاوڕێ کانێ و خەباتێکی تری چەکداری کزولاواز لە لهونی هەورامان خەباتی ئاشکرا و چەکداری لە مێژووی کوردستانی ڕۆژ هەڵات نە بووە. لیرە مەبەستم ئێعتراز و شۆڕشی جووتیارانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دژی سیستەمی فێئودالیسم و دەرەبەگایەتی نی یە. مەبەستم جەرەیانی سیاسی ڕادیکاڵ کە بەرژەوەند و مافی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگای کوردستان ،یانی کرێکار و زەحمەتکێشێ لە پلاتفورم و بەرنامەی خۆی داناوە .

کۆمەڵە و دیموکرات لە کۆنەوە خەرێکی خەبات دژی ڕژیمی شا بوون. ئەزمون وتەجروبەو خەیاتی سیاسی دیموکرات بە هوی کۆماری مەهابادەوە،

کۆنتر و تەجروبەی کاری تەشکیلاتیان زۆرتر بوو. یانی خەڵکی کورد شێوە کار و هەڵسوڕانی سیاسی کۆمەڵە و دیموکراتیان دەناسی. حەرەکەتی مەزهەبی و ئیسلامی لە سەر وبەندی بە دەسەڵات گەیشتنی مەلاکانی ئێران خۆی نیشان دا.لە هەندی کۆڕ و کۆمەڵی حوجرە و مزگەوتەکاندا مەلای شەریف وئازادیخوازو موسڵمان هەبوون کە هەستی کوردایەتی و میللی یان پتەو تر و بەرزتر لە هەستی ئاینی بوو. ئەوان زۆرتر قسە و باسەکانیان سەبارەت بە زوڵم و زۆرێک بوو کە دیکتاتوری شا بە سەر خەڵکی کوردا دایسەپاندبوو و بانگەوازیان بۆ ئازادی و ڕزگاری کورد دەکرد.تەنانەت دیوانی شاعیرانی کورد کە قەدەغە وقاچاغ کرابوو دەخوێندەوە و بە جۆریک خوێندنی زمانی کوردیان پەرە پێی دەدا، و بۆ سەربەرزی و ئازادی کورد بیریان دەکردەوە و لە بزووتنەوەی گەلی کورد دژی چەوسانەوە و بی عەدالەتی و لابردنی ستەمی میللی، بەشداریان کرد .

## 13.1 جوڵانەوەی مەزهەبی- ئیسلامی لە سنەو مەریوان

پاش ڕووخانی شاو هاتنە سەر کاریَ مەلاکان لە تاران و قوم حەرەکەتی مەزهەبی لە مەریوان،کە زۆریش بیَ ئۆتوریتەو لاواز بوودەستی بە پروپاگاندەی ئیسلامێک کرد کە پازدە سەدە لەمەو پێش، ئەرکی مێژوویی خۆی تەواو کردبوو. ڕێبەرانی ئەم جەرەیانە خۆشەویست و خاوەن وەزنی سیاسی نە بوون و تا ڕادەیەکی زۆریش لە گەڵ ڕژیمی شاو حیزبی ڕەستاخیز هەڵسوڕان و بە شێوەی جۆراوجۆر تێکەڵ بوون. ئەوان لە مەزهەب بۆفریوی جەماوەری خەڵک کەڵکیان وەرگرت و تا ڕووخانی شا کاری سیاسیان نەکردبوو. بە زووترین کات لە گەڵ عەشایر و فێئودال و توێژی لومپینی شار خۆیان ڕێک خست و نوێنەرایەتی بەرەی دواکەوتووترین فیکری ڕاستی سیاسیان وەئەستو

گرت. خاڵە هاو بەشەکانی هەموو بونیاد گەرایان، دژایەتی لە گەڵ نوێخوازی و سیکولاریسمە. کۆمەڵێک دەستەواژەی لە کارکەوتوو و کۆنەباویان بۆ خەڵک دووپات دەکردەوە، کە لە گەڵ دەرد و مەینەتی جەماوەری خەڵک یەکیان نەدەگرتەوە. قسەو ئامۆژگاری یەکانیان زۆر ڕوپایی و هی دەورانی کۆنی مزگەوتەکانی ئیسلامی عەرەبستان بوون. لە تەبلیغی ڕۆژانەیان، لە زوڵم و زۆرێک کە کۆمەڵگای سوننەتی بە سەر ژنان کە نیوەی کۆمەڵن، دایسەپاندبوو،قسە یەکیان نەبوو و بە ئەنقەست سکوتیان دەکرد.

لە گەڵ مودرنیزمی دونیا و گەشە و تەکامولی لە ڕادەبەدەری تکنیک نامۆ و بێگانە بوون. لە گەڵ دیمۆکراسی کێشەیان هەبوو و بۆیان تەحەمول نەدەکرا و هەموو ڕێچکە و ڕێبازێکی تری فیکریان ڕەد دەکردەوە و لە عەمەلدا بونیادگەرا و فوندامینتالیست بوون. بە تایبەت لە تەیفی چەپی ئاڵوز و یەک نە گرتوی ئێران کەڵکیان وەر گرت. وئێسلامیزمی سەرەڕۆیان بانگەواز دەکرد. بە شوێن ڕچەی وەهابی گەری، « وەهابیسم » و سەلەفیدا، دەچوون کە دوو سکتی تۆخ و زۆر دەمار گرژێ عەرەبستانن.تەنیا قورئان و حەدیسیان قەبوولە . جیاوازی یەکی بەرچاویان نی یە. بەڵام سەلەفی یەکان تەرجومەیەکی سیاسیان لە قورئان هەیە. لە فەلسەفەی فیکریان و بۆ پێک هێنانی شورا، هەر کەسێک دەتوانی ئیمام بیت . هەر دوو سیکت لایەنگرانی ئائینی شیعە بە کافر دەناسن و زۆر دژی بزاڤی سۆفی گەری ، قادری(دەرویش) و شێخایەتین . ئاغای ئەحمەدی موفتی زادە ،دامەزرینەری مەکتەبی قورئان لە مەریوان، سنە و سەقز بوو و خوازیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی تێۆکراسی (دین سالاری یانی دین و دەوڵەت تێکەڵ بێت) لە ئێران بوو کە کوردستانیش لە ژێر چەپۆکە و دەسەڵاتی جمهوری ئێسلامیدا بێت. پێی وابوو دەکرێ خۆی خومینی سوننی یەکان لە کوردستان بێ.مەکتەبی قورئانی مەریوان لە لایەن هەندێک کەسەوە واتە فەتتاح حیدەری، ڕەحمان حیدەری، خوسرەوی، برایانی حەلاق، ئەنوەر خوسرەوی، محەمەد ئەمین نیکخوا، محەمد سالەح ڕەشیدی، ئەحمەد حەیدەری بالکی، محەمەد ئەمین کانی سانانی بەرپرسی ئەو کاتەی سپای پاسداران ... ڕێبەری دەکرا. تەشکیلاتی پێشمەرگەی موسڵمان و هەندی شێخ وفیئودال و بەگی چکمە ڕەقی کۆنە

ساواکی ناوچە  بە بۆنەی هاتنەوەی پاسدارە کان و بە کرێ گیراوان  بۆ کوشتار و زۆڵم و زۆر، سەریان راست کردەوە. بەتایبەت گۆپاڵبەدەستەکانیان کە بریتی بوون لە؛ محەمد کۆنە پیرا، سەعید تەکیەخوا، شارۆخ سرایداری، عەبدوول مووسکی، محەمد بەراری و ... لە شاری مەریواندا  تەزاهوراتیان رێکخست  و پێشوازیان لە پاسدارەکان کرد  و لە شەقامە کانی مەریواندا بۆ هاتنەوەی پاسدارەکان سینە یان کوتا و شیعاریان دا .

خۆش باوەڕی و متمانەیەک کە ئاغای ئەحمەدی موفتی زادە و لایەنگرانی بە مەلاکانی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لە خۆیانیان نیشان دەدا و لە هەر میتینگ و کۆبونەوەیەکی کوردا ئاغای موفتی زادە خێرا دەستی بۆ باخەڵ و گیرفان دەبرد و دەیگوت کاغەزی خودموختاری یەکە لە باخەڵم دایە بێزاری و دڵ ساردی و نائومێدی دەخولقاند. "سەلی عەلا موحەممد خومینی و کاک ئەحمەد" یەکیک لە شیعارەکانی لاینگران و ئەندامانی مەکتەبی قورئان بوو.

کوردستان گەمارۆی ئابوری و نیزامی درابوو شاری سنە لە ژێر ئاگری تانک و تۆپ و خومپارە و تەقەی هەوایی هیلۆکۆپترەکاندا دەسوتا تازە ئاغای موفتی زادە دەیویست مەلاکان لای خەلکی کورد خۆشەویست بکاو خەلکیش سەریان بۆ سەر برین ئامادە کەن. دیدارەکانی ئاغای موفتی زادە لە تاران و قوم کە خومینی و دار و دەستەکەی رێزێکی عەجایەب و تایبەتیان لی نە گرت و نەیان هێشت سوخنرانی بکات وڵامێکی ئاشکرای مەلاکان بۆ کێشە و مافی رەوای خەلکی کورد بوو. و تازە جمهوری ئێسلامی ئەو هەموو سازش و رێک کەوتنانەی جەناب موفتی زادە یان پێ کەم بوو و دەیانگوت فارس و تورک و کورد و عەرەب جیاوازی و فەرقیان نی یە و بەم دوو وشە و بەم دوو کەلیمەیە "هەموو موسڵمانین "گاڵتەیان بە کەرامەت و مافی ئێنسانی و ستەمی نەتەوایەتی کورد دەکرد. بە جۆرێک کە تەنانەت کاک ئەحمەد لە سەنگەری دیپلۆماسیشدا پیس دۆڕاندبووی. هەڵویستی مەلا ریشدار و بێ ریشەکان دەبوا دەرسی عیبرەتێک بۆ  کاک ئەحمەد بوایە کە چی هەر خۆش باوەڕ بوو و لە باتی ئەوەی پشتیوانی لە ئازادیخوازان و هێزی رادیکاڵی کورد بکا و یارمەتیان بدا هەر چاوی بڕیبوە دەستی ئێمامی موستەزعەفان. کاتێک  ئایەتوڵاە خومینی فەرمووی

ئێقتساد و ئابوری هی گوێ درێژە، ئێترسانسور لە سەر ئازادی بیر و باوەڕ داسەپا و ئەمە ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە ئازادی خوازان ودیموکراسی بوو. ئایا ئازیزانێک کە لە شەڕی داسەپاو بە سەر خەڵکی شاری سنەدا.لە نەورۆز خوێناوی 59 ی هەتاوی شەهید بوون و بنەماڵەکانیان لە بەر ئاگری شەڕ نەیاندەتوانی شەهیدەکانیان بۆ قەبرستان بەرن و لە ناچاریدا لە حەوشێ ماڵەکانیان ئەسپەردەیان دەکردن بەڵگە و سەند و مەدرەک نە بوون کە جمهوری ئیسلامی دژی دیموکراسی و ئازادی و سەربەستی و رزگاری کوردە ؟ ! و بی پەردە و بە راشکاوی شەڕ دەفرۆشی. ئایا کوشتنی جوانەمەرگەکان و کادیر و ئەندامانی کۆمەڵە بە ڕێزان: حسین پیرخزری، ئەمین و حسین مستەفا سوڵتانی لە مەریوان وقارەمانانی فرۆکە خانەی سنە و یەکێک لە وانە بە رێز ناسری سەلیمی کە وەک چنار سەر بەرزانە راوەستا و خەڵتانی خوێن کرا و کوشتنی بە رێزان ئەحسەنی ناهید و شەهریاری ناهید کە هەر دووکیان لە زانستگا خەریکی تەواو کردنی دەورەی موهەندسی و دوکتوری بوون و بە برینداری، دێل و ئەسیر کرابوون ماهیەت و هەڵویستی گەڵاو و پیسی جمهوری ئێسلامی نیشان نە ئە دا؟! ئاغای جهانگیر ڕەزمی کە عەکاس بوە چەند پەردە وێنەی لە تیرباران کردنی یازدە کورد لە فرۆکەخانەی شاری سنە هەڵگرتوە و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ناوی عەکاس هەر بە نهێنی مایەوە و پاشان ئاشکرا کرا و ئەو عەکسانە وەک ڕەمزی بەرەنگاری و ڕاوەستانی گەلی کورد لە بەرانبەر دوژمندا ،سنووری دونیای بەزاند و شکاند وئێستا یەکێک لە سمبولەکانی خەباتی بی وچانی میللەتی کوردە . هەر بە خاتر ئەو عەکسانە بەڕێز جهانگیر ڕەزمی خەڵاتی پۆلیتزری وەر گرت . خەڵخاڵی جەلادی جمهوری ئێسلامی لە مەحاکمەی براکانی ناهید سێ( 3)تاوانی بۆ دیاری کردبون تاوانی یەک ،کورد بوون تاوانی دوو سونی بوون و تاوانی سێ دانشجو بوون .وکاتێک دایکیان بۆ وەر گرتنەوەی تەرمی کوڕەکانی ڕویشتبوو،پاسدارەکان بۆ تەرمی هەر کامیان و لە باتی ئەو فیشەکانە کە نرابوو بەهەر کام لەو قارەمانانە پێنج هەزار تمەنیان داوا کردبوو . ئایا کوشتنی شۆڕشگێڕێک وەک خانم" شەهین باوەفا " لە

نەخۆشخانەی شاری سنەکە لە هێچ گیان فیدایی و یارمەتی و خزمەتێک بە هەژارانی کورد دریغی نەکرد ماهیەتی ڕژیمی ئێسلامی نیشان نەدەدا؟ئایا ئیعدامی دوو خۆشکی شۆڕشگێڕی شاری سەقز لە کازێوەی پێنجی شەهریوەری 1359 ی هەتاوی بەڕێزان: "نەسرین کەعبی" و "شەهلا کەعبی" بە تاوانی سەربەستی و خزمەت بە خەڵکی ئازادیخوازی سەقز و یارمەتی کوردی زۆڵم لیکراو هەڵویستی فاشیستی جمهوری ئێسلامی دەرحەق بە نەتەوەی کورد نیشان نەدەدا؟ ئایا تیربارانی شۆڕشگێر"فەزیلەت دارایی" خەڵکی شاری سەقز بی لیپرسینەوە و موحاکمە بە تاوانی دیفاع لە هەژارانی کورد سیما وکردەوەی وەحشیانەی جمهوری ئێسلامی نیشان نەدەدا؟ بۆ ئاگاداری هەموو گەلی کورد ئاغای ئەحمەدی موفتی زادە تەنانەت لە باری ئێنسانی و ئێخلاقی یەوە لە مەراسمی سەرەخۆشی هێچ کام لە گیان بەخت کردووانی شارەکانی کوردستان کە بە دەستی قەسابە خوێن ڕێژ ەکانی جمهوری ئێسلامی ولە وانە شێخ سادقی خاڵخاڵی و بە دەستوری ئاغای خومینی کوژران بەشداری نە کرد و تەنانەت ئەو جەنایەت و کوشتارانەی کە لە کرماشان، سنە، مەریوان، سەقز، بانە، مەهاباد ،پاوە، کامیاران دیواندەرە، شنۆ، نەغەدە و. . کرابوو مەحکومی نەکرد و بە پێچەوانە و بۆ دیفاع لە جمهوری ئێسلامی و مەجلیسی خبرەگان و دژایەتی لە گەڵ شۆڕشگێڕانی کورد لە مەراسم و سەرەخۆشی ئاغای تاڵەقانی بەشداری کرد .

خەڵکی کورد دەیەوی بزانی ،وەڵامی پەیڕەوان و لایەنگرانی ئاغای ئەحمەدی موفتی زادە لە بەرانبەر مێژوودا چیّ یە ؟؟ وت و وێژی ئۆریانا فالاَنچی ڕۆژنامە وانی ئێتالیایی، لە گەڵ ئاغای خومینی وەک سەنەد و دێکۆمینت ماوە کە خومینی دەستوری هەموو جەنایەتەکان، کوشتارەکان و ئێعدامە کانی کوردستانی داوە. وهەموو ئازادیخوازان و شەهیدانی قارەمان و خۆشەویست و بیّ تاوانی کورد بە کافر ناو دەبا. و بە ڕاشکاویّ و بیّ پەردە ئێعترافی لە سەر خوینڕشتن و کوشتنی ئازادیخوازانی کورد کردووە وگومانی نەبووە و مسۆگەر بووە کە هەڵویست و کردەوە جەنایەتکارانەکەی عەدالەتی ئێسلامی

بووە. هەموو کۆڕ و کۆمەڵی ئاینی و دینی لە کوردستان بە نامە و تەلگراف موخالیفەت و ئێعترازی خۆیان به حوزووری پاسدارەکان لە شارەکانی کوردستان دەر بڕی و داوایان لە جەناب خومینی و جمهوری ئیسلامی کرد کە لەوە زیاتر ئێجازە بە پاسدارانی ئیسلامی نەدەن کە جەنایەتی زۆرتر بکەن، و پێویستە کوردستان بە جێ بێڵن. نوێنەران و کۆڕ و کۆمەڵی ئاینی لە شاری مەریوان هیچ چەشنە ئێعترازێکیان به جمهوری ئیسلامی نە کرد و تەنانەت هەڵویستی ئینسانی و شەرافەتمەندانەیان نەبوو و سەبارەت به کوشتار و ئێعدامی ئازادیخوازانی کورد لە مەریوان سکوتیان کرد. و بە شێوەیەکێ شەرمیونانە و فیڵبازانە هەموو جەنایەتەکانیان تەئید و پەسەند کرد. گەمارۆی ئابوری، تەوهین و بێ حورمەتی بە کورد، پێ شێل کردنی هەموو مافەکانی و بێ بەش و مەحروم کردنی کورد لە فێر بوونی زمانی دایکی (کوردی) ئەمانە بەڵگە و دوکۆمینت نە بوون ؟؟ جەنایەتەکانی جمهوری ئیسلامی لە پاوە. نەوسود، کرماشان، سەقز، بۆکان، مەهاباد، شنۆ، بانە و کامیاران لە جیهان دەنگی دابوەوە و هێشتا کاک ئەحمە تێنەگە یشتبوو کە بە ئامڕازی دین و مەزهەب کورد قەڵاچۆ و کوشتار دەکرێ !جەولەکانی ئاغای موڤتی زادە بۆ شارەکانی کوردستان، سەقز، بانە، بۆکان، مەریوان و مەهاباد ودژایەتی و ژەهر پژێنی ئەو دەر حەق بە ئازادی خوازان و ڕووناک بیرانی کورد ناکۆکی یەکانی قووڵ و قووڵتر دەکردەوە. لە سەرەتای رووخای رژیمی شاوە، کۆنەپەرەستان بە پەلە دەستیان لە لایەنگری شا هەڵگرت و روویان لە حکۆمەتی کۆنەپاریزی جمهوری ئیسلامی کرد. بە تەما بوون بە پشت ئەستووری ئەم رژیمە تازە بە دەسەڵات گەیشتووە، هەر دەسەڵاتی جارانیان بێڵنەوە و بە تایبەت دەسکەوتە دیموکراتی کە کانیش کە جەماوەر بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆیان بە دەستیان هێنابوو لە چنگیان دەر بێنەوە.

لە سەر و بەندی ڕووخانی شا و هاتنەوەی خومینی ،ماوەیەکی زۆری پێ نە چوو، کە فێئودال و شێخە کۆنە پەرەستەکانی کورد لە مەریوان ڕێکخراو و تەشکیلاتی خۆیانیان پێک هێنا.شورای عەشایەری، مەکتەبی قورئان و سپای

پاسدارانی ئێسلامی،کە لە پادەگانی مەریوان و لە لایەن ئەفسەرەکانی زدی ئێتلاعات و ڕوکونی دووەوە پشتێوانی دەکران نموونەی ئەو بار و دۆخە بوون. ئەم سێ ئۆرگان و ڕێکخراوە یە بە بەرژەوەندی جیا جیا و بۆ مەبەستی جۆراوجۆرەوە لە خزمەت و بۆ داسەپاندنی حاکمیەتی ڕەشی جمهوری ئێسلامی ،و بۆ تیرور و دژایەتی و موخالیفەتی ئازادی خوازان و شۆڕشگێڕانی کورد ڕاستەوخۆ لە یەکتر پشتێوانیان دەکرد. هێزی شورای عەشایەری لە شاخوازەکان و دەرەبەگ و شێخی کۆنە ساواکی پێک هاتبوو.

چەکداریان بە گشتی لە پاشماوەی جوانمەردی ژاندامری و هۆز و تایفەی خۆیان دروست بوو بوو. کۆمیتەی ئینقلابی ئیسلامی ومەکتەبی قورئان، بە ئیدوئۆلوژی پان ئیسلامیستەوە لە لایەن ئاغای ئەحمەدی موفتی زادەوە دامەزرا و ڕێبەری دەکرا. پەیوەندیە کانی مەکتەبی قورئان لە گەڵ قوم و تاران ئاشکرا بوو و بە دەستی مەلاکان وەک مۆرەی شەترەنج ئا ل و گۆڕ دەکران و بۆ شکست پێ دانی کێشەی کورد، ئامڕازی دەستی جمهوری ئێسلامی بوون. لە بواری کۆمەڵایەتی و مێژوویی یەوە، کەوتنە داوی وەعدە و پەیمانە درۆ کانی مەجلیسی خبرەگان و مەلاکانی تاران، و لە باری سیاسی و دیپلۆماسی یەوە پیس دوڕاندیان و هەر سەفەرێکی کاک ئەحمەد بۆ تاران گیرفانیان لە خودموختارێ پڕ دەکرد و شاگەشکە یان پێ دەکرد، و بۆ ئاژاوە نانەوە لە کوردستان شارژ دەبوەوە و پەیوەندی یە عاتیفی و سیاسی یەکانی لە گەڵ کورد دەپچڕا. لە باتی خەبات بۆ حەللی کێشەی کورد و مەقاوەمەت و بەرەنگاری لەبەرانبەر دەستوری جیهادی ئەکبەری ئاغای خومینی، و خەبات دژی هێرشی ئەرتەش و پاسدار، بۆ دژایەتی لە گەڵ هێزی ڕووناک بیر و ڕادیکاڵی کورد کە ماهییە تی جمهوری ئێسلامیان بە باشی ناسیبوو، تیدەکۆشان و زەرەری قورسیان لە کورد دا و ڕاستەوخۆ یارمەتی مەلا کۆنەپەرەست و مێشک ڕەق هەڵاتووەکانیان دا. دەبێ ئەوان ڕۆژێک لە ڕۆژان وەڵامی بنەماڵەی شەهیدان و کوردی بێ بەش لە هەموو مافێکی ئێنسانی بدەنەوە.



**فرۆکەخانەی شاری سنە هاوینی 1358، تیربارانی بە ڕێزان: ناسری سەلیمی، ئەحسەنی ناهید، شەهریاری ناهید و ...**


لە سنە ئەوەندە کردەوەی، خراپ و ئازار و کەرامەتی کوردیان شکاند کە ،لە پاییزی 58 کرێکارانی بێکاری سنە تورە بوون و بە تەزاهورات ڕۆیشتنە بەر دەرگای مەکتەبی قورئان وئاگریان تێبەردا، سوتاندیان و هەڵیان پێچا. کۆنە ساواکی و ئەندامانی پێشوی روکنی دووی ئەرتەشی شا، لومپینەکان، لەو مەقەڕەدا، کار بەدەست و حوکمیان دەکرد. ئاکار و کردەوە و هەڵس و کەوتی زۆربەیان مایەی شەرمەزاری خەڵکی سنە بوو. زۆربەی خەڵک، چ لە سنە و چ لە مەریوان وسەقز کە خۆیان بە موسڵمان دەزانی هێچ کات فریویان نەخوارد و لە ئامانج و مافی کورد دیفاعی بێ پەردەیان دەکرد و لە ناو خەڵکدا. حورمەت و ڕێزی تایبەتیان هەبوو و بە ڕاستی خۆشەویست بوون. ئەم کەسانە، تابڵێ بە دڵەوە نزیک و هەستی میللی یان زۆر قورستر لە، بیر و بۆچونی مەزهەبی بوو، و لە مافی گورد دیفاعیان دەکرد و هەڵویستیان دژی جمهوری ئێسلامی بوو و لە عەمەلدا نە یاندەشاردەوە. بۆیە هەموو کاتێک لە لایەن خەڵکەوە قەدر دانیان

لی دەکرا. ئاغای مەلا مەحمودی ئەیوبی (ئاسنگەر)، یەکێک لە وانە بوو. من بۆ هەڵبژاردنی شورای شاری سنە و ژماردنی دەنگەکان یەکێک لە بەرپرسان بووم و کاتێک دەنگەکانیان دەژمارد،سەرنجم دا، چەندکەس کە خەتی فیکریان چەپ نەبوو، بەڵام دەنگی باشیان هێنا و بوون بە ئەندامی شورای شاری سنە. دەر کەوت مەلا مەحمودی ئەیوبی، کە لە ناو بازاڕی سنە ئاسنگەری دەکرد و ئاغای عیماد سەید زاهیدی، خۆشەویست و خەڵکی سنە متمانەیان پێ دەکەن و هەر بۆیە هەڵبژێردران. ئاغای فوئاد ی روحانی ئەگەر چی بیر و باوەڕی ئێسلامی هەبوو بەڵام یەکێکی تر لەو کەسانە بووکەباوەڕپێکراو و خۆشەویستی خەڵک بووو یەکیک لە وانە بوو کە دەنگی زۆری هێنا و بۆ شورای شاری سنە هەڵیان بژارد. شورای شاری سنە، دەسکەوتێکی مێژوووی کوردستان و ئۆرگانێکی دەسەڵاتداری خەڵکی سنە بوو.شورای شاری سنە توانی بۆ ماوەیەک لە دەسەڵاتی سیاسی خۆی کەڵک وەر گرێ و شاری سنە ئێدارە و ڕێبەری بکات.

هەندی لە لایەنگرانی مەکتەبی قورئانی سەقز، سنە مەریوان و شارەکانی تری کوردستان، بە پێچەوانەی ڕێبەرەکانیان، زۆر پاک و شەریف و بە وجدان بوون. ئەوانیش بۆ چارە سەرکردنی مەێنەت و دەرد و ڕەنجی کورد تێدەکۆشان و بە داخەوە دێر زانیان کە مەکتەبی قورئان ،درۆ دەکا و فرێوی داون. لە تەشکیلاتی بنکەکانی سنە و مەریوان وەک ئێنسان گەلێکی موسڵمان بەشداریان دەکرد و شان بە شانی بێ دینە کان و ئەفرادی تر کە مەسیحی، زردەشتی، جولەکە ،یان ئاینێکی تریان هە بوو، بۆ دیفاع لە خەڵکی کورد خزمەتیان دەکرد. و دەوری بەرچاویان هەبوو. شۆڕشی خەڵکی کورد تەنیا هێزی چەپ یانی کۆمەڵە، فیدایی و پەیکار و حیزبی دیموکرات نەیکرد، بەڵکوو جەماوەری خەڵک پشتیوان و هێزی سەرەکی ئەو خەباتە دژی جمهوری ئێسلامی بوون. لە و شۆڕشە زۆر کەس بە بیر و باوەڕی مەزهەبی و ئێسلامی یەوە بەشداریان کرد و لەخەباتی پڕلە هەڵس و کەوت و شەڕەکانی گەلی کورد دژی جمهوری ئێسالامی بە دڵسۆزی و ئێمانەوە هەڵسوڕان و بەشدار بوون.

بۆ نموونەبەرێزمامۆستا شێخ عیزالدینی حوسینی، به بیر و باوەڕی ئازادی خوازانه و ئێنسان دۆستانەوه، وەک کەسایەتی یەکی سیاسی له مافی رەوا و بەرژەوەندی یەکانی گەلی کورد دیفاعی کردوه ولەو رێگایەدا تیکۆشاوەوخەباتی کردوه، له هەمان کاتدا رێزیشی بۆ رێکخراوەکانی تری گەلی کورد هەیه و هەبوه. و به راستی ز ۆر ئێنسانی شەریف و بێگەرد له کوردستان که موسلمانن، به نهێنی و ئاشکرا له ریزەکانی دیموکرات و کۆمەله بۆ رزگاری گەلی کورد خەباتیان کردووه و دەیکەن.

مەکتەبی قورئان بۆ ئەوەی مکانیزم و فەرهەنگ و میتۆدی چوارده سەدەی لەمەو پێش زیندوو کاتەوه که له عەمەلدا له گەڵ ڕەوڕەوەی مێژوو و گەشەی سەر سورهێنەری عیلم و زانست و تکنیک، نەدەگونجا و به هێچ شێوەیەک یەکیان نەدەگرتەوه. له ڕۆژەکانی هەوەڵی پاش ڕووخانی شا کەمتر ناوەڕۆک و ماهیەتی خۆیان نیشان دەدا. پاشان هێزی ڕادێکاڵ و شۆڕشگێر و ئازادی خوازان ،خۆشەویست تر دەبوون و جەماوەری خەڵکی کورد بەرنامه و پلاتفورمی ئەوانیان قەبوڵ دەکرد و وەک تاکه کەسیش جێگای متمانه و باوەڕی کۆمەڵانی خەڵک بوون. ئەم بار و دۆخه بۆ ڕەش بینەکان قەبوڵ نەدەکرا و ورده ورده ناکۆکی و دژایەتیان ئاشکراتر دەبوو.گرتنی شۆڕشگێران و دێل کردنیان و بردنیان بۆ "کومیتەی ئێسلامی ڕاستەقینه" و سازش و ڕێک کەوتنیان له گەڵ سیاسەت و بەرنامەکانی جمهوری ئێسلامی ،و دژایەتی له گەڵ مافی گەلی کوردوەزعەکەی ئاڵوز کردبوو.





**مزگەوتی حاجی نەجیب لە شاری مەریوان هاوینی ساڵی 1358 بیست دەقیقە پاش تیر بارانی بە ڕێزان:**

**لە ڕاستەوە حسین مستەفا سوڵتانی، جەلال نەسیمی و بەهمەنی ئەخزەری**

کۆنەپاریزان و مەکتەبی قورئان لە کوشتار و ئێعدامی ئازادیخوازانی کورد لە مەریوان فەعال و بەشدار بوون و بە شێوەیەکێ خائینانە و جاسوسانە هەموو جەنایەتەکانی جمهوری ئێسلامیان تەئێد و پەسەند کرد.و تەنانەت بۆ ئێعدام و تیر باران کردنی شۆڕشگێڕانی مەریوان ئێمزایان کردووە و ئەو دیکۆمینت و بەڵگانە هەر ماون . هێزی چەکداری مەکتەبی قورئان لە تێ نەگەیشتووترین توێژی کۆمەڵگای کورد و لومپەن و هەندی شێخ و دەرەبەگی کۆنە ساواکی، یان ئەوانەی کە بەکرێ گیراوی ژاندارمری بوون، پێک دەهات. مەکتەبی قورئان لە سنە و مەریوان و سەقز ئاکتێڤ و فەعال بوون و تەنانەت هێزی نهێنی و شاردراوەیان ناو نابوو، هێزی تروریست. ئەو هێزە ژمارەیەک ئەندامی نهێنی لە دەوری خۆی کۆ کردبوەوە و هەموو سەند وپێناس و کارتەکانیان کەوتە دەستی خەڵکی ئازادیخواز و پاشان تەحویلی کۆمەڵە درا و

ئێستاش لە ئارشیڤی کۆمەڵەدا ماون و ئەم هێزە ڕاستەوخۆ دژی هەموو ئازادیخوازان و شورشگێرانی کورد سازمان و ڕێک خرابوو.هێزی تروریستی مەکتەبی قورئان دژی هەموو شۆرشگێران و ئازادی خوازانێک بوو کە ناسراو و خاوەن ئۆتوریتە ی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون ،دژی پێشرەوانیک بووکە لە رووخاندنی سیستەم و رژیمی پا شایەتی دەوری مێژوویی یان نیشان دابوو وهاو کات لایەنگرێ عیلم و زانست و مودێرنیسم و حکومەتی سیکۆلار و ئازادی و دیموکراسی بوون. بە بیر و بوچونی مەکتەب قورئان گەمارۆی ئابوری، تەوهین و بێ حورمەتی بە کورد، پێ شێل کردنی هەموو مافەکانی و بێ بەش و مەحروم کردنی کورد لە فێر بوونی زمانی دایکی (کوردی) ئەمانە بەڵگە و دوکۆمینت نە بوون ؟؟ جەنایەتەکانی جمهوری ئێسلامی لە پاوە. نەوسود، کرماشان، سەقز، بۆکان، مەهاباد، شنۆ، بانە و کامیاران لە جیهان دەنگی دابوەوە و هێشتا ئەوان تێنەگە یشتبوون کە بە ئامرازی دین و مەزهەب کورد قەڵاچۆ و کوشتار دەکرێ !. کۆنە پەرەستان و بەکرێ گیراوانی سەر بە جمهوری ئێسلامی بە یارمەتی سپای پاسدارانی مەرکەزی لە مانگی پووشپەری 58 دا یەکەم بنکەی سپای پاسدارانیان لە شاری مەریوان دامەزراند.

## 13.1.1 پێشەکی کتێبی شەڕی نەورۆزی خوێناوی شاری سنە

بە ڕێز یوسفی ئەردەڵان لە پێشەکی کتێبی شەڕی نەورۆزی خوێناوی شاری سنە ئاماژە بەهەڵویستی ئاغای ئەحمەدی موفتی زادە ئاوا دەکا :

- لە هاوینی 57 تەجرەبەیەکی ناموفەق لە سنە ڕووی دا. کاک سەدیقی کەمانگەر کاک ئەحمەدی موفتی زادە و کاک عبدوڵای بابان پێکەوە ئەنجومەنێکی خەییریەیان پێک هێنا، تالە ژێر نێوی ئەو ئەنجومەنەدا برێک کاری قانونی و دێمۆکراتێک بکرێت. بەڵام بە زوویی دەرکەوت کە نە وەختی کاری قانونی یە و نە بیر و بڕوای ئەو کەسانە بە دیمۆکراسی، یەک ئەگرێتەوە. لە ئەنجامدا تێک

چوو.لە پایزی 57 دا حوکومەت زۆرتر شلەژابوو. هاتنەوەی زیندانی یە سیاسی یەکان نیشاندەری ئەو کز بوونەوە بوو.لە هەمان کاتدا بزووتنەوەی جەماوەری توند تر دەبووەوە و جودایی سەفی چەپ و ئەوانەی کەداوخوازی ئیسلامی سیاسی بوون، زۆرتر دەبوەوە و بەر چاو دەکەوت. تا ڕادەیەک کە لە کاتی هاتنەوەی کاک شوعەیب زەکەریایی موفتی زادە بەیانی دەر کرد کە لە پێشوازی کردندا بەشداری ناکا و داوای لە خەڵکیش کردبوو کە بەشداری نە کەن. بە دوای ئەو بەیانیە، شارەبانیش هێرشی کردە سەر خۆپێشاندەرەکان کە بەرەوپیری کاک شوعەیب ڕۆیشتبوون. ..

- ئەوەی شایانی باسە کە لە کۆبونەوەی شەوانە و پێکهاتنی شورای مەحەلەکاندا، باڵی ئیسلامیە سیاسی یەکان واتە (موفتی زادە) بە شیدەت موخالەفەتیان ئەکرد و حەتتا بە تێکدانی برێک لە کۆبونەوەکان، وەکوو لە مەحەلەی قەتارچیان کۆتاییان نە ئەکرد. دوو حەوتوو بە سەر ئەو کارەساتە تێ نە پەڕیبوو کە حکومەتی پاشایەتی ڕووخا و حوکومەتی خومەینی هاتە سەر کار. جا لەو کش و ماتێیەدا دەبینین دوو بەرەیی ئایینی سەفدەری (ئاخوندێکی تەبعیدی لە سنە) کە بە هۆی تەبعید بونیەوەلە لایەن خەڵکەوە ڕێز و حورمەتی دەگیرا، بەڵام لە هیچ کار و باری ئەودەمدا، ئەسەرێکی نەبوو. تەنیا لە مزگەوتەکاندا قسەی بە حکومەتی شا دەگوت و بەس. ئەو بوو بە نوێنەری خومەینی و پادەگانی لەشکرێ 28 کە تا ئەو دەم هەروا دڕەندانە دژ بە خەڵک بوو، کەوتە ژێر حوکمی ئەو.

لەم لایشەوە، شارەوانی و ئیدارەی شاری سنە کەوتە دەستی موفتی زادە، کە کۆمیتەی ئینقلابی ئیسلامی دامەزراند و جەماعەتی مەکتەبی قورئانی بۆ ئەو کارە چەکدار کرد. (مەکتەبی قورئان لە ئەواخری حوکومەتی پەهلەوی لە لایەن موفتی زادەوە بە ئیدئولوژی پان ئیسلامیستەوە دامەزرابوو. لە مەریوان، سنە و سەقز کەسانێکی کۆ کردبوەوە.) بە دوای ئەو ئاڵ و گۆڕانەدا هەر تاقمە و سازمانێک دەستیان کرد بە دانانی دەفتەرو کۆ کردنەوە و سازمان دانی ئەندام و هەوادارەکانیان و دروست کردنی تەشکیلات. کۆمەڵە دەستی دایە تەشکیلات

هایەکێ دێمۆکراتێکی چەپ بە نێوی جەمعیەت کە لە هەر شارە ناوی تایبەتی خۆی هەبوو. هی سنە جەمعیەتی دیفاع لە ئێنقلاب و ئازادی بوو. (سەدیقی کەمانگەر و شوعەیبی زەکەریایی) لە لایەن کۆمەڵەوە لە ڕێبەرایەتیەکەیا بوون. سازمانی چریکە فیدایی یەکان دەفتەری خۆی دامەزراندبوو کە بێهروزی سلێمانی بە ڕێوەی دەبرد. حیزبی دێمۆکرات و حیزبی تودە تا ئەو دەم لە شاری سنەدا نە بوون و دوواتر دەفتەری خۆیان دامەزراند. هەروەها گروپ و سازمانەکانی تر ی چەپ وەکوو پەیکار و ئێتیحادیە و.. . تەنزیماتی خۆیان دامەزراند. بەڵام جەمعیەت و سازمانی چریکە کان قورسایی یەکی تایبەتیان هەبوو



**نەورۆزی خوێناوی شاری سنە**

**سەنگەری پێشمەرگەکان بۆ دیفاع لە کەرامەتی شارێک**

لە بەرەی حوکومەتیشدا، ناکۆکی لە بەینی سەفدەری کە نوێنەری ئێمام بوو و موفتی زادە کە حوکمی سنەی بە حەقی خۆی دەزانی پەرەی دەستاند و دیارە هەر ئەوەندەشی دەخایاند. هەر بۆیەش سەرهەنگ سەفەری فەرماندەی ستادی لەشکری 28 بیست و هەشت، کە سەفدەری بە چقڵی چاوی خۆی

دەزانی، دەیەویست بە یارمەتی جەمعیەت (سەدیقی کەمانگەر) و سازمانی چریکەکان (بیهروزی سلێمانی) لە ئالۆزی نێوان سەفدەری و موفتی زادە کەلک وەر گرێ و نامەیەکی بۆ بە ڕێزان : سەدیق کەمانگەر و بێهروز سلێمانی نووسی و...

## 13.1.2 بیرەوەری بە ڕێز سارم الدین سادق وەزیری

بە ڕێز سارم الدین سادق وەزیری لە کتێب و نوسراوەیەک کە بە زمانی فارسی سەبارەت بە دیفاع لە دوو سیمای گەورەی بزوتنەوی میللی کورد، قازی موحەممد و ئێحسان نوری پاشا نوسیویەتی لە لاپەڕەی39 ی کتێبەکەدا ئاوا سەبارەت بە ئاغای ئەحمەدی موفتی زادە دەڵی و نوسیویەتی : تەرجومەی دەقی فارسی یەکەی لیرەدا نوسراوە :

دوای گۆڕانی ڕژیم و توند بونەوەی کێشەی کوردستان کە من لە ناوەندی کارەساتەکاندا بووم، کاتێک ئەحمەدی موفتی زادە بووبوە سەحنە گەردانی مەعرەکە، وکۆسپ و گیر و گرفتی زۆری بۆ تێکۆشەرانی ئازادی خوازی کورد لە هەر حیزب و جەرەیانێک پێک هێنابوو، بۆ ئەوەی پەردە لە سەرهاوکاری ڕابووردووی لە گەڵ ساواکی شا هەڵگرم و ئێفشای کەم پێویستیم بە خوێندنەوەی ڕوژنامە و گۆڤاری "کوردستان "کە بە پارەی ساواک و لە لایەن بەدیع الزمانی یەوە، بڵاو و چاپ دە کرا و بۆ عێراق دەنێردرا و لە ئێران زۆر کەم بڵاو دەبوەوە، بوو. دەمزانی بە ڕێز ئێحسان نوری پاشا، هەموو و دانە دانەی ڕۆژنامەکانی کوردستانی کۆ کردوەتەوە و ئارشیڤی کردوە. شەخسەن لە گەڵ هاوسەری ئێحسان نوری پاشا پەیوەندیم نە بوو، و ناچار بووم پەنا بۆشیرازی بوەم و داوای یارمەتی لی بکەم. گەنجێکی کوردم کە ناویم لە بیر نە

ماوە بۆ لای شیرازی نارد، و ڕام سپارد کە شیرازی هەموو ڕۆژنامەکانی کوردستان لە هاوسەری ئێحسان نوری پاشا وەر بگرێ و بۆ منی بنێری. شیرازی ئەم خواست و داواکاری یەی منی وەر گرت وقەبوڵ کرد. و بە وەسیلەی کەسێکی تر ڕۆژنامەکانی، کە لە هاوسەری ئێحسان نوری پاشا وەر گرتبوو، بۆ منی نارد. و من پاش خوێندنەوەی هەموو ئەو وتار و مەقالانەی کە ئەحمەدی موفتی زادە بە ئیمزای خۆی نوسیبووی، ڕۆژنامەکانم بۆ هاوسەریی ئێحسان نوری پاشا ناردەوە و ئیتر شیرازیم نە دیتەوە. (ئێحسان نوری پاشا لە ڕێبەرانی کوردی تورکیا بوو، کە وەک پەنابەر لە تاران دەژیا.)

## 13.1.3 دیوید مک داوڵ لە کتێبی " مێژووی مۆدێرنی کوردەکان "

بە زمانی ئینگلیزی لە بەشێکی بە ناوی لایەنگرانی جمهوری شیعە، لاپەڕەکانی 261-283 سەبارەت بە کوردستانی ئێران ئاوای نوسیوە :

ڕۆحانی گەورەی سونیی شاری سنە ئەحمەدی موفتی زادە،یەکێک لە بە ناو بانگ ترینی ئەو کەسانە بوو کە تاران بۆ لای خۆی ڕای کێشا.موفتی زادە لە دە یەکانی 1970 مەکتەبی قورئانی لە سنە دامەزراند و یەکێک لە پشتیوانەکانی مافی فەرهەنگی کوردەکان بوو. لە هەوەڵین شەڕەکانی سنە لە مانگی مارسی 1979 بە مەبەستی شکاندن و بی هێز کردنی مەلای خۆشەویستی مەهاباد شێخ عیزالدین ( کە شێخ یان پێ دەگوت ) وببوە سیمبولی بەرنگاری کوردەکان ،پەیوندیان لە گەڵیا گرت . موفتی زادە ئەگەر چی لە گەڵ هەڵسوڕاوانی کورد پەیوەندی هەبوو، بە زۆری وەک کۆنەپارێزێک دەناسرا. ئەم ناوبانگە بوە هۆی ئەوە تا موفتی زادە لە ناو خەڵکی شارەکان کە لە گەرمە یاوی شۆڕشدا بوون، ئوتوریتەی کزی هەبی .کاتێک شێخ عیزالدین

سەبارەت بە موفتی زادە دەیگوت "ئەو لایەنگری ئوتونومی یە، بەڵام هەرگیز مانای ئوتونومی نازانی " ، لە واقیعدا ئێحساساتی جەماوەری خەڵکی باس دەکرد. موفتی زادە ناچار بوو تا لەکاتی پێویسدا بۆ ڕزگاری خۆی لە شاری سنە دەر چێت . تویژی ڕۆحانی کە لە لایەن ئەحمەدی موفتی زادەوە نوێنەرایەتی دەکرا ،بەرەو محافزەکاری و دوورەپەرێزی ملی نابوو. شێخ عیزالدین بە ناو بانگترین ڕۆحانی چەپ بوو ، بەڵام ژمارەیەکی تریش سەبارەت بە گیر و گرفتی کۆمەڵایەتی و ناسیونالیستی هەڵوێستێکی چەپ و یا لیبرالیان هەبوو.

***پەراوێزەکان:***

+ پاشان موفتی زادە لە لایەن ڕژیمی ئێسلامی یەوە زیندانی کرا و دوای ئازاد کردنی لە ساڵی 1992 کۆچی دوایی کرد .

+ لوموند23ی مارسی 1979 :ڕەنگە پەیوەندی موفتی زادە لە گەڵ مامی، حەمە سەدیق موفتی زادە کە سەر نووسەری گۆڤاری کوردستان بوو و پڕۆپاگاندە و تەبلیغی بۆ ڕژیمی پەهلەوی دەکرد هەستی برێندار کردبی. دەنگ و باسێکی بێ ئەساسیش سەبارەت بە پەیوەندی ئەو لە گەڵ ئێدریس بارزانی هەبوو کە هەندێک پێیان وابوو، ئەو پەیوەندی یە دیفاع و پشتیوانی لە فیئوداڵە کۆنەکان دژی جووتیاران بوو.

# 13.2 حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

حیزبی دیموکرات خاوەنی ئەزمون و تەجروبەی کاری سیاسی و تەشکیلاتی بوو. کۆماری مەهاباد و دەسکەوتەکانی، ئەعتباری پێ دابوو. لە هەمان کاتدا لە مەسەلەی کورد بە ڕاشکاوی دیفاعیان دەکرد. خاوەنی حکومەتێکی ساوا ی یازدە مانگە بووکە بە کۆرپەیی، ئێگلیز و ئامریکا و سوڤیەت

کوشتیان. سوڤیەتیش خەیانەتی مێژوویی بە کۆماری مەهاباد کرد و هەر سکوت و سازانی سوڤیەت لە گەڵ زلهێزەکانی دونیادا بوو کە ئەرتەشی ئێران هێرشی بۆ کوردستان هێنا و حەمە ڕەزا شا جمهوری مەهابادی قەسابی کرد. بیرەوەریەکانی جمهوری مەهاباد و جەنایەتی حوکومەتی ئێگلیزی ئامریکایی شا لە زەین و مێشکی خەڵکدا تۆمار کرابوو، و لە سەر پەردەی مێشکی کوردا مابووەوە. دەس پێکردنی کاری سیاسی و تەشکیلاتی بۆ حیزبی دیموکرات، لە سەر ڕابوردوویەکی کۆن زۆر ئاسان تر بوو.ئەوان لە دیهات و شارەکان سمپات و لایەنگری خۆیان هەبوو. دەکرێ بڵیین لە شیمال و دەور و بەرێ مەهاباد و ئەو شوێنانە ی کە کۆماری مەهاباد نفوزی هەبوو،زیندوو بونەوە ولە سەر هەواری کۆن و سفرەی پێشوو دانیشتن. تایفە و خێڵە کوردی سەر سنوور و نەخوێندەوار و دەوڵەمەندی شار و دیهات و تاقمێکی ڕووناک بیر لە دەوریان کۆ بونەوە. کاری ڕێکخراوەیی ئەوان، بە هوی تەجروبەی مێژوویی زوو کەوتە سەر ڕێلی گەشە و حاکمیەتیان لەو شوێنانەی کە دەسەڵاتیان هەبوو، دەس پێکرد. گۆڤار و رادیو و پڕوپاگاندەیان کەوتە کار و لە پڕوسەی دیپلۆماسی کەمیان نە هێنا. کومیتەی ماڵی و ئابوریان یارمەتی باشی دان. دەس بەسەردا گرتن و موسادرە و شرەخۆری و ماڵیات گرتن گرینگ ترین ئەرکی سەر شانیان بوو. نۆێنەری بەرەی ڕاست بوون و ئەندامانی حیزبی توودە کە لە حیزبدا وەک ستونی پێنجم و خەتی مایل کاریان دەکرد حیزبی دیموکراتیان بەرەو حیزبی توودە هاندەدا و ڕێنوینی دەکرد و لەم پڕوسەیەدا، دەستورەکانی سوڤیەتیان دیکتە دەکرد و بەم شێوەیە زەرەری قورس و لە ڕادە بەدریان لە خەبات و ئوتوریتەی کورد و حیزبی دیموکرات دا.توودەیی یەکان ڕێکەوتن و هاوپەیمانی، پان تورانیسم و بلشویسمیان لە خەڵکی کورد دەشاردەوە .بلشویسم و پان تورانیسم هەڵویست و سیاسەتی یەکگرتوویان سەبارەت بە ئەرمەنییەکان و کوردەکان هەڵبژاردبوو. لە ساڵی 1919 زاینی ئەگەرچی بلشویکەکان و ڕابەری شۆڕشی ئوکتوبر ولادیمیر ئێلیچ لنین ،هێژمونی و دەسەڵاتی تەواوی سیاسی حکومەتی رووسیایان بە دەستەوە بوو ،بەڵام بۆ دژایەتی کردنی وڵاتانی

یەکگرتوو(موتەفقین)مافی میللی و دیموکراتێکی ئەرمەنی یەکان وبە تایبەت کوردەکانیان لە ژێر پێ نا . و مافی میللی و دیموکراتێکی کوردیان ، کرد بە قوربانی ڕێکەوتن وسازان لە گەڵ پان تورانیسم و کەمالیستەکانی تورکیا . و لە باری مێژوویی یەوە بلشویکەکان دوو نامەی شێخ مەحمودی مەلیک کە سەباەت بە کێشەی کورد لە باشوری کوردستان نووسرابووبە دەستیان گەیشتبوو و دەبوا بلشویکەکان وەک ئەرکێکی" ئەنترناسیونالیستی " هەلویستێکی شۆرشگیرانەیان دژی کۆلۆنی خوازی ئێگلیز و فەرانسا و پیلانەکانی ئەو دوو زل هێزە دەرحەق بە نەتەوەی کورد هەبوایە .و بە ئاشکرا ئەرکی ئەنتەرناسیونالیستی خۆیان سەبارەت بە نەتەوەی کورد ومافی چارەنووس بە جی نەهێنا. تەنانەت کاتێک تروتسکی لە لایەن ئێستالینەوە بۆ تورکیا دوور دەخرێتەوە و تەبعید دەکرێ و تروتسکی ماوەیەکی زۆر لە نزیکەوە شاهیدی قەلاچۆ و کوشتاری کورد بە دەستی کەمالیستەکان بووە ، دەبوا وەک بلشویکێک هەلویست بگرێ بەلام سکوتی کردوە و لە هێچ کام لە نوسراوەکانی دیفاعی لە مافی میللی و دیموکراتێکی کورد نە کردووە . تروتسکی دامەزرێنەری ئەرتەشی سووری رووسیابوو و دوای لنین ، لە سەری حیساب دەکرا. توودەیەکان لە حیزبی دیموکرات خەیانەت و پەیمان شکێنی سوڤیەتیان بە کۆماری مەهاباد پێ کەم بوو و دەیانەویست دیسانەوە وەک جارێ جاران لە شاری باکوەوە ئاغای گەماڵ ئۆف وئاغای بەرازوێچ بۆکۆیلە کردنی دووبارەی کورد بریار بدەن. ئەوەندە لە تەحلیل و شی کردنەوەی کونکریتی کۆمەلگای کوردستان، ناحالی و دوور لە واقعیەت بوون کە مەلاکانی ئێرانیان پێ ئازادیخواز وپێشکەوتووبوو.هێزی ئەرتەشی ئێسلامیان بۆ ناو پادەگانی شاری مەهاباد و سەردەشت ئێسکۆرت، حەمایەت و یارمەتی کرد و خەلکی کورد لەو ئاکار و حەرکەتە تورە بوون. کاتێک هێزی حیزبی دیموکرات هاتە ناو شاری سنە ولە مەیدانی ئێقبال هەلویستی حیزب لە لایەن غەنی بلووریانەوە ڕاگەیەندرا، کەرێبەری حیزب بە ئێمام خومینی لەبەیکی وتوە خەلکی سنەی دلسارد، بیزار و حەپەساند. خەلکی سنە لە داخان و بە نیشانەی

ئێعتراز بە حیزبی دیموکرات، مەیدانی ئێقبالیان چوول کرد و جیّ هێشت. حیزبی دیموکرات لە شاری سەر دەشت و لە پایزی 58 یارمەتی پادەگانەکەی دا و خواردەمەنی فریا خستن، لە حالێکدا هەر ئەو کاتە پادەگانی سەردەشت خەڵکی ناو شار و دێهاتی سەردەشتی خومپارە باران دەکرد. ئەم هەڵویستانەی حیزبی دیموکرات بیزاری خولقاندبوو و لە گەڵ رەوتی رادیکاڵ و پێشکەوتووی جەماوەری خەڵکی کورد یەکیان نە دەگرتەوە. خەڵکی کورد رێزێکیان لەو هەڵویستانە نە گرت. حیزبی دیموکرات پێی وابوو گوایە جمهوری مەلاکان دژ بە نیزامی سەرمایەدارین. پێیان وابوو لە سوڤیەت چەوسانەوە نەماوە و کرێکار و جووتیار خاوەن دەسەلاتن و خەڵکی سوڤیەت لەو پەری سەر بەستی و خۆشی و کامەرانیدا دەژین. حیزبی دیموکرات خۆیان بە تەگبیرەکانی حیزبی توودە و عابای مەلاکانەوە شورِ کردبوەوە. ئەوەندە بەرەو رژیم خۆیان کوتابوو کەبیزاری خولقاندبوو. رێکخراوە جەماوەری و کرێکاری یەکان کە تازە لە کوردستان گەشەیان کردبوو، بە سازانی حیزبیٔ دیموکرات وهاو کات لە گەڵ هێرشی رژیم خنکان و ئەو دوو ئورگانە حەساسە کەدەیتوانی پشتیوانی مافی گەلی کورد بن بە جارێک فەوتا .

ساڵی1994 کاتێک وەک گەشت یار و جهان گەرِ بۆ سوڤیەت رِویشتم، سەرم لە شاری باکۆ دەر هێنا، برادەریکم لە سوید ماڵی ئاشنایەکی خۆی کە لە باکۆ بوون، پیّ ناساندم و من لە ماڵی ئەوان میوان بووم. خانەوادەکە روسی بوون و زۆر ئاگایان لیم بوو و قەد دلسۆزی و میوانداری ئەو ماڵە م لە بیر ناچێتەوە. شاری باکۆ رِێک لە قەراخ دەریای مازندەرانە وبە پانایی ئەو دەریایە چاڵی نەوتی هەیە. ئاو و بەرق بۆ شاری باکۆ بە نۆبەیە. یەک تەلەفونی حکوموتی لە ناو شارەکەدا. ئێش ناکات. لولە کەشی گاز بۆ ماڵەکان بە تەواوی نەکراوە. پەیکەرەی کێرۆڤ ئەندامی پۆلیت بورۆی حیزبی کومونیستی شورەوی بە بەرزی حەوت میتر لە قەراخ دەریای مازندەران داکوتاوە. لە حاڵێکدا ئاو و بەرق بە نۆبەیە. شەوانە خاوەن ماڵ سەعاتی سیّ نێوە شەو منی وەخەبەر دەهێنا تا بتوانم خۆم بشۆرم. دێهاتەکانی ئوروپا سەردەمێکە خاوەنی

ئاو، بەرق و لولە کەشی گازن. لە باکۆ دەریای نەوت ودەریای ئاو هەیە بەڵام خەڵکی باکۆ ڕۆژانە لە ئاو و بەرق مەحروم و بێ بەشن .

خزانی زۆر کەسانێ تاوانباری دەورانی شا، لە ناو ڕێزەکانی حیزبی دیموکرات جێگای باس ولێکۆلینەوەیە. و بۆچی حیزبی دیموکرات ئەو تاوانبارانەی شاردەوە و بە سزای خۆیان نەگەیشتن ؟ دەڵین ڕێزدار و شۆڕشگێڕی قارەمان سمایلی شەریف زادە بە دەستی کوێخا شەریف ناوێک و دەرەبەگ و خانەکانی کیوەڕۆی بانە کوژراوە و پاش ڕووخانی شا سەریان لە حیزبی دیموکرات دەرهێناوە و بوون بەمەسئول و پێشمەرگەی دیموکرات. دیالوگ و مێزی موزاکەرەیان لە گەڵ هێزە سیاسی یەکانی کوردستان پێ گاڵتە و مەسخەرە بوو.پەنا بردن بۆ چەک وەک تەنیا ڕێگا حەللی گیر و گرفت و ناکۆکی یەکان پەسەند کردبوو. شەق دەزانی قۆناغ لە کوی یە ! وتەیەک بوو کە زۆر جار وەک هەڕەشە و بێ حورمەتی بە موخالیفینی سیاسی خۆیان لەنوسراوەکانیان دەبینراولە بەرنامەی رادیوکەیانەوە دەبیسترا،ئێدیعای حاکمیەتی لە کوردستانی رۆژهەڵات دەکرد. لە حاڵێکدا هەڵبژاردنێک نەکرابوو تا بە ژماردنی دەنگەکان دیاری کرێ حیزبی دیموکرات چەند لە سەدی دەنگەکانی هێناوە! دەبوا هەڵبژاردنێک کرابا و لەم سەردەمەدا بیگۆمان هەموو ئێنسانێکی دیموکرات ڕێزی بۆئاکامی هەڵبژاردنەکە و ژمارەی دەنگەکان دەبوو.

پۆلوڕالیسم و یەکگرتن لە سەر ئەساس و بنەڕەتی پلاتفورمی هاوبەش خواست و ئارەزووی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردە.لەم فازەدایە کە دیموکراسی مانا پەیدا دەکات و لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە دەپارێزری و دیفاعی لی دەکرێ.. بەڵام حیزبی دیموکرات تەرجومەیەکی تری لە دیموکراسی هەبوو، بۆیە ریزێکی لە دیموکراسێ نەگرت. هیژمونی سیاسی بۆ حیزبی دیموکرات لە لولەی چەکدا بوو.بە تایبەت ئێدیعای حاکمیەتی حیزبی دیموکرات زۆر خەیاڵی و دوور لە واقعیەت بوو. هەڵبژاردنێکی رەسمی و قانوونی لە کورستان نە کرابوو کە نیشانی بدات ودیاری بکات کامە حیزب یان ڕێکخراوە زۆرترین دەنگی لە لایەن خەڵکەوە هێناوە.لە ساڵی 58 هەڵبژاردنێک کرا تا نوێنەرانی خەڵکی کورد

بۆ پارلەمان برۆن و جمهوری ئێسلامی لەو هەڵبژاردنەدا شکستی خوارد و بۆیە قەبوڵی نە کرد.جمهوری ئێسلامی دەیزانی سیاسەتەکانی لە کوردستان شکستی هێناوە و بە خێرایی هەڵبژاردنەکانی شارەکانی کامیاران،سنە، دیواندەرەی قەدەغە کرد وبەو جۆرە خەڵک نەیاتوانی بچن و دەنگ بدەن .

لە هەمان کاتدا خەتێکی بە هێزی سازان لە حیزبی دیموکراتدا هەبوو کە جار و بار بە دزی هێزە کانی تری کوردستانەوە بۆ وت و وێژ بەرەو تاران دەرۆیشتن. بەڵام دوژمن قەد وەڵامی نەدانەوە و ڕێزی بۆ دانەنان. بە تایبەت کاتێک کە بە ڕێز دوکتور قاسملو سکرتیری حیزب پەیامی لەبەیکی بە ئاغای خومینی گوت، سات و سەودای حیزبی دیموکراتێ لە گەڵ جمهوری ئێسلامی بە شێوەیەکی ئاشکرا نیشان دا و ئەم هەڵویستە، ئێعتبار و ئۆتۆریتەی کۆمەڵایەتیانی هێنایە خوارێ وهەموو جارێک لە مەیدان و سەنگەری دیپلۆماسیدا دەیان دۆڕاندو بە دەستی خاڵی بەرەو کوردستان دەگەڕانەوە. لە کارەساتەکانی مەریوان و جەرەیانی کۆچی ئەو شارە و شەڕخوازی رژیمی جمهوری ئێسلامی و یارمەتی دانی کۆنە ساواکی و بەکرێ گیراوانی ناوچە بە مەبەستی نابود کردن و شەڕ لە گەڵ هێزی رادیکاڵی کورد واتە کۆمەڵە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، یان سکوتی دەکرد و یان پاکانەی بۆ رژیم دەکرد. لەو کاتەدا کۆمەڵە و شەخسی کاک فوئاد لە ڕێزی پێشەوەی ئەو خەباتە کە دژی حاکمیەتی رەشی جمهوری ئێسلامی بوو، خەرێکی ڕێک خستن و سازماندانی بزووتنەوی موقاوەمەت دژی داگیر کەران بوون. حیزبی دیموکرات تیدەکۆشا ئاو بە سەر ئاوری خەباتی جەماوەردا بکا و وەری بەرزی خەباتی خەڵکی مەریوانی دەشکاند. و پەیام و ئاموژگاری یەکەی، بۆ خەڵکی مەریوان دووری لە "توندڕەوی "بوو. حیزبی دیموکرات هەڵویستی خۆی لە سەر کارەساتی مەریوان بە ئێعلامییە یەک دەربڕی کەکورتەیەک لەو ئێعلامییە ئاوا نوسراوە:

**"... حیزبی دیموکراتی کوردستان جارێکی تر رای دەگەیەنی کە لە ڕووداوەکانی مەریوان دا، هێچ دەستێکی نە بووە و لە داهاتووش دا، خۆی لە ڕووداو و کار و باری وا تێ ناگەیەنی !**

**برایانی مەریوانیش ئاموژگاری دەکا کە بە وشیاری و سەبری ئێنقلابی وە لە ڕێگای هێمنانەوە گیر و گرفتی خۆیان چارە سەر بکەن و ڕێگا نەدەن ئەو بلێندگویانەی دوو بەرەکی دروست کەن و لەو ئاوە لێلە ماسی بگرن، یان تەفسیرە سەرتاپا درۆ و تۆمەتەکانی رادیو تلەویزیون ببیتە هوی ئەوەی کە گەلی ئێمە ئێحساسات و توندڕەوی کاری تێ بکا. .."**

**کومیتەی ناوەندی ح. د . ک. 580431**

سەبری ئێنقلابی وشەیەک بوو کە لە لایەن سەروک وەزیری جمهوری ئێسلامی ئاغای بازرگان بۆهەموو رووداوەکانی ئێران دووپات دەبوەوە. و حیزبی دیموکرات تا دەهات لە هەوڵ و تەقالای سازان بە هەر قیمەتێک لە گەڵ رژیمدا بوو، و لە پێچە توندەکانی مێژوودا، بە تاق دەکەوتەو و خەڵکی لە خۆی بیزار دەکرد .

حیزبی دیموکرات لە پێناو ئێستراتژی و تاکتێکە کانی خۆیدا سەرکەوتوو نەبوو وبە داخەوە هەم لە تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات و هەم لە خەڵکی کورد زەرەری قورسی دا.

# 13.3 کۆمەڵە

کۆمەڵە کاری سیاسی و تەشکیلاتی نهێنی دەکرد و زۆرێ خایاند تا خۆی ئاشکرا کرد و لەم پرۆسەیەدا، زەرەری قورسی بینی.تەبلیغات لە ناو جەماوەری خەڵکدا بە شێوەی حوزووری باو بوو . یەکەمین بڵاڤۆک و نوسراوە و ڕاگەیاندراویی بە ناوی " هاووڵاتیانی تێکۆشەر ! " بە شێوەی زۆر تر نهێنی دەر دەهات و خەڵکی هەژاری کورد پێشوازی گەرمیان لێدەکرد . جەرەیانێکی نوێ و ڕادیکاڵ بوو. لە گەڵ حیزبی توودە، فیدای، پیکار، موجاهیدین و.. سنووری هەبوو. شورەوی بە سوسیال ئەمپریالیست دەزانی و سیاسەتی چین و کوباو

وئالبانیان قەبووڵ نە بوو و ڕەخنەی توندیان لییان بوو.لە هەمان کاتدا دوکترینی مائو و هوشی مین لە سەر ڕێکخراوەکەیاندا، تا ڕادەیەک سیبەری خستبوو. بەئاشکرا لە مارکسیسم لنینیسم دیفاعیان دەکرد و ڕەوتی سوسیالیستیان هەڵبژاردبوو.دامەزرێنەرانی کۆمەڵە خوێندکاری هەرە دڵسۆز و لیهاتوو بوون کە ڕچەیان شکاند و زۆر بەیا ن لەلایەن ساواکەوە دێل وئەسیر کران و ماوەیەکی زۆر لە زیندان مانەوە. هەڵویستەتایبەتییەکانی کۆمەڵە کە ڕێکخراوەکانی تر لە گەڵیا بێگانە و نامۆ بوون، ئەوە بوو کە لە قوڵایی دڵیانەوە عەدالەت خواز بوون و ئیمانیان پێ بوو. لە سەر وبەندی قەیامی خەڵکە کانی

ئێراندا ڕێبەرانی کۆمەڵە ئازاد کران و لە لایەن خەڵکی کوردەوە پێشوازێ گەرم و گوڕیان لی کرا. بۆ نموونە کاتێک زیندانی یە سیاسی یەکان وەک بە ڕێزان: تەیب عەبباسی ڕوح اللهی، یوسف ئەردەڵان، فوئاد مستەفا سولتانی، شوعیب زەکەریایی و تەیفور بەتحایی لە زیندان ئازاد کران خەڵکی کورد پێشوازی بێ وێنەیان لی کردن. پێشوازی خەڵکی قارەمانی سنە لە زیندانی یە سیاسی یەکان ئەوەندە بەر بڵاو بوو کە شەپۆلی خەڵک لەکۆڵانەکان، خیابانەکان و مەیدانەکانی شاری سنە جمەی دەهات و وەک لافاو ڕێ کەوتبوو و هێچ هێزێک نەیدەتوانی بەرەنگاری کات. خەڵک تا دوور تر لە دەروازەی شار و تا فرۆکەخانەی سنە بە شیعاردان و تەزاهورات رویشتن و لە زیندانی سیاسی پێشوازیان کرد. لایەنگران و ئەندامانی کۆمەڵە خاوەن ئۆتوریتە و لە ناو جەماوەری خەڵکدا، زۆر خۆشەویست بوون و جێگای متمانەی هەژارانی کوردستان بوون .

کرێکاران و زەحمەتکێشانی خوارەوی کوردستان و زۆربەی هەرە زۆری رووناک بیرانی دێهات وشارەکان. لە ژێر چەتری کۆمەڵەدا سازمان و ڕێکخرابوون و کاری تەشکیلاتیان دەکرد. گەشەی کۆمەڵە لە ماوەیەکی کورتدا،تەرازوی هێزە سیاسی یەکانی کوردستانی خستبووە قەوارەیەکی تر وئەم فاکتورە کە کۆمەڵەی ڕوو لە گەشە خستبوو، بە شێوەیەک نەفووز و هاو سەنگی و تەوازنی هێزە سیاسی یەکانی گوڕابوو.ڕێبەری کۆمەڵە لە هەر

پرووسەیەکی مێژووییدا، تاکتێکی گونجاوی هەڵدەبژارد و جگە لە سەنگەری شەری شارەکان وشەڕی پێشمەرگانە، لە ئامرازەکانی تر وەک دیالۆگ و موزاکرە و... کەلکی وەردەگرت. لەم مەیدانەدا قەد وەک حیزبی دیموکرات لە گەڵ دوژمندا سازشکاری نەکرد و هەرگێز بە دزی خەڵکەوە لە کەڵ مەلا ڕیش دار و بی ڕیشەکانی ئێراندا گفتوگۆی نەکرد. ئەم کردەوە ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەیەی کۆمەلە و ئێحساسی مەسئولیەت لە بەرانبەر گەلی کورددا، لە هەڵویستە بە نرخەکانی کۆمەڵەیە کە لە مێژووی میللەتی کورددا ئارشیڤ کراوە و وەک دیکۆمێنت و سەندی هێزێکی عەداڵەت خوازی ناسراو و جێگای متمانە ی جەماوەری خەلکی کورد چەسپاوە و قەبوڵ کراوە. کۆمەڵە بۆ موزاکرە لە گەڵ جمهوری ئێسلامی نەدەچوە تاران و قوم بەڵکوو بە پشت بەستن بە هێزی جەماوەری خەلک مەلاکانی ناچار دەکرد تا بۆ موزاکرە بێنە کوردستان .

کۆمەڵە وەک جەرەیانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی خاوەنی کەم و کوڕی خۆیەتی. ڕووخانی ڕژیمی شا و تەئێدی زلهێزەکان لە سەر دەر کردنی شا، ویارمەتی ئاشکرای ڕێبەرانی مەزهەبی بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات و هیژمونی سیاسی لە ئێران و هاتنە سەر کاری جمهوری ئێسلامی دەوری مێژوویی کۆمەڵەی قورستر و گرانتر کرد. کۆمەڵە دەیتوانی لانی کەم لە جنووبی کوردستان، لە فورم و قاڵبی ئوپوزیسیون دەر بێ و ئێدارەی شارەکان بە شێوەیەکی دیموکراتێک بە ڕێوە بەری. لە بنکەکانەوە توندرەویی دەکرا و هەندی جار ئەفرادی بێ تاوان دەگیران و پاشان کۆمەڵە ئازادی دەکردن. دوژمن بۆ سەرکوت و داسەپاندنی دەسەڵاتی ڕەش و داگیرکەرانەی لە کوردستان خەڵکی فریو دابوو و تاقمێک هاوکاری ڕژیمیان دەکرد و دژی خەڵکی کورد جاسوسییان دەکرد. کۆمەڵە بە پێ ئێحساس مەسئولیەت وچاوەڕوانی خەڵک دەبوا وڵامی ئەو پیلانەی ڕژیمی بدایەتەوە. کوردستان لە گەرمە یاوی خەبات و بەرەنگاری دەسوتا و دوژمن شەڕی دەفرۆشت و ئامادەی هێرش بوو. لەم هەل و مەرجەدا بنکەکان و مەقەڕەکانی کۆمەڵە تاوان بارەکانیان دەگرت. یاسا و

قانوونێکی یەک دەست و هاوئاهەنگ بۆ گرتنی ئەفرادی گومان لیکراو بە رێوە نەدەچوو. هەر ناوچە و مەڵبەندێک بە پێ سلیقە و شەرایەتی رۆژ و ئاستی شەرِی داسەپاوی دوژمن جاسوسەکانیان دەگرت. لەم پرۆسەیەدا خەلکی بی تاوانیش گیران کە بە راستی دژی بەژەوەند و خەلکی کورد نەبوون. راپورتی بی ئەساس و درۆ، دەوری دە گیرا و ئەوەندە شەرِی داسەپاو بەر بلاو بوو کە تەشکیلاتی کۆمەڵە بە تەواوی نەیدەپەرژا و مەجالی نە بوو کە تاوان بار و بی تاوان لە زوو ترین کاتدا جیا کاتەوە و بی تاوانەکان ئازاد کات و هەندی جار و بە هەلکەوت توندرِەوی لە لایەن پێشمەرگەکانەوەدەکرا کە پەیوەندی بە تەشکیلاتەوە نە بوو. دوژمن دەیان کوردی بی دیفاعی تیرباران و جن جن دەکرد، و هاو کات شارەکانی خومپارە باران دەکرد و منداڵ و ژن و پیاوی پیری دەکوشت و خەلک و پێشمەرگەیش ئارامی لی هەلگیرابوو وکارەساتی چاوەڕوان نە کراو دەخولقا و کونترِۆلی زەحمەت بوو. نموونەی زۆر و چاکمان لە هەلویستی ئینسانی و رادیکالی تەشکیلاتی کۆمەڵە هەیە کە سەبارەت بە ئەسیر و دێل ئەو پەڕی حورمەت و رێزیان دەگرت. بە تایبەت لە ئوردووگاکانی کۆمەڵە زیندانی مافی ئەوەی هەبوو کە وەکیل و پاریزەرێک هەڵبژێریت تا لە مافی دیفاع بکات و ئاستی جورمەکەی لە سەر عەدالەت و پاراستنی عەدل و داد، دیاری کرێ. ئەو کەسانەیش پەژیوان دەبونەوە و لە کردەوەکانی خۆیان شەرمەسار دەبوون دەبخشران و پاش ماوەیەک ئازاد دەکران. کۆمەڵە ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی دوژمن کە ئەسیر دەکران ورژیم فرێوی دابوون ئازاد دەکرد و یارمەتی دەدان تا بۆ شوێنی ژیانیان بگەرِێنەوە. و لە حاست تاوانباران و تەوابەکانیش تا رادەیەکی زۆر کەرامەتی ئینسانی نیشان دەدا. کاتێک کۆمەڵە دەسەلاتی سیاسی و کۆمەلایەتی بوو، لە میدیای سەردەم وەک رادیو، تلەویزیون و گۆڤارەکانی ناوچەی کوردستان کەلکی باشی وەر نە گرت. پێموایە تەنیا دووجارپارێزەر و وەکیلی دادگوستەری، رێبەرو سیاسەتمەدار سەدیقی کەمانگەر سوخنگوی کۆمیتەی شۆرشگیری ئینقلاب لە رادیو سنەوەقسەی کرد. لە حالیکدا بەرێوە بەرانی میدیا لە شارەکانی

کوردستان نە هەموویان بەڵکوو زۆربەی هەرە زۆریان پشتیوانیٚ کورد و لە ئوپوزیسیونی جمهوری ئیسلامی و بە تایبەت کۆمەڵە دیفاعی بیٚ پەردەیان دەکرد. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە دەبوا وەک کاک فوئاد و کاک سەدیق لە بەریوە بردنی میتینگ و کۆبونەوەی جەماوەریەکان، زۆر دیار بن. دیٚرفەرمان و دەستوری چەک کردنی ماشینی سەرکوت یانی ئەرتەش، ژاندارمری، پۆلیسی دا کە هەر ئەم ئورگانانە پاش راپەڕینی ریٚ بەندان و لە چاو تروکانیٚکدا عابایان لە کۆڵ کرد و بوون بە ئیٚسلامی و بۆ کوشتاری خەڵکی کورد هاتنە مەیدان و خزمەتی کۆماری ئیٚسلامیان بە باشی کرد. سەرمایەی هەژار و فەقیری کورد کە لە لایەن فیئودال و خاوەن زەوی یەکان و سەرمایەداران دەستی بە سەرا گیرابوو و چینی کریٚکار و زەحمەتکیٚشیان چەوساندبوەوە وئەو سەرمایانە لە بانکەکاندا بوون، و لە سنە پیٚشمەرگەیان وەک نیگابان بۆ بانکەکان دانابوو تا موسادرە و تاڵان نە کریٚ. لە مەریوان ،تەشکیلاتی کۆمەڵە رادیکاڵ تر و لیبراوتر هەڵویستیان گرت و کاتیٚک شاریان بە جیٚ هیٚشت، لە گەڵ چریکەکان دەستیان بە سەر پارەی بانکدا گرت و بانکی شاریان موسادرە کرد وتا رادەیەک کۆمەڵەی بوژانەوە. لە دیواندەرە پاش جیٚ هیٚشتنی شار بڕیاری موسادرەی بانک درا کە کۆمەڵە دەسکەوتیٚکی وای بە دەس نە هیٚنا. شەرایەت و هەل و مەرج تا رادەیەک ئامادە بوو و بە داخەوە کۆمەڵە و دیموکرات پلاتفورمی هاو بەشیان نە بوو و یان قەد بیریان لی نە کردبوەوە تا لە قاڵەبی ئوپۆزیسیون دەر بیٚن و دەسەڵات و هیٚژمونی سیاسی بە دەستەوە بگرن و لە کوردستان حکۆمەت بکەن. جا با ئەو حکومەتە تەمەنی چوار مانگیش بوایە، هەر دەسکەوتیٚکی میٚژوویی بوو و وەک کومونارەدەکانی فەرانسا، جمهوری مەهاباد،زاپاتای مکزیک ،بولشویکەکان، جمهوری ئازربایجان، ئاسەواریٚکیان لە لاپەڕەکانی میٚژوودا دەماوە. جمهوری مەهاباد پارلمانیٚکی دروست کرد و ئاڵایەکی بە دونیا ناساند، تاقە زیندانی یەکی سیاسی یان نەبوو،ژنان لە گەڵ کوڕان چونە مەدرەسە، زمانی کوردیان گەشە پیٚداو رەسمی کرد،ئەمیلیانۆ زاپاتا شۆڕشگیڕی مکزیکی هەموززیندانەکانی حکومەتی ئاگر دا، زەوی زۆری فیئودالەکانی

موسادرە کرد و بە جووتیارانی دا، چەکی دەوڵەتی کە شۆڕشگیران بە دەستیان هێنابوو لە نێوان خەڵکدا دابەشی کرد.

فەرانسا لەو شەڕانەی کەدژی میللەتەکانی تر کردبووی، تۆپی لەرادە بەدەری بە دەست هێنابوو. ئەو تۆپانەیان تواندەوە و بورجە بەرزەکەی "ڤان دۆم" یان لیی دروست کرد.. بورجەکە ئاوێنەی مەزنایەتی و دەسەڵاتی ئێستعماری میللەتی فەرانسابوو.عومر ی حکومەتی کۆموناردەکان لە فەرانسا کەمتر لە سێ مانگ بوو. کۆموناردەکان بورج و قەڵای"ڤان دۆم"یان داراندەوە و و سمبولی دەسەڵاتی ئێستعماری فەرەنسایان شکاند. "ڤان دۆم" Vendome

بورجێکی بەرز بوو کە رەمزی دەسەڵاتی ئابوری و هێزی نیزامی فەرانسا بوو. دەستیان بەسەر سەروەت و سامانی کلیسادا گرت، ئەرتەشیان هەڵوەشاندەوە و خەڵکیان چەکدار کرد،مەزهەبیان لە فیر کردن و بارهێنان جیا کردەوە، کوتترۆڵی پۆلیسیان لا برد وشارەوانیان لە باتی دامەزراند و. ..

جمهوری ئازربایجان زۆر کاری مودێرنیان کرد. زانستگای چاک، پۆلیسی ئازەریان دامەزراندمەدرەسەی نوێ، ،زمانی تورکییان باو کرد،رادیویی نوێیان کرێ و خوێندکاریان بۆ مسکۆو دەرەوەی وڵات نارد.بولشویکەکان ئەگەرچی دەسەڵات و هێژمونی سیاسیان بە دەستەوە گرت بەڵام، زۆر سوننەتی شۆڕشگیرانەیان لە خۆیان بەجێ هێشت ،هەموو سەروەت و سامانی تەزاریان موسادرە کرد، کۆمونیکاسیونی تازەیان دامەزراند،مڵکەکانی تەزایان بۆ دەوڵەت دانا کەبەرهەمەکەی راستەوخۆ هی دەوڵەت بوو. سیمون بولیوار، لە ئاستی مەدرەسەکاندا ریفورمی باشی کرد. جەماوەری خەڵکی بە تایبەت لە رێکخراوە نیزامی و عەسکەری یەکان کۆ کردەوە. بەم هێزە نیزامی یە دژی کولونی خوازی ئێسپانیا شەڕی کرد. هێزی نیزامی ئێسپانیای شکست دا و چەکەکانیانی لە نێوان شۆڕشگیران دابەش کرد. پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق (قیادە موەقەت) کە لە راستیدا دەستورەکانی جمهوری ئێسلامی دەقاودەق بە رێوە دەبرد بە ئاشکراهەڵویستەکانی دژی ماف و جوڵانەوەی کوردستانی رۆژ هەڵات بوو. لە کتێبی " مێژوویی مۆدێرنی کوردەکان !" کە دیوید مکداول بە

زمانی ئێگلیزی نوسیویەتی سەبارەت بە ڕژیمی ئێسلامی ئاوا دەڵێ ." ڕژیمی ئێسلامی ئێران بۆ ئەوەی نەفوز و دەسەڵاتی حیزبی دیموکراتی ئێران لە سەر سنوور نەهێڵی هاوکاری و پەیوەندی لە گەڵ هێزەکانی بارزانی هەڵبژارد .وبارزانی یەکان بەهەمان شێوە کە لە گەڵ ڕژیمی پەهلەوی بوون ،کەوتنە هاوکاری ڕژیمی ئێسلامی" . لە سۆما و برادۆس لە سەنار مامەندی دیفاع و پشتیوانیان دەکرد. لە مەریوان زۆربەی ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵەیان خستبووە ژیر فشار ولە ناو خەڵکدا تەوهین و بێ حورمەتیان پێ کردن و شۆڕشگیرانیان چەک دەکرد. لە دزڵی دوو کچی نۆدشە یان کوشت. لە شنۆ. مەهاباد، نەغەدە، پیرانشارو. .. ڕاستەوخۆ دژی مافی کوردی ڕۆژهەڵات بوون و لە مەلاکان دیفاعیان دەکرد. بەم هەڵویست و کردەوانەخەڵکیان لە خۆیان بیزار و تووڕە کردبوو. لە ئاوایی دزڵی پایەگایان دانابوو کە ڕۆژانە لە لایەن ساوامای ئێسلامی و مەکتەبی قورئانەوە یارمەتی دەدران. ئەم کردەوە و هەڵویستانە دژی جەرەیانی رادیکاڵ و مافی کوردی ڕۆژ هەڵات بوو. ئاکامەکەی بوو بەوە کەکۆمەڵە ودیموکرات و کەسایەتی یە سیاسی و میللی یەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ناچار کرد تا ئێعتراز کەن. بریارنامەی هەشت مادەیی مەهاباد نوسرا و بڵاو بوەوە. بەندی هەشتی قەتعنامەکە سەبارەت بە خەڵکی هەژار وغەریب و دەستەنگی کورد و بارزانی یەکان کە لە ئێران ئاوارە و پەنابەر بوون و لەلایەن هەر دوو حکومەتی شا و خومینی یەوە وەک کۆیلە چاو لیدەکران و ئێهانە و سوکایەتیان پێی دەکرا و لە ژیانی ئاسایی مەحروم کرابون ، نە نوسرابوو ،بەڵام بۆرێبەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق تەحەمول نەدەکراو موخالیفی ئەم قەتعنامەیە بوون و پەلپ وبەهانەی ئاشکرایان دەست پێ کرد، تا دژایەتی کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات بکا. بە جۆریک کە لە زۆر شوێنی کوردستان پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە کوژرابێ قیادە لە پاڵ سپای پاسداران و ئەرتەشی ئێسلامی ئێران لەو کۆشتارەدا بەشداری کردووە .بۆ نموونە لە بایزئاوی شنۆ یازدە پێشمەرگەی کۆمەڵەیان کوشت .

کۆمەڵەسەبارەت بە موسیقا و هونەر،کە سەنگەرێکی زۆر هەستیار و گرێنگێ خەباتە تا ڕادەیەک هەڵسوڕاو بوو بەڵام سەرجەم تێکۆشانەکە بە شێوەیەکی چاک ئۆرگانیزە نەکرابوو و لەو مەیدانەدا پڕاوپڕی پوتانسیلی بەرزی کۆمەڵەخەباتی بۆ نە کرا. لە زۆر شوێن تیاتری چاکی وەک تیاتری "هەستان "ی لە دەور و بەری ئوردووکاکانی هێنایە سەر شانۆ، خەڵکی زۆر بۆ دیتنی دەهاتن. چەند سروودی حەماسی و شۆڕشگێڕانەی تۆمار کرد کە دەوری خۆیان نواند. لە پاڵ ئەم کارانە بە قەدەر تواناو دەسەڵاتی لەو مەیدانەدا، فەعال نە بوو و لە ئاستێکی بەرزدا چاویان لی نە دەکرد. لیهاتویی و ئێستعدادی هەندی کەس کە لە هونەردا لیزان و شارەزا بوون ،نەکەوتە گەڕ و گەشەی نە کرد. سازمان دانی خەڵک بۆ چەک کردنی دەسگای سەرکوت، کە هەر ئەم ئورگانانە بە ساقی کەوتە دەستی رژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو و خێرا دژی قوتبی رادیکاڵ و چەپی کوردستان و خەڵکی شۆڕشگێڕ و ئازادی خوازی کورد، کەڵکی لی وەر گرت. بۆ نموونە پادەگانی سنە هەمووی کەوتە دەستی سەفدەری نوێنەری (ئاغای خومینی) و سەر لەشکەر قەرەنی کە لە نەورۆزی 59 هەر ئەم پادەگانە خەڵکی شاری سنەی کوشتار کرد و نەورۆزی59 ی شاری سنەیان خوێناوی کرد، زۆر خەڵکی بێ دیفاعیان کوشت، جەنایەتیان کرد و خەڵکی سنە وەک شەرە کانی هانۆی و لنین گراد، مادرید، و.. حەماسەیان خولقاند،. .. ئەمانە هەموویان وەک ڕەخنە لە کۆمەڵە باس دەکرێ. لە پاڵ ئەم ڕەخنەیانەدا کۆمەڵە زۆرتر لە قەوارە و زەرفیەتی تەشکیلاتێ و کۆمەڵایەتی و بە تایبەت لە دەورانێکی کورتی مێژوویی و شەڕی داسەپاوی جمهوری ئێسلامی و هان دانی بێ وچانی قیادە موەقەت (پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق) لە لایەن جمهوری ئێسلامی یەوە بۆشەڕفرۆشی لە گەڵ کۆمەڵە، وەزعی نالە باری ناوچە، موخالیفەتی حیزبی دیموکرات و هەوڵ دانی بۆ سازان لە گەڵ دوژمندا، و زەخت و فشاری مەلاکانی قوم و تاران ،بەئەو پەڕی دڵسۆزی و کردەوی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە و ئێحساسی مەسئولیەت لە بەرانبەر چارەنووسی خەڵکی کورد ،لە کەرامەتی خەڵکی کوردستان دیفاع و شەڕی بێ وێنەی شار و

دێهاتی سازمان دا و قەد سپەر و چەکی لە بەرانبەر کۆنەپاریزانی ناوچە و ڕژیمی دیکتاتور و شوڤینیستی ئێرانی دانەنا و تەسلیم نە بوو. و توانی بە قەدەر هێز و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی خەڵکی کورد لە گەڵ روحی دیموکراسی ئاشنا بکات. و لە ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی و ئازادی ژنانی کورد و دونیا دیفاعی کرد. سیستەمی فیر کردن و بارهێنانی کۆن و دادگا سوننەتی یەکانی وەلانا و رچەیەکی تازەی لە کوردستان شکاند و ئارام و ئۆقرەی لە دوژمن هەڵگرتبوو و جمهوری ئێسلامی لە زۆر مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا شکست دا. دوژمن ئەوەندە لە کۆمەڵە دەترسا و حیسابی بۆ دەکرد لە هێچ هێزێکی تری چەکداری کوردستان نە دەترسا. کۆمەڵە ئاسایش و ئەمنیەتی لە شارەکان دامەزراندبوو. ئەو کەسانە زوڵمیان لی چووبوو بە هانایانەوە دەچوو ویارمەتی دەدان و نیدەهێشت زوڵمیان لی کرێ. کۆمەڵە بە پێچەوانەی حیزبێ دیموکرات سیاسەتی یارمەتی ماڵی و پارەی بە شێوەی ئێختیاری و بە مەیل و رەزا پەسەند کردبوو و هێچ چەشنە فشار و زۆرێکیان بۆ خەڵک نەدەهێنا. کۆمەڵە بۆ یەکەم جار لە کوردستانی رۆژ هەڵات، ژنانی لە رێزی تەشکیلات و هێزی نیزامی پێشمەرگە رێک خست و لەو بواردا، هەڵویستی یەکیەتی نیشتمانی، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، حیزبی دیموکراتی پەسند نەدەکرد و بە دڵ نە بوو.بریارنامە بنەڕەتی یەکانی خەڵکی زەحمەتکیش کە کۆمەڵە مەترەحی کرد وبەرێز دوکتور جەعفەری شەفیعی نوسیبووی وئامادەی کردبوو دەسکەوتێکی بە نرخ و پڕاوپڕی ئامانجە دیموکراتیکەکانی کۆمەڵە بوو.دابین کردنی بار و دۆخی ئازادی سیاسی بۆ بەحس و پولیمیک و گرتن و دێل کردنی دزو رێگرو جەردەی بین شارەکان و ناو شارەکان و بەر بەرەکانی لە گەڵ موادی موخەدیر و هێروین و تریاک لە کارە بە نرخەکانی کۆمەڵە بوو. کۆمەڵە ئاڵا هەڵگری پەیامی ئازادی و عیلم و زانست و رەمزی تەسلیم نەبوون و مەقاوەمەتی شێلگیرانە ولە کورەی خەباتی گەلی کورد دژی هارترین و کۆنەپاریز ترین ڕژیمی جیهان سەر بەرز بوو و حەماسە ی سەربەستی و مێژووی بێ وێنەی خولقاند کۆمەڵەلە دێهاتی ئازاد کراودا ئەو

مەدرەسانەی کە ئاوەدانی دەکردەوە فێرکردن و بارهێنانی خستە گەڕ و موعەلیمی لە تەشکیلاتی خۆی بۆ دیاری کرد کە لە لایەن دانیشتوانی دێهاتەکەوە پێشوازیان لی کرا و بۆ ماوەیەک منداڵانی کورد دەرسیان خوێند و شتی عیلمی و تازە فێر بوون. بەرپرسی کومیسیونی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە لە ئەستۆی هاوڕێ حەمەی میسری بوو. لە لایەن ئەو ئورگانەوە سەرجەم چواردە کتێب نووسراوو لە چاپ دەرهات. کە دوازدەدانە لە کتێبەکان بە زمانی کوردی نووسرا. کۆمەڵە سێ جار و لە سێ شوێنی جیاوازدا واتە ئاواییەکانی ئاجی کەند، هاچی دەرە و سیسێر دەورەی ئاموزشی بۆ موعەلیمەکان دانا و بە شێوەێ مودێرن و نوێ موعەلیمەکانی لە باری پیداگوگییەوە بارهێنا تا لە مەدرەسەی ناوچە ئازادکراوەکان ئیش بکەن. ئەو کتێبانەی کە بە ڕێنوینی کۆمەڵە بە هەموو کەم و کوڕی یە کانی یەوە، ئەندامانی کۆمیسیۆنی فێر کردن و بار هێنانی کۆمەڵە شەهید ئازاد قازی، شەهیدرەحیمی تەلوعی فەڕ، ناسری حیسامی، حەمەی میسری، رشاد مستەفاسولتانی، موسلیح شێخ الاسلامی، عەتا خولقی، شەهلا دانشفەڕ و. .. بە زمانی کوردی و دوور لە خورافات و بە شێوەی عیلمی و زانستیانە بۆ منداڵانی کورد نووسیویانە و ئامادەیان کردوە و ماون نمونەیەک لە دەوری پێشرەو، ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵەیە. و کۆمەڵە دەورێکی گرێنگی لە نووسینی ئەو کتێبانە بە دوو زمانی کوردی و فارسی هەبووە. هەڵسوڕاو بوونی بەرەی رادیکاڵی کۆمەڵگای کوردستان یانی کۆمەڵە و کادرەکانی، توانیبووی لە کوردستان خورافات و فەرهەنگی کۆن تا رادە و ئاستیکی بەر چاو بخاتە لاوە و نوێنەرانی هیزی راست و... کز و ئوتوریتەی کۆمەڵایەتی و سیاسیان کەمتر کاتەوە .

بە ئیبتکار و ڕێنوینی کۆمەڵە لە شارەکانی کوردستان و بە تایبەت لە سنە و مەریوان و. .. ئورگان گەلیکی خەڵکی و دیموکراتێک بە ناوی بنکە رێک خرا کە دەورێکی مێژووییان گیرا. بنکە ئورگانێکی دیوکراتیک و سەر بەخۆ بوو. ئەندامان و هەڵسوڕاوانی بنکە هێچ چەشنە پێناسەیەکی ڕێکخراوەیی و حیزبییان نەبوو. هەر کەس بە هەر ئێدئولوژی و بیر و باوەڕ و ڕەگەزو ئائین و مەزهەب،

زمانەوە دەیتوانی لە بنکەدا فەعالیەت کا و هەڵسوڕێ. بنکەکانی شاری سنە نموونەیەکی مێژوویی و بەر جەستەی ئۆرگانە دیموکراتیکەکان بوون کە خەڵک لە چارەنووسی خۆیاندا بەشداری ڕاستەوخۆیان بوو. سنە شاری بنکەکان ناو نرابوو و بنکە ئۆرگانێکی جێکەوتوو و خاوەن دەسەڵاتی سیاسی بوو.

کۆمەڵە لەو شوێنانە کە خوزوور و دەسەڵاتی هەبوو نەخۆش خانە ی شارەکەی بە دەستەوە دەگرت و لە بوارەشدا خزمەت و سرویسی بە شارۆمەندان دەدا. نەخۆشخانەی گەل لە شاری بۆکان ماویەک لە لایەن دوکتورەکانی کۆمەڵەوە بەڕێوە دەچوو و خزمەتی خەڵکی ناوچەی بۆکانی کرد. ناردنی گرووپی پزیشکی بۆ دێهات و خزمەت بە دانیشتوانی دێهات یەکیکی تر لە فەعالیەت و چالاکی یەکانی ئۆرگانی پزیشکی کۆمەڵە بوو.

دانانی شورا لە شارەکان لە لایەن هێزی چەپ لە کوردستان و کۆمەڵەوە مەترەح کرا. ئامێری شورا پێویستی یەکی حەیاتی و مێژوویی بوو. دەسەڵات و حاکمیەتی خەڵک لە شورادایە و هەر بۆیە دامەزراندنی شورا لە گەڵ بیر و باوەڕ و ئامانجەکانی کۆمەڵە هاو جیهەت و یەکیان دەگرتەوە. بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵانی خەڵکی هان دەدا کە لە دەنگ دان وهەڵبژاردنی شورا فەعال و کۆڵنەدەر بن و بۆ دامەزراندنی شورا خەبات کەن. یەکیک لە هەڵویستە بە نرخ و پڕ لە شانازی یەکانی کۆمەڵە دامەزراندنی شورا لە شارەکانی سنە، مەریوان، سەقز،مەهاباد و... بوو.

# 13.4 چریکە فیدایی یەکانی خەڵکی ئێران

چریکەکان وەک هێزێکی سیاسی چەپ لە کوردستان خەباتیان دەکرد. لە سەر و بەندی قەیامدا چریکەکان وەک هێزێکی سەرانسەری حیسابیان بۆ دەکرا.

بەڵام بە هوی تاکتیک و ستراتژی هەڵەیان و تیئوری موتوری موتوری چکۆلە(رووناک بیر و شۆڕشگێران) موتوری گەورە (جەماەری خەڵک) دەخاتە سوڕان یانی رووناک بیر، دەتوانی چەوساوەکان و زۆڵم لیکراوان بەرەو خەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسی رێنوێنی و هیدایەتیان بکات. وشیعاری شەڕو خەباتی چەکدارانە هەم ئێستراتیژی یە وهەم تاکتێکە، لە عەمەلدا هەرگیز چارەی دەردی خەڵکی نەکرد و نە بوونی پلاتفورمی کونکرێت ،نەفوزی ئەندامانی حیزبی توودە لە تەشکیلاتی چریکەکان کە وەک ستوونی پێنجم و خەتی مایل بۆ مەلاکان جاسوسی یان دەکرد ،کوپی کردنی ئاسۆی حیزبی توودە کێشەی ناو ڕێبەری بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی تەشکیلاتی، هەڵویستی شوڤینیستی هەندێکیان سەبارەت بە کێشە و شەڕی کوردستان، دیفاع لە داێکی نیشتمانی و ئێرانی ئازیز، مەغروور بوون بە گەشەی خێرایی، باوەڕ و متمانەی بێ جێگە بە مەلای کۆنەپارێز، تان و پۆی مەزهەبی ناوچەکانی تری ئێران جگە لە کوردستان کە بە ڕاستی هەل و مەرجی دژواری بۆ خۆلقاندبوون، چەپایەتی سەرەڕۆ و تەرجومەی نادروست لە مارکسیسم و دیموکراسی، زووتر ئەوانی لەت لەت کرد و قەوارەی تەشکیلاتیان ڕووخا ونفوزی سیاسی یان کەم و کەمتر بوەوە. چریکەکان پاش راپەڕینی مانگی ڕێبەندانی 57 بە دەیان هەزار کەس لە شارەکانی کوردستان لە دەوریان کۆبونەوە و هێزێکی پڕ نفوز و خاوەن دەسەڵات بوون. ڕێبەرەکانیان بە خۆیان متمانەیان نە بوو ئەگێنا لە ڕێبەرانی جمهوری ئێسلامی بە ناو بانگ تر بوون. دەیان توانی شۆرشی وڵاتی ئێران بە بارێکدا بخەن کە بە قازانجی دیموکراسی وهەژارانی ئێران بێ، بەڵام دوکترینی موتوری چکۆلە و موتوری گەورە بە فریایان نەکەوت و پاش ماوەیەکی کۆرت سیاسەتی رژیمیان قەبووڵ بوو ولەم کاتەدا تووشی قەیران هاتن و بوون بە دوو بەشەوە. خۆیان ئاوا دەناساند لانی زۆر (ئەکسەریەت) و لانی کەم (ئەقەلیەت) . بەشێکی زۆریان وەک ئیدئولوگ خزمەتی خوراپی یان بە مەلاکان دەدا. لە کۆمیتەکانی زیندان وژووری بازجویی حازر بوون و لە گەڵ حزب اللّه بۆ ناسینی ئازادیخوازان و شۆڕشگێران کۆنا بە کۆنا دەگەڕان و دەرویشتن. لە

هەمووشارەکانی ئێران و بە تایبەت کوردستان بۆ دیل کردن و ناسینی بەشی نهێنی و ئاشکرای هێزی پێشمەرگە وتەشکیلات و کادرەکانی موجاهیدین ،حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە،بەشی ئەقەلیەتی چریک و پیکار و . .. بە خۆرایی هەلدەسوڕان و یارمەتی دوژمنیان دەدا.لە شارەکانی کوردستان لە ناوماشینی داپۆشراو دایان دەنان و لە خیابان و کۆڵانەکان دەیان گەڕاندن تا موخالیفی حکۆمەت ئاشکراکەن ویا لە پشت میلەی زیندانەوە شۆڕشگێران و ئەسیرەکانیان چاو لی دەکرد و بە دوژمن دەیان ناساندن. جەماعەتیک لەتاقمی پەشیمان بوەوە "تەواب"یش بۆ ناسین و راو و دیل کردنی شۆڕشگێڕان، خزمەتی چاکیان بە جمهوری ئیسلامی کرد. بەشی چریکی ئەقەلیەت و سازمانی پیکار تا ئەم ئاخرانە لە کوردستان مانەوە و لە بواری مەسئولیەت سەبارەت بە شۆڕشی کوردستان ،پرنسیبی بەرزیان نیشان دا، و تەسلیمی جمهوری ئیسلامی نە بوون و سەربەرزانە مانەوە. رێکخراوی "پێشگام "ی چریکەکان لە مەریوان هەڵسوڕاو و فەعال بوون و کاتێک خەڵکی مەریوان بۆ دواخستنی شەڕی ناوەخت و داسەپێندراو و زۆرە ملی جمهوری ئیسلامی بە تێکرا کۆچیان کرد، و چونە ئوردوگای کانی میران، نوێنەرانی سازمانی چریکی فیدایی لە مەریوان موخالیفی هەر شێوەیەک لە رێک کەوتن و سازان لە گەڵ دوژمن دا بوون! رێبەری چریکە فیداییەکانی شاخەی مەریوان لەئەستۆی بەرێزان: تەهمورسی ئەکبەری ، ئەبوو کەریمی، تەیموور موستەفا سولتانی، مەجید ئیبراهیمی، مەجید عەزیزی، جەهانبەخش روستەمی و ... بوو. چریکەکان موخالیفی گەڕانەوەی خەڵکی کۆچکردوو بۆناو شاری مەریوان بوون و لیکدانەوەو هەڵویستیان سەبارەت بە پوتانسیل و زەرفیەتی خەڵک ڕوویایی بوو. و هەڵویستێکی راستەوخۆ ئانارشیستی یان هەڵبژارد و ئاستی توانای خەڵکیان بۆ دریژە پێدانی ئەو خەباتە لە بەر چاو نە بوو وتەحلیل و لیکدانەوەکانیان زۆر رویایی و لە مەنتیقەوە دوور بوو. بەڵام رابەری کەم وێنەی کۆمەڵە و لیکدانەوە واقیعی و تاکتێکە دروستەکانی بە رێز کاک فوئاد ئەو هەڵویستەی چریکە فیدایی یەکانی پووچەڵ کردەوە و هەڵویستی ئانارشیستی چریکەکان لە سەر خەباتی خەڵکی

مەریوان تەئسیری نە بوو.هەموو جموجوڵ و هەڵسوڕانی سیاسی-کۆمەڵایەتی کۆمەڵەیان لە ژێر چاوە دێڕیدا بوو. لە سنە گۆڤاری کەیهانم دەکرێ کە گیان بەخت کردوو وڕێبەری شۆڕشگێڕی چریکەکانی کوردستان بیهروزی سلێمانی بانگی کردم و پاش چاک و چۆنی وتی دەزانی کاک فوئاد برات ناوچەکەی شێواندوە. منیش وڵامم داوە و وتم بۆچی؟وتی لە مەریوان هێزی پارتیزان و پێشمەرگەی دروست کردووە و لە شاریش نە ماون و خەریکی پێشمەرگایەتی و جەولەن. ئێتربە ئاشکرا دیار بوو چریکەکانی کوردستان گەشە و ئوتوریتەی کۆمەڵەیان زۆر پێ ناخۆشە. ڕەنگەلەسیستەمی فیکری و ڕوانگەی ئەوانەوە خانەی تیمی وچریکی شاری پێویست و باش بوو.

# 13.5 سازمانی پەیکارلە کوردستان

سازمانی پەیکار وەک هێزێکی چەپ لە کوردستان خەباتیان دەکرد. لە هەڵسەنگاندنەکانی خۆیاندا کوردستایان بۆ هەڵسوڕان و خەباتی سیاسی - چەکداری هەڵبژارد. کوردستان وەک ناوچەکانی تری ئێران نە بوو. جەماوەری خەڵک فیکری نۆێ و رادیکاڵیان وەر دەگرت. مەیدان و زەرفێکی لە بار بۆ بەرەی چەپ بوو. خورافات برەوی وای نە بوو. بە نسبەت ناوچەکانی تری ئێرانەوە ئاستی سیاسی خەڵکی کورد گەلێک پێشکەوتوو تر بوو. ڕێز لە بیر و باوەڕی جیاواز دەگیرا.پەیکار لە شارە کانی کوردستان بنکە و مەقەڕی دامەزراند. هێزی نیزامی یان لە ناوچەکانی سنە، مەریوان، کامیاران،و... دژی کۆنەپارێزانی جمهوری ئیسلامی و ڕێکخراوی سوننەتی و دواکەوتوی کوردستان شەڕیان کرد.

فەعالیەتی سیاسی و نیزامی سازمانی پیکارو تێکۆشان و بە هەست بونیان بە ڕادەیەک گەیشتبوو کە بۆ حیزبی دیموکرات تەحەمول نەدەکرا و لە شاری بۆکان کەوتنە بەر هێرشی حیزبی دیموکرات و چەند ئەندام و

پێشمەرگەیان کوژرا. لەو هێرشەبۆ سەر مەقەڕی سازمانی پەیکار بە ڕێزان : مەحموود ئێبلاغیان خوێندکاری مەدرەسەی عالی وەرزش، باقی خەیاتی خوێندکاری زانستگای تەوریز و تاهیر ئێبراهیمیان خوێندکار ی زانستگای ورمێ، ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی591207 لە مەقەری سازمانی پەیکار لە بۆکان لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە کوژران و گیانیان لە پێناو سەربەستی، ئازادی و دیموکراسی بەخت کرد. پیکار لە کۆمەڵە نزیک بوو و هاوکاری بنکەکان کە کۆمەڵە ڕێبەری بوو، دەکرد. ڕۆژنامەکەیان بە ناوی پەیکار دەر دەچوو و خوێنەری زۆر بوو. بە چاکی توانیان پەردە لە سەر ماهیەتی جمهوری ئێسلامی لا دەن. لە هەر ژمارەیەکی پەیکار بە شێوەیەک جمهوری ئێسلامیان ڕیسوا دەکرد وزانیاری کونکریتیان بە خەڵک دەدا.جگە لە کور دستان و لە شوێنەکانی تری ئێران هەر دوو ڕێکخراوەی چریک و پەیکار کەوتنە بەر هێرشی پاسدارەکان و ڕێبەری و تەشکیلاتەکەیان بە جۆرێک زەربەی قورسی لی کەوت کە پشتیان شکا. زۆر کەسیان گیرا و زۆریشیان ئێعدام کران و هەندێکیان بەرەو کوردستان ڕایان کرد و گیانی خۆیان نەجات دا.کۆمەڵە و ئەو دوو سازمانی ترە، ئامانج و دەردی هاوبەشیان زۆر بوو.چەپ لە ئێران و کوردستان بێ ئەندازە ئاڵوز بوو وهێچ کات یەکگرتوو نە بوون. لە ناو چەپی ئێراندا دیواری حیزبی لە دیوای چین بەرزتر و درێژ تر بوو و سکتاریسم و بەرژەوەندی حیزبایەتی، کۆسپێکی هەرە گەورە بوو ئەگێنا دەکرا ئەو چەپانە لە کوردستان پلاتفورمی هاوبەشیان هەبێ. پاش ماوە و تەشکیلاتی سازمانی پەیکار لە کوردستان لە ساڵی 1362 لە تەشکیلاتی کۆمەڵەدا، خەباتیان دەکرد و بەو شێوەیە هاتنە ناو ئۆرگانەکانی کۆمەڵە و درێژەیان بە خەبات دا.

# 13.6 موجاهیدینی خەڵک لە کوردستان

موجاهێدین سازمانێکی مەزهەبی وشک ووەک پان ئێرانیستە کان هەڵویستی شوڤینیستی و مەزن خوازانەیان بە نسبەت کوردستانەوە هەبوو.بۆ دەستوری جیهادی ئەکبەری ئاغای خومینی لە ساڵی 1979 و کوشتاری ئازادیخوازان و خەڵکی بێدفاعی کورد حازر و ئامادە بوون. دەمار گرژ و خۆ بە زلزان بوون. هەموو ماستاوکەرێ و نۆکەریان دەر حەق بە جمهوری ئێسلامی دەردەکانیانی دەرمان نەکرد. ئەهمال کران و ئەوەندە بۆ مەلاکان سەریان دانەواند تا ملیان شکا ولە ناچاری بەشی زۆری رێکخراوەکەیان بۆ کوردستان گواستەوە. جمهوری ئێسلامی فشار و زەختی خستە سەریان و ناجوامێرانە کوشتاری کردن و بەرەو کوردستان ڕاویانی نا. دەبوا لەو قودرەت و هێزە زۆرە کە هەیان بوو دژی جمهوری ئێسلامی شەڕی مان و نە مان کەن، کە چی دوعایان بۆ سەڵامەتی ئێمام دەخوێند و پێیان وابوو لە دابەش کردنی دەسەڵاتدا بەشیان دەدەن. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرەکانیان گیران و جمهوری ئێسلامی زۆر ناجۆامێرانە تیرباران و ئێعدامی کردن. یەکێک لە دۆستانی نزیکم کە دیل و ئەسیر و لە زیندانی تەورێزدا لە گەڵ ئەندامان و لایەنگرانی موجاهیدین هاو بەند و زیندانی بوو، زۆر لە مەقاوەمەت و شەهامەت و نەترسی موجاهیدینەکان باسی بۆ کردم و دەیگوت بە ڕاستی ئازا و قارەمان بوون. گەمەیان بە مەرگ دەکرد و لە پێناو سازمانی موجاهیدین، ئارمان و فیکریان سەربەرزانە بە پیرای مەرگەوە دەچون و لە زیندانی تەورێز حەماسەیان خولقاند. رێبەری موجاهیدین خەتێکی سازان و رێکەوتنیان بە نسبەت جمهوری ئێسلامی یەوە هەڵبژاردبوو، بەڵام لایەنگەران و ئەندامانی موجاهیدین لە زیندان قارەمان و لیبووردوو و فیداکار بوون.

موجاهیدین لە کوردستان ئۆتوریتە یان نەبوو، و جەماوەری خەڵکی کورد وەک بێگانە چاویان لی دەکردن. خەڵکی کورد لە کوردستان لە ئاست و فازێکی بەرزتری سیاسی - کۆمەڵایەتی دەژیا و لە باتی دیفاع لە خوراڤات و کۆنە

پەرەستی زۆرتر لە عیلم و زانست لایەنگریان دەکرد. دین و مەزهەب لە کوردستان وەک ناوچەکانی تری ئێران لایەنگری موتەعسوب و دەمارگرژی نەبوو. ئازادی و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی بۆ خەڵکی کورد زۆر زۆر گرینگتر لە دین و مەزهەب بوو. زۆر تر لە هەزار ساڵە خەڵکی کورد موسڵمانن و بە پێویستیان نە دەزانی جارێکی تر لە لایەن جمهوری ئێسلامی یەوە، بە بن بە موسڵمان. موجاهیدین لە تەشیوعی سووری عەلەوی دیفاعیان دەکرد، کە قەد لە گەڵ داخوازی یەکانی کورد یەکیان نەدەگرتەوە. بە تایبەت کاتێک خومینی لە 28 ی گەلاریزی ساڵی 1358 دەستوری جیهادی ئەکبەری بۆ سەر کوردستان دا موجاهیدین پشتیوانیان لی کرد و بۆیە لە بەر چاو خەڵک کەوتن و زۆریش شکان. هەندی کورد بەڵام نە زۆر لە گەڵیان بوون کە خزمەت و سرویسیان پێ دەدان. هەڵویستی موجاهیدین، بە نسبەت کوردستانەوە وەک هەندی ڕێکخراوی چەپ وهەموو ڕێکخراوە راستەکانی ئێرانی وەک یەکن و شوڤینیستین. هەموویان لە دایکی نیشتمان و ئێرانی یەک پارچە دیفاع دەکەن و ئارەزویان ئەوەیە کە کوردستان وەک جاری جاران موستعمەرەی هاو بەشی، ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا بێت. بە هەر حاڵ خەڵکی کورد کە خوازیاری دێمۆکراسی یە لە موجاهیدینیش ڕێزیان دەنا. شاری بۆکان لە ساڵانی 58 و 59 کە شارێکی ئازاد و پێشمەرگە ئێدارە وحوکمی دەکرد،لە وی موجاهیدین تاقمێکی چکۆلە بوون و هەموو ڕۆژێک پرۆپاگاندە و تەبلیغ و نوسراوەکانی خۆیانیان بڵاو دەکردەوە. ولە لایەن هێچ ڕێکخراو و سازمانێکی سیاسییەوە و تەنانەت لە لایەن حیزبی دیموکراتیشەوە بەرگیریان لی نەدەکرا و زەختێک لە سەریان نە بوو.

# 13.7 کەسایەتی سیاسی-میللی لە کوردستان

بە ڕێز مامۆستا شێخ عیزالدین حسینی وەک کەسایەتی یەکی سیاسی-میللی بە بیر و باوەڕی مرۆڤ دۆستانە و ئازادی خوازانەوە لە مافی گەلی کورد لە هەموو بوارە سەخت و دژوارەکانی ژیانی پشتێوانی و دیفاعی ئاشکرای کردووە و لەو ڕێگایەدا خەباتی کردووە . مامۆستا بۆ ڕێکخراوەکانی تری کوردستان و ئێرانیش ڕێزی هەیە و هەبووە و هەمیشە لە دیموکراسی و ئازادی بیر و باوەڕدیفاعی کردووە . دیوید مک داول لە کتێبی "مێژووی مۆدێڕنی کوردەکان " سەبارەت بە بەڕێزیان لە لاپەڕەکانی 261-283 بە زمانی ئینگلیزی ئاوای نوسیوە : شێخ عیزالدین هەر لە ئەوەڵەوە تەرجومەیەکی مودێڕنی لە مەزهەب بۆ کوردە ناسیونالیستەکان بەدەستەوە دابوو. ئەو وەک ڕۆحانێکی ئازادیخواز و چەپ زۆر تر لە گەڵ کۆمەڵە دەگونجا تا حیزبی دیموکرات و ئەم هەڵویستە، شێخی وەک ڕۆحانی یەکی هەڵکەوتووی سونی ناساندبوو.ئامۆژگاری یە شەخسیەکانی ئێحترامێکی تایبەتی بۆ گارانتی و خولقاندبوو. بە لە بەر چاو گرتنی ئوتوریتەی شەخسی و میللی یەکەی دوای ڕوخانی ڕژیمی پەهلەوی کاندیدێک بۆ ڕێبەری لە مەهاباد بوو. شێخ عیزالدین پەردەی لە سەر وەلایەتی فەقیە و هەروا خۆدی خومینی و شورای نیگابان بەم شێوەیە لابرد :" ئەوەی ئێمە هەمانە دەوڵەتێکی مەزهەبی نی یە بەڵکوو دەوڵەتێکی دیکتاتوری بە ناوی ئیسلامەوەیە . دەوری ڕۆحانیەت ئەمەیە کە لە شناخت و ناسینی خودا ڕێنوێنی کەر و ڕابەر بن و ئێوە تەنانەت ڕوحانی شیعە یش دەبێنن کە موخالیفی مەفهومی وەلایەتی فەقیهە . ئەم ڕژیمە ئیسلامی نی یە .هەر چەشنە حکومەتێکی مەزهەبی سەرەنجام دەبێتە حکومەتێکی دیکتاتوری، و مەزهەب دەبێتە ئامێرێک کەبەناوی خوداوە بۆ کوشتار و ئێعدام و لیدان کەڵکی

لی وەر دەگیرێت . من باوەڕم بە جیایی دین لە دەوڵەت هەیە .هەر کاتێک دەوڵەتی دینی دروست بوە و دامەزراوە ،دوگماتیک و دژی دیموکراتیک بوە . دەوڵەت دەبی بۆ دیموکراسی و جیاوازی بیر و باوەڕی سیاسی ڕێز دانیت .

یەکەم دیداری شێخ عیزالدین لە گەڵ خومینی لە ئاوریلی ساڵی 1979 بوو . شێخ دەڵیت: کاتێک خومینیم بە جێ هێشت چاکی عاباکەی منی گرت و وتی ئەوەی لە تۆم دەویت ئەمنیەتی کوردستانە ، منیش چاکی عاباکەی خومینیم گرت و لە وڵامدا وتم ئەوەی منیش لە تۆم دەویت ئوتونومی کوردستانە !

# 14. ڕێکخراوەوئۆرگانە دیموکراتیکەکان، دەور و ڕێبەری کاک فوئاد

## 14.1 کۆمیتەی ژنان لە شاری مەریوان

کاک فوئاد وەک ئوتۆریتەی ناسراوی کۆمەڵە و خاوەن هەڵویست و نەزەر لەو دەورەیەدا مەترەح بووە. و هەموو کاتێک بیر و باوەڕ و فیکری نوێ ئەم ڕێبەرە ناسراوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد، ڕێنوێنی کەری کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵە بووە. لەو یەکەم کەسانە لە کۆمەڵەدا بوو کە بە ئاگا هێنانەوە و وەگەڕ خستنی هێزی ژنانی کرد بە ئەرکێکی ماندوویی نە ناسانەی خۆی و جێگایەکی تایبەتی بۆ ڕێکخستنی ژنان دانا. وتا ئەو کاتەی مابوو لە ڕێکخستنیاندا دەوری سەرەکی گێڕا. کومیتەی ژنان لە شاری مەریوان ئۆرگانێکی دیموکراتیک بوو.

هاوکات لە گەڵ ئۆرگانەکانی تری جەماوەری ،لە شاری مەریوان کۆمیتەیەکی فەعال، هەڵسوڕاو وخاوەن دەسەڵات دروست بووبوو،کە یەکێک لە کۆمیتە هەرە چالاکەکانی شار بوو. ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە، ژنانی ڕووناکبیر وپێشەنگی بزووتنەوەی جەماوەری بوون. ژنانی تێکۆشەری شار و دێهاتی مەریوان، لەم ڕێکخراوەیەدا کۆ دەبونەوە، جگە لە ئەرکی تریان و بەشداری لە موبارزە دژی کۆنەپاریزانی ئیسلامی کە هێرشیان هێنابوە سەر کوردستان، وەک ئۆرگانێکی جێ کەوتوو و خاوەن دەسەڵات، بۆ هەژاران و بێ بەشانی، ئێشیان دەکرد. کاری فەرهەنگی، کولتۆری، چاپ و بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندراوەکان. جەلەسەی سیاسی بۆ پەروەردەکردن و بردنە سەرەوەی ئاستی سیاسی ژنانی کۆمەڵگا ،دابەش کردنی دەرمان و دەوا، موعەرەفی و ناساندنی نەخۆشەکان بە نەخۆشخانەکانی سنە، سەقز، تەوریز و تاران و هاوکاری ڕاستەو خۆ لە گەڵ

هێزی پێشمەرگە و دیفاع لە مافی ژنان، بەشێکی چکۆلە لە هەڵسوڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسیان بوو . ژنانی هەڵسوڕاوی کۆمیتەکە هەڵگری بیر و باوەڕی جیاوازسیاسیش بوون.

ژنانی شۆڕشگێڕی مەریوان، لەم مەیدانەدا ئەو پەڕی لێبوردوویی و شەهامەتیان نیشاندا.تەسلیمی جەوی کۆن و دوواکەوتووی پیاو سالاری، فەرهەنگی عەشایەری، کولتوری ڕەق هەڵاتوی مەزهەبی و داب و نەریتی خورافی نە بوون و سەربەرزانە لە کۆمێتەی ژنانی مەریوان، وەک ئۆرگانێکی خاوەن دەسەڵات و جی متمانەی شار و دێهاتی مەریوان خەبات و زەحمەتیان دەکێشاو هەڵدەسوڕان. لە کار و باری خۆیاندا زۆر چالاک و نەترس بوون. زۆر ژنی تێکۆشەر لەم ئۆرگانەدا دەور و نەقشیان هەبوو.هەوەڵین ئێعترازی ژنانی تێکۆشەری مەریوان لە پووشپەڕ و خەرمانانی ساڵی 57 بوو کە دژی سیاسەت و کردەوەکانی ئاموزش و پەروەرش کرا. و پاشان دیفاع لە زیندانی یە سیاسی یەکانی زیندانی سنە لە بەر درگای دادگوستەری شاری سنە کە مانیان لە خواردن گرتبوو. وەر گرتن و بار هێنانی ژنانی گەڕەکە هەژارەکانی مەریوان و گوندەکان، ئاموزشی نیزامی ژنانی تێکۆشەری ئێتخادیە و هاو کات ئاموزشی یارمەتی دانی خێراو بەپەلە بۆ نەخۆشەکان لە ئاستی تەزریق و پانسمان ، و فێر کردن و بارهێنانی ژنانی کەم سواد و نەخوێندەوار، دانانی دەورەی چنین و ڕستن ، خەیاتی و دروومان بۆ ژنانی خوازیار ، پێک هێنانی کۆبونەوەی گشتی و بانگەوازی کۆ بونەوە بۆژنانی دێهات ، کۆ کردنەوەی یارمەتی ،پارە،دەوا و دەرمان ، پەیوەندی لە گەڵ خوێندکارانی تێکۆشەری کرماشان، و چارەسەر کردنی هێندی گیر و گرفتی کۆمەڵایەتی ژنان، یارمەتی ژنانی نەخۆش و ناردنیان بۆ نەخۆشخانەی شارە گەورەکان، یارمەتی ژنان بە مەبەستی چارە سەر کردنی کار و باری بورۆکراتێک بۆ وەر گرتنی پێناسە و شناسنامە ی منداڵەکانیان، یارمەتی ژنانی زوڵم لیکراو لە بواری گیر و گرفتی دادگوستەری وەک شو کردن، تەڵاق و جیا بونەوە و ... کاری ڕوتێنی ئێتخادیەی ژنانی مەریوان بوو.ژنانی تێکۆشەردوو شێوە کاریان لە گەڕەکە هەژارەکانی شار و و

دێهات بە ڕێوە دەبرد . بە ئاگاهێنانەوەی و کاری سیاسی لە گەڵ ژنان گرینگ ترین کاری ئێتحادیە بوو .بۆ نمونە لە شار سەبارەت بە مافی گەلی کورد و ناساندن و ئاشنا کردنیان بە بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان و هێزە کانی تری کوردستان و بار و دۆخی ژنان لە کۆمەڵگا هەڵدەسوڕاون و قسە و باسیان دەکرد . لە دێهات لە گەڵ گرووهی پزشکی جەولەیان دەکرد . و زۆر جار هاو کات لە گەڵ هێزی یەکیەتی جووتیاران بۆ دێهات دەڕویشتون . لەم دێهاتەدا جەلەسە و کۆبونەوەیان کردووە :سێفی ژووروو و خواروو،چوڕ، نەنە، دارسیران، گاگل،کانی میران،بەردەڕەشە، ئێگیجە،پیرسەفا،ولەژیر،مرگ،شارانی و ... مەراسمی ڕۆژی جیهانی ژنیان لە ساڵی 57 لە شاری مەریوان گرت. خواردن و کەل و پەلی پێویست بۆ خەڵکی شاری سنە لە نەورۆزی 58 کۆ کردەوە . مەراسمێ چلە بۆ بیرەوەری و یادی هاوڕێ یانێک کە بۆ یارمەتی دانی خەڵکی تورکەمەن سەحرا رویشتبون و لە ڕێگادا شەهید بوون بە ڕێوە برد. بە تایبەت دوو شەهیدی ئەو کاروانە شۆڕشگێڕانی ماندووی نە ناس گوڵڕیزی قوبادی و فەریدەی زەکەریایی مامۆستای دێهاتی مەریوان بوون کە مەراسمەکە تایبەتی خۆی هەبوو. کاتێک لە لایەن قیادەوە مەریوان گەمارۆ درابوو ژنانی تێکۆشە بە نیشانەی ئێعتراز بە ڕێپێوان بەرەو دادگوستەری رویشتن و داوایان کرد تا بەرێوە بەری دادگوستەری و فەرماندەی پادەگان دیدار کەن تا لەو بار و دۆخە ئاڵوزە یارمەتی خەڵکی مەریوان بدەن و لە کارەساتی چاوەڕوان نەکراو بەر گیری بکەن . خۆپیشاندانیان دژی سەر پۆش و چادر وحجابی زۆرە ملی کە کۆنەپارێزانی مەریوان و مەکتەبی قورئان خەریک بوون دایسەپێنن و سیاسەتەکانی مەلاکانی تاران و قومیان بە ڕێوە دەبرد، کرد و لە لایەن کۆنەپاریزرانەوە لە ژنانی تێکۆشەر تەقە کرا و خێرا بە تەقە لە لایەن ژنانی ئێتحادیەوە وڵامیان درایەوە .لە خەڵکی نەغەدە کە مەلا حەسەنی نوێنەری ئێمام خومینی شەڕی داگیرساندبوو پشتیوانیان کرد و یارمەتی جۆراوجۆریان بۆ خەڵکی نەغەدە کۆ کردەوە ، فریای ئەو پێشمەرگانە کە ڕۆژی 23 ی تیر برێندا بووبوون کەوتن . نگابانی شوانەی ئوردووگای کانی

میرانیان لە ئەستۆ گرت ، پرووپاگاندەیان بۆ دیاردە و مەسەلەی کۆچ لە دێهاتی دەور و بەری ئوردووگا دەکرد، بۆ دانیشتوانی ئودوووگا نان و خواردن و کەل و پەلی پێویستیان کۆ دەکردەوە.، لە نێوان دانیشتوانی ئوردووگا خواردەمەنیان دابەش دەکرد ،فریای نەخۆشەکان و بریندارەکان دەکەوتن ، یارمەتی دلسۆزانەی ئەو ژنانەیان کرد کە لە ئوردووگا باردار بوون تا منداڵە کۆرپەکان لە بار نەچن، لە ڕێپێوان کەرەکانی سنە و موکریان کە بۆ پشتیوانی خەلکی مەریوان هاتبون بە گەرمی پێشوازیان کرد، نوێنەری ئێتحادیەیان بۆ موزاکرە لە گەل لاهوتی کەنوێنەری جمهوری ئێسلامی بوو هەڵبژارد ، لە بەر درگای دژبانی شاری مەریوان بۆ ئازاد کردنی شۆڕشگێران کە لە زیندانی پادەگانی موسکی مەریوان دیل کرابوون تەحەسونیان کرد و تا ڕۆژی سێ شەهریوەر ئەو تەحەسونەبەر دەوام بوو، لە مەراسم و بیرەوەری گیان بەختکردوانی سێی شەهریوەر بەشداری فەعالیان بوو . کاری نهێنی و پەیوەندی کۆمەڵە و پێشمەرگەیان لە ئەستۆ گرت ، لە ڕێپێوانێک بەشداریان کرد کە خەلک وەرەیان چوە سەرێ و جیهادی سازەندەگیان موسادرە کرد ، لە مان گرتنی مێژوویی خەلکی سنە پشتیوانیان کرد و ژنێکی زەحمەتکیش وەک ناردراوی ئێتحادیە لە وی سوخنرانی کرد ، بیرەوەری و مەراسمێک بۆ ئەندامێکی پێشڕەو و تێگەیشتووی شورا بە ناوی دادە ئامین گاگلی کە بە هوی نەخۆشینەوە مرد بوو بە ڕێوە برد ، لە مەراسمی 17 ی ئەسفەندی 58 کە لە ساڵۆنی شیرو خۆرشید بەڕێوە چوو بەشداریان کرد ، لەو مەراسمەداوتاری یەکێک لە هاوڕێ یانی ژن بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنەوە پێشکەش کرا ، و ژنێک کە خەلکی ئاوایی بەردە ڕەشە بوو وتارێکی خوێندەوە ، و بیوگرافی هاوڕێ شۆڕشگێڕ گولڕیزی قوبادییش خوێندرایەوە ، دیفاع لە نوێنەرانی کۆمەڵە بۆ پالاوتن وهەڵبژاردنی پارلەمانی تاران، و پەردە لادان لە سەر سازشکاری یەکانی حیزبی دیموکرات، بەشداری فەعال لە کاری ڕوتینی بنکەکان مەیدانی خەباتی ژنانی ئێتحادیە بوو.

بەڵام ئەوەی لە ناو پردەی مێشکمدا بوو و هێنامەوە بیر خۆم، بەڕێزان ئەمانە بوون :

1- فاتمەی موحەممدی
2- مەلەکەی مستەفا سوڵتانی
3- ناهید موحەممدی
4- م ن
5- سەعدیەی نەسیمی
6- تەلعەت خالیدی
7- میهری گودازگەر
8- مەعسووم خالیدی
9- شەرافەت قاسم نیژاد (پیشگام )
10-فەراسەت قاسم نیژاد
11-دەلیلەی روستەمی( فەعالی کانوونی دانش ئاموزان )
12-ج. روستەمی ( پیشگام )
13-شەمسی سلێمانی
14-دادە نەجیبە
15- دادە نەهیە
16-ن ق
17-و ...

یەکیک لە پرۆگرام و خەباتە سیاسی یەکانی کۆمیتەی ژنان لە شاری مەریوان ،سەر دان لە دێهات بوو. کاتێک یەکیەتی جووتیاران بۆ کار و باری سیاسی – تەبلیغی دەچوە دێهات، رۆژی دوایی کۆمیتەی ژنان بە گروپیکی پزیشکی یەوە دەچوە ئاوایی یەکان. دوکتورەکان نەخۆشیان دەبینی و پاشان کۆمیتەکە، ژنانی ئاوایی کۆ دەکردەو وزانیاری جۆراوجۆریان پێ دەدان. دوو دوکتوری شۆڕشگێڕ و ئازادی خواز بەرێزان دوکتور (خ ز) ودوکتور(ر س) بە دڵسۆزی یەوە یارمەتی کۆمیتەی ژنانیان دەدا.

# 14.2 کانوونی دانش ئاموزان وقوتابیان و دانشجویانی مەریوان

لە سەر پیشنیار و ڕێنوینی کاک فوئاد، کانوون وەک ئورگانێکی دیموکراتیک دامەزرا. ئەم کانوونە ڕێکخراوەیەکی بەراستی دیموکراتێک بوو. بەرلە رووخانی شا دامەزرا و هەڵسوڕانی کانوون ڕێک خستننی دانشجو و موحەسڵ بوو. ئەو کاتە دانشجو لە مەریوان زۆر نە بوون. ئەو کەسانەی کە لە کانووندا هەڵدەسوڕان، بریتی بوون لە ئەفرادی سیاسی و لایەنگرانی سازمانی پەیکار، کۆمەڵە، چریکی فیدایی، حیزبی توودە و. ..

هەموو بە دڵ و گیان بۆ گیر و گرفتە دیموکراتێکە کان خەباتیان دەکرد و سنووڕێکی ئاوا عەجایەب لە نێوابیان دا نە بوو. کانوون لە بنەڕتدا بە هۆی پێویستی یەکی مێژوویی دروست بوو. دوای رووخانی شا، کە ڕێزی ڕێکخراوەکان دیاری کرا و ئەو کاتەی ئاغای خومینی دەستوری جیهادی بۆ سەر کوردستان دا، کانوونەکە بی وچان خزمەتی دەکرد. لە بەهاری 1358 چریکەکان بە دانانی ئورگانێک بە ناوی پیشگام ویستیان کانوونەکە هەڵوەشێنیتەوە. کانوونکە دەورێکی گرینگ و چاکی لە خەباتی شاری مەریوان دژی بی عدالەتییەکان بوو. و بۆ ئەوەی کانوون بمێنیتەوە کۆ بونەوەیەکی بە بڵاویان ساز کرد. هەموو رووناک بیران دەخاڵەتیان کرد و لەو کۆبونەوەکەدا بەشداریان کرد. ئایا کانون بمێنیەوە ؟ ئامانج ئەوە بوو کانوون جیا نە بێتەوە و قەوارە و شکڵی خۆی راگرێ و جیا نە بێتەوە. لە کاک فوئادیان پرسیار کرد نەزەرت چی یە ؟کاک فوئاد وتی من لایەنگری یەکیەتی و ئێتحادی ئەم کانوونە م و بە ئاشکرا لە مانەوەی کانوون دیفاعی کرد. وتەوزیحی دا. دروست ئەوەیە کە ئەندامانی کانوون نەچنە ناو ڕێکخراوەکان. و لە ناو ڕێکخراوەکاندا نە توینەوە و ئورگانی کانوون وەک خۆی بمینیتەوە و ئەفراد و ئەندامانی کانوون خەریکی کاری جی کەوتوی خۆیان بن. کاک فوئاد دابەش بونی کانوونی

پێ ناخۆش بوو. چونكوو كانون دەبوو بە دوو بەشەوە یەكەم پیشگام و دووهەم كانوون.

ئەندامانی كانوون كە ماندوویی نە ناس لە وی خەباتیان دەكرد بریتی بوون لە : عارف نادری و جەعفەر مستەفا سوڵتانی كە لە ئاستی ڕێبەریدا بوون و دەوری سەرەكیان هەبوو،دەلیلەی روستەمی، ناسر و زارا عەلەوی نەسەب، نیعمەت نودینیان، تۆفیق سوهرابی، حیشمەت مستەفا سوڵتانی، ئەحمەد وحەمیدو مەحەمەد قاسم نیژاد، حسین نادری ،عەلی خاوەری، تاهیر شەوكەتی، سەید خالید پیرخزری ورزگار شێخ الاسلامی و فەراسەت سالیحی، كەمال هادی، تەهمورس ئەكبەری، حوسین سالح زادە ،شمسێ سلێمانی ،مەجید و ئەمین و ئەرسەلان عەزیزی ،پرشنگ و هیوای ئەمجەدی و...

مەیدانی هەڵسوڕانی كانوون، دانانی بەحسی سیاسی ،و پولیمیک سەبارەت بە كوردستان ،كاری هونەری، شانۆگەری، دابەش كردنی نەوت لە شار ،ودادگایی و محاكمەی ئاژاوە گێڕان، نیگابانی و حەرەسیاتی شار وڕێک خستنی تەزاهورات و خۆ پیشاندان ،ڕێک خستنی ئێعتراز دژی قیادە، بڵاو كردنەوەی هەواڵەكان، پەروەدە كردنی كرێكاران بۆ هەڵسوڕانی سیاسی و . ... بوو.

بۆ نموونە لەساڵونی دەبیرستانی فەروخی، فەتتاح حیدەری و عەلی بەئافەرید. كە ئاكار و كردەوەكانیان خراپ و گومان لیكراو بوو،لە لایەن كانوونەوە موحاكمە كران ،تاوانەكانیان ئەمانە بوون بۆچی لە شاردا ئاژاوەدەنێنەوە ؟ وبۆچی تەحریكات دەكەن ؟ وبۆچی هاو كات دوو بەرەكێ لە ناو ڕیزی خەڵكدا دروست دەكەن. كانوون جەلەسەی سیاسی بۆ فەعالینی سیاسی دادەنا و لەو بوارەشدا هەڵدەسوڕا.

كومیتەی دانش ئاموزی كانوون لە شركەتی مام سەنگەر، كە ئۆرگانێكی ماڵ دروست كردن و ساختمان سازی بوو ،نەفوزی كردبوو و زۆر كرێكاری پەروەردە كرد و جەهەتی سیاسی بە كرێكارەكان دا. كانوون لە ئێفشاكردن و پەردە لادان لە سەر ماهیەتی جمهوری ئیسلامی و مەكتەبی قورئان دەوری دیاری كەری هەبوو.

پڕۆژەی دابەش کردنی نەوت لە ئاستی شاردا و بەش دانی هەژار و فەقیری دانیشتوی مەریوان لە لایەن کانوونەوە، بە هاوکاری شورای شار مەترەح کرا و بە ڕێوە چوو. کە بە شێوەیەکی عادلانە، نەوت دابەش دەکرا و بەر بە دزی و غارەت و تاڵان دەگیرا.

کانوون لە مەریوان گۆڤارێکی چاپ دەکرد کە ناوی "رزگاری" بوو. لە ژمارە یەکی گۆڤارەکە وتارێک بە ناوی لیکۆڵینەوە و تەجروبەی کۆماری کوردستان(مەهاباد) لە لایەن کاک فوئادەوە نوسرا. کە لەم وتارەدا بار و دۆخی سیاسی سەردەمی کۆمار لە ئاستی جیهان و ئێراندا ونوقتە قوەت و نوقتە زەعفەکانی کۆماری کوردستان بە شێوەیەکی زانستیانە و بە وردی شیَ کرابوەوە. ئەم وتارە لە دووی ڕێبەندانی ساڵی 58ی هەتاوی و پاش مەرگی کاک فوئاد لە مزگەوتی جامیعەی مەریوان لە لایەن حیشمەت مستەفا سولتانی یەوە خوێندرایەوە. سەرجەم چوار ژمارەی لی چاپ کرا و پاشان عومری کۆتایی پیَ هات. گۆڤارەکە هەشت لاپەڕە دەبوو و لە ناو خەلکدا بلاو دەبوەوە. لە ژمارەکانی تری دا،سەبارەت بە کرێکارانی کورد کە بە شوین کار و بژێوی ژیاندا ئاوارە دەبن ولە ناچاری دەڕونە تاران و خوزستان نووسرابوو. هەروەها شێوەی ژیانیی پڕ لە کۆڵەمەرگی کاروانچی یەکانی سەر سنوور لە کوردستان و شوێنی چینایەتی یان باس کرابوو.کاروانچی یەکان لە سنووری دەست کردی داگیر کەران و بە دزی ژاندارمەکانەوە پێویستی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیان دەگواستەوە. کە لە باری ئابوری و هەرزان بوونەوە بە قازانجی خەڵک بوو.

# 14.3 ئێتحادیەی کرێکارانی بیکاری مەریوان

ڕاپەڕینی خەڵکەکانی ئێران هەل و مەرج و فەزایەکی کۆمەڵایەتی –سیای خولقاندبوو کە هێچ شتێک لە سەر ڕێل و جادەی خۆی نەدەڕۆیشت. بەجۆرێک ژیانی ئاسایی بۆ ڕەنجدەران سەد قات پڕ مەێنەت تر، ئاڵوز تر و دژوار تر بوو.لە کوردستانیشدا شەپۆلی ئەم نا بە سامانی و مەێنەتە زۆر تر داوێنی هەژاران و کرێکارانی کوردستانی گرتبوو.خەڵک لە وەزعێکی نالە باردا دەژیان و دابین کردن و فەراهەم کردنی نانی وشک و خاڵی زەحمەت بوو. نە بوونی ئاسایش و ئەمنیەت، نەبوونی حاکمیەت و دەوڵەتی سەقامگیر لە دەورانی قەیام،ڕەوتی توندی ڕووداوە سیاسی یە کانی ئێران و کوردستان،سات و سەودای زل هێزەکان لە سەر دەر کردنی شا و هێنانە سەر کاری مەلاکان و گۆڕێنی دەسەڵات ،ئەو فاکتورە سەرکی یانە بوون کە کرێکاری کورد ئێتر نەیدەتوانی بەرەو ئابادان، خوزستان، مازەندەران، و ناوچەکانی ئازەربایجان بڕوات و خەریکی ئێش و کار بێت. زۆربەی کرێکارانی کورد لە کوردستان مانەوە وبە ناچاری خۆیان دوور لە خەتی بەر هەم هێنان بینیەوە و پارە وئازۆقە وئەوەی پاشەکەوتیان کردبوو بە خێرایی ڕووی لە کزی نا و خەریک بوو تەواو بێت. هاو کات کارخانەکانی"ئێنشاالله و ماشاالله "کە مەلاکان وەعدەیان دەدا، ئێتر بە فریای کرێکاری کورد نەکەوت و هەمووی درۆ و دەلەسە، چاوبەستن و فرێو بوو. لە سنە ئەوەندە کرێکاری کورد زەخت و فشاری لەسەر بوو و برسیەتی زۆری بۆ هێنابوون کە ڕژانە خەیابان و بە دەنگی دلێر هاواریان کرد "**نانمان گەرەکە نان برسیمانە برسی !**"**مەرگ بۆ جمهوی ئێسلامی ئێران !**"و پاشان مەکتەبی قورئان کە ڕەمز و سەمبولی ڕژیم لە سنە بوو ئاگریان دا و سوتاندیان. لە مەریوان وەزعەکە ئەگەر خراپتر نە بوو باشتر نە بوو.کرێکای کورد لە مەریوان، چونکوو جمهوری ئێسلامی شەڕی دەفرۆشت، دەربەگ وشێخی مفتە خۆر و توێژی دەوڵەمەندی شارو دێ سەریان ڕاست کردبوەوە وهێواش هێواش دەخزانە پاڵ

ڕژیم و هەموویان لە ڕژیم پشتیوانیان دەکرد. سەفی رادیکاڵ و شورڕشگێڕ و سەفی کۆنەپەرست و دەوڵەتی ئیسلامی لە بەرانبەر یەکتردا، راوەستابوون. کرێکاران ئێحساسی ئەمنیەتیان بە هێچ شێوەیەک نەدەکرد. نەزم و رەوتی ئاسایی شار بە جارێک تێک چووبوو.

کاک فوئاد و هاورێ یانی لەم هەل و مەرجەدا، ئێتحادیەی کرێکارانی بێکاریان پێک هێنا. لە لایەکی ترەوە مەکتەبی قورئان بە یارمەتی و پشتەوانەی زۆری ماڵی و پارەی زۆرێک کە لە ئێختیاریاندا بوو، کرێکارانیان فریو دابوو. پرۆپاگانە و تەبلیغیان کردبوو کە هەر کرێکارێک لای ئێتحادیەیبێکاران بی و ناو بنووسێ، کومونیست، بی دین و کافرە. کاتێک ئێتحادیە داوای دوو وێنەی لە کرێکاران کردبوو کە کارت و پێناسەیان بۆ دروست کەن، مەکتەبی قورئان تەبلیغی کردبوو کە دانەیەک لە وێنەکان بۆ رووسیا دەنیرن و ئەم ژەهر پژاندنە تەئسیر خراپی لە سەر یەکگرتووی و یەکپارچە بوونی کریکاران دانا. کاک فوئاد فریا کەوت بە هەڵسوڕاوانی کۆمەڵەی وت تەنیا یەک عەکس بۆ سەر کارتەکانیان داوا کەن. و بەو شێوەیە موشکلەکە حەلل بوو. سەر باری ئەوانە رووتی رووداوەکان ئەوەندە توند و خێرا بوون و کوردستان لە گەرمە یاوی شۆڕشدا دەسوتا کە کاک فوئاد نە یدەتوانی هەر لە مەریوان بمێنیتەوە و دەرفەتی بۆ ڕێبەری جوڵانەوەی سیاسی ئەم شارە زۆر نە بوو. ئێتحادیەی کرێکارانی بیکار قەوارە و شکڵی خۆی گرت و لە پرۆسەیەکی کورتدا بەرەی مەزهەبی و مەکتەبی قورئانی لە باری سیاسی یەوە شکست دا.و مەکتەبی قورئان زوو تر لە وەی چاوەڕوان دەکرا هەرەسی هێنا. کاتێک ئێش و کار لە لایەن ئێدارەی مالاڕیاوە پەیدا بوو، بە شێوەیەکی رەسمی داوایان لە ئێتحادیە کردبوو کە نزیکەی پەنجا کرێکار بە ئێدارەی مالاڕیا بناسێنی تا لە دێهات دەس بە کار بن و بەم شێوەیە و لە ماوەیەکی کورتدا ئێتحادیە وەزنی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە دەس هێنابوو. عومری ئێتحادیەی کرێکارانی بێکارانی مەریوان، کورت بوو و هاو کات لە گەڵ هێرشی ڕژیم بۆ سەر کوردستان، ژیانی بە ساوایی کۆتایی پێ هات. ئوتوریتە و

دەسەڵاتی ئێتحادیەكە بەو ئاستە گەیشتبوو كەشارەداری بۆ چارە سەر كردنی بیكاری و ژیانی سەخت و نەداری كرێكاران وخولقاندنی ئێش و كار لە گەڵ ئێتحادیەی كرێكارانی بیكار هاوكاری دەكرد تا ئێش و كار بە شێوەیەكی عادلانە دابەش كرێ. و پارەیەكی نە زۆر لە نیوان كرێكارانی بیكاردا، دابەش كرا. كاك فوئاد لە كۆبونەوەی مەهاباد ئاماژەی بەم هاوكاری یە و دەسكەوتەكانی لە باری سیاسی و كۆمەڵایەتی یەوە كردووە.

لە شارەكانی تری كوردستان جەمعیەت وئورگان گەلێكی دیموكراتێك دامەزراو دروست بوو كە زۆر هەڵسوڕاوو و فەعال بوون و لیرە تەنیا بە كورتی ئاماژەیان پێ دەكەم .

1- جەمعیەتی ڕێگای ئازادی زەحمەتكێشان لە شاری مەهاباد و( ستادی هاوبەشی هێزە دیموكراتێكەكان) 2- جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و مافی زەحمەتكێشان لە شاری نەغەدە

3-جەمعیەتی دیفاع لە مافی گەلی كورد لە شاری ورمێ 4-جەمعیەتی دیفاع لە مافی زەحمەتكێشان و مافە نەتەوەیی یە كانی گەلی كورد لە شاری سەقز5-جەمعیەتی دیفاع لە زەحمەتكێشان و مافە نەتەوەیی یەكانی گەلی كورد لە شاری بۆكان 6- جەمعیەتی تێكۆشەرانی ڕێگای ئازادی و خوازیارانی مافە میللی و دیموكراتێكەكانی گەلی كورد لە شاری بانە 7- یەكیەتی جووتیارانی بێڵەوار لە كامیاران و بەڕێز كاك عارف مەولانایی بەر پرسی بوو.

8-جەمعیەتی پشتیوانی لە مافی گەلی كورد لە شنۆ ، كە بەڕێزان مەناف و سەید حسین بەر پرس بوون . جەمعیەتی شنۆ خاوەنی كتێبخانەیەكی پڕ لە كتێبی زانستی و عیلمی بوو كە قیادە سوتاندی .

# 14.4 نەورۆزی خوێناوی شاری سنە



**شاری سنە- بومباران و کوشتاری  وەحشیانەی خەلکی  شار لە لایەن پادەگانەوە**

قەیام رۆژی 22 ی ڕێبەندان تەواو بوو.  مەلاکان هیژمونی سیاسی ئێرانیان رفاند و لە سەر تەختی شا  بە جل و بەرگ و عابای مەلایانە دانیشتن. کاخی نیاوەرانی شا ناوەکەی گوڕدرا و بوو بە کاخی جەمارانی خومینی. ریش و عابا وەک سوننەت ونیشانەی  سەرکەوتن بە سەر رژیمی پاشایەتی باو کرا. لە فەرهەنگی عیلمی و قاموسەکان وشەکانی سیکۆلاریسم وئیمپریالیسم و کاپیتالیسم ودوگماتیزم و دیموکاسی یان دەر هێنا و لە باتی وشەکانی  شەیتانی گەورە وچکۆلە وجیهاد و ولایەتی فەقیە وموستەزعەفیان دانا.  خەلکیان  یەک شەوە خەڵەتاند و ئاغای خومینی  بە گوتنی تەنیا یەک دێڕ   بەمن مەڵین رەهبەر بە من بڵین خزمەتگوزار ! نیوەی ئێرانی کردە گریان وخەڵکی هیپتۆنیزم کراو  فرمێسکی سوێر و خوینینیان بۆ ڕشت.

هەل و مەرج و بار و دۆخی سیاسی کوردستان لە فازێکی تر دا بوو و خەڵک خوازیاری عەدالەت، دیمکراسی ئازادی و سەربەستی و رزگاری بوون. وەعدە و فرێو نیدەتوانی خەڵکی کورد رازی کات و بڵیسەی شۆڕش هەر کڵپەی دەسەند. توێژی پێشڕەو لە کوردستان د ەوری مێژوویی خۆیان بە باشی گیڕا و لە شارەکانی کوردستان شۆڕش هەر بەر دەوام بوو و دەبوا ئاخرین سەنگەرەکانی کۆنەپەرەستی فەتح کرێت و خەڵک شورا، ئورگان گەلیکی دیموکراتیک دامەرزینن. لە سنە پادەگان یەک شەوە بوو بە ئێسلامی و بۆ چوار مێخە کێشانی خەڵک و داسەپاندنی حاکمیەتی ڕ ەشی جمهوری ئێسلامی شاریان دایە بەر خومپارە و هێرشیان بۆ ناو شار هێنا. خەڵک کەوتنە دیفاع و شەری یەکەمی مەقاومەتی خەڵکی کورد دژی کۆنەپەرەستان لە نەورۆزی 58 دەستی پێکرد. دەیان شارۆمەندی بیدفاعی سنەیی کوژرا و برێندار بوون. نەخۆش خانەکان لە برێندار جمەی دەهات. لە سەر و بەندی شەڕدا، سوخنگوی کۆمیتەی ئێنقلابی ،پاریزەر و قازی دادگوستەری بە رێز سەدیقی کەمانگەر بە جەسارەتەوە لە رادیو سنە خەڵکی بۆ دیفاع، بەرەنگاری، هێرش و چەک کردنی پادەگانی سنە بانگە واز و دەعوەت کرد. لە سەروبەندی شەڕەکەدا هەموو خەڵک یەک پارچە دژی جمهوری ئێسلامی شەڕیان دەکرد و هاورێ یانی کۆمەڵە لە سەفی پێشەوەی هێرش حوزووریان بوو. کاک فوئاد ئاوێنەی باڵا نوێنی ڕێبەریکی کارزان، لیهاتوو و هەرە دڵسۆز بوو کە خۆی لە سەنگەری پێشەەوە و بە ورە و ئێمانی بەرزەوە ڕچەی دەشکاند

کاک فوئاد لە شەڕی سنە و هێرش بۆ سەر پادەگان بەشداری توند و تیژی کردوە و لە جەرەیانەدا، بەرێزان عەبدوڵای موهتەدی، موزەفەر موحەممەدی و. .. لە هێرش بۆ سەر پادەگان گیران و نە ناسران و پاشان ئازاد کران. دیفاع و بەرەنگاری ئەوەندە قووڵ و بەرین بوو کە رێبەرانی جمهوری ئێسلامی عابایان بە کۆڵیان دا و بۆ موزاکرە هاتنە سنە. تاڵەقانی، بەهەشتی، رفسەنجانی، خامنەیی. حاجی سەید جوادی، سەحابی، یەزدی، قوتب زادە، بەنی سەدر وبەرێز داریوش

فروهەر  لە تارانەوە بۆ سنە هاتبوون. بە ڕێز شوکرولاە پاک نیژاد وەک کەسایەتی سیاسی بە ناوبانگ و سیمای ناسراوی ئێران، کە ئازایانە و نەترسانە لە دادگای ساواک سکاڵانامەکەی پێشکەش و خوێندبوەوە لە سنە بوو. شوکرولای پاک نیژاد لە کۆبونەوەی جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و ئینقلاب بەشداری کرد  و بە بیستنی سرودی ئەی ڕەقیب  لە لایەن بەشداربوەکانەوە وتی . هەست دەکەم دڵی شۆڕشی ئێران  لە کوردستان لێ دەدات و کوردستان سەنگەری  دیموکراسی ئێرانە .هەر لەو کاتانەدا بەڕێز مزەفەری پەڕتەوما کە لە ناسای ئامریکا وەک پسپۆڕ و شارەزای عیلمی فیزیک کاری دەکرد بۆ سنە هاتبوەوە و ...



شاری سنە - هاتنی نوێنەرانی جمهوری ئێسلامی بۆ موزاکرە لە گەڵ خەڵکی کورد: کاک فوئاد و کاک شوعیب و پێشمەرگەکان دیارن.

نوێنەرانی خەڵکی کورد برێتی بون لە بە ڕێزان : ماموستا شێخ عیزالدین حسینی، دوکتور جەعفەر شەفیعی ،ئەحمەد موفتی زادە، بیهروز سلێمانی، سەدیق کەمانگەر، شوعیب زکەریایی، فوئاد مستەفا سولتانی، یەحیا سادق وەزیری، مەلا محمەد رەبیعی.شێخ جەلال حسینی،یوسف ئەردەڵان و. ..

نوێنەرانی خەڵکی شاری سنە توانیان بە جمهوری ئیسلامی بسلمینن کە شاری سنە دەبی بە شورایەکی هەڵنژیردراوی خەڵک ئیدارە بکرێ. دواتر شورایەکی یازدە نەفەرە لە لایەن خەڵکی سنەوە هەڵبژیردرا کە بۆ ماوەیەک توانی دەوری سیاسی-کۆمەڵایەتی بنوینێ وشارەکە ئێدارە بکات.

## شورای شاری سنە!

خەباتی خەڵکی شاری سنە دیموکراسی بۆ شارۆمەندانی ئەو شارە بە دیاری هێنابوو. لەو فەزا دیموکراتێک و ئازادە هێزە پێشرەوەکانی ئەو کاتەی سنە وەک کۆمەڵە، چریکی فیدایی.پەیکار ، و کەسایەتی یە سیاسی و باوڕ پێکراوەکانی خەڵک لە ساڵی 58 بڕیاریان دا تا خەڵک لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتێک و بی سانسوردا نوێنەرانی خۆیان بۆ شورای شاری سنە هەڵبژێرن . هەر لایەنێکی سیاسی نوێنەرانی خۆیانیان بە خەڵک ناساند و ڕۆژێک بۆ دەنگ دان دیاری کرا .خەڵک لە مەدرەسەکان و مزگەوتەکان دەنگیان بە نوێنەرانی خۆیان دا. پاشان کومیتەیەک لە کەسایەتی و ئەفرادی بی لایەن هەڵبژێردرا تا ژمارە ی دەنگەکان و ئاکامی هەڵبژاردنەکە بی سانسور بە خەڵک ڕاگەیەنن . ژمارەی دەنگەکان لە لایەن کۆمیتەی هەڵبژێردراوی خەڵکەوە ژمێردرا و ئەندامان و بەرئەندامانی شورای شار بۆ یەکەم جار لە مێژووی شاری سنە دیاری کرا و ڕاگەیەندرا.


***ئەندامانی شورای شاری سنە یازدە کەس بوون:***

1- یوسف ئەردەڵان2- مەلامەحموود ئەیوبی 3- فوئاد ڕووحانی 4- فەریدەی قوریشی 5-سەید عیماد سەید زاهیدی 6- ئەرسەلان پوورقوباد7- جەبار ئاریا نیژاد8- ... خەلیقی 9- هادی مورادی 10- ... 11- ...

***لیژنەی دامەزرێنەری شورای گەڕەکەکانی شاری سنە :***

پاش راپەڕینی خەڵکەکانی ئێران ،فەزایەکی دیموکراتێک پێک هات . لە هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەی شارەکانی تری ئێران، خەڵکی کورد ئەوەندە تۆخ و دەمار گرژی مەزهەبی نەبوون و دیموکراسی ڕێز و بایەخی تایبەتی هەبوو.هەرێمی کوردستان لە هەموو ئەو کەسانە کە بە بەهانەی جیاوازی مەزهەبی، بیر و بوچون،رەگەز وئائینەوە ئەمنیەت و ئاسایشیان نەمابووو راو نرابوون میوان داری دەکرد. زۆر بنەماڵەی ئاسووری ،زەردەشتی، بەهایی و یەهودی لە ترسی گیانیان بەرەو کوردستان کۆچیان کرد و لە شارەکانی کوردستان نیشتە جێ بوون . و تێکۆشەران و پێشڕەوانی شاری سنە لیژنەیەکی دیموکراتێکیان بۆ چارە سەر کردنی گیر و گرفتەکانی شار و لە وانە کارەبا،ئاو و پاسەوانی گەڕەکەکان ،دەست بە سەرا راگرتنی سیگار و مەوادی غەزایی و خواردن لە ساردخانەی شار، یارمەتی پێشمەرگەکان و نانەواخانەکانی شار و... دیاری کرد و هەڵسوڕانیان لە بوارەکانی فریاکەوتن و خزمەتگوزاری و تا رادەیەکی زۆر ڕێکخستنی بنکەکانی شار بوو. پێشڕەوانی ئەو لیژنە بە ڕێزان.گیان بەختکردوو حەمید فەرشچی، ڕەزا یەغموری، گیان بەختکردوو ناسیح مەردۆخ ،فەتحوڵڵە کولاقوچی، گیان بەختکردوو جەلال ڕەزمەندە(ئەشرەف قەدرجوو)،ئەردەشیر نەسروڵاە بەگی، فەرشاد سوڵتانپوور،نەعیم گەرووسی نیژاد، نادر نامی، گیان بەختکردوو ڕەحمەت پالەوانی، یدوڵڵای تورابیان، و چەند کەسی تر بوون . شورای گەڕەکانی سنە بە هۆی هەڵسوڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی سنە و ئەو بەڕێزانە پێک هات و دامەزرا.هێزە ڕادیکاڵەکانی شار و بە تایبەت کۆمەڵە لەو ئورگانانە پشتیوانی دەکرد . و بنکەکانیش لە بواری دیفاع لە شاری سنە و دەسکەوتەکانی راپەڕین ، وەک هێزێکی نیزامی خۆیان نیشاندا. لە هەمانکاتدا ئەرکێکی بەربڵاویان بۆ خۆیان دانابوو کە جگە لە سنە یارمەتی هەرێمەکانی تری کوردستان بدەن . پارەو جل و بەرگ و خواردنی ڕۆژانە بۆ شاری مەریوان و قارنا و قەڵاتان ناردرا کە هاودڵی و هاو خەباتی خەڵکی سنەی چەسپاند و یارمەتی یە کان، خەڵکی قارناو قەڵاتان و مەریوانی زۆر خۆشحاڵ و هێوادار کرد . لە شەڕی خوێناوی و داسەپاوی 24 ڕۆژەی شاری سنە لە ساڵی59 شورای گەڕەکەکانی سنە بۆ دروست کردنی سەنگەرەکانی ناو شار دەورێکی چاکیان نواند و دیفاعی شاریان لە ئاستێکی بەرزدا سازمان دا.

# 14.5 جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و ئێنقلاب



**پاریزەر و وەکیلی دادگوستەری بەڕێز کاک سەدیق کەمانگەر. بەرپرسی جەمعیەتی دفاع لە ئازادی و ئینقلاب لە شاری سنە.**

گەڵاڵەی دامەزراندنی جەمعیەتەکان، وەک ئامێری خەباتی ئەو سەر دەمە لە لایەن کۆمەڵەوە مەترەح کرا و دروست بوو. جەمعیەتی دیفاع لە شۆڕش و ئازادی لە شاری سنە ئۆرگانێکی دیموکراتیک و بە دەسەڵات بوو. زۆربەی هەرە زۆری گەنجەکان و ماموستایان، کارمەندەکان، قوتابی یە کان و کەسایەتی یەکان وئێتحادیەی موعەلیمەکانی سنە و خەلکی خوازیاری دیموکراسی و ئازادی، سازمانی پەیکار، ئێتحادیەی کومونیستەکان، لە جەمعیەتدا هەڵدەسوڕان و بەشداریان دەکرد. سوخنگوی جەمعیەت بە ڕێز کاک سەدیقی کەمانگەر بوو و هەموو مەسئولیەتەکانی جەمعیەت روو بە دەرەوە لە ئەستوی ئەو بوو. دەورانی ڕێبەری کاک سەدیق لە جە معیەت یەکیک لە دەورانە پڕ شکۆ و سەربەرزەکانی کۆمەڵەیە. کاک سەدیق لێبوردوو، نە ترس، بە ئێمان، دلپاک، و بە کردەوەی شۆڕشگێرانە و بڕیاری مێژوویی ڕەوتێکی لیبڕاوانەی بە خەباتی خەلکی سنە دژی جمهوری ئێسلامی دابوو کە وێنەی ئەو جۆرە خەباتە لە مێژویی کوردا بە راستی کەمن.

بۆ پێشەوە بردنی سیاسەتی کۆمەڵە و دامەزراندنی شورای شاری سنە و بەر پرچ دانەوەی پیلانەکانی مەلاکان هەموو هاوڕێ یانی کۆمەڵە هەڵدەسوڕان و کاک فوئادیش جێگای تایبەتی خۆی هەبوو. کاک فوئاد لە زۆربەی ئێعتراز و خەباتەکانی خەڵکی شاری سنە دژی داگیرکەران، حوزووری هەبوو و لە هێرش بۆ سەر پادەگان،و. . بەشداری کرد. بە ڕێزکاک ئەیوب نەبەوی شۆڕشگێڕی رادیکاڵ وزۆر خۆشەویست ڕێبەرێکی تری جەمعیەت بوو کە دەوری ڕێبەری ئەو لە خەباتی قارەمانانە وشکۆداری خەڵکی سنە تۆمار کراوەو زۆر بەر چاوە.

کاتێک جمهوری ئێسلامی هێرشی بردە سەر خەڵکی تورکەمەن سەحرا، جەمعیەتی شاری سنە هیئەتیک لە ئەندامانی خۆی بۆ یارمەتی ئەو خەڵکە بە ڕێ کرد. بە داخەوە کاروانەکە بە سڵامەتی نە گەیشتە بەرەوە و بە هوی تەسادفی ماشینەوە نۆ نەفەریان.بەڕێزان1- جەمیل زەکەریایی2- دوکتور ئەسعەد وەزیری3- جەمیل سەجادی4- دوکتور فەتحوڵاە لوتفوڵلاە نژادیان 5-فەریدە زەکەریایی6-گوڵڕێز قوبادی7- فایزە قوتبی8- ڕئووف کەمانگەر9-ئێسمایل عەلی پەنا گیانیان لە پێناو خەڵکی زوڵملیکراو و شەریفی تورکەمەن سەحرا و ئامانجی ئەنترناسیونالیستی بەخت کرد و ژمارەیەک لە ئەفرادی کاروانەکە بە ڕێزان :مەسعود قشقایی، فەرۆخ کاوە، وەفا ڕۆحانی،تەیمور مستەفا سولتانی بریندار بوون کە برێنەکانی پشت و مل و سەری کاک تەیمور بە جۆرێک قووڵ و لە هەمووان سەخت تربوو کە ماوەیەکی دوور و درێژ لە نەخۆشخانە لە ژێر چاوە دێری دوکتورەکاندا بوو.

بەڕێ کردنی ئەو کاروانە بۆ یارمەتیدانی خەڵکی تورکەمەن سەحرا لە لایەن جەمعیەت وخەڵکی شاری سنەوە ئاستی بەرزی ئێنسان دۆستی ئەو خەڵکە ورۆحیەی ئێنترناسیونالیستی کۆمەڵەی بۆ جارێکی تر چەسپاند.

# 14.6 جەمعیەتی دیفاع لە مافی گەلی کورد لە مەریوان

لە سەر و بەندی راپەڕینی 1357 ی ئێراندا زۆر ڕێکخراوە و جەمعیەت لە هەل و مەرجی دیموکراتێکدا، دروست بوون. لە مەریوان جەمعیەتیک لە لایەن رووناکبیرانی مەریوانەوە بونیاد نرا و بە زۆری موعەلیمەکان و کارمەندەکانی ئۆرگانە جۆراجۆرەکانی شار لە وی خەباتێکی دیموکراتێکیان بە رێوە دەبرد. بەرێزان: سەدیق ئەمجەدی، جەلال وەلەژێر(موحەسڵ) عەتا روستەمی، حسین مستەفا سوڵتانی، جەلال نەسیمی،حسین پیر خزری، رئووف کۆنە پۆشێ، مووسا شێخ الاسلامی، عەبدوڵای نەودینیان،عەلی ناسرئابادی، و... لە وی هەڵدەسوڕان. بە شێوەیەکی ئاسایی هەڵسوڕان و خەباتی جەمعیەتەکە لە گەڵ تێکۆشانی سیاسی - نیزامی یەکیەتی جووتیاران، پیشگام، کانوونی قوتابیان و دانشجوەکان، یەکیەتی ژنان، و ئێتحادیەی کرێکارانی بێکار تێکەڵ بوو. لە پراکتێکدا ئوتۆریتەی کۆمەڵایەتی و فەعالیەتی سیاسی- نیزامی یەکیەتی جووتیاران سێبەری خستبوە سەر هەڵسوڕانی سیاسی جەمعیەتەکە، بەڵام تایبەتمەندی و خاڵە کونکریتەکانی جەمعیەت، خەباتی فەرهەنگی و کولتوری ومێژوویی بوو. ئەو ئورگانە وەک نیهادە دیموکراتێکەکانی تری کوردستان و ئێران و بە دەس پێکردنی شەڕی داسەپاو و هێرشی حکومەتی ئێران بۆ سەر کوردستان عومر و ژیانی وردە وردە و بە ئەسپایی تەواو بوو. و مێژووی کوردستان هاو کات لە گەڵ رفاندنی هێژمونی سیاسی و دەسەڵات لە لایەن مەلاکانەوە بەرەو قۆناغێکی تر ملی نا و فەسڵێکی تر لە بەرەنگاری و مەقاوەمەت دژی داگیر کەران دەستی پێکرد. زۆربەی ئەندامان و بەرێوە بەرانی جەمعیەت لە پێناو خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان گیانیان لە دەس دا و شەهید بوون.

# 14.7 جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە نەوسود

لە شارەکانی پاوە، نۆدشە و نەوسود جەمعیەت دامەزرا بەڵام جەمعیەتی نەوسود باری سیاسی قورستری بوو. کادرەکان و لایەنگرانی کۆمەڵە و لە وانە کاک ڕەشید مەولودی لە نەوسود جەمعیەتێکی ڕێک و پێکیان دانا و بە شێوەیەکی بەر بڵاو کاری سیاسی و نیزامیان دەکرد .چەکداری یئنقلابی جەمعیەتی نەوسود دەگەیشتە 300 کەس کە هەموویان لە پێشڕەوانی خەڵکی دەڤەرەکە بوون . جەمعیەت گۆڤارێکی بە ناوی "ڕەنجبەر" لە نەوسود چاپ دەکرد کە دوو ژمارەی بڵاو بوەوە و بە دەستی خەڵک گەیشت . هێرشی ڕژیم کۆتایی بە عومری گوڤارەکە هێنا . ئەم گۆڤارە بە دیالکت و زاراوەی هەورامی دەنوسرا ، کە لە سەدەم و قۆناغی خۆیدا ڕچەشکین بوو.نووسەرانی گۆڤارەکە بە گشتی ئەم دووکەسە بوون یەکەم ڕەشید مەولودی و دووهەم کەیومەرسی نیکرەفتار .ناوی ئەو پێشڕەوانە کە لە جەمعیەتی نەوسود هەڵدەسوڕان و خەباتیان کرد ئەمانە بوون:

1- شەهید کەماڵ هەورامی 2- هەڵۆ هەورامی ( قادر ئاژەند )3-ڕەشید مەولودی 4- عەبدوڵای شەریفی (عەبە هەجیجی ) 5-شەهید مەنسوور حیدەری ، کە سێ برا و باوک و زاواکانیان هەمووشەهید کران 6- شەهید حەمە ڕەحیم ئێلاهی7-شەهید مەزەفەری عەزیززادە8- شەهید جەلیل حیدەری 9-حەمە کۆکۆ10- ئەلیاس ڕەزایی 11-شەهید مام فایەق... 12-شەهید عەتا ... 13-حەکیم شەوکەتیار14-شەهید فەیسەڵ لهونی 15-جەلال سەلیمی16-تەها خوسرەوی17-شەهید جەمشید مەنوچیهری (لە باشگای شاری سنە 1358)18-ڕووناک تۆفیقی19- شەوبۆ تۆفیقی

حیزبی دیموکرات لە نەوسود کەسیان نەبوو و تەنیا پیرە پیاوێک کار و باریانی هەڵدەسوڕاند و خەڵکی ناوچە بە تێکڕا لە کۆمەڵە دیفاعیان دەکرد .

جەمعیەتی پاوە:

لە جەمعیەتی پاوە ئەم پێشڕەوانە کاری سیاسی و نیزامیان دەکرد و لە گەڵ کۆمەڵەوە پەیوەندیان هەبوو.

1- یوسف پاوەیی2-عەبدوڵای شەریفی3- مەنسووری حیدەری

جەمعیەتی نۆدشە:

لە جەمعیەتی نۆدشە ئەم پێشڕوانە کاری سیاسی و نیزامیان دەکرد ولەگەڵ جەمعیەتەکانی نەوسود و پاوە پەیوەندی و خەباتی هاوبەشیان دەکرد .

1-شەهید حەمەڕەحیم ئێلاهی2- شەهید عەزیز ئێلاهی 3-شەهید نەسرەالدین قودسی (لەزیندان)

4ـ جەماڵ ستایش5- عەدنان ستایش6- هوشمەند ڕەوشەن توودە7- مامۆ عەبدولکەریم ...8- فەریدون...

## کانوونی موعەلیمانی شاری سنە

لە سەروبەندی راپەرینی ربێەندانی 1357 کانوونێکی دیموکراتیک لە لایەن موعەلیمانی شورشگێری سنەوە پێک هات کە پێوەندییەکی زۆری لە گەل جەمعییەتی دیفاع لە ئازادی و شۆرش و جەماوەری بەرینی خەلک و قوتابیانی شاری سنە هەبوو. ئەندامانی کانونی موعەلیمان بیروباوری جیاوازی سیاسییان هەبوو کە بەگشتی لایەنگری کۆمەڵە، سازمانی چریکەکان ، پەیکار و .. بوون.

هەڵسووڕاوانی کانوونەکە پێکهاتێک لە تێکۆشەرانی شاری سنە بوو. کە ناوی زۆرکەسم لە بیر چووە بەڵام ئەوەندەی لە بیرم مابێ ئەم کەسانە لە کانوون دا بە شێوەیەکی جیدی هەڵسوڕاو بوون:

موزەفەر حەمەدی ـ جەماڵ نەبەوی - ... حەواری نەسەب ـ رەشاد موستەفاسوڵتانی و ...

# 15. خەباتی خەڵکی مەریوان دژی بی عەدالەتی یەکانی دوو ڕژیمی شا و جمهوری ئێسلامی

پێشڕەوان و خەڵکی مەریوان لە قۆناغ و پرۆسەی جۆراوجۆرەکانی مێژوودا، دژ ی بێ عەدالەتی خەباتیان کردووە. خەباتی جووتیارانی بێلو دژی فیئودالەکان و مالەکەکان لە هەوەڵی زستانی ساڵی 1357ی هەتاوی (1978 زاینی) کە لە دادگای مەریوان مانیان گرت و ئێعتساب غەزایان کرد نموونەیەکی عەدالەت خوازی بێ بەشان بوو. ڕووناکبیرانی مەریوان بەشداری هەڵسوڕاوانەیان لەم ئێعترازەدا کرد. لەو سەرو بەندەدا ،من بۆ دیداری خانەوادە لە سنەوە گەڕابومەوە مەریوان. ڕووناکبیرانی ڕادیکاڵ و چەپ لەو خەباتەدا حوزووریان بوو و یارمەتی جووتیارانی بیلویان دا وناوەکانیان ئەمانە بوون :سیدحسین پیر خزری، عەبدووڵای دارابی (فوئاد ،ڕەشاد، حوسین، ئەمین و عەبدووڵای مستەفا سوڵتانی) ، (عەتا و ناسر ڕوستەمی ) ، (فاتیح و مووسا شێخ الاسلامی) ، هەمایون گوداز گەر، جەلال نەسیمی، مەجید حوسینی، ڕئووف و عەبدووڵا کۆنە پۆشی، عوسمان ڕەوشەن توودە، تاهیر خالیدی، (نەسان و ئەسەد و عەبدووڵا نەودینیان)، مەحمەدی ڕاستی، ئەحمەد ئەمیری، غولام قاسم نیژاد، حەمە موراد ئەمینی و زۆر لە ژنانی تێکۆشەری مەریوان کە بە ئاشکرا بەشداری ئێعتساب غەزاکەیان کرد. وئەم ناوانەم لە بیر ماوە : ستارەی غەزەڵی،ناهید مەحمەدی، مەلەکەی مستەفا سوڵتانی، سوێبەی باباحاجیان،شەهلا قشقایی، گوڵڕێز قوبادی، نەسرین و فەریدە زەکەریایی و. .. جووتیارانی بیلو سەرکەوتن و ڕژیم پاشە کشەی کرد وکاتێک بۆ ئاوایی بیلو گەڕانەوە، ڕووناکبیرانیش لە گەڵیان چوون و مەراسمیک بەڕێوە چوو.کاک فوئاد لە تەرح و گەڵاڵەی وتارێک کە ئامادە کرابوو، دەوری سەرەکی هەبوو وپێشنیاری ئەوە بوو کە بە ڕێز کاک حوسین پیر خزرانیان بیخوێنیتەوە. کاک حسین پیر خیران لە وتارەکەدا چونیەتی

ئێعتساب و مانگرتنەکەی، دا بەر باس و لێکۆڵینەوە و وتار و قسەکانی سیمای شۆڕشگێڕێکی ڕادیکاڵ و ماندوویی نە ناسی نیشان دا.کاتێک لە قسەکانی ورد بوومەوە و بە جوانی گویم دایە، تێگەیشتوویی ومەندی کاک حوسین پیر خزری بە روونی دەر دەکەوت. ڕاستیەکەی من تا ئەو کاتە نەمدەزانی کە کاک حسین پیر خزری ئاستێکی ئاوا بەرزی سیاسی هەیە و بە تایبەت جێگای متمانەی کاک فوئادیش بوو. هەموو لە وتارەکە ڕازی بوون، باس و تەحلیل و شیکردنەوەکان، لەو وتارەدا زۆر زانستی یانە و کونکریت و مەنتیقی بوو. سوخنرانی بیلو مەیدانێک بۆ سید حسین پیر خزری بوو کە کاراکتر، لیبراوی، دڵسۆزی، ئێمان و شەخسیەتی سیاسی خۆی نیشان دا. کۆنە پەرەستان و قەسابەکانی جمهوری ئێسلامی و شوڤاران و بەکرێ گیراوانی کورد، بێ ئەندازەرقیان لی بوو و ژیانی سیاسی-کۆمەڵایەتی ئەو ئێنسانە شەریف و ئازیزە وەک رۆژ هەڵهات و حەیف فرە زوو ئاوا بوو ئەگینا بێگومان دەبوە یەکێک لە ڕێبەرانی هەرە خۆشەویست و جێگای متمانەی خەڵکی کورد.

خەباتی دوور و دریژی جووتیارانی دار سیران لە ساڵی 1356 هەتاوی (1977ی زاینی) دژی ئاغاوات و دەرەبەگی مەریوان نموونەیەکی زەق و مێژوویی یە. بەدەس هێنانی نەسەقی کشت و کاڵ بۆ جووتیارانی دارسیران، زۆر گران تەواو بوو، بەڵام خەباتی یەکگرتوویان دەسکەوتێکی بەرز بوو. سیمای ناسراو و فەعال و تێکۆشەری ئەم جەرەیانە بەرێزان: سەعید وعەبدوڵای دارابی و سالەح سەرداری وعەبدڵا موستەفا سوڵتانی و ... چەند کەسی تر بوو کە جووتیارانی دارسیران بە خاو و خێزانەوە بەرەو سنووری دەستکردی ئێران و عێراق کۆچیان کرد و ڕادیو بی بی سی هەواڵەکەی بڵاو کردەوە. قوتابیانی مەریوان ساڵی 1350 ئێعترازیان بە لیدانی قوتابیان کردوە و هەروا دژی موعەلیمە کانی سەر بە ڕژیم و ساواکی خەباتیان کردووە. قوتابیان بەو هەموو ئازار دان و سوکایەتی یە کە پێیان دەکرا هەر جل و بەرگی کوردیان لە بەر دەکرد. دەوری موعەلیمانی ناسراو و شورشگێڕی مەریوانی دیار بوو و

ساواک  بە خاتر پەیوەندی و هەڵسوڕانی سیاسی و دیفاعی ئەوان لە قوتابیان هەڕەشە و بازخواستی دەس پێکرد .

## 15.1 شورای کورت تەمەنی  شاری مەریوان دەسکەوتێکی مێژوویی بوو

ڕاپەڕینی ئێران کەش و هەوایەکی دێمۆکراتێکی خولقاندبوو و لە کوردستان، بە تایبەت خەڵکی تینوی ئازادی و دێمۆکراسی، دەیانویست خۆیان ئێدارە و ئۆرگانی حاکمیەت دامەزرینن. لە مەریوان وەک ئۆرگانێکی  هەرە پیویست  و بە ڕێنوینی  و دەخالەتی ڕاستەو خۆی کاک فوئاد  ئەو شورا یە خێرا دامەزرا. دەوری مێژوویی کاک فوئاد  دیار بوو وباوەڕ و ئیمانی بە دەسەڵات و حکومەتی دیموکراتیک و خەڵکی بوو. ڕێز و ئێحترامی تایبەتی بۆ دەسەڵاتی شورای واقیعی ناو کۆمەڵگا، لیژنەی هەڵبژێردراوی کرێکاران، کۆمیتە و نوێنەرانی هەژارانی شار و دێ بوو. نوینەرانی شورا  خۆیان خوازیاری ئەو کارە قورس و دژوارە بوون. ئەندامانی شورای شاری مەریوان بریتی بوون لە بەڕێزان : کاک فوئاد،عبدولڕەزا کەریمی،مەحمود ئاشتیانی، سەعید دارابی،شێخ عوسمان خالیدی حاجی مەلا حەمە ئەمین دارسیران، حاجی ئەمین روستەمی، مەحمود شێخ الاسلامی، فایەق عەزیزی، حاجی حەمە قادر ئەمینی، حاجی حەسەن ئیزەدی،  و دوو سێ کەسی تر لە باوەڕپێکراوانی خەڵکی مەریوان کە بەشداری کۆبونەوەکانیان دەکرد .

لە هامان کاتدا ستادی حەفازەتی پێک هات  کە ئۆرگانی چەکداری شورا بوو. بەشدار بووەکانی ستادی حەفازەتی و شورای شار، هێزێکی ڕادیکاڵی و چەپێ مەریوان بوون و دژی سیستەمی مەلایەتی و کۆنەپەرەستان هەڵدەسوڕان و خەباتیان دەکرد.

مەلاکان و رژیمی ئیسلامی ئەم شورا و ستادەیان  بە ڕەسمی نەدە ناسی و کەوتنە پیلان و دژایەتی. بە یارمەتی کۆنەپەرەستان و ساواکی  ناوچە و پاشماەی جەوان مەردەکانی ژاندارمری و ئەحمەدی موفتی زادە وئاغاوات و مالکەکان، هێزێکیان سازمان دا بە جۆریک کە پادەگانی مەریوان یارمەتی دەدان و چەک و پارەی زۆری لە ئێختیار نابوون.  شورا و ستادی حەفازەتی لە لایەن خەڵکەوە پێشوازی لی کرا و یارمەتیان دەدا.ئەم ئورگانانە  چەقڵی چاوی کۆنەپەرەستانی  ڕەنگاو ڕەنگ بوو. ودوژمنان بۆ شکاندنی شورا و ستادی حەفازەتی  دەستیان  لە هێچ پیلانێک  نەدەپاراست  و خەرێکی ئاژاوە نانەوە بوون. لە دوورەوە تەقەیان لە ئەفرادی ستادی حەفازەتی کرد و کاک مەحموود سلێمانیان شەهید کرد.کاک مەحموود مامۆستا و یەکێک لە شۆڕشگیڕەکان ناسراوی شار بوو.ئەم ڕووداوە  خێرا بیر و ڕای گشتی شارێ گۆڕی و بێزاری و توورەیی خەڵکی  بە نسبەت کۆنەپەرەستانەوە زۆر تر کرد. زۆربەی ئەوانەی کە لە ستادی حەفازەتی ئاگاداری و بە چەکی خۆیانەوە لە ستاد دیفاعیان دەکرد، لە تەشکیلاتی کۆمەڵە دژی جمهوری ئیسلامی ئێدامە و درێژە یان بە خەبات  دا. بەر پرسی ستادی حەفازەتی بەڕێزان عەتا ڕۆستەمی و تاهیر خالیدی و ... بوون.

## *15.2 پولیس و شارەوانی مەریوان !*

ڕۆژی 23 ی ڕێبەندانی 1357 ی هەتاوی بۆهەڵپێچان و چەک کردنی ئورگانی پولیس و شارەوانی مەریوان کاک فوئاد ڕێبەری حەرەکەتێکی نەترسانە وجەماوەری کردو بەرەو شارەوانی ڕێکەوتن .زۆربەی شۆڕشگێڕانی مەریوان لەو کاتەدا چەکی نهێنییان پێ بووو ئاگاداری هەموو پیلان وجموجۆڵەکانی پولیس بوون و بە تایبەت  وەک حمایە چوار دەوری  کاک فوئادیان گرتبوو. .شۆرشگێڕان  زۆر بە بەرنامەو نەقشەوە  دەستیان دایە چەک کردنی پولیس و دەرفەتیان بە پولیس نەدا تا کارەساتی سامناکی گرتنی شارەوانی سەقز دووپات

بێتەوە . کاک فوئاد لە ڕیزی پێشەوە ئەو حەرەکەتە بەرین و گەورەیە ی ڕێبەری دەکردو شارەوانیان گەمارۆ دا. پولیس ورەی بەر دابوو وتەنانەت نەیاندەتوانی لە خۆیان دیفاع کەن. کاک فوئاد بە یارمەتی هاوڕێیانی لە سەر دیواری شارەوانی چوە سەرو پاشان لە سەر دیوارەکە خۆی خستە خوارەوە و خێرا شارەوانی تەسلیم بوو. کاک فوئاد بە بەرپرسی شارەوانی وت: هەموو چەک و تەقەمەنی ئەم ئورگانە سەرکوتگەرە هی خەڵکە و دەبێ چەکەکانتان تەحویل دەن. چەکەکان لە لایەن شۆڕشگێڕانی مەریوانەوە گیراو بەرەو مزگەوتی جامێعە گوزرایەوە و تەحویلی شورای شار درا . شۆڕشگێڕان و جەماوەری خەڵک ئەفراد و هێزی پولیسیان دیل و ئەسیر نەکرد و شارەوانان جێ هێشت و هیچ چەشنە سوکایەتی یەک بە بەر پرس و هێزی شارەوانی نەکرا. هەلپێچان و چەک کردنی شارەوانی لە ئاستێکی بەرزدا و لە سەر ورەی خەڵکی شۆڕشگێڕ تەئسیری بەرچاوی دانا و بەو شێوەیە یەکێک لە ئورگانە سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی پاشایەتی هەڵپێچرا.

### 15.3 *دیلکردنی نوێنەران و بەر پرسانی حکومەتی لە مەریوان*

پاش ڕاپەڕینی 22ی ڕێبەندانی 57 ی هەتاوی کاک فوئاد بە هاوڕێیانی وت: دەبی و زۆر پێویستە هەموو بەرپرسان و نوێنەرانی حکومەتی تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ دیل و زیندانی کەین ؛ تا لە مێژوودا بنوسرێ ، و لە بیرەوەری جەماوەردا وەک دەسەلاتی خەڵک بمێنێتەوە. بە پێی ڕێنوێنییەکانی کاک فوئاد شۆڕشگێڕانی مەریوان هەموو بەرپرسان و نوێنەرانی حکومەتیان لە شاری مەریوان گرت و زیندانی کرد .

### 15.4 *ڕووناکبیران ، پولیمیک و ئاڵو گۆڕی بیر و باوەڕ*

لە بەهاری58ی هەتاویدا کاک فوئاد لە گەڵ ڕووناکبیرانی مەریوان پلیمیک و ئاڵوگۆڕی بیرو بۆچونی جیاواز دەکات. لەو قسەو باس و دیالۆگەدا

دەلیت: لە هەلومەرجی ئێستای ئێران و لە بەرانبەر جمهوری ئیسلامی دا، بە پێی لێکدانەوەی دیاریکراو لە هەلومەرجی دیاریکراو، بە ئاشکرا دیارە رژیم هەموو ئازادییە سیاسی و دیموکراتیکەکان پێشێل دەکات و دیکتاتوری مەزهەبی و سانسۆری بیروباوەڕ دادەمەزرێنێ! کە وایە تەنیا یەک ڕێگامان هەیە. تەسلیم نەبوون و ڕێکنەکەوتن و تەئید نەکردنی جمهوری ئیسلامی و خەبات و بەرەنگاری و ڕێک خستنی جەماوەری خەڵک دژی کۆنەپارێزانی جمهوری ئیسلامی.

# 16. دامەزراندنی یەکیەتی جووتیاران و هەوەڵین واحیدی پارتیزانی کۆمەڵە (پێشمەرگە )

ئەو بڕیارە هەنگاوێکی زۆر گەورە ولیبڕاوانەو دیاری کراو و مێژوویی بوو. ناوی ئەو کەسانە که لەم بوارەدا، ڕچەیان بۆ هەزاران مرۆڤ ولاوی شەیدای خەبات و ئازادی شکاند و گیان لە سەر دەست و بێ ڕاڕایی و دوو دڵی وەک پێشڕەوی هەژاران بڕیاریان دا و لە سەنگەری پێشمەرگایەتی دا ئاڵای ئازادیان هەلگرت.

***ناوی هەوەڵین پێشمەرگەکانی پێشڕەوی کۆمەڵە***

1. فوئادی مستەفا سوڵتانی
2. ئەحا گوڵی (لاله حەمەی دارسیران)
3. ئەمین مستەفا سوڵتانی
4. عوسمانی ڕەوشەن توودە
5. عەبدوڵای شەعبانی
6. تاهیری خالیدی
7. ماجید ی مستەفا سوڵتانی
8. عەبدوڵای کۆنەپۆشی(ڕەشە دێ)
9. حەمە مورادە سوور (دارسیران)
10. حەمەی نووری
11. ڕەشیدی ئەحمەدی (ڕەشە دێ)
12. عیزت دارابی

13. عەلی لەنجاوایی
14. عەبدوڵای مەحەمەدی (شوانەی سێف)
15. مامە نەسە (نەسە کۆڵانی)
16. ڕزگار دارسێران



**مەریوان هاوینی ساڵی 1358 جەولەی سیاسی پێشمەرگەکانی یەکیەتی جووتیاران**
**کاک ئەمین مستەفا سولتانی لە پێشەوە دەبینرێ**

# 16.1 نامەیەکی کاک فوئاد بۆ کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

**هاوڕیانی تێکۆشەر و کۆڵنەدەرم!**

سڵاویکی شۆڕشگێڕانەتان پێشکەش. ئێمە شەوی یەکەم ڕێ کەوتین تەنیا سێ جووتیار لە گەڵمان بوون. ئەو شەوە تا ئێوارەی دوا ڕۆژی ڕێ ڕۆیشتین. بۆهەمووومان بە تایبەت بۆرووناکبیرەکان زۆر سەخت بوو.ڕێگاکە ،زۆرتری


سەرەو ژووری و سەخت بوو.نە خەوتین و تێنویە تی و مانویەتی زۆری بۆ هێنابوین. کەم بونی جووتیارەکانیش ببوو به هۆی دڵساردی هێندێک. بەڵام یەکەم تاقی کردنەوەی بۆئێمە ئەوە بوو کە لە ناو شارا قسەی پێشمەرگانەخۆشە، بەڵام ژیان و یاسای پێشمەرگایەتی جگە لە شەڕ هاسان نیە. شەویش زۆر سارد بوو. شنە بای کوێستانی کوردەواری لە جەرگەی شەوە زەنگی چرا دوو دڵی و نەتوانینی فەلاقە دەکرد.

لە نێوە شەوا دوو شێرە کوڕی جووتیار تاریکی شەوەزەنگیان بە بەرقی تیژی چاوی گەشیان دادڕی و هاتنە ڕێزمانەوە، گەشەمان پێ کرد. شەش شەو بەو چەشنە بە دزیەوەڕێگامان بۆ بڕی و بە ڕۆژا ڕێ ڕۆیشتن بە کۆڵ و چەک و فیشەک و سەرەو ژوور و سەرەو خوار، وردە وردە ڕاهاتین. لەم ماوەیەدا تەنیا هاورێ یانی ناو شار و برایانی جووتیاری ئەو دێ یە کە کردبومان بە بنکە ئەهاتن بۆ لامان. بە ڕاستی جووتیارەکان هۆی دڵگەرمی ئێمە بوون. و هانیان ئەداین. ئەیان گوت : ئامان سەد ئامان، سارد نەبنەوە غێر ە تان بێ، مەترسن، شەو قەلا ی مەردانە ! ئەوان بە جوانی ئێمەیان ئەپاراست. هەر نە ناسیاوێ ڕووی بکردایەتە ئەو کوێستانە ئەکەوتنە شوێنی. تەنانەت برادەرێکی خۆمانیان گرتبوو، لەم ناوچەیە دەریان کردبوو.

سێ جووتیاری تر هاتن بۆ لامان و بوین بە حەڤدە (17 )کەس. هاورێ یانی ناو شاریش کۆبۆنەوەیەکی گەورەی یەکێتی جووتیارانیان پێک هێنا. زۆربەی خەلکەکە لە قسەدا ،لایەنگری هاتنە دەرەوە بوون. ئێمە لە شەوی 58/3/8 کەوتینە جەولە. تا ئێستا دوو دێ چوین، زۆر بە گەرمی ڕێزیان گرتوین. دوو جووتیاری تریش هاتونەتە ڕێزمانەوە. لە چەند جێی تریش بەڵێنیان داوە پێمان، پەیوەست بن. هیوامان ئەوەیە زۆرتر بین. ئەو جووتیارانەی لە گەڵمانن، زۆر وریا و باشن. بە ڕاستی ئەوان زۆرتر ئێمە هان دەدەن. ڕیش سپێیەک لە گەڵمانە زۆر وریا و زانایە.

کەم و کووڕی سیاسی وسەربازیمان زۆرە. بەڵام پلە بە پلە باشتر ئەبین. کۆبونەوەکانمان باشە. ڕەخنە لە چەوتی و نالەباریەکانمان ئەگرین. پێشمەرگەمان لە ڕۆژا لە موچە و مەزرادا، لە گەڵ جووتیارەکان کار دەکەن. و شەویش لە ماڵان و لە مزگەوت لە گەڵ خەڵکی کۆ ئەبینەوە و وتووێژ ئەکەین. ئێمە بڕوامان ئەوەیە کارێکی باشمان دەس پێکردوە. لە ناو خۆماندا کادیری رووناکبیر و جووتیار پەروەردە ئەبێت و لە ناو خەڵکا کاری سیاسی و ڕێکخستن ئەکەین. بەرنامەی سەربازی ئێمە جاریێ، بە بۆنەی بیر و ڕای جووتیارکانەوە دیفاعیە. بەرنامەی ئێمە درێژەدان بە جەولە و بڕیار وایە تا دوژمن پەلاماری جووتیار نەدات ئێمە هێرش نەکەین. دەنگ و باسی خۆتان و هەموو جێ یە زۆر زۆر پێویستە.

**هاوریێ تان فوئاد 58/3/9**



مەریوان هاوینی 1358 کاک فوئاد بە کلاشینکۆفەوە لە مەقەڕی یەکیەتی جووتیاران

## 16.2 خەباتی ڕێکخراویی شارودێهات

بەشی نهێنی کۆمەڵەی ناوچەی مەریوان لە دێهات و بە تایبەت لە شاردا مانەوە. بەشی ئاشکرای ڕێکخراوی کۆمەڵە، وەک پێشمەرگە دەستی بە خەباتی سیاسی –نیزامی کرد. و هەوەڵین واحیدی پێشمەرگە ی کۆمەڵە کەوتنە جەولە. بە ڕێنوینی کاک فوئاد بەشی نهێنی کۆمەڵە لە شار و دێهاتی مەریوان مانەوە و بە خەباتی خۆیان لە قۆناغێکی تر و لە ئاستێکی تر دریژەیان دا. هاوڕێ یانی بەشی نهێنی شان بە شانی بەشی ئاشکراو عەلەنی خەباتیان دەکرد و لەو بوارەدا پەیوەندیەکی نەپساوە و هاورەوت و سیستماتێکیان لە گەڵ بەشی ئاشکرا(پێشمەرگەکان) هەبوو. لە بەشی نهێنی ئەو کاتە زۆر کەس دڵسۆزانە هەڵدەسوڕان. بەڕێزان: عەبدوڵای دارابی،تەلعەتی خالیدی، ناهیدی موحەممدی، حسین پیر خزری، مەنسور قشقایی، حسین، مەلەکە، عەبدوڵاە و ئەحمەد مستەفا سوڵتانی و. .. بۆ دانەبڕانی بەشە جۆراوجۆرەکان لە یەکتر و گرێ دانی قایمی تەشکیلاتی کۆمەڵە بی وچان تێدەکۆشان و خەباتیان دەکرد. ورەی بەرز، ئیمانی پتەو، شەرافەتی شۆڕشگێرانە، هەڵویستی رادیکاڵ و جەسارەت تەنیا چەکی دەستی تێکۆشەرانی بەشی نهێنی بوو.

## 16.3 دووهەڵویست و دوو بۆچوونی سیاسی لە مەریوان

لە دەورانی راپەڕین و پاش دەر کردنی شا و بەر لە بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن مەلاکانی قوم و تارانەوە، لە مەریوان ئازادی خوازان و رووناکبیران دو بۆچوون و دوو هەڵویستی جیاوازیان نوێنەرایەتی دەکرد. و ئەم وەزع و دیاردەیە لە سەر پڕاکتێک و هەڵویستی رووناکبیران تەئسیری

راستەوخۆی دانابوو. لایەنگەرانی حیزبی توودە بە شاخ و باڵی مەلاکان دا، شیعر و گۆرانیان دەگوت وپێ یان وابوو مەلاکان زۆر رادیکاڵ و ئازادی خواز و شۆڕشگیڕن و تەنانەت دژ بە سەرمایە و ئیمپریالیزمن. ئەوەندەی نە مابوو بە ئاشکرا عابای مەلایی لە بەر کەن. مەزهەبی یە کان و مەکتەبی قورئان گرووپێکی زۆر چکۆلە بوون کە لە ناو خەلکدا دەسەلات و ئوتۆریتیان نە بوو و خێرا بوون بە ئامێری دەستی جمهوری ئیسلامی و خزمەتیان بە مەلاکانی تاران و قوم دەکرد و زوو تر لەوەی چاوەڕوان دەکرا هەرسیان هێنا و رووخان. چەپەکانی تر وەکوو، پەیکار، چریکەکان ،رەزمەندەگان و . .. دلێکی خۆشیان لە تاقمی مەلا نە بوو ولە گەڵ شەپۆلەکانی راپەڕینی 22 ی ڕێبەندانی 57 13 هەتاوی بێ بەرنامەو پلاتفورمی هاوبەش هاوسەفەر بوون. دەیان بینی هەر رۆژە ئازادی و دیموکراسی پێ شێل دەکرێ و عەبا بە کۆڵ شمشیری جەنایەت و کوشتاریان لە کێلان دەرهێناوە و لە ناوچەکانی تری ئێران ئازادیخواز لە سێدارە دەدن و ئێعدام دەکر ێن. کوردستان وەزعێکی تایبەتی بوو وپوتانسیل و زەرفیەتی شۆڕشگیڕانەی لە ئاستێکی بەرزدا بوو و جمهوری ئیسلامی هێشتا نەیتوانیبوو هێرش بۆ سەر خەلکی کورد بێنێ و ئازادی و دیموکراسی کە بە خوێن و خەبات بە دەس هاتبوو لە چنگی خەلک دەر بێنی، و دەسەلاتی رەشی ئیسلامی داسەپێنی. لەم هەل و مەرجەدا دوو تاقمی رووناک بیر لە مەریوان بە دوو هەلویست و بۆچوونی جیاوازەوە لە بەرانبەر راپەڕینی هەژارانی کورد دوو خەتی فیکریان نوێنەرایەتی دەکرد.

تاقمێک کە لە لایەن کاک فوئادەوە رێبەری دەکرا کە هێچ تەوەهوم و رارایی وخۆش باوڕێکیان بە نسبەت جمهوری ئیسلامی یەوە نە بوو و خۆیان بۆ خەباتێکی دوور و درێژ ئامادە کردبوو. بە تایبەت کاک فوئاد لە کۆبونەوەیەکدا کە هێشتا شا مابوو و سەبارەت بە ڕاپەڕینی چەکدارانە و جەرەیانی سیاکەل( چریکەکان سالی 1349 هەتاوی لە باکوری ئێران و لە ناوچەی مازندەران ودەڤەری سیاکەل خەباتی ئاشکرای سیاسی و نیزامیان دژی ڕژیمی شا دەست پێکرد ) سوخنڕانی دەکرد وتی : ڕژیمی شا بێگومان دەڕوات و

دەرۆخێ و جمهوری ئێسلامی مەلاكان بە نسبەت كێشە و مافی كوردەوە فرە خراپتر،، سەركوتگەرتر و دیكتاتور تر دەبن، كاك فوئاد نەقشی دیاری كەرێ لە بزووتنەوەی ئێران و كوردستان هەبوو. قودرەتی قەناعەت پێ هێنان و تەوزیحی روو بە خەڵك، زۆر لە ئاستێكی بەرزدا بوو. و جەرەیانێكی بەر فراوان و پتەو و رادیكاڵ لە هەڵویستەكانی پشتێوانیان دەكرد و هێزێكی گەورەیان پێك هێنابوو. كاك فوئاد وەك رێبەرێكی نەترس و جەسوور لە هەمان كاتدا ئاژێتاتۆرێكی لیهاتوویش بوو و بۆ رێبەری و رێك خستنی هەژاران وەك ئامێرێك لەو فەن و هونەرە كەڵكی وەر دەگرت. ئەو فەن و هونەرەی بە باشی دەزانی. گوێگران و بەشداربوەكان لە سوخنڕانی و كۆبونەوەكانیدا بە مەیل و رەغبەتی خۆیان و راستەوخۆ لە بیر و بۆچوون و رێبەری كاك فوئاد دیفاعیان دەكرد.

لە پاڵ ئەم حەرەكەتە جەماوەری یە، تاقمێكی تر بە رێبەری كاك فاتیح لە ئارادا بوو كە هەڵویست و بۆچوونیان لە گەڵ كاك فوئاد تا ڕادەیەك دوو خەتی شان بە شان و مەوازی بوو. خاڵە هابەشەكانیان زۆر كەم بوو. ئەوان موخالیفی پێك هاتنی هێزی پارتیزانی كۆمەڵە بوون . كاك فوئاد رێزێكی زۆری لە كاك فاتیح دەناو جەرەیانێك كە ئەو لە مەریوان رێبەری دەكرد جۆگەلە ئاوێك بوو كە رەوتی مێژوو ناچاری كرد لە گەڵ ئەو رووبارە كە كاك فوئاد رێبەری دەكرد خۆیان رێك خەن و تەنانەت هاو جیهەت كەن. و بۆ سرینەوەی كردەوە و هەڵویستە خراپەكانی خۆیان كە بە هێچ شێوەیەك لە خزمەت قازانج و بەرژەوەندی بێ بەشانی كورددا نە بوو، داوای لیبووردن و مەعزەرەتیان كرد. گوروهێك كەكاك فوئادیان دەدایە بەر تانە ،تەشەر و رەخنە كە هەڵویست و سیاسەتەكانی "ئوتۆپی و خەیاڵاوی یە "دەیانگوت كۆنەپەرەست و هێزی فیئودال و پارێزەرانی نەزانی و خورافات هێچ نین و وەك داهۆڵ وان و نابێ خۆمان بەو شتانەوە خەرێك كەین. دەیانگوت خەباتی سیاسی و خەتی فیكری كاك فوئاد ماجەراجویی یە !و لە دەورانێكی پرهەست وچارەنووس سازو گرینگدا لە سەر هەندی تاكتیكی خەبات هاو بیر و بووچونی كاك فوئاد نە بوون . كاك

فوئادیان تاوانبار دەکرد بیری تەسک و ئوتۆپی و خەیاڵ بڵاو دەکاتەوە. ئەو تاقمە هەڵویستێکی ڕاستیان بوو و دژی تاکتێک وهەڵویستی سیاسی و لیکدانەوەکان و بیر و بۆچوونی کاک فوئاد بوون .لە کۆبوونەوەی ئاوایی ولەژێر کاک فوئاد بە گشتی لە سەر وەزع و بارودۆخی ئێران و کوردستان بۆ جەماعەتی خەڵک و پێشمەرگە ؛ قسە و باسێکی شەفاف و کونکرێتی کرد. پاشان بەرێز کاک عەتا ڕۆستەمی بە نوێنەرایەتی گوروهی موخالیفی کاک فوئاد قسەی کرد و دوای ئەو بە ڕێز کاک حسێن پیر خزری بە لایەنگری لە خەتی فیکری و لێبڕاوی کاک فوئاد قسەی کردو ئەو وتارو قسەو باسانە کێشە ی ئەو سەردەمەی چارەسەر کرد. ئەگەرچی موخالیفی تاکتیکەگونجاوەکانی کاک فوئاد و ڕێک خستنی یەکەمین واحیدی هێزی پارتیزانی کۆمەڵە بوون بەڵام ئوتۆریتە و کاراکتیری کاک فوئادیشیان قەبووڵ بوو. ئەو گورووپەرووناکبیرانی سیاسی خۆشناو، خاوەن ئوتۆریتە ی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی ناو جەماوەری خەڵک بوون وکاراکتری شەخسی هەموویان رابوردوویەکی پرشنگدار و بێگەردی هەبوو. ئەم دیاردە مێژوویی یە حاشا ناکرێ و منیش تەئیدی دەکەم و ڕێزی تایبەتم بۆ هەموویان هەیە. بەڵام کاتێک ئەوان هەڵویست ورێبازێکی پاسیڤ و لی نە براوانەیان بەرانبەر بە کۆنەپەرەستان و فیئودالەکان و مەکتەب قورئان دەگرت لە گەڵ خەت و بوچونی لیبراوانەی کاک فوئاد و هاورێ یانی کۆمەڵە لە مەریوان دەکەوتنە کێشەوە. هەر خۆیان بە چاوی خۆیان دیتیان چۆن ئەوانە دژی مافی کورد بوون و چ قەسابخانەیەکیان دامەزراندبوو و حەمامی خوێنیان دروست کرد. کاتێک جمهوری مەلاکان، شمشیری ئیسلامیان لە کێلان دەرهێنا و کەوتنە راوکردنی شۆرشگێران و هێزی رادیکاڵ و هەموو رێکخراوەکانی تری ئێران و شەریان بە سەر کوردستاندا داسەپاند ڕاستی یە کانی هەڵویستی کۆمەڵەیان بۆ دەر کەوت و سەلما.لەو پرۆسەیەدا سەمیمانە لە خۆیان ڕەخنەی توندیان گرت وهاتنە ناو ڕێزو سەفی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە.خۆشەویست و شۆڕشگێرانیک وەک بە ڕێزان عەبدوڵای نەودینیان، عەتای ڕۆستەمی، مووسا شێخ الاسلامی لە ناو ڕێزی پڕ لە شانازی هێزی

پێشمەرگەی کۆمەڵەدا گیانیان بەخت کرد. هەرلەو کاتەدا لە شاری مەریوان مەکتەبی قورئان جەماعەتێک لۆمپەنی شار و دێهات و جەوانمەردی ژاندارمری، لات و لووت و مێشک بەردین و دووگمی مەزهەبی وەک دژی کومونیست بە ناوی گورووهی تیرۆر ئێستخدام کردبوو و ئەگەر وریایی خەڵکی شۆڕشگێڕ نە بوایە بێ درۆ و دەلەسە دەیان کادیر و شۆڕشگێڕی کورد و لە تاقمی ئەوانیش لە مەریوان و سنە تیرور دەکران و ئاژاوەیەکی قوولتریان دەناوە. کابرایەک بۆ دیداری برێندارەکانی کارەساتی 23 ی تیر دەچیتە نەخۆشخانەی مەریوان و بە هەڵکەوت بریندارێک کە بە ئەمینە شێت دەناسرا دیدار دەکات. کاتێک ئەمینە شێت کەل و پەلەکەی تەحویلی کابرا دەدا دەبینی کارتی گوروهی مەکتەبی قورئانی پێ یە و ئێستخدام کراوە و بۆ ئەوان بە نهێنی لە ئورگانی گورووهی تیرور ئێش دەکات. کارتە عەکس دارەکەی ئەمینە شێت کەوتە دەست کۆمەڵە و چاپ کرا و پەردەی لە سەر مەکتەب قورئان و ئاغای ئەحمەدی موفتی زادە هەڵماڵی و بە ڕاستی ئەو کاتە بوو کە حەقانیەتی سیاسەتە دروستەکانی کاک فوئاد دەر کەوت. ئەوان لە خۆیان ڕەخنەی توند و تیژ و بێ ڕەحمانەیان گرت و دیمان چۆن کاک فوئاد تەبلیغات و پرۆپاگاندەی ئەوانی لە بەر چاو نەگرت و لە گەڕانەوەیان پێشوازی گەرم و گوڕی کرد و کەرامەتی بەرز و سیمای ڕێبەرێکی دڵسۆز ورادیکاڵ و خاوەن ئوتوریتەی نیشان دا. کاتێک موخالیفینی کاک فوئاد بە ئاشکرا داوای لیبوردنیان لە جەماوەری خەڵک کرد، دوژمنانی کۆمەڵە زۆر ترسان و هێزی کۆمەڵەش بە هێز تر و گەورەتر بوو. ئەوان پاش ئەو یەکگرتنە و لابردنی ناکۆکی یەکان بە ئێمان و ورەی بەرزەوە لە ڕێزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا خەباتیان کرد و چالاکی و و خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی ئەوان ئارشیڤی کۆمەڵەی دەوڵەمەندتر کرد.

## 16.4 هەڵویستی کاک فوئاد لە بەرانبەر موخالفینی سیاسی

نوقتە عەزیمەت وبنەمای فیکری کاک فوئاد ڕێک خستن و سازمان دانی هێزی ڕادیکاڵ و پێشڕەو و فیداکار بوو کە خاڵە هاوبەشەکانیان کۆ کاتەوە و ڕێکی خات. کاک فوئاد بە ڕاستی هەوێنی یەکگرتوویی بوو.هەموو تێکۆشان و ئامانجی ئەوە بوو کە ناکۆکی یەکان و ئێختلافە سیاسی یەکان چارە سەر کات و هەمیشە پێشنیار و ئاڵترناتیڤی گونجاوی مەترح دەکرد تا هێز و توانای پێشڕەوان و هێزی ڕادیکاڵ لە خزمەت خەبات و موبارەزەی هەژاراندا بی.

پاش رووخانی پاشایەتی لە ئێران، شارەکانی کوردستان قۆناغێکی تری دەس پێکرد. خەبات بۆ دیموکراسی و ئازادی، مافی چارەنووس و حەقوقی میللی توند و تیژ بوەوە. خەڵکی کورد متمانە و باوەڕیان بە جمهوری ئێسلامی نە بوو. لە وتار و قسەکانی ئاغای خومینی بە ڕاشکاوی دەر دەکەوت کە گوایە خەڵکی کورد ئاژاوە گێڕو و دژی ئێنقلابن و ناهێڵن جمهوری ئیسلامی دامەرزێ. بە تایبەت ئامریکا، پالیزبان، بەعسی عێراق، ئێسرایل و کۆمونیستەکان، کوردستانیان کردوەتە مەیدانی رم بازی خۆیان و دەیانەوی کوردستان لە دایکی نیشتمان و ئێرانی ئازیز جیا کەنەوە و ئەمە بۆ جمهوری ئێسلامی مەرگ و سەر شۆڕی یە.

جمهوری ئێسلامی دەویست دەسەڵاتی ڕەشێ دامەزرینیت و لە هەموو ئامێریک بۆ ئەو مەبەستەکەڵکی وەر گرت. لەو پرۆسەو لەو کاتە مێژوویی یەدا لە سەر شێوە و شکڵی موبارزە و ڕێگا حەللی کۆسپەکان و دیفاع لە مافی هەژاران وبەرەنگاری لە بەرانبەر هێرشی ڕژیم بۆ کوردستان دوو هەڵویست و دوو بۆچوون لە ناو ڕووناک بیرانی مەریوان فورم و شکڵی گرت و پەیدا بوو. ئەم باسە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێ کراوە بەڵام ئەوەی گرینگە و پێویستە بوترێ ئەوەیە کە ڕەوتی زمان و کارەساتەکان هەڵویستە ڕادیکاڵ و دروستەکانی کاک فوئادی سەلماند و بە ئاشکرا نیشانی دا.

کاک فوئاد بە ئەو پەڕی دڵ فراوانی و لیبووردوویی یەوە تەبلیغات و پرۆپاگاندەی ئەوانی لە بەر چاو نە گرت و داوای لییان کرد لە حوزووری خەڵکدا پەشیمان ببنەوە و بە راشکاوی لە خۆیان ڕەخنە بگرن. کاتێک موخالفینی ڕێبازی کۆمەڵە ئەو کارەیان کرد دوژمنانی کۆمەڵە لە مەریوان زۆر ترسان و هێزی کۆمەڵەیش زۆر تر و بە هێز تر بوو. و ئەو یەکگرتنە شایانی ڕێز و قەدەردانی یە. چەند کەسێک لەهاورێ یانی موخالیفی کاک فوئاد لە مەریوان کۆنە سیاسی و ساڵیانێک بوو کە دژی رژیمی شا خەباتیان کردبوو. خاوەنی ئوتوریتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون و رابووردوویەکی پرشنگدار و کاراکتری شەخسیان هەبوو.پاش ئەو یەکگرتنە و لابردبی ناکۆکییەکان، بە ئیمان و ورەی بەرزی بێ وێنە لە ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا، خەباتیان کرد. چالاکی و خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی ئەوان، ئارشیڤی کۆمەڵەی دەوڵەمەند کرد. ئەو بەرێزانەی موخالیفی کاک فوئاد بوون پاش کۆبونەوەی ئاوایی ولەژێر هاتنە ناو ریزەکانی کۆمەڵە و لە تەشکیلاتی کۆمەڵەدا خەباتیان دەس پێکرد.

بە مەبەستی چارەسەرکردنی گیر و گرفتی شار و مەسەلەی ئەمنیەت و ئاسایش و دابەش کردنی خواردەمەنی و نەوت لە مزگەوتی حاجی نەجیب کۆبونەوەیەکی گشتی بە دەعوەتی شۆڕشگیڕانی شار و هەڵسوڕاوانی کۆمەڵە ڕێک خرا. لە مزگەوت هەر حیزب و ڕێکخراوەیەک، پەیام و قسەی خۆیان کرد. نوێنەر و مەسئولی چریکەکان عبدولڕەزا کەریمی لە دژایەتی لە گەڵ مەکتەبی قورئان، وتی :هەرکەسێک موخالیفی ئێمە بێت و دژی ئێمە تەبلیغات بکات قورقوشم دەکەینە دەمی و بەگوللەو چەک وڵامی دەدینەوە و ناوسکیان پڕ دەکەین لە سرب . نوێنەری چریکەکان بەو قسە و هەڵویستەی ئاژاوەی دەناوە و کۆسپێکی گەورەی دەخولقاند و راستەوخۆ یەکگرتوویی خەڵکی دەخستە دواوە. هەڵسوڕاوانی مەکتەبی قورئان و نوێنەرانی ئاغای موفتی زادەش دەیان گوت ئێمەش چەکمان هەیە و حازرین بۆ هەر جۆرە بەربەرەکانی و شەڕێک. نۆبەی کاک فوئاد گەیشت و بە ئارامی دەستی بە قسە کرد. تەنیا بە چەند دێڕ و جوملە ووتاری کورت توانی ئاژاوەی ئاغای عبدولڕەزای کەریمی نوێنەری چریکەکان

و هەرەشە و گورەشەی مەکتەبی قورئان و نوێنەرانی ئاغای موفتی زادە پووچەڵکاتەوە و لە هەمان کاتدا قەناعەتی بە خەڵک هێناکە دەبێ یەکگرتوو بن و هەر ئەمرۆ شورای شاری مەریوان هەڵبژێرن وپاشان ئەو کارەیان کرد. کاک فوئاد لە کۆبونەوەیەکی ئاسایی خەڵکی مەریوان کەڵکی پێویستی وەر گرت و شورای شاری وەک ئامرازێک وەکار خست. هەولین شورا بوو کە لە شارەکانی کوردستان دروست دەکرا. ئەو شورایە نەقشی دیاری کراوی لە دەورانێکی کورتدا گیرا و بە بڕوای ئازادی خوازان و هێزی رادیکاڵی ناو کۆمەڵگا، دەسکەوتێکی مێژوویی بوو.کاک فوئاددەیگوت دەبێ ئاگادار و هوشیار بین و دەروازەی کۆمەڵە کراوە بێت، ئێجازە بدەن با هەر کەسێک بە ئەندازە و زەرفیەتی خۆی لە مافەکانی خۆی دیفاع ولە شۆڕشدا بەشداری بکات. پێویست ناکاکۆمەڵە وشک و بێرۆح و دوگم بێت. بە هوی ئەو رێز دانانە زۆر کەس کە موخالیفی کۆمەڵە و خودی کاک فوئاد بوون لە کۆمەڵە دیفاعیان کرد. ولانی کەم لە خراپ ترین حاڵەت بی ئازار مانەوە و نەچونە سەف و بەرەی دوژمنانی مافی هەژارانی کوردەوە. دوو کەس هاتبونە مەقەڕی یەکیەتی جووتیاران و داوایان کرد وەریان گرن، زۆر موخالیفەت کرا کە ئەو دووکەسە گومانلیکراو و کردەویان چاک نە بووە. کاک فوئاد کێشەکەی ئاوا حەل کرد و وتی وەریان گرن با خۆیان نیشان دەن و تا ئەو کاتە کە دەتوانن و لە گەڵمانن با هەڵسوڕن و ئێش کەن.

کاتێک حیزبی دیموکراتی تەحلیل و شیَ دەکردەوە، ئەندامان و تەشکیلاتەکەی لە رێبەری جیا دەکردەوە. بۆ تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی لە ناوچەی سنە ومەریوان، رێز و ئێحترامی تایبەتی دادەنا. دەیگوت تەشکیلاتی خوارەوەی حیزبی دیموکرات و زۆر پێشمەرگەیان، پاکن و دڵسۆزانە خەبات دەکەن و حیزبی دیموکرات بە مەیل و عەلاقە و داخوازی خۆیان، پوستڕ و عەکسی کاک فوئادیان پاش مەرگی لە مەقەڕی ناوچەی مەریوان هەڵواسیبوو. بە وتەیەکی تر کاک فوئاد بۆ موخالیفانی خۆی رێزی دادەنا و ئەوانیش وەک نموونەی حیزبی دیموکرات، چریک وپەیکار رێزیان بۆ کاک فوئاد دادەنا.

لە کونگەرەی هەوەڵی کۆمەڵە ئەو هاورێ یانە دەنگیان نە هێنا، ڕێز و ئێحترامیانی لە بەر چاو بوو. بە دڵێکی ئاوەڵەوە پێشنیاری دا، تا لە شوێنی خۆیان و لە ناوەندی بمێنەوە، ئەگەرچی خۆیان ئامادە بوون لە شوێنێکی تر کاری تەشکیلاتی کەن. کاک فوئاد خاوەن ئوتوریتە و نەزەر بوو و قەد لەو دەسەڵات و ئوتوریتە سیاسی یە دژی هاورێ کانی کەڵکی وەر نە گرت.

زۆر کەس ئاگادارن کە کاک فوئاد لە مەریوان لە ئاستێکی بەر فراوان و لە هەموو مەیدانێکدا ،ئەو هاوڕێ یانە کە بە ئاشکرا موخالیفی هەڵویستەکانی بوون، کاتێک گرفتاری و موشکلەیان بۆ پێش دەهات و خەریک بوون ورە بەر دەن لە جیهەت سیاسی و تەنانەت لە باری کۆمەڵایەتی یەوە یارمەتی دەکرد.

# 17. قسه كانی كاك فوئاد له مه‌هاباد هاوینی سالی 1358

## 17.1 روون كردنه‌وه‌یه‌ك

هاوینی سالّی 1358 ی هه‌تاوی (1979 زایینی) كاك فوئاد سه‌فه‌رێك بۆ مه‌هاباد ده‌كات و له كۆبونه‌وه‌یه‌كی جه‌معیه‌تی مه‌هاباد بۆ به‌شدار بوه‌كان سوخنرانی ده‌كات و پاشان به پرسیاری جۆراوجۆر ولّام ده‌داته‌وه كه ئاكامی ئه‌و كۆبونه‌وه و قسه‌كانی كاك فوئاد له دوو كاسێت دا (نه‌وار) تۆمار كراوه. ئه‌و دیداره مێژوویی یه‌ی كاك فوئاد نزیكه‌ی بیست و حه‌وت سالّ له مه‌و به‌ر كراوه، و تكنێك له ئاستی ئه‌مرۆدا گه‌شه ی نه‌كردبوو. به راستی گوزه‌ر و تێپه‌ڕ بوونی كات و زه‌مانیش نه‌واره‌كانی كۆن كردووه و شێوه ی تۆمار كردنی نه‌وار و كاسیته‌كان به ئێمكانات و تكنیكی ئه‌و قۆناغ و سه‌رده‌مه كراوه. به داخه‌وه له هه‌ندی شوێن ده‌نگه‌كان چ له لایه‌ن به‌شداربوه كانه‌وه و چ له لایه‌ن كاك فوئاده‌وه به باشی نه‌ده‌بیستران. بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌مانه‌ت داریم كردبێ و وته و قسه‌كانی كاك فوئاد و پرسیاری به‌شداربوه‌كان به هێچ شێوه‌یه‌ك نه گۆڕابێ له‌و جێگانه كه ده‌نگه‌كان نابیسترین، هێچ نه نوسراوه و له باتی خالّ و نوقته‌م داناوه. له‌م بابه‌ته‌وه داوای لیبووردن ده‌كه‌م. دابه‌زاندنی نه‌واره‌كان له شێوه‌ی دیالۆگ و قسه كردن ( ده‌نگ ) بۆ فورمی نووسین و داڕشتن له سه‌ر كاغه‌ز ئاسان نه بوو. زه‌حمه‌ت و ماندوو بوونێكی زۆری ده‌ویست و به دلّنیایی و ئێحساس مه‌سئولیته‌وه ڕێك و پێك و ئاماده‌م كردوه. بۆ ئاگاداری خوێنه‌ران ته‌ئكیده‌كان له لایه‌ن منه‌وه كراوه.

کاک فوئاد لەم سوخنرانی و دیالۆگەدا، لە هەندی شوێن بە دیالکت و زاراوەی مەریوان قسە ی کردووە، لە خوارەوە لە باتی ئەو وشانە و لە پرانتیزدا هاوماناکانم (سینۆنیم) نووسیوە..

| | |
|---|---|
| نەوع (شێوە،چەشن) | بەشکم (هیوادارم) |
| فەلا (جووتیار) | قسمەت (بەش) |
| ئەلعانیش (ئێستاش) | مونجەڕ (باعیس) |
| عانیک (کاتێک) | مەوازع (هەڵویست) |
| بازێک (هەندی) | وەلی (بەڵام) |
| ئەشێ (دەبێ) | بسێنێ (بکڕێ) |
| بێژم (بڵێم) | تین (دێن) |
| دەعیە (پرۆپاگاندە –تەبلیغ) | وەسە (وەک) |
| فرە (زۆر) | سۆزی (سبەینێ) |
| گەرەکی بوو (دەیویست) | کەڕەت (جار) |
| خاس (چاک) | ئازا (زوو – خێرا) |
| عەلارەغم(سەرەڕای) | فەلای قەرە (جووتیاری خۆش نە ژین ) |
| هەس (هەیە) | فەلای مورەفە( جووتیاری خاوەن زەوی) |
| دووگوم (وشک) | وەلێ (بەڵام ) |
| بەرعەکس ( بە پێچەوانە ) | ئەشیا (دەبوا) |
| کەژ (کێو- شاخ) | مونحەل (تێک چوون ) |

## 17.2 قسه کان

ئیتحادیه‌های دهقانی: ته‌جروبه و توانایه‌تی ئه‌وم نیه، که زۆر ته وزییح بده‌م. ئه‌سله‌ن به ته ور کولی راجیع به ئه‌تحادیه های دهقانی وه‌لی یه‌کیه‌تی جووتیارانی مه‌ریوان که چه‌ندمانگیکه پیک هاتوه هه‌ندی ته‌جربه‌م هه‌یه. ئه‌و ته‌جره‌بانه تا ئه‌وجیگا ده‌ستگیرم بووه، ئه‌یگیرمه‌وه.

نه‌ختیک برۆینه دوواتروه یانی به‌رله پیک هاتنی یه‌کیه‌تی جووتیاران به‌وه که یه‌کیه‌تی جووتیاران ئه‌وه‌ڵ که‌ره‌ت له مه‌ریوان درۆس بوو، تا ئیسه‌یش به‌و، نه وعه که من بیستومه نه‌ختیک قورس و قایمه و وه زعی باشه. ئه‌ڵبه‌ته به‌ۆ مه‌عنا نیه که ریک و پێکه. ناله باری و که‌م کۆری هه‌یه. وه‌لی من پێم وایه بۆ ئه‌وه پێک بێت به دوو، عامیڵ مه‌ربۆته. یه‌ک یکیان ئه لعان له هه‌موو جێیه کی کورده واری و ئێران که‌م تا فره هه یه. له دوای 22 ی به‌همه‌ن ۆهاتنه سه‌ر کاری خومینی وایانه زانی ده‌ره‌به‌گ دۆوباره ژیاوه‌ته‌وه. ئه‌لعانیش هه‌روان. وه‌لێ عامیلی تر که بهڕابردوو مه‌ربوته سابه‌قه‌ی موبارزاتی فه‌لای ئه‌و ناوچه‌یه بوو. له‌وه پێش له ده‌وره‌ێ شا، لانیکه‌م ده دوانزه دی بوون له‌و ناوچه‌یه‌دا، که موبارزه‌ی زدی ده‌ره‌به گیان ئه‌کرد. یه‌ک یکیان زۆر مه‌شهور بوو. دارسیرانی ناوه ته قریبه‌ن هشت ساڵ موبارزه‌یان کرد. وله وهشت ساڵه‌ناره حه‌تی زۆریان کێشا. ئاخریشی سه‌ر که‌وتن. گوێزه کوێره، گاگل، سه‌رنژمار، بێلو، بندۆڵ ئه‌وانه‌چه‌ندین دی بوون که ئه‌وموبارزه‌یانه کردبۆو. له بیرمه سالی 53 له موبارزه‌ی دارسیران دا، عانێک چوون به دوای دا، سێ چوار ساڵ شکایه‌ت و رێگا ی قانوونی رویشتن و موبارزه یان کرد. ئه‌وان ئاخری مه‌جبور بوون هه‌ر له‌و عانا به زۆر مه‌ته‌وسل بن. زۆربه شیان چه کیان نه‌بوو، زه‌ویه‌کانیان لی داگیر کرابوو. ئه‌وانه ئه‌چون بیکێڵن ژه‌ندرمه و جاش به‌ریان ئه‌گرتن ده‌سه‌یه کیان، ئه‌بردن بۆ زیندان ده‌سه‌یه‌کی تریان ئه‌چون و زه‌وی یه‌کانیان ئه‌کێڵا، پیاویان ئه‌گرت ژن ئه‌رۆیشت.

هه‌ر له‌و عانا له شانزه دێ یه وه، هاتنه یارمه‌تی خه‌ڵکی داسیران. ویانی بۆ ئه‌وعانه له واقیعدا زۆر بوو. سابقه‌یه‌کی ڕابردوو، ئابه‌و نه‌وعه‌فه‌لای مه‌ریوان له

موبارزەدا بووی، هەر بەودەلیلە من پێم وایە لە موبارزاتی ئەمساڵ دا بە مەبەستی یەک گرتن زووتر کەوتنە خۆیان.

ئەگەر ئەوسابقە وجودی بێت، نەک تەنیا بۆجووتیار، بۆ هەر چینێکی تر بەو نوعە، یەک کەوتن و پێشەوە چوون ئاسانترە و پتەوتریشە. لەوە دووا هەر ئەو مەسەلە بوو بە باعیس ئەوە، ئەو دیهاتەی کە سابقەی موبارزاتیان بوو، لەجەرەیان ئینقلاب دا، بەر خەلاف بازیک لەدێهاتەکانی تری مەریوان، ئەوندەبێ لایەن نەبوون. یانی جوان سەرنجی مەسەلەکەیان ئەدا، ئەهاتن ئەیاان پرسی، وەبەتاییەت بازیکیان بەر خەلاف ئەکسەر دێهات کە لە موبارزەکەدا بەشداری و شرکەتیان ئەکرد. ئەکسەریت فەلای ئەو مەنتەقە حەتا لەئەو جوڵانەوە بەشداری و شرکەتیان ئەکرد و نارازی بوون. دەلیلیشان ئەوەبوو کەشا بڕوات دەرەبەگ ئەژێتەوە، وەلی ئەوان چاو و گوێەیان کردبوەوەو تێگەێشتبوون و بەشداری و شرکەتیان ئەکرد. ئەڵبەتە شتێکی تر بلێم بە بۆنەی هەر ئەو سابەقەی موبارزاتی فەلاوە، لە مەریوان دا تەغیری تریشی بەوجود هاورد. ئەویش ئەوە بوو لە ناو رووناک بیران دا لە واقیع دا عدەیەکی پەروەردە کرد. عدەیەک نە تەنیا مەحسوڵ موبارزات رەوشەن فیکری بوون، بەڵکۆو بەبۆنەی بزووتنەوی، جووتیار و فەلاوە، هەندی تەجرەبەیشیان پەیا کرد. تێکەڵ بووبوون لە گەڵیانا و چووبوونە ناویان. ئەو وەختە زبان و فەرهەنگی ئەوان جوانتر فیر بووبوون. بازی کوڕەفەلا، پەروەردە بووبوون و سۆننەتیک بەوەجود هاتبۆو، مەخسوسەن پارەکە تەقریبەن هەر ئەم عانانە بوو کەفەلای داسیران بۆئاخرین مەورد، بەژن و منداڵەوە موبارەزەیان کرد و باریان کرد کە بڕون بۆ ئێراق.

لەو جەریانەدا رووناک بیری شار، لانی کەم عدەیەکی زۆر کۆمەکیان پی کردن. ئەرویشتنە ناویان و کاری تەداروکاتی ئەوانیان بەعوهدە دەگرت. خۆیان باریان کردبوو و چۆبۆنە مەرز ئەوان زەوی‌و زارکەیان، چاوەدێری ئەکرد و گەنمەکانیان ئەڕنیەوە وئاگادارییان لیی ئەکرد وپاسداریان ئەدا. لە دێ کە، نەگابانیان ئەدا. ئەوە بوو بە باعیس ئەوە کولەن عدەیەک رووناک بیر بەموبارزەی فەلا ئاشنا بن وپەروردەبن، لەناویان دا واقیعەن بەو نەوعەش هەیە

كه له له‌حازی تێئوریک و موتالعه‌وه ته‌قریبه‌ن شتێک مایه‌ی نیه. وه‌لی چون له ناو موبارزه‌كه‌دا بووه ته‌جره‌به‌ی گرتوه و شاره‌زایه. ئه‌لعان ئه‌توانی له‌ناو فه‌لادا كار بكات، ئه‌وانه گشتیان عه‌واملی موسبه‌ت بوون. ئه‌وه كه له موبارزاتی ئیمسالدا بازێ له و فه‌لایانه به شداری ئه‌كه‌ن و باز هه‌م دیدیان وه‌سیعتر ئبێت و دوورنمای جه‌ریانه‌كه‌ی ئه‌م كاته، له به‌ر چاو بگرن، و هه‌روه‌ها په‌یوه‌ندی روشه‌ن فیكر و فه‌لای‌ش لا نیكه‌م له و دێهاتانه‌دا، كه سابقه‌ی موبارزاتی بوو هه‌ر له په‌سا پته‌وتر بۆو. به‌و زه‌مینه‌وه كه بوو، ته‌قریبه‌ن هاو زه‌مان له گڵ سه‌ر نیگونی به‌ختیار دا، ولا چونی به‌ختیار چه‌ند روداوه له مه‌ریوان رویدا بوو و بوو به باعیس ئه‌وه ورده ورده چوار دی له‌و دێهاتانه كه سابقه‌ی موباره‌زه‌یان بوو، كه‌وتنه فیكر ئه‌وه ئه‌شێ كاری بكه‌ن، ئه‌ڵبه‌ته هه‌ربه‌ر له سه‌رنیگونی به‌ختیار ده‌ره‌به‌گ له ئه‌وه‌ڵه‌وه تا لیان یه‌قیین نه‌بوو كه شا حه‌تمه‌ن ئه‌روا و كاری ته‌واو بووه هه‌ر لایه‌نگری شا بۆون وچۆماق به ده‌س بوون، وتا ئه‌وجێگا ئه‌یانتوانی له كاری ئینقلابدا به‌شێونه‌یان ئه‌كرد. وه‌لی دوای ئه‌وه بۆیان مه‌علووم بووشا چۆنی حه‌تمییه، به‌تایبه‌ت له فاسڵه‌ی چۆونی شا تا لاچۆنی به‌ختیار له‌و فاسڵه بایان داوه. بایان داوه و گشتیان بوون به ئایه توالاه. وه‌ک موریدی خومینی یان تیا ده‌رهات وه‌لی له عین حالدا متهوه‌جه‌ی ئه‌وه بوون، كه ته‌نیا ئیعلام وفادارییه‌كی ساده به جمهوری كافی نیه. كه‌وتنه ته‌شه‌كول دان به خۆیان. ناكۆكیه‌ک وا له ناو تایفه‌كان دا بوو ئه‌وانه‌یان لابرد، سه‌ندۆقی موشته‌ره‌كیان دانا، ئه‌سڵه‌حه‌یان سه‌ند. له مه‌ریوان دا به‌ر خیلافی جێگاكانی تر شاردراوه بوو و یانی ره‌سمی ئیعلام نه ده‌كرا، ئیعلامیان نه‌كرد. مونته‌ها عه‌مه‌ڵه‌ن وا بوو. له واقیع دا شۆرای شاری خۆیانیان دروس كرد. وه ئه‌توانم بێژم به‌ر له 22ی به‌همه‌ن ئه‌وه‌ڵین هیزێک كه ته‌قریبه‌ن ئاشكرا هێزی چه‌كدار خۆی نیشان ئه‌دا ده‌ره‌به‌گ بوو. هیچ هێزیكیتر كه بتوانی ئه‌سڵه‌حه نیشان به‌دا ئاشكرا نه‌بوو. هه‌رله‌و عانا هیشتا به‌ختیار مابوو، ئه‌وان ئاشكرا ئه‌سڵه‌حه‌یان حه‌مڵ ئه‌كرد.

مه‌خسوسه‌ن تفه‌نگچیه‌كانی حه‌مه‌خانی كانی‌سانان ماڵه‌كی له شاردایه، و له‌و فاسڵه‌دا ورده ورده ته‌شه‌كولیان به‌خۆیان دا خۆیانیان موسه‌لح كرد بوون به

ئایەتو الّایش و هەر لە پەسا  کە وەزعی جەدید هاتە دەستیان، دەستیان کرد بە تەعەرۆز. لە بیرمە دروس ئەو شەوە کە بەختیار لاچوو هەر ئەوحەمەخان کانیسانانە، وەزعی نەفت لە مەریوان دا نالەبار و زۆر کەم بوو و بە ناو ماڵەکاندا بەش دەکرا. تفەنگچیەکانی بە زۆر ناردبوو، و ئەو  شەوە نەوتیان دزی بوو. خەڵک ئیعترازیان کرد. بە تەزاهورات چوون بۆ بەرماڵەکەیان و شیعاریان ئەدا "نەوت نیە بۆ شار ودێ   خان بە شەوا ئەی دزێ  ! "خەڵکەکەی دا بەر تەقەی تفەنگ ئەڵبتە لەم لاوە بە دەمانچە جوابی دراوە، و دوو سێ نارنجەک خرا ماڵە کەی. وەلی هەر لەویا جوان دیار بوو ئەو چەکانیانە بۆ چی هەڵگرتوە شەوی دووایی ئەوە  دێ  دارسیران، لە لایەن تفەنگ چییەکانی ئەوانەوە درا بەر تەقەی تفەنگ. عەکس والعەمەڵ ئەوە بوو کە خەڵکی شاریش و فرەتر ڕووناکبیر، بە چەکەوە چون بۆ دیفاع لە دارسیران ئەوەیش خود بە خود پەیوەندی دارسیرانی و ڕەوشەن فیکری موحکەمتر کرد و لە دێهاتیشدا دەنگی داوە کە تفەنگچی حەمەخان، دارسیرانی داوەتە بەر تەقەی تفەنگ.

ڕووداویکی تریش هاتە پێشەوە یەکێەک لە عەوامڵی هەر ئەو حەمەخانە، لە خیابانی شاردا، هەڵمەتە دەمانچەی   لە کورە دارسیرانییەک کردبوو و دەمانچەی پێوە نابوو ئەڵبەت نەیپێکا و یەکیکی تری بریندار کرد وەلی هەر ئەوە بۆوە هۆێ  ئەوە فەلا زووتر بە جوڵێ ، دروس ئەو ڕۆژە تەقریبەن سەعات 9ی بە یانی بوو، کە ئەو کاریانە کرد هەر شەوەکەی چوار دێ   کۆبۆنەوە وتەسمیمیان گرت چونکوو بەگزادە وای پێهاتوە ئەشی ئیمەیش کاریک بکەین.

یانی هەر ئەو ڕۆژە لە دارسیرانەوە، چۆنە شوین نوێنەر و نەماێەندەی ئەو سێ دێ  ترە، هاتن وبە دزیەوە لە دارسیران دا کۆبۆنەوە. و بازێ  باس ئەو روداوانە کرا وتەسمیمیان لەسەر ئەوە گرت، کە هەروا دەرەبەگ تایفەکانیان یەکیان گرتوە، جوتیاریش لە دێهاتی موختەلف دا یەک بگرن. ئەساسەکەیشی ئەوە بوو، دیفاعی موشتەرەکیان هیچ هەدەفی تەعەروزی و بەرنامەی تەعەروزی لە کار ئەواندا نەبوو. بەڵکوو ئەوە کە لە موقابەڵ هێرشی دەرەبە گەوە موشتەرەکەن دیفاع بکەن. هەر ئەو عانیشە بە عینوان قسە ێ  خسووسی

له بین خۆیاندا مه‌تره‌ح بوو:"که ئه‌شێ ئێمه‌ش ئه‌سڵه‌حه ته‌هیه بکه‌ین ئه‌گینا به‌بێ ئه‌سڵه‌حه کارێکمان بۆ ناکرێ ."

هه ندی ئه‌سڵه‌حه‌یان بوو، به‌ڵام که‌م بوو. ئه‌ڵبه‌ته مه‌خسوسه‌ن دارسیرانی ته‌جره‌به‌ێ ئه‌وانه‌یان په‌یدا کردبۆو که ئه‌وشته‌که پێ ئه‌ڵێن جه‌نگی ره‌وانی ئه‌وانیش ئه‌یان کرد. دعیه‌یان بڵاو ئه کرده‌وه 70 تفه‌نگمان هه‌یه واقیعه‌ن نه‌یان بوو. هه‌ر وه‌ها ده‌ره‌به‌گ دعیه‌یه‌ی بڵاو ئه‌کرده‌وه که 100تفه‌نگیان هه‌یه له‌راستی‌دا نه‌یان بوو. وه‌لی به هه‌ر حاڵ له، له حاز عه‌مه‌لیه‌وه ،که وتنه ته هیه‌ی تفه‌نگ و له په‌سا، ئه و جه‌ره‌یانه په‌ره‌ی سه ند.

ئه‌ڵبه‌ت هه‌ر له ئه‌وه‌ڵه‌وه مه‌سه له‌ن یه‌کیک له‌و دێهاتانه، دێ یه‌ک بوو به ناوی بیلو چه‌ند نه‌فه‌ریان هاتبوو له جه‌ره‌یانه که‌دا به‌شداری وشرکه‌تی کردبوو. گشت دێ که به‌وه رازی نه بوون وزاتیان نه بوو ئه‌وه‌یان به کارێکی خه‌ته‌رناک ئه‌زانی. عده‌یه کیان هاتن. دارسیرانی گشتیان بوون گاگلی گشتیان بوون سه‌رنژماری ته‌قریبه‌ن گشتیان بوون. پشت سه‌ر ئه‌وه دووباره وه‌عده‌یان داناو کۆبونه وه‌یه‌کی تر باز هه‌م نهینی کرا، ئه‌مجاره بوو به 7 دی. سێ دێ تری پێ مولحه ق بوو. هه‌ر به‌و چه‌شنه‌نه که به‌و عینوانه دانیشن نوێنه‌ر و نه‌مایه‌نده‌ی دێکه مولحه‌ق بێ، ئه‌وانه که له دێکه دا موافیقی جه‌ره‌یانه‌که بوون نیمه عه‌له‌نی به‌یه‌که‌وه ته‌گبیریان ئه‌کرد، نمایند‌ه‌یان نارد و به یه‌که‌وه کۆبونه‌وه. و له سیهه‌مین کۆبونه‌وه‌یان له 16ی ئه‌سفه‌ن دا بووکه 10 دێ بوون ئیتر ئیعلام مه‌وجودیه‌تیان کرد وعه‌له‌نی بوونه‌وه ئیعلام مه‌وجودیه‌ته‌که‌یان له ئیعلامیه‌یه‌کی ساده‌دا بو و یه‌کیه‌تی جووتیاران مان بۆ دیفاع له هه‌ر کوی زۆلمی له فه‌لا بکرێ پێک هێنا وموشته‌ره‌که‌ن دیفاعی لی ئه‌که‌ین. ئه‌و وه‌خته ئاشکرا موخالفه‌تیان له گه‌ڵ ده‌ره‌به‌گ دا کردبوو. و موخالفه‌تیان له گه‌ڵ ئه‌و مامۆستا و مه‌لایانه‌ی که سه‌ر به ده‌ره‌به‌گ بوون کردبوو. موخالفه‌ت له ته‌ک ئه‌و شایه‌عانه‌ی که ئه‌وانیان به کۆمۆنیست موعه‌ره‌فی ئه‌کرد، کرابوو. له عه‌ین حاڵدا ئه‌وه‌یانه وتبوو، که ئه‌گه‌ر که‌سێ بیه‌وه‌ی به دین و مه‌زهه‌بی ئیمه ته‌وهین کا سه‌رکوتی ئه‌که‌ین. وه له‌و کۆبونه‌وه‌ی 10 دێ یه به‌ولاوه هه‌ر له په‌سا هه‌ر زیاد بوون، موره‌ته‌بیش

سەعیان ئەوەبوو خۆیشیان تەبلیغیان ئەکرد کە لە کۆبۆنەوەکاندا هەر چێ بۆیان بکرێ بە چەکەوە بچن. یانی نەمایەندەی ئەو دێهاتەکە ئەچوون سەعی بکەن حەتمەن چەکیان ببێ و یا هەر چێ چەکداریان گیر ئەکەوێ بیبەن و لەوە بەولاوە ئەچوونە جێگای تر ئەبوون بە 13دێ و هەرچی تفەنگیان گیر ئەهات ئەیان برد. کە نەوعێک مانورِ و نمایشی نیزامی لە مەقابیلِ دەرەبەگ دا بوو.ئەڵبت لیرە نەقشی رەوشەنفیکر لەو جەریانەدا کە باسم کرد و وەتم کە لە ئەوەڵەوە بە بوونی ئەو سابەقە موبارزاتی یەی رەوشەنفیکر کەم تا فرە تێکەڵ جەریانەکە بووبوون و لە تەشکیل ئەو یەکیەتیشەدا تەبعەن کۆمەکیان کرد، مونتها هەر لە ئەوەڵەوە بە ئاگاهی یەوە سەعی کراکە ئەو جەرەیانە زۆر ئاڵۆز نەبێ هەر کەسە بۆ خۆی نەبێ، بەو دەلیلە تەگبیری لێ کرا کە عدەیەکی مەحدوود و کەم کە تەجرەبەی ئەو کاریانە هەیە ومەخسوسەن فەلا بروای پێ هەیە و لە نزیکەوە ئەیێ ناسێ ئەوانە شرکەت بکەن. نەبێتە باعیس ئەوە هەر کەسێک بۆ خۆی دەخاڵەت بکا و سەر لە ئەوانیش بشێوێنی. ئەوە جەرەیانێک بوو کە لە لایەکەوە ئەچوو، و پشت سەریشی کە ئینقلاب کرابوو شورای ئینقلاب تەشکیل بوو لە کاناڵی زۆر عەلەنیتر و ئاشکراتر کە شورای ئینقلاب شار دانرا و کومیتەیەک بە ناوی کومیتەی شار و دێ دانرا. بۆیە لەو کانالەوەش یەکیەتی جوتیاران تەقویەت ئەکرا. یانی ئەچوون بە دێهات دا، شورایان تەشکیل ئەدا و تەبلیغ دژی دەرەبەگ و ئەو کارانەیان ئەکرد.

مونتەها کار ئەو کومیتەی شار و دێ زۆر سەتحی بوو و خەڵکی دێ بەو جەرەیانە هەر عەین جەرەیانێکی ئیداری بەرخوردیان ئەکرد. وایان ئەزانی ئەوە کاریکی دەوڵەتیە، شوراکەیان تەشکیل ئەدا وەلی وەک تەشکیل ئەنجومەنی دێ . لەوە بەر وا بوو ئەسڵەن تا ئیسایش نەمان دیوە شورایەک کە بەو نەوعە تەشکیل درا ئەسڵەن کەڵکی بووبێ، وەلی بەش بە حاڵی خۆی لە سەتح تەبلیغات دا یارمەتی و کۆمەکی یەکیەتی جوتیارانی ئەکرد. موخالفەت دەرەبەگ و ئەرتجاع لە گەڵ یەکیەتی جوتیاران دا ئا بەو نەوعە، لە ئەوەڵەوە حەملەیەکی تەبلیغاتی بوو بە عینوانی کومۆنیست بوون و کە بێ دینن و هەزار نەوع قسەی تر، ئەو

ته‌بلیغاتانه‌یان ده‌کرد و له پسا یه‌کیه‌تی جوتیاران په‌ره‌ی سه‌ند. دێهاتی پێ زیاد بووتا جه‌ره‌یانی شه‌ری نه‌وروزی 58 ی سنه هاته پێشه‌وه، له نه‌وروز دا بوو که ئه‌و شه‌ره‌ی سنه هاته پێشه‌وه ورده ورده چه‌ک کردنی پاسگاکان مه‌ترح بوو. عده‌یک له ره‌وشه‌نفیکره‌کان که له کاری یه‌کیه‌تی جوتیاران دا چ موسته‌قیم و چ غه‌یره موسته‌قیم ده‌ستیان بوو ته‌سمیم ئه‌گرن بازێ له پاسگاکان چه‌ک که‌ن. ئه‌رون ئه‌و کاره بۆ یه‌کیه‌تی جوتیاران ئه‌که‌ن. حه‌تا نه‌وعێک جه‌عل ئه‌که‌ن. له ته‌رێق شورای شاره‌وه نامه بۆ ژاندارمری و پاسگاکان ئه‌نووسن که ئه‌وانیش خه‌به‌ریان نابێ، که ئه‌و چه‌کانه ته‌حویل ئه‌مانه بده‌ن له یه‌ک دوو پاسگا به مه‌قاومه‌ته‌وه روو به‌روو نابن. به‌ڵام له پاسگایه‌ک به مه‌قاومه‌ته‌وه روو به‌روو ده‌بن موقاومه‌ته‌کیش لو ته‌رف خۆد ژاندارمه‌کانه‌وه نه‌بوه به‌ڵکوو له ته‌رف ده‌ره‌به‌گه‌وه بوو. ده‌ره‌به‌گیش عینه‌ن که‌وتبوونه ئه‌و پیلان و ته‌وته‌ئه بۆ خۆیان بکه‌ن. عانیکا ئه‌مانه ئه‌چن چه‌که‌کانیان ته‌حویل بگرن چه‌کداری ده‌ره‌به‌گ ده‌وره‌یان ئه‌دا، ئه‌وان به قسه ئه‌یان خڵاوینن. یه‌ک یه‌کیان ئه‌نێرنه‌وه بۆ ناو شار و پاشان له فه‌لای یه‌کیه‌تی جوتیاران 22 ته‌فنگ هه‌ڵئه‌سن ئه‌ڕون، ئه‌ڕون ئه‌مان که موسه‌له‌حانه ئه‌ڕون، ئه‌وان موحاسره‌یان ئه‌که‌ن به هه‌ر حاڵ به زۆر ده‌ره‌به‌گه‌کان وادار ئه‌که‌ن که بڕون و چه‌که‌کان بێنن، ئه‌و چه‌کانه هاته‌وه و له ناو خه‌ڵک دا ته‌وزیح کرا.

ئه‌ڵبه‌ت هه‌ر ئه‌وکاته عده‌یه‌کی تر ره‌وشه‌نفکر حه‌مڵه‌یان به‌و جه‌ره‌یانه کرد. که ئه‌وه شه‌بیهی کاری حیزبی دیموکراته و دزیی له شورا و له‌و قسانه. ئێمه قسه‌مان ئه‌وه بوو که ئه‌سڵه‌ن وانیه. چه‌ند ده‌لیلی هه‌یه. یه‌کیک حیزبی دیموکرات پادگانێک که ته‌سلیمی شورایک بووبوو له‌وه دزی کرد، له حاڵێکدا له مه‌ورد ئێمه دا کامه‌ڵه‌ن به‌ر عه‌کس بووه، کابرا چووه پاسگای چه‌ک کردوه ئه‌شی و دیاره له مه‌وردیکا به فێڵ و حیله مته‌وه‌سل بووه، له مه‌وردی تردا مومکین بوو بکوژری. له‌وه‌دوا لانی که‌م حیزبی دیموکرات رابردووی ره‌هبه‌ریه‌کی مه‌علومی هه‌یه، ئه‌مان مه‌علومه چوونن له ئاسمانه‌وه تا زه‌وی فه‌رقیان هه‌یه. ئه‌وان ئه‌و چه‌که

چۆن بە كار دەبەن و ئەمان چۆنی بكار دینن؟ ئاشكرا دیارە و بە بەرچاو خۆتەوە ئێدا بە كابرای فەلا. ئەوە نیە بیهێنی و معاملەی پێوە بكا.

جا بە هەر حاڵ فەلا چەكدار بوون و زۆرتریش چەكدار بوون، یەكیەتی جوتیاران بەگزادە و دەرەبەگی زۆر ترساند، هەر ئەو كاتە خۆیان متوەجەی دوو نوكتە بوون و مەترحیان كرد. دوای ئەوە مەخسوسەن گەیشتە حەدوود 13 دێ و لە لایەن پێشكەوتوترین فەلاكانەوە مەسەلەكە مەترح بوو. ئا بەو عینوانە كە لە جەلەسەدا و لە كۆبونەوە دا ئەیانوت، بنیادەم ناتوانی هەر قسەیە ك بكا. دەروسیشنیە هەر قسەیەک بكا، ئاوا دانیشین و قسەكان ئەگەیەتەوە دەم دوژمن. لە واقیعدا پێشنیاری ئەوەیانە ئەكرد كە هەندی كار ئەشی لە جەلەساتێ چكۆلە تر و خسووسیتر و مەحكەمتر یا حەدەئەقل نیمە مەخفی و مەخفی بكرێت. وەلی ئەوجار چوە ناویان، یانی لە دوای ئەوە، جەرەیانەكە دەستی پێكردبوو لە ئەوەڵەوە تەقریبەن مەخفی دەستی پیكرد. نەدە كرا رای بگرێ ، كامەڵەن عەلەنی بوو، دوای متوجە بوون ئاوا عەلەنی وبەربڵاو لەتمەیان لی ئەدا. مەجبور بوون بە بارێكیتردا ئیسڵاحی بكەن. جگە لەوە لە لایەن خۆیانەوە باز هەم و دیسانەوە مەترح بوو، كە ئەشی بنكەیە كمان بێ، لە سەر ئەوە لە بەین خۆیان دا قسەیان كرد. بنكە لە دێ دانین! ئاخری هاتنە سەر ئەوە نەخیر ئەشی بنكەمان لە شار بێ و یەكیک لە موشكڵاتیان ئەوە بوو كە چاكە بنكەمان لە شار بێ، بەلام كێمان هەیە تا ماوەی فەسلی كار لەوێ دانیشی. تا ئەوایلی بەهار كاری كشت و كاڵ نە بوو، وئەوە ئاسان بوو. لە فە سلی كاردا، چون ئەكرا بێن؟ پاشان لە گە ل گیروگرفت روبەرو ئەبوونەوە. وەلی بەهەرحاڵ تەسمیمیان گرت بنكەیە ك لە شار دانێن و دەفتەرێكیان بە ناوی بنكەی یەكیەتی جووتیاران كردەوە. مەوردێ چكولە هەر ئەوە تە ئسیریدانا. هەر ئەوە بگێرمەوە. هەر ئەوی بۆ یەكەم جار جووتیار دوو ئوتاقی بەناو خۆیەوە گیر كەوتبوو. تائەو جێگا دەسگیرمان بوو واقیعەن لە سەر روحیەی فەلا تەئسیری هەبوو. ئیدارەكەمان هالە فڵانە جێ، ئیدارەێ خۆمانە و تا ئەو كاتە بەخۆیانەوە نەیاندیبوو. شتێک كەم تا فرە هیی خۆیان بێ یا ئەسە لەن حەقی ئەوەیانە نەبوو، یانێ حەتتا ئەو مەوردە چكۆلەیە

له روحیه‌ی فه‌لا به‌ره‌و یه‌ک که‌وتن ته‌ئسیری بوو. هه‌روا مه‌سه‌له‌ی چه‌كدار بوونی فه‌لا ته‌سیری زۆر بوو. جا له‌و جه‌له‌ساته بریار درا و ئه‌چوون بۆ دیهات عانیكا به‌یه‌كه‌وه ده‌چوون، وه‌خت وا بوو ئه‌و ئاخریانه ته‌قریبه‌ن جووتیار 70 تفه‌نگی هه بوو ئه‌چونه دێ به ئه‌ندازه‌ی خودی ته‌بلیغه‌كه قسه‌كه ئه‌كریا ته‌ئسیری به‌سه‌ر خه‌ڵكی ئه‌و دێهاتانه دا بوو. ئه‌مانه هیزی جووتیارن و قسه‌یان ئه‌كرد. ئه‌گه‌ر به‌گزاده قسه بكا وا ئه‌كه‌ین. له دێ یه‌كدا ئه‌یان كرد به نیشانه شكێنی و تیرئه‌ندازی و هه‌ڵپه‌ركی و مه‌خسوسه‌ن ئه‌گه‌ر دێ یه‌كه، ده‌ره‌به‌گی تیدا بوو قودره‌ت نمایی یان ئه‌كرد. له موقابیلدا له هوشیاری خه‌ڵكه كه و یه‌ک كه‌وتنیان دا كامڵا ته‌ئسیری بوو.

له‌دوای ئه‌وانه جه‌ره‌یانی سۆما و برادۆس هاته پێشه‌وه. كۆمه‌ڵه‌كان له شاره‌كان ئیعلامی ته‌زاهورات و كۆمه‌كیان كرد، یه‌كیه‌تی جوتیاران به بێ خه‌به‌ر له‌وه له مه‌ریوان عینه‌ن ئه‌و كاره‌ی كرد. له لایكه‌وه له خه‌ڵكی دێهات ده‌عوه‌تی كردبوو بێن بۆ ته‌زاهورات له‌و لاكه یتره‌وه، داوای یارمه‌تی لی كردبوون. یارمه‌تیه‌كه‌یان كۆكرده‌وه و گه‌وره‌ترین ته‌زاهورات له مه‌ریوان‌دا تا ئه‌و سه‌رده‌مه، ئه‌و ته‌زاهوراته بوو كه یه‌كیه‌تی جوتیاران كردی. چۆنكوو له ته‌زاهوراتی له‌وه پێشدا جووتیار به‌شداری نه‌كردبوو. له‌وی جوتیارێكی زۆر هاتن و مه‌خسوسه‌ن چه‌كداریان زۆر هاتبوو. چه‌كداری شاریشیان پێ مولحه‌ق بوو نمایشی قودره‌ت له مه‌ریوان ده‌ستی پیكرد. ئه‌ڵبه‌ته مه‌ریوان بچوكه و چوار پێنج خیابانی هه‌یه. جگه له‌وه هێزی چه‌كدار له به‌ر خه‌ڵكه‌كه‌وه حه‌ركه‌تی ئه‌كرد، سه‌ربان ته‌واو خیابانه‌كانیان گرتبوو. فره‌تر مه‌نزور خۆ پیشاندان بوو. له‌وه دوایشی كه‌وتنه رێگا و له‌گه‌ل جه‌ره‌یانی قیاده مه‌وقه‌ت و مه‌لا ئه‌حمه‌دی موفتی زاده و ده‌ره‌به‌گ روبه‌رو بوون. خۆ بیستووتانه ئیتر شیاوی ئه‌وه نیه بیگیرمه‌وه.

له سنه ئه‌و جه‌ره‌یانه له‌باری سیاسی یه‌وه، عده‌یه كی ترساند و بوو به باعیس ئه‌وه بكشێنه‌وه و به‌ترسن. عده‌یه كیشی درێتر كرد. مه‌خسوسه‌ن نه‌سبه‌ت به مه‌ڵا ئه‌حمه‌دی موفتی زاده، برایه كی فه‌لامان، كه خه‌ڵكی داسیرانه و ناوی ئه‌حمه ده گرتبوویان و له دوای ئه‌وه له كومیته‌ی موفتی زاده به‌ر ئه‌بێ ئه‌چێته جه‌معیه‌ت

سوخەنرانی ئەکا. قسەکەی ئەوە بوو کە من ناوی خۆم دەگورم ،چونکوو موفتی زادە ناوی ئەحمەدە. لەمەولا ناوی تازەی من حەمەیە وناوی خۆم نانێم ئەحمەد کە لە ناسینی ماهیەتی موفتی زادە زۆر تەئسیری بوو. ئەو جەرەیانە ئەو کاتە عدەیە کی ترساند وەلی عدەیە کیتری دڕتر کرد، مونتە ها پشت سەر ئە و جەرەیاندا بە تەوتەئەی موفتی زادە و دەرەبەگ و قیادە موەقەت کەوتنە چەک کردنی جووتیار. قیادە موەقەت بە 60 تا 100 چەکەوە ئەچوو دەوری دێ یەکەی ئەدا دوو تفەنگی تیا بوو، دەور ماڵەکەیان ئەدا و بە زۆر کابرایان ئەکێشا دەرەوە و ئەهانت بە خۆی وژن و منالی، دە کرا و چەکیان ئەکرد. هەرلەویا یەکیک لە زەعفە کانی یەکیەتی جووتیاران دەرکەوت. باوەکۆ لە بڕیار نامە و ئەو نمایش و شتانە دا، دابۆیان بنێادە م ئەتوانی ئەو تەسەورە بکا،بە مەحز ئەوە دوو دێ ، ئەو پەرەکەی سێ دێ یان چەک کریا، ئەمان بەرەنگاری بن. وەلی واقعیەت ئەوە بووئە و کارانە یان نەکرد دووای ئەوە سێ چوار دێ یان چەک کرد و ئەوەانە لە باشترین جێگا ئەوە بوو کە تفەنگیان بوو، بە لام فەقەت لە فێکر ئەوە دا بوون، دیفاع لە دێ کەی خۆیان بکەن. یەکی لەو پیاوانە بەر لەوە چەکی یەکیەتی جووتیارانی پێ بوو و 18رۆژ لە کێۆ بوو بە خاتر ئەوە ئەو چەکە نەدا بە دەستەوە یانی بە دیفاعێکی ئاوا مەتەوەسل بوون. بە جێگای ئەوە بێت بڕوات ئەوانی تر ببینی و بەیەکەوە تەگبیریکی لی بکەن، نەک دیفاعێکی ئینفرادی بکەن. لە چەند دێ تر عەینەن ئەو حاڵەتە پیش هاتبوو، وئامادە بوون و نگابانیان دانابوو. کە ئەگەر قیادە هات چەکەکە نەدەن بە دەستیەوە هەم نەقدی کارخۆیان بوو هەم نیشانیدا ئەو رێکەوتنانە کە بوویانە ئەوندە پتەو نەبووە. ئەڵبەتە هەر لەو عانیشا واقەعەن تیایاندا بوو کە سەخت تەرەفدار ئەوە بوو کە ئەشی بڕوینە سەریان و ئەو چەکانیانە لی بەسێنین، مونتەها گشتی نەبوو یانی روحیەی عەمومی ئەوەیە نەبوو و ئەترسان. تەقریبەن رەوشەن فکریش بەو نەوعە بوو. پشت سەر ئەو چەک کردنە و دوای ئەوە حەتمەن خەبەرتان هەیە، کە قیادە موەقەت ئەسلەن لە ئەوە گوزرا و دەور شاری مەریوانی گەمارۆ دا. گەرەکی بوو شاری مەریوان بگری و حەتمەن دەنگ و باسەکیتان بیستوە، تا لەو جێگا

چه‌ند رۆژ خه‌ڵكه‌كه و نزیک یه‌ک حه‌فته تولی كێشا و خه‌ڵكی مه‌ریوان له سه‌نگه‌ردا بوون. هه‌ر ئان مومكین بوو جه‌ره‌یانی نه‌غه‌ده پێش بێت. له‌وه‌دوا ئه‌وان كشانه‌وه و پشت سه‌ر ئه‌وه له یه‌كیه‌تی جووتیاران، كه تا ئه‌وعانه به 32 دێ گه یشتبوو ده‌عوه‌ت كرا. به جیگای 32 دێ كه 15 دێ هاتن. باقیه‌كه‌ی نه‌هاتن و به‌شداری وشركه‌تیان نه‌كرد. ئه‌ڵبه‌ته شتێک كه من ته‌عه‌جبم كرد ئه‌وه بۆ ئه‌و دێهاته كه قیاده چه‌كی كردبوون و ئه‌زیه‌تی كردبوون و من ئه‌نتزارم بوو ئه‌وان ترسابن و نه‌یه‌ن ده‌روس به‌ر عه‌كس ئه‌وانه زۆرترهاتبوون، له جه‌لسه‌كیشا هه‌ر ئه‌وانه تۆند و تیژ تر له باقیی دێهاتی تر بوون. من ئه‌نتزار ئاوامه نه‌بوو واقیعه‌ن له‌وی وه‌ت و وێژی زور كریا، ئه‌ڵبه‌ت **كوله‌ن ئاوها بوو له رابه‌ته‌ی ره‌وشه‌ن فكر له گه‌ڵ ئه‌واندا ئیمه سه‌عیمان ئه‌وه بوو كه ته‌ڵقینیان پی نه‌كه‌ین. یانی قه‌تعنامه به ناو ئه‌وانه‌وه نه‌نووسین داخواستێک كه واقیعه‌ن له ناویاندا مه‌ترح نیه یا لانی كه‌م له‌و جه‌لسه‌دا له بیریشیاندا نیه نه‌بێ ئه‌سله‌ن نه‌ی تفینیته ده‌میان**. ئه‌وان شتیک بێژن كه له سه‌ری دیفاع بكه‌ن نه‌ک شتیێک بێژی كه ئه‌سله‌ن حاڵیش نه‌بن. جوانم له بیره كه مه‌سه له‌ن له ئه‌وه‌ڵین ئێعلامیه‌كه یاندا، باسی حه‌قی كوردیان نه‌كردوه ئیمه حه‌قی كوردمان ده‌وی و فلان و به‌همان. چه‌ند مه‌وزوع به خاتریان گه‌یشتوه عین ئه‌وانیانه مه‌ترح كردوه ئه‌ڵبه‌ته له جه‌له‌سه‌ی دووایدا عمومه‌ن وه‌زع ئاوا بوو ته‌گبیر و ئه‌و بڕیارانه كه له جه‌لسه‌ی پێشوو بووه مه‌روورێ ئه‌كریا وسه‌عی ئه‌كریا به كۆمه‌ک ره‌وشه نفكر میقداری ته‌جدید نه‌زه‌ری تیدا بكرێ ،و كامڵ ببێ.

ئه‌و 15 دێ كه هاتن بۆ كوبۆنه‌وه وه‌تم ئه‌و دێهاته تۆند و تیژتر بوون و دوو نه‌زه‌ر له ناو خۆیاندا مه‌ترح بوو. یه‌كیک وتیان ده‌عوت كه‌ین له ژن و پیاو و خه‌ڵكی ئه‌م دێهاته به راپه‌یمایی بڕوین بۆ دزلی، ده‌زلێش مه‌ركه‌زی قیاده موه‌قه‌ت بوو. نه‌زه‌رێكی تر ئه‌وه بۆ فایده‌ی نیه ئیمه ئه‌شی پێشمه‌رگه بده‌ینه ده‌ره‌وه و ئاخری ئیمه ئه‌وه‌مان پییان وت. **ئه‌م دوو نه‌زره هه‌یه برون و له ناو خه‌ڵكدا مه‌ترحی كه‌ن خه‌ڵک هه‌ركامێكی قه‌بوڵ كرد ئیمه یش له‌گه‌ڵتانا هه‌ین**. چوونه‌وه له 15 دێ كه عانی هاتنه‌وه بوو به 8 دێ 7 دێ تری نه‌هاتن، باز ئه‌وه نیشان ئه‌دا

عانیکا فشار بە سەر ئەو کارەوە بوو ئاوا وردە وردە ئەوانیە کە مەحکەم نەبوون کشانەوە. دوایی ئەوانیشە کە مەحکەم بوون مانەوە و تەسفیە بوو. نەختی جەرەیانەکە سەختەوە بوو، من پێم وایە لە جەرەیانی رووناک بیریشدا هەر بەو نەوعەش شەرایەت سەختەوە بوو، جەرەیانی رووناک بیریش تەسفیە ئەبێ. ئەو وەختە لەو 8 دێ وتیان قسەی ئاخر ئیمە ئەویە کە تەزاهورات و راهپیمایی و ئەوانە بەکەڵک نایە. ئەشی پێشمەرگە بنیرینە دەرەوە. ئەستدلالیشیان ئەوە بوو ئەیانوت مەسەلەن ئەو یازدە تفەنگە کە بردیا ن ئەگەر بەیەکەوە بواین چارە ساز بوو، 11 تفەنگیان برد و ئەیانوەت غەیرەز تفەنگەکانی تر کە هەمانە، هەر ئەو 11 تفەنگە بەیەکەوە بواین قیادە موەقەت بە سادە گی نەیدەتوانی ئەو تفەنگانە لە ئەوان بسێنی. شەریان دەکرد و یەکیکیش لەم ناوەدا بەکۆژرایە 10 نەفەرترلە سەر ئەم چەکانە کە هەمانە هەڵ ئەسایەوە. ئیمە بەیەکەوە بین ئەوەڵەن بە دێهاتدا ئەگەرێن و ئەو جەلە ساتە کە بومان عینەن درێژەێ ئەدەین سانیەن ئەوان ناتوانن ئیتر ئەو چەکانە بە ئاسانی لە ئیمە بسینن. جەگە لەوە ئەگەر ئەوە نەکەین وردە وردە وای لی دێت، گشت چەکەکانمان لێ بسێنن و دەرەبەگ بە سەرماندا زال دەبن. و ئەوەیشە جوان دەرکەوتبوو، دوای ئەو چەک کردنانە دەرەبەگ زۆرتر زاڵ بووبوون، ولە چەندین جێگا دەستیان کردبوو بە هیرش و هەرەشە کردن، جەریمە کردن، وتەورانە سەندن چەند دێ بۆ نموونەدەستی پێ کردبوو. **خولاسە قسەی ئاخریان ئەوە بوو پێشمەرگە بنێرینە دەرەوە و ئەو وەختە لە ناو جەرەیانی رەوشە نفکری مەریواندا بەو مەسە لەیە دوو بەرخۆرد کرا. عدەیەک موخالفەتیان لە گەڵ ئەو جەرەیانە دا کە پێشمەرگە بچێتە دەرەوە، تەحت ئەو عینوانە کە ماجەراجوی یە کرد و مەسائێلێک دینیتە بەرەوەو کونترۆڵ نە کراو و خولاسە باعیس دەخالەت دەولەت دەبێ و تێک ئەشکێ و تێکشکانیشی ئەبێتە باعیس ئەوە بزوتنەوی فەلا لەتمە بەخۆا وبە زەرەریانە. ئەڵبەت ئەوانە لە ئەقەلێەتی رەوشە نفکرانی مەریواندا بوون. وەلی ئەکسەریەت موعتەقد بوون مادام ئەوان ئەیانەوێ پێش بچن ئیمە ئەشی لە گەڵیاندا بین یەکە یەکی ئەو جەرەیانانە جواب ئەدراوە کە ماجەراجویی نیە چون**

**واقه‌عیتیش ئه‌وه بوو خۆدی فه‌لا ئه‌وه‌یه‌ی مه‌ترح كردبوو. ئه‌وه نه‌بوه ره‌وشه نفكر زوری بۆ بهینێ. ..... له ناو پێشره‌وانیاندا ئه‌و مه‌سه‌له مه‌ترح بوو ئه‌وی كه ئه‌یان وت ده‌وڵه‌ت ده‌خاڵه‌ت ئه‌كا، ده‌وڵه‌ت تا ئه‌و عانه ده‌خاڵه‌تی كردبوو. قیاده موه‌قه‌ت ئاشكرا به لایه‌ن گری له ده‌وڵه‌ته‌وه ئه‌و كاره‌ی ده‌كرد. به به‌ر چاو خه‌ڵكه‌وه موسه‌له‌ح ئه‌چووه ناو پاده گان مه‌ریوانه‌وه، ئه مه ده‌خاڵه‌تی ده‌وڵه‌ت نیه چیه** ؟ ئه‌و وه‌خته له نه‌زه‌ر تێك شكانیشه‌وه ته‌زمین نه‌ده‌كرا كه ئه‌و جه‌ره‌یانه تێك ناشكێ، ئێستایش ناكرێت به‌ڵام لانی كه‌م، ئه‌و فایده‌یه‌ی بوو، ئه‌وه‌ڵه‌ن ته‌جره‌به‌یه‌كی موسبه‌ت بوو. كه به ئیبتكاری خۆدی فه‌لا و روشه نبیر به‌یه‌كه‌وه و بۆ یه‌كه م جار له‌و مه‌نته‌قه دا هێزێكی تایبه‌تی خۆیان به‌وه‌جود بێرن.و ئه‌گه‌ر به فه‌رزیش تێكێش بشكێن شتێكێ عه‌جایب نه‌بوه. ئه‌و په‌ڕه‌كه‌ی 10_15 نه‌فه‌ر له شه‌رێكدا ده‌رگیر ئه‌بوون له هه‌ر ته‌زاهوراتێكی ناو شاردا ده ئه‌ونده كوژراوه. با به سوره‌ت مه‌قاومه‌ت موسه‌له‌حانه هه‌ر چه‌ند په‌راكه‌ندێش چه‌ند نه‌فه‌ر به‌و نه‌وعه بكوژرێ . خولاسه ئه‌و دوو جه‌ره‌یانه ره‌وشه نفكریه به‌رانبه‌ر یه‌ك وه ستان و یه‌ك نه‌كه وتن. و عده‌یه‌ك موعته‌قد بوون كه غه‌ڵه‌ته عده یه كی تر موعته‌قد بوون ئه‌یێ بكرێت. به‌له‌خه‌ره به یارمه‌تی ئه وانه كه موافق بوون، پێشمه‌رگه چوه ده‌ره‌وه. شه‌و ئه‌وه‌ڵ قه‌رار بۆ 20 تفه‌نگ بڕوینه ده‌ره‌وه 10له ئیمه و 10 ئه‌وانیتر یانی 10 ره‌وشه نفیكر و 10 له خۆیان، هه‌ر ئه‌و شه‌وه مه سیرمان ئینته‌خاب كردبوو، و پێشمه‌رگه‌كان ئه‌یان زانی له كوێوه ئه‌چینه ده‌ره‌وه ته‌ساده‌فه‌ن دوو ماشین قیاده موه‌قه‌ت ئه‌و مه‌سیره‌ی گرتبووقیاده به‌و مه‌سیره دا چوو، و هه‌ر ئه‌وه بوو به باعیس ئه‌وه دروست ته‌قریبه‌ن سه‌عاتی نیو سه‌عات به‌ر له حه‌ره‌كه‌ت چه‌ند نه‌فه‌ر په‌شیمان بوونه‌وه، و ره‌وشه نفكر دوو سێ نه‌فه‌ر فه‌لا ئه‌سله‌ن نه‌هاتن. یه‌ك دوو نه‌فه‌ریش له مه‌سیر حه‌ره‌كته‌كه‌ماندا بوو، ئه‌شی به‌مان بردایه‌ن ئه‌وانیش نه‌یانتوانی پێمان مولحه‌ق بن. خولاسه به 12 تفه‌نگه‌وه حه‌ره‌كتمان كرد و دوا شه‌و ئه‌وانی تر هاتن. ئیمه له ئه‌وه‌ڵه‌وه زه‌عیف بووین ته‌بعه‌ن هێشتا خه‌ڵكه كه‌یش، جوان به‌وه‌یانه نه‌ده‌زانی. یانی ئه‌و مه‌وزوعه و ئه‌سله‌ن حه‌مڵه‌ی قیاده موه‌قه‌ت به شار نه ته‌نیا له ته‌ره‌ف یه‌كیه‌تی

جوتیارانەوە  لە ناو شاریشدا مەترح بوو بوو، کە ئەشێ بدەینە کێو عدەیە ک  ئەو نەزریانە لە موقابیل قیادەوە مەترح کردبوو.

حەملە بە شار تەنیا ڕێگایێ  دیفاعیمان پێدە دا. پێویستە کە ئیمە بدەینە کێو، چونکوو شەر لە ناو شاردا بە ئیمە ناکرێ . ئەو نەزەرە بە تەور کولیی لە مەریواندا بوو و لە لایەن یەکیەتی جووتیارانیشەوە بە  خاتر مەسایل خۆی مەترح بوو.  ئێمە مودەت حەوت هەشت روژ لە کوێوسانێکدا بووین. لەوی بووین و مەخفی، بە روژدا ڕێگا رویشتن و خوار و ژوور دە رویشتین و تیرە نازیمان دە کرد.  لە لای ئاواییکدا ،بووین لەو دێ  مەحکەمانە.  کە خەڵکەکەی یەکیەتی زور باشیان بوو.  تفەنگ چیان ناردبوە ناومان، تەهیەی نان و  وەسایل لە ئەستۆی ئەوان بوو.  بۆئیمە جگە لەوە لەو ماوەیە دا وایان پارێزگاری لە ئیمە ئەکرد هەر بێگانەیەک بەهاتبایەتە، سەر ئەو خاکێانە لە دوورەوە  کونترۆڵیان ئەکرد. رووژێک کورێک لە ناو شارەوە بۆ لای ئیمە هاتبوو و دۆست بوو. مونتە ها ئەوان نەیان ناسیبوو دەوەن بە دەوەن کەوتبۆنە شوێنی تا دەستگیریان کردبوو، حەتتا گەرکیان بوو زیندانی کەن ئەزێەتیکەن و لەمانە تا ئاخری یەکیک  لە خۆیان پەیدا، ئەبێ وئاشنا ئەبێ و ئێژێ  بابە  ئەوە لە خۆیانە و سەرەڕای ئەوە وتبوویان ئەوە لە خۆیانە ڕێگایان نەدابوو، وتبوویان براگێان  ئیمە نایەڵین جێگاکەیان فێر بی تا ئەو ڕابتە ئەسڵیە پێدا نەبێ ئیمە نایەڵین بڕۆیت، ئابەو نەوعە مەراقەبتیان ئەکرد، بە شەویشدا 5 کەس تا 20 کەسیان بۆ لامان ئە هاتن، ودائە نیشتین، کوێستانێکی بەرز بوو، جەنگەڵ و چر و قسەیان ئەکردو مورەتەب تەشوێقی ئیمەیان بە موقاومەت ئەکرد. نموونەی بەچوک لە وانە ئەگەڕێنمەوە وئیمە مەسە لەن چوار سەعات پێنج سەعات پیادەرەویمان بوو، لەوە دوا ئەگەیشتینە  سەر کانی و ئاوێک و دائە نیشتین. رەوشە نفیکر هەم بە عەلەت نەکردووی زووتر ماندوو و زووتر هیلاک ئەبوون، مەسەلەی نگابانی بۆئێمەیش لەو ئەوەڵەوە مەسەلەیەکی زور موهیم بوو، غافڵگیر نەکرێن، ئەهات بە کۆڵە پشتیەکیەوە ئازا دائە نیشت لە فیکر ئەودا نەبوو ئەسڵەن نگابان هەیە نیەو. ...وەلی هەر لە ناو ئەو فەلانا بوو لە ڕێگاوە بە جێگایێ  ئەوە حەتتا ئاویک

بەخۆاتەوە فەوری سەرنجی ئەدا کام نووقتە بەکەڵکی نگابانی دێ ، ئەچوو لەوێ ئەبوو بە نیگابان بەبێ ئەوێ پێ بڵێن. ئەوانە بۆ خۆیان وەرزیدە بوون و تەبعەن بەقەد ئێمە ماندوو نەدەبوون. کردبووی، بە حەوسەڵە بوو خولاسە لەو ماویە دا کە ماینەوە عدەیەکمان پێ مولحەق بوو. بازهە م فەلا و دوای حەوت هەشت رۆژ هاتینە سەر ئەوە کە ئێمە جەولە دەس پێ بکەێن یا نا؟ بەڕای گشتمان هاتینە سەر ئەوە، جەولە دەس پێ بکەین. یانی بەو بەرنامەوە ئە ساس کار ئیمە ئەوە بوو هەرلە ئە وڵێشەوە هەم فە لا هە م رە وشە نفیکر ئەقیدە مان ئەوە بوو، **مەخسوسەن بۆ شەر لە گەڵ دەوڵەت ناروینە دەرەوە** و بەر خە لاف ئەویشە کە شایع بۆو بوو،نارویـنە کێو و تە نیا بۆ دێ ئەروین، خۆ ورچ نین بەێن بە کیودا، مونتە ها وە زع وای پێهاتبوو لە ژیر فەشار دەرەبەگ لە ژیر فە شار قیادە موەقەت دا، بە یارمەتێ دەوڵەت ئیدامەی ئە و کارە سیاسییە، کە لەوە بەرلە ناو فە لا لە مەریواندا نەبوو، بەو شکڵە عەلەنیە ئیتر ئیمکانی نەبوو. ئەوە بوو هەر لە پە سا دێهاتەکان نەئەهاتن خویشیان ئەیان وت کۆبۆنەوە فایدەی چییە ؟ئێمە بۆ جەلەسە بین و ئەوان بێن بەن بە مەلماندا، فایدەێ چییە؟

**یەک ڕێگابوو بۆکار کردن. ئەڵبەتە ڕێگاێکە لەوە بەر لە مەریواندا کرابوو ولە هەر جێگایە کیتر کرابوو لە لاێەن رەوشە نفیکری ئینقلابیەوە، ئەوێش ئەوە بوو دووبارە بەو شێوە نەهێنی رابردوە، مەتەوەسڵ بیت، وەلی ئەوە بۆ شەراێەتی تازە واقەعەن شێوەیەکی دواکەوتوو بوو، وەزع گورابوو، راستە قیادە و دەرەبەگ بەو نە وعە هێرشێان دەێنا وەلی لەولاوە ئامادە گی خەڵکیش فەرقی کردبوو، عەلارەغم ترس عدەیەک ئیمکاناتێ بوو، بتوانی نەێەلێت ئەو خەفەقان ڕابردووە نەسبەت بە فەلابەرنە بەرەوە، کە دووبارە بە کۆنترین شێوە مەتەوەسلبیت یانێ لە وەزعێکدا کە ئەوان چەکیان هەێە و بەزور ئەێانەوێ نەێەڵن فەلا فەعالیەت کا، فەلا یەک بگرێت. لەولاکەوە بۆ دیفاع لەو یەک گرتنە حەدەئەقە ل هەر ئەوە فەلا چەکدار بێت کە بتوانێ ئەو تەشەکول خۆێە بە وەجود بێری و لە واقیعدا هەدەف ئەسڵی ئەو شتەێە، کە عەبارەتە لە کاری سیاسی و تەشکیلاتی لە ناو خەڵکدا. مونتە ها بۆ خود ئەو کارە چونکوو مەورد هەجوم**

**قەراری گرتوە و ئیمکانیشی بوو هێزێکی چەکدار دیفاعی لێکا و هەر بەو مەبەستەوە بوو چوینە دەرەوە و باز هەم بڕیاری گشتی فەلا و جەماعەتەکە ئەوە بوو مادام شەرمان لەگەڵا نەکەن مادام فەلا هەجوم نەکرێتە سەری ئێمە حەتتا هەجوم ناکەینە سەر دەرەبەگ. یانی ئەگەر دەرەبە گیک هە بێت و هەجومی نەکردبێتە سەر فەلا ئێمە لە، لە حاز نیزامی یەوە کارێکمان بە سەر کاریەوە نیە، وەلێ لە لەحاز سیاسیەوە ئێمە مورەتەب تەبلێغات زدی دەرەبە گایەتی ئەکەێن. و بۆ یەک خەستن فەلایش تێئەکۆشین، وئەوە مەنزوری ئەسڵی لەو جەولە بوو.**
ئەو کاریشمانە لە دێهاتدا دەس پێ کرد لە ئەوەڵەوە کەمتر ئەستقبالێیان ئەکرد، وەلێ هەر لەپەسا کە ئێمە چوین خەڵکەکە زۆرتر ئەیان ناسین و زۆرتر کۆمەکیان ئەکردین، ئەڵبەتە هەر لە روژی ئەوەڵەوە کە کەوتینە جەولە ئێمە چەند بڕیارمان بە یە کەوە بوو. یەکیک ئەوە ئێمە بە رۆژدا ناچینە ناو دێ چونکوو پیاو لە ماڵەوە نیە لە دێ پیاو ئەچن بۆکار کردن لە دەشت و بە سوننەتی لای ئێمەش دروست نیە عدەیەکی پێشمەرگەی پیاو برونە دێکە تەنیا ژن و منداڵی هاتیا. بڕیارمان هاتە سەر ئەوە بە رۆژدا لە دەشت بین وتا ئەو جێگا ئەتوانین لە کاردا یارمەتی خەڵکەکە بدەین. هەر ئەوەڵ رۆژ کە بۆ دێکە چوین،شتێک سەرنجمانی راکێشا، لای ئێمەکارێک هەیە کۆکەنی پێ ئەڵێن کەما و لوو کە ئەوانە نەوعیک ئاڵەفن ،ئەیکەنن پیش ئەوە بروینە ناو دێ کە چوین بۆ کۆکەن کردن چەند نەفەرمان بوو بە نگابان ئەوباقیەکەمان کۆکەنی ئەکرد و شەوەکی چوینە ناودێ لەوە بەولاوە ئێتر ئەوە بوو بە یاسامان ئەڵبەتە لە ئەوڵەوە چونکوو لە هەجوم قیادە کە بێتە سەرمان مەترسیمان بوو، ئەویش بە هێزتر بوو کە ئێمە گشتمان عانێکا کەوتینە جەولە 16 تفەنگ بووین. حەوت فەلا و نۆ رەوشە نفیکربە 16 تفەنگ و ئەوان تا ئەوعانە بە جاشە ئێرانیءیەکانیانەوە حەدود سەد تفەنگ بوون. ئەوان تەجرەبەێ نیزامیان بوو ئێمە نەمان بوو، ئەوان ئارپی جی یان بوو ئێمە نەمان بوو. ئەگەر بەهاتایەنەسەرمان لەوانە و ئێمکانی بوو دەرەقەتیان نەیێن، دەرەقەتیشیان نەدەهاتین مەگەر ئەوی بە دەسیانەوە دەرچووباین هەر بەو دەلیلە لە ئەوەڵەوە بۆ ئەو مەزرا نەئەچویەن و جێگایە ک ئەچوین هەم بتوانین

کارکه‌ین و هه‌م ئیمکانی دیفاعیشی بێت مه‌سه‌له‌ن ئه‌گه‌ر جێگاکه زۆر ده‌شت بوایێت و ئێمکانی دیفاعی نه‌بوایه نه‌ده‌چوین وه‌لێ به هه‌ر حاڵ ئه‌وکارمانه ده‌کرد، رۆژانه که‌م تا فره کارمان ئه‌کرد به شه‌ویشدا ئه‌چوین بۆ دێ و خه‌ڵکه‌که‌مان له مزگه‌وت کۆ ئه‌کرده‌وه. بۆئه‌وه‌ی باسی چی بکه‌ین له ناو خۆماندا به ته‌وافق گه‌یشتبوین که به کۆرتی کۆرت ئامانه بوون و ئێمه له‌وه پێشیش مه‌ته‌وجه ئه‌وه بوو بووین. که له دوای ده‌رچونی شا و لا چونی به‌ختیار روحیه‌یک له ناو فه‌لا بوو. له‌وه پێشیش له‌ره‌ق ده‌ره‌به‌گ دا لایه نگری شا بوون، لای ئێمه وابوو جا نازانم له‌م مه‌نته‌قه‌یه چۆن بوون. ده‌ره‌به‌گ ژیابوه‌وه ئه‌وانیش پاشایێتیان پێ باشتر بوو. بۆیه ئێمه به لازمان ئه‌زانیی له گه‌ڵ ئه‌و وه‌زعا موبارزه بکه‌ین. فه‌لا تێبه‌گه‌یێنین که شا باش نه‌بوو، ئه‌گه‌ر ئه‌م وه‌زعه تازه باش نیه به‌و مه‌عنا نیه شا باش بوو. بۆ ئه‌وه باس ئه‌سڵاحات ئه‌رزیمان ئه‌کرد که ئه‌سڵاحات ئه‌رزی کراوه. ئه‌سڵاحات ئه‌رزی راسته قینه نه‌بوه زوڵم و زۆری به سه‌ر فه‌لاوه بوه، ئیجاره دان نه‌ده بوو بوایه. جوچین، زه‌وی پێ نه‌دراوه، بازی زوڵم و زۆریتری ده‌وری پاشایه‌تی جه‌نگه‌ڵبانی، شه‌کاره‌بانی و فه‌ڵان و به هه‌مان ئه‌وانیشه بۆ خۆیان زوڵم بوون، هێچ کام له ئه‌وانه ناوی بمێنێت. **باسی ئینقلابمان ئه‌کرد که ده‌س که‌وتی چ بوه؟ زه‌ره‌ری چ بوه ؟** و له دێ کا قسه‌مان ئه‌کرد مه‌سله‌ن له جه‌ماعه‌تمان ئه‌پرسی ئه‌م ئینقلابه باش بوه ؟ له زۆر جێگا جه‌ماعه‌تکه ئه‌یانوت نه‌وه‌ڵاه باش نه‌بوه. **ئێمه ته‌وزیحمان ئه‌دا وانیه هه‌م باشی بوه هه‌م خراپی بووه.** بو نموونه هه‌ر ئه‌وه‌مان ئه‌پرسی له جه‌ماعته‌که پاره‌که ئه‌م عانانه ئێمه ئه‌مانتوانی له‌م مه‌زگه‌وته دا کۆ بینه‌وه بێ ئیجازه‌ی ژانده‌رمه قسه بکه‌ین و فه‌لان و به هه‌مان ئه‌یانوت نا! ئه‌مانه‌وت ده‌ی ئه‌وه یه‌کیک له ده‌س که‌وته‌کانیه‌تی. ئه‌توانیین ئه‌لان قسه به خۆمینی یش له‌م مه‌زگه‌وته دا بێژین. وه‌لی پاره‌که نه‌ده‌توانی قسه به ره‌یس پاسگایش بێژی. پاره‌که ئه‌مانتوانی ئه‌سڵه‌حه‌مان بێ یا نا ؟ ئه‌یانه‌وت نا. به لام ئیسه هه‌مانه. پاره‌که جه‌نگه‌ڵبانی چی ئه‌کرد شه‌کاره‌بانی چی ئه‌کرد ئه‌و وه‌زعه‌و ئه‌وانه نه‌ماوه په‌س ئینقلابه‌که ده‌سکه‌وتی بوه عمومه‌ن چاو و گویمان کردوه‌ته‌وه هوشیارتر بوینه‌سه‌وه، **داوای حه‌قی خۆمان ئه‌که‌ین، خه‌لکی کورد**

**داوای حەقی خۆی ئەکا**. ئالەوانە زەرەریشی ئەوە بووە دەرەبەگ ژیاوەسەوە ولە ژیانەوی دەرەبە گدا دەوڵەتەکە موقەسەر بوو. دەوڵەتە کە سیاسەتیکی زدی دەرەبە گی نەبوو بەڵکوو لاینگیریشی لێ کردن، بۆژیانەوە. زەرەرێتریشی لە سەتح کوردستاندا داوە ئەوەیە کە گوی بە حەقی میللەتی کورد نداو لە سەر مەسەلەی حەقی میللەتی کوردیش تا ئەو جێگا پێمان ئەکرا ڕونمان ئەکردنەوە. **حەقی میللەتی کورد لە نەهایەتدا ئەساسەن حەقی جووتیار و زەحمەتکێشی کوردە هەم لە بار نەفوسەوە هەم لە بار زەحمەتکێش بوونیەوە و باس ئەو حقوقمانە ئەکرد و بۆ ئەوە ئەویش بەدەس بێت ئەشێ یەک بگرین، یەک گردنەکێش پەلە پەلە لە نەزەر ئێمەوە ئاوەها، جەمعبەندی بوو بوو. لە بەرا لە سەتحی دێ دا یەک گرتن شورایە کی ئینقلابی لەوە دوا لە سەتحی مەنتەقە دا یەکیەتی جووتیاران و مولحەق بوون پی لە دوای ئەوانە باس ئەوەمانە ئەکرد چونکوو دەوڵەت نیە لە ناوا و لەواقیعدا دەوریەکی** عەشایەری بو خۆی ژیاوەیەوە دەرەبەگ موسلەحە و زوڵم و زۆر ئەکا فەلایش مەجبورە ئەو هێزە چەکدارەی ببێ. یانی هەر بو ئەو یەک گرتنە بۆ ئیوە تێک نەشکێ مەجبورە هێزی چەکدارەکەی ببێ، بنا بەوە لازمە پێشمەرگەیشی بۆ دیفاع ئالەو کارە و بۆ بەرگریی کردن لە ژیانەوی دەرەبەگ ببێ ئەو مەسلەیشمانە مەترح کرد وەزعی دەوڵەت ئەلان بەو نە وعەیە. پێشم وایە واقعێەتی هەر ئەوەیە فەقەت لە بان ئەو نیروە سیاسیانەکە کەم تا فرە هەیە و چەکدارن حساب دەکا. مەسەلەن بۆنموونە موقایسە سادەێ ئەکەین. جەبهەی میللی عەلارەغم ئەو گشتە خۆڵتە و تەشەبوس و چاپلوسی یە کە نەسبەت بە خۆمینی هەیەتی گوێ نادەنێ. وەلێ سازمان موجاهیدین یا سازمان چریکهای فیدای و حیزبی دیموکرات و هەر هێزێک کە لە ئێراندا چەکدارە دەوڵەت مەجبورە لە سەری حیساب بکا، **جەمعیەتی سنەوئەو شەرەی سنە توشی بوولەوەو بەر ئەسلەن بە رەسمیەتی نەدەناسی هەر بە عدەیە ک مناڵە وردەێ دائەنا. وەلێ لە دوای ئەو شەرە ئایەت اڵاە تاڵەقانی و وزیر کیشور مەجبور بوون لە گەلیا تەرەف بن و لە بان مێزێکەوە دانیشن و لە گەلیا قسەکەن، مەسەلەن شورای 11 نەفەرەی قەبۆل کەن،**

**عه‌لاره‌غم هه‌ر ته‌وته‌ئه‌یک که به خه‌رجیان ئه‌دا ئه‌و کاره یه‌که‌م جار بوو له سنه کرابوو عه‌ین ئه‌و جه‌ره‌یانه سه‌ررای وه‌حشیگه‌ری ئه‌وان له گونبدا تیکراره‌وه بوو عانێکا خه‌لکی گونبد چه‌کیان هه‌لگرت و موقاومه‌تیان کرد ئه‌وان مه‌جبور بوون به‌هه‌ر حال له گه‌لیاندا قسه بکه‌ن، له خوزستانیشا عه‌ین ئه‌و جه‌ره‌یانه تیکراره‌وه بوو**. ئاوامان ته‌وزییح ئه‌دا مادام فه‌لا به‌و به‌ش خۆراویه هه‌یه به‌و حه‌قانه‌وه هه‌یه‌تی یه‌ک نه‌گرێ و به تایبه‌ت ئا له‌م وه‌زعه‌دا هێزی چه‌کداری نه‌بێ هیچ که‌سیک له سه‌ری حیساب ناکا. بنا به‌وه بۆ ئه‌وه بتوانێ له حه‌قی دیفاع کا نه‌هێلێ دوژمن بێته‌وه سه‌ری و حه‌قه‌کانی بسه‌لمێنێ. ئه‌شێ ئه‌وانیه‌ی ببێ ئه‌وه خولاسه‌ی ته‌بلیغێ ئێمه بوو.

باشه هه‌ر چێ جه‌وله که پێشتر چوو زۆرتر ناسرا و زۆرتر یارمه‌تی ئه‌درا. له‌و جه‌ره‌یانه ئه‌لبه‌ته ته‌وته ئه‌یه‌ک له لایه‌ن مالیک و به‌رعه‌له‌ی یه‌کیک له فه‌لاکان که‌وته رێ ئه‌وه‌ی‌ش ئه‌وه بوو جاشێک له مه‌ریوان هه‌یه که خۆی ره‌عیه‌ته هه‌ر له کۆنه‌وه جاشی به‌گزاده بووه و بۆ خۆی هێزی چه‌کداری هه‌یه. ئه‌وه‌لین جه‌وله‌یه‌ک که له مه‌ریوان کرا ئه‌وکردی به حه‌دود 15 تفه‌نگه‌وه به‌و دێهاته‌دا تێکه‌وت به ناو به‌گزاده‌کان تا لای شیخ عوسمانی دوورو چوو. کوری ئه‌وه ته‌جاوه‌زی به که‌چ یه‌کیک له‌و فه‌لایانا کردبوو که ئه‌و فه‌لایه له ته‌ک ئێمه‌دا بوو. ئه‌لبه‌ته ئه‌و شایعه داکه‌وت که وابوو، خه‌بر ده‌را به ئێمه و ئێمه ته‌سمیمان گرت حه‌تمه‌ن تۆله‌ی ئه‌وه به‌سێنین چونکوو جوان دیار بوو ئه‌و کاره کارێکی سیاسیه بوو وبۆ بێ ئابرو کردنی ئه‌وفه‌لایه بوو. بو ئه‌وه نه‌هێلن که‌سیتر به‌و جه‌ره‌یانه‌وه بنووسێ. ئێمه له ناوچه‌یه‌کی تردا بووین گه‌راینه‌وه بوئه‌و ناوچه که مالی ئه‌و کابرایه‌ی لێ بوو و که‌وتینه شوێن ئه‌و یه‌ک نه‌فه‌ره که گوایه ئه‌و کاره‌ی کردوه به شوینیه‌وه بوین رۆژێکیش 10 تفه‌نگمان ئاماده کرد تابه‌ر ماشینه‌که‌ی بگرین ماشینه‌که هی باوکی ئه‌و کوره بوو و کوره به بانیه‌وه شوفیر بوو به‌لام ده‌ستمان نه‌که‌وت و ئه‌و جاشه نه‌وعی مه‌لهۆر و گه‌ردن کۆلفتی ئه‌و ناوچه‌یه بوو وه‌زعه‌که‌ی وا دیبوو ئه‌مجاره که‌وته شفا ولاله و خولته وچه‌ند که‌سی بۆلای ئێمه نارد بۆ خۆا بۆ پێغه‌مه‌ر و درۆئه‌که‌ن و خولاسه خۆی خسته مالی کابرای فه‌لاکه

بە یاسایەکی عەشایەری چەند مەلای برد و خۆی وکورەکەی سوێندیان بە قورئان خوارد، قورئانی خوارد کە کاری وا نەبوە یانێ جوابی ناردبوو من دێم قورئان ئەخۆم ئەگەر بە سوێند وقەسەمەکەی خۆم بروای نیە.

تفەنگەکەی خۆمی پێ ئەدم بیکوژێ ، خۆد ئەو مەسەلەیە بوو بە باعیس ئەوە جاشێکی قەوی یەکەمین جار ئا بەو نەوعە لە موقابلی فەلایەکی پا پەتێدا سەری دانەنواند ئەو وەختە میقدارێ ئەعتباری ئێمە چووە بان. غەێرەز ئەوە لە جەرەێان ئەو جەولەیە دەرەبەگی قەوی مەریوان تایفەیەکن بە ناو هەیەربەگی (حیدەربەگی) هەرەشەیان کردبوو ئەگەر بێنە دێ کانی ئێمە، ئەیان کوژین و ڕێگایان نادەێن، ئەیان کەین بە بووک. ئیمە شەوێک چوینە ئەو دێ یە کە هەرەشەیان کردبوو جا بەر لە ئەوە ئەو دێهاتە بروێن خەلکی چەند دێ ئەویانە پێ وتبۆین برونە ئەو دێ یە کە هەرەشەیان کردبوو. ئێمە بە کردوە بە تایبەت ریگامان نەدا. یانی سەرنجی ئەو کارە بدەن **تازە بە هێزی چەکداریشەوە تۆ ئەروی تەبلیغی سیاسی کەیت ئەو بەرت ئەگری جا ئیستا ئەگەر چەکدارەکیشت نەبووایە وبۆ تەبلیغی سیاسی بڕۆبشتبای ئەو چەکی هەبوو و بێگومان بە شەق تی هەڵ دەدایت، بە عەقیدەی من واقعیەتە عەینیەکە ئەوەیە کە ئەوان بەر فەعالیەت سیاسیان ئەگرت، بەر ئەوەیان ئەگرت کە فەلا چاو و گوێێ بکاتەوە** حەتتا ئەگەر بە هیز چەکداریشەوە بروی هەرەشەت لی ئەکەن کە نایەڵم بێت ئیستا بە تەنێا بروو خەلکەکە بانگ کەرە مزگەوتێک وسوخنرانیان بوو بکە لە و کاتەدا ئەسڵەن خەلکەکە نەدەهاتن بیش هاتابایین بە شەق دەریان ئەکردن. ئێمەش بە هەرەشەیان گوێمان نەداو روینە ناو دێ کە، دەنگێک نەبوو روانیمان نەختێکی مابوو بە مەغریب کە خەبریان داو وەتێان تفەنگچی بەگزادە دەوری ئوەیان داوە و خولاسە شەرە عدەیەک لە خەلکی دێ کە ترسابوون هاتن و بە ئێمە یان وت برا ئەو شەرە بە مل ئێمە دا دامەسەپێنن با ژن و منداڵی ئێمە نەکوژرێ . ئێمە وتمان کاکە گیان تازە ئیمە هاتوین دوای ئەوە ئەوان دەوری ئێمەیان داوە، خۆ ئێمە ناتوانین لەم دێ بروینە دەرەوە با ئەوان بێن شەری خۆمان ئەکەین. ئێوە ژن و منداڵتان بە رنە ژوورەوە هەر لەو عانا لە سێ دێ

تره‌وه تفه‌نگچی بۆ یارمه‌تی ئێمه هات. خه‌ڵکه که به مه‌حز ئه‌وه خه‌بره‌که ئه‌بیسن و ته‌نانه‌ت پێشمه‌رگه‌یشیان بۆ ناو ئێمه نه‌ناردبوو، و دوو دێ یان مه‌خسوسه‌ن دوو شه‌و له‌وه پێش چوبوین به ته‌رتیب له ئێمه داوایان کردبوو حه‌تمان ئه‌و دێ انه بچین عانێکا دی‌تیان ئێمه چوبوین و به‌گزاده ده‌وری داوین خۆیان به ئێمه‌یان وه‌تبوو که کرده‌وی ئێوه‌مان دیوه، ئه‌مجاره خۆیشیان بێ کردوه دانه‌نیشتن به چه‌کداریانه بۆ یارمه‌تی ئێمه هاتن وه له یه‌کی له دێ کان دا جاده‌یه‌ک ئه‌هات بوو ئه‌و دێ ئێمه‌ی تیا بووین سه‌یته‌ره‌یان دانابوو و هه‌ر ماشینێک ئه‌هات کوونتروڵیان ئه‌کرد، موتمه‌ئین نه‌بواین که لایه نگرێ ئێمه‌ن نه‌یانده هێشت بێ. خولاسه تفه‌نگچی جووتیار هاتبوو و ده‌ور تفه‌نگچی به‌گزاده‌ی دابوو، له شار مه‌ریوان و دارسیرانه‌وه دیسان یارمه‌تی بۆ ئێمه هات هه‌رکه به‌گزاده ئه‌و جه‌ریانه ئه‌بیسی تفه‌نگچیه‌کانیان له په‌سا ئه‌کشێنه‌وه وده‌رئه‌چن، وه‌لێ هه‌ره‌شه‌یان بۆ ئه‌و دێ که‌یتر ناردبوو که بێن له‌وی ئه‌تان کوژین ئه‌و مه‌سه‌له‌یه هه‌م به‌گزاده. .....که ته‌نیا ئه‌و هێزه نیه شتێک که ئه‌سڵه‌ن فیکریان نه‌ده‌کرد ئێمه‌ش واقعه‌ن فیکرمان نه‌ده‌کرد و به خه‌یاڵمان دا نه‌ده‌هات که له دێهاتی تره‌وه بینه کومه‌کمان هیچ وه‌ختێ له بان ئه‌و هێزه حیسابمان نه‌کردبوو به‌گزاده‌ی ترساند و ئێمه‌ی دڵ گه‌رم کرد. ئه‌ڵبه‌ت به عه‌قیده‌ی من ئه‌وه بۆ خۆیی ته‌جره‌به‌یه‌کی به که‌ڵک بوو. **حیزبی دیموکرات له روداوی ئامێد و ئه‌وانه دا زیره‌کانه له‌و هه‌له ئه‌ستفاده‌ی کرد و به‌داخه‌وه ئه‌م جه‌معیه‌تانه ئه‌و کاریانه نه‌کردوه یانێ ته‌واو جه‌ریانه سیاسی‌یه‌کان نه‌یان کردووه چه‌ند چه‌ک له خه‌ڵک دیفاع کا، خه‌ڵک هێزی خۆی پێوه ئه‌نوسێنێ** و له واقیع دا ئێمه له‌و عانا هه‌رکه مه‌سه‌له‌ن 30 تفه‌نگ بووین له‌و شه‌و دا نزیک 50 تا 60 تفه‌نگیترمان پێ ئێزافه **بوو له ئه‌وه‌ڵه‌وه به هێز ی که‌مه‌وه روین وه‌لێ چون له سه‌ر ئه‌مرێکی خه‌ڵکی وعادڵانه دیفاع ئه‌کریا ئه‌روانی هێزت زیاد ئه‌کا. من پێم وایه ئه‌وه ته‌جره‌به‌یه‌کی گه‌وریه. عه‌لاره‌غم ئه‌وه جه‌ریانی مه‌ریوان هه‌ر چێکی به سه‌ر بێ ئه‌و واقعێه‌ته نیشان ئه‌دا که خه‌ڵک له ئه‌مرێک که به‌ر حه‌ق بێ و مه‌نافیع ئه‌وانی تیا بێ دیفاع ئه‌که‌ن فه‌قه‌ت ئه‌وه لازمه جه‌ریانی ئینقلابی جورئه‌ت ئه‌وه‌ی بێ به مه‌وقیع له**

**تفەنگ ئەستفادە کا** خولاسە هاتنی ئەو کومەکانیشە بە سەر روحیەی خەڵکی خۆد ئەو دێ دا کە بەو نەوعە وتم ترسابوون تەئسیری دانابوو. ئەیانەوت بۆ خوا شەرەکە لە ئێمە لادن بە تەواوی تەسیری کرد روحیەی خەڵکی گورا بوو مەخسوسەن دیتیان بەگزادە ترساوە کشاوەتە دواوە زۆرتر بۆ مەقاومەت تەشویق بوون ئێمە بەو نەوعە بەو دێهاتەدا جەولەمان ئەکرد تا بەلەخەرە شەرێک بە توشمانەوە بوو.

موختەسەر جەریان شەرکەیشتان بوو بگێڕمەوە زۆر موختەسەر ئەڵبەتە ئەو دێ لە ناوچەی مەریوان نەبوو بەڵکوو لە ناوچەی کەڵاتەرزانی کۆماسیـیە کە جزو ناوچەی مەریوان نیە و دوور ترە. نکتەیەک موتەوجە بووم چەند تەجرەبە یەک بیگیرمەوە. ئەڵبەت ئەو تەجرەبانەی کە مەربوت بە باری نیزامی مەسەلەکەن، مەسائێلێکی وردن و ئەشێ نەوعێکی تر قسەی لێکرێ کە ئەلعان من لێان ئەگەڕێم و بۆ خۆیان لە جێگای خۆیان دا ئەهمیەتی هەیە. وەلێ لە باری سیاسی و ئیجتماعێ یەکەیەوە تەرکیب پێشمەرگەکانی ئا بەو نەوعەنە کە عدەیەکیان هاتونەتە دەرەوە، بە قەوڵ خۆیان کە وتوویانە، ئێمە بۆ ماوەی رۆژێک و دوو رۆژ بۆ پێشمەرگایەتی نە ها توین بەڵکوو هاتوین دوو ساڵ سێ ساڵ تا دە ساڵ بخایە نێ و حەقی کوردمان ئەوی ئەوە بەشێکیانە. بەشێتریان وا نیە لە دێ کانەوە، بە نۆبە ئەنێرن یانێ خەڵکی دێ کە کوبونەتەوە لە سەر ئەوە رزایەتیان داوە کە ئەشێ پێشمەرگەمان بێ. هە موو کەسێک ئەشێ پێشمەرگایەتی بکا. لە بەر ئەوە بە نوبە ئەیان نێرن. ئەو جەماعەتەی لە خەڵکی دێ کە کە رازین بە نوبە تینە ناو ئێمە، چەند رۆژ ئەبن حەفتە دە رۆژ بە تەفاوت تا یەک مانگیش هەیە، بە گوێرەی وەزعی دێ کە لەوی ئەمێنەوە لەوە دوا جێگرەکەیان تێ وئەوان دەرون.

بەڵام وەزعی بزووتنەوەی ئە لعان لە نەزر روحیە و مەوزعگیری ئەو جەماعەتەوە لە مەنتە قەی **ئێمە ئەوەیەکە لە باری سیاسییەوە رەهبری جەریانەکە بە دەس فەلای مورەفە و یە، بە دەس دهقان مورەفە ویە یانێ ئە لعان لە موخالەفەت لەگە ڵ ژیانەوی دەرەبەگ ولە موخالەفەت لەگەڵ خومینی دا لە باری**

**سیاسی یه‌وه عه‌مه‌ڵه‌ن ره‌هبری به ده‌س دهقانی موره‌فه ویه و هه‌ر له ئه‌وه‌ڵێ ئیسلاحات ئه‌رزی یه‌وه تا ئیستا ئه‌و وه‌زعه له مه‌نتقه‌ی ئێمه دا هه‌یه پێم وایه ئه‌وه ناشی له ماهیه‌تی ئیسلاحاتی ئه‌رزی له ئێران دا بوو، ئیسلاحات ئه‌رزی به‌ته رتیب زۆر تر مه‌نافیع موره‌فه‌ترین دهقانه کان ره‌عایه‌ت ئه‌کرد. ئیستا کارمان نیه به‌وه تا چ حه‌دێک له مه‌جموع دا مه‌نافیع فه‌لای ره‌عایه‌ت ئه‌کرد وه‌لی ئه‌گه‌ر مه‌نفه‌عه‌تێکیش ره‌عاه‌ت ده‌بوو ته بعه‌ن بۆ فه‌لای موره‌فه زۆرتری تیا بوو، تا بو فه لای قه‌ره، ئه‌لعانیش ئه‌گه‌ر ده‌ره‌به‌گ بژێته‌وه دیاره فه‌لای موره‌فه زۆرتر زه‌ره‌ری تیا ئه‌کا تا قه‌ره.** قه‌ره شتێکی نه‌ه ئه‌وپه‌ره‌که‌ی بێگاری بێته‌وه سه‌ری که هاتنه‌وه‌ی بێگاری سه ختیشه به‌ڵام ئه‌وان له باری سیاسی یه‌وه فه‌عالترن سه‌رڕای ئه‌وه له مه‌جموع دا روحیه‌ێه کی دیفاعیان هه‌یه یانی ئه‌ساسه‌ن حازرن دیفاع که‌ن که به‌گزاده و ده‌ره‌به‌گ ته‌عه‌روزیان پێ نه‌کا. له واقیع دا ئه‌وه که هه‌یانه له ده‌ستی نه‌ده‌ن **و مه‌وزعگیریه‌که‌یان ئاواته به ر عه‌کس قه‌ره روحیه‌ی ته‌عه روزی هه‌یه و ته‌بێعیشه ئه‌سڵه‌ن واقعێه‌ته عه ی‌نی یه‌که وایه که ئه‌و له چ دیفاع کا که له ده‌ستی نه‌دا، ئه‌شێ ته‌عه‌روز کا که شتێک به گیربێری و ئه‌وه له ته‌رکیب پیشمه‌رگه‌کان دا جوان دیاره،** ئێمه چه‌ند مه‌وردمان بۆ پێش هاتوه و مه‌ترح بووه که ته‌عه‌روز که‌ین ،حه‌مڵه که‌ین، جاش بگرین، به‌گ بکوژین، به‌ره‌ی جووت به‌نده کامه‌ڵه‌ن موخالفتیان کردوه وه‌لێ به‌ره‌ی قه‌ره‌له سه‌ری سوور بوون که ئه‌شێ بیکه‌ین ئه‌وه له له‌حاز روحی و مه‌وزعگیریه‌وه باز هه‌م له له‌حاز ته‌رکیب هێزی پێشمه‌رگه‌وه دیاره ئه‌لعان ئه‌کسریه‌تی ئێمه به قه‌ره یه. یانێ له بار سیاسی و کار و قسه کردن هه‌ڵ هاتن له‌م لا و له‌و لا، له ناو شاردا، فه‌لای موره‌فه‌فه‌ره‌تر شرکه‌تی هه‌یه وه‌لێ کار نه‌ختێ سه‌ختری که پێشمه‌رگایه‌تی دهقان بێ زه‌وی یه، قه‌ره ئه‌کسریه‌ت به ئه‌وانه. ئه‌وه من پێم وایه ته قریبه‌ن ئه‌توانی له ئاینده‌ی جه‌ریانه که دا سه ێر ته‌کامولێه‌که‌ی نیشان بدا.

**ئه‌ڵبه‌ت سه‌بارت به‌و مه‌سه‌له‌ی که مه‌ترح بوو و من بیستومه چونکوو له لایه‌ن بازی له‌م ریکخراوه سیاسیانه‌وه ئه‌و مه‌سه‌له‌یه مه‌ترح بووه و چونکوو ئه‌و بزوتنه‌وه‌یه، بزوتنه‌وه‌ی دهقان موره‌فه‌هه و به‌نیاده م نابێ زۆر ته‌کیه له سه‌ر**

**بزووتنەوەی دهقانی مورەفە بکا وموتڵە قەن ئینحرافە مونتە ها بەنیادە م واقعێتە عەینی یە کە تەماشا ئەکات ئەگەر بەو نەوعە ئەستدلال کەین خۆ مەخسوسەن ئەوانە بە هەر حاڵ ئینقلابیتر فیکر ئەکەنەوە بەو نەوعە ئەستدلال کەن کە چونکوو بزوتنەوی دهقان مورەفە نابێ تەکیەی لە سەر کەیت ئەشێا لە دەور ئەوەڵ ئەو ئینقلابە دا کە مەرکە زی فەرەتر شارەکان بوو و فەرەتر کارمند و کاسبکار و موعەلیم و موحەسڵ بوون ئیتر نەدەبووا تەکیەی لە سەرکەی. خۆ ئەوان لە دهقان مورەفەیش خرابتر نەبن خاستر نین،** وەلێ واقعیەت ئەوەسە ئەو دەورە لە کوردەواریدا بە تایبەت لە شارەوە دەستی پێکرد، شاری کەم تا فرە کارێکیان کرد ئەلعان مەوجی موبارزە هەڵ گەراوتەوە بۆ دێ ، ئەروانی شارەکان ئە لعان کش و ماتن و تەقریبەن بە جورێک جەرە یانی تیا نیە وەلێ دێ بوەتە عەرسەی موبارزە لە جەریان ئیسڵاحات ئەرزیشدا ئەوە بوو شار هەر بێ دەنگ بوو دێ ئاڵۆز لەم جەریان ئینقلابە دا بەرعەکس بوو، شار ئاڵۆز بوو دێ بێ دەنگ بوو. لە کوردەواریدا وەلێ ئەلعان نوبەی دێ یە و دەوری تازە لە دێ دا دەستی پێ کردوە، ئەوەتە ئابەو نمونانەوە کە وتم عانێکا موبارزەکە لە سەتح سیاسیەوە بۆ سەتح تەبلێغ موسەلەحانە، **ئاواتە کامۆڵ پە یدا دە کا نەقش قەرە ئازا دەرئەکەوی. ئەکسریەت هابە دەس قەرەوە و نەختێکیتر برواتە پێشەوە حەتمەن ئەوان نەقشی موهیمتر ئەگرنە عوهدە و لە واقیع دا جەرەیانەکە خەت تەکامولی خۆی تەی ئەکا، یانێ ئەچێ بەرو ئەوە ئینقلابیترین قشر لە فەلا دا بتوانی رەهبەری بگری بە دەستەوە، لە ناو ئەو جەماعتە دا کە پێکەوەین بە ناو هێزی پێشمەرگە ئێمە کاریترمان غێرەز ئەو کارە تولیدییە لە ناو خەڵک دا ئەیکەین مەقداری کاری سیاسیە لە ناو خۆمان دا بەیەکەوە دائە نیشین قسە ئەکەین، هەم سەبارەت بە وەزعی مەنتەقە، کەم تا فرە قسە ئەکەین. سەبارەت بە وەزعی کوردەواری، وەزعی ئێران، سیاسەتی حکومەت لەو ناوچە بۆ ئێمە مەترحە موفە سە ڵ قسە دە کەین. باسی قیادە موەقەت ومیقداری یەکیەتی نیشتمانی بە هەر حاڵ مەسایلێک کە نەقش ئەوان بۆ ئێمە تەئسیری هەیە دەکەیە.**
قیادە کە ئەسڵەن ئاشکرا دوژمنتە، یەکیەتی نیشتمانیش هان لەوێ ئەشێ ئێمە

بیان ناسین، قسه‌ی ئه‌وانه‌مان بووه که هه‌ر دوو جه‌ره‌یانه‌که به واقعێه‌ت تا ئه‌و جێگایه لیان ئه‌زانین بیان ناسین، نه‌قش ده‌وله‌ت عێراق ئاله‌و مه‌سایله و **مه‌خسوسه‌ن سه‌عی ئه‌وه بووه که پێشمه‌رگایه‌تی ته‌نیا چه‌کداریٚ نه‌بیت که بڕواته سه‌ر شاخێک بوه ستیٚ یا تفه‌نگێک به ته‌قێنیٚ به‌لکوو له له‌حاز سیاسیه‌وه په‌رورد ه بیٚ. ته‌حت ئه‌و عنوانه مه‌ترحمان کردوه.که ئه‌م هێزیٚ ئێمه ئه‌گه‌ر بنایه په‌ره بسێنیٚ مه‌جبورین هه‌رکاری سیاسی که‌ین له په سا په‌ل په‌ل بین و جێا بینه‌وه ونابیٚ ئیمه به ته ما بین فه‌رمانده کانی ئه‌وانه له شاره‌کانه‌وه بیٚ ئه‌شیٚ فه‌رمانده کان له ناو فه‌لا دا هه‌لسیٚ فه‌لای دیٚ ئه‌شیٚ تێبینی سیاسی و نیزامی وایٚ بیٚ که بتوانیٚ فه‌رماندهی بکا.** عانێکا ئه‌و مه‌سه‌له مه‌ترح بوو ئه‌سله‌ن عه‌لاقه‌یان به‌وه که زۆرتر بکێشینه ناو کاری سیاسی، و زۆرتر ته‌وه‌جه به خۆیان که‌ن و ئاگابنه‌وه زیاد بوو له ناویانا هه‌یه کوتوپڕ ئیعلامیه‌یه ک که له شاره‌وه تێت به ده ستیه‌وه ئه گریٚ ، ئه گه‌رچی بێسه‌واده ئازا ئێژی یالڵاه بیخوینه‌ره‌وه بوم. حه‌تتا ئێمه ئه‌و مه‌سه‌له‌مانه مه‌ترح کردوه که گروه و تاقمی زۆر هه‌یه ئێژن ئێمه لایه نگری فه‌لاین، لایه نگری زه‌حمه‌تکێشین وه‌لیٚ ئه‌شیٚ فه‌لاچاووگوی بکاته‌وه، خه‌لکی زه‌حمتکێش چاووگوی بکه‌نه‌وه کیٚ راس ئه‌کا و کیٚ درۆ ئه‌کا ومه‌عیاری ئه‌وه کیٚ لایه نگری خه‌لکه وکیٚ لایه نگری نیه چیه؟ خۆلاسه به‌م جۆره که‌م تا فره، خه‌رێکی کاری سیاسیش له ناو ئه‌واندا هه‌ین و به ته‌جره‌به‌یش بۆمن خۆم ئه‌وه روشن بووه‌ته‌وه له 10 تا 15 رۆژ شه‌رایه‌تی ئاوا دا فه‌لایه ک و رووناک بیرێک یه‌ک جار زۆرتر ته‌غیر ئه‌کا و په‌رورده ئه‌بی، تا دوو مانگ سیٚ مانگیش له شه‌رایه‌تی عادی دا. جا خۆلاسه‌ی که‌مه‌وه ئه‌و جه‌وله ته‌نیا کارێکی تفه‌نگچی گه‌ری ساده نیه، تفه‌نگه‌که‌ت به‌شانته‌وه بیٚ له‌م‌لاو له‌ولا به‌لکوو له عه‌ین حاڵ دا کارێکی سیاسی ته‌شکیلاتی و په‌رورده کردنه. ئه‌و پێشمه‌رگانه که دائم ئه‌مینه‌وه ته‌بعه‌ن ئه‌وه به جێگای خۆی کارێکی مونه‌زم له گه‌لیانا ئه‌چێته پیشه‌وه. ئه‌وانێشه که به موده‌ت 10 تا 20 رۆژ یا مانگێک دێن و ئه مێنه‌وه ئێمه‌یش برنامه‌یه کی تایبه‌تی بوو ئه‌وانمان هه‌یه که عانێکاخۆد ئه‌وانه ئه‌ڕۆنه‌وه ته‌بدیل

بن بە موبەلغین جەرەیانەکە یانێ وا پەروردە بن زیاتر لە ڕابردوو تەبلێغ بۆ موبارزە وتەشەکولدان بە جەرەیانەکە بکەن.

جا ئیستا زۆر بە کورتی جەریانی شەرەکە ئەگەڕێنمەوە مالکی دێ بە تەوتەئەێک چەند ساڵ لەمەوبەر نیوەی زەوی 11 ماڵ، کە لە تەقسێم ئەرازیکە دا 12 ماڵ رەعیەتی بووە و نەسق بەندیکراوە بە ناو 12 ماڵەوە کە لە دوای سێ چوار ساڵ پیلانێک بە بەهانەی ئاو ئە گێڕی ئیوی زەویەکانیان لێ ئەسێنیتەوە بە جۆرێک لیان ئە سێنیتەوە کە ئیداتەوە بە خۆیان بە نیوە کاری، دێ کە ناوی خانەگای جووجووە. ئەوان دوای ماوەیەک ئەکەونە شکایەت کردن، و لە ساڵی 53 بەم لاوە مورەتەب لە شکایت و ئەمڵا و ئەولادا بوون، کە ئەوە زوڵمان لێ چووە کەسیک گوێان پێ نادا، کە ئەم ئینقلابە تێ بەسەرا. زەویەکە بە نیوە کاری بە دەس خۆیانەوە بووە ئەو مالکە بە کومەک مالکە ئەسڵیەکەیان کە لە شاری سنە دایە وکابرایێکە بە ناو شاویسی مالکێکی تریش هەر لە عەین دێ کە دا بە پیلان لە گەڵ ئەو مالکە دا ئەیانەوی ئەو زەوی و زارەکە بە نیوە کاری بە دەس خەڵکەوە بووە لێان بە سێنەوە و بیوەن بۆ خۆیان خەڵکەکەیش موقاومەت ئەکەن مالک بە تفەنگ و هەرەشە و لێدان لە خەڵکەکە و لەوانە هەر لە پەسا زۆریان بۆ تێرن کە زەویەکانیان لێ بەسێنن ئاخری ئەوان لە پێشا ئەچنە سنە لای مەلا ئەحمەد موفتیزادە و کارێکیان بوو ناکا. **ئەچنە جەمعیەتی سنە کاغەزێکی بویان نوسیبوو بۆیەکیەتی جووتیاران مەریوان.** ئەوان پێش ئەوە بێنە یەکیەتی جووتیاران مراجەعەیان بە دادگوستەری کردبوو، دادگوستەریش وەتبوی ئێمە کاریکمان بوو ناکری چونکوو قودرت ئیجرایمان نیە و برونە یەکیەتی جووتیاران. 11 ماڵەکەیان هاتنە ئەوی و ئێمە لە مەسەلەکە تەحقێقمان کردو خولاسە دوای ماوەیەک مەسەلەکە بە ئاشتی و سەڵاحەت تەواو نەبوو ئێمە هەستاین بە حەدود 50 تفەنگ وە بوو خانگای جوو جوو چووین و هەدفمان ئەوە بوو لانی زۆر بە هەرەشە و تەهدید مەسەلەکە حەل کەین، وەلێ عانێکا چوین هە ندی بەگزادە و دەرەبەگ بە تفەنگەوە دامەزرابوون خولاسە ئێمەیان دا بەرتەقە ئێمەیش لەویدا مەسەلەێک مەترح بوو کە ئەوە بوو ئەگەر لەم تەقەدا

بگرینه‌وه دواوه ئیتر له هیچ جێگا یه ک جێمان ناکه‌نه‌وه و له ڕاده‌ی ئه‌وه‌ڵ یشدا بێگومان له نه‌زر خۆدی جووتیاره کانه‌وه ئه‌شکێن، پێشمه‌رگه‌مان بوو نه‌یان توانی هیچ کارێک بکه‌ن ته‌سمیمان گرت شه‌رکه‌ین بوو به شه‌ر و خولاسه چه‌ند سه‌عاتێک شه‌ر بوو دوو به گزاده کوژرا و دووانیتریان بریندار بوون ئه‌و وه‌خته له دوای ئه‌وه شه‌ر که ته‌واو بوو ته ئسیری زۆر بوو ئه‌ڵبه‌ته دێ یه کیتر له په‌نای ئه‌و دێ دا بوو که مالکه‌کانی هه‌ر ئه‌و مالکانه بوون یارمه‌تی ئێمه‌یان له‌و شه‌ر دا زۆر دا نان و ئاویان بۆ سه‌نگه‌ری شه‌ڕ دهێنا ته‌ئسیرات ئه‌و شه‌ره له ئه‌وه‌ڵه‌ن له سه‌ر جه‌ماعه‌ت پێشمه‌رگه که م نه بوودروست ئه‌و شه‌وه که شه‌ره‌که ته‌واو بوو چه‌ند نه‌فه‌ر له فه‌لاکان که له گه‌ڵ ئێمه دا بوون ترسابوون مه‌خسوسه‌ن یه‌کێکیان به سه‌راحه‌ته‌وه وتی برا من زاتم نیه، له م مه نته قه دا بمێنمه‌وه وئه‌ڕۆم. خانگای جوو جوو له که‌ڵاته‌رزانه ومه‌نته‌قه‌یه که له مه‌ریوان دووره خۆ به زۆریش ڕای ناگری.ئه‌و رویشت دووان سێانی تریان به‌هانه‌ی جۆراو جۆریان هێناوه و. که نوبه ئاومه و زه‌ویه‌که‌م واسه و فه‌ڵان و به‌هه‌مان رویشتن ئاوه هاعده‌یه کیان به‌ونه‌وعه ترسا بوون عده‌ێه کیتریان واقیعه‌ن دروست به پێچه وانه ته‌حریک بووبوون مه‌خسوسه‌ن و به تایبه‌ت و له مه‌جموع دا له شه‌رکه‌دا سه‌رکه وتوو بوین وجه ماعه‌ت پێشمه‌رگه تێدا قورس و قایم بووبوونه‌وه به جۆرێک که ئه‌یان وت ئه‌شێ ته‌عه‌روزکه ئیدامه بدین.

**********

له به‌ین ئه‌و دوو نه‌زه‌ر دا وه‌تووێژی زۆر کرا وبه‌له‌خه‌ره هاتینه سه‌ر ئه‌وه مه‌نتقه دوور بوو له مه‌ریوان ئیمه ئه‌گه‌ر ئه‌و مه‌نتقه چۆڵ که‌ین وه‌کو ده‌رچونه و ده‌ره‌به گی ئه‌و مه‌نتقه‌یش نه‌ختی به هێزن و ته‌عه‌روز ده‌س پێ ئه‌که‌ن خولاسه له‌و مه‌نتقه ماینه‌وه ئاخری مه‌وزوعه‌که له ناو خوماندا ئابه‌و نه‌وعه مه‌ترح بوو. چونکووله ناوماندا مه‌سه‌له‌که حه‌ل نه‌بوو هیشتا ته‌نیا نه‌تیجه‌ی ئه‌وه بوو دوو ده‌ره‌به‌گ کوژرابووشه‌ڕێک کرابوو یه‌کێکی خۆم ئێژم نه‌مزانی ته‌ئسیر ئه‌و شه‌ڕه له ئه‌وه‌ڵه‌وه له مه‌ریوان چون ده‌بێ؟ ته‌ئسیری له ناو فه‌لادا چۆن ده‌بێ؟ ئه‌یان

ترسێنێ یا ئەویتە باعیس ئەوە مولحەق نەبن، فرەتر راسی یەکەی تەسەورم ئەوە بوو ئەویتە باعیس ئەوە بۆ ماوەیک پێشمەرگە پێمانەوە نەنوسێ دەلیلیشم ئەوە بووله من ئەترسێ بێم شەڕێک دەبێ ئەکوژێم، گێان خۆشەویسی بەڵام هەر شەو دووم روشنەوە بوو ئەو تەسەور منە ئەشتباێەبە دەلیلی ئەوە ئەگەرچی فاسڵەکە دوور بوو، و ئیمە بە کوێسانیکی بەرزەوە بوین ئەسڵەن دۆزینەوە ی زۆر سەخت بوو روانیمان 16 تفەنگ هاتن و گەیشتن بیستبۆیان شەڕە بۆ یارمەتی ئیمە هاتبوون لەو 16 تفە نگیشە باز زۆربە یان فەلا بوون، کە زۆر گەرم و گور بوون هەر ئەوەڵ مەورد من یەکێکان خۆم ئێژم غەڵەت بوونی تەسەور و فیکرمنی نیشان دا خۆلاسە ماینەوە کەوتینە جەولە لەو مەتتەقە. ئەو مەنتقە بەر خەلاف مەریوان کەمتر کاری سیاسی تیدا کراوە تەقریبەن زۆر کەم بووە وەلی باوەجود ئەوە ئێمە بە دوو نەزەرەوە روبەرو بۆین یەکی عدەیەک مەحافـزە کار مەخسوسەن لە دێ کەدا کە زۆر ئەترسان ئەیانەوەت ئەوە هاتن مەنتقەکەتان شێواند و ئاورێکتان ناوەتەوە بەگزادە لەمەو لا گشتمان ئەکوژن، وەلی واقەعیەتی ئەوەسە ئەکسەریەت موخالیف ئەو نەزەرە بۆن ئەیانەوت دەستان خۆش بیت بە خۆا ئێتر زاتێان نیە سەر راستەوە کەن، ئەگەر ئەم کارتانە نەکرداێە ئێتر لەمەولا بەگزادە دونیای ئەخۆارد، ئیمە بۆ ئەوە مەوزوعەکە بە چ بارێکدا حەلی کەین لە بەرا خۆمان دائەنشتین قسەمان لێ ئەکرد. مەسەلەن ئەمانەوت بروین ئەو ماوەتەوە بەگەرین خەبەرمان بوو کە دەرەبەگ دەرچووبوون بۆ شار و مورەتەب لە لایەن خەڵکی دێ هاوسایانەوە خەبەرمان بۆ ئەهات کە چ ئەکەن ؟ چ ناکەن؟ خۆد ئەوە دلگەرمی بو ئیمە بوو، چەندین نەقشەمان ئەکێشا کە فرەتر حەقێقەتی ئەوەتا کە فرەتر ئەساسەن جەنبەی نیزامی بوو لە ئەوەڵەوە ئیمە فرەتر تەرەف دار ئەوە بۆین مەسەلەکە لە لەحاز نیزامیەوە حەل کەین، دوای بەێنێ وەت ووێژ ناو خۆماندا بەو نەتیجە گەیشتین خەڵکی ئەم دێهاتە ئاگا بنەوە و بە شەویشدا ئەچۆینە دێکان جەولەمان ئەکرد. خەڵکی تێگەیشتوو هەیە با یارمەتی لە ئەوان بخوازین ئەسڵەن خۆیان بکێشینە ناو جەرەیانەکە، جەرەیانی راستە یەک دێ بوو بە ڵام بابیکەینە جەرەیانی مەریوان و

دێهات با لەم مەسەلە دەخالەت کەن بۆچی بێ لایەن بن. دانیشتین هەر ئەو کارمانە کرد لە نمایندە ی چوار دێ دەعوەتمان کرد لە دێیەکیتردا کۆمان کردنەوە و چوینە ناویان وتمان برا گیان وەزعەکە خۆتان ئەزانن چی پێ بکەین تەنیا شتێک کە ئیمە هەمانە بە ئێوە بڵێن ئیمە پێشمەرگەی جوتیارین موتڵەقەن دەس لەوە هەڵ ناگرین لەم مەوزوعە بە زەرەری جوتیار تەواو بێت تائێستا یش دووان لەوان کوژراوە ئەگەر سەدتریشیان لێ بکوژری ولە ئیمەش بەکوژرێ دەستی لێ هەڵ ناگرین، بەڵام چۆنکوو ئەو قسەمانە لە هەندی لە جوتیارەکان بیستوە کە ئەڵێن مەنتقەکەیان شیواند و ئاورێکیان دروست کردو ئیمە بە سەڵاح ئێوە ئەزانین کە رێگایەکمان بۆ دانن چ بکەین؟ بێ پرس ورای ئێوە کارێ ناکەین ئەوەڵەن ئەو چەشنە بەرخۆردە واقەعیەتی ئەوە بوو زۆر تەئسیری لە سەر خەڵکدا بوو هەر ئەوکات مەخسوسەن یەکێکیانم لە بیرە من ئیناسم کە زۆر مەحافزە کار بوو وتی ئاوەرتان ناوە بە مەنتقەکەوە و پاشان ئەسڵەن بەرخوردی لە گەڵ ئیمە گوردرا.

ئەوەی کە ئەسڵەن پرسی پێ ئەکەی و ئەوی کە عدەیەک نین بە زۆر نیزامی سوار سەری خەڵکەکەبیین و ئاخری تەگبیری ئەوان هاتە سەر ئەوە وتیان برا گیان ئەوان هیشتا پەرسەیان تەواو نەبووە، مەسەلەیەک نیە ونەختێ سەبر کەن ئیمە خۆمان دەخاڵەت ئەکەین، لەوەدوا جوابتان لێ ئەنیرین ئیمەش لێمان قەبوڵ کردن وتمان باشە و ئاخرین مەوردی ئەوەسە خەڵکی دێکە هەر نزیک ئەو دێی یە کە شەڕەکی تیا بووە هەر ئەو رۆژە کە من هاتم جوابیان ناردبوو ئیمە 200 کەس ئەچین بۆ ئەو دێ کە ئەو کار وبارە دروست کەین دەرەو و کاری ئەو جوتیارانە هەیە بیکەین داوا ئەکەین لەهێز پێشمەرگەیش بازیکیان بێن هەر لە دوورەوە ببن ئیمە خۆمان کارەکە ئەکەین ئەوەڵین نەتیجەی ئەوەسە کە بەو کارە ئەلعان عدەیە کیتریش کێشراونەتە ناو ئەو کارە. یانێ تەنها جەماعت پێشمەرگە دەخاڵەتی نیە عدەیەکیتر لە خەڵک کێشیانەتە ناو کارەکە جگە لەوە ئیمە دوای ئەو چەند شەوە گەراینەوە بۆ مەریوان بەر خەلاف هەر ئەو تەسەورە کە هەرلە ئەوەڵەوە من بووم بەر عەکس خەڵک ئەمجارە فرە گەرم ئەهاتن بەرەو

پێشمەرگە و لەوا چەندین مەورد ئەوەمان بیست برا ڕاست ئەکەن کەسێک کە بۆ فەلا خۆی بە گوللەوە ئەنێ ڕاست ئەکا ئیتر درۆ ناکا و لەوە بەولاوە واقعەن گەرمتر بەرخوردیان ئەکرد. ئیمەش هاتینە سەر ئەوە مەخسوسەن بۆ ئەرزیابی ئەو مەسەلە کە ئەسڵەن ئەو شەرە چ تەئسیریکی بوو؟ لە مەجموعدا خەڵک چۆنی بەرخورد پێ ئەکەن دەعوەتێ گشتی لە دێهاتەکان کەین کۆبنەوە و تەگبیرێک لە مەسەڵە ی یەکیەتی جوتیاران بکەین و مەخسوسەن مەسەلەی پێشمەرگە بخەین بە بارێکدا ئەڵبەت بخەین بە بارێکدا لەو نەزەرەوە وتم جەناحی موخالیف ڕەوشەنفیکرێک بوون ئەسڵەن دژی ئیمە تەبلێغیان ئەکرد کە ئەوە ماجەراجویی یە و حەتتا چەتەیی یە و چی.

**ئیمە دەعوەتیکمان کرد بۆ دێی یەک لەوێ کۆبنەوە نمایندەی 62 دێ هاتبوون جەمعیە تێکی گەورە** و مەخسوسەن تفە نگ چی فرە هاتبوو لانی کەم 200 تفە نگ چی لەوی کۆبوونەوە. پێشمەرگەکانیش چون بۆ ئەوێ جەلەسەیەکی زۆر گەرم بوو تا نزیک سەعات دووی دوانیوە شەو ئەو خەڵکە قسەیان کرد و بە سورەت قەتنامەیەک دەرهات پێم وایە گەیشتوەتە ئێرە بە ناو کۆبۆنەوەێ ئاوایی "ولەژێر"ئەوە فشردەکەێە ئەڵبەتە و مەخسوسەن لەوێ ئەوە سەلما کە ئەشێ هێزی پێشمەرگە تەقویەت کریت. **ئەڵبەتە هەر لەو جەلەسەدا یەکی لە تەجرەبەگەلی تازە، بە عەقیدەی من ئەوە بوو وتم دوو جەرەیان ڕەوشەن فیکری بوو یەکێکی ئێمە کە لە ناو پێشمەرگەکاندا بووین و عەقیدەمان بە ئەو کارە بوو یەکێکش جەماعەتێتر کە موخالیفی ئەو کارە بوون و ئەو کارەیان بە ماجەراجوی ئەزانی، ئەڵبەتە هەر لە ڕۆژی ئەوەڵەوە عانیکا ئەو موخالەفەتانە دەستی پێ کرد ئێمە لە ناو خەڵکدا ئەو دوو نەزەرمانە مەترح ئەکرد بە کردەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەوە نیشانی ئەدا کار ئیمە پەرە ئەسێنێ وە لە ناو ئەو جەماعەتیشەدا کە لەوی مەترح بوو هەر دوو نەزەرەکە و هەر دوو تەرەف حوزۆرەن لە نەزەر خۆیان دیفاعیان ئەکرد لە دوای ماوەیەک وەتو وێژ لە ناو خۆیاندا،پاشان بەلەخەرە نەزەر ئەوانیان رد کردەوە نەزەر ئیمە یان تەیید کرد و ئەسڵەن مەسەلەکە بووبە باعیس ئەوە بازێکیان کە ئەسڵەن نائاشنا بوون ئاگا بنەوە کەرەوشەنفیکر گشتی**

**یه‌ک پارچه نیه نه‌زه‌رات موختەلفی هه‌یه راجەع بەوه قەزاوەت كەن. و واقەعنیش ئه‌و مه‌سه‌له نه‌زه‌ر خه‌لكی له نه‌هایه‌تا حه‌لی كرد وه‌یلا ئێمه دوو ته‌ره‌ف ره‌وشه‌ن فیكری به ته‌نهایی قادر به حه‌للی نه‌بووین ئه‌ڵبه‌ته پشت سه‌ر ئه‌وه جه‌ناح موخالیف مه‌ته‌وه‌جه ئه‌وه بوو به قه‌وڵ خۆیان ئه‌شته‌بایان كردووه هاتنه لای ئێمه وتیان گه‌ره‌كمانه كومه‌ک به جه‌ره‌یانه‌كه، كه‌ین تا ئیستا ئێمه ئه‌و كارمانه كردوه ئه‌شتبا بووه ئێمه‌ێش شه‌رایه‌تێكمان بۆ دانان وتمان یه‌كه یه‌كه به لای ئه‌و خه‌ڵكه‌وه و به لای پێشمه‌رگه‌وه ئه‌شێ رخنه له خۆتان بگرن به لای ئه‌و براده‌رانه‌وه كه له ناو شارو یارمه‌تی یه‌كیه‌تی جوتیاران ئه‌ده‌ن ره‌خنه له خۆتان بگرن و له‌و دێهاتیشدا كه به‌ر عه‌له‌ی ئه‌م جه‌ره‌یانه ته‌بلیغتان كردوه برون عینه‌ن ره‌خنه له خۆتان بگرن كه ئێوه ئه‌شته‌باتان كرده‌وه له دوو نه‌زه‌ره‌وه یه‌كێک ئه‌سڵه‌ن ئه‌و شیوه كاره بێته‌وه پێش و یه‌كی تریش فه‌لا به روحیه‌تر بوو. ئێمه مه‌ته‌وه‌جه ئه‌وه بووبووین، كه زۆربه‌یان له‌و دوو ده‌سته‌گی یه ،له نێوان ره‌وشه‌ن فیكردا ناراحه‌ت بوون، ئه‌ێانه‌وت بۆ خۆا بۆ پێغه‌مبه‌ر ده‌ست كه‌نه‌وه مه‌ل یه‌ک وبه بن به یه‌كێ و یه‌ک بگرن ئێمه‌ش قسه‌مان ئه‌وه بوو كه جه‌ماعه‌تێک له ئێمه له گه‌ڵ جه‌ماعه‌تێک له ئه‌وان به‌ێه‌كه‌وه برونه ئه‌و دێهانه هه‌م باسی ئه‌وه بكه‌ن كه ئه‌شتباتان كردوه و هه‌م راگه‌ینن كه ئێمه ئاشته‌وه بوو ین له هه‌ر دوو باره‌كه‌یه‌وه به نه‌فعی خه‌ڵكه و ئه‌وه‌ڵین كه‌رت بوو كه جه‌ماعه‌تێ ره‌وشه‌ن فیكر دوو سێ رۆژ له‌مه‌و به‌ر به حه‌زور ئه‌و پێشمه‌رگانه دانیشتن و ره‌خنه‌یان له خۆیان گرت. .... به‌حسێ خوشی هاورده به‌ره‌وه ئه‌سڵه‌ن رابته‌ێ ره‌وشه‌ن فیكر و خه‌ڵک.** مه‌خسوسه‌ن چه‌ند نه‌فه‌ر فه‌لا ئه‌وه‌یانه مه‌ترح كرد كه خه‌تاب به ره‌وشه‌ن فیكر برا خه‌یانه‌تمان پێ مه‌كه‌ن یه‌كێكیان خه‌تاب به من وتی سوزی و دووسی ده‌وڵه‌ت هاته‌وه كارێكی داپێت شوغڵێ باش و مه‌قامێ باشی داپێت دایكمان نه‌گێت و جێمان بێڵی، ئه‌ڵبه‌ته كورێكی تر ره‌وشه‌ن فیكر وتی پێی ئه‌گه‌ر سبی ده‌وڵه‌تیش هاته‌وه جاشی گرت و چه‌ریكی گرت تویش نه‌روی سێ هه‌زار تمه‌ن بسێی و بیت جێمان بێڵی، نه‌زه‌ر گشتی هاته سه‌ر ئه‌وه هه‌ر كه‌سێک ئه‌و كاره‌ی كرد به جه‌مع سزای بده‌ین. **مونته‌ها من له‌وێ مه‌سه‌له‌یه‌كه‌م مه‌ترح كرد**

**وتم ئەوە زۆر موهیمە هەر لە ئیستا وە هەتا داهاتووی جەرەیانەکە کە عدەیەک خەیانەت نەکەن بەڵام ئەشێ ئێمە جەرەیانەکە وا بەرینە پێشەوە کە خەیانەتی کەس یاکەسانێک نەتوانێ جەرەیانەکە تێک شکێنێ فشارەکی بەو نەوعەسە، ئەلبەتە لەوی بە زەبانێ سادەتر سەعیم ئەکرد تەوزیحی بدەم کە جەرەیانەکە وابەستە بە فەرد یا ئەفرادێک نەبێت ئەشێ وا پەروەردە بێ کە جەمع بتوانی جەرەیانەکە پێش بەبا و بو ئەوەیشە ئەشێ شەعوور سیاسی  جەمعەکە بچێتە بان هەر لەوێش مەسلەن چون ئەو شەعور سیاسییە بچێتە بان بازی قسەمان لێ کرد،** ئەلعانیش لە بنکە ێ یەکیەتی جوتیاران قەرارە و دەس پێ کرابوومن هاتم ئێتر لە دوای ئەو کۆبونەوە کە یانزەهەم بوە ئیمرو نازانم بیست یا بیستویەکم چەندەمە عدە ی سابت نمایندەی فەلا لەوی دانیشن یەکێک کار و باریک کە پێان موراجعە ئەکرێ حەلی ئەکەن و لەم مودەتەدا مەخسوسەن لە دوای ئەو شەرە ئەلعان وردە وردە واقعیەت ئەوەسە یەکیەتی جوتیاران خەریکە بە سورەت ئورگانێکی ئێجرایی لە مەریواندا دەرتێت. هەر چەند بە لەحاز دەوڵەت ومەوڵەت و ئەمانەوە قانونی و رەسمی نیە. دەلیلەکانیشی چیە؟ لە چەند جێگاوە بومەرافعە، شەر و ئێختەلاف ناو خۆیان مورەتەب موراجەعە بە پێشمەرگە و بە بنکەی یەکیەتی جوتیاران ئەکەن واقعەن مەراجەعەکە ئەوندە زۆرە کە پێا ڕا ناگەن، جەماعەتێک لەو کۆڕانە لە بەیانی زوو تا شەو دێری کار ئەکەن هیشتا شەو کۆلێک کاریان بۆ ئەمێنێتەوە وای پێ هاتوە غەیری ئەوە پێشمەرگە کە جەولە ئەکا، هێزی لە شاردا بەتایبەت کاری ئەوەتە لە فەلانە دێ فەڵانە کار هەیە چەند چەکدار بۆ ئەوی ئەڕۆن وحەللی ئەکەن، ئیمەیش سەعیمان کردوە کە ئەو جەرەیانە تەشویق کەین عەلارەغم ئەوە موشکڵاتی هەیە وای پێ بێ کە ئەسڵەن یەکیەتی جوتیاران بۆ خۆی بێ بە قودرەتی ئێجرایی  حەتا نموونەی زۆر سادەی دوو شوفێر تەراکتورلە سەر تەسادف قڕە و مەرافعەیان بوو  ئەوانە هاتبوونە یەکیەتی جوتیاران و داوایان کرد بێن سەڵاحەتمان کەن، ماشینێکی تیوتا دزرا بوو چەند نەفەر پێان زانیبوو هاتبۆنە بنکەی یەکیەتی جوتیاران رەنوشتی ماشینەکەی گرت و زەبتی کردو وتیان نازانین چی پێ بکەین، بەینی دوو دێ لە

سه‌ر مه‌سایل خۆیان بوو بوو به شه‌ر ئێمه چوین حه‌ل و فه‌سڵمان کرد. ئاوا ورده ورده په‌ره سێنێ خۆد به خۆد **ئه‌وێته باعیس پێک هاتنی ده‌سه‌ڵاتی خه‌لک. ئه‌وه جه‌ره‌یانه‌مان ته‌شوێق کردوه، ئه‌و جه‌ره‌یانه ئێتر ژاندار مری فه‌لسه‌فه‌ی وه‌جودی خۆی عه‌مه‌ڵه‌ن له ده‌ست ئه‌دا ئه‌گه‌ر ئه‌و جه‌ره‌یانه شکل بگرێ په‌ره په‌سێنێ ئه‌حتیاج واقه‌عی به ژاندار مری نه‌بێ ئاله‌ویایه بنێاده‌م ئه‌توانێ به مه‌عنای واقه‌عی ته‌بلێغ بکا که ئه‌حتیاجمان به ژاندار مری نیه** ئێمه خۆمان ژاندارین مونته‌ها شتێک که هه‌یه ده‌وڵه‌ت دوای شه‌ڕه‌که‌خه‌ریک ته‌وته‌ئه‌یه‌که به‌ر عه‌له‌ی ئه‌و جه‌ره‌یانه‌یه، به‌ره‌ی ده‌ره‌به‌گ مه‌راجه‌عه‌یان کردوه به ده‌وڵه‌ت ته‌حت عینوان ئه‌وه عده‌یه‌ک کمونیست ئه‌خلاڵ ئه‌که‌ن و فه‌ڵان ئه‌که‌ن و به هه‌مان ئه‌که‌ن، داوای چه‌کیان له ده‌وڵه‌ت،کردووه. ده‌وڵه‌تیش ئه‌یه‌وی چه‌کیان بداتێ حه‌تتا قه‌ولی یارمه‌تی پێان داوه به چه‌شنێک که وه‌ک جه‌ره‌یانه‌که‌ی ئامێد به‌گزاده چه‌کدار بکا وده‌ره‌به‌گ بینه سه‌ر ێپشمه‌رگه‌ی یه‌کیه‌تی جوتیاران و له سوره‌ت پێویستدا خۆیشیان بۆ میانجیگه‌ری بێن ئه‌وه ته‌وته‌ئه‌ێه‌که که هابه ده‌ستیانه‌وه ئه‌ڵبه‌ته عه‌ین ئه‌و جه‌ره‌یانه تا ئه‌و جێگا ئیمه توانیمانه هه‌م له ناو پێشمه‌رگه و هه‌م له ناو خه‌ڵکدا مه‌ترحمان کردوه که ته‌وته ئه‌یَ وا ها به ده‌سیانه‌وه تا ئه‌و جێگا شاره‌زایمان له مه‌ریواندا بێت ده‌ره‌به‌گ مه‌ریوان جورئه‌ت ئه‌وه‌یانه نیه مه‌گه‌ر کامه‌ڵه‌ن موتمه‌ین بن ده‌وڵه‌ت ئه‌رتش و ژاندار مری هابه پشت سه‌ریانه‌وه ئه‌گێنا ئه‌گه‌ر دووبه‌رابه‌ر ئێمه هێزی چه‌کداریشان بێ جورئه‌ت ئه‌وه‌یانه نیه بێنه سه‌رمان نه‌ک ته‌نها له به‌ر خاتر هێز نه‌زامیمان به‌ڵکوو من پێم وایه وه‌زع سیاسی مه‌نته‌قه‌که وای پێ هاته‌وه هیچ به‌گزاده‌ێه‌کیان جورئه‌ت ئه‌وه ناکه‌ن حه‌مڵه‌به ئیمه بکه‌ن، ئه‌وه‌ڵه‌ن به‌لافاسڵه حه‌تمه‌ن له دێهاته‌وه پشتیوانی له ئیمه ئه‌کرێت، له شاره‌وه پشتیوانیمان لێ ئه‌کرێت، له له‌حازگیانی و له داهاتوی جه‌ره‌یانه‌که ئه‌ترسن مه‌خسوسه‌ن مه‌سایلی چکۆله هه‌یه بنێاده‌م له کرده‌وه‌دا بوی روشنه‌وه ئه‌بێ. باس ئه‌وه‌مانه ئه‌کرد که ده‌ره‌به‌گ بێته سه‌رمان و من له فه‌لام بیست کابراێکیان که خه‌ڵکی دێ یه‌ک به ناوی گاگله ئه‌سته‌دلالێ زۆر ساده‌ێ ئه‌کرد ئه‌ێه‌وت بۆ ئه‌ونده فه‌قیرن حامی به‌گ (مالکه‌که‌یان له‌و پیسه کان

وشەرورەکانی ڕۆزگارە حامی بەگ) بێت بۆ شەر و من بکۆژرێم دادەم هەر وا رەحەت دائنیشیٚ!! بەخوا من بکۆژرێم دە تفەنگ ئەچێتە دەرەوە. ئیستا مومکینە لەو مەسەلە موبالغە بێ، وەلێ واقەعەن ئەو پیوەندیانە مەترحە عانێکا پێشمەرگە ئابەو سورەتە هاتە دەرەوە کە خەلکی دێکە ناردویانە نەک یارو بۆ شەخس خۆی هاتبێ تەبعەن لە مەقابلێەوە بەرپرسیارن یانی ئەگەر شتێکی پێ بێ حەتمەن یەک دوو نەفەر دێنە دەرەوە و عەینن ئەو مەسەلە لە ناو شاریشدا مەترحە عدەیەک کە لە شارەوە هاتون لانی کەم هەرکامێ عدەیەک قەوم و خزم و فەلانی هەیە ئەگەر بەگزادە بە تەنهایی جورئەت ئەو کاریشانە بێت حەتمەن ئێنتەقام موتەقابل ها بە سەرێەوە ئەو مەسەلەێشە هەیە هەندی دەرەبەگ هە موو ئاژاوە بۆ ئەوە ئەنێنەوە کە بە هەر حاڵ زیندەگی کەن ئەو رابەتە زاڵمانەبپاریزن وەختێکا تەئمینیان لە دەس دا ناوێرن ئەم لا و ئەو لا بکەن لە ترس گیانیاندا جا فایدەی چیە؟ موهیم تر لە گشت ئەوە ئەوێەرو هەم رەفتە سەر جەم ئەلعان لە خەلکی زەحمەتکێش فرە کەم هەن کە کەونە شوین ئەوان و چەک بۆ ئەوان هەل بگرن جا ئەوە تا ئێمە خۆمان پێمان بەعیدە دەرەبەگ بە تەنیایی جورئەت ئەوەیان بێت ئەو کارە بکەن مەگەر بەیارمەتی قیادە موەقەت مومکینە قیادە بنێرن ئەڵبەتە تێکەڵ لەگەڵ بەگزادە دەوڵەتیش تەوتەئەێ وا بکا ئێمەش لە جەمعیتەکان داوامان ئەوەیە کە لە بار سیاسی یەوە تا ئەو جێگا ئەتوانن یارمەتی ئەو جەرەیانە بدەن دیارە نەقش دەوڵەت ئەوەیە ئەو تەوتەئانە هەر دەمێ لە گۆشەیەکی کوردستاندا بەگەرێنێ وەلێ دووپات کردنەوەی ئەو تەوتەئانە موسەلمەن لە جێگایەک مونجەر ئەبێ و بەلەخەرە هەر وا نامێنێ. یتر سەرم ئێشاندن ئەوە وتەی من بوو.

قیادە لە دوای ئەو شەرە یانێ لە دوای ئەوە کە دەوری مەریوانیان دا ئاخر تەبلێغاتێکی سیاسی زۆربەر عەلەی کرا ماوەیەکە لە لەحاز نێزامیەوە لە مەنتقە کشاونەوە ئەڵبەتە تەنیا یەک مەورد لەم مودەت جەولەدا پێش هاتووە. ئێمە چوینە دێ یەک پشت سەری ئێمە شەوی دوای قیادە چووبۆو بازی تەبلێغاتێ بەر عەلەێ ئیمە ی کردبوو. وەلێ ئێتر بەو سورەتە لەوە بەر مەرەتەب ئەهاتنە

دێکان جەولەیان ئەکرد ئەوانە ماوەێکە نین و هالنه هەورامان ژوور وەلێ ئیتلاعاتێک که هەمانە ئەوە ئەو. .....کیان عبدلوەهابە کێە ؟ ئەوە هاتوە و له گەڵ بەگزادەێ ئەو مەنتقه تا ئێستا چەند کۆبونەوەیان له هەورامان بووە چی له کۆبونەوەکەێان گوزەراوە نازانین وەلێ ئەو پێوەندی سیاسی یانه به جێگای خۆی مەحفوزه مونتەها کاری نیزامیان ئەلعان ماوەیەکە لەو مەنتقەدا نێە. مەخسوسەن دێهاتێک بۆ کەبە ئەسڵاح له ژێر زەرب ئەواندا بوو ئەو دێهاتیشه چوین.

## پرسیار

***کاک فوئاد***: له ناو خەڵکدا؟ نه خێر دەرەبەگ نا. ئەڵبەتە عدەیەک له ناو دێهاتدا هەن یانی جاش وبەنیادەمی وا واقعەن تەعدادیان زۆر کەمە. . .... مەسەلەکە وایە تەرەف له ئەوەڵەوە وله داخ بەگزادەدا لای ئەوان چووە یان رەعیەتێک، جۆ چێنێک یان فەلایەکی سادە له قین دەرەبەگدا لای ئەوان چووە وەلێ وەزع مەریوانیش ئابەو نەوعەیە، قیادە بەو هێزەوە که ئێستا له هەورامان و مەریوان هەیەتی ئەلعان ئەگەر له گەڵ ئیمەدا به شەر بێت حەتمەن نابوود دەبێ مەگەر دەوڵەت ئیتر راستە و خۆ وموستەقیمەن له گەڵی وارد شەربێت، مەخسوسەن هەورامی کامەڵەن بۆ شەر له گەل قیادە ئامادەن. قیادە موەقەت دوو کچ نۆتەشەییان کوشت نۆدەشەیی و هەورامی ناردەبۆیانە سەر قیادە ئاخر بەو سیستمە عەشیرەتی که قیادە هەیەتی زۆرە قاتڵەکەیان تەحوێل نوتەشەی دا، نۆدەشەیی هەرەشەیان کردبوو ئەگەر ئەو قاتڵەمان تەحوێل نەدەن حەتمەن لێتان ئەدەین و ئامادەیشین بۆ ئەو شەرە غیرەز ئەوە تا ئیستا چەند دەفعە هەر نوتەشەی ئەفرادی قیادەیان گرتووە دەفعە یەک چوار نەفەریان گرتبوو و چەکیان کردبۆن مونتەها قیادە تەنها هێزێکی عەشیرەتی سادە نیە له لەحاز سیاسیشەوە هەمیشە به تاکتیک گەلی سیاسی مەتەوەسڵ بوون و پەنایان بردووە بۆ ئەوە خۆیان لەو بەندانە رەها کەن مەسەلەن عانێکا ئەو قاتڵانەیان

تەحوێل دا بە کەڵەک گەلێ کەچنیبوویان کابراێان نەجات دا کیشای سەر ئەوە قاتەڵەکەیان عەفو کرد مەسەلەن تاکتیکە کەیان ئەوەە بوە بەلاخەرە خەڵک تەسمیم ئەگرن بیوەن ئێعدامی کەن خاڵۆی یەکێک لەو کچانە کە کۆژرابوو هەڵ ئە خڵە تێنن وە ئەو داوتەڵەب ئەبێ ئێژێ من قاتڵەکە دەکوژم، فیشەکی پووکی پێ ئەدەن ئەیخاتە دەمانچەکەێ سێ دەفعە لێ ئەتەقێنی و فیشەک دەرناچێ، ئەمجار ئێژن ئەوە گوناحی نیە جەرەیانەکە دەخەنە باری مەزهەبی یەکەی و قورعانێک ئەهێنن و دەیبەخشن وەلێ مەسەلە ها لە ئەوا لە واقیعدا کەوتبوە وەزعێکدا ئا بەو نەوعە مەجبوربوو ئەو قاتەڵە تەحوێل بدا جا شتێک هەیە قیادە لە دزڵی دا بوون ڕابەتەکەیان لە دزڵی وا بوو دەرکریان خەڵکی دزڵی بەرعەلەێان تەزاهوراتیان کرد ئێعلامیەیان داو لە سەریان نووسی و زۆر و.... کردبوو ئەوەسە ئەگەر ئەوان گەرەکیان بێ ئەو کارەبکەن مەگەر بە حەمایەتی قەوی دەوڵەتەوە بێکەن واقعەن بتوانن ئەو کارە بکەن ئەگێنا مەسەلەمەن خەڵک لە تەکێانا بە شەر تێ بەو گشتە کارە لەوە بەر کردوویانە.

***پرسیار***: . ......؟

***کاک فوئاد***: نا من وتم مەخسوسەن لە مەورد مەریواندا ئەو بیر و ڕا سیاسی یە بە ئەتکا بە تەجەرەبەی ڕابوردووی موبارەزە وەجودی بوو من پێم وایە بۆیە زووتریش یەکیەتی جوتیاران لە مەریواندا دروست بوو من وتم لە ناوچەکە ئەسڵەن بزووتنەوەی فەلا بوو دە دوانزە دێ بوو دارسیران بە ئەسڵاح بەر جەستەو پێشکەوتووترین یانە، زۆر مەشهور بوە و تولانی ترین موبارەزیشێ کردوە.

***پرسیار***:. ......؟

***کاک فوئاد***: بەڵێ بەڵێ کامەڵەن دژی شا بوون ئەسڵەن هەر لە زووە هەر لە زەمان شای جەلادیشا کابرایکیان هەیە ئەلعان مومکینە لەم ڕۆژانیشدا بێت بۆ سەقز هەر لەو عانا دەورەی شایە هەزار دەفعە جوێنی بە شا داوە لە سەر ئەوە بەردوویانتە ساواک لێێان داوە ئەزیەتیان کردووە ئەوەڵین تەزاهوراتی زدی

خومینی له‌و مه‌نتقه‌ئ ئیمه‌دا داسیرانی کردیان و ئاشکرا به خومینی جوێنیان ئه‌دا.

***پرسیار***: یه‌ک. ......پێشمه‌رگه‌کان ئه‌غڵه‌ب قه‌ره‌ن......؟

***کاک فوئاد***: وه‌ڵاهی کاکه هیچ کامی خۆ کوژیی نین هیچ پۆلێکی تیا نیه غه‌یر ئه‌وه وتم مه‌سه‌ڵه‌ن که‌سێک که دێکه ناردوێه کار و باری که‌شاوه‌رزی بۆ ئه‌که‌ن له مه‌ورد قه‌ره کانیشدا ئه‌کسه‌ره‌ن داوته‌ڵه‌ب هاتوون ئه‌کسه‌ره‌ن یانێ به ته‌مائ ئه‌وه‌ێشه نه‌هاتون که زه‌ویشیان بدرێتێ.

***پرسیار***:. ...............؟

***کاک فوئاد***: بۆ ئه‌وانه ئه‌کسه‌ره‌ن چه‌کی یه‌کیه‌تی جوتیاران به لایانه‌ویه.

***پرسیار***:. ...............؟

***کاک فوئاد***: به خۆا کاکه ئه‌وه به‌سته‌گی به سیاستی ده‌وڵه‌ته یانی ئیمه پێمان وه نه‌بێ دهقان موره‌فه ته‌نیا ته‌سلیمی زۆر ئه‌بێ به‌ر عه‌کس من پێم وایه ئه‌گه‌ر فه‌ره فشاریشی بۆ بێرن ئه‌ویش مه‌جبور ئه‌بێ لای که‌می قشرێکی ئه‌و مباره‌زه ئێدامه با. به‌سته‌گی به سیاسه‌تێکه که ئه‌وان کوله‌ن نسبه‌ت به جووتیار ئه‌ێگرنه پێش و تا ئیستاێش سیاسه‌ت ئه‌وان موره‌ته‌ب زدی جووتیار بوه، هه‌ر به‌و ده‌لیله ئه‌وان توند و تیژتر بوون من وتم فره‌تر له‌بار سیاسیه‌وه مه‌سه‌له‌ن ئه‌رویته ناو مزگه‌وت و دائه‌نیشن و قسه ئه‌که‌ن و شورا ته‌شکیل ئه‌ده‌ن وگه‌ره‌کێانه پێشمه‌رگه بنیرن ئه‌وانه له گه‌شت که‌س له قسه‌دا له رێگا دوزینه‌وه‌دا به‌ئه‌سڵاح له ره‌هبه‌ری سیاسی کارا توند و تێژ ترن وه‌لێ تێته بار عه‌مه‌لی و کرده‌وه فره‌تر جوتیاره‌کانن فره‌تر قه‌ره‌ن.

***پرسیار***:. ...............؟

***کاک فوئاد***: جا ئه‌گه‌ر به‌کێشرین ئه‌کسه‌ری جووتیار به‌کێشرێ به‌و مه‌عنایه بزووتنه‌وی جووتیار ئه‌سڵه‌ن ئه‌خه‌وی وه‌ختێکا خه‌وت ئه‌سڵه‌ن مه‌سه‌له‌یه‌ک مه‌ترح نیه وه‌لێ ئه‌لعان وه‌زعه‌که وا نیه وه‌ختێ ئه‌و کاره ئه‌بێ که سیاسه‌ت ده‌وڵه‌ت نسبه‌ت به جووتیار به‌ته‌ور کولی لای که‌می سیاسه‌تێکێ ئه‌سڵاح ته‌ڵه‌بانه بێت سیاسه‌تێ ده‌وڵه‌ت ئێستاوا نیه، بۆیه بزوتنه‌وه‌کێش هه‌یه و ئه‌وه‌ڵین

سەرفیشی ئەوەسە یانێ سادەترینی ئەگەر گەرەکی بێ سیاسەتی ئەسڵاح تەڵەبانە بێ ئابەو وەزعەیە ئێستا خۆ وەزع دەوڵەت وەک دەورەێ شا نیە زۆر سادە ئێتحادیەکەیان بە رەسمیەت بناسێ قسەێ لێ وەر بگرێ حەتتا بۆ ماوەێک هێزی چەکدارێشی بە رەسمیەت بناسێ لە و مەوردەدا زۆری لێ نەکات لەو شەتا ئەتوانن بە تەوافق بگەن و چەکیشیان بەبێ لە ئەساسدا بە عەقیدەی من وەسە جەرەیانەکی. .... من بەرداشتم ئەوەێە.........ئەوان حازر نین بە سادەگی جووتیار بە رەسمیەت بناسنن.

***پرسیار***: ئەلعان قەرەکە بە چ هیوایەک لە گەڵتانە ؟

***کاک فوئاد***: بازێکیان کەم و فرە ئاگاهی سیاسیان هەێە ئێژن بۆ حەقی کورد پێشمەرگەێن و. .....بازێ تریشیان عەێنن ئەو مەسەلەێانە بۆ مەترحە جا ئەتفاقەن ئەو مەسەلەیە لە بیر چوو مەسەلەێ قەرە لە مەریوان مەسەلە نیە. یانێ بەر و دوا ئێمە 10 دێ حەدود 10 دێمان پێ شکە کە مالک لەوێ ئەوندە زەوی هەێە کە بتوانی لیی بەسێنیت و بیدەێ بە قەرە شتێک نیە یانێ کولەن ناتوانی ئەسڵەن ئەو شیعارە لە مەریوان و لە هەورامان بیدەی چۆنکوو زەوی لە هەورامان نیەو شاخ و کێوە لە مەریوانیشدا بە سورەت شێعارێکی گشتی ناتوانی دەربێت کە زەوی دەرەبەگ مەسادرە کرێ و بە قەرە بدرێ بۆ ئەوە مالکی گەورەی وا لە مەریواندا نیە کە زەوی و زارێکی گەورە و زۆری بێت دە مەوردی هاتیا بەر و دوا 10 مەوردێک گەورە و بۆچک پەیدا بن کە بەتوانی ئەو کارەێ تیا بکەی. لە بەقیەی مەواردا ناکرێ ئەوە بەنا بەوە ئەسڵەن مەسەلەێ قەرە لە مەریواندا چۆن حەل ئەبێ؟ **هەم لە مەریوان هەم لە هەورامان لە واقیعدا بە شیعاری زەوی حەل نابێت و مەسەلەێەکە ئێمە لە قسەماندا مەترەحمان کردوە مەسەلەی کارە کە ئەشێ لە مەنتەقەکەدا کار بۆ جووتیار و قەرە پەێدا بێت نموونەی ئەومانە هێناوەتەوە کە بۆ کاری ساختەمانی فەڵان و بەهەمان هەڵساوە چوە بۆ بەندەر عەباس و کوێ و کوێ ئەشێ ئەو کارانە لە خۆد مەنتەقەکەدا داێەر بێت و ئەمان لە سەری کار کەن، بە غێرەئەز ئەوە من پێم وا نیە ڕێگاێەکی هەبێت بە لەحاز ئەسڵ وەزع مەعیشەتەوە و کارو ئەشێ کارهەبێت**

**ئه‌ڵبه‌ته له له‌حاز عه‌مه‌لیه‌وه وه‌ک به ئه‌سڵاح موده ت کۆتایه چ بکه‌ین ؟** ئێمه قه‌ره‌مان ده‌عوه‌ت کردوه به‌وه که ئه‌وانیش یه‌ک بگرن. مه‌خسوسه‌ن که له‌گه‌ل مه‌سه‌له‌ی بێکاری روو به روون و له‌و یه‌ک گرتنه‌دا به سوره‌ت ته‌زاهورات و ته‌حه‌سون به پشتیوانی جووتیار فشار بۆ ده‌وڵه‌ت بێنن که ئه‌وه‌ڵه‌ن له مه‌نته‌قه‌دا کاریان بۆ په‌یدا بکا، سانیه‌ن ئه‌گه‌ر کاریش **په‌یدا نه‌بوو وه‌کو کارگه‌ری بێکار وامیان بداتێ به غه‌یره‌ز ئه‌وه مه‌سه‌له‌ی بیمه و ئاوانیشمانه بۆ مه‌ترح کردوون که ئه‌وه میقدارێکیانی کێشاوه واقعه‌ن ئه‌وه که باشه زۆر باشه له‌و کارانه بکری.**

***پرسیار***: قه‌ره‌که له‌گه‌ڵ پێشمه‌رگه‌ێ چۆن ده‌ژی ؟ مه‌عیشه‌تیان چونه؟

***کاک فوئاد***: مه‌عیشه‌ت ئێمه گشتمان له دێ ده‌ژین شه‌و هالیته دێ شامت ئه‌خۆیت و له‌وێ ده‌نویت و سه‌بحانه‌یش هه‌ر وا و نه‌هاریش، به‌یانی که له ماڵ ئه‌چینه ده‌ره‌وه هه‌ر که‌سێک که له‌و ماڵه هه‌یه دوو سێ نان هه‌ل ئه‌گرێ وئه‌چینه ده‌ره‌وه و له ده‌ره‌وه ئه‌یخوین.

***پرسیار***: مه‌نزورم خانه‌واده‌کیان بۆ ؟

***کاک فوئاد***: خه‌ڵکی دێ کومه‌کێک ئه‌که‌ن ئێمه مه خسوسه‌ن سه‌عیمان کردووه ئه‌وه په‌ره پێ بده‌ین یانێ وای پێ بێت که خه‌ڵک پێشمه‌رگه به‌خێو کات وبیژێنێ عه‌مومه‌ن پێم وایه ئه‌وه‌یشه به نه‌فعه.

***پرسیار***: حیزبی دیموکرات وه‌زعی چونه له‌وێ ؟

***کاک فوئاد***: ئه‌مرو بیستم که دوێنێ عده‌یه‌کی زۆر له پێشمه‌رگه‌ێ حیزبی دیموکرات چۆنه‌ته مه‌ریوان بۆ سه‌ر ئه‌و ده‌ره‌به‌گانێ ئه‌وێ! حیزبی دیموکرات له‌وێ زه‌عیفه.

***پرسیار***: بنکه‌ێ هه‌یه؟

***کاک فوئاد***: بنکه‌ێ هه‌یه ئه‌لعان نموونه‌ێ ئه‌گه‌رێنمه‌وه یه‌کێک له‌و دێهاتانه که یه‌کیه‌تی جوتیارانی تیدایه به هێزه، ماوه‌یه‌ک له‌مه‌وپێش رۆژی جومعه ئه‌بێ حیزبی دیموکرات به بازێ چه‌کداریه‌وه یانێ کار به ده‌سته مه‌ریوانی یه‌کانی ئه‌چنه مزگه‌وتی ئه‌ودێ یه و هاوکات که نوێژی جه‌معه ته‌واو ئه‌بێ ئه‌و کار به‌ده‌ستیانه خۆیشی خه‌ڵکی ئه‌و ئاوایی یه و رووناک بیره‌که که کارمه‌نده ده‌ست

ئەکا بە سوخەنرانی کردن و تەبلێغ بۆ حیزب و دەعوەت لە خەڵک ئەکا کە بێنە ناو حیزبەوە، یەکیکیان، یەکێک لەو کابرایانەێ خەڵکی دێ هەڵ ئەسیتەوە بێ ڕوودەربایسی قسەی لەگەڵدا ئەکا ئێژێ کاکە لەو حیزبی ئێوەدا گووپ قەوی تیا زۆرە، ئەڵێ گووپ قەوی تیا زۆرە و ئێمە نواینە ناوی ئێمە هالینە یەکیەتی جوتیاراندا ئێوە ڕاست ئەکەن بێنە ناو یەکیەتی جوتیارانەوە لە موقابڵ ئەو وەزعە عومومییە کە خەڵکەکە وابوون مەجبور ئەبێ تەید یەکیەتی جوتیاران بکات ئەڵبەتە یەک واقعیەتیش بڵێم ئەسڵەن ئەفرادی حیزبی دیموکرات لە مەریوان لە گەڵ ڕەهبەریاندا فەرقیان هەیەیەک دووانێکیان نەبێ بەنیادەمی خراپن ئەوانتریان بەنیادەمێکی باشن. واقعەن باشن چون لەوەبەر ئێمە لە گەڵیانا بوین بەرلەوە حیزب لەو موبارزاتە دا بنکە بکاتەوە بەیەکەوە بوین مەسەلەن هەیەتیایاندا بە شەدەت. .... ئەسڵەن سیاستی ڕەهبەریان لە مەورد قیادەوە قەبۆڵ نیە. و من ئەتمینانم بەوکابرا هەیە لە چەند مەوردا ئەگەر ڕۆژیک لە گەڵ قیادە شەرێک لە مەریوانەوە دەرگیر بێت ئەگەرچێ کومیتەی مەرکەزی دەستور بدا.........ئەگەرچێ کومیتە ی مەرکەزی لە گەڵ دەرەبەگدا سازش بکات ئەو نایکات وەلێ چیە لە لەحاز بیر و ڕاوە.......

بە بۆنەی ئەم تەزاهوراتەوە کە دوێنی یان پێرێ بووە من لە مەریوان بووم ئەڵبەتە من لە ناو پێشمەرگەدا i بوو. دیم جەماعەتی حیزبی دیموکرات لە بنکە یەکیەتی جوتیاران دانیشتون من لە دەرەوە بووم کە هاتمەوە بنکە چەند دەقیقەیەک کار بە دەستەکانیان داوایان ئەکرد کە وتیان ئامە...... ئەڵبەتە ئێعلامیە کە شاخەی سنەیان دابۆی لە گەڵ ئێعلامیە ی ئێرە زۆری فەرق بوو ئێعلامیەی ئەوی براستی توند و تیژتر بوو مەسەلەن حەملەێ بە دەوڵەت تیدا بوو، داوای یارمەتیان لە یەکیەتی جوتیاران ئەکرد لە هیچ جێگایەکی ئێرە حیزبی دیموکرات ئەو کارە ی نەکردووە مەخسوسەن لە مەهاباد هیچ وەختێ نایە بۆ کومەلە یا جێگاێ ترو ڕەهبە ڕێ یەکەی بێژێ داواتان لێ ئەکەین هاوکاری کەین ئەوە لە دوو شت ناشی و سەرچاوە دەگرێت یەکیک بە عەقیدەێ من بەریوەبەرانی حیزبی دیموکرات لە مەریوان لە گەڵ ڕەهبەری ئێرە زۆریان فەرقە

لەوەدوایش ئەوان زەعیفترن یانێ ئەوەیان ئەزانی بە بێ یارمەتی یەکیەتی جوتیاران و ئەوانە ناتوانن تەزاهوراتیکی بچووکیش بخەنە ریگا و لە باس باشتریاندا چەند نموونە بگەرێنمەوە لە وانە چەند دەرەبەگی ئەو مەنتقە موراجەعەیان کردوە کە بەبن بە ئەندام بە ئاشکرا جوابیان کردوون وەتویانە حیزبی دەرەبەگ قەبۆڵ ناکەین، مەخسوسەن چەند کەس ئەناسم بنیادەمی زەحمەتکێشن چونەتە حیزبی دیموکرات ئێعلامیان کردوە ئەگەر یەک دەرەبەگی تێ بێ ئێمە تێێ ناین و ئەچینە دەرەوە ئەڵبەتە وەزع ئەوێ فەرق ئەکا سەبارەت بەوەیشە چوبوون بۆ سەرکوت کردنی دەرەبەگ بۆ حمە سەدیق خان چوبوون ئەگینا باور ناکەم لە مەریوان ئەوان کارێکی وابکەن و نازانم.

***پرسیار***: نامەیەکیشی بۆ ئێمە ناردوە کە ئەگەر ئێوە لە گەڵ دەرەبەگ و ئاغاوات شەر ئەکەن چون لەگەڵ حیزبی دیموکرات شەر ئەکەن؟ ئەو نامەی بۆ کومەڵە نوسیوە ئەو نوسیویەتی مەلا مەحەمدی جوانروی هەرەشەیەکی زۆری کردوە وتویەتی کە ئەنگۆ بەر عەلیە ئاغا و دەرەبەگ شەر کەن لە دێهاتی موستقیمەن لەگەڵ حیزبی دیموکراتی بە شەر دێن

***کاک فوئاد***: دێ ئەو نامەیە بۆ بڵاو ناکەن. وەڵڵە ئەو نامەیە فتوکوپی کەن لە دێ هاتدا بڵاوی کەنەوە.

***پرسیار***: لە بارەی کومەڵەی شورشگێر وەزع لەوەی چونە ؟.........؟

***کاک فوئاد***: کاکە بە ناو خۆد کومەڵەوە لە ناو خەڵکەکەدا ئاشکرا فەعالیەتی نیە وەلی کولەن و ئەساسەن لە کاری یەکیەتی جووتیاران و ئەوانەدا ئبتکار هابە دەستیەوە.

***پرسیار***: . .......... باتووجە بەوە ماهیەتی ح د جوان دەناسن بۆ ئەفشاگەری ناکەن؟

***کاک فوئاد***: کاکە ئەفشاگەری یەکێک بە ئێعلامیە یەو، یەکێکیش بە کردەوە لە ناو خەڵکدا بە عەقیدەی من بە کردەوە موهیمترە.

***پرسیار***: دروسە بە کردەوە موهیمە وەلێ بە ئێعلامیەو بیر و را دەربرین ئەوەیش بۆ خوێ نەوعێک موبارەزەیە.

***کاک فوئاد***: ئەوە ئەشێ میقدارێک بەحسی لە سەر بکەین مەسەلەن بۆ نموونە بڵێم من پێم وایە بەشداری نەکردنی کومەڵەکانی مەهاباد و بۆکان لە تەزاهوراتی دۆینی دا ئەشتبا وهەڵە بوو لە حاڵێکدا ئەکسەر برادرانی ئەم کومەڵانە پێان وایەکارێکی چاکیان کردوە ئەوە هەڵەگەرێتەوە بۆ برێ ئێختەلافات عەقیدەتی سەبارەت بە ماهیەتی حیزبی دیموکرات. ئێمە هیچ تەردیدمان نیە رەهبەریەکی سالم و سەربەخۆی نی‌یە.

***پرسیار***: ماهیەتی ئاغاکەش لە مەناتقدا بەستە بە ماهیەتی رەهبەری حیزبە، بۆ نموونە ماهیەت و شێوە کار حیزب لە مەریوان فەرقی هەیە لە گەڵ ماهیەتی کومیتەی مەرکەزی. ...............

***کاک فوئاد***: دیم، بەڵێ من پێم وایە ئەوەڵەن حەتتا جیا کردەنەوەی سەفەکە لە بەشداری نەکردن باشتر بوو. **دەلیلیشی ئەوەیە مەسەلەی حیزب دیموکرات نیە، ئێمە دەبێ بە یەک مەسەلەێ ئەساسی تەوەجوە بکەین. ئەوەیشە خەلکە ئێمە پێمان وایە هەر جیگایەک خەلکی تیابوو و خەلکی لێ کۆبوەوە ئەشێ بروین عەلارەغم ئەوە ئەو خەلکە بە ئێبتکاری کێ کۆبوەتەوە، دەوری شا مەسال بێنینەوە ئەترەوانی تەزاهوراتێکی گەورەیان خەستبوە ڕێگا، و بەزۆر خەلکەکەیان ئەهاورد من پێم وایە وەزیفەی هێزی ئێنقلابی ئەوەیە لەو هێزەی خەلکی سەرف نەزەر نەکا بڕواتە ناوی و هەر لەویا وەکوو دەورەی ئێستا ئەفشاگەری نەدەکرا وەلی لە بچوکترین جەمعی ئەوە ئەتوانی ئەفشاگەری بکەی و مەسەلەیەکی مەشهورە یەکێک لە گەورەکان ئەڵێ : ئەڵێ تەواو فەعالیەتی ئێرتجاع ئەوەیە کە نە هێلی نیروی ئێنقلابی بەچێتە ناو خەلک دەێ جا بۆ نموونە بە ساواک مەتەوەسەل ئەبێ بە هەرچێ شتە مەتەوەسەل ئەبێ کە نەهێلێ رەوشەن فیکر بە چێتە ناو خەلک ئێستا وەزعێک بێتە بەرەوە ئەو خەلکە کۆکاتەوە بەرگریت لی‌نەکا تۆ خۆت ئێژی ناچم ! ! ئەوە ئەشتبایە من بە خاتر ئەوە کێ دەعوتی کردووم نیە، بە خاتر ئەو خەلکە ئەچم و لەوێ ئەو ئەفشاگەریە ئەکەم، ئەفشاگەری یەکە چۆن ئەکرا یەک یەک شیعاری موشەخەسی خۆتان بۆایە ئەوەڵەن کۆمەلە بۆ خۆی جەماعەتێک هەواداری هەیە یا نیەتی؟ بەو**

هه‌وادارانیه‌وه ئه‌یان توانی شیعارێک كه به دڵی خه‌ڵكه‌كه‌وه ،ئه‌نوسیَ ئه‌و شه‌عاریانه بدایه مه‌سه‌له‌ن فه‌رزكه بۆ نموونه ته‌زاهوراتی له‌مه‌وبه‌ر له مه‌ریواندا بووه خومینی خومینی حه‌قی كورد نه‌فه‌وتێنی ئه‌وان دوێكه ئه‌سڵه‌ن شیعاری ئاوایان نه‌بووه، وانیه ؟عه‌كسی خومینیان هه‌لگرتبوو زۆر جوان دیاره خه‌ڵكی مه‌هاباد هه‌ر ئه‌وانه كه هاتبوون بۆ ته‌زاهورات واقعه‌ن خومینیان خۆش ناویَ وانیه مه‌گه‌ر؟ رۆحیه‌ی عه‌مومی ئه‌وه‌یه خومینیان خۆش ناوی به‌نا به‌وه ئه‌گه‌ر تۆ شیعارێكی نه‌رم زد ی خومینیش بده‌ی، هه‌ر ئاوا حه‌قی كورد نه‌فه‌وتێنی خۆ ئه‌هانه‌ت به خومینی نی یه پێم وایه حه‌تمه‌ن خه‌ڵک تیكراری ئه‌كرده‌وه. جا باشه ئه‌و وه‌خته ئه‌وت به به‌ڵندگۆ ئه‌وت  مه‌ڵیَ ئه‌و وه‌خته تۆ و خه‌ڵكه‌كه له موقابیل حیزبه‌وه قه‌رارتان ئه‌گرت. قه‌ی ناكا ئه‌و به‌ری ده‌گرتی تۆ به ده‌سه‌یه‌كی بوچكیشه‌وه شیعاری خه‌ڵكه‌كه‌ت ئه‌دا، بازرگان بازرگان سه‌ر به خۆیی بۆ كوردان! مه‌خسوسه‌ن ئه‌كرا چه‌ند شیعاری زدی ده‌ره‌به‌گ و ئه‌وانه مه‌ترح كه‌ێت كه چه‌ک مه‌سه‌له‌ن موخالفه‌ت له گه‌ڵ چه‌كدار كردنی ده‌ره‌به‌گ دا ئه‌وانه ده‌وترا حه‌تتا ئێمكان ئه‌وه بوو ئه‌وان حه‌مله بكه‌ن و جنێو بده‌ن و فه‌ڵان، وه‌لیَ به لای خه‌ڵكه‌كه ئه‌وان به عینوان ئاژاوه‌چی مه‌ترح ئه‌بون. و غه‌یره‌ز ئه‌وه‌یه من پرسیومه له برادرانی ئێره حیزبی دیموكرات خۆی پرسی كردوه كه ئێوه جێتان بۆ دانین ؟ ئێوه په‌ییام بنێرن !  وه‌تیانه نا ؟ جا كاكه به‌فه‌رز شیعاری موخالفیش نه‌دا هه‌ر ناو راهپیمایه‌كه ئه‌رویشتم یا گشتیشمان نه‌ئه‌رویشتین ئه‌م وت ئه‌ریَ جێگام بۆ دانن  چه‌ند نه‌فه‌ر له جه‌ماعه‌ته‌كه‌مان تێن، ئه‌چون شیعاری وایشته نه‌دایه، له به‌ر ئه‌وه ئاژاوه نه‌بیَ چیت ئه‌كرد؟ په‌یامه‌كه‌ی خۆت په‌یام ئه‌وان دوایه‌كیان هه‌شت نۆ په‌یامیان بۆ ژنان فه‌ڵان و به‌هه‌مان ئه‌مانه گشتی یه‌ک په‌یامه ئه‌وه‌ڵه‌ن دانه‌ی ئه‌وه‌ڵی خوێنراوه به‌قیه‌ی په‌یامه‌كان  خه‌ڵک ماندو ئه‌كا چون گشتی مه‌حته‌وای یه‌كێكه و به یه‌كه‌وه فه‌رقی زۆری نیه، مه‌خسوسه‌ن نه‌سبه‌ت به ده‌وڵه‌ت تونه و تیژ نیه له حاڵێكدا روحێه‌ی خه‌ڵكی ئێمه وانیه، روحیه ی خه‌ڵكی ئێمه نه‌سبه‌ت به ده‌وڵه‌ت ته‌عه‌رۆزیه و تۆ له‌و په‌یامه‌دا ئه‌و حاڵه‌ته ته‌عه‌رۆزیه، ئه‌و روحیه ی خه‌ڵكه‌ت به‌یان ئه‌كرد یانیَ له ئیجتماعێک كه له واقیع دا به ئبتكاری

**مامۆستا و حیزبی دیموکرات پێک هاتبوو 15 هەزار نەفەر 10 هەزار نەفەر کۆبوەتەوە تۆ لە جەمعێک دا کە ئەو فەراهەمی کردبوو تەبلێغی مەرامی خۆت ئەکرد و لەوا لێت یەقین بێ ئەوەڵەن عانێکا نمایندە حیزب دموکرات بانگ ئەکا کومەڵە بێت پەیامەکەی بنێرێ بەو مەعنایە توی بە رەسمیەت ناسیوە، سانیەن لەوە عانیکا ئەبینن ئەوان لە کایەکەوە مورەتەب تەبلیغاتی زد کومەڵە ئەکەن ئیتر لە ناو خەلکدا وانیە؟ وەلێ لە پەیامەکەتدا عانیکا ئەبینن تۆ قسەی حەسابیتر ئەکەیت بە دڵی خەلکەوە ئەنوسا و بۆ داهاتوو زۆرتر تەیدیان ئەکرد، وەلێ ئەلعان دروست بەرعەکس بە عەقیدە ی من ئەم کومەڵانە ئەشتباێەکیان کردوە ئێمکانیان داوە بە حیزبی دیموکرات کە عەوام فەریبانە حەملەت پێ بکا. کە ئەمانە درۆ دەکەن بۆ نەهاتن لەو تەزاهوراتدا شرکەت بکەن. من دوێکە بیستومە عینەن وتبوویان ئەوانە جەهان وەتەنن ئەسلەن مەسەلەی کوردیان بۆ مەترح نیە، ئەگەر راست ئەکەن بۆ نەهاتن ؟ ئەوە لایەنگیری لە دەولەتە لە تەزاهوراتەکەیاندا دروست عەکس ئەویە، ئەسلەن شیعار زد دەوەڵەت نادەن وەلێ بۆ قانیع کردن خەلک دروست لەو روحیە ی خەلکە ئیستەفادە ئەکەن ئەوانە لاێەنگیریان لە دەوەڵەت کردوە چیان کردوە فەلانیان کردوە، ئەوەیش مەخسوسەن بەو روحیە لە ناو خەلکدا تەوەجوە کەن. کاکە کە ئەو روحیە زۆر موهیمە ئەوانە لە خەلک کە ئاگا نەبۆنەتەوە، مەعلووم نی یە ،کە رەهبەری حیزبی دیموکرات چیە ؟ ئەحزابی فورسەت تەڵەب چین ؟ زۆر لایەنگری یەک گرتنی هێزگەلی موخالەفن تەشخیسی نادەن و ئەشێ ئاوا بە خەلک بەسەلمێ کە ئێمە لاێەنگری یەک گرتنین و کێ لاێەنگری یەک گرتن نیە، و بۆ لەتەک فەلانە کەسدا یەک ناگرین ؟ ئەوە نەسەلمێ و واقیعەن لە سەر خەلک تەئسیری خراپ ئەنێ، ئەشێ بە کردەوە نیشان بەدەیت کە کێ موخالەفی یەک گرتنە و بۆ ئێمە تەرەف دار یەک گرتنین.**

***پرسیار***: من پێم وایە ئەشێ بە خەڵک سابت بکەین کە ئەو یەک گرتنەی کە ئەوان دەیانەوی ئەسلەن بەوەجود نایەت ئەو یەک گرتنە ئەوان ئەیانەویت شتێکی مەحاڵە.

***کاک فوئاد***: ئەشێ بە عەمەڵ بیکەی. بە دەلیل ئەوە ئەو ئەچێ عەکسی خومینی هەل ئەگرێ و بەر عەلەی بە قەوڵ مەشهور بەر عەلەی رادیو و تەلەویزیون شیعار ئەدا تۆ ئەروی بەر عەلەی دەوڵەت شیعار ئەدەی، ئەو وەختە لە سەر ئەوە حەملەت پێ دەکا ئەرویت بۆ خەڵکەکە تەوزیح دەدیت کاکە من ئاوام وتوە خراپم وتوە دەوڵەت بۆ وا دەکا؟ ئەی بۆ ئەو لە سەر دەوڵەت دەکاتەوە، وەلێ ئەلعان دروست عەکس ئەوەیە، ئەو قسە ئەکا ئێژی ئەمان لە سەر دەوڵەت ئەکەنەوە بویە لە تەزاهوراتدا شرکەتیان نەکرد.

***پرسیار***:. ...لە یەکی بدەینەوە تا ئەندازەیەک ئەتوانی بەڵێ. ......لە ناو خەڵکدا فەعالیەت بکەین ئەمما یەک شتیش هەیە ئەگەر هێزەکان کولەن هەڵسەنگێنین وەزعیەتی کومەڵە مەخسوسەن مەسولەکانە ئەگێنا مسایێک بوو، وەلێ باوەجودی ئەوە هەوادارانی کومەڵەزیاتر لە جارانە. ...............

***کاک فوئاد***: خۆ ئەتان توانی پەیامەکە بنێرن.

***پرسیار***: پیامەکە بەڵێ، مەخسوسەن کە لە سەر رادیو حەتتا هەرەشەیشیان کرد کەبەغەیراز ئەو شیعارانەی کە دەکوتری کەس حەقێ نیە شیعاری دیکە بڵێتەوە و لە رادیو رایان گەیاند.

***کاک فوئاد***: زۆر چاکە ئەویشم موراعات ئەکرد وەلی پەیامەکەی خۆم دە نارد جا ئەو وەختە مومکین بوو بەر پەیامەکەیان بەگردایەت ئەویشە ئەوانی ئەفشاگەری دەکرد.

***پرسیار***: نا پەیامەکە دەمانخویندەوە

***کاک فوئاد***: دەت توانی گەورەترین ئەفشاگەری بە حەزور ئەو جەماعەتە بکەی.

***پرسیار***: ئەمما ئەو مەسەلە کە ئەلعان کومەڵە ئەشتبایەکی کردوە یا نێکردوە لە گەڵ ئەو سوالەی کە من کردم کە کومەڵەی شورشگێر فشار ناخەنە سەر حیزبی دیموکرات ئەشتبایەک کە کومەڵە کردوویەتی.

***کاک فوئاد***: جوابی ئەو سوالە نیە. نەوەڵڵە نە من مەنزورم مورد ئەختەلافە لە بەرخورد بەو مەسەلەوە یەکی بە ئیعلامیە ئەکریا، یەکی بەکردەوە تا ئێستا ئێمە

پێمان وا بووە لەو مەسەلە پەلە نەکەین راسەکەیشی ئەساس ئەو مەسەلە بە عەقیدەی ئێمە موبارزە لە گەڵ فەرسەت تەڵەبکاندا، موبارزە لە گەڵ دەوڵەت و هەر چێک ئەشێ لە بەرا لە بان بەناغەیەکی تودەی یەوە ئێستفادە بکەین یانی ئەگەر تو پایگایەکێ تودەیی وخەڵکیت بوو، و وا بوو کە خەڵک لە سەرت لەو رێبازەی کە ئەرویت حەمایەتت لێ بکەن ئەووەختە ئەتوانی قورس و قایم موبارزە بکەی. ئەتوانی ئیعلامیە بەدەی، مەحکوم کەی، فەڵان کەی، بەهەمان کەی وەلی مادام ئا ئەو وەزعەت بۆت بەوەجود نەیەت تەنیا ئەکا بەوە هەر عدە یەک رەوشەن فیکر وەکوو لە ئەوروپا دانیشتبیت ئیعلامیە بدات یانێ ئەساس بۆ ئێمە ئەو مەسەلە حەتتا نەسبەت بە دەوڵەتیش.

***پرسیار***: کاک فوئاد حیزبی دیموکرات ئەلعان کولەن لە سابڵاغدا پایگایەکی هەیە ئایا ئەوە لە کردەوە دا کاری لە گەڵ خەڵک کردوە ؟ کە ئاوا پایگایەکی هەیە، تۆ بتهەوی سەبارت بە حیزبی دیموکرات ئەفشاگەری بکەیت. .........ئەمما کار کردن لە ناو خەڵکی شاردا بە چ سورەتێکە کە تولەی ئەویشێ پێ کەی جا دوای بە سورەت ئیعلامیە وەدەری خەی.

***کاک فوئاد***: بۆ بەتایبەت ئەم کومەڵانە کار کردن لە ناو شاردا نەختێک موشکڵە ئەزانی بۆ بەبیر و ڕایە کە هەیە و بە عەقیدەی من میقداری نەرم نەبوون کەم ئینعەتافی کە هەیە شەریکێن، بەرەی تەحسیڵ کردەی لێ گەری کە رووناک بیر زۆرتر جەزبی کومەڵەن وانیە؟ نازانم لە مەهابادا وابێ بەنا بەوە ئەوە خۆ قەسمەتێکی ئەو بەریە هاتوون بەم لادا فەرەیشی زۆرتریشی ئەمینیتە سەر بازاری ئەوە خۆی سەرنچ راک**ێشەرە کە ئەشێ تو شیعاریک ورێبازێ بگریتە بەر کە بتوانی لانی کەم بازاری ئەگەر لایەنگرت نیە موخالفت نەبێ. دەی من پێم وایە بە ئەشتباهاتێک کە لە تەزاهوراتی رابردووی شارەکاندا کراوە هەر لە ئەوەڵەوە بە شیعارهایەکی بێ خۆد کە مەترح بوو، بوو بە باعیس ئەوە کە بازاری لە جەریانی چەپ دوور کەوی وحەمایەتی لی نەکات"داس و چەکۆش سەر نێزە مەحکۆم ئەکا ! "سەرمایەدار بۆ دەرو کارگەر بۆ بەرو!"بە بێ ئەوە زەرورەتی ئیجتماعی مەسەلەکە مەترح بێت و حەقێقەتی ئەوەسە لە واقیعدا عدە یەکی جەوان**

**شیعاره‌که‌یان پێ خوش بوو، به زه‌مینه ئیجتماعیه‌که‌ی ته‌وجویان نه‌ده‌کرد**. ئاخه‌ر هه‌ر تاجرێکی مه‌هابادی خۆ تۆ ناتوانی ناوی به‌نی سه‌رمایه‌دار. وه‌لی له بار ته‌بلێغاته‌که‌یدا ئه‌وه موسته‌قیم مسه‌له‌ن من بیستومه ئه‌م نینه له جه‌ریان گرتنی ئه‌و چوار نماینده ی یه‌کیه‌تی جوتیاران شورای شار و حیزبی دیموکرات ئیعلامیان کردوه له دێهاتی دێن دووکانه‌کانتان تالان ئه‌که‌ن ئه‌مانه کمونیستن تێ ده‌گه‌ی. له ته‌بلێغاتێکی عه‌کس ئه‌وه که هه‌یه و شیعارێکی خراپی ئاوا که ئه‌سڵه‌ن موناسبه‌تی نیه ئه‌وه‌تری. بووه‌ته باعیس ئه‌وه هه‌ر له ئه‌وه‌ڵه‌وه له واقیع دا جه‌ریانه چه‌په‌که له بازاڕی جیا بوه‌وه. ئه‌وه خاس و تایبه‌تی مه‌هاباد نیه، له ته‌واو شاره‌کانی کورده‌واری وای پێ هات. ماوه‌یه ئه‌خایه‌نێ که قه‌ره‌بوو کریته‌وه. ئه‌لعان له مه‌ریوان خه‌ریکه نه‌ختێک ئه‌و جه‌ره‌یانه فه‌رق ئه‌کا ئه‌ویش نیه ئیرتجاع و ده‌ره‌به‌گ له شاره‌که‌دا زۆر ئاژاوه‌یان ناوه، قیاده موقه‌ت زۆر شه‌لوقێان کرد و به‌ینێ که ئه‌م مه‌سه‌له‌ی یه‌کیه‌تی جووتیاران و ئه‌وانه به‌و باره‌که‌دا ژیاوه‌ته‌وه. بۆ نموونه ئه‌لعان بازاڕی مه‌ریوان میقدارێک له ئێمه حه‌مایه‌ت ئه‌که‌ن، حمایه‌تێکی حه‌تتا به سوره‌ت کومه‌ک مادی ده‌رهاتوه. ئه‌مه چه‌ند دفعه‌یه ئه‌روانین چه‌ند نه‌فه‌ر بازاڕی ئه‌که‌ونه یه‌ک، ئێمه به که‌ژه‌وه بووین هاتن بۆ لامان وه‌ڵڵه هاتوین بۆ دیدنتان قه‌زاتان له باوکه‌م فه‌ڵان که‌ن به‌هه‌مان که‌ن. بازاڕی کاری ته‌جه‌سوسیمان بۆ ئه‌که‌ن، که ناو شارا ورده ورده ئه‌وه‌یه. پێ حاڵی بێت که تۆ زدی ئه‌ونیت. به عه‌قیده‌ی من کومه‌ک ئه‌کات و لانی که‌م کومه‌کیش نه‌کات موخالفت نیه. ده‌بێ هه‌ر له ئه‌وه‌ڵه‌وه به برِی ئه‌شتباهات که بوو و چه‌پ بووه باعیس ئه‌وه. ئه‌وان له جه‌ماعه‌تی چه‌پ به تارینیته‌وه. ئه‌ڵبه‌ته مه‌خسوسه‌ن مه‌سه‌له‌ن ره‌هبه‌رێه‌که‌یشی له بانه‌وه شه‌رته. ره‌هبه‌ریش له بانه‌وه ئه‌و زه‌مینه‌ی فه‌راهه‌م کرد. وه‌لی من پێم وانیه ئه‌وه به‌و مه‌عنا بێت ئیتر ته‌واو بووه. له وه‌زعی تایبه‌ت وخاسی مه‌هابادا به‌نیاده‌م ئه‌شی بروا بزانی مه‌نافیع ئه‌وان چلۆنه له جه‌هه‌ت ئه‌و منافه‌عه‌دا کار بکات. من شتێکم بیستوه کومه‌ڵه ی بوکان گوایه کردویه‌تی، به عه‌قیده‌ی من ئیبتکارێکی زۆر جاله‌به له بازاڕی بۆکان تا ئێستا دوو ده‌فعه ده‌عوه‌تی کردوه و هاتون و قه‌سه‌یان بۆ کردوون. خۆێان

بە بازاڕی ناساندوە و تەئسیری بوە. ئەو شتە ئەلعان جەمعێەتێک لە مەریوان بوو ئەویش دوو سێ دەفعە لە بازاڕی دەعوتمان کرد کەرتی ئەوەڵ چەند نەفەرێک هاتبوون، کەرەتی دووهەم زیاتر هاتبوون. ئەڵبەتە جەمعیەتی ئەوێ عەمەڵەن بە خاتر مەسەلەی یەکیەتی جوتیاران مونحەلەوە بوو. یانێ تەقریبەن تەواو جەمعیتەکەی دەربەس هالە خزمەت یەکیەتی جوتیاراندا. وەلێ ئەوەتە ئەشێ هەنگاو لەو جەهەتەوە هەڵ گری، تەبلێغاتێک هەیە ئەمانە خراپن مەخسوسەن هەندی لە برادەران واقعەن لە گەڵ خەڵکدا بەر خوردی خراپ ئەکەن. شتێک کە مەسەلەن ئێمڕۆ نیە ئەوان مەترحی ئەکەن.

***پرسیار***: یک..................؟

***کاک فوئاد***: دەلیلی تریشی بە عەقیدە من بووتە باعیس ئەوە حیزبی دیموکرات بە ئەسڵاح ئەو پایگا و نەفوزە پەیدا بکا بە ڕابردووی مەهابادەوە مەربوتە، ڕابردووی مەهاباد و ڕابردووی حیزبی دیموکرات لە لایەکەوە ئەم کومەڵەیشە برا لە چ کاتێکەوە پێک هاتوە و زۆر دێر پێک هات. ئاخر یانێ تازە حیزب دیموکرات جوان لە بیرمە، وەلێ پێم وایە پێش ئەم کومەڵە دەستی بە فەعالیەتی تازە کرد وانیە؟ بە قەد ئیعتبارێک خەڵک نەیان ناسی بوو کەم خەتری ئەشی ئەوانیش بۆ بازاڕی و بۆ بازێک لە کارمەندەکان ئەوانە خۆێ مەجموعە عواملێک بوون کە ئەشێ ئێنتزاری بێت. بەنیادەم مەخسوسەن لە مەهابادا حیزب دیموکرات قودرتی بێ وەلێ لە سەقز وانیە لە مەریوان وانیە لە سنە وانیە لە زۆر جێگای تر وانیە. یانێ بە داخەوە میقدارێ ئەو مەسەلەیشە کە مەخسوسەن کومەڵەی مەهاباد لە بەرچاوی ناگرێت. نیە ئەبێنێ حیزبی دیموکرات لە مەهاباد بووە بە هیولای وائەزانێ لە تەواو کوردستان وایە، زۆر لی ئەترسێ بە عەقیدەێ من زۆر لەو ئەندازەیە کە هەیە لە بانیەوەە حیساب ئەکا. بەڵام وانیە. ئەلعان بۆ نموونە یەک تەجربە ئەوەی سابت کردوە مەسەلەێ گرتن ئەو چوار نەفەرە و بەربوونیان ئەو وەزعە کە خۆتان باشتری ئەیزانن شتێکی وانیە کە حیزبی دیموکرات بەتوانێ بێژی ئەم خەڵکە هەوسار ئەکەم ئەو پەرەکەی حەدئەکسەر نەسبەت بەم هێزەی کومەڵانە کە هەیە لە، لەحاز نیزامیەوە قویترە مسالی سادە

هه‌یه به‌نیاده‌م بێ ئه‌نسافی نه‌كات هه‌ر كامێک له برادەرانی كومه‌له بگره به‌ر چاو له‌گه‌ڵ قاسملو و هه‌ر كام له كادرەكانی ره‌هبه‌ری ئه‌وان موقایسه‌ی كه‌ین كامیان واقعه‌ن دڵسۆزترن كامیان زۆرتر وه‌خت سه‌رف ئه‌كه‌ن؟ پێم وایه ئه‌سڵه‌ن قابل موقایسه نین. دێ ئه‌وانه حه‌تمه‌ن نه‌تیجه ئه‌دا به شه‌رت ئه‌وه له ته‌ک سیاسه‌تێكی سه‌حێح دا بیوا به ڕێوه. ئه‌ڵبه‌ت ئێمه‌ش ڕێگه كه‌وتوین كه تازه ته‌جه‌ربه‌مان تێدا نیه ئه‌وان هیچ كارێكیان خۆ نه‌كردوه وه‌لێ چه‌ندین ساڵ له شوێن به‌ند و به‌ستی سیاسیدا بوون. له نه‌زه‌ر دیپلۆماسی وبه‌ند و به‌ستی سیاسیه‌وه ته‌جربه‌ێان هه‌یه ته‌بێعییه له زۆر مه‌وردا فیعله‌ن كه‌ڵاو بنینه سه‌ر ئێمه وه‌لێ هه‌ر وا نامێنێ.

***پرسیار***: وه‌ختێک ئه‌و باسی ئه‌وه‌ت كرد كه مه‌لا مه‌حمه‌دی جوانرودی نامه‌یه‌كی ته‌هدیدی نوسیوه‌كه ئه‌گه‌ر ئێوه ده‌ژایه‌تی له گه‌ڵ ئاغا بكه‌ن له گه‌ڵ ئێمه روبه‌رو ده‌بن. ئه‌تۆ كوتت دێ جا بۆ ئه‌وه مونته‌شه‌ر ناكه‌ن بۆ ئه‌فشاگه‌ری ناكه‌ن جا به عه‌قیده‌ی من هه‌ر به‌و ده‌لیله نیشان ده‌دری ئیدی ئه‌وه نیشان ده‌دا سه‌ره‌ڕای كاری عه‌مه‌لی كه تۆ پێشنهادی ده‌كه‌ی ئه‌وه‌ێش ئه‌وه‌یه.

***كاک فوئاد***: وایه ئه‌گه‌ر نامه ی وا له ئێمه بنووسن ئێمه‌ێش ئه‌و كاره ده‌كه‌ین وه‌لێ خۆ ئێمه نازانین نامه‌مان بۆ ده‌نوسێ !

***پرسیار***: به غه‌یری نامه واقعیاتێكی زۆر هه‌ن كه له سه‌ر ئه‌و بناغه ده‌كری حیزبی دیموكرات ئه‌فشا كه‌ی.

***كاک فوئاد***: قه‌بوڵمه ئه‌وه

***پرسیار***: هه‌ر نامه نیه ئه‌وه و به عه‌قیده‌ی من. .... یا وه‌ختێ نه‌بووبێ یاچۆن بووبێ به‌ڵام له‌وه به‌و لاوه وه‌ختی ئه‌وه هه‌یه ئه‌و مه‌سایله ئه‌و ئه‌فشاگه‌ریانه بكرێ.

***كاک فوئاد***: وایه و من قه‌بۆڵمه مه‌خسوسان ئه‌فشاگریه‌كه له سه‌ر مه‌وردی موشه‌خه‌س بكرێت. ...... ئێمه ئه‌فشاگه‌ری بۆ كێ ئه‌كه‌ین یانێ هه‌ر ئه‌و ئه‌فشاگه‌ریه تا ئێستا له مه‌ورد حیزب دیموكراتدا كراوه ئه‌گه‌ر بۆ كه‌سانێكه كه حیزبی دیموكرات ئه‌ناسن زۆر فایده‌ی نیه بۆ كه‌سانێک كه نه‌سبه‌ت به حیزب دموكرات زۆر موئمنن ئه‌وانێش توڕه‌تر ده‌كا. ئه‌ساسه‌ن ئه‌فشاگه‌ری نه‌سبه‌ت به

مەسەلەن حیزب دیموکرات بۆ ئەو کەسانەن لە حاڵەتی بەینا بەینیان هەیە، بۆکەسانێک کە ئێمکان ئەوە هەیە ئەو ئەفشاگەریە تەئسیر بکا بۆ پەشیمان کردنەویان جا هەر بەو دەلیلە لە مەورد ئەواندا من پێم وایە مەخسوسەن لە ئەوەڵەوە حەتمەن نابێ لەحنەکەت توند و زەنەندە وهەرچێ بە ئەسڵاح پڕ تەمتراقتر بێت و زاهری ئێنقلابی بێت وانیە. بەر عەکس هەرچێ مەنتقیتر و ئەسولیتر بێت کە بە دڵ ئەو خەڵکەوە بەنوسێ بۆی روشن کەیتەوە کە لە فەڵانە مەوردا مەسەلەن ئالەم مەسەلەی چەک کردن ئەو نەقش ئەوان لە گرتن ئەو چوار نەفەرە ی یەکیەتی جوتیاران دا بە بێ ئەوەی جەملەی تند فەرسەت تەلەبان و خائێنین نام فەڵان و بە هەمان بە زوانێکی زۆر سادە وا کە ئیتر دوو دوو چوار ئەستەدلال بێت یەک سری ئیعلامیە ئاوا بڕوات هەر لە پەسا ژێر پای ئەوان شەل ئەکا. ئەوێش نە بە خاتر سازشکاری لە تەک خۆد رەهبەریدا کە با ئەوان تورە نەبن بەرعەکس بۆ کەسێ کە کەمی تەمایلاتی نەسبەت بە وان هەیە ئەگەر هەر لە ئەوەڵەوە تۆ شەلاخەت لێ کێشا میقداری مەسەلەکە حەساس ئەبێ بەڵام کە دی قەسەکەت مەنتقیە گوێ ئەداتێ.

***پرسیار***: باسی ئەوەت کرد بازاڕی بە عەقیدەی من زۆر زۆر ئەگرێت راستە تەبەقەیەکی کارگر موتشەکل نیە بەڵام زەحمتکێش و فەعلا بەنا و جوشکار و سەنعەت کار و تەنەکە ساز و ئاسنگەر و ئەنواع و ئەقسامی ئەوانە هەن کە بازێ لە وانە. ..........خەترناکتر و ئەوی جێگای ئینتەقادێکی زۆرترە بە عەقیدە من کومەڵە لە نێو ئەوانەدا کاری نەکردوە سەرڕای ئەوە کە بە عەقیدەی من راستە لە ناو بازاڕی دا کاری نەکردوە.

***کاک فوئاد***: وەڵڵە من ئالەو مەوردا تەجرەبەیەکی بوچک مەریوان ئەگێڕمەوە وەزعی کریکاران لەوێش دیارە. لەکریکاری مەریواندا فەعلەن بە بێ کاریەوە رو بە رو بوون زۆر نارەحەت بوون. چەند دەفعە هاتن تەزاهوراتیان کرد تەزاهوراتەکە بە ئیبتکار خۆێشیان بوو. ئەساسەن کار نەبوو. ئیتر ئەوە بە ماویەک لەمەو پێش مەربوتە. هەر وا لە گەل عدەیکیاندا نزیک بووینەوە قسە کردن و ئەوەڵین موشکڵ ئەوە بوو هەر قسەیەکت دەکرد کابرا واقعیەتی ئەوە

بوو وه‌زعی ئاوا بوو ئه‌سڵه‌ن نانی نه‌بوو بیخوا من به چاو خۆم ئه‌وه‌مه دیوه ئه‌یوت به زات خۆا به‌م چه‌قویه ئه‌چمه به‌ر نانواخانه هه‌ر که‌سێک نان بسێنێ ئه‌یکه‌م به سه‌کێا. ئاخر برسیمه چون ئه‌و نان بسێنێ و من هیچم نه‌بێ, ئاوایێ پێ هاتوه زۆر ناره‌حه‌ت بوون, له‌ویا ده‌هه‌زار ته‌بلێغی سیاسی نازانم ئه‌مه ناشی له خومینیه و فه‌لان و به هه‌مان زۆر گوێ نه‌ئه‌دا. مه‌سه‌له‌ێ ئه‌سڵی بۆ ئه‌و ئه‌وه بوو به‌له‌خه‌ره به نه‌وعێ نان شه‌وی ته‌هیه بکات ئه‌وه قه‌دم ئه‌وه‌ڵ بوو, که‌وتینه فیکر ئه‌وه چی بکه‌ین چی نه‌که‌ین له به‌را که‌وتینه شوێن کار به‌زانین له کوێ ئه‌توانین کار په‌یدا که‌ین, شهره‌داری و چه‌ند شرکه‌ت ساختمانی و ئه‌مانه بوون به هه‌ر حاڵ توانیمان میقدارێ موخته‌سه‌ر کار له شهره‌داری بخه‌ینه رێگا. وه‌لێ ده‌ری نه‌ئه‌هاورد. ئاخری هاتینه سه‌ر ئه‌وه مه‌جبورین سه‌ندوقێک بۆ کرێکاران دانێن ئه‌ووه‌خته بوو ئه‌وه جه‌نبه‌ێ سه‌ده‌قه و ئه‌وانه پیدا نه‌کات. سه‌ندوقێکمان دانا به‌و نه‌وعه که قه‌رز به سه‌ندوقه‌که بدرێت و ئه‌و سه‌ندوقه قه‌رز بدا به کارگه‌ره‌کان به‌ر له ئه‌وه ئه‌م قه‌رز ده‌وڵه‌تی و مه‌وڵه‌تی بێته به‌ره‌وه ئێمه تێکه‌وتین خریک ئه‌و کاره بووین. مه‌کته‌ب قورئان ئه‌وێ که خه‌بری زانی خۆ دیاره پاێگای ئه‌وانیش ده‌وڵه‌مه‌نده‌کانه و ده‌ره‌به‌گه، کاکه ئه‌وانیش تێکه‌وتن پۆڵێکی یه‌ک جار زۆرتر له ئێمه یان کۆ کرده‌وه و ده‌سه‌ی له ئه‌وان و ده‌سه‌ی له ئێمه له هه‌ر دوو لا له ناو کارگه‌ره‌کاندا خریک بووین پۆڵێ زۆریان کۆ کرده‌وه و نیه پۆڵه‌که‌یشێان زۆر بوو و له سه‌ر یه‌کیش ئایه‌ت قورئانیان ئه‌خوێنده‌وه و له مانه ئه‌کسریه‌ت موتڵه‌ق کارگه‌ره‌کانێان به شوێن خوێاندا کێشا. **بردنێان و له مه‌کته‌ب قورئان پۆڵێان پێان داو جا ئێمه له په‌نای ئه‌و مه‌سه‌له‌یه پۆڵ و سه‌ندوق ئه‌مانه‌دا موره‌ته‌ب خریک ئه‌ومه‌سه‌له بووین که ئه‌شێ یه‌کیه‌تی کریکاران دروس که‌ین بوو چی و بوو چی بوو چی ئه‌وان ته‌واو سه‌عیان ئه‌وه بوو نه‌یه‌ڵه‌ن یه‌کیه‌تی کریکاران دروس که‌ین.** هه‌ر قه‌رزه‌که‌یان که دابوو پێان وتبوون به شه‌رت ئه‌وه یه‌کیه‌تی کریکارانیش دروس ئه‌بێ وابه‌سته به مه‌کته‌ب قورئان بێ به خوا چون پۆڵه‌که‌یان دا پێان و ئاخری بازێ له کوره‌کان له‌و مه‌سه‌له‌یه دڵ سارد بوونه‌وه، وتێان برا ئه‌وه روی و حه‌تتا بازێکیان به شوخێه‌وه ئه‌یانه‌وت بابه پۆڵت نه‌بێ کارت چون بۆ ده‌کرێ.

مونتەها چەند کەسێکیان بوو تێگەیشتوتر بوون ماهیەت مەکتەب قورئانیان دەناسی، لە واقیع دا مەکتەب بەگزادە بوو. ئێمە درێژەمان دا بە کارکەو پۆلەکەمان هاورد ئەوەڵەن پێشنهادمان ئەوە **بوو وتمان پۆل ئێمە نایدەێن ئەخرێتە ئێختیار سەندوقێک کە هی خوتانە و چوار پێنج نەفەر نمایندە ی کارگر و** بِەنا بوون بەیەکەوە هەڵبژێرین و ئەوان ئیدارەی کەن و ئەسڵەن ئەو سەندوقە درێژە دار بێت و مەوەقەت نەبێت، لەوەدوا لە مەسەلە ی کار چونکوو کار کەمەو و کارگر زۆرە ئەم یەکیەتی کریکارانە بە نوبە کریکارەکان بنێتە سەر کار زۆر بێنێت بۆ ئەو ئیدارانە کە کاریان هەس وەک ئیداری ڕاە و شەهرەداری و ئیدارەی ئاو و حەتا بازی کەس بوون لە مەریواندا کە ماڵی نیوە کارەیان بوو یا گەرەکیان بۆ ماڵ کەنەوە بروین بە هەر نەوعێک بوو واداریان کەن ماڵ کەنەوە و دەس کەن بە ماڵ کردنەوە.  جا باسم لەوەیە مەکتەب قورئان ئەو کاری کرد وەلێ زۆری نەخاێاند وردە وردە ئێمە پیگیری کارەکەمان کرد. **عەلارغم هەر موخالەفەتێک کە بوو یەکیەتێ کریکارانمان دامەرزان، کارگر هاتن و دەستیان کردە ناو نووسی و کارتێان وەرگرت و بۆ کارتەکەێش کە ئەیان گرت دوو پەردە عەکسێان لێ ئەسەندن  پەردەیەکی لای یەکیەتی کریکاراندا ئەماوە پەردیەکیشی ئەیان دا بە بان کارتەکەدا. چون تەبلیغیان کرابوو کە ئەم کارە ئەم عەکسە لێتانیان ئەسێنن پەردەیەکی ئەنێرن بۆ رووسیا، ئەمانە کمونیستن بۆ رووسیای ئەنێرن. کاکە لە یەکیەتی کریکاران دانیشتبووین روانیم بازێکیان هاتن ملێکیان کز ئەکرد و بە خوا قوربان ئەو عەکسمانە بدەنەوە خۆ زۆر ناکرێ، باوکەم ئەوە عەکسەکە، ئێمە فەوری هاوردمان چیمان کرد وتمان یەک قەتعە عەکسمان گەرکە دووانمان گەرەک نیە، بیتێرە لە بەر چاو خۆتەوە ئەیدەین بە سەرکارتەکەدا و بینە باخەڵت. مەجبور بووین فەوری ئەو تەغیرەی تیا بدەین.** وەلێ هیشتا عدەیەکی لی تەواسیاوە و عدەیەک هەر هاتن. مەسەلە هاتە بەرەوە وبوو  بە باعیس ئەوە مەکتەب قورئان نەتوانێ شوین ئەو کارە کەوی. ئەوەڵەن نە ماهیەت تەبەقاتی ئەوان ئەوسە ناتوانن شەو و ڕۆژ بە شوین ئەو کارەوە بن. چوار پێنج ڕۆژێک هەر کامێکیان ئەگریتە نەزەر حرفەیی ناتوانێت کەوێتە شوین کارەکە،

ئه‌گه‌ر به‌م بارا تۆ پیگیر كه‌ویته شوینی قسه‌یه‌کی تیا نی یه، حه‌تمه‌ن ئه‌وان شكست تێنن. ئێمه كه‌وتینه شوینی مه‌وزوعێک هاته به‌ره‌وه ئیداری مالاریا بۆ سه‌مپاشی عده‌یه‌کی ئه‌نارد بۆ ده‌ره‌وه. ئه‌تفاقه‌ن مه‌سوله‌که‌ی هه‌ر چه‌ند کوره به‌گزاده و کوره ده‌ره‌به‌گ بوون ودیمان خۆیان له ژێره‌وه 140 نه‌فه‌ر کارگه‌ریان گه‌ره‌که حه‌تتا که‌وتونه‌ته پۆڵ سه‌ندن. به‌نێرن یه‌کیه‌تی کریکاران خه‌بری زانی چه‌ند نه‌فه‌ر له کریکاره باشانه و به‌ننا باشه‌کانیان که‌وتنه به‌ر و عده‌یه‌کیان خسته ته‌ک خۆیان و چون یه‌خه‌یانیان گرت و خولاسه حه‌ساویانه، ئاژاوه‌یه‌کیان ساز کرد. ئه‌وانه که ئه‌وان هه‌ڵیان بژاردبوون پیانیان هه‌ڵ وه‌شاندنه‌وه و مه‌جبوریان کردن، ئه‌وه‌ڵین که‌رت بوو، **ئیداری مالاریا ره‌سمه‌ن نامه‌یه‌کی بۆ یه‌کیه‌تی کریکاران نووسی. ئه‌وه‌ڵین مه‌ورد بوو نامه ی ره‌سمی له ته‌رف ئیدارێکه‌وه بۆ یه‌کیه‌تی کرێکاران ده‌نووسرا. یانێ یه‌کیه‌تی کرێکارانی مه‌ریوان به‌ره‌سمیه‌ت ناسراوین. ئێمه 140 نه‌فه‌ر کارگه‌رمان بۆ دێهات گه‌ره‌که‌به قه‌رار موزدی ئێنرین. ئێوه لوتفه‌ن ئه‌و 140 نه‌فه‌رمانه پێ موعه‌رفی که‌ن. و هه‌ر وایشی پێ هات هه‌ر ئه‌و ئه‌وه‌ڵین ئیقدامه بووه باعیس ئه‌وه ئه‌و کارگرانیشه که** ده‌رچوبوون به بونه‌ی عه‌کس و مه‌کسه‌وه هاتنه‌وه و دووباره ناو نوسیان کرد. و له یه‌کیه‌تی کریکاراندا ئه‌یزه‌ن له مه‌سه‌له ی شه‌هرداریدا مه‌سه‌له هاته به‌ره‌وه. کریکار زۆر بێکار بوو. حه‌دودن ئه‌وان به‌ر و دوا له واقیع دا به پارتی بازی ئابه‌و نه‌وعه که کاره‌که، کار سه‌د نه‌فه‌ر کارگر بوو، وه‌لێ چونکوو بێکار **بوون ئێمه زۆرمان بۆ شهرداری هاورد. له واقیع دا زۆر خۆد کارگه‌رکان که 400 نه‌فه‌ر بنێته سه‌ر کاره‌که، ئه‌وه‌بوو له له‌حاز ئه‌سڵ کاره‌وه واقعه‌ن راندمانێکی نه‌بوو. بازده‌یه‌کی نه‌بوو. وه‌لێ یارو بێکار بوو بودجه ده‌وله‌تیش بوو، و گه‌ره‌کێان بۆ بیگه‌رێنه‌وه بۆ ده‌وله‌ت. وه‌لێ سه‌ره‌رای ئه‌وه ته‌عداده‌که زۆرتر بێکار ئه‌بوو، ئه‌و یه‌کیه‌تی کریکارانه نه‌زمێکی پێ دا. سێ رۆژ 400 نه‌فه‌ر ئه‌نارد له روی ناو و کارت و ئه‌وانه‌وه سێ رۆژ دوایی ئه‌وانه‌ی بێکار ئه‌کرد. 400 نه‌فه‌ر تری ئه‌نارد.** به جێگه‌ی کاره‌که مساوی ته‌قسیم ئه‌بوو. خۆد ئه‌وانه بوو به باعیس ئه‌وه تا ئیستا ئه‌وانه به ده‌ور یه‌کیه‌تی کریکارانی مه‌ریواندا کۆ بونه‌ته‌وه. ئه‌ڵبه‌ته له وانه

عدەیەک لە کورەکان بە سورەت کارگەری بوو تیا. مەسەلەن موحەسەڵ حەتتا موعەلیم بە سورەت کارگەری چوبوە ناویان. لە ناویاندا کاری ئەکرد. ئەڵبت مەسەلەێکیش نەبوو لەم وەزعەدا و بە کومەک ئەوانە کریا. ئەو جەماعەتە بە دەوریدا خڕ بنەوە. هەر بۆ ئەو مەسەلە کارە جا باس ئەو قەسەی کاک عولا ئەگەر تۆ بڕویتە ناویان واقیعەن ئەتوانی بیانکێشی چون تەحەسونێکیان لە فرمانداریدا کرد. **ئەتفاقەن جەلەسەیەک بۆ لە ئەوکاتدا هەر ئەو یەکیەتی و جەمعیەت و مەمعیەتە ئێمە لە جێگایەکەوە دانیشتبووین روانیمان چەند نەفەر لە کارگەرەکان هاتن و ئێژن، برا مەترسن لەمانە ئەمانە ئێژن کمونیست و ممونیست بێن بۆ ناومان ئەوە ئێمە تەحەسون دانیشتوین**. ئەشێ حەتمەن بێن و دەعوتیان لە ئێمە ئەکرد. ئێمەش چوین لە ناویاندا بووین و ئێستا لە مەجموعەن وای پێ هاتوە هەرچێ ئەوان فتنەگەریان کرد، وەزعەکە وای پێ هاتوە کارگەرکان لە جەریان چەپ. پیشگامیش هەیە بۆ خۆی فەعالیەت ئەکا کانوون هەیە مەجموع ئەوانە کە فەعالیەتی تیا ئەکەن ئەسڵەن ئەو حاڵەتیانە لە دەس داوە وای پێ هاتوە کە واقیعەن لە ناو کریکار مەریواندا ئەسڵەن پایگایەکیان تەقریبەن نەماوە. باس ئەوە عینەن بەو کارانە کە ئەکریە زۆریشن کەم نین ئەوان.

***پرسیار***: کاک فوئاد ئەکرێ بەفرمووی بۆ چی کومەڵەی شورشگێر نهینی فەعالیەت دەکا ؟ قسە کانی کاک فوئاد لە مەهاباد

***کاک فوئاد***: پێدەکەنی و ئەڵێ نهینی خۆشە وەڵڵەکاکە مەسەلە ی نهێنی بوون لە واقیع دا هەڵ ئەگەرێتەوە بۆ سەر یەک مەسەلە. دید کومەڵە ئەسڵەن نەسبەت بە تەحەوڵات ئێمە پێمان وایە هەر وەزعی بێتە پێشەوە یانێ حەتتا ئەگەر دەوڵەتێکی زۆر لیبڕاڵتر لە مەێشە بەهاتاێتە سەر کار **بە عەقیدەی ئێمە سازمانێکی ئێنقلابی باز هەم ئەشێ ئەساسەن حاڵەت مەخفی خۆی حەفز کات، ئەویش چەند روداوی تاریخی ئەوەی نیشان داوە، عەلەنی کردنی گشت کارەکان چونکوو بەلەخەرە ئەو حالەتە ئارام و مەشروع و دیموکراتیکە ئەلعان لە کوردستاندا هەیە، تێک ئەچێ**. جا بوو ئەوەی ئێتر ئەشێ بەنیادەم بەچیتەوە بەنج و بەنەوانەکەی. ئێمە پێمان وایە تێک ئەچێ و هەروا نامێنێتەوە. نموونە ی سادە یشی کاکە مەوردێکە

که مەسەلەن چریکهای فیدای هەندی  لەو سازمانانە خارج لە کوردەواری و کردیان و ئەلعان سەخت...... **عەلەنی بوون بازی  کادرەکان یانێ گشت کادرەکان حەتمەن ئەو زەربە ئەوشێنێ ئەڵبەتە عەلەنی نەبوونیش زەربە ئەدات، عەلەنی نەبوون ئەوێتە باعیس ئەوە بنیادەم  بازی  ئێمکانات عەلەنی  لە دەست بدات**. بە هەر حاڵ هەر سازمانێ ئێحتیاجی بەوە هەس عەقیدە و بیر و ڕای خۆی تەبلێغ بکا و نیرو کۆ کاتەوە. کاتێک بە سورەت عەلەنی فەعالیەت نەکریا حەتمەن میقداری ئەوە لە دەس ئەدا وەلێ سورەت ئاشکرایش مەخسوسەن بۆ شەرایەت سەخت ئەو ئێمکانە ئەسێنێتەوە. **ئێمە راستی یەکێ لە مەورد ئەستفادە کردن لە شێوەی عەلەنیدا تووشی میقداری هەڵە بووین. یانێ لە فرە ئێمکاناتی عەلەنیتر ئەمان توانی ئەستفادەی زۆرتر بکەین. وەلێ حەقێقەتی میقداری توش دووگوم بوین. لەو مەسەلە ئەساسەن باز هەم مەخفی گەرکمانە تێاێا تەجدید نەزر بکەین**. ئەوە لایەکی، لایەکی تریشی میقداری هەڵ ئەگریتەوە بۆ بیر و ڕاکەمان. مەسەلەن فەرز کە لە شەڕی سنە، لە شەڕی سنە دا ئێمەی کومەڵە بە خۆی و جەماعتەکەی بەهەر حاڵ دوست ئەمانیە تا ئەو جێگا توانی بەشداری کرد وەلێ بە ناوی خۆیەوە نەبوو. هەر لە گەڵ جەمعیەت دابوو و هیچ سەعیشی لە سەر ئەوە نەبوو. ئەو مەسەلە بە **ناو ئەوە بێت ئەڵبەتە ئەوە زەرەرێکی هەیە وەلێ یەک فایدەیشی هەیە کە حەرکەتە خەلکیەکە مەنزوریە**. و یا مەسەلەن یەکیەتی جوتیاران مەریوان ئێمە هیچ سەعیمان ئەوە نەبووە ئارمێکی پێا بدێن کە ئەمە مەخسوسی کومەڵەیە. **بە دەلیل ئەوە پێمان وایە حەرکەتە خەلکیەکە موهیمە. مادام ئەوە بەوجود هاتوە خەلک بۆ خۆی  ئەزانێ کیێە بە کەلکی دێت. و حەتمەن ئەوە ئێنتخاب ئەکات. وەلێ ئەگەر ئەویشە زیادە لە حەد بێت زەرەر ئەدات. ئێژن ئەمە هەر دەنگی هەیە و ڕەنگی نیە. یانێ بە عەبارتێک ئەکا بەوە بەین بەین ئێعلامیەیەکی بێت کە ئەڵێن ئەوە دوو نەفەر سێ نەفەریش ئەتوانی ئەو کارە بکات. ئێعلامیە بدات و چوار کتێبی خوێندبێتەوە، ئەتوانێ ئێعلامیە بدا. جا بەو نەوعە بەهەر حاڵ بیر و ڕای ئێمە ئەوەیە وەزع ئابەم نەوعیشە بێت ئەساسەن فەقەت بەشێک لە هێزەکانە ئەتوانێ عەلەنی بێ. ئەو ی تری بازهەم**

**ئەشێ مەخفی بێ. وەلێ تا ئیستا ئێمە پێم وایە لەوا کە دێرتر لە بازی ئێمکانات عەلەنی ئەستفادەمان کردوە زەرەرمان تیا کردوە.**

***پرسیار***: کومەڵە بۆ سەبارت بە بازە شتێک هێشتاکانێ مەوزعی نەگرتوە. مەسەلەن یادنامەیەک کە سەبارت بە کاک خانێ و کاک حەمە حسێن بڵاوی کردەوە، بازە شتێکی تێدا بوو بچۆک بوون، بەلام زۆر مەسائێلی دیکە هەن مەسەلەن عەقیدە ی کومەڵە نەسبەت بە ئەحزاب و گروهها نەسبەت بە وڵاتانی دەرەوە نەسبەت بە تەحلیل لە ئەوزاعی ئێران تەحلیل لە ئەوزاعی کوردستان ئەو کەرتەی ڕێنمونی بۆ داهاتوی وڵاتی کوردەواری و ئەوانە، زۆر مەسایل هەن هیشتاکە کومەڵە لە کاتی خۆیدا ئێعلامی هەڵویست ومەوزعی نەکردوە ئەوانە دەڵێم

***کاک فوئاد***: **کاکە ئێمە ئیعلام مەوازعمان لە بەرا لە سالی 50 لە جزویەکدا بە ناوی "چرا پراکندە ایم ؟"ئەڵبەتە زۆر کەم بڵاوە بوەوە. ئەوکاتە، ئەوعانیشە بەو بیر و ڕاوە بە خاتر مەسایل ئەمنیەتی ئەسڵەن ناومان ئینتخاب نەکرد**. لە واقیع دا هەر بێ ناو "چرا پراکندەایم و چگونە متحد شویم؟ "مونتەشرمان کرد. تەقریبەن مەوازع ئێمە لەوێ روشن بووە. بە کورتی بێژمی یەکێک سەبارەت بە وەزع ئەقتەسادی- ئیجتماعی ئێران بووە، باس ئیسلاحات ئەرزی، ئەوانە کە دەرەبەگایەتی ئەساسەن لە ناو نەچووە و فەقەت جامعە ی ئێران لە نەزەر ئێمەوە چیتێک کە لەوکاتەدا مەترح بوو نیمە مەستعمەرە نیمە فێئودالە. ئەڵبەتە لێرا ئەوە بێژم ئەو بەرخوردە لە گەڵ بەرخورد سازمان ئینقلابی تودە میقداری فەرقی هەیە. جا لەوەدوا لە سەر ئەو مەسەلە قسە ئەکەین. لە نەزر بەرخورد لە سەر ئەحزاب و گروههای سیاسیدا لە سەتح ئێراندا حیزب تودەمان بە حیزبی خائێن و فرسەت تەڵەب و لەوکاتەدا کە تەقریبەن کەم کەسیان ئەیزانی جەریان چریکمان قەبۆڵ نەبوو. ئەمانەوەت جەریانێ ماجەراجۆی یە. شورەویمان لە سەتح دونیادا بە سوسیال ئەمپریالیسم ئەزانی. ئەو عانە تیزی سێ جەهان نەبوو. من ئەو عانە ئێژم ئەو وەختە لە نەزر رەهنمود بۆ هەر ئەوکاتە ئێمە ئەوەمان مەترح کردبوو. **کە بۆ کار لە ناو خەلکدا باش ترین رێگا شرکەت و بەشداری کردن لە کاری**

**توليدى دايه.** خولاسه ئه‌شێ به‌ره‌و زه‌حمه‌تكێشان ئه‌وه بوو و له دوايدا ماوه‌يه‌ک ئه‌ومان بۆ مه‌ترح بوو كه عه‌ين ئه‌وه دوو باره و ديسانه‌وه مونته‌شر كه‌ينه‌وه. **وه‌لێ حه‌قيقه‌تى ئه‌وه‌يه ئێمه برێ ئينتقادمان لێ هه‌يه ئه‌ڵبه‌ته برى ته‌زادگه‌ل ده‌رونى خۆد كومه‌ڵه‌يشه. مه‌خسوسه‌ن له‌مه‌و پێش ئه‌وانيشه‌بوون به باعيس ئه‌وه ئه‌و كاره كه‌وێته دواوه‌ۆ غه‌يره‌ز ئه‌وه يانێ غه‌يره‌ز ئه‌و نه‌قايس ده‌رونيه** مه‌سه‌له‌يه‌كى تر كه بوو كوله‌ن ئاوا ئه‌هميه‌ت دان به‌و مه‌سه‌له كه له‌به‌را به‌هه‌ر حاڵ تۆ پايگا خه‌ڵكى په‌يدا كه‌يت به ده‌ليل ئه‌وه مه‌سه‌له‌ن حه‌قيقه‌تى ئه‌وه‌سه تا ئيستا چه‌ند ده‌فعه ئێمه بۆ خومان له زووه‌وه مونزورم له‌وكاته‌وه كه ئيعلام مه‌وجوديه‌ت كرا كه‌وتينه فيكر ئه‌وه كه ئه‌و مه‌وازعه ئيعلام كه‌ين. **چه‌ند ئه‌شكالى بوو يه‌كێک ئه‌وه گه‌ركمان بوو زۆر موفه‌سه‌ڵ ئه‌و كاره كه‌ين به سوره‌ت شتێكى زۆر موفه‌سه‌ڵ مه‌سه‌له‌ن حه‌تتا له‌سه‌ده و قه‌رنى نۆزده‌وه بين به‌ررِه‌سى كه‌ين. ئه‌وێشه ئيحتياج به ته‌حقيقى زۆرتر ئه‌وى. و مه‌خسوسه‌ن ته‌جديد نه‌زر و ئينتقاد له‌و مه‌وازعه كه له‌رابردووا بووه ميقدارێكى ته‌هيه بووه. وه‌لێ ئه‌وانه كه خۆيان مه‌سئول بوون، تا ئه‌و كاره كه‌ن بازهه‌م به‌نه‌وعێک له ژێر ئه‌و كاره ده‌رچۆن.** مه‌سه‌له‌ن چلۆن نه‌ک ئه‌وه بێژى نه‌يانه‌وى ئه‌و كاره بكه‌ن. وه‌لێ فره‌تر مه‌سه‌له‌ن **به كارێكى عه‌مه‌ليه‌وه خريک بوون** و و ئه‌چون به‌شوێن كارێكى عه‌مه‌ليدا. **كه ئيتر واقعه‌ن نه‌يانه په‌رژا به‌و كارى تره‌وه. ئه‌وه له‌و نه‌زه‌ره‌وه كه كوله‌ن له ئێمه ميقدارى زه‌ره‌رى داوه. ئه‌و كاريشه مونته‌ها تا ئه‌و جێگه من پێم وايه ره‌فيق گه‌لێ به كار له ناو خه‌ڵک دا بووه واقعه‌ن زه‌ره‌ريان نه‌كردوه. به عه‌قيده‌ى من له مه‌جموع دا نه‌فعيان كردوه. راسته ئه‌وانه نه‌كراوه و مه‌خسوسه‌ن ئه‌وه هه‌ڵ ئه‌گه‌رێته‌وه بۆ ئيعلام مه‌وازع، كه ئێستا فره‌تر بۆ جه‌ريانه روشه‌ن فيكرى يه‌كه مه‌ترحه. وه‌يلا بوو ناو خه‌ڵک واقعه‌ن ئه‌ونده مه‌ترح نيه. ئه‌سڵه‌ن جزوه‌ى له تۆ ناوى. ئيعلامێشێ كه و بێه‌وى كه‌متر ته‌حليل وه‌زع ته‌به‌قاتى ئێرانى گه‌ره‌كه. ئيعلاميه بۆ مه‌وارد موشه‌خه‌س و مه‌سائێل موشه‌خه‌سه.** ئه‌و خه‌ڵكه بێانه‌وى ئاله‌و زه‌مينه دا كه‌م و كۆرتێمان هه‌يه و كردومانه.

***پرسیار***: کاک فوئاد مەگەر ئەوە نیە ئێوە مەسەلەن سەبارت بە وەزعی کوردستان.

***کاک فوئاد***: شتێکم لە بیر چوو بێژم ئەوە بێژم مونتەها ئەو مەسەلە نیە ئێمە مەسەلەی مەوازع و دید و رەهنمود وئەوانە لە هەر کوێ دا، کە کارمان کردوە ئەعزا بە جێگەی خۆێ ئەڵبەتە بازهەم بە تەفاوت هایکەوە ودوستانێک کە لە نزیکەوە کارمان کردوە ئەو بیر و ڕا مەترح بووە لە سەر هەر مەسەلەیکی موفەسەڵ مەترح بووە و رەهنمودەکێشی کە ئەشێ ئاوا کەین. **بەیەکەوە هەم بیر و ڕاکەی مەترح بووە ویانێ تئوری یەکەی و هەم عەمەلێەکەی بەیەکەوە موشتەرک هەم موستەقیم کارەکە کراوە شێوەی غێرە موستەقیمیش کە بە سورەت ئینتشارات نەکراوە و هابە دەستەوە و گەرکمانە بە زوویی ئەو کارە بکەێن.**

***پرسیار:*** ئەوی کە ئێوە ئەندامەکانی کومەڵەی شورشگێر خۆ فەعالیەت لە نێو خەڵک دا دەکەن، فەعالێەتی ئەوانە فەقەت موختەس بەوەیە لە نێو خەڵک دا پایگا وەدەس بێنن و یابە هەر سورەت قانونی یەکەی ؟ بەڵام موبارزە مەسەلەن لە گەڵ حیزبی تودە موبارزە لە گەڵ حیزبی دیموکرات و ئاوانە ئەندامەکانی کومەڵە ئەو کارانە دەکەن. یانێ لە جەرەیانی کاری خۆیان لە گەڵ خەڵک دا ،ئەوانە بە خەڵک بناسێنن. یا بە هەر نێوێکی دیکە شاید بێ نێو یا بە نێوی خویان؟

***کاک فوئاد***: بەڵێ وادەکەین.

***پرسیار***: جا وەختێ ئەو کارە دەکەن بۆ لە سەر کاغەز وەدەری ناخەن؟

***کاک فوئاد***: وەڵلە وتم ئەشکالات ئەوە بوو کە هابەدەستەوە ئەێکەێن. یانێ لەوێشا بازهەم کوتایمان کردوە.

***پرسیار***:. ............؟

***کاک فوئاد***: کاکە ئەساسنامەی هەر حیزب و تاقمێک چیە؟ یانێ لە واقیع دا ئەکا بەو خەتە فیکری و عەقیدە ی یە کە ئەو شوێنێ ئەگری. جا ئیتر ئەوە مومکینە میقداری ورد بکرێتەوە. **یانێ لە واقیع دا ئەساس نامە و مەرام نامە ئەکا بە ئیستراتیژی و تاکتیکێ کە ئەو رێکخراوە ئەێگرێتە پێش. جا لە جەزیاتیا کە چ**

**ئه‌کات به سوره‌ت به‌رنامه ده‌رتێت**. مه‌سه‌له‌ن بۆ مه‌رحه‌له‌ی فیعلی کورده‌واری ئێمه وه‌زع عه‌مومی ئاوا ئه‌بینین، به‌و ده‌لیله ئه‌شێ ئام کارانه بکه‌ێن. غیری ئه‌وه چ ئه‌بێ ؟ من دیومه مه‌سه‌له‌ن فه‌رز که حیزب دیموکرات ئه‌ساس نامه‌یه‌کی مه‌سایل ئه‌نزباتی جیایه. به‌شێکی هه‌ڵ ئه‌گه‌رێته‌وه بۆ مه‌سایل ته‌شکیلاتی. ئه‌وه به جێگای خۆی ئه‌وه به سوره‌ت مه‌عیارهایه‌ک خاسه، مه‌سه‌له‌ن فه‌رز که شه‌رت ئه‌ندامه‌تی مه‌نزورتان ئه‌وه‌یه ئیتر وانیه.

***پرسیار***:. .........؟

***کاک فوئاد***: له هیی ئه‌ساس نامه؟ باشه مه‌سه‌له‌ن بۆ نموونه له مه‌سه‌له ی ئه‌ساس نامه دا یه‌ک یه‌کی ئه‌وه‌یه شه‌رت ئه‌ندامه‌تی چیه؟ وانیه؟ ئێمه ئه‌وه‌مان هه‌یه به سوره‌ت بازی مه‌عیار مه‌سه‌له‌ن فه‌رز که بۆ نموونه هه‌ر له مه‌ورد ئه‌ندامه‌تی **دا غه‌یرئه‌ز ئه‌وه له له‌حاز عه‌قیده‌تیه‌وه یانێ له له‌حاز ئیدئولۆژیه‌وه ئه‌شێ ئێمه یه‌ک که‌وین بیر و ڕا و له له‌حاز سیاسیشه‌وه سه‌بک کارو وه‌کو یه‌ک کار که‌ێن، مه‌عێاره کان مه‌سڵه‌ن له له‌حاز ته‌به‌قاتیشه‌وه ئیتربوومان فه‌رق ئه‌کا به‌سته‌گی به‌و براده‌ره که له گه‌ڵیا کار ده‌که‌ی کرێکاره، جووتیاره یان خوێنده‌واره فه‌رق ئه‌کا. مه‌عیاره‌که له مه‌ورد خوێنده‌واردا مه‌عێاره‌که میقداری قورس و قایمتره.** له مه‌ورد ئه‌وانتره‌وه سووکتره. و یه‌کی تری ئه‌وه‌یه که حه‌رفه‌یی له خزمه‌ت سازماندا بێت. یانێ له نه‌زر عه‌قیده‌تیه‌وه سیاسیه‌وه ئه‌وانه یه‌ک که‌ون. **بیر و ڕای سازمان قه‌بوڵ کا و له یه‌کێک له ڕێکخراوه‌کان ته‌شکیلات دا مسئولیه‌ت بگریته عوهده.** ده بێ یارمه‌تی مادی و مه‌عنه‌وی بدا و مه‌خسوسه‌ن حه‌رفه‌یی له خزمه‌ت ته‌شکیلات دا بێت ئه‌و حه‌رفه‌یشه ئه‌شکاڵ موخته‌له‌فی هه‌یه. مومکینه به سوره‌ت کرێکارێک له کارخانه‌یه‌ک دا لازم بێت کار که‌ی. و یا وه‌ک فه‌لایه‌ک له دێهاتێکدا یا به سورت پێشمرگه‌یه‌ک بێ، یا به سوره‌ت حرفه‌یه‌کی سیاسی یانێ کار و بارت فه‌قه‌ت حرفه‌یی خه‌ریک موبارزه بێ وله وا ئیتر هیچ قید و به‌ندی زندگی خوسوسیت بۆ مه‌ترح نابێت.

***پرسیار***: باشه ئه‌وانه قبوڵ وه‌لێ. .......... به فه‌رز مه‌سئولیه‌نی سازمانی. ........................؟

***کاک فوئاد***: کاکە لەوا حەقت هەیە ڕاست ئەکەی. مەخسوسەن بۆ تەواوی ڕەوشەن فیکران ئێمە ئەزانین ئەو مەسەلە مەترحە و کولەن لەو مەوردا کوتایی لە لایەن ئێمەوە بووە. جا من لێرا نمونەیەک ئە گەرێنمەوە، کە بۆ بڕی ئینحرافات دووگم کە واقعەن ئێمە لەوە بەو لاوە بۆمانە.

هیشتا. .....نەبوە کە ئەوەی پێ ڕاگەێنم بەڵکوو فرەتر ئەوم بۆ مەترح بوە کە لە جەرەیان کاری موشتەرکدا و موبارزە موشتەرکدا وا یەک بگرین کە لەودوا ئەونە بە یەک نزیک بین کە. ....... تێدا دیار نەبوو. بە عەقیدەی من ئەوە ئەساسەن سەحێحە. وەلێ لە نزێکەوە کامەڵەن سەحێحە چونکوو مەسەلەن لێاقەت و مەشی و فەڵان و بەهەمان ئەوانە لە نزیکەوە ئەت بینێ، و ئەزانی حاڵی چی یە. هەی تەبلێغ موستەقیمە وەلێ بۆ تەبلێغ غەێرە موستەقیمکە لە لایەکەوە کە ئایا ئەوە بەیان کردنی مەوازع بزانی چیە و چی نیە. لە لایە کی ترەوە ئالەم وەزعەدا ئیمکانی  بڕی جێگەگەل عەلەنی ئیمکانات عەلەنی کە ئەفراد لە گەڵێا تەماس بگرن  ئەو دووانە هەر دووکی لازمەن. ئێمە میقداری  دەستمان پێ کردوە ئەوتە مەسەلەن بازی لە برادەران بنکەیان داناوە. لەم جەرەیانەدا لەوەدوا لە مەریوانیش هەر بەو نەوعە لە سنەێش ئەڵبەتە بازهەم ڕەفێقێ  عەلەنیمان هەیە.

***پرسیار***:  لە مەورد تیزی سێ جەهان!

***کاک فوئاد***:  **کاکە تیزی سێ جەهانمان قەبۆڵ نیە. بە تیزێکی ئیرتەجاعی ئەزانین.**

***پرسیار***:  کاک فوئاد سەرەڕای  ئەوشتانەی کە بۆ خۆت کوتت ئەویش. .......حەتمەن لەوێشەوە سەر چاوە دەگرێ.  تا وەختێک تۆ بە کاری موستەقیم ئەهمێت دەدی فەرزەن لە گەڵ دوو سێ یا دە برادەر موستقیمەن خەریکێ و مورەتەب پێکەوە لە شاخ و کێو و دەچنە دێهات پێکەوە کاری موستقیم و بۆ ئەوەی کە ئەخلاقتان چونە و ڕەفتارتان چونەلەگەڵ خەڵکی. ......وانیە ! بەڵام ئێمە ئەزانین زەرفێەتی بەشەر مەحدودە، ئیدی ناتوانین موستەقیم لە گەڵ دە هەزار نەفەر مەربوت بیت و ئەخلاقی هەرهەموویشیان بناسێ. دەی جا وەختێک

تۆ به كاری غێره موسته‌قیم ئه‌همیه‌تت نه‌دا ئه‌منێك تێ ده‌فیكرم به عه‌قیده ی من ئه‌و نه‌تیجه ده‌گرم كه لێره ئه‌و سازمانه هێشتا ئاماده‌گی ئه‌وه‌ی نیه لائه‌قل له عه‌مه‌ل دا ئاماده‌گی ئه‌وه‌ی نیه كه بیه‌وێت توده‌ی خه‌لك جه‌لب كا. یانێ خۆی به سازمانێكی توده‌ی ته‌بدیل بكات چونكه ئه‌گه‌ر هه‌ر له‌و مه‌ورده‌وه كه تۆ بته‌وی توده‌ی خه‌لك یانێ پێنج نه‌فه‌ر و ده نه‌فه‌ر نه ئه‌گه‌ر بته‌وێت هه‌زار نه‌فه‌ر جه‌لب كه‌ی مه‌لزومی كاری غێره موسته‌قیمه چون هه‌زار نه‌فه‌ر به كاری موسته‌قیم جه‌لب نابێ هه‌ر پێنج نه‌فه‌ر جه‌لب ئه‌بێ.

***كاك فوئاد***: میقدارێكی وایه میقدارێكێشی وانیه. ئه‌وێش له به‌ر ئه‌و مه‌سه‌له ئه‌لبه‌ت ته‌وزێحێ بده‌م له مه‌سه‌له‌ی ئه‌ندام گیری ئێمه‌دا، له‌وه‌و به‌ر یه‌كجار دووگم و سه‌ختگیر بوین. مه‌سه‌له‌ن بۆ نموونه من ئه‌توانم مه‌سال ئه‌وه بێرمه‌وه براده‌رمان بوه و هه‌یشه كه شه‌ش سال حه‌فت ساله له گه‌ل ئێمه كار ئه‌كا دوو سێ سالی ئه‌سله‌ن كاری تولیدی كردوه وه‌لێ دووگمێكی عه‌جیب بووه كه ئه‌و هێشتا به ئه‌ندام نه‌كراوه. و به عه‌قیده‌ی من ئه‌وه كامه‌له‌ن له مه‌ورد ئه‌وانه‌وه بێ ئینسافێ كراوه، زۆر سه‌ختگیری له‌و مه‌سه‌لا كراوه و حه‌تمه‌ن ئه‌شێ ته‌ره‌ف زۆر تاقێ كرێته‌وه تا بكرێت به ئه‌ندام. **له حالێكدا به كرده‌وه به جورئه‌ت ئه‌توانم بێژم بووه له‌و نه‌وعه كه‌سانه، كه له ئه‌ندامه‌كان باشتر بوون.** و عه‌ین ئه‌و مه‌سه‌له له‌و مه‌سه‌له كار غێره موسته‌قیمه‌دا كه كاك عه‌بدولا وتێ ئینعكاسێ پێدا كردوه. یانێ ناشی فره‌تر له‌و سه‌ختگیر بی و به‌سه‌و نه‌وعێك حاله‌ت دووگم كه هاتوه‌ته به‌ره‌وه كه ئه‌شێ ته‌ره‌ف زۆر قورس و قایم و مه‌حكه‌م و پالێنراو بێ تا به‌بێ به ئه‌ندام و ئینعكاسێ له‌وا كه ئه‌لێێ ئه‌ستعدادی وه‌ها مه‌جموعه كه كاری وه‌سێع و توده‌گیر بكا.

***پرسیار***: به عه‌قیده‌ی من نه‌تیجه‌كێ هه‌ر ئه‌وه‌یه هه‌تا وابێ ناتوانێ كاری توده‌ی بكا.

***كاك فوئاد***: مادام دووگم بێ به‌لێ، میقدارێكی هه‌ل ئه‌گه‌رێته‌وه بۆ ئه‌و جه‌نبه دووگمه تێایا كه حه‌تمه‌ن له گه‌ل شتێكدا روه به روو بێ كه ئه‌تمینانێ پێ بێ. **به ئه‌سلاح فره‌تر زیاده له حه‌د به كێفیه‌ت ئه‌همیه‌ت دان.**

***پرسیار***: کاک فوئاد ئەو سوئالەم ئەوەیە ئەوە راجع بە ئەندامان بوو بەڵام کاری غێرە موستەقیم لە نیو خەڵک دا بە وەسیلەی ئەو ئەندامانە کە هەتانە دەکردرێت بە بڵاوکردنەوە بە هەزار و یەک شتی دیکە مەسەلەن ئەوەیە بیر و رای سازمان دەربڕین. سەبارەت بە هەر شتێکی بچۆک و گەورە و شاێد سازمان زۆر پێش کەوتوو بێت شاێد زۆر دواکەوتوو بێت. ئەڵبەتە بۆ مەسال ئەڵێم نەک سازمان ئینقلابی زەحمەتکێشان هەر کومەڵە کە هەر سازمانێ کە هەر تاقمێکی سیاسی بە بیا و بەروێکی سیاسی بتوانن لە عەمەل دا وەها لە نێو خەڵک دا نەفووز بکا خەڵک بوو لای بچن بەڵام. ..... مەعلووم نەبێ تئوریەکەی یانێ باری عەقیدەیەکەی. ....... دەروات یا نا ؟ ئەوە زۆر موهیمە یانێ. ............و تازە کاری عەمەلی کوتت تەکێە لە سەر ئەکەی بۆ نێو خەڵکی زەحمەتکێش وڵاتی کوردەواری. .......کەم نیە و لە گەڵ ئەوانێش تەنها کاری عەمەلی پێویست نیە کاری غیرە موستەقیم ئەتوانێ موەسر بێ کاری تەبلێغی ئاوانە زۆر موهیمەن ئەمن نازانم کومەڵەی شورشگێر تەکێە ی لە سەر نەکردوە و ئەسڵەن وەبەرچاوی نەخستوە و تازە. ...............؟

***کاک فوئاد***: کاکە گێان لە ئەوەڵەوە و تم ئەو تەبلێغات غێرە موستەقیمە چی ئەدات. مەسەلەن فەرز کە من.....

***کاک فوئاد***: ئەوە وایە و لە ناو ئێمە دا مەترح بوە. و کامەڵەن ئەوە لازمەیانێ حەقیقەتی لە بێن ئێمە مەترح بوە. مەسەلەن هەر ئەو ئورگانە بەڵام هێشتا نەکراوە. **موهیمترین زەعفی ئێمە هەر لەو مەوردا بووە. و بۆ ئێمە تەقرینەن ئەلعان ئەتوانم بێژم بە سورەت مەسەلەیەکی مەرکەزی دەرهاتوە**. کە ئەشێ ئەو مەسەلە حەل کەین. هیوادارم بەزوویی بتوانین حەلی کەین. بەڵێ یانێ مەوازعێک ئیعلام ئەکا ئەووەختە مورەتەبیش نەسبەت بە هەر مەسەلەیەک تێتە بەرەوە مەوزع ئەگری.

***پرسیار***: . .........؟

***کاک فوئاد***: قەبوڵم کرد عەین قسەی ئەو برادرە بوو. ئیتر کەم و کوری کاری ئێمە بووە. لەو مەسەلەی تەبلێغ غەێرە موستەقیم دا موهیمترینی هەر ئەم ئیعلام

نەکردن مەوازعە، نەبوونی ئەو ئورگانەیە کە کاری غەیرە موستقیم کولەن تا لێ تێگەیشتوم دوو نەوعە. یەکێک ئەوە مەسەلەن ئەومە هاوردو فەرز کە لە مەریوان ماویەک کارم کردوە ئەو سەبک کار و بەرنامە و ئەوانمە پێش بردوە بە بێ ئەوە ی ئەسڵەن بێژم من کومەڵەم، کەبۆ ماوەیەک تەبعەن لازم بووە، مادام عەقیدەم بە کاری مەخفی هەیە ئەوە شێویەکە، یەک یەکی شێوەیەکی هەر ئەوە نەشریە ،کە خۆی سازمان دهندە ئێمەش قەسمت ئەوەڵیمان کردوە وەلێ کاری نەشریە یەکی غەیر ئیعلامیە نەبووە و ئەوە نەقس کاری ئێمە بووە و واقعەن لەتمەیشی لێ داوین.

***پرسیار***: ئەوەتان لە مێژە قەبوڵ کردوە کە ئەوە لەتمەی لێ داون یانێ کومەڵە ی شورشگێر لە نیو خۆی دا ئەوەی قەبوڵ کردوە کەئەو کارە لەتمەی لێ داون !

***کاک فوئاد***: ئەر ە وەڵڵە

***پرسیار***: ئەی بۆ هیچ هەنگاوێکی بۆ هەڵ نەهێناوەتەوە یانێ ئینتقاد لە خۆی بکا و هەنگاوی بۆ هەڵنەهێنی!

***کاک فوئاد***: لە مێژە مەسەلەن ئاخر چلۆنە.

***پرسیار***: تازەگی مەسەلەن ئەوەتان زانیوە یا مەسەلەن ماوەیەکی زۆرە کە بەوەگەیشتون کە مەسەلەن سەبارت بەوی ئیشتباە بووە.

***کاک فوئاد***: وەڵڵە یەکە یەکەی هەڵ ئەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە ئەسڵەن ئیعلام مەوجودێتمان نەکردبوو. ئەوکاتە ئەسڵەن مەسەلەمان بۆ مەترح نەبوو. **مەسەلەن دەورەی شا و ئەوانە ئەو مەسەلەیشە هەڵ ئەگەرێتەوە مەخسوسەن با لێرا میقداری تەوزێح بدەم. نسبەت بەو مەسەلە ئەوەڵەن هەر سازمان و حیزب و دەستە مەحسول ئەو جامیعە ناتوانێ شتێکی مافەوق ئەو جامیعە بێ. خاس بێ و خراپ بێ هەر لە حەدود ئەو جامیعە پەروەردە ئەبێ. رێکخراو ی ئێمەش هەر بەو نەوعە شتێکی عەجیب و غەریب نیە. حەقێقەتی ئەویە مەخسوسەن بە رابردوی دوو سێ ساڵ لەمەوبەر، یانی سازمانی ئێمە تووشی ناکۆکیهای دەرونی بوو. یانێ ئەسڵ کارەکان بەوە هەڵ ئەگەرێتەوە.** لە واقیع دا لە تول

موبارزات دەرونی خۆیدا دەورەی **رکود و ئینحەلال** هاتەبەرەوە بوی. ئەوەیش عیبارتە لە زەربەگەلێ کە خواردی. **هەم لە تەرەف دوژمنەوە و هەم لە ناو خۆیدا**. وبوو بە باعیس ئەوە ئینحەتاتێک لە کاریدا هاتە پێشەوە. ئابەو سورەتە یەکێ کار لە ناو رەوشەن فیکردا گەیاندبوە بە حەدەئەقل شیعاری ئەو مەسەلە کە ئەشێ بروین حەرفەیی لە ناو خەلک دا بین مەترح بوو. **وەلێ مودتها ئەو کارە نەدەکرا رۆژ بە رۆژ دواخرا بەلام نەدەکرا. و لە واقیع دا عەمەلەن مەخسوسەن ئەوە لە سەتح بە ئەسلاح رەهبەریدا ئەو جەریانە سادقە یانێ ئینحراف رەهبەری شیعارەکەێ ئەدا ئەفرادی سادە ئەیان کرد. خۆیان نەیاندەکرد و ئەوە بوە باعیس ئەوە ئینحەتاتێک لە دەرون سازماندا هاتبوە بەرەوە.** حەتتا لە لەحاز فەعالیەت تەبلیغاتیش و، سیاسی و موبارزە ی دەرونیش تووشی ئینحەتات بووبوو، ئینحەتات ئابەو **نەوعە بازی لە ئەفراد رەهبەری ئەسلەن بۆ ماوەی لە واقیع دا ئەسلەن لە لەحاز عەمەلیەوە ئەسلەن کاری سیاسی نابووە کەنارەوە. ئەو پەڕەکەی قسەی ئەکرد.** ئەو ئینحەتاتە لە دوای ماوەیەک بەلەخەرە مونجەر بوو بە موبارزە دەرونی و ئەشێ ئەو مەشی یە، بەگوریایە. ئەگەرچی پێش ئەوە مەترح بووبوو. کە مەخسوسەن لە دەوری شا دا مەسلەی زەحمەتکێش ئەشێ بروینە ناوی و لێ برێن. **ئەسلەن تەغیر مەوقعێەت تەبەقاتی بدەێن لە لەحاز عەمەلیەوە بەلەخەرە کاک حەمەحسین لێ بریا و ئەو کارەی کرد**. و عدەیەکی تریش هەر بەو نوعە. ئێمە هاتبوینە سەر ئەوە ئەلبەتە لەو کاتەدا من لە زینداندا بووم و بەو نەتیجە ئەگەن برادەران کە بەر لەوی مەسەلەی مەسەلەن نەشریە و نازانم فەلانە شت موهیم بێت ئەوەیە کە ئەساسەن ئەفراد تەربێەت بن بە کومەک کار لە ناو زەحمەتکێشاندا ومن لەوە دوایش کە لە زیندان هاتمە **دەرەوە عەینەن ئێمە بەو نەتیجە گەیشتین با تەوەجوە بەو ئینحرافاتە کە بوە ئەگەر ئێمە لە پێشدا لە ناو خەلکدا خۆمان ئەسلاح نەکەێن بە موبارزە لە ناو خەلکدا هیچ کارێکیتر فایدەی نیە.** و خۆد ئەو مەسەلە بوو بە بەرنامەی بۆ ئێمە کە ئەساسەن دوایەکمان لە سەتوح موختەلفدا ئەهمیەت فرە بەو کارە عەمەلێە ئەدرا و عەلەت ئەسلی ئەوە کە هەر کامێک لەو کارانە کەوتە دواوە مەسەلەی ئۆرگان مەسەلەی

ئیعلام مه‌وازع ئه‌ساسه‌ن به‌و مه‌سه‌له هه‌ڵ ئه‌گه‌رێته‌وه. كه ئێمه خه‌یاڵمان هه‌یه خۆد ئاوانه موفه‌سه‌ڵ مه‌ترح بێت. **یانێ ئینحرافه‌كان چین له چیدا بوون. ئه‌ڵبه‌ته موخته‌سه‌ره‌ن له یادنامه‌ی ئه‌و ره‌فێقانه‌دا مه‌ترح بووبوو.** ئه‌و مه‌سه‌له ئینحراف راست نسبه‌ت به زیندگی خسووسی و نازانم ئه‌گه‌ر خۆێندبێتانه‌وه كه موفه‌سه‌ڵتری ئه‌وانه مه‌ترح ئه‌بێ. و جه‌وهه‌ر ئه‌سڵی مه‌سه‌له‌كه بۆ ئه‌و مه‌سه‌له هه‌ڵئه‌گه‌رێته‌وه مونته‌ها ته‌نها ئه‌وه نه‌بوو روداوه‌ی ئێران و كوردواری به ته‌ور كولی ئه‌ونده وه‌سێع و گه‌وره بوو ئه‌ونه كار و ئیمكانات فره بوو. حه‌ده‌ئه‌قل به نسبه‌ت رێكخراوه‌ی ئێمه‌وه یه‌كێك له نه‌قس گه‌ل عومده و كه‌م بودمان كه‌م بودی كادیر بوو. مه‌خسوسه‌ن كادرێك كه ته‌جربه‌ی بێ. ئه‌لعان من مه‌سالێ تێرمه‌وه هه‌ر له وه‌زع مه‌ریوان عده‌یه‌كین هالینه ناو ئه‌و جه‌ماعتدا به شه‌وا ئه‌روینه دێ له مزگه‌وتدا قسه ئه‌كه‌ین. هه‌مانه لێبوردووه حرفه‌ی كه‌وتوه‌ته شوێن كاره‌كه، **وه‌لێ ئه‌ونه له ناو خه‌ڵكدا نه‌بووه كه بتوانێ به زبان ئه‌وان سوخه‌نرانێ ساده بكا. یا بتوانێ سازماندهی له ناو خه‌ڵكدا بكا.** ئێمه به موشكڵێكی گه‌وره‌ی ئابه‌و نه‌وعه رووبه‌روو بووین. ئه‌فرادی كه بتوانن، ئیمكاناتی كار یه‌كجار وه‌سێعه و به‌و سه‌بك كاره‌وه كه ئێمه هه‌مانه به‌و دووگمێشه‌وه ئه‌شاره‌م پێ كرد سه‌ختگێری له سه‌ر ئه‌فراد، بووه به باعیس ئه‌وه مه‌جموعه‌ن ئه‌وانه ئه‌و كارانه مه‌خسوسه‌ن ئیعلام مه‌وازع و نه‌شریه و ئه‌وانه كه‌وته دواوه. **یانێ ریشه ی ئه‌سڵی مه‌سه‌له‌كه له واقیع دا له ئینحرافێ ده‌رونی سه‌رچاوه ئه‌گرێ. كه من پێم وایه روهه‌م ره‌فته تا ئیستا به بار باشیدا چوته پێشه‌وه.** مه‌سه‌له‌ن فه‌رز كه نموونه‌ی موشه‌خه‌سی ره‌فێق گه‌لێ كه توش ئه‌و ئینحرافه شدیده بوون توش ركود و ئه‌نحه‌تات بوون. به عه‌قیده‌ی من به به‌ره‌كه‌ت ئه‌و چونه ناو خه‌ڵكه كامه‌ڵه‌ن ژیاونه‌ته‌وه وله شه‌رایه‌ت فه‌علی دا ئه‌سڵه‌ن وه‌زعێكی كامه‌ڵه‌ن له نه‌زر منه وه واقعه‌ن ئینقلابیان په‌یدا كردوه. جا وه‌ختێكا له‌و ئینحه‌تاته‌وه دووره گه‌شه كردن په‌یدا بوه. ئه‌ووه‌خته كار دووباره ئه‌كه‌وێته سه‌ر ده‌ور و خۆد به خۆد ئه‌وانتر ئه‌توانێ رێك و پێك بێ. و جواب ئه‌و سواله كه مه‌ته‌وجه بوون بۆ نه‌تان كردوه میقداری فره و زۆری ناشی له‌وه‌ته مه‌سه‌له‌ن فه‌رزكه بۆ نموونه من له مه‌ورد شه‌خس خۆمدا

ئێژم هەر عانێکا لە زیندان هاتمە دەرەوە بەرنامم ئەوە بوو (ئەڵبەتە هیشتا بە قەول عێراقی تەقینەوەکانی ئێران وانەبوو) وەلێ عەقیدەی شەخسی و بەرنامەم ئەوە بوو بێمە دەرەوە ئەو پەرەکەێ چەند رۆژێک ئەبم. ولەوە دوا ئەڕوم. روێشتن بۆ ناو خەڵک بە سورەت زەحمەتکێشی و بمێنمەوە یانێ ئەو کارەێ کە کاک حمە حسێن و برادرانی تر کردیان. مونتەها لە موقابڵ ئەو وەزعەدا دیم وەزعێکی تازە هاتوەتە بەرەوە. ئیمکاناتێکی تر هاتوەتە پێش. عەلاقە ی شەخس من بە خاتر (ئەوە تەنیا لە مەورد من دا نەبوو لە مەورد فرە لە رەفێقەکانا وابوو) من بە دەلیل مەسایل شەخسی هەر ئەوە کە برومە مەسەلەن مەخسوسەن لە زیندان‌دا ئەوەم بۆ مەترح بوو ئەشێ برومە ناو جەرگەی ژیانی زەحمەتکێشانەوە. گەرەکمە ئەو کارە بکەم. **وەلێ زەرورەتی تەشکیلاتی شتێکی تر بە من ئەسەلمێنێ**. ئەوەتە کەم تا فرە من پێم وایە بۆ ئەکسەر رەفێقەکانمان مەسەلە ئاوها مەترح بووکە ئەشێ بۆ موبارزە لە گەڵ ئەو ئینحرافاتەدا کە لەمەو پێش بووە تەک تەک ئەفراد ئەشێ برون بەرەو خەڵک و خەریک ئەو فەعالێتە عەمەلێە بن. **ئەوە جەنبە موسبەتە لە خۆدی جەنبە مەنفی سەر چاوەی گرتوە. ئەو ئینحرافە هاوردوەتە یانێ لە واقیع دا ئەو نەقسە کە ئەلعان ئێمە هەمانە شەلاخی ئەو دەورە کە ئێخوین شالاخی ئەو دەورە ئینحەتاتە وەلێ روهەم رەفتە پێم وایە میقداری ژیاوەتەوە و رێک و پێکتر بووە**. و ئەو ئیعلامی مەوازعە ئەوانێشە ئەدەن بە دەستەوە. بەشکم بتوانین بە زوویی ئەوانە بکەێن.

***پرسیار***: . ......... سازمان بۆ ناوچەی کوردستان تایبەت دەکا یا لە شوێنی دی تایبەت دەکا ئەگەر لەو ناوچەیدا تایبەت دەکا کومەڵە بەلەخەرە دەبێ بۆ خۆی تەشکیلی بدا دەنا نا؟ لە گەڵ سازمانهای دیکە بە مەعنای ئەوە دەبێ وەحدت بکا سازمانهای....؟

***کاک فوئاد***: وەاللە کاکە ئێمە رەفێقێ وامان هەیە کە. ....لە کوردستان کار دەکا وەلە نەزر بیر و ڕاوە عەقیدەمان بەوە هەیە کە **نە تەنیا لە کوردستاندا مەخسوسەن لە ڕابتە لە گەڵ تەبەقەیێ کارگەردا ئەشێ کار کەێن.**

**موستەقیمەنیش کار کەێن مونتەها واقعێەت ئەوەتە ئەکسرێەت نیروی ئێمە لە کوردستاندا فەعالێەت ئەکا.**

***پرسیار***:. .......وەحدت؟

***کاک فوئاد***: وەحدت لە گەڵ سازمانەکانی تر بۆ وەحدت لە گەڵ سازمانەکانی تر من نموونە بێرمەوە ئەوە گشتمان **ئەزانێن 12 دانە سازمان وگرووپ بە ناو کونفرانسی وەحدت لە تاران دانیشتوون. و ئەمانە ئەو چەشنە وەحدەتە لە نەزر ئێمەوە وەحدەتێکی ئەسووڵی ناتوانێ ببێ، مونتەها وەحدتە لە بانەوە و مەخسوسەن وەحدتە لە بان بیر و را یە، نە کردەوە.** ئەڵبەتە بەداخەوە تا ئەو جێگا من بیستبێتم ئەو کونفرانسی وەحدەتیشە میقداری زۆری **فرەتر راجیع بە خارج لە ئێرانە مەسەلەن تیئوری سێ جەهان و سوسیال ئمپریالیسم وفەلان و بە هەمان** ئەوانە هەر کامێکی مەسەلەیەکن لە حالێکدا **مەسەلەی وەحدت بە عەقیدەی من ئەساسن ئەشێ لە سەر مەسائل موشەخەس ئینقلاب ئێران بێ** یانێ ئەگەر لە سەر مەسائل موشەخەس ئێران تا ئەو جێگایە، بە مەسائل عەقیدەتی مەربوتە لە سەر مەسائل موشەخەس ئینقلاب ئێران بوو حەتمەن لە سەر مەسائل خارجێکەیشی تەوافق سادەی ئیتر لە یەک کەلامدا ئەو وەحدەتە ئابەو نەوعە کە لە بانەوەیە **بە عەقیدەی من پایدار ناتوانێ بێ،** ناتوانێ ئوسوڵی بێ. یەکێک وەحدەتێکیشە لە پایەوە لە **خوارەوە یانێ هەر دوو لا لە جەرگەی خەلکدا فەعالێەت ئەکەن و لە تەرێق ئەو فەعالێتەوە بە یەک دەگەن. ئێمە مەورد ئاوامان بۆ هاتوەتە پێشەوە. مەسەلەن رەفێقی ئێمە خەریکە لە ناو خەلکدا فەعالێەت ئەکا. لە تەک سازمانێکی تر لە تەک ئەفراد ئەواندا بە یەک گەیشتوون. لەویا هەر دوو تەرەف کە کار یەک ئەبینن کردەوەی یەک ئەبینن وە ئەتوانن بە یەکەوە هاوکاری کەن.** و لە تەرێق ئەوانەوە ئەکرێ بە عەقیدەی من وردە **وردە زەمینە ی وەحدت فەراهەم بێ.** زۆرتریش بەو چەشنە وەحدتە عەقیدەمان هەیە **نەک ئەوە بە ئیسڵاح رەهبەران دوو تەرف و یا نمایندە ی دوو تەرەف دانیشن موزاکەراتێک کەن و تەوافق نامە ئێمزا کەن.** و تیئوری سێ جەهانمان قەبوول نی یە و وسوسیال ئەمپریالیسم دروست نی یە. وتەبەقەی کارگەر لە ئێران حیزب

کمونیست و فەلّان و بەهەمان ئەوە فرەتر وەحدەتێکی قسەیی یە و بە عەقیدەی ئێمە ئەو وەحدتە ئەشێ ئاوا بڕواتە پێشەوە لە پایەوە لە دەرون موبارزات تودەیی یەوە ئەو سازمان و ڕێکخراوانە یەک بگرن. کە تەبعەن مەسەلە نیە زوو ئەنجام بدرێ. یانێ فەرقی مەسەلەن سازمان پیکار **لە کوردستاندا ئەگەر فەعالێەت کا لە سەر مەسائِل کوردستان وەختێک ئێمە ئەتوانینن وەحدەتی لە گەلّا بەکەین کە ئەو بۆ خۆی لە مەسائِل کوردستاندا پایە گایەکی ببێ و ئەسلّەن لە کوردستاندا پاێگای ببێ. نەک ئەوە بازی تەحقێقات سادە ی کردبێت و ئیعلامیە یا نەشریەی لە مەورد کوردستاندا. ..**

***کاک فوئاد***: نەخیر نە تەنیا رابتەی نیە بە شدەتیش نیوانمان ناخۆشە.

***پرسیار***: لە رابردوودا چی ؟

***کاک فوئاد***: لە رابردوویشا رابتەی موستەقیمەن ئەسلّەن نەبوە. یانێ میقداری بە ئیسلاح رابتەی ئێمە و ئەوان غەیرە موستەقیم لەم ئاخرەدا مەربوت بوو بە ئەرتەبات ئێمە لە گەڵ کومەڵەی ئەو دیو. و ئەرتەبات ئەوان وەلێ ئەسلّەن لە لەحاز بیر و ڕا و کردەوە و ئەوانەوە یەک ناکەوین. مەخسوسەن لەو نەزرەوە لە ئێمە نارەحەتن. مەخسوسەن لە دوای روداوەی سنە بوو، یەکێک لە ئەوان هاتبوو لە گەڵ برادرێکێ ئێمە تەماسی گرتبوو، یەک بگرن و فەلّان و بەهەمان، و ئالەم قسانە. لە سەردەمی ریفڕاندومدا بوو ئەویش مەورد سادەی هاوردبوو وتبوی ئێمە هالینە کوردەواریدا دەولّەتی فیعلی و ڕژیمی فیعلی ئەوەی بە سەر هاوردین کە لە سنە بە سەری هاوردین. **سیاسەتی ئێوەش ئەبینین کە نسبەت بە حقوقی خەلکی کورد چیە** ؟ ئێمە چون ئەتوانین بە جمهوری ئیسلامی ری بدەێن لە حالّێکدا ئێوە بوون بە ئائێت واللّەی ئەو و لە سەر ئەوە ئێمە ناتوانین یەک کەوین. ئیتر مەسائِل تری مەترح نەکردبوو. **کە ئەوە ئەوان بە نەزر ئێمە نوکەری حەلّقە لە گوی چینن**. هەر چێ لە چینەوە وتراوە ئەوە تیکرار و دووپات ئەکەنەوە. **پیاو نوکەری بکا هەر نوکەری خەلکەکەی خۆی بکا خاسترە.**

***پرسیار***: لە سەتحی ئێرانێدا کومەڵە سازمانی هەیە بە شیوی ئێوە کار بکا ؟ لە سەتحی کولی ئێرانیدا؟

***کاک فوئاد***: نازانم یانێ ئاخر شێوەی چ جورێک ئێژی. ئەوە که مەسەلەن بڕونە ناو کارخانە و ئەوانە ؟

***پرسیار***: برونه ناو خەڵکی، کارگەری کات.

***کاک فوئاد***: هەیه من یەک دوو سازمانم بیستوە کە بەو نەوعە کار ئەکەن.

***پرسیار***: رابەتەتان هەیە؟

***کاک فوئاد***: لە گەل یەکێان رابەتەمان هەیە.

***پرسیار***: کێە؟

***کاک فوئاد***: لازمە بێژم

***پرسیار*** : ئەری.

***کاک فوئاد:*** جا بۆ ئاخر

***پرسیار***: . .......نەزرت لە مەورد حیزبێکی کوردستان؟

***کاک فوئاد***: حیزبێکی کوردستانی حەقێقەتی ئەوەسە ئەو مەسەلە بەتەور کولی لە ناو خۆماندا حەل نەبوە، حالی هەی. یانێ دوو نەزەر لە ناو خۆماندا وەجودی هەیە. **من بۆ خۆم عەقیدەم بەوە (یانێ لەویدا عەقیدەی شەخسیم ئێژم برا) عەقیدەم ئەوەسە کە ئەساسەن ئەشێ حیزبی کومونیستی ئێران بەوجود بێ. مونتەها حەقی موسەلەمی خەلکی کوردیشە کە حیزبی کومونیستی کوردستانی هەبێ. و ئەوە تەحەوڵات و شەرائێت تارێخی تەعینی ئەکا کە حیزبی موستەقلی کومونیستی کوردستان دروست بکا یا نەی کا، کە وایە مەسەلەن ئەوە یەکێک لە مەوزوعاتێکە کە لە بینماندا هەیە. ئەشێ ئێتر لە ناو خۆماندا بە نەوعێک حەل بێ.**

***پرسیار***: ئەوە نەزری خۆت بوو، نەزری دیکە؟

***کاک فوئاد***: **نەزری تریش هەیە کە فەقەت موعتەقد بە حیزبی کمونیستی ئێرانە.**

***پرسیار***: کاک فوئاد ئەوە ئەندامانی کومەڵەی شورشگێر دەبێ هەر کە فەعالیەتێکی و سازماندهی سیاسی شەر لە گەڵ ئاغا یا لە گەڵ. .......وەکی دیکە دێتە پێش سازماندهی سیاسی لە گەڵ نیزامی. ......کار کردن دانابوو و کارێکی

کردوە کومەڵە شورشگیر بۆ ئەوەی کە ئاوا سازماندهی کات ؟یان ئەوەی کە. ......؟

***کاک فوئاد***: واللە یەکێ بۆ نموونە. ئەوی یەکیەتی جووتیاران لە مەریوان. یەکێ لە مەنزورەکانیشی ئەوەیە ئەگەر شەر هاتە پێشەوە خەڵک ئامادەگێان بێ. لە جێگای تریش بوە کە ئەو کاریانە کردوە.

***پرسیار***: مەقەرێکی وا پێک هاتوە. ........کومەڵە ی شورشگێر و ئەندامەکانی؟

***کاک فوئاد***: واللە کاکە لەبەرا ئەوە بێژم ئێمە موخسوسەن لە لەحازی نیزامیەوە بۆ خۆمان تەجرەبەمان نیە. بەنیادەم وەختێ تەجرەبێ هەیە کە شەر کا، ئامە وەزعی ئێرانە و ئێمە هیچ کامێکمان لە ئۆروپا و چینەوە نەهاتینەتەوە. دەورەی خاس پارتیزانی و ئەوانە ببینین. بە قەوڵ مەشهور بەنیادەم ئەشێ شەر، لە شەردافێربێ. بۆ خۆمان ئەساسەن ئەو تەجرەبەمان نیە. وەلێ عەقیدەمان بووە. مادام شەڕ بکەێ فێر ئەوی و تەڵەفاتێک ئەدەی، فێر ئەویت شتێکی عەجائەب نیە. میقداری تیئوری موبارزە ی تەبەقاتی و جەنگ، بزانێ عەمەلی پێ بکەی فێر ئەبی. وەلێ هەر لەو شوێنەواریشەدا تەبعەن سەعیمان ئەوەیە، ئەوە کە زانستمانە و موختەسەر تەجرەبەیەک، خەریکین بە دەستی بێرین. نیمانە حاڵی هەیە ئەوە تەبعەن لە ناو خەڵکدا پەرە پێ دین. یانێ ئەو مەسولەیەتەشتێکی زوۆر ئیبتەدایە. یانێ تا ئیستا تا ئەو جێگا خەبرم بێ لە دوو جێگا ئێمە شەرمان توش بووە. یەکێ لە تازە قەڵا و یەکێکیش لە مەریوان لە گەڵ دەرەبەگدا. تەجروبە ی ئەو شەرانە تەبعەن لە ناو خەڵکدا دووبارە بنیادەم بەکاری بات ئالەوە فێر شەر ئەبین. ئەگێنا لە بار نیزامی یەوە تەجرەبەیەکمان نیە.

***پرسیار***: بە نەزری کومەڵە ی شورشگیر ئایا وڵاتی کوردەواری ئەسڵەن ئەو دەوڵەتە. ........بەو رادیە دەگا مەسەلەن خەڵک دەس بدەنە چەک یا دەوڵەت مەجبور بێ بە شێویەکی نیزامی کوردستان سەر کوت کا؟

***کاک فوئاد***: **ئێمە پێمان وایە شەر حتمی یە، لە عەین حاڵدا مەوفەق بین تا ئەو جێگای بکرێ بخریتە دواوە، بە نەفعمانە.** ئەڵبەتە ئابەم رژیمەوە ئیتر کوتوپڕ رووداوێکی تر بێ، کە ئێمە نەتوانین پێش بینی کەین نازانم.

***پرسیار***: کومەڵە ی شورشگیر ئەلعان سەبارت بە تاکتیکی خۆی لەو مەرحەلیە دا چ شیعارێکی قەبوڵە. هیچ لە سەر ئیعلامیەکانی نابینین. شیعار نانوسێ دەلیلی چیە؟ لە نێو خۆیدا چ شتێکی قەبوڵ کردوە ؟ مەسەلەن جمهوری دیموکراتی خەڵک یا حاکمیەتی خەڵک یا ئەوانە ؟ کامێان ؟

کاک فوئاد: واللە من لە حاکمیەتی خەڵک تێ نەگەیشتوم. ئێمە جمهوری دیموکراتی میللی مان بە رەهبەری تەبەقەی کارگەر قەبوڵە.

***پرسیار***:. .......زەحمەتکێشان پێک هاتوە؟

***کاک فوئاد:*** تا ئەو جێگا من خەبرم بێ نازانم شاید برادەرانی تر بزانن.

***پرسیار***: کاک فوئاد لە مەورد ئەو شەرەی ئامێد لە گەڵ ئاغا وات کە حیزبی دیموکرات کردویەتی ئایا نەدەکرا کومەڵە کانی دەور و بەری ئێرە وئەو مەنتقەیە، بە یارمەتی یەکیەتی جووتیارانی مەنتقە بی کردایە.

***کاک فوئاد***: **بە نەزر من ئەگەر کومەڵەی ئێمە و کومەڵەکانێ تر بەیەکەوە و گشتیان جورئەتیان بوایە دەکرا**. بە **داخەوە لەوا کەم جورئەتی بوو**. ئەڵبەتە حەقێقەتی مەخسوسەن لە مەورد کومەڵەی ئێمە دا میقداری مەترسی دەخاڵەت حیزب دیموکرات بوو. بەر عەلەی لانی کەم دەبوا زووتر ئەو کارە بکرێ. مەترسی ئەوە لە گەڵ حیزب دیموکرات توش شەر بن. وەلێ حیزب دیموکرات دڵنیا بوو لەوە کە ئەگەر لە گەڵ دەرەبەگ شەر کا ئێمە لەگەڵی شەر ناکەین. لە حاڵێکدا ئێمە دڵنیا نەبووین لەوە کە ئەگەر لە گەڵ دەرەبەگدا شەر بکەی، بەڵام برادەرانی ئێمە ئەو مەسەلەیانە بۆ مەترح بوو، ئەگەر لە گەڵ دەرەبەگدا دەس کەن بەشەر مومکینە مەجبور بن لە گەڵ حیزب دیموکرات شەر کەن. هەر بەو دەلیلە میقداری ئەحتیاتیان ئەکرد، سەبریان ئەکرد.

***پرسیار***: من شتێکم بیستوە گوایە سەید رەسوڵی بابی گەورە ئەو ئاغاوانی شەکاکی تەهدید کردوە کە ئەگەر ئەو جووت بەندانە نەبەنەوە سەر جێگای و رێ خۆیان و خەسارەتیان نەدەنی ئەمن لە جیاتی ئەوی لە گەڵ دەوڵەت بە شەر بێم لە گەڵ ئێوە بە شەر دێم. جا بە نەزری من ئەگەر بکرێت ئەگەر ئیمکانی هەیە ،مە

سەلەن کومەڵە ی شورشگیر و کومەڵە و یەکیەتی جووتیاران ئەو کارە لە جیاتی سەید رەسوڵ بکەن، باشترە.

***کاک فوئاد***: وەاللە ئەگەر بتوانن موستەقل بیکەن زۆر باشە. مونتەها ئەوی کە باز هەم عەقیدە ی شەخسیمە جەمعێک نازانم لەو مەوردا بە عەقیدە من ئەگەر حیزب دیموکرات بێەوێ لە گەڵ دەرەبەگدا شەر کا ئەشێ بە هاوکاری بکرێ. مونتەها موستەقل بەو نەوعە تۆ نیروی موستەقل خۆت بنێری ئەویش نیروی موستەقل خۆی بنێری شەر کا. ئەوە لە مەجموعا بە نەفعی خەڵکە و بە زەرری خەڵک نیە. دیارە حیزبی دیموکراتیش وەجهە پەیدا ئەکا، ئیعتبار پەیدا ئەکا. وەلێ واقعێەت ئەوەسە لە بین حیزب دیموکرات و دەرەبەگ دا، دەرەبەگ نیروی ئیرتجاعیە. مادام ئەوان حازر بن دروستە لە گەڵیاندا بۆ ئەو کارە موتەحد بێت. وەلێ ئەگەر بتوانی هێزێکی وات بێت موستەقل بیکەێت تەبعەن زۆر باشترە.

***پرسیار***: ئەلعان حیزبی دیموکرات بەو کارانەی، خۆی کرپوەتەوە. ئەو ئابروچونەی کە بوە لێرە ئابروی چوە یا لە جێ دیکە مەقسەدم ئەوەسە سەید رەسول پێم وایە ئەو کومەڵە ی شورشگیر و کومەڵەکانی ئێرە و یەکیەتی جووتیاران میقداری ئاوا تەماشا دەکەی توشی نازانم بڵێم سەر لێ شێواوی یا ترسنوکی ئەوانە بوون. مەسەلەن ئەوە لێرە دا لە مەورد شەری ئامید ئەشتبا کرا. یا لە مەورد دوێنێکە ئەو تەزاهوراتە بوو و دیسانەوە ئەشتبا کراوە. جورئەتی ئەوەمان نەبوو کەمیقداری ئیبتکار لە خۆمان نیشان بدێن. باشە با لێرە را. ....بین لە تەزاهوراتی حیزب دیموکرات.

***کاک فوئاد***: وایە وەاللە ئەو ئەشتبانە بووە. ئەڵبەتە مەخسوسەن بۆ موبارزە لە گەڵ دەرەبەگ حیزب دیموکرات مەوزعی دیارە. چۆنە ئیدی ئەڵبەتە گوایە بەرلە شەرەکەێش لە گەڵ برادەرانی ئێمە دا، تەماسێان گرتوە کە بە یەکەوە لە گەڵ دەرەبەگ دا شەر کەێن. ئەمانێش پیان وتون کە ئێوە نەیەتان لە گەڵ دەرەبەگ دا، دوژمنایەتی لە گەڵ دەرەبرگ دا، واقیعی نیە. ئەمە مەسەلەی خاسە وەلێ ئێمە لە گەڵ هەر هێزێک کە زدی دەرەبەگ و زدی ئەمپریالیسم بێ حازرین مونتەها

موستەقل نەک ئەوە لە ژێر پەرچەمی ئەواندا ئەو کارە کەێن. پێم وایە لە شەری تازە قەڵایشدا هەر وابوو.

***پرسیار***: كاک فوئاد ئەتۆ لە قسەكانتا وتت كە ئێمە شیعاری جمهوری دیموکراتێک میللی مان بە رەهبەری تەبەقە ی کارگەر قەبوڵە. تەبەقە کارگەر لە کوردستاندا. ......تۆ لە قسەکانتا وتت کە حیزبی کمونیستی کوردستان مان قەبوڵە.

***كاک فوئاد***: نە وتم ئەو مەسەلە بۆ خۆمان هێشتا ساقەوە نەبووە. **بۆ شەخسی خۆم وتم مومکینە ئەوە دروست بێ. بەستەگی بە تەحەولات موبارزە ی تەبەقەی کارگەر لە ئێراندا هەیە. ئەگەر تەحەولاتەکێش ئەکا ئابەوە ئەگەر موبارزەی مەجموعەن ئێران ئەساسەن بەرو وەحدەت بڕوا ئەلزامی ئەوە حیزبی کمونیستی ئێران بێ**. وەلێ من مەسایلێ ترم و مەسەلەن کومەڵەی رەنجدران لەو دیو، تا پارەکە ئەم عانانە و حیزبی شیوعی عیراقی لەو دیو یا وەحدەت والقاعدە یا هەر کامێکیان هەر دووکیان بە ئیسلاح خۆیان بە کمونیست ئەزانی. وەلێ دوو مەشی موختەلفێان نسبەت بە حکومەت هەیە. دەی چون مومکینە سازمانێ کە لە کوردستاندا خۆی بە نمایندەی تەبەقە ی کارگەر ئەزانێ ئەوانیش خۆیان بە نماینده ی تەبەقە ی کارگەر ئەزانن دوو مەشی کامەڵەن موتەزادیان هەیە، چون ئەتوانی ئەو دووانە بکەن بە یەکێک. **ئەگەر روداوی وا لە کوردستاندا بێتە پێشەوە هەر بەر تبق ئەساس ئوسول مارکسیسم کە حە تتا میللەتێک حەقی هەیە جیابێتەوە حەقێشی هەیە حیزبی موستەقلی بێ. وەلێ ئەگەر بار بەرەو وەحدەت بڕوا مەجموعەی تەحەولات تەبعەن ئەشێ بە یەکەوە بێ. یانێ فرەتر خۆد ئەو ئەسڵە مارکسیستی یە تابع شەرایەتە**.

***پرسیار***: . ........ مارکس باسی ئەوە ئەکا کە حیزبی تەبەقەی کارگەر لە دەوڵەت دا دەبێ یەک دانە بێ. ئێمە ناتوانین. ......................تەبەقە ی کارگەر شتێکی وا دەکرێ تەبەقەی کارگەر لە یەک بڵاو کەینەوە ؟

***کاک فوئاد***: وەختێکا مەلێەت ئەولەن نموونەیَ ئەوکارمانە لە ئیتحاد شورەویدا بووە. حیزبی کمونیستی ئازربایێجانی شورەوی نەک دەورەی خوروشچوف و ئەوانە لە دەورەی ڕابوردوویشەوە بووە.

***پرسیار***: پێش ئەوی دەولەتی تەزار بڕوخیَ؟

***کاک فوئاد***: دوای ئەوە دەولەتی تەزار ڕووخا.

***پرسیار***: دوای ئەوە دەولەت فەرق دەکا.

***کاک فوئاد***: نە هەر دەورەی شورەوی، پێش ئەوە خۆ مەترح نیە.

***پرسیار***: :........بۆ ڕووخانی ڕژیمی ئێستای ئێران بۆ تەبەقەی کارگەر وا باشتر نیە کە تەواوەتی کارگەرانی ئێران یەک بن.

***کاک فوئاد***: **بەڵیَ زۆر باشە یانیَ ئەگەر شەرایەت وابیَ تەبعەن ئەشیَ وابیَ.** یانیَ وەزیفەی مارکسیستەکانی کوردە کە لەو جەهەتەوە بڕون. وەلیَ ئەگەر تەحەولات وابوو یانیَ فەرز کەین مەسەلەن لە ئازربایێجان ئێران یا لە فارسستان سازمان یا حیزبی وهابیَ کە لەو جەهەتەوە نە ڕواتە پێشەوە یانیَ نسبەت بەمەسەلەی ئێنقلاب ئێران سیاسەتێکی غەلەتی بیَ لە گەڵ ئەمی ترا یەک ناکەوی ناوی خۆی بەسیَ بەوە یێتر. وەلیَ ئەگەر لە مەجموعا بەرەو یەک ئەچن ئەشیَ هە وڵ بدا یانیَ لە سەر شانێەتی سازمانێکی ئێنقلابی لە کوردستان دا لە سەر شانێەتی کە عەمەلەن لەویوە **بڕوا چلون نەک تەنیا شیعار یێکیَ بدات نازانم(مستحکم باد پیوند خلقها و فەلان و بەهمان)** لە لەحاز عەمەلێەوە و موستەقیمەن بۆ کار لە ناو خۆد تەبەقەی کارگەر دا، ئەشیَ ئەو کارە بکا. مەخسوسەن ئێمکاناتی سەعی کا بەرەو ئەو جەهەتە بڕوا. **مەسەلەن بۆ نموونە لە مەورد ڕێکخراوی ئێمە دا لە ناو کارگەرانی تورک دا فەعالێەت بکا کە نزێکیەتی**. لە ناو کارگەرانی فارس دا، فەعالێەت بکاو ئەگەر بتوانیَ مەسەلەن لە ناو کارگەرانی عەربیش. .... وەلیَ چون مەسەلەی عەمەلیەکەی واقعەن سادە نیە کادیر کافی بۆ ئەو کارە پە یدا کا مەسەلەن فەرز کە، من نموونە بوچک ئاوەمە بێستوە گوایە کوڕێکی کارگەری یانی کارگەری تورک حەز ئەکەن لە گەڵ ئێمە کار کەن. دی ئەوە تەنگ نەزری مەحزە لە گەڵ ئەواندا تۆ کار نەکەی. و تۆ بە پەیوەند لە گەڵ ئەو کارگەرانە وردە وردە ئەسڵەن نە ئەو. ......بیَ کە ڕەهبەری کارگەرانی تورک بگریتە عوهدە. وەلیَ تۆ لە گەڵ جونبشەکەدا پەیوەند پەیا ئەکەی و لە تەرێق ئەوەوە، لە گەڵ توودە ی تەبەقەی کارگەر تورک دا

پەیوەندی پەیا ئەکەی. عانێکا تەشکیلات و تەنزیمات خۆی پەیدا کرد بە تەشەکولی. ..........کەی وەحدەتە کەت بەوجود دێ. ئەوە جەنبە عەمەلیەکەی لەو جەهتەوە بڕوێتە بەرو وەلێ وا داێنێ وای پێ بێ نەهزەت کارگەری مەسەلەن لە ئازربایجان دا، لە مەجموعا وا بێ کە لە گەڵ بیر و ڕای ئەم ڕێکخراوە نەکەوێتە یەک، یانێ ئەکسەریەتی وابێ  لە سەر بڕی مەسایل نەکەوێتە یەک. مەسەلەن فەرز کە ئەلعان نازانم چە مەسایلی بێتە پێشەوە وەلێ لە داهاتوا ئەوە شتێکی عەجیب و غەریب نیە مەخسوسەن ئێمە تەجرەبەی تاریخی لەو مەسەلە لە نەزەر بگرین. مەگەر وێتنام و کامبوج ولائوس جەبهەی واحید و موحکەمیان تەشکیل نەدا ؟ مودتها موبارزە موشتەرکێان بەیەکەوە ئە کرد. ئەسڵەن تێکەڵ بوون فەرماندهی موشتەرکێان بوو، وەلێ دیمان لەوە دوایش بە شەر هاتن ئا لەو نەزەرەوە بەعەقیدەی من نابێ دووگم بە مەسەلەکەوە روە بەروو بین. هەروا. ...شورەوی و چین مودتها بەیەکەوە بوون، دیمان لەوەدوا بە شەر هاتن. ئالبانی چی ؟

***پرسیار***:  کاک فوئاد کومەڵەی شورشگیر لە گەڵ کومەڵەی رەنجدران و ئەوان رابتەیەکی هەیە؟

***کاک فوئاد***: هەیە بەڵێ !

***پرسیار***:  کومەڵە لە گەڵ فەلەستین رابتەی هەیە؟

***کاک فوئاد***:  فەلەستین نە.

***پرسیار***:  لە  گەڵ تورکیا چی؟

***کاک فوئاد***: لە تورکیاش چەند ڕێکخراوە هەیە وەلێ هیشتا ئێمە تەماسێک وامان لە گەڵێان نی یە. موختەسەر رەوابتێک بوو.

***پرسیار***:   کاک فوئاد دەکرێ بڵێن کومەڵەی شورشگیر جزووی جەریانی سێهەمی ئێرانە؟

***کاک فوئاد***: باش نازانم جەریانی سێهەم ئەڵبەتە لە زاهردا بەو نەوعەیە.

***پرسیار***:  لە باری ئێختلافاتی سازمان دەڵێم لە گەڵ ئەو گروهانەی کە جەریانی سێهەمن یا بە جەریانی سێهەم دەناسرێن؟

***کاک فوئاد***:  کاکە لە سەر جەریانی سێهەم من پێم وانیە ئاوا بێ. من پێم وایە لە بڕی مەسایل دا ئیختلافمان هەیە، مسایل ئێران نە مسایل دەرەوەی ئێران. مەسەلەن چین و فەڵان و بەهەمان یا مەسەلەن ئیختلاف لە سەر چریکە کان و

حیزبی توده و ئەوانە. نە لە سەر مسایل ئینقلاب ئیجتماعی و ئەوانە. پێم وایە ئیختلافمان هەیە.

***پرسیار***: کاک فوئاد من لێرە نەبوم لە باری نەشریاتیش باست کردوە لە مەوردی ئەوی کە لەو لەحەزەی کە سازمانی ئینقلابیون تەشکیل بوو هەر لەو دەمی ڕا خەت مەشیَ. ...تەشکیلاتی بوو یا ؟

***کاک فوئاد***: خەت مەشی هەر لە ئەوەڵەوە تەشکیلاتی بوو، یانی لە ساڵی 48 کە پێک هاتوە تەشکیلاتی بووە هەر ئەو کاتە ئێمە مەشی چریکی و ئەوانمانە رد کردەوە.

***پرسیار***: لە ساڵێ 48وە سازمان بوو؟

***کاک فوئاد***: لە ئەوەڵەوە بە غەلەت بە خۆمان ئەوت سازمان لە حاڵێکدا گروە بوین مونتەها لە ناو خۆدا بوو. ئەوە شتێ نەبوو ئیعلام کەین لە ناو خۆمان دا ئەمان وت سازمان.

***پرسیار***:. ............ئاشکرا بوون؟

***کاک فوئاد***: لە بازی جێگا دا بەڵێ. .........کە بنکە دانرا بۆ گشت کەسێک ئاشکرایە دیموکرات لەو مەوردا ئەسڵەن چوە موزاکەرەی کردوە. لە گشت جێگا تەبعەن یا مەسەلەن لە مەریوان دا ئەحتماڵەن ئیستا. ... .

***پرسیار***: کاک فوئاد لە قسەکانت دا فەرموت ئەو تەجرەبەی زۆر باش بوو کە ئێمە بە دەستمان هێنا وەتما ن لە عەمەل دا هێزێکی چەکداری چکۆلە ئەگەر هەبێ بەرانبەری دەرەبەگ دا ئەو وەختە لە عەمەل دا دەبینین کە خەڵک پشتیوانیمان دەکا. وەلێ بۆ لەوتەجرەبەیە ئەستفادەیان. ...........؟

***کاک فوئاد***: حەقێقەتی من هیشتا ئیتڵاعاتێکی دەقێقم نیە. چون نەبووم. من ئالەم یەک دوو رۆژەدا لە مەریوان بووم. بۆ خۆی. ....نەبووم هیشتا ئیتڵاعاتێکی دەقیقم لە مەورد ئەواندا نیە. مونتەها خۆد ئەو تەجرەبە بە عەقیدەی من لەمەورد مەسەلە ئامێدیشدا سەحێحە. مەسەلەن من یەکێکی ئێمەجەماعەتی لە مەریوان دا ئەو تەجرەبەمانە بۆ هاتە پێش لە بەرا ئەسڵەن بە عەقڵێشم نەدەگەیشت تێ دەگەی؟ و پێم وایە ئەو برادەرانە لەوی عەینن بەو تەجرەبە گەیشتون. **یانێ هەر وەختێ زەمینەی ئیقتسادی و ئیجتماعی یەکە بوو، زەمینەی سیاسی بوو خەڵکەکە لە مەجموع دا، ئامادەگیان بوو نیرویەکی پێشرەو کە ئەقدامێکی کرد بە شەرتێ تەشخیس ئەو زەمینەیە بدا ئەتوانی موتمەئین بێ کە خەڵک حەمایەتی لێ**

**ئەکا. تەشخیسەکەیشی کافی نیە، لەو جەهەتەوە جورئەتی بێ ئیقدام بکا.** وەلێ مەخسوسەن لە مەورد ئەو مەنتەقەیە دا من پێم وایە برادەرانی ئێمە میقداری مەترسی حیزب دیموکراتیان بووە. ئەگێنا لە زووەوە ئەو بەرنامە بە دەسیانەوە بوو. مەترسی ئەویانە بوو توش شەرێک لە گەڵ حیزبی دیموکرات بن. ئەو شەرە ئەلعان زووە.

***پرسیار***:. .........لە شەر دا؟

***کاک فوئاد***: وەاللە حەز ناکەین بە شەر بێن. مەگەر ئەوان شەرمان پێ بفرۆشن. ئەڵبەتە کاکە یەک شت بڵێم مەخسوسەن بۆ ئەم کومەڵانە، ئەوی کە نەختێک لە ناو خەڵک دا دیومە برادەرانی ئێمە لە ناو خەڵک دا دیومانە حیزبی دیموکرات ئەفرادە سادەکەی پێشمەرگەی ئەڵبەتە بەقسە زۆر ئەوە ئێژن گشتمان وەلێ واقعەن زۆری فەرقە لە گەڵ رەهبەریەکەیدا. بەنیادەم ئەو دووانە بە یەکەوە ئەشتبا نەکا. پێشمرگەیەک کە لە ئامێد شەری کردوە یا لە جێگاکانی تر بە دڵ و گیان شەری زد دەرەبەگ ئەکا، وەکوو رەهبەریەکەی نیە کە زەد و بەند لە گەڵ دەرەبەگ ئەکا. و ئەشێ رێگا بۆ ئەوە بەدوزیتەوە، کە ئەو ژێر پایی خاڵی بێ. ئەگەر ئەو ژێر پای خاڵی بوو.

(ئەگەر پرسیارێکی دیکە لە کاک فوئاد هەیە، بیڵن.و لێرەدا کوبونەوە تەواو ئەبێ.)

# 18. چەند هەڵویست وڕوداوی گرێنگ

## 18.1 بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد له عێراق

کوردی ڕۆژ هەڵات (ئێران) بە گشتی یارمەتی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژئاوایان (عێراقیان) دەدا. شۆڕشی کوردەکانی ڕۆژئاوا بە ڕابەری بە ڕێز" مەلا مستەفا بارزانی " ، له لایەن جەماوەری کوردی ڕۆژهەڵاتەوە بە دەیان شێوە ی ئاشکرا و نهێنی یارمەتی دەدرا. حەماسەکانی پێشمەرگەکانی بارزان ودیفاع و پشتیوانی قارەمانانەی ئەوان لە کۆماری گەمارۆ دراوی مەهاباد ڕێز و ئێحترام و نرخی تایبەتی لە مێژوو و خەباتی کوردی ڕۆژهەڵاتدا هەیە.وتەنانەت لە لایەن مێژوو نوسانی فارسەوە ئاماژەی پێ کراوە . ئەو شەڕانە کە پێشمەرگەکانی بارزان لە گەڵ دوژمنی کورد کردیان و توانیان لەو هەلومەرجە دژوار و سەختەدا حەڵقەی گەمارۆی دوژمن بشکێنن لە ئارشیڤی کۆماری کورت تەمەنی مەهاباد تۆمار کراوە . بارزانی یەکان ئازایانە و سەربەرزانە لە ناو جەرگەی ئاگر و پیلان و گەمارۆی ئەرتەشی ئێران سنووریان شکاند و لە ڕووباری ئاراس سەرکەوتوانە بەرەو سوڤیەت پەڕینەوە ، و ئوتوریتە ،خوشەویستی و ڕێزێکی بەر فراوانی بە تایبەت بۆ مەلا مستەفا بارزانی و وهاوڕێ کانی خولقاند . گفتوگۆو دیدارەکانی ڕێبەری پارتی دیموکرات لە گەڵ ڕێبەرانی حکومەتی عێراق ، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق گەش بینی و هیوایەکی قووڵی لە ناو گەلی کوردا بڵاو کردبوەوە . ئامریکا ، ئێران و عێراق لە پڕۆسە و پیلانێکی بەر بڵاودا لە وڵاتی ئەلجەزایر و بەدەڵاڵی سەرۆک کۆمار، حەواری بومەدین ڕێککەوتن و پەیمان نامەیەکیان ئیمزا کرد کە

راستەوخۆ دژ بە بەرژەوەند و چارەنووسی کورد بوو. پاش رِێککەوتنەکەی ئەلجەزایر شۆرِشی کورد بە شێوەیەکی سامناک شکستی خوارد کە گەلی کوردی زۆرناهومێدو پەریشان کرد .رِێبەری پارتی دیموکرات نەیتوانی وڵامدەرەوەی ئەو بار و دۆخە و قۆناغ و هەلومەرجە داسەپاوە بیت و بە شێوەیەکی دڵنەخواز و چاوەرِوان نەکراو خۆی بی دەسەڵات نواند ،و ئەگەرچی هێزی پێشمەرگە لە لایەن دوژمنەوە شکستی نیزامی نە خواردبوو ، بەڵام لە ماوەیەکی زۆرکورت و باوەرِ پێ نە کراودا، تەقە و رِەگباری چەکی پێشمەرگەی کورد لە باشوری کوردستان بێدەنگ و خامۆش و کپ کرا. ئەو پیلان و خەیانەتە یەکێک لە تاڵ ترین تراژیدی و شکستە کانی مێژووی گەلی کوردە کە هەرگیز لە بیر ناچیتەوە .پێک هێنانی یەکیەتی نیشتمانی و گەشە و هەڵدانی بزووتنەوی کورد لە باشوورمایەی دلگەرمی و هومیدی جەماوەری کورد بوو. لەو قۆناخە هەستیار و تیژ تێپەرِدا کۆمەڵە و کاک فوئاد بایەخی گەورەیان بۆ جوڵانەوەی شۆرِشگێرانەی کورد لە عێراق دادەنا. یەکیەتی نیشتمانی دامەزرا و شۆرِشێکی نویَ لە دایک بوو کە بە خێرایی لە لایەن جەماوەری خەڵکەوە پشتیوانی لی کرا . بە رِێز" جەلال تاڵەبانی" و هاورِیَ کانی چەند کەس بوون بەڵام هەنگاوێکی گەورە و زۆر بە نرخیان بۆ گەلی کورد هەڵگرت .کۆمەڵە لە خەباتیَ پێشمەرگەکانی کوردستانی باشور ئاگادار بوو .حەڵقەی پەیوەندی لە گەڵ ئەواندا گیرا. یەکەم جار بە هوی بە ریز کاک سەعید(خانە) موعینی یەوە رێک خرا.پاشان بەرێزان :دوکتور جەعفەرشەفیعی وموهەندس ساعد وەتەندوست ئەرکی کۆمەڵەیان لای یەکیەتی نیشتمانی لە ئەستۆ گرت.لەم ئاخرانەدا بە رِێزان: ئیبراهیم عەلیزادە وحسین موراد بەگی ،لای یەکیەتی نیشتمانی کاری سیاسی و تەشکیلاتی کۆمەڵەیان دەکرد . ئەم هاورِیَ یانە بەشداری راستەوخۆیان لە بزووتنەوە و خەباتی کورد دژی حکومەتی بەعسی عێراق کرد. هەڵویستەکەیان و برِان لە ژیانی شەخسی و دەس هەڵگرتن لە ئێمکانات و پارە، هەر لە شۆرِشگیرِانێک وەک ئەوان دەوەشایەوە. دژی شەپۆلی بەرزی دەریا مەلەیان کرد ونرخی ئەو هەڵویستەیان گران بوو.کاک فوئاد پاش زیندان تەنیا یازدە

مانگ ژیا و لەو ماوەی یازدە مانگەدا دوو یان سێ جار لە گەڵ دەفتەری سیاسی یەکیەتی نیشتمانی و مام جەلال گفتۆو گو و دیداری کرد. خەڵکی کورد لە ئێران بە گشتی یارمەتی بزووتنەوەی عێراقیان دەدا.ئەوەندە کێشەی کوردی عێراقی بۆ کاک فوئاد گرێنگ و موهیم بوو کەپڕ بە دڵ یارمەتی دەدان. لە بازاڕی مەریوان سەندووقی لە مل کرد و بۆ یەکیەتی نیشتمانی پارەی کۆ کردەوە. وهەستی هاوچارەنووسی و متمانەی زۆری خەڵکی مەریوان و ئوتوریتەی شەخسی کاک فوئادئەو فاکتۆرە سەرەکیانە بوون کە خەڵک پارەی زۆریان تەحویلی کاک فوئاد دا. ئەو کاتەی کە یارمەتی پێشمەرگەکانی یەکیەتی نیشتمانی دەدا، زۆر ئێحساسی خۆشی و شادی دەکرد و کەیفی پێی سازبوو. سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردی رۆژ ئاوا(عێراق) و شکستی پەیتای پەیتای حکومەتی بەعس، دەسەڵاتی زۆری پێشمەرگە وبەشداری ژنان وکچانی مەسیحی و ئاسوری و هەموو توێژ و ئەقلیەتی دانیشتوی کوردستان لە بزووتنەوەی کوردستانی عێراق و چاپ و بڵاو بونەوەی عەکس و وێنە وهەواڵەکانیان، تا رادەیەکی زۆر خەڵکی کوردی خۆشحال و ئومێدەوار دەکرد.

# 18.2 قیادە موەقەت و گەمارۆی شاری مەریوان

سات و سەودا و مامەڵە و هاوکاری دەسەڵاتداران و فیئودال و شێخی کۆنەساواکی لە گەڵ ڕژیمدا بە ئاشکرا و بە نهێنی دەکرا. هەمووی لە کاناڵی دژایەتی لە بەرانبەر ئۆرگانە کانی خەڵکەوە کە لە مەریوان پێک هاتبوون دەکرا. ئوتوریتەی شورای شار، ستادی حەفازەتی و دەوری شێلگیرانەی چەپ و هێزی ڕادیکاڵی مەریوان جێ کەوتبوون و لای جەماوەری خەڵکەوە قەبوڵ کرابوون. لە مانگی گوڵانی 58 دا بەرەی راست بریتی لە قیادە (حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق) ، لایەنگرانی ئاغای ئەحمەدی موفتی زادە، مالک وشێخی

کۆنه ساواکی له جێگایەک به ناوی سێ ڕیانی ئاوایی "نی"هێزی خۆیان کۆ کردەوه و و نامەیەکیان خەتاب به شورای شاری مەریوان نووسیبوو، که تا ماوەی دوو ڕۆژمۆڵەتان هەیه که شورای شار و ستادی حەفازەتی تەحویل دەن ئەگێنا هێرش و حەمله دەکەینه ناو شار و هەموتان دەکوژێن و یان دەسگیرتان دەکەین. لەو نامەیەدا ناوی ئەندامانی هەڵسوڕاوی شورا و ستادی حەفازەتی و خەڵکی فەعالی شاری مەریوان له لیستێکدا نوسرابوو و هەڕەشه یان لی کرابوو که خۆیان تەسلیم کەن. هەڕەشەی قیاده له سەر ورەی خەڵک و ڕووناک بیران و شۆڕشگێڕان تەئسیری دانابوو و مەترسی شەڕی کۆڵان به کۆڵان ورەی هێنابووه خوارەوه. دوو موعەلیمی ناسراو و زۆر خوشەویست به ڕێزان عەتا ڕوستەمی و حسین مستەفا سولتانی که له ستادی حەفازەتی دەوری پێشڕەویان هەبوو ئێدەی دیفاعی شاریان له ناو خەڵکدا مەترح کرد و خەڵکیان له پیلانەکانی دوژمن تێگەیاند وئیدەکەیان قەبوڵ کرا. سەرجەم نەزەری خەڵک دیفاع له شار بوو. شورای ژنانی شاری مەریوان له ئوتوریته ی خۆیان کەڵکیان وەر گرت و ڕێپێوانێکی ئێعترازیان دژی شەڕ و گەمارۆی شار بەرەو بینای دادگای شار ڕێک خست. به ئیمان و هەستێکی مەنتیقی یەوه داوایان له ڕەئیسی دادگا کرد که خێرا دەخاڵەت کا تا گەمارۆی شار تەواو بیت و شەڕ نه کرێ. کات هێواش هێواش تێپەڕ دەبوو و ماوەی ئولتیماتۆم تەواو دەبوو. ئەم هەڕەشه و گوڕشه له سەر ورەی خەڵک تەئسیری تا رادەیەک دانابوو. شۆڕشگێڕانی شار و به تایبەت کاک حسین مستەفا سولتانی و کاک عەتا ڕوستەمی که له ناو خەڵکدا ئوتورێته و نەفوزیان هەبوو، پێشنیاریان دا که بۆ چارە سەر کردنی حەللی گیر و گرفتەکان و مەسەلەی گەمارۆی شار له گەڵ شورای شار و خەڵکدا قسه و باس کەن و پشتێوانی خەڵکی شار بۆ حەللی یەک جاریی موشکلەکه وەر گرن و لەو بوارەدا سەر کەوتوو بوون وهەموو توانای شەخسی و کۆمەڵایەتی خۆیان خسته گەڕ وتوانیان پشتێوانی خەڵک بۆ دیفاع له شار راکێشن. سەرەنجام کاتی ئولتیماتۆم تێپەڕی و لەو کاته حەساس و چارەنووس سازەدا، جەماعەتێک لیبڕاوانه له ستادی حەفازەتی مابونەوه

وبڕیاری نێهایی خۆیان بۆ دیفاع لە ستادی حەفازەتی کە بە مانای دیفاع لە تەواوی شاری مەریوان بوو، دابوو.سینگی ئەوان لە گوللەی کۆنەپارێزان نە ترسا و بە راشکاوی حازر بە مەرگ بوون و سینگیان بۆ گوللەی کۆنەپەرەستان ئامادە کردبوو، و بە هێچ شێوەیەک حازر بە تەسلیم بوون، نە بوون. بۆ شۆڕشگیڕانی مەریوان کاتێکی چارە نووس ساز و دیاری کەر بوو، و دەبوا لە شەرافەتی خۆیان و شارەکە دیفاع کەن. کاتی مان و نەمان بوو و گرتنی بڕیارێکی ئاوا هەرگیز ئاسان نی یە و نەبووە. بەڵام ئەو ژمارە شۆڕشگیڕە عەزەمەت و سەربەرزیان خولقاند و بە ڕاستی مەرگ و نەمانیان لە ژیانی سەر شۆڕانە زۆر زۆر پێ باشتر بوو. کە بڕیاری لیبڕاوانە، پایداری و کەرامەتی ئەوان ورەی خەڵکی شاری بە شێوەیەک بردە سەر کە شڵەژان و ترس و سامی خەڵک نەما و بە جارێک باری کرد. خەڵک چاوەڕوانی کارەساتی دڵتەزین بوون، کۆنەپەرەستانی ناو خۆیی، جار و بار مانوڕیان دەدا و دڵیان بە پشتیوانی قیادە خۆش کردبوو. و دەیانەویست هێرشیان بۆ سەر ستادی حەفازەتی دەس پێ بکەن. مەقاوەمەت و لیبڕاوی و ورەی بەرزی شوڕشگیڕانی ناو ستاد، لە کاتی تەواو بوونی ئولتیماتۆمە کە کۆنەپەرەستانی ناچار بە پاشەکشە کرد و خەڵکی شار کە لەماڵەوە چاوەڕوان بوون ڕژانە ناو خیابانەکان و گەنجەکانی شار، ئازیزان و قارەمانی خۆیان لە ئامێز و باوەش گرت. ئەم بەرەنگاری یە بوە هوی ئەوە کە قیادە و کۆنەپەرەستانی ڕەنگاو وڕەنگ بەرەو ئاوایی دزڵی بەگەڕێنەوە. ئەم کارەساتە لە شاری سنە دەنگی دایەوە و خەڵکی سنەی زۆر زۆر خۆشحاڵ کرد. دەوری ئەو شۆڕشگیڕانە لە بیرو مێشکی گەلی کورد و خەباتە خوێناوی یەکەی تۆمار کراوە و لە ئارشیوی مێژوودا شوینی خۆی هەیە.

دیفاعی شار لە ئەستوی یەکیەتی جووتیاران، شورای شار، کومیتەی ژنان، کۆمەڵەی قوتابیان و دانشجوەکان و بە تایبەت ستادی حەفازەتی بوو. هێزی ستادی حەفازەتی لە بەرزای یەکانی شاری مەریوان سەنگەریان گرتبوو و دامەزرابوون. هەندی لە خانەوادەکان ئاوی گەرمیان حازر کردبوو تا بیرِیژن

به سەر کۆنەپەرەستاندا.گەنجی نەترس و بوێر و پیاوانی به ساڵدا چوو، به چەکی خۆیانەوه له ستادی حەفازتی داوایان کرد تا ڕێکیان خەن و حازر بوون له شار دیفاع کەن. ئەمه مایەی دڵگەرمی هەمووان بوو. ستاد چەکی قورسی نەبوو و پێم وایه دوو دانه خومپارەی هەبوو که بۆ ترساندن و ڕووخاندنی وەری کۆنەپەرەستان مانۆڕیان پێ دەدا. ئەم مانۆڕانه بێ تەئسیر نه بوو و له باری ڕەوانی یەوه کۆنەپەرەستانی گێج و واق کردبوو.

کاتیک کۆنەپەرەستان زانیان هێچیان بۆ ناکرێ و شار یەک پارچه ئامادەی دیفاعه و ستادی حەفازەتی قەد تەسلیم نابێ یەکێک له فیوداڵەکانی مەریوان، که ژمارەیەک بەکرێ گیراوی چەکداری هەبوو وەفدێکی بۆ لای شورای شار و ستادی حەفازەتی نارد و ڕای گەیاند که هێزەکەی بێ لایەن دەبێ و کاریان به کەسەوه نیه و دەخالەت ناکەن.

پیلانی جمهوری ئیسلامی ئەم جاره شکستی خوارد و دیسانەوه به یارمەتی ئاغای ئەحمەدی موفتی زاده له بینای ساواکی کۆنی شار مەکتەبی قورئان و مەقەڕی سپای پاسدارانی ئیسلامییان بۆ ئاژاوه نانەوه له مەریوان دامەزراند وشێخ ودەرەبەگی کۆنه ساواکی و جەوانمەردی ژاندارمری و کۆنەپارێزانی شارو... له وی بۆ دژایەتی له گەڵ بەرژەوەندی هەژار و فەقیری کورد یەکیان گرتەوه.

## 18.3 بڕیارنامەی هەشت مادەیی مەهاباد

کاک فوئاد نوێنەری شاری مەریوان له کۆبونەوەی شاری مەهاباد (29ی ڕێبەندانی 57 تا 2ی ڕەشەمێ 57)

وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران بەو ئاسته گەیشتبوو که خەڵکی ئێران هەموو ڕۆژێک دژی حکومەتی پاشایەتی خەباتیان دەکرد و هێزه سەرکۆتگەرەکانی ڕژیمیان ناچار به پاشەکشه دەکرد و حکۆمەتی پاشایەتی له

حاڵی رووخاندا بوو. قەیامی خەڵکی ئێران رۆژی 22 ی ڕێبەندانی 57 کرا و سیستەمی پاشایەتی به یەکجاری رووخا. زل هێزەکان و وڵاتانی رۆژ ئاوا بڕیاری خۆیان دا و شایان له ئێران دەر کرد و یارمەتی مەلاکانیان دا، که دەسەڵات وهیژمونی سیاسی ئێران به دەستەوه بگرن. هەشت رۆژ پاش قەیام یانی له رۆژی 29 ی ڕێبەندان تا رۆژی 2 ی رەشەمێ 57 نوێنەرانی شوراکانی شارەکانی کوردستان له مەهاباد، کۆ بونەوه. ئەم کۆبونەوەیه له ماڵی بەرێز میرزا رەحیمی خەڕازی کرا. رۆژی 30 ڕێبەندانی 57 ئاکامی کۆبونەوەکه قەتع نامەی هەشت مادەیی مەهاباد بوو که له ماڵی میرزا رحیم خەڕازی نووسرا و بڵاو بوه وه. نزیکەی 36 تا 39 کەس نوێنەرانی شورای شارەکانی کوردستان لەم کۆبونەویەدا بەشداریان کرد. نوێنەر و سوخونگوی شاری مەریوان کاک فوئاد و دوو کەسی تر بوو ن. کۆمەڵه سی چوار رۆژ پاش قەیام یانی له رۆژی 26ی ڕێبەندانی 57 به بۆنەی گیان بەخت کردنی ڕێبەری لیهاتوو ،ئازا و زۆر زۆر خۆشەویست موهەندس حەمه حسین کەریمی له شاری سەقز خۆی ئاشکرا کرد. له لایەن حکۆمەتەوه وەفدێکی هەشت کەسی به ڕێبەری به رێز داریوشی فروهەر بۆ مەهاباد هاتبوو و گفتوگۆی نوینەرانی شورای شارەکانی کوردستان له گەڵ ئەودا بوو. قەتع نامەی هەشت مادەیی تەحویلی داریوشی فروهەر درا تا حکومەتی تازەی ئێران له بیر و بوچون و نەزەراتی نوێنەرانی شوراکانی شارەکانی کوردستان ئاگا کاتەوه. لەم کۆبونەوەدا به رێزان : ماموستا شێخ عیزالدین حسینی، سەلاح موهتەدی، غەنی بلووریان، سەنار مامدی، شێخ جەلال حسینی، مەلا خدری ساردکێ، فوئاد مستەفا سوڵتانی، عبدوالرحمن قاسملو، عەبدوڵای موهتەدی ،حەسەنی شەمسی و... بەشداریان کرد.

# 18.4 گەڵاڵەی دامەزراندنی زانستگای کوردستانی ئێران

(نوسراوە فارسی یەکەی دوکتور داریوش نەویدی لیرەدا کراوە بە کوردی) ئاخری بەهاری 58 گورووپێک لە ئوستادە چەپ و تێگەیشتووەکانی زانستگاکانی ئێران بۆ دامەزراندن و رِێک خستنی زانستگای کوردستانی ئێران سەفەرێکیان بەرەو کوردستان کرد و لە شاری مەهاباد دیداری کاک فوئاد دەکەن. بە هاوکاری بە رِێزان جەعفەری حەسەن پوور و مەحەممدی میسری کۆبونەوەیەک بۆ ئەم گورووپە رِێک دەخریت تا شێوەی هەڵسورِان و تێکۆشانی خۆیان بۆ هاورێ یانی مەهاباد و بەتایبەت کاک فوئاد باس کەن.

کاک فوئاد پرسیارگەلیکی ورد و دەقیق سەبارەت بە کەسایەتی سیاسی هەڵسورِاوان و تەرح و ئیدەی رِیک خستنی زانستگا لە دوکتور داریوشی نەویدی دەکات. کاک فوئاد بیستبووی من لایەنگری کۆمەڵەم زانیاری زۆر تری دەویست بۆیە بەر لە کۆبونەوە رِەسمی یەکە سەبارەت بە ئوستادەکان و بۆچون و هەڵویستی سیاسییان بۆ کاک فوئاد قسە م کرد و زانیاریم پێ دا. پرسیارەکانی زۆر حەساس، دەقیق پێشرِەوانە بوو، ئەو پرسیارانە تەنیا لە رِێبەرێکی لیهاتوو،زۆر پێشرِەو و زانا دەوەشایەوە. کاک فوئاد بە هیچ شێوەیەک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و گیر و گرفتەکانی لە بیر نەدەکرد و بە ئەو ئێنسانانە کە هەویەت و پێناسی سیاسی کۆمەڵایەتی رِۆشنیان نە بوو و دەترسان و خۆیا ن بە جەماوەری خەڵک نەدەناساند باوەرِ و متمانەی نە بوو.کاک فوئاد لە گەڵاڵە و تەرحی ئێمە پشتیوانی کرد و وتی ئەوەی لە دەستمان بێت دریغی ناکەین. بەڵام هەر چی زوو تر و بە پەلە کارەکانتان دەست پێ بکەن چونکوو بێگومان جمهوری ئێسلامی هێرِش و گەمارۆی کوردستان دەدا و پێویستە بەر لە هێرشی دوژمن خەڵک دەسکەوتێکی هەر چەنە چکۆلەیش بە دەست بێنن تا پاشان بتوانن لەو دەسکەوتە دیفاع بکەن.

کاک فوئاد لە چەند جیهەت و بارەوە بۆ دامەزراندنی زانستگایەکی مەزن لە کوردستان پشتیوانی دەکرد و نرخی چاکی بۆ ئەو زانستگایە دادەنا. لە ڕوانگای کاک فوئادەوە زانستگا دەوری مێژوویی وسیاسی هەبوو. بەڕێز کاک فوئاد بەر لە جەلەسەکە ئاوا لە گەڵ ئێمە باس و قسەی کرد. ئەوەی لە بیرم ماوە و کورتەی باسەکان وناوەڕۆکی پێشنیارەکانی کاک فوئاد ئەمانە بوون:

•گەڵاڵە و تەرحی زانستگا توێژێکی پێشڕەو و لیبودوو بانگەواز و ڕێک دەخا کە بۆ وەدی هێنان و گەیشتن بە داخوازی یە مەشروع و گرینگەکانیان ڕێک دەکەون و هاو دڵی و هاو پشتیوانی خۆیان سەبارەت بە دامەزراندنی زانستگا کە پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە هەیە نیشان دەدەن.

•ئەم گەڵاڵە ڕاستەوخۆ دەتوانی تا ڕادەیەک فشار و زەخت بخاتە سەر حکومەتی مەرکەزی تا ئیمکانات و پارە و کادیری بۆ ئامادە بکا.

•زانستگا ئامێر و زەرفێکی موناسب بە تایبەت بۆ کچان و کوڕانی کوردستانە و لە سەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لاوان تەئسیر دادەنێ. ودەتوانێ سەرچاوەی بیر و فیکری عیلمی و نوێ بێ و لە بارهێنان و پەروەردەکردنی نەسڵەکان دەور بنوێنی.

•هەبونی زانستگایەکی موعتەبەر و مەزن تەنانەت لە باری ئابوری یەوە بۆلاوانی کورد بە قازانجە و باشە و لاوان دەتوانن بۆ خوێندنی پلەی باڵا کەڵکی لی وەر بگرن..

•زانستگا دەتوانی نە خوێندەواری وەک گرفتێکی کۆمەڵایەتی تا ڕادەیەک بەر تەسک کاتەوە. ومن لە هەر چەشنە ئاڵ و گۆڕێکی پۆزیتیڤ و چاک پێشوازی و پشتیوانی دەکەم.

•. ..

هەوەڵین کۆبونەوەی ڕەسمی گرووپی دامەزرێنەری زانستگا لە سالۆنی شارەداری مەهاباد بە ڕێوە چوو. دەس پێکردنی جەلەسەکە لە لایەن ماموستا شێخ عیزالدین حوسینی یەوە ڕاگەیەندرا. من ڕاپورت و گوزارشی گرووپەکەم پێشکەش کرد. بە پێشنیاری ئێمە بەشداربوەکان لە جەلەسەکەدا داوایان لە

دوکتور قاسملو کرد کە حیزبی دیموکرات پادەگانی شار خاڵی کات و بە جێی بێڵی و بیدا بە زانستگای کوردستان. دوای من دوکتور جەعفەری شەفیعی سوخنرِانی کرد کە ئەویش بۆ دامەزراندنی زانستگا بە هەستێکی بەرزەوە پشتیوانی و دیفاعی کرد. پاشان دوکتور ناسری پاکدامەن ئوستادی زانستگای تاران دەستی بە قسەکرد و ئاماژەی بە دەوری سیاسی زانستگا لە سەر ژیانی خەڵکی کوردستان کرد.

نوێنەرانی هەموو شارەکانی کوردستان لە کۆبونەوەکەدا بەشداریان کرد و وتیان بۆ دامەزراندنی زانستگا پرِوپاگاندە و تەبلیغی پێویست دەکەن و تێدەکۆشن تا جەماوەری خەڵک بۆ ئەو مەبەستە رِێک خەن.

## 18.5 کونفرانسی وەحدەت

کونفرانسی وەحدەت لە لایەن دوازدە 12 رِێکخراوی سیاسی ناسراو بە خەتی سێ پێشنیار کرا. ئەوان دەیانەویست وەحدەتی سیاسی - تەشکیلاتی بکەن و حیزب و رِێکخراوەیەکی بە هێز پێک بێنن. پەیکار، رزمەندەگان، سازمانی وەحدەتی ئێنقلابی، گوروهی زەحمەت و... خوازیاری ئەو کونفرانسە بوون.

هەرگیز باوەرِی بەو رِووناک بیرانە کەرەبت و پەیوەندیان بە کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە نەبوو و خۆیان بە وەکیل و نوێنەری کرێکاران و هەژاران دەزانی ،نەدەکرد. پەیوەندی لە گەڵ خەڵک بۆ کاک فوئاد گرینگ بوو. کۆمەڵە وەک نازر وچاودێر لەو کونفرانسەدا بەشداری کرد. بەشداربوەکانی کونفرانسی وەحدت روناک بیرانیک بوون کە پەیوەندی یەکی قووڵیان لە گەڵ هەژارانی ئێراندا نە بوو.رِێک کەوتن و ئێتلاف لە گەڵ چوار پێنج روناک بیری قەبوڵ نە بوو کە لە خانە تیمی یەکان خۆیان حەشار دەدەن. ئەم رووناک بیرانە نەیان دەتوانی جێگای متمانەی کۆمەڵە بن. کاک فوئاد دەیزانی رووناک بیری لەو چەشنە کە زۆربەیان دوور لە خەڵک و چریک ئاسا کاری تەشکیلاتی دەکەن، نەیاندەتوانی خەڵک و هەژاران بۆ شۆرِشێکی کۆمەڵایەتی هەمە لایەنە ئامادە

کەن. هاوکاری و وەحدەت لە گەڵ ئەو تاقمە ڕووناک بیرە کە خەرێکی کاری تیئورێکی دوور لە واقعیەت بوون، بێگومان بە زەرەری کۆمەڵە دەبوو.کاک فوئاد باوەڕی بە یەکگرتن لە سەرەوە نە بوو. لە ڕۆژەکانی 21-22 ی خەرمانانی ساڵی 1358 ی هەتاوی(1979 ی زاینی) لە شاری مەهاباد هەڵویستی ڕاشکاوی گرت.( سوخنرانی و قسەکانی کاک فوئاد لە مەهاباد هاوینی 1358) لە ساڵی 1362 ی هەتاوی(1984 ی زاینی)ڕێبەری کۆمەڵە پاش مەرگی کاک فوئاد لە گەڵ گوروپی چوار پێنج کەسی سەهەند لە سەر سەری کرێکار و زەحمەتکێشەوە حیزبی کۆمونیستی ئێرانیان پێک هێنا. و ڕێکخراوەیەکی بە دەسەڵات و خاوەن ئوتوریتەی بەرینی سیاسی وکۆمەڵایەتیان بە ناوی " کۆمەڵە" تەحویلی هەستەی سەهەند دا. ئەو وەحدەت و ڕێک کەوتنە لە گەڵ هەستەی بی ناو و نیشانی سەهەند کۆمەڵەی بەرەو هەڵدێر برد و ملی شکاند .و هەستەی سەهەند خێرا کادرە ئازا و جێگای متمانەی جەماوەریان یەک لە دوای یەک بیدەسەڵات کرد . ڕێبەری کۆمەڵە .بە ئاشکرا باوەڕ و متمانەیان بە خۆیان نە مابوو وئەو پوتانسیلە لە ئاستێکی هەرە بەرزدا بوو. فەزاو هەلومەرجەکەی ئەو کاتەی کۆمەڵە کە ڕابەری یەکەی متمانە و باوەڕی بە خۆی نەمابوو بۆ هەستەی سەهەند دەرفەتێکی چاک بوو و وبۆیە هەر ڕۆژە کۆمەڵەیان بە شێوەیەک لە ئامانجە دیموکراتێک و سوسیالیستی یەکانی دوور دەکردەوە. وڕابەری کۆمەڵە کەوتبونە تاریف کردنی هەستەی سەهەند کە گوایە فریایی بزووتنەوەی ڕادیکاڵ و سوسیالیستی جەماوەری کورد کەوتون و یارمەتیان داوە ! کاک فوئاد دەیگوت ڕووناک بیرێک کە دوور لە هەژاران بێت و مەیدانی خەباتی ئەوەندە بەر تەسک و تەنگ بێتەوە و پەنا بۆ خانە تیمی ببات، وەک ڕێبوار و مسافری قەتارێکە کە دێر یا زوو دادەبەزی و شۆڕش بە جێ دیڵێ. بە داخەوە کاک فوئاد نەما تا ئێستا ئاکامی بڕیارەکەی خۆی چاو لی بکات.

# 18.6 هەڵویستی چەپی ئێران سەبارەت بە کۆمەڵە

تاکتیک و ئێستراژی گونجاو و لە باری کۆمەڵە، و هەڵسەنگاندنی زانستیانەی کۆمەڵگای ئێران، و خەباتی بێ وچانی کۆمەڵە، و ئۆتۆریتەی زۆر، کادیری لیهاتوو و جێگای متمانەی جەماوەری خەلکی کورد، سازانی حیزبی دیمۆکرات و مەجاهیدین، و لیکدانەوەی پووچەڵ و بێ بنە مای چریکی ئەکسەریەت لە حکومەتی نوێ ئێران کە دەقاودەقی لیکدانەوەکانی حیزنی توودە بوو و هەر دووکیان تووشی خۆش خەیاڵی و ئۆتۆپی هاتبون و جمهوری ئێسلامیان پێ دژی سەرمایەداری بوو، و دەوری نەگەتێڤی مەزهەب و کۆنەپەرەستێ کە لە گەڵ ڕەوڕەوەی مێژوودا یەکیان نەدەگرتەوە و دەیان فاکتۆری دیار و نادیار لە سەر گەشەی کۆمەڵە تەئسیری دانابوو. لە ئاستێکی بەرزدا جەماوەری خەلک و لاوان. .. لە شارەکان هەڵویستیان گوڕا و بوون بە لایەنگر و یان ئەندامی کۆمەڵە و لە ژێر چەتری کۆمەڵەدا، گیرسانەوە، پاشان ڕێبەری کۆمەڵە ڕێکی خستن و لە ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانێ کۆمەڵەدا، خەباتی نیزامی و سیاسیان دەس پێکرد. لەم بوارەدا توودەیەکان و حیزبی دیمۆکرات کەوتنە خۆ و دەنگی ئێعتراز و ڕەخنەیان بەرز کردەوە. ڕەخنەکانی حیزبی دیمۆکرات زۆرتر لە سەر دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان و شێوەی حاکمیەت بوو و هەندی جاریش پەڵپ و بەهانە و شەڕ فرۆشێ بوو.بەم جۆرە دەیانویست هێزی ڕادیکاڵ و پێشڕەوی کورد کز و نابوود کەن. لە باتی دیالوگ و موزاکەرە و گفتوگۆ پەنا بۆ چەک، تەنیا ڕێگایەک بوو کە حیزبی دیمۆکرات هەڵێ دەبژارد. پاوان خوازی و سەرەڕۆیی، لە کردەوە سیاسی و نیزامی یەکانی حیزبی دیمۆکرات دەبارێ و سەر ڕێژ بوو. کۆمەڵە سەبارەت بە چارە نووس و داهاتووی کورد لە ئێران ئێحساسی مەسئولیەتی زۆری دەکرد و و بە دەربەست بوو، و ئەم بە دەربەست بوونە بۆ کۆمەڵە زۆر گران تەواو بوو.

هەندی ڕخنە و ئێرادی هێزە سیاسی یە کان لە کۆمەڵە، تا ڕادەیەک بە جێ بوون و کۆمەڵە بە پێی توانا و لیکدانەوەی ئەو کاتە، کەڵکی لی وەر دە گرت. سازمانی پەیکار لە نوسراوەکانی، پرۆپاگاندە و تەبلیغی دەکرد کە گوایە کۆمەڵە لە سەر خەبات و ئێعترازی شارەکانی کوردستان بایەخ و ئێنرژی زۆرتری دانەناوە و تا ڕادەیەک خەباتی جووتیارانی دیهاتی گەورە کردەوەتەوە.

چریکە فیدایی یەکانی خەڵکی ئێرانیش، لە گۆڤارەکانیاندا بە حەق و بە ناحەق کۆمەڵەیان بە پۆپۆلیست دەناساند، و دەیانگوت کۆمەڵە خاوەنی بیر و باوەڕی لیبڕاوی مارکسیستی نی یە و، بە شوێن، بیر و باوەڕی خەڵکدا دەڕوات . لە حاڵیکدا ئەم ڕەخنە و پۆلیمیکانە، بەشێکی بەهانە و پەڵپی بەرەی چەپی ئێران لە بووچونی کۆمەڵە بوو. لە ڕاستیدا بەرەی چەپی ئێران لە قەیرانێکی تاڵی سیاسی دا، دەسوتان و ڕێگایان ون کردبوو. بە داخەوە ئێستاش هەر لەو بوحرانە سیاسی یەدا، دەسوتێ و خەرێکی باسکە مەلەیە و هێشتا نەیتوانێوە ڕێگای ئۆسولی، مەنتیقی و ڕادیکاڵ بدوزێتەوە و لە سەر باوەڕ و بیر و بۆچونی هاوبەش پلاتفورمی دیاری کراو، پێشکەش کات و خاڵە هاوبەشەکانیان، هەوێن و ئامیانی ئێتحاد و یەکگرتنیان بێ. هەر ئەم وەزعە بەرەی چەپی ئێرانی بە ئاشکرا کز و کزتر کرد وراستەوخۆ دەسەڵاتی ڕەشێ جمهوری ئێسلامی زاڵ کرد، کە توانی زۆربەی ڕووناک بیرانێ چەپ، لە ناوچەکانی تری ئێراندا، جگە لە کوردستان ڕاو کات وبیانگرێت وزیندانیان کات.شمشێری ئێسلام لە کێلان دەرهات و سەری هەزاران شۆڕشگێڕی چەپی پەڕاند. پاشان حەمامی خوێنیان دروست کرد و دەیان شۆڕشگێڕی چەپ لە سێدارە درا و یان ئێعدام کرا .

کۆمەڵە بە ڕاستی خاوەن ئۆتوریتە و پشتێوانی کۆمەڵایەتی و نفووزی سیاسی بوو، و توانی چەپی کوردستان و توێژێک لە چەپی ئێرانیش، لە ناو خەباتی گەلی کورد دژی جمهوری ئێسلامی ئێران ڕێک بخا. ولیبڕاوانە لە کەرامەت و شەرافەتی مرۆڤایەتی دیفاع بکات ودیفاعیان کرد. و لەو شەڕە خوێناوی یە، سەربەرزانە شەهیدش بوون. چەپی ئێران لە باری عیلمی و

زانستی یەوە، نەیدەتوانی ئەم گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی یەی کۆمەڵە، کە هەتا دەهات پەرەی دەسەند و دەنگی دابووە وە قەبووڵ بکات. کۆمەڵە ئاکتێڤ،خاوەنی هیژمونی سیاسی، ئۆبژکتیڤ، و دوکترین خۆی و تاکتیکی شۆڕشگیرِانە بوو. لە حاڵیکدا چەپی ئێران ئانارشێست، سوبژکتێڤ، پاسیڤ و سێکت بوو و پۆلەمیکەکانیان پایە و بنەڕەتێکی سیاسی نە بوو ورِەخنەکانیان لە کۆمەڵە زۆرتر لە بۆڵە بۆڵ دەچوو و تەنیا دوگماتیسم وبەرچاوتەنگی نیشان دەدا. ئەم بەرچاوتەنگی و دۆگماتیسمە بە تایبەت لە ناو هێز و سێکتە سیاسی یەکاندا دەبێنرێ، کە زەرەری قورسی لە بەرەی چەپ دا و جمهوری ئێسلامی، لەم نەخۆشی یەی چەپ ئەوپەڕی کەڵکی خۆی وەرگرت و زۆر ئاسان چەپی خستە حاڵەت و فورمی دیفاعی یەوە وبە شێوەیەک نابوودی کرد کە لە مێژۆوی سەردەمدا بێ وێنە بووە.

## 18.7 بۆ چوونی کۆمەڵە سەبارەت بە کاری تیئوریک

کۆمەڵە تا رادەیەکی زۆر بایەخی گرینگی بە کاری تیئوری و ئاکادمیک دەدا. کۆمەڵە پێ وابوو کە بەشی ئەو سەردەمەی شۆرِش دەزانیت. قەول وابوو، کاک فوئاد و هاورێ کانی پێداچونەوە یەک، سەبارەت بە سیاسەتە بنەڕەتی یەکانی کۆمەڵە و لە نێوان ئەوانەدا کاری تیئوریک بکەن. لە هەمان کاتدا خەرێکی دەر کردن و چاپی گۆڤار و رۆژنامە و نوسراوەی تیئوریک بن. بەڵام ماوە کورت بوو و رووداوەکان زۆر بە خێرایی و لافاو ئاسا روویان دەدا.کۆمەڵە و کاک فوئاد پێیان وانەبوو، ئەگەر خەڵکی نەغەدە،پاوە، سنە و مەریوان، سەردەشت، مەهاباد، سەقز،بانە، بەر گولله دەدرێن و قەڵاچو و ژنۆسید دەکرێن،ئەوان دەبێ خەریکی کاری تیئوریک بن. رەوا نی یە و نابێ کاری تیئوریکی کۆمەڵە لەو سەر دەمەدا لەگەڵ رێکخراوە چەپەکانی تر، هەڵدسەنگیندرێ و لە تای ترازویەکدا دانین. چونکوو رێکخراوەکانی تر زۆربەی هێزیان لە سەر کاری تیئوریکی

رووناکبیرانە دانابوو. بەڵام کۆمەڵە لەو کاتەدا لە سەف و پێشەوەی خەبات و تێکۆشانی خەڵکدا حوزووری فەعال و دیاری کەری هەبوو. کاک فوئاد تیئوری بۆ ڕێ نوێنی کاری سیاسی و شۆڕشگێڕانە دەویست. ڕووداوەکانی ئەو سەر دەمە ئەوەندە زەق و بەرچاو بون کە ڕاستەوخۆ نیشانی دەدا کەچ دروست و چ نادروستە ؟ و چ بە قازانجی خەلک و چ بە زەرەریەتی ؟ کام هێزی سیاسی و یان دەوڵەتی شۆڕشگێڕ و خەلکی بووە یان نی یە، پێویستی بە تیئوری و فەلسەفەی عەجایەب نە بووە. لە کاتێکدا شاری سنە وەبەر تۆپ و خومپارە درابووو خەلکی شار لە سەنگەردا دیفاعیان لە خۆیان، ماڵ ومنداڵ و ئازادی و سەربەستی دەکرد.نوێنەرانی دانشجوەکانی تێکۆشەر و موبارز کە لە تارانەوە هاتبوون لە کاک فوئاد دەپرسن : ئێوە بە پێ چ تەحلیل و لیکدانەوەیەکی تیئوریک جمهوری ئێسلامیتان پێ دژ بە خەلکە ؟! کاک فوئاد وڵام دەداتەوە و دەڵی : تیئوری ناویت ئەوە نی یە جمهوری ئێسلامی خومپارە باران و تۆپ بارانی خەلکی بیدیفاعی سنە دەکات.

ئەگەر تیئوری و کردەوە لە هەل و مەرجی دیاری کراودا، لە گەڵ یەکتر دەکەونە کێشەوە لەو کاتەدا کاک فوئاد تێ نەدەکۆشا بۆ ئەوەی واقعیەتەکان کە بە چاو دەبینریت و هەستی پێ دەکرێت بخاتە ناو حەڵقەی تیئوری لە پێشەوە دیاری کراوەوە.کاک فوئاد تیدەکۆشا کە تیئوری گونجاو لە گەڵ ئەو هەل و مەرجە دیاری کراوەدا، دابین بکات و هەڵبژیریت. بۆ نموونە بیر و ڕا و هەڵویستی بۆ پێک هێنانی حیزبی کۆمونیستی ئێران لە ساڵی 1353 (1974) و حیزبی کۆمونیستی کوردستان لە ساڵی 1357 (1978) ئەو پەڕی لێزانی و هوشیاری و هەڵسەنگاندنی کونکریتی کاک فوئاد نیشان دەدا. کاک فوئاد لە ئاسۆی تەسکدا بیری نەدەکردەوە و ڕەوڵێکی بیر روناکی پێشڕەوی هەبوو، ولیکدانەوەکانی وەک چەپی سوننەتی نە بوو و ڕێبازی هەر بە تەنیا تەفسیر و تەوزیحی جیهان نە بوو، بەڵکوو ئامانج ومەبەستی گۆڕینی ئەو کۆمەڵگایە بوو کە لە دواکەوتووییدا ڕایان گرتبوو. کاک فوئاد وەک ئاوی بێگەرد و زوڵاڵ لە نێو دڵی بەرێنی هەژاران و مەحرومانی کۆمەڵگادا ئاژێن بوو و پەپولەئاسا و سووک

باڵ هەنگاوی قایم وقورسی سیاسی هەڵدەگرت. ئاڵ و گۆڕی فیکری کاک فوئاد ئاستێکی روو لە گەشەی هەبوو، و ئەم پرۆسەیە هەرگیز و هێچ وەخت رانەدەوەستا.ئەو لایەنگری خەباتی هەمەلایەنە بوو و لە هەموو سەنگەرەکانی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و بۆ سەرکەوتن کەڵکی وەر دەگرت. خەباتی چەکداری،تەزاهورات و خۆپێشاندان، کاری نهێی، مانگرتن،کۆچی سیاسی کۆکردنەوەی کرێکاران و هەژاران لە رێکخراوی گونجاو و لە بار، تەبلیغی رۆشن و شەفاف و موشەخەس و سوخنرانی، دیالوگ، وتووێژ لە گەڵ دوژمن، هەڵویستی دروست و ئێنسانی سەبارەت بەو کەسانەی کە دوژمن فرێوی داون، و دەیان نموونەی تر ئامێر و ئەو سەنگەرانە بوون کە کاک فوئاد دەستی لە سەر دادەناو تێدا دڵسۆزانە و شێلگیرانە و بێ وچان هەڵدەسورِا.زۆر تێکۆشا تاپلانی جمهوری ئێسلامی بۆ شەڕی داسەپاوبە سەر خەڵکی کورددا بخاتە دواوە. لە نوسراوەیەکی بە نرخی کاک فوئاد بە ناوی "خەڵکی کورد لە ئەزمون وبواری تاقی کردنەوەدا !"ئاماژە کراوە کە تەواوی جەماوەری خەڵک بە هەموو توێژ و چین و تاقمێکەوە پێویستە لە بەرانبەر و دژی فەرمان و دەستوری جیهادی ئەکبەری خومینی و دژی هەرِەشە و هێرشی سپای پاسداران و ئەرتەش کە بۆ سەرکوتی خەڵکی کورد بەرەو کوردستان هاتون راوەستن و خەڵکی کورد لەم بوارەدا دەبێ مەقاوەمەت و بەرەنگاری بکات و سەنگەر بە سەنگەر و ماڵ بە ماڵ و کۆڵان بە کۆڵان دژی هێزی داگیرکەرو سەرکوتگەری جمهوری ئێسلامی لە خۆیان دیفاع کەن.

# 19. کارەساتی 23 ی تیری 1358 هەتاوی لە مەریوان

کاتێک ناوەندی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لە مەریوان پێک هات و دامەزرا، بۆ خەڵکی کورد ئاشکرا بوو کە ئەم ناوەندە نە تەنیا مەرکەزی کۆنەپەرەستانی ناوچەی هەورامان و مەریوانە بەڵکوو پایەگاو سەنگەری سپای پاسداران و حکومەتی ئیسلامیشە.تەجاوەز و دەست درێژی کۆنەپەرەستان و قیادە موەقەت بۆ سەر ئازادی و ژیانی ئاسایی خەڵک و تەعەدا و ئازارو سوکایەتی بە رووناک بیران ،و ئازادیخوازان، بە رادەیەک گەیشتبوو کە نەدەکرا سنوورەکەی دیاری کەیت. گەمارۆی شارێ مەریوان لە لایەن قیادە موەقەتەوە بە پشتیوانی حکومەتی ئیسلامی سوکایەتی و شکاندنی کەرامەتی شارێک لە کوردستان بوو. رەوتی رووداوەکان ئەوەندە خێرا و توند بوو کە گاڵتەی پێ نە دەکرا، خەڵکی کورد بە گشتی وخەڵکی هەورامان و مەریوان بە تایبەت خوازیاری دیموکراسی و ئازادی بوون ولە بەرانبە هەر چەشنە سوکایەتی ودەس درێژیەک لە خۆیان و شەرافەتی مرۆڤایەتی دیفاعیان دەکرد. پیلانی ئاغای موفتی زادە و مەکتەبی قورئان وقیادەی موەقەت و چەک کردنی ئەندامانی یەکیەتی جووتیاران کە لەو رابتەدا قیادەیازدە تفەنگیان بردبوو، و سم پاشی و ژەهر پژاندنیی رادیو تلەڤیزیونی جمهوری ئیسلامی دژ بە گەلی کورد هەموو ئەمانە وەزعەکەی لە باری سیاسی یەوە بۆ خەڵک دژوار کردبووو ئەم شەرایەتە بۆ هەر ئینسانێکی شەریف و ئازادیخواز تەحەمول نەدەکرا. تاوانی خەڵکی شاری مەریوان چی بوو کە قیادە بە پشتیوانی و پیلانی جمهوری ئیسلامی و کۆنەپەرەستانی مەنتەقە بۆ ماوەی حەفتەیەک گەمارۆی بدات ؟ !

چارەیەک بۆ خەڵک نە مابوو بۆیە بە دەعوەتی یەکیەتی جووتیاران و جەمعیەتی خوازیارانی مافی گەلی کورد، شورای ژنان، کانوونی قوتابیان و

موحەسلێن، یەکیەتی کرێکارانی بێکار لە شاری مەریوان و...بانگە وازو دەعوەتێک لە جەماوەری کوردستان وبە تایبەت لە خەڵکی شار و دێهاتی مەریوان بۆ خۆپیشاندان و تەزاهورات دژی تەبلیغاتی ژەهراوی رادیو تەلەڤیزیونی جمهوری ئیسلامی ،حکومەتی ئاغای بازرگان وچەکدار کردنی کۆنەپەرەستانی ناوچەی مەریوان لە لایەن جموری ئیسلامی یەوە کرا. خەڵک لەم دەعوەتە پێشوازی یەکی بێ وێنەیان کرد و وڵامی ئورگانە کان و ئازادیخوازانیان بە شێوەیەکی شۆڕشگێرانە داوە . بەرە بەرە خەڵک لە شەقامەکانی مەریوان کۆ بوونەوە و بە شیعار دان و هەڵگرتنی پلاکارد لە خیابانەکانی مەریوان دەسوڕانەوە و پاشان گەیشتنە بەر ئیدارەی رادیو تەلەڤیزیون و خەڵک تەبلیغات و پرۆپاگاندەی ژەهراوی رژیمیان مەحکوم کرد و لە لایەن بەشداربوەکان لە تەزاهەراتەکەدا، بەیان نامە (بڕیار نامە) و قەتعنامەیەک خوێندرایەوە و بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. لە گەڕانەوە بۆ ناو شار خۆپیشاندەرەکان و جەماوەری خەڵک کە وەک شەپۆلی دەریا و لافاو رێکەوتبوون بە پەنا و لە بەر مەقەڕی سپای پاسدارانەوە تێپەڕ بوون. چەکدارەکان و جەماعەتی ناو مەقەڕی سپا بە بینینی جەماوەری بەرینی خۆپیشاندەر کە لە نزیک مەقەڕەکەیان تێپەڕ دەبوون کەوتنە جموجوڵ و لە عەمەل و بە کردەوە، جەماوەری خوپیشاندەریان توند و تیژ و بە خێرایی تەحریک کرد و خەڵکیان لە سەر تێپەڕبوون پەشیمان کردەوە. ئەم وەزعە نا ئاسایی، غەیرە عادی و زۆر ئاڵوزو سەنگەر گرتنە کە چەکدارەکانی سپا پێکیان هێنابوو و دایان سەپاندبوو، راستەوخۆ جەماوەری خەڵکی بیزار وتورە کرد. لەم هەل و مەرجەزۆر نائاسایی، هاندەر، تەحریک کەر و غەیرە عادی و لە رادە بە دەر ئاڵوزەدا،خەڵکی مەریوان وخوپیشاندەرەکان بڕیاریان دا و خێرا داوای تەسلیم بوون و چەک کردنی جەماعەتی چەکداری سپایان کرد. ئەفرادی ناو مەقەری سپا لە هەوەڵەوە ئامادە و حازر دەبن کە تەسلیم بن و چەکەکانیان تەحویل بدەن. لەم کاتە ناسک و زۆر حەساسەدا لە ناو خوپیشاندەرەکان چەند کەسێک بۆ بەر گری لە رووداوی دڵتەزین، تەقینەوەی وەزعەکە و ئارام

کردنەوەی خوپیشاندەرەکان، بە شەهامەتەوە حازر دەبن کە چەکەکانیان وەر گرن تا لە لایەن خەڵکی توڕەوە سوکایەتی و بێ حورمەتیان پێ نە کرێ. چەکدارەکانی مەقەڕەکە بە خێرایی لە بڕیار، قەول و بەڵێنی خۆیان پاشگەز و پەشیمان دە بنەوە و وەرچەرخانێکی سەیر و سەر سوڕهێنەر لە خۆیان نیشان دەدەن. ودەستیان کرد بە تەقە و هەر لە چاو ترووکانێکدا سێ کەس یان کوشت.

کاک رئووف کۆنە بۆشی موعەلیمی شۆڕشگێڕ و سیمای زۆر خۆشەویست، ناسراو و جێگای متمانەی ناو جەماوەری خەڵکی مەریوان وکاک محەمەدی دەرسید کرێکاری تێکۆشەر و نوێنەری کرێکارانی شارەداری و بێکاران و کاک مەحموودی بالکی پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیاران، لە هەوەڵین دەسرێژەکانی مەقەڕی سپا کوژران و شەهید بوون. و لافاوی هێرش و پەلامار بۆ سەر مەقەڕی سپا وەک لێزمەی باران دەستی پێکرد. بە هێچ شێوەیەک خەڵکەکە کونترولّ نەدەکرا. شەڕ و تێک هەڵچون لە نیوان بەکرێگیراوان وپاسدارەکان وپێشمەرگەکانی یەکیەتی جوتیاران و خەڵک دەستی پێکرد و لە ئاخردا مەقەڕەکە گیرا و هەڵیان پێچا وچەند کەس کوژران. ناوی هەندیکیان کە لە مەقەڕەکەدا کوژران ئەمانە بوو: حسین حیدەری (خەڵکی ئاوایی بەرقەڵا) حەمەی کۆنەپۆشی (خەڵکی ئاوایی عەسرئاوا) دارا کۆنەپۆشی (خەڵکی ئاوایی حەسەن ئاوڵە)، عەبە حبیب، مەحەمد سالەح رەشیدی کوڕی وەستا غەفور، مەحمود ناهیدی کوڕی حەمە چاوە و رەشیدی برای، حزری خەڵکی میانە و . ...

پاش ئەو کارە ساتە هێزی سپای پاسداران لە شارەکانی تری ئێرانەوە بەرەو مەریوان دێن و لە پادەگانی موسکی مەریوان کۆ دەبنەوە و خۆیان بۆ شەڕی داسەپاو و سەرکوتی خەڵکی کورد ئامادە دەکەن.

مەکتەبی قورئان لە مەریوان ژمارەیەک پیاو کوژی سازمان و ڕێک خستبوو کە ئازادیخوازان و هێزی ڕادیکاڵ و پێشمەرگەی کۆمەڵە، چریکی فیدایی، دیموکرات، پیکار و.. تیرور کەن. پێناس وکارتەکەی ئەمینە شیت کە پێشوو چەکدارو جەوانمردی ژاندارمری بوو، ولە کارەساتی 23 تیر برێندار و لە نەخۆش خانەی شار دەرمان دەکرا کەوتە دەستی خەڵکی مەریوان کە تێدا

نوسرابوو"هێزی تیرور ی مەکتەبی قورئانی مەریوان ! "کۆمەڵە پەردەی لە سەر ئەو پیلانە هەڵماڵی و لە خەبەر نامەدا چاپ و بڵاوی کردەوە. کارتەکان لە لایەن حەمەی عوسمان پوور (خەڵکی ڕەزئاو) کە یەکێک لە بەرپرسانی گورووهی تیروریستی مەکتەبی قورئان بوو ئێمزا کرابوو. کارتەکان کەوتە دەستی خەڵکی بی لایەن و بەم جۆرە سیمای واقیعی و دزێویان دەر کەوت. مینە شیت کە پێشوو چریکی ژاندارمری مەریوان بوو کارتەکەی بە عەکسەوە چاپ کراو باڵاو بوەوە. مەکتەبی قورئان لە گەڵ پاسدارانی ئێسلامی پادەگانی موسکی مەریوان یەکیان گرت و مەقەڕی پێشمەرگەی موسڵمانی کوردیان دامەزراند. ژمارەیەک لە وانە فەتتاح و ڕەحمان حیدەری، حاجی ئەحمەد بەگی باوکیان، شێخ برا و شێخ عەبدول کۆنەپۆشی حەسەن ئاولەوچەند کەسی تر... پاش کارەساتی 23 ی تیر لە لای قەسابی خوێن ڕێژ خەڵخاڵی سەریان دەرهێنا.

ناکۆکی یەکان تا دەهات بەرین تر دەبوو، و مەریوان یەکێک لە سەنگەرەکانی مەکتەبی قورئان بوو کە ئاغایان فوئاد روحانی، رەحمان حیدەری، فەتتاح حیدەری وئەحمەدی موفتی زادە بە تەواو هێز و توانایانەوە کاریان بۆ دەکرد، ئێنرژی و کاتیان بۆ تەرخان و دانابوو. کردەوەکانی ئەم تاقم و گرووپە لە ناو جەماوەری خەڵکدا، ئێحترام ورێزێکی نەبوو، و مەکتەبی قورئان کاسە و زەرفی گونجاوی ئەوان بوو کە تێدا، قازانجی خۆیان بپاریزن. کاک فوئاد هەوڵی زۆری دا کە بە پولمیک و دیالۆگ قەناعەت بە موخالفینی ئازادی و دیموکراسی بێنی و تا ڕادەیەکی زۆریش سەر کەوتوو بوو. کارەساتی بیست و سێ تیر (پووشپەر) قەوما و یەکیەتی جووتیاران و خەڵکی ناڕازی شار دەرژنە خیابان و بە دروشم و شیعار دان بەرەو مەکتەبی قورئان و سپای پاسدارانی شۆڕشی ئێسلامی دەڕۆن و ئەم جوڵانەوەیە کە کتوپڕ و وەک لافاوی بەهاری هەستابوو، دەکەوێتە ڕێ و شەڕ دەس پێدەکات. چەند کەس لە چەکدارەکانی مەکتەبی قورئان و سپای پاسداران دەکوژرێن و ئەوانی تریان لە مەریوانەوە بەرەو هەمەدان، قوم و تاران هەڵدێن و خۆیان خزاندە پاڵ کۆمیتەکانی ئایەتوڵڵە ڕەفسنجانی، خاڵخاڵی و عەلی خامنەیی. کاک فوئاد بە

بیستنی هەواڵێ کارەساتی بیست و سێ تیر(پووشپەر) بە پەلە لە مەهابادەوە بۆ مەریوان گەڕایەوە.

ماری خزاو لە کوندا کە پاش روخانی شا پەپکەی خواردبوو لە هێلانەی کۆنی یانی پادەگانەکان هاتە دەرێ و کەوتە ڕاوی ئازادی خوازان و شۆڕشگێرانی کورد و پەلاماری دا، و یارمەتی بەکرێ گیراوانی ناوچە لەو قۆناغەدا بێ وێنە و ئەگەر ئەوان نەبوایەن ئەژدە های جمهوری ئێسلامی قەد نەیدەتوانی ئاوا ڕێبەرو ئازادی خوازانی کورد دێل و ئەسیر بکات. لە هەموو کوردستان ئەم دێل و گرتنە پراکتیک و عەمەلی کرا. دوژمن لە هەموو جادە و ڕێگایەک بۆسە و کەمینی دانابوو و بەکرێ گیراوان ڕێوی ئاسا سەر و چاویان داپۆشابوو و ماشینەکانیان دەپشکنی. جمهوری ئێسلامی تاقە کەسێکی نەدەناسی و ئەندامانی مەکتەبی قورئان و بەکرێگیراوان کە خەڵکی مەریوان و لەوی دەژیان هەمووکەسێکیان دەناسی. شارێک شاهیدە کە لەو کاتەدا بە دەست و یارمەتی مەکتەبی قورئان و بەکرێگیراوان دەیان کەس گیرا وتەحویلی پادەگان و زیندانیان دا. لە مەریوان برایان حوسین و ئەمین مستەفا سوڵتانی، برایان ئەحمەد و حوسین پیر خزرانیان و حەمە جوان (محەمەد حیدەری ) وفایەق عەزیزی، دوکتور بەهمەن ئەغزەری، جەلال نەسیمی ورزگار شێخ الاسلامی ،ئەحمەد قادرزادە، عەلی داستانی و چەند کەسی تر بە دەستوری دوژمن و هاوکاری مەکتەبی قورئان و لە وانە عوسمان شیرین، بنەماڵەی ئەلەنیزام ، حەمە لۆقە، حەمەچاوە، کۆنەپیرا، عەبەرەشاش و حاجی ئەحمەد بەگ و فەتتاح حیدەری، عبدول و برا ولەتیف کۆنەپۆشی حەسەن ئاوڵە دیل و ئەسیر و لە پادەگانی موسکی مەریوان زیندانی کران. بنەماڵەی زیندانی یەکان بۆ دیداری ئازیزانی خۆیان دەچونە پادەگان و دیلەکانیان دیدار دەکرد. سەید ڕەشید پیرخزرانیان کوڕەکانی دیدار کرد. باوکم لەئێدارەی پوست وتەلگرافی مەریوانەوە تەلگرافێکی بۆ قەسابی ڕەوانی شێخ سادقی خاڵخاڵی نارد و داوای چاوپێکەوتنی کردبوو. خاڵخاڵی دوای خوێندنەوەی تەلگرافەکە قناعەتی هێنا بوو و گوتبووی بیتە پادەگان و حەز دەکەم چاوم پێی بکەوێ. باوکم چوە پادەگان و

خەڵخاڵی دیدار و مولاقات کرد و قەولی شەرەفی دابوو کە ئازادیان دەکا.و دایە بەهیەتوانی کوڕەکان لە پادەگان بە بینی و دیداریان بکات. بەڵام کاتێک هاتنەوە لای ئێمە و دەنگ و باسمان پرسی و لە زمان کوڕەکانەوە دەیان گێڕایەوە کە لە ماوەی ئەو سی ڕۆژە کە زیندان بوون هەموو زیندان وانەکان و بە تایبەت جەلال کۆنەپۆشی حەسەن ئاوڵە ،بی حورمەتی و ئێهانەت زۆری بە زیندانی یەکان کردبوو. ئەو بی حورمەتی و ئێهانەتەی جەلال کۆنەپۆشی بە نسبەت کوڕەکانەوە لە سەر دڵی باوک و دایکی جوانەمەرگەگان حسین و ئەمین مابوو. پاش سی ڕۆژ بێ موحاکمە و لێ پرسینەوە بە تەئید و هاوکاری بنەماڵەی حیدەری و کۆنەپۆشی حەسەن ئاوڵە و مەکتەبی قورئان و کۆنەپەرەستانی تر و بڕیاری خوێن ڕێژو قەسابیی بە ناوبانگ شێخ سادقی خاڵخاڵی نۆ شۆڕشگێڕ تیرباران کران.



مزگەوتی ئاڵمانە ساڵی 1358 تەرمی گیان بەخت کردووان
کاک حسین وکاک ئەمین

**ناوی تیرباران کراوەکانی پادەگانی مەریوان لەڕۆژی سی خەرمانانی 58 ی هەتاوی ئەمانەن:**

1-حسین مستەفا سولتانی
2- بەهمەن ئەخزەری
3- جەلال نەسیمی
4-حسین پیرخزرانیان
5-ئەمین مستەفا سولتانی
6-فایەق عەزیزی
7-ئەحمەد پیرخزرانیان
8-عەلی داستانی
9 –ئەحمەد قادرزادە

ودوو دیل بە ناوی ڕزگار شێخ الاسلامی و حەمە ی حیدەری (حەمە جوان) ئازاد کران. بە ڕێز حەمە جوان، نە ترسا و تەسلیم نە بوو. دیسانەوە لیبراوانە وەک پێشڕەویکی دلسۆز و ڕادیکال، بۆ سەربەستی و ئازادی هەژارانی کورد، چەکی بە دەستەوە گرت و لە ئێدامە ودرێژەی خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتیدا شەهید بوو وتاجی سەربەرزی لە سەر نا. کاک ڕزگاریش نەترسا و وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان هاتەوە ناو مەیدانی خەباتی سیاسی و لە ڕیزی پێشمەرگەکانی سازمانی پەیکاردا ولەکامیاران( ئاوایی تاو دۆلاو ) بە دەستی حیزبی دیموکرات شەهید بوو. هەروەها حاجی حەمە قادر ئەمینی موسولمانێکی تێگەیشتوو و ئازا لە زیندان لە کادرەکان و ڕێبەری کۆمەلە دیفاعی کردووە وپاش تەواوبوونی دەورانی زیندانەکەی ئازاد کرا.

پاش هەلپێچانی مەقەڕی مەکتەبی قورئان هەلاتوەکان کە بریتی بوون لە فەتتاح و عەلی و ڕەشید حیدەری و شێخ برا و شێخ عەبدول کۆنەپۆشی و کوڕەکانیان و چونە پادەگانی مەریوان خەریکی شۆڤاری و جاسوسی بۆ دوژمن بوون و دوایی لە کومیتەکانی سپای پاسداران لە ژێر ناوی پێشمەرگەی موسلمان دژی خەلکی کورد سەنگەریان گرت و بوون بە ئامێر و گوپالی

دەستی جمهوری ئیسلامی و کۆنەپەرەستانی حاکم. ژمارەیەک لە بەکرێگیراوانی ناوچە کە چوبونە لای دوژمن، پاش ماوەیەک ماهیەتی ڕژیمی جمهوری ئیسلامیان ناسی و هەنگاو بە هەنگاو لە دوژمنی کورد دابڕان و دوور کەوتنەوە وبە یەکجاری پەژیوان بونەوە و دەستیان لە هاوکاری کردنی دوژمن هەلگرت و هاتنەوە ناو جەماوەری خەلک، و ئێستا خەریکی ژیانی سەربەرزانە و ئاسایی خۆیانن و هەر ڕۆژە ژمارەیان زۆرتر دەبێت . بەڵام هەندێکیان ئێستاش وەک جاری جاران لای دوژمنی کوردن و بە هەزاران شێوە یارمەتی داگیر کەرانی کوردستان دەدەن و لە قوم، تاران و هەمەدان ماونەتەوە وبە ئاشکرا و بە نهێنی خەریکی جاسوسی و خەیانەت بە گەلی کوردن. لە بەر زانستگای تاران هاواریان بەرز دەکردەوە کە مەریوان سی بنەماڵە ی مستەفا سولتانی، شێخ الاسلامی و روستەمی شێواندوویانە. خێوەتیان بۆ هەڵدرابوو و پەیتا پەیتا لە لایەن تەلەڤیزیونی مەلاکان وت و وێژیان لە گەڵ دەکرا. و دەیانگوت: بۆ دامەرزاندنی ئیسلامی ڕاستەقینە دەبێ هەموو بێ دین و ئیمانیک قەڵاچو کرێ و تکایان لە خەڵخالی دەکرد کە با خوێنی شمشیرەکەی وشک نە بێتەوە ئەگینا ئیسلام لە خەتردایە. و بە خێرایی کوردستان لە ئازادی خوان، کومونیست، رووناکبیر و کافر پاک کاتەوە. دەیان ڕپورتاژ و موساحبە و گفتوگۆیان بۆ ئامادەو ساز کرا، تا جمهوری ئیسلامی زووتر و خێراتر هێرش بۆ کوردستان بێنی و کورد بکوژن. خەلکی سنە تاقەتیان نە هێنا و مەکتەبی قورئانیان ئاگر تێ بەر دا و سوتاندیان. بەکرێ گیراوان بوون بە گۆپاڵی دەستی جمهوری ئیسلامی و بە ئاواتی کۆن و مێژوویی خۆیان گەیشتن. پیرەکانیان تفەنگی برنەو و گەنجەکانیان ژێ سێ پاسدارانیان وەر گرت و ئەم جارە وەک ڕاویژکار و ئێدئۆلوگی ڕژیم لە ساوامای ئیسلامی، جندواڵاە و حیزب اڵاە بۆ کوشتاری ئازادی خوازانی کورد سەریان دەرهێنا. ناساندن و کەشفی پێشمەرگە و ئەندامە نهێنی یە کانی کۆمەڵە لە تاران، سنە، کرماشان و لە شارەکانی تر کە ئەسیر و دێل بوون، ئەوان کردیان و ناو و فامیلی ڕاستی ئەندام و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، لە زیندانەکان، ئەوان بە دوژمنیان گوت و ئاشکرایان کردن و پاشان

قەسابەکانی جمهوری ئێسلامی تیر بارانیان کردن بۆ نموونە شەهید ماجید مستەفا سوڵتانی لە زیندانی تەوریز تا ڕۆژەکانی ئاخر هەر نەناسربوو و دوژمن قەناعەتی بە دیفاعیات و قسەکانی ئەو هێنابوو. بەڵام بەکرێگیراوان ومەکتەبی قورئان و توودە یەکان و ئەکسەریەتی یەکان لە پشتی دەرگا و کونی سلولی زیندانەوە ئەویان شناسایی و کەشف کرد و ناوو فامیلیان بە مەسئولین و زیندانە وانەکانی تەوریز گوت. سەید حسین موسەوی بەرپرسی دادگای تەوریز لە تلەویزیونی شاری تەوریز بە تانە و تەشەر ڕوو لە سپای پاسداران و ئۆمەتی موسڵمانی شیعە وتی: دەبێ هەموو پاسداریک وەک سادقی خودادوست (ناوی نهێنی ماجید مستەفا سولتانی لە زیندانی تەورێز) بێ کە کوشتیان و حازر و ئامادە نەبوو ناو و فامیلی راستی خۆی بڵێ. شوکور بۆ خودا ئێمە تەنیا برایانی موسڵمانی کورد فریامان کەوتن کە ئەو دوو کافرەیان لە زیندان شناسایی کرد، ئەگێنا ماجید و ئەمجەد و دەیان دژی شۆڕش و دژی ئێنقلابمان قەد نەدەناسی و بە سزای خۆیان نەدەگەیشتن. هات و چوو بە هیلەکۆپتر و دەبابە و زیلی ئەرتەشی بۆ ئەوان خوڕایی و بە لاش بوو تا لە هەر زیندانیک بۆ شناسایی و کەشف حازر و ئامادە بن. بە پی ئاستی خەیانەت بە گەلی کورد دەرەجەی گروبانی و استواری و سەرهەنگیان پێ درا وپاشان سینەیان لە میداڵی ئاسن و تەنەکە ئاخێنرا و پڕبوو. لە زیندانەکان بۆ ناسینی شۆڕشگێڕان و ئازادی خوازان، و پرسینەوە و بازجۆیی ئامادە و حازر بوون ولە زیندانەکانی کوردستان و ئێران بە دڵسۆزی یەوە بۆ ئێسلام و مەلاکان خزمەتیان دەکرد. و جمهوری ئێسلامی بە هاوکاری ئەوان گومی خوێنی لە زیندانەکانی کوردستان و ئێران دروست کرد. وەک سوارە کانی سەلاح الدین ئەیوبی بۆ مەلای کۆنە پەرەست و مێشک ڕەق هەڵاتوو بە هەموو توانا و هێزیانەوە ئێشیان دەکرد و جار و باریش میداڵی تەنەکەیان وەر دەگرت.

کاتێک گۆڤار و ڕۆژنامەکانی جمهوری ئێسلامی کیهان و ئێتلاعات، گفتوگۆ و موساحبەیان لە گەڵ خوین ڕێژی ڕەوانی و قەساب شێخ سادقی خا ڵخاڵی، کرد، لییان پرسی بۆچی لە مەریوان دیلەکانت کەتەنیا سێ ڕۆژ زیندانی

کرا بوون ئێعدام وتیرباران کرد ؟؟ لە وڵامدا بە ئاشکرا وتی : من بە ڕێنوێنی، پرس و تائێدی برا موسڵمانەکانی مەریوان کۆنەپۆشێ و حیدەری و مەکتەبی قورئان ئەم کارەم کردوە. لە ئاخریشدا، بۆ ئەوەی تەرازوی خوێن ڕشتنە کەی میزان بێ ناویکی لە دەستوری ڕاستەو خۆی ئاغای خومینی برد. بەشێک لەو موساحبە لە هەواڵەکانی سەعات هەشتی ئێوارەی ڕۆژی سێ خەرمانانی 1358 ی هەتاوی لە ڕادیوی جمهوری ئێسلامی یەوە بڵاو بوەوە. ئەو دوکۆمینت و سەنەدە جگە لە وەی ئارشێڤ و هەڵگیراوە لە مێشکی دەیان میلیون کوردیش تۆمار کراوە.

# 19.1 گۆڤاری پێشڕەوی

## ژمارە هەشتی کۆمەڵە

ڕووداوی23 ی تیری ساڵی58 ی مەریوان ئاوا باس کراوە : ڕۆژەکانی 22 و 23 ی پووشپەڕ کۆمەڵ- کۆمەڵ زەحمەتکێشانی شار و دێهاتی مەریوان لە وەڵامی بانگەوازی "کۆمەڵە"کە ئەو کات یەکیەتی جووتیارانیان سازماندابوو و رابەریان دەکرد، گەلیکیان چەکدارانە و بە تێکراش بە پلاکارد و شیعارەوە لە شاری مەریوان کۆ بوونەوە و لە ڕۆژی 23 ی پووشپەڕ دا بە جەماعەتێکی نزیکەی 7 تا 8 هەزار کەسی خۆپیشاندانێکیان لە دژی تەبلیغاتی ژەهراوی رادیو تلەویزیونی رژیم و پیلانی کۆنەپەرەستان رێ خست و لە ئاخری ئەم خۆپیشاندانەدا، بە شیعاردان دەوری مەقەری ئەو بەکرێ گیراوانەیان دا. هێزی چەکداری یەکیەتی جووتیاران وژمارەیەکی زۆر چەکداری تێکۆشەری خەڵکی مەریوان، مەقەرەکەیان بە تەواوی گەمارو دابوو. چونکوو مەقەڕی ئەو جاشانە لە پادەگانی مەریوان نزیک بوو، بۆیە ویڕای سەنگەرەکانی دەور و پشت کەمینیکیان لە نێوان ئەو مەقەڕە و پادگاندا دانابوو.داوای تەسلیم بوون لە بەکرێ گیراوان کرا و ئەوانیش لە پێشدا حازر بوون لەو بارەوە وت و ویژ بکەن. بەڵام کاتێک چەند کەس لە خەڵکی شار بۆ وت ویژ بەرەو مەقەڕ رویشتن ئەو جیناتەتکارانە تەقەیان لی کردن و هەر لە وی سێ کەس لە تێکۆشەران شەهید بوون کە بریتی بوون لە : 1 -کاک

محەممەدی دەرسید کرێکاری تێکۆشەر و نوێنەری کرێکارانی شارەداری و بێکاران 2 - کاک رئووفی کۆنەپۆشی موعەلیمی شۆڕشگێڕ و جێگای متمانەی و زۆر جۆشەویستی ناو جەماوەری خەڵک، 3- کاک مەحمودی بالکی پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیاران. پاش ئەو دەسدریژی یە، هێرش بۆ سەر مەقەرِی بەکرێ گیراوان لە چوار لاوە بە ئەنواعی چەک دەستی پێکرد و پاش سەعاتێک شەڕی توند، مەقەرِەکە بە تەواوی گیرا و لە 25 بەکرێ گیراوی کۆنەپەرەست و جینایەتکار 9 یان کوژران و باقی بە دێل گیران. پادەگانی ئەرتەش و سپای پاسداران کە لە دوو کیلو میتری شاردایە با وەکوو ئاگاداری ئەم کارەساتە بوو نەیان ویرا خۆی تێ بگەیەنی. پاش نێوەڕۆ رژیم بە هیلی کۆپتر لە کرماشانەوە پاسداری دابەزاندە پادەگانی مەریوان و دەستی کرد بە هەرِەشەی توند و تۆڵە ئەستاندنەوە لە خەڵکی مەریوان. شورای شاری مەریوان بۆ بەرگری کردن لە شەرِێی کە جمهوری ئێسلامی بە هیوا بوو بە سەر خەڵکی مەریواندا، دایسەپێنی"تاکتێکی وت و ویژ"هەڵبژارد. کاک فوئاد کە وەکوو رابەری باوەڕ پێکراوی جەماوەر و شوورا لە راستیدا رابەری هەموو لایەنێکی ئەو بزووتنەوەیەی بە ئەستۆ بوو مامۆستایی و لی زانی خۆی لە تاکتێکی شۆڕشگێرانە و یەکگرتوویی جەماوەر، وە بۆ بەر پەرچدانەوەی پیلانی دوژمن سەبارەت بە هێرش و کوشت و برِ بە وێنەی شارەکانی، نەغەدە، خورەمشەهر،گومبەد، بە باشی لە تاکتێکی وت و ویژ کەڵکی وەر گرت. بەو جۆرە وت و ویژ لە گەڵ نوێنەرانی دەوڵەت و پادەگانی ئەرتەش و سپای پاسداران، بە رابەری کاک فوئاد دەستی پێکرد و ڕۆژ بە ڕۆژیش خەڵک لەو وت وویژە ئاگادار دەکران. پاش حەوتوویەک وت وویژی سەخت و بێ نەتیجە، شوورا تاکتێکی دیکەی هێنا یە کایە وە هاتە سەر ئەوەی داوا لە خەڵک بکا کە بۆ بەر پەرچ دانی هەرِەشەی دوژمن، شار چووڵ بکەن و بچنە ئوردوگای کانی میران لە 12 کیلومیتری شاری مەریوان.

# 20. کۆچی مێژوویی شاری مەریوان

## 31ی تیر تا 14 ی موردادی 1358 هەتاوی)

هەڵویستی شوڤینیستانەی ژنراڵ چەمران !

چەمران لە ئاخرین کۆبونەوەی لە گەڵ کاک فوئاد بە هەڕەشەوە وتی. ئێمە بۆ رەزم هاتوین، ئێمە بۆ بەزم وشایی نەهاتوین. وتە فارسی یەکەی بەم جۆرەیە:

ما برای رزم امده ایم نه برای بزم. رزم بە مانای شەڕو کوشتار و بزم بە مانای شایی وسولحە کە هەر دوو وشەکە فارسین. کاک فوئاد بە خێرایی تێگەیشت کە ئەم وتەی چەمران هەڵوێستی شوڤینیستانە و داگیرکەرانەی رێبەرانی جمهوری ئیسلامی سەبارەت بە کوردستانە. کاک فوئاد لە وڵامی چەمەراندا دەڵێت. ئەگەر بتانەوێ هێرشی نیزامی کەن و شاری مەریوان بگرن ئێمە شار چۆڵ دەکەین و ئێوەش وەرن شاری چۆل و هۆڵ بگرن با خەلکی بێتاوان و بێدیفاع نە کوژرێن. ئێتر بۆ کاک فوئاد روون و ئاشکرا بوو، و هیچ شک و گومانێک نەما کە رژیم بەهانە و پەڵپ دەگرێ و شەڕ دەفرۆشێ و نایەوێ کێشەکە چارەسەرو حەل بکات. و بەم شێوەیە ژنراڵ چەمەران نوێنەری ئاغای خومەینی بە ڕاشکاوی دژی میللەتی کورد دەس پێکردنی شەڕی خوێناوی ڕاگەیاندبوو. هەر بۆیە کاک فوئاد چۆلکردنی شاری وەک تاکتیک و دواخستنەوەی شەڕ هەلبژارد و کۆچی مێژوویی ڕاگەیاند .

کاک فوئاد و هاوڕێ یانی کۆمەڵە لە مەریوان کۆچی شاری مەریوانیان وەک تاکتێک و ئامێری گونجاوی سەردەم هەڵبژاردو بەراستی شەڕی داسەپاوی جمهوری ئێسلامیان، بە سەر کوردستاندا خستە دواوەوە. لێکدانەوەکانی کاک فوئاد وەک دڵۆپەی ئاو پێکای و هەڵسەنگاندنەکانی هێژایانە،

دروست و ڕیالیستی بوون. و بۆ دیفاع لە خەڵکی کورد و ئەو مەبەستە سەنگەرێکی قایم و محکەمی دیاری کرد.



**مەریوان ئوردووگای کانی میران، کاک فوئاد (بە کلاشینکۆفەوە)**
**لە ناو جەماوەری کۆچ کردوو بە پرسیارەکان وەڵام دەداتەوە**

لە کۆچی خەڵکی مەریوان کاک فوئاد وەک ڕێبەری ئورکیست دەوری نواند. یانی هەموو هارمونی، نوت، بیر و نەزەرە جیاوازەکانی لە ئاهەنگێکی مەوزوون، ئێعترازی و حەماسی بەربڵاودا کۆ کردوەوە و ڕێبەری کرد.خۆپیشاندان و تەزاهوراتی سەرکەوتوو هەمیشە ئەوانەن کە زۆرترین خەڵکیان سازمان داوە و کۆ کردوەتەوە، ئەو خۆپیشاندانانە و تەزاهوراتانە سەرکەوتوون کە زۆر ترین مەیل و نەزەر و عەلاقەی "جەماوەری خەڵکیان "ڕاکێشاوە، بەڵام پەنجا کەسی وریا و زانا کە سەرکەوتوانە "ڕووداوێکی عادلانە و سیاسی "ساز و ئامادە دەکەن و پێنج دەقیقە لە سەر شاشەی تلەڤیزیوان نیشانی دەن، دەتوانن بە قەدەر نێو میلیون ئێنسانی خۆپیشاندەر تەئسیری سیاسی لە کۆمەڵگادا دابنین. کاک فوئاد لە وانە بوو کە هێژایانە توانی عەلاقە و نەزەری هەواڵنێرەکان بۆ ڕووداوی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕاکێشیت. هەواڵەکانی


کۆچ و موزاکەرەکان و ڕێ پێوان و مارشی گەورەی خەڵکە کانی سنە، بانە، سەقز و بۆکان بۆ مەریوان لە لایەن هەواڵنێرەکانەوە بڵاو بوەوە وکەوشەن و سنووری تێپەڕاند و ئاستی جیهانی پەیدا کرد.

**پێشڕەوی ژمارە 8 (کوردی) بە بۆنەی سالڕۆژی کۆچی مێژوویی خەلکی مەریوان ئاوای نوسیوە :**

"دەست دانە کۆچی جەماوەری وەکوو شێوەیەک لە نارەزایی دەربڕین و خەبات سیاسەتێکی تەواو دروست بوو. چونکوو رژیمی ناهومید دەکرد وە لە حالێکدا بە کرێ گیراوان بە تالووکە بە شوین بیانوویەکەوە بوون کە شەڕ دەست پێی بکەن، ناچاری دەکردن بین و دانیشن و وت ویژ کەن ! لەو کارەساتەدا، دەرکەوت کە بە کرێ گیراوانی جمهوری ئێسلامی، چ ئەوانەی عابا بە کۆڵ بوون و چ ئەوانەی قوپکە بە شان بۆ ریاکاری و درۆزنی و پەستی و لە باری دژ بە شۆڕش بوونیانەوە فەرقیان نی یە. ئەو کات رژیم "مەترسی شەڕ "ی کردبووە شمشیرێک و بە سەر سەری خەڵکەوە رای گرتبوو."

"بە رێز کاک فوئاد شۆڕشگێرێکی لی زان و ماندوویی نەناس، قسەڕەوایی یەکی بێ وێنەی لە نێو خەڵکی مەریوان دا هەبوو، وە ببووە جێگای بروا و متمانەیان و هیدایەت و سازماندانی ئەو کۆچە مێژوویی یەی بە کردەوە رابەری کرد. کاک فوئاد بە ناسینی رووحیاتی جەماوەر بە سیاسەتی لی براو و شۆڕشگێرانە و چەرخانی بە جێ هەموو توانای ئەوانی بۆ بەرەو پێش بردنی ئەو خەباتە خستە گەڕ. بە راستی ئەو لە هەموو بابەتێکەوە بە تایبەت لە بابەتی "تاکتێکی شۆڕشگێرانەوە "مامۆستای ئێمە بوو. بە داخەوە ئەو ئێکۆنۆمیزم و وردەکاری یەی بە سەر تەشکیلاتی ئێمە دا زاڵ بوو پێشی بەوە گرتبوو کە هەموو لیهاتوویی کاک فوئاد گەش بێتەوە و بپشکوی و بکەویتە کار."

داسەپاندنی شەڕ لە لایەن جمهوری ئێسلامی یەوە و ئامادە نە بوونی خەڵک، کۆمەڵەی ناچار کرد کە تاکتێکی گونجاو و کونکریت هەڵبژیرێ. کاک فوئاد و هاوڕێ کانی چۆلکردنی شاریان وەک گۆڕینی سەنگەری شەڕ هەڵبژارد. لەم بڕیارە حەساس و ناسکەدا. پرس وڕایان بە زۆر کەسی تێگەیشتوو لە



هاوینی ساڵی 1358 کاک فوئاد لە ئۆردووگای کانی میران

خەڵکی مەریوان کرد. خەڵکی مەریوان لە ماوەی چەند ساعەتدا شاریان چوڵ کرد و ڕۆیشتنە ئۆردووگای کانی میران. کۆچی مەریوان حەرەکەت و خەباتێکی گەورەی جەماوەری شارێک بوو، کە لە ئێران و لە ئاستی نێو نەتەوەیی ناو بانگی دەر کرد. من و ڕەزای برام شاهیدی ئەوە بووین کە کاک فوئاد ئاخرین کەسێک بوو کە لە شار هاتە دەرەوە و کاتێک مەقەڕی یەکیەتی جووتیارانی بە جێ هێشت کە شەقام و خیابانەکانی مەریوان سامی مەرگیان لی نیشتبوو وکەس لە شار نە مابوو تا هات و چوی بکات و شار چۆڵ و هوڵ بوو. ڕێپێوانێکی مێژوویی لە شارەکانی سنە، سەقز، بانە ،بۆکان و دێهاتی دوور و نزیکەوە، بەرەو مەریوان دەستی پێکرد. بەشدار بوەکان لە ڕێ پێوانەکەدا هەڵگری پەیامەکان و دروشمەکان و هەڵویستەکانی کۆمەڵە بوون. ئەو ڕێ پێوانە جەماوەری یە، سەرنجی هەموو هەواڵ نێرەکانی دەرەوەی ڕاکێشا. شیعاری کۆچ کردووەکان لە سەر ئۆردووگای کانی میران کە لە سەر پارچەیەکی سپی نووسرابوو ئەمە بوو:

(فارسی) ما سر جنگ با کسی نداریم اما تسلیم زور گویی رژیم نیز نخواهیم شد !

ئێمە نە خەیاڵی شەڕ کردنمان هەیە و نە مل بۆ ملهوڕی ڕژیمیش رادەکێشین !

کۆچ لە ئەساسدا ئێعترازێک بە هێرشی ڕژیم بۆناو شاری مەریوان بوو.و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ئۆرگانە دیموکراتیک وخەڵکی یەکان وەک شورای شار، ستادی حەفازەتی، یەکیەتی جووتیاران، بنکەکان و کۆمیتەی ژنان، و... دیفاعی دەکرد. لە هەمان کاتدا کۆچ لە شەڕی داسەپاو بەر گرێ دەکرد. و کۆچ لە ئاستێکی بەرزدا دەیتوانی بانگە وازێک لە سەتحی ئێران و جیهان دا بێ و کێشەی کورد بە دونیا بناسێنی. ڕاسپادەی کۆچ تەنیا ئێعترازێک بە هێرشی دەرندانەی ڕژیم بۆ ناو شار نەبوو. پێشرەوی ژمارە هەشتی کوردی سەبارەت بە کاک فوئاد ئاوای نوسیبوو کاک فوئاد وەک ڕێبەر سیمای خۆشەویست و ناسراو و جێ متمانەی خەڵکی کورد کە خۆی پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیاران و ئەندامی شورای شاریش بوو، مەسەلەکەی لە شورادا باس و مەترەح کرد و خێرا پێشوازی گەرمی لی کرا و تاکتێکەکەی ئەویان پەسەند کرد.پاشان لە نێوان ڕووناکبیران مەسئولیەتەکان دابەش کرا و هەر کەسێک بۆ بەڕێوە بردنی ئەرکەکانی خۆی ئامادە کرد. ئیدە و مەسەلەی کۆچ بە بەر بڵاوی لە ناو خەڵکی مەریوان مەترەح کرا وخەڵک لە دوکان، بازاڕ، گەڕەکەکان وخیابان لە سەر کۆچ قسە و باسیان کرد و زەمینەی فیکری بۆ کۆچ ئامادە بوو.شاری مەریوان "گەرمە یاو "گرتبووی خەڵک ئارام و ئۆقرەیان لی بڕابوو.چونکوو بە ڕێوە بردنی ئەو بڕیارە کارێکی سووک و ئاسان نە بوو. چونیەتی کۆچ، مەسەلەی ئازوقە، شوینی کۆچ و لە هەموو گرینگ و موهیم،تر داهاتووی کۆچ و دەیان پرسیاری تر بوو، کە لە سەر پەردەی مێشک هات و چووی دەکرد و دەقیقەیەک مە جال و دەرفەتی نە دەدا.ئەوەی کە خەڵکی شار قەناعەتیان پێ هێنابوو ئەوە بوو کە ئەگەر ئەرتەش شار بگرێتەوە بە مانای زیندوو بونەوەی دیکتاتوری و بە شێوەیەکی بیرەحمانە تر ڕووداوە دڵتەزێنەکانی نەغەدە، نەورۆزی خوێناوی ساڵی 1359 ی سنە لە مەریوان دوو پات دەکردەوە و دەخولقاند. وبێگومان هێزی سەرکوتگەر هەوەڵین کاری چاڵ کردنی ئازادی و دێمۆکراسی یە. چونکوو نموونەی زیندووی، حاکمیەت و دەسەڵاتی ڕەشی جمهوری ئێسلامی لە سەر خەڵکی کورد دەیان جار بێنرابوو و جەنایەتی ڕژیم و هاوکاری قیادە

موەقەت بە نسبەت جوتیارانی ناوچەی سۆما و برادۆستەوە، لە دونیا دەنگی دابوەوە. بۆیە خەلک بە هەر قیمەتێک بوایە حازر بە لیبوردوویی و فیداکاری بوون و..

من ئەو کاتە لە مەریوان بووم و موزاکرە و گفتو گۆ لە گەڵ نوێنەرانی رژیم بە ئاکامێک نە گەیشت و گرێی خواردبوو کە بە راشکاوی دیار بوو رژیم خەریکی کات کوشتن و پیلانە. وەزعەکە زۆر ئاڵوز و ناسک بوو وشورای شاری مەریوانی زۆر نیگەران کردبوو. وا پێدەچوو دوژمن هێرش دەکاتە ناو شار و شورای شار بە پەلە کۆبونەوەیەکیان کرد و هاتنە سەر ئەم قەناعەت و بڕیارە کە خەلکی شار بە جارێک کۆچ کات ،

ئێوارەی ڕۆژی 30 ی تیر ی 1358 ی هەتاوی هەمو ئورگانە خەلکی یەکانی شار وەک یەکیەتی جووتیاران، کۆمیتەی ژنان، ستادی حەفازەتی، بنکەی گەڕەکەکان، کانوون قوتابیان و دانشجویان، و.. و بە تایبەت لە لایەن خەلکی شەریفی مەریوانەوە بڕیاری مسۆگەری کۆچ گیرا و خیرا بە خەلکیان ڕاگەیاند. یەکیک لە شارۆمەندانی شار بە ناوی کاک حسین زیتە سواری ماشین بووبلند گۆی بە دەستەوە گرت و چوڵ کردنی شاری ڕاگەیاند و وتی: هاونیشتمانانی ئازیز ! خەلکی خەباتگێڕی مەریوان ! بۆ بەر پرچ دانەوەی پیلانی جمهوری ئێسلامی و بەر گرێ لە شەڕی داسەپاو، بۆ دیفاع لە مافی گەلی کورد دەمانەوی بۆ ماوەیەک شار بە جێ بێلین و وشوینی کۆچەکە ئوردووگای "کانی میران" لە نزیکی ئاوای کانی میرانە و تکایە بۆ ئەوی بچن و بار کەن. و دلنیا بن کە هەموو سەروەت و سامان و ماڵتان لە لایەن هێزی چەکداری بنکەکان و پێشمەرگەکانی یەکیەتی جووتیارانەوە دەپاریزری و نیگەران مەبن. بۆ ئاگاداری بەرێز کاک حسین زیتە لە شاری سلێمانی بە دەستی هێزی نهێنی جمهوری ئێسلامی تیرور کرا و کوژرا.

کاک حسین، لە سلێمانی و سەید سادق دژی جمهوری ئێسلامی پروپاگاندەی دەکرد وتا ئەو کاتە شەهید کرا دژ ی کۆنە پاریزان وجمهوری ئێسلامی بوو و لە ئامانجی بێ بەشانی کورد دیفاعی کرد.

ویستی خەڵک و شوورا ئەوە بوو کە شار بە شێوەی دیموکراتێک بە دەستی خەڵک و شووراکەی بە ڕێوە بچی و هێزی چەکداری خۆیان بیپاریزی. لە راستی دا ئەوە ناوەرۆکی شۆڕشگێڕانە و دیموکراتێکی دەسەڵاتدارەتی و حاکمییەتی شۆڕشگێڕانەی خەڵک بە سەر چارە نووسی خۆیدا بوو. کاک فوئاد هەمیشە لە لایەن شوراوە جەرەیانی وت وویژەکەی دەبردە نێو خەڵک و بەو شێوە دیموکراتێکە وشیاری و یەکیەتی خەڵکەکەی بەرزتر و پتەو تر دەکردەوە و نەزەری ئەوانیشی سەمیمانە وەر دەگرت.

خەڵکی مەریوان لە بڕیاری کۆچ، پشتیوانیان کرد. مەسئولیەتی کۆچەکە لە ئەستۆی ستادی حەفازەتی، بنکەکان، یەکیەتی جووتیاران و شورای شار بوو.چوڵ کردنی شار تا دەمەو بەیانی خایاند و زۆربەی خەڵک بەرەو کانی میران ڕۆیشتن و ئەو خانەوادانەی کە خزم و کەس و کاریان لە دێهاتی نزیکدا بوو، لای خزمەکانیان سەقامگیر بوون. ئەو کاتە شار چۆڵ و هوڵ بوو و بیدەنگی سامناک شاری مەریوانی لە باوەش گرتبوو. هەندی لە هاوڕێیان بەرپرس و مەسئولی دامەزراندنی کۆچ کردووەکان بوون و بە خێرایی یارمەتیان دەدان. جەرەیانی کۆچەکە بە خێرایی لە سەرانسەری ئێران دەنگی دایەوە و مێدیای جیهانی هەواڵەکەیان بڵاو کردەوە. بەرەی چەپ و ئازادی خوازان لەم ڕووداوە واتە کۆچ پشتیوانیان کرد.

دێهاتی دەور و بەری مەریوان و شارە کورد نشینەکان، لە خەڵکی کۆچ کردوو دیفاعیان کرد. لە لایەن تێکۆشەران وشۆڕشگێڕانی سنە و مەریوان و شارەکانی تری کوردستان بۆ سەرکەوتنی کۆچەکە ئەوپەڕی فیداکاری کرا. بە ڕێزان : عەتا روستەمی، جەلال نەسیمی، حسین مستەفا سولتانی،عبدوڵای دارابی، سەید حسین پیرخزری وخەڵکی دارسیران و دەیان شۆڕشگێڕی تر لە مەریوان لەو بوارەدا زۆر بە ناو بانگ و بەو پەڕی لیبوردوویی و شەهامەتەوە تێکۆشان و هەڵسوڕان تائەو ئێعترازە جەماوەری یە بە سەرکەوتن بگات.کاک عەتا ئەوەندە خۆشەویست و خاوەن ئوتوریتەی کۆمەڵایەتی بوو کاتێک لە شەڕدا کوژرا جمهوری ئێسلامی بۆ ترساندن و شکاندنی ورەی خەڵکی مەریوان

تەرمەکەیان لە سەر چەرخی حەماڵی دانا و بە خیابانەکانی شاری مەریواندا گیڕایان. ئەو بێ پرنسیبی و کردەوە فاشیستی یانەی جمهوری ئێسلامی شەخسیەتی بەرزی کاک عەتای نیشان دا. جمهوری ئێسلامی لە رژیمی پاشایەتی ئێران ئەم کردەوە جوانانە فیر بووبوو. دەڵین و گوایە ساواک و تەرتەشی شایش تەرمی بە ڕێز کاک سلیمانی موعینی یان لە شاری مەهاباد بە خیابانەکاندا گیڕا کەدەریایەک لە نفرەت و بێزاری بۆ سیستەمی پاشایەتی خولقاند.

بۆ ئەوەی کۆچەکە بە ئامانجی خۆی بگات، و دوژمن بزانی خەڵک یەک پارچە دژی هەڵویستەکانی جمهوری ئێسلامین، ڕێک خستن و سازمان دانی ئەوخەڵک و نەفوسە پێویست و حەیاتی بوو. بۆ چارەسەر کردنی گیر و گرفتەکان چەند لیژنە و گروپی زۆر چکۆلە و تایبەت دروست کرا کە ئەرکی بەڕێوە بردنی ئوردووگای کانی میرانیان لە ئەستۆ گرت و بە دەیان شێوە هاوکاری یەکتریان دەکرد.

لیژنە چکۆلەکان بریتی بوون لە :

1-لیژنەی نگابانی و حەفازەتی ئوردووگا

2-لیژنەی فریاکەوتن و گەیاندنی نان و ئاو و خواردن بۆ سەنگەری پێشمەرگەکان

3-لیژنەی ئاوی ئوردووگا

4- لیژنەی پروپاگاندە و تەبلیغ و بڵاو کردنەوەی هەواڵەکان

5- لیژنەی دەرمان و پاک و خاوێنی

6 –لیژنەی پەیوەندی گرتن لە گەڵ شارەکان و دیهاتی دەور و بەر

7- لیژنەی تەداروکات

8 – لیژنەی خانوو و کەپر و ئاوی خواردنەوە بۆ دانیشتوانی ئوردووگا

-...

-...

بۆ یارمەتی ئوردووگا لە لایەن جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و ئینقلاب و خەڵکی شاری سنەوە هەر ڕۆژە بە کامیون پێداویستی ژیان و خوراک وسەهۆڵ دەنێردرایە ئوردووگا. ئەو بزووتنەوە بەرین و یەکپارچەیە دوژمنی ترساند و شپرزەی کرد چەند جار ویستیان هێرش بێننە سەرئەو شارە قارەمانە و بیگرن. بەڵام لە سەنگەری قایمی پێشمەرگەکانەوە کە بە دەوری شاردا دامەزرابوون ئاگر و گوللە بە پێشوازی یانەوە دەچوو و بە سەر شوڕی و بە زەرەر و زیانەوە ناچار دەگەڕانەوە. کۆمەڵە دەستی دایە سازماندان و یارمەتی دانی خەڵکی کۆچ کردوو و لەو ڕێگایەدا و بۆ ئەو مەبەستە تەنانەت چەند ئەندامی کۆمەڵە کە بۆ یارمەتی دانی کۆچ کردووەکان لە شاری سنەوە هاتبوون لە بەر پادەگانی مەریوان دیل و زیندانی کران. بەرێزان ساعیدی وەتەن دوست وحەمیدی فەرشچی و... گیران و وەخت بوو بیان کوژن. کاک حەمید فەرشچی موعەلیمی شۆڕشگێڕ و زۆر خوشەویست و یەکیک لە پێشمەرگە بوێر و ئازاکانی کۆمەڵە لە شەڕی حەماسی شاری سنە دژی داگیر کەران، گیانی لە پێناو ئازادی و دیموکراسی بەخت کرد. ئەم گرتن و زیندانی کردنەی هاورێ یان خەڵکی سنەی بێزارتر و تورە ترکرد و بۆیە رۆژی شەشی گەلاوێژ وەکوو ئێعتراز مارشێکی دەستە جەمعی یان رێ خست و بەرەو مەریوان کەوتنە رێ.

جەماعەتی هەزاران کەسی شەش رۆژی تەواو 150 کیلومیتری سنە هەتا ئوردوگای کۆچیان بری و هەتا دەهاتن زیاتریش دەبون. بە جۆریک کە رۆژی ئاخر نزیکەی چەند هەزار کەس تێکڵاوێک لە ژنان و پیاوانی ماندوویی نە ناس گەیشتە ئوردوگای کانی میران. جەماعەتەکە لە مەسیری رێگا و کاتێک گەیشتنە ناو ئوردووگای کانی میران بە دەنگی بەرز شیعاریان دا :

**مەریوان، مەریوان ! سەنگەری ئازادەگان!**



**مارشی گەورەی خەلکی شاری سنه بەرەو ئوردووگای کانی میران**
**کچان و کوڕانی ماندوویی نه ناس به هەنگاوەکانیان مێژووی سه ردەم دەنوسن**

به ڕێز کاک شوان(محمد مائی) به درێژایی ئەو مارشه جەماوەری یه، پاریزگاری مارشەکەی چەکدارانه له گەڵ هاورێ یانی تر له ئەستوو گرتبوو.ئەو مارشه شەش رۆژه ش خۆی بزووتنەوەیەکی جەماوەری و شکۆدار بوو. مارشەکه تادەهات زۆرتر دەبوو. له مەسیری جادەی سنه –مەریوان له ئاوایی یەکانی نزیک جاده خەلکی زەحمەتکیش له جەماوەرەکه پێشوازی گەرم و گوڕیان ده کرد. سرودی شۆڕشگێرانه دەخوێندرا و شیعاری توند دەدرا.

**بژی برایەتی مان خەبات و یەکیەتی مان!**

له جادەی سەقزیشەوه جەماعەتێکی چەند سەد کەسی له خەڵکی سەقز، بانه، سەردەشت،، بۆکان و مەهاباد به پشتێوانی یەوه دەهاتن. پاش دوو حەتوو خەباتی پڕ خرۆش و نه ترسانه دەولەتی مەلاکان حازر بوون که هەندێک

داخوازی گرینگ قەبووڵ کەن وتیان کە هێرش ناکەنە سەر شاری مەریوان و لە شاریش شوورایەک بە رەسمی هەڵبژیردرێ کە پاش مانگیک ئێنتزاماتی شار لە ئەستوو بگرن. ئەو قەول و قەرارە لە نێوان شورای شاری مەریوان و دەوڵەتی جمهوری ئێسلامی مۆر و ئێمزا کراوەفد و نوێنەرایەتی ڕژیم لە ئەستوی ژنراڵ چەمران، گولستانی، ئایەتوڵلە ئەشراقی و ئایەتوڵاە لاهوتی و مەسئولینی سپای پاسداران بوو.شورای شاری مەریوان وەک ئورگانێکی دیموکراتێک عومری کورت تەمەن بوو. ئەندامانی شورای شاری مەریوان تا ئەو جێگایە لە بیرم ماوە یازدە یان سێزدە کەس بوون. بۆ ئەوەی دوژمن ئەندامانی شورا نە ناسی و گیانیان لە مەترسی نەکەوی و باری ئەمنیەتیش لە بەر چاو بێ، بە تەگبیری کاک فوئاد لە هەر کۆبونەوەیەک لە گەڵ جمهوری ئێسلامیدا، چەند کەسی ترلە باوەڕ پێکراوانی شار لە کۆبونەوە و موزاکرەکاندا بەشداریان دەکرد. بە تایبەت کاک فوئاد وەک پرنسیبی شەخسی ئاکام و نەتیجەی کۆبونەوەکانی شورا و دوژمنی لە خەلک نە دەشاردەوە و سانسوری قەد پێ ئوسولی نە بوو.

لیژنەکان کار و بار و مەسئولیەتی خۆیان بە رێوە دەبرد. هێزی چەپ لە ئێران دەستیان لە سەر دەست دانەنا و لە کۆچ کردووەکان و خەڵکی مەریوان پشتیوانیان کرد. پارە، دەرمان و دەوا و یارمەتی باشیان بۆ مەریوان نارد. شۆڕشگیران و خەڵکی سنە بۆ پشتیوانی لە کۆچ، ڕێپێوانێکیان بەرەو مەریوان رێک خست. رێبەری ئەم ئێعتراز و پشتیوانی یە لە لایەن جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و ئێنقلابەوە دەکرا. بەرێزان: سەدیق کەمانەگەر، شوعیب زەکەریایی، کاک شوان ،مەزەفەر موحەمەی، سەید ئەیوب نەبەوی، کەیهان فەرزاد، ،یوسف ئەردەڵان و... دەوری بەرچاویان هەبوو.شەش ڕۆژی خایاند تا ئەفرادی ڕێپێوانکەر گەیشتنە مەریوان. سەفی جەمعیەتی هێلاک و ماندوو گەیشتە ناو شاری چوڵ و هۆڵی مەریوان و لەو کاتەدا، دژی جمهوری ئێسلامی شیعاریان دەدا.**بژی برایەتی مان خەبات و یەکیەتی مان !** ماوەیەکی تر ڕێپێوانی خەڵکی شارەکانی بانە، سەقز و مەهاباد بۆ پشتیوانی لە خەڵکی کۆچ کردووی مەریوان، دوای تەواو بوونی کۆچەکە گەیشتە ناو شاری مەریوان. پشتیوانی لە کۆچ وئەو

ڕێپێوانە لە لایەن شارەکانی تری کوردستانەوە، دەبوە هوی دلگەرمی و هێوا و ورەی خەلکی بەرزتر کردەوە. هەوالنێر و ژۆرنالیست کە تا رادەیەک دیموکرات و رادیکال بوون بۆ بلاو کردنەوی هەوالەکان بەرەو ئوردووگا هاتن و لەو کانالەوە یارمەتی چاکیان دا.هەوالەکانی کۆچ ومارشی گەورەی شۆڕشگیڕانی خەلکی کورد لە لایەن رۆژنامە و گۆڤارەکانی حکومەتی یەوە بلاو نەدەبوەوە. دوژمن لەم ماوەیەدا نوێنەر و وەفدی رەنگاو رەنگی بۆ لای کۆچکردووەکان دەنارد و هاو کات هێزی سپای پاسداران و ئەرتەشی لە پادەگان تەقویەت و بە هێز دەکرد. موزاکرە و گفتو و گۆ لە گەل رژیم نەدەچوە پێشەوە، و دوژمن کاتی دەویست تا هێرش بکاتە ناو شار و ئازادیخوازان و هێزی رادیکال دیل و ئەسیر و یان لە شەڕدا نابودیان کات.

کاک فوئاد سوخونگوی شورا و هەموو رۆژێک لە ئوردووگا کۆبونەوەی گشتی پێک دەهێنا. کاک فوئاد سیاسەتی کراوە و ئاشکرای بەرێوە دەبرد ولە کۆمەلگای داخراو و بە تایبەت سانسور بێزار بوو. باوەڕی بە ئازادی بیر و ئەندیشە بوو کە راستەوخۆ زانیاری بە جەماوەری خەلک بگات. بێ ئەوەی چونیەتی موزاکرەکان سانسور و نهێنی بکا و بیان شاریتەوە و لە فەزایەکی کراوە ی جەماوەری، هەوالەکانی بە وردی بۆ جەماوەر دەگیڕایەوە و پاشان بیر و رای خەلکی دەپرسی و هەندی جار لە گەل هاورێ کانی قسە و باسی دەکرد و ئێدە جوانەکانیانی لە بەر چاو دەگرت. موزاکرە پازدە رۆژی خایاند و ئاکام و نەتیجەی نە بوو. نوێنەرانی رژیم پەسا پەسا لە سەر چەک کردنی خەلک و شورای شار و یەکیەتی جووتیاران دەدوان وئەو ئورگانانەیان بە دل نە بوو و تەنانەت ئێنکاریشیان دەکرد. لەم لاشەوە بەرەی شۆڕش و خەلکی بە ئامان هاتوو حازر بە شەرتەکان و مەرجەکانی رژیم نە بوون وبۆیە موزاکرە کە، گرێ خواردبوو.

کاک فوئاد چەند جار گیڕایەوە کە لە گفتوگۆکاندا هەموو جارێک قەناعەتی بە نوێنەرانی رژیم دەهێنا و قسەیەکیان پێ نەدەما و بێ دنگ دەبوون. پاشان نوێنەرانی دوژمن دەیانگوت ئێمە دەبی لەگەل مەسئولین و بەرپرسانی خۆمان

قسە بکەین و لە گەڵ تاراندا پەیوەندی بگرین، جا ئەو وەختە دیالۆگەکەمان درێژە و ئێدامە دەدەین. رۆژی دوایی دەهاتنەوە و بە دەستوری مەلاکانی قوم و تاران دیسانەوە دژایەتی یان دەکرد و قسە و دیالۆگەکان دەگەیشتە بون بەست وگری دەخوارد. و بەم جۆرە موزاکرەکە لە سەر دایەرە و بازنەیەک هەر دەسوڕایەوە و بە ئاکامێک نە دەگەیشت.

خەڵک لەدەستی فڕ و فیشاڵ و درۆی دوژمن بە ئامان هاتبوون و رۆژێک ئایەتوڵاە لاهوتی بە مێزەرە و عابای شۆڕەوەخۆی گەیاندە ئوردووگا و چەند ماشین وزیلی ئەرتەشی هێنابوو تا قەناعەت بە خەڵک بێنی و ئومەتی موسڵمانی مەریوان بۆ شار بگەڕێنیتەوە و زۆر بە شاخ و باڵی ئێسلامدا هات و وتی. لە هەمووتان دەعوت دەکەم وەرنەوە ئامێز و باوەشی ئێسلام ودەس لە ئاژاوە گیڕی هەڵگرن و بی شەرمانە گوتبووی "لە برسان دەمرن ! خۆ هێچتان نی یە بیخون ! ". خەڵک توڕە بوون و پیاوێک ئێعترازی کرد و حاجی تەڵا وەک شێرە ژن چەند گەڵای دار بەڕووی کەندەوە وتی: ئێمە گەڵای ئەم دارانە دەخوێن بەڵام تەسلیمی زۆر وتن و هەڕەشەی ئێوە نابین ! ئایەتوڵاە لاهووتی هاج و واج بوو و هەستا و ئوردووگای جێ هێشت و خۆی گەڕایەوە باوەشی ئێسلام و پادەگان. شایانی باسە تەنیا هێزێک کە دیفاعی لە دار و نەداری خەڵک دەکرد تەنیا بەرەی چەپ و کۆمەڵە بوو و حیزبی دێمۆکرات کە سەرجەم چەند کەس بوون لە هێچ بوارێکدا جیددی نەبوون. حیزبی دیموکرات نە تەنیا بە هێچ شێوەیەک دیفاعیان لە کۆچ نە کرد، بەڵکوو موخالیفی کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان بوون و ناوەندی حیزبی دیموکرات لە سەنەدێکی بڵاو کراوە ئەم هەڵویستەی بە ئاشکرا نیشان دا.

کار و بار و هەڵسوڕانی لیژنەکان، باش پێش دەچوو و زۆر کەم نوقتە زەعفیان بەر چاو دەکەوت. لیژنەی حەراسەت و نیگابانی شار و بەرگری لە هێرشی رژیم دوو گرووپ بوون. کە هەر رۆژ گرووپێک نیگابان بوو. لە هەمان کاتدا هێزی پشتیوان بە رێبەری بە رێز کاک. ..، یارمەتیان دا. یانی لە سەنگەرکانی تەپەی شێخ حەسەن و گردە رەش هەمیشە حازر و دامەزرا بوون


و چەند جار هێزی پاسدار و جاش کە بە دزی یەوە دەهاتنە نزیک بەرزایی یەکانی شاری مەریوان و دەیان ویست ئەو بەرزایی یانە بگرن، شکاند و پاشە کشەیان پێ کردن. لیژنەی فریا کەوتن و گەیاندنی نان و ئاو و فیشەک بۆ سەنگەرەکان، ئەرکی قورس بوو و گەنجەکان و لاوانی لیبڕاو هەڵیان دەسوڕاند. لیژنەی دەرمان و پاک و خاوینی، ئەرکی یارمەتی بە نەخۆشەکان و کاری ئوردوگای لە ئەستۆ بوو. دوکتور و کارمەندەکانی بهداری مەریوان: دوکتور بەهمەن ئەغزەری، دوکتور سەعید یەزدیان عوسمان حەقیقەت و هوشنگ مجاوری ئێشیان دەکرد. کاک عارف نادری مەسئولی ناوی ئوردووگا بوو و لە گەڵ چەند کەسی تر بیهداشتی ئوردوگایان لە ئەستۆ بوو. کارێکی حەساس و زۆر گرینگیان پێ سپردرابوو. بۆ ئەوەیی نەخۆشی بڵاو نەبێتەوە پێویستی بە بیهداشتێکی هەمەلایەنە بوو و هەست دەکرا. لەو کاتەدا و لەو گەرمای هاوینەدا ئاوی سازگار و دروست کردنی توالیت بۆ دانیشتوانی ئوردووگا، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سلامەتی ئێنسانەکانەوە بوو.کە دەبوا ئەهمیەتی تایبەتی پێ بدرێ. ئەوان لە دارستانێک لە نزێکی ئوردووگا کۆڵەکەی زۆریان بڕی و بۆ دروست کردنی کەپرەکانی ئوەدووگا کەڵکیان لی وەر گرت. یانی کەپر ەکان بەر گەرمای هاوینی تا ڕادەیەک دەگرت و شوێنی حەسانەوەش بوو.لە لایەن ئوردووگای کانی میرانەوە بۆ پێشوازی و ئاگادار کردنەوەی جەماعەتێکی تری ڕێ پێوانکەر کە گەیشتبونە نزیک مەریوان دوو کەس دەس نیشان کران و ناردران. وخۆیان گەیاندە ڕێ پێوان کەرەکانی بۆکان ،مەهاباد، سەقز و بانە تا لە بەر پادەگانەوە تێپەڕ نەبن، چونکوو مەترسی تەقە و گرتنیان هەبوو، ئەوان لە مەسیری ڕێگا تووشیان دەبن و پێیان ڕادەگەیەنن و جەماعەت لە بەر ئاوایی یەکانی بەرانبەر پادەگان خۆیان گەیاندە ناو شاری مەریوان،کە ئەو کاتە خەڵک لە کۆچ گەڕابونەوە و لە ناو شاردا بوون و پێشوازی گەرمیان لی کرا. و لیژنەی تەبلیغ و پڕووپاگاندە لە ئاستی ئوردووگا و دێهاتی نزێک کاری دەکرد و چونیەتی کۆچ و بەهانەی ڕژیمی بۆ خەڵک تەوزیح دەدا. لەو لیژنەدا زۆر کەس هەڵدەسوڕان و کاریان دەکرد.

شایعە و هەواڵی هێرشی رژیم بۆ ناو شارو گرتنی بەرزایی یەکانی شاری مەریوان لە لایەن دوژمنەوە بڵاو دەبوەوە. و هێزی شۆڕشگێڕ تەنیا چەکی سووکی هەبوو و بەرەنگاری ئاسان نە بوو. کۆبونەوەیەکی بە پەلە و خێرا لە لایەن کاک فوئادەوە لە دارسیران رێک خرا. لەم کۆبونەوەیەدا هەموو قەناعەتیان هێنا کە پاشەکشە کەن و هاتنە سەر ئەم بڕیارە کە پێشمەرگە وەک تاکتیک بەرزایی یەکانی شاری مەریوان چووڵ کات و بەرەو ئوردووگا بگەڕێنەوە.

لیژنەی پزشکی ئوتوریتەی چاکی بەدەس هێنابوو و خەڵکی دێهات بۆ موعایەنە دەهاتنە ئوردووگا وڕێز و سەفیان دەبەست و هەڵویستی ئێنسانی لیژنەکە شایانی قەدردانی یە. شایانی باسە لە ماوەی کۆچەکەدا دزی لە ماڵی کەس نەکرابوو و تەئسیری قووڵی نەفسی و رەوانی لە سەر خەڵک دانابوو.تەتەر و پەیکی جێگای متمانەی هەمووان موعەلیمی شۆڕشگێڕ، خۆشەویست، ماندوویی نە ناس و بە دلەوە نزیک بە رێز کاک جەلال نەسیمی بوو. کە سواری موتورەکەی دەبوو و پەیوەندی ئوردووگاو شاری مەریوان و تەشکیلاتی کۆمەڵەی رێک خستبوو.

و ت و ویژ لە گەڵ دوژمن گەیشتبوە بون بەست و گری خواردبوو و بە هێچ شێوەیەک نە دەکرایەوە. پوتانسیڵ و ئامادگی خەڵکی کۆچ کردوو، بە پێچەوانەی بیر و بۆچونی سازمانی چریکە فیدایی یەکان سنوور دار بوو و نەدەکرا لەوە زۆر تر کێشی بێنی. کاک فوئاد هەموو کاتێک خۆی لە رێزی پێشەوە بوو ومامۆستای تاکتێکی شۆڕشگێرانە بوو. لە پرۆسەی کۆچەکەدا، پەساپەسا چریکەکان دەیانگوت کۆمەڵە سازش کارە و نابێ خەڵک بگەڕینەوە بۆ ناو شار. کاک فوئاد وڵامی دانەوە، ئێمە بە ئامانج و خواستی خۆمان کە خستنە دواوەی شەڕەکە بوو گەیشتوین و لەمە زیاتر خەڵک ناتوانن بەشداری کەن. دەیزانی هەر ئێعتراز و حەرەکەتێکی سیاسی زەرفیەت و پوتانسیلی خۆی هەیە، و تا شوینێکی دیاری کراو بڕ دەکات و تاقەت دەهێنی. ئەم تاکتێکە ئامانجە کانی پێکابوو و تەحلیلی کونکریتی کاک فوئاد و لیکدانەوە زانستی یانەکەی

ئەوەی سەلماند. پاش یازدە رۆژ کۆبونەوەی گشتی لە ئوردووگا کرا و کاک فوئاد وتار و سوخنرانییەکی مێژوویی کرد، دەقی سوخنڕانی یەکەی لەم کتێبەدا هاتوە. ژۆرنالیستێکی ئێنگلیزی یان ئێتالیایی وێنەیەکی لە کاک فوئاد لە سەر میزی موزاکرە گرتوە کە لە فەرمانداری شاری مەریوان دانیشتوە و ئەوەندە هێلاک و ماندوو بووە کە سەری لە سەر مێزەکە داناوە و دەڵی و پێت وایە خەوتوە. لە هەمان گۆڤاردا وێنەیەکی مستەفا چەمران بە چاویلکەی رەشەوە چاپ کرابوو کە دوو تانک لە سەر شوشەی چاویلکەکەی هێرشیان بۆ قەڵاچوو،کاول کردن ، خاپوور کردن و کوشتاری خەڵکی بیدفاعی کورد دەکرد .




پایزی ساڵی 1358 گۆڤارێکی ئینگلیزی وتارێکی سەبارەت بە کوردستان نووسیبوو و عەکسی مامۆستا شیخ عیزەالدین حوسینی و کاک فوئاد و چەند پێشمەرگە ی مەریوانی چاپ کردبوو.

ئاخرین موزاکرات، لە گەڵ دوژمندا کرا و بیر و فیکری تەواو بوونی کۆچ لە سەر پەردەی مێشکی کاک فوئاد دەهات و دەچوو. رێک کەوتنەکان لە گەڵ دوژمن ئەمانە بوو کە کاک فوئاد بۆ جەماوەری خوێندەوە

1- تەواو بوونی کۆچ ڕاگەیەندرێ و خەڵک بگەڕێنەوە سەر ژیان ئاسایی خۆیان

2- هێزی چەکداری رژیم وەک سپای پاسداران و ئەرتەش و هێزی چەکداری خەڵک وەک یەکیەتی جووتیاران و جەماوەری چەکدار لە ناو شاردا بە چەکەوە نە بینرین.

3- ئیدارەی شارتا ماوەی مانگیک لە ئەستۆی ارتش بیت.

4- لە ماوەی ئەو مانگەدا شورای شار، شارەوانی بو پاراستنی شار دا بەمزرینیت.

پاشان کاک فوئاد، تەواو بوونی کۆچێ ڕاگەیاند و لە ناو چەپلەڕێزانی جەماوەردا وتار وقسەکانی دەس پێ کرد.

کاک فوئاد پاش تەواو بوونی کۆچ و لە پازدەی موردادی 58 دەچیتە ماڵی کاک حسین و نانی نێوەرۆ لە گەڵ میوانەکانی و دایە بەهیە و مەلەکە دە خوات، ئەو رۆژە ئاخرین دیداری لە دایک، باوک، خۆشک، برا و خەڵکی حەق شناسی مەریوان بووە.

هێزی یەکیەتی جووتیاران، لە دارسیرانەرە بەرەو بەرزایی کانی فەیلەقووس رویشت و خۆی گەیاندە ناوچەی سەرشێو. کاک فوئاد لەم کاتەدا نامەیەکی بۆ هاورێیان نووسی و داوای کردبوو کە لە شوێنێک کۆببنەوە. بەر لەوەی یەکیەتی جووتیاران بگاتە شوێنەکە کاک فوئاد لەوەی حازر دەبی. کاک فوئاد سیاسەتی رژیم بۆ جەماعەت باس دەکات و دەڵێ شک و گومانێکی تێدا نی یە کە جمهوری ئیسلامی هێرش دەکاتە سەر کوردستان و ئێمە دەبێ خۆمان بۆ دیفاع ئامادە کەین. و دەڵی کۆمەڵە بڕیاری داوە کە لە خەڵکی کورد دیفاع بکات. بۆ ئەوەی پوتانسیلی نیزامی کۆمەڵە بچیتە سەرەوە بە یارمەتی سازمانی وەحدەتی کومونیستی دەورەیەکی نیزامیمان داناوە کە فەرماندەی نیزامی بۆ شەڕی

پارتیزانی پەروەردە دەکات. لەوی کاک فوئاد چوار کەس پێشنیار دەکات تا بۆ دەورەکە بڕۆن. بە ریزان : مەحمەدی نوری، حەسەن شەعبانی، عیزەت دارابی و سالْحی سەرداری بۆ دەورەکە دیاری دەکرێن. کادیری لیزان و تێگەیشتووی ئەو کاتە ی دەورەی پەروەردە کردنی فەرماندەی نیزامی بۆ ڕێزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە ئەستوی شۆڕشگێڕی خوزستان بە ڕێز ئەبوو شاهین (فوئاد عەرەب) بوو کە چەند ساڵ لە فەلەستین دەورەی دیتبوو و ئەزمون و تەجروبەی چاکی لە شەڕی پارتیزانی دا هەبوو.

ئایەتوڵاە تالەقانی ساڵی 58 لە نوێژی رۆژی جومعە تاران هەڕەشەی لە کومونیستەکان و خوازیارانی لەت لەت کردن و تەجزیەی ئێران (خەڵکی کورد) کرد. لەو کاتەدا نزیکەی 42 گۆڤار و رۆژنامە داخران و چاپیان قەدەغە کرا. سانسوری تۆخی دینی ومەزهەبی داسەپا و نوێنەرانی مەجلیسی خبرەگان شمشێری ئیسلامیان دژی خەڵکی کورد تیژ کرد و قەسابی خوێن رێژ سادقی خاڵخاڵیان بۆ کوردستان نارد و دەستوری جەنایەت و کوشتاری وەر گرت. پاشان بە دەستور وفەرمانی خومینی لە 28 ی مورردادی 58 ی هەتاوی هێرشی هەمە لایەنە بە ناوی جیهادی ئەکبەر بۆ سەرکوتی خەڵکی کورد لە کوردستان دەستی پێکرد.

کاتێک کۆچ تەواو بوو و خەڵک بۆ ناو شار گەڕانەوە، رژیم دەستی لە پیلان هەڵنەگرت و بە یارمەتی بەکرێ گیراوان و دەرەبەگ و شێخی کۆنە ساواکی کەوتنە کەمین دانان و دەوری شاریان گرت. پاسدارەکان و ئەرتەش هێچ کەسێکیان نەدەناسی و تەنیا بەکرێ گیراوان ڕاپورتیان دەدا و خەڵکیان دەناساند و بە شێوەیەکی ڕێوی ئاسا چاویان دادەپۆشی و شۆڕشگێڕانیان دەگرت. دوژمن بە یارمەتی بەکرێ گیراوان ئەم کەسانەیان گرت : حوسین و ئەمین مستەفا سولْتانی، جەلال نە سیمی، سەید ئەحمەد و سەیدحوسین پیر خزرانیان،فایەق عەزیزی، ئەحمەد قادرزادە ،دوکتور بەهمەن ئەغزەری، حەمە جوان حیدەری، عەلی عێراقی و رزگار شێخ الاسلامی... کە نۆ کەسیان دوای شەش رۆژ و بی موحاکمە و دادگایی لە پادەگانی مەریوان بەدەستی قەسابی

رەوانی جمهوری ئیسلامی، سادقی خلْخالی لە رۆژی سی خەرمانان ئێعدام کران.وحەمە جوان حیدەری و رزگارشێخ الاسلامی ئازاد کران. زۆر زۆ ربە داخەوەپاشان ئەم دوو شۆرشگیرەش لە دریژەی خەباتی سیاسی ولەناو ریزی پێشمەرگایەتی دا شەهید کران.

# 1.20_ فیلمێک لە ئوردووگای کانی میران

لە لایەن دوکتور بەهمەنی ئەخزەری ئازادی خوازێ ئەنترناسیونالیستی ئێرانی - خۆزستانی لە رووداوەکانی ئوردووگای کۆچ کردوەکانی خەلکی مەریوان فیلمێک ئامادە کرابوو، فیلمەکە شێوەی ژیانی ئوردووگا نشینی و روحیەی پێشمەرگە و هات و چو و دیداری خەلک لە کۆچ کردووەکان، هاتنی مەلاکانی قوم و تاران بۆ ناو ئوردووگا و کۆبونەوە ئاشکراکانی کاک فوئاد لە ئوردووگا و...نیشان دەدا. ئەم فیلمە پاشان و دوای تەواو بونی دەورانی کۆچ و هاتنەوەی خەلک بۆ ناو شاری مەریوان لە پارکی شاردا نیشان درا. هەوەڵ کەرەت فیلمەکە پێچەوانە و سەر و بن نیشان درا کە بینەران ئێعترازیان کرد و دوکتور بەهمەن پێکەنی و وتی بە ئەنقەست وام کردووە. بە داخەوە پاش ئێعدام کردنی دوکتور بەهمەن ،لە پادەگان فیلمەکە ئێتر نەبینراوەتەوە. کەس نازانی چۆن شرت و گوم بوە یان لای کەسێک یارێکخراوەیەک شاردرابێتەوە و هەلگیرابێ. بە داخەوە هێشتا مەعلووم نی یە و زانیاری سەبارەت بەو فیلمە یان هەر نی یە و یان زۆر کەمە.

# 20.2 ئەندامانی شورای شاری مەریوان

لە سالی 1358 ی هەتاوی (1978) ئەمانە بوون:

بەرێزان :1 - فوئاد مستەفا سولتانی2-سەعید دارابی 3-مەحموود ئاشتیانی4-عبدولرەزا کەریمی5-شێخ عوسمان خالیدی 6-حاجی مەلا مەحمەد

ئەمین دارسیرانی7-مەحموود شێخ الاسلامی 8-فایەق عەیزی 9-حاجی ئەمین بەگی روستەمی10 حاجی حەمە قادر ئەمینی 11 حاجی حەسەن ئیزەدی و....
جار و باریش دوو سی کەس تر لە شارۆمەندانی باوەڕ پێکراوی شاری مەریوان لە کۆبونەوەکاندا بەشداریان دەکرد.

## 20.3 دەقی وتار و سوخنڕانی یەکەی کاک فوئاد لە ئوردووگای کانی میران

سیزدەی موردادی ساڵی1358 ی هەتاوی



**هاوینی سالی 1358 ئوردووگای کانی میران،**
**کاک فوئاد وتارە مێژوویی یە کە ی پێشکەش دەکات**

ئەگەر ڕێگام بدەن منیش باسی ئەم ڕووداوە ئەکەم. بزانین ئایا تا ئێستا بە قازانجمان بووە یا بە زەرەزمان ؟لە برێک دۆستانم بیستوە کە ئەڵین "بریا هەر لە سەرەتاوە کۆچمان نەکردایە، ئەوە نیە ئاخری هەر قەرارە ئەرتەش بێتە ناو شار". وای دابنین کابرایەکماڵێک ئەکاتەوە، لەم بابەتەوە لە وانەیە برێکیش قەرزدار بێ، یا زەرەر بکا. بەڵام لەو لاوە لە کرێ نشینی ڕزگار ئەبێ و ئەمە بە قازانجیەتی ! من ئێستا لە قسەکانمدا ڕوونی ئەکەمەوە کە ئێمە لەم کارە کەدەستمان داوەتێ، تا حاڵی حازر یانی تا گەڕانەوەمان بۆ شار سەرکەوتوو بووین. بۆچی ؟چی مان دەسکەوت بووە ؟

**یەکەم** دەسکەوتمان سەرکوت کردنی جاشەکانی ناو خۆ بوو، ئێمە ئەوانمان سەرکوت کرد. ئایا کەسێک هەیە پێی وابێ ئەوە وانیە؟

**دووهەمین** دوسکەوتمان ئەمەیە کە ؛ پاسدارەکان هەر کوێی چوون، نەغەدە، گومبەد و خورمشەهر نی یە. بۆ هەر کوی یان ناردبوون ڕژاونەتە ناو شار و کوشتاریان کردوە. بەڵام لێرە بە هۆی قارەمانەتی خەڵک و پێشمەرگەکانیانەوە نەمان هێشت، بێنە ناو شار، ئەوان بە تەمابوون بە شەڕ بێنە ناو شار بەڵام تەڵەفاتیان دا و نەیانتوانی. بۆیە لەم بابەتەشەوە سەرکەوتوو بووین.

**سێهەمین** دەسکەوتان یەکیەتی یە، کە ئێستا لە ناو خەڵکدا پێک هاتوە. یەکیەتی یەک کە تا ئێستا وێنەی نەبووە. ئێمە لە دوا ڕۆژدا بۆ هەموو کارە کانی ترمان پێویستی مان بەو یەکیەتی یە هەیە. ئەمڕۆ لە گەڵ چەند کەس لە باوک و براکان ،سەبارەت بەوە قسەمان ئەکرد، کە ئەم یەکیەتی یە ،بە هەر جۆرێک بووە بیپاریزین. تەنانەت برێکیان پێشنیاریان ئەوە بووکە پێش گەڕانەوەمان بۆ شار سوێند بۆ یەکتر بخۆین. ئەمە بە دەربەست بوون بۆ یەکیە تی یە و یەکجار بە نرخە. ئەبێتە هۆی ئەوە کە زۆڵم و زۆر لە هە ر کەس کرا، لە جیاتی خزم و کەس هەموو خەڵکی شار لە سەری بێنە جواب و دیفاعی لێ بکەن. ئەم یەکیەتی یە، ئەبێ بە دڵ و بە گیان بیپارێزین. بەڵام لەم بابەتەوە شاری مەریوان بە تەنیا نەبوو.

**یەکێکی تر** لە دەسکەوتەکانمان  کە بە چاوی خۆتان دیتان پشتیوانی برایانی لادێ یی و زەحمەتکێشانی دێهات بوو. لە هەموو شوێن و لە هەموو ڕێگایەکەوە، هاتنە یارمەتیمان. نان و پێ خۆر هێنان و هەر چەشنە یارمەتی یەک کە لە دەستیان هات  و لی یان خێزیا کردیان. (ئێمە بەرە بەرە  ئەو شتانەی ماونەتەوە دابەشیان ئەکەین.)

لێرە دیارە کە یەکیەتی خەڵکی شار و دێ لە مەریوان  زۆر پتەو تر بووەتەوەو ئەمە دەسکەوتێکی ترە بۆ دووا ڕۆژ. بەڵام ئەم یەکیە تی یە، تەنیا لە ناوچەی مەریوان نەبوو. کام لە ئێوە ئەو خۆشک و برا  سنەیی یانە لە  بیر ئەبەنەوە کە چەک بە دەست، شەش ڕۆژ پیادە ڕەویان کرد و هاتن بۆ پشتێوانی و پشتگێریتان !!هەر ئێستا نزیکەی هەشت سەد کەس  لە دۆستانی سەقز و بانە و بۆکان و مەهاباد و سەردەشتیش بەڕێوەن ! ئەم یەکیە تی یە، هەتا ئێستا لە پانایی کوردستاندا  بێ وێنە بووە، بۆ دوا ڕۆژی خەباتی گەلی کوردیش، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی  لە هەموو شتێک پێویست ترە. هەموومان دەزانین کە گرینگترین  چەکی خەڵکی ئێران بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی شا  هەر یەکیە تی بوو. ئەگەر ئێمەش ئەو یەکیە تی یە بپارێزین، هێزی ئەرتەش دوولانەش بێتەوە دەرەقە تمان نایە. ئەمەش **دەسکەوتێکی دیکەمان** بووە لەم خەباتەدا.

ئەو ڕۆژەی دۆستانی سنەیی مان، گەیشتنە بەرەوە  ئێوە بە چاوی خۆتان هەر لەم ئوردووگایەدا دیتان کە سەرەڕای خەڵکی کوردستان، لە شارەکانی تری ئێرانیشەوە، گەلیک نوێنەر هاتبوون لە خورمشەهر و شیراز و تارانەوە نوێنەر هاتبوون. لە بیرتانە شیعاریان ئەدا"ئێران سەراسەر وەک کوردستان لێ ئەکەین ! * ئەمە قسەیان بوو. ئەوان پشتیوانی ئێمە بوون. هەر وەک ئاگادارن هەر ئێستا چەن دووکتورێک میوانمانن. ئەمانە لە کوی وە هاتوون ؟ ئەمانە هەموو ئەوە نیشان ئەدەن  کە ئێمە خەڵکی مەریوان بەم کارەی خۆمان توانیومانە پشتیوانی گەلانی ئێران بۆ لای خۆمان ڕاکێشین. وە لەمەش بەدواوە ئەم پشتیوانی یە ،درێژەی ئەبێ. لە ڕۆژنامەدا  خوێندتانەوە کە خەڵکی سیستان و بلوچستان، یانی لەو پەری ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە  لە پێناو  هاوپشتی ئێمەدا، فیداکاریان

کردووە. ئێمە قەت نابێ ئەمەمان لە بیر بچێتەوە. ئەبێ ڕۆژی خۆی ئەوەندەی لە توانامان دابێ فیداکاری یان بۆ بکەین. **یەکێکی تر لە گرینگترین دەسکەوتەکانمان ئەوە بوو کە داخوازی گەلی کورد بەرانبە ر بە دەولەت هێنرایە کایەوە** ! لەو لاشەوە، جەوهەر و ماهییەتی دەولەت کە ئەیەوی زۆڵم و زۆرمان لێ بکا، شەڕمان لە گەڵ ئەکا و تانک و تۆپ ئەنێریتە سەرمان، لە پێش چاوی گەلی کورد و گەلێک لە خەلکی ئێران ڕوون بووەوە. تەبلیغاتی ڕادیو تلەڤێزیون بە ئێمە ئەلێ کافر. پێمان ئەلێن یاخی و وەحشی. بۆ نموونە ئەو شەو سەرەتای قسەی چەمران جێگری سەرۆک وەزیر ئەوە بوو کە ئەیوت :

"کاتیک ئەبینم ئێوە نویژ ئەکەن و ڕوژوو ئەگرن پێم سەیرە ! "ئەو دۆستانەی لەوی بوون بیستیان کە چەمران وای وت. هەر ئەم قسانەش لە ڕادیو و تلەڤیزیونەکانیانەوە ئەڵێنەوە.

ئێنسانێکی ئاسایی خەلکی تاران ،یان قوم یان شیرازیش باوەڕ بە قسەیان ئەکا.ئێمە ئەبێ کارێک بکەین کە زەینی ئەو خەلکە ڕۆشن بێتەوە. کە دوا ڕۆژ وەکو موجاهید و داوتەڵەب بۆ شەڕ کردن نەیەنە سەرمان. ئێمە ئەبێ ددان بە خۆماندا بگرین و کارێک بکەین ئەوان ڕوون بنەوە. ئایەتوڵا لاهوتی ئەیوت، ئەو موجاهیدانە کاتێک لە مالی خۆیان دێنە دەر خوداحافیزی شەهید بوون ،لە دایک و خۆشکی خۆیان ئەکەن. یانی بە غەرەزێکی ئاواوە ئەیان نێرن. زۆربەیان ئەگەر ڕوون بنەوە نایەن. ئەڵبەت دیارە ئەگەر هاتنە شەڕمان، شەڕیان لە گەڵ ئەکەین و چلۆن جاشەکانمان تەفرو توونا کرد ئەوانیش تەفروتوونا ئەکەین.

**یەکێکی تر** لە دەسکەوتەکانمان ئەمە بوو دەولەت کە شوراکەمانی بە ڕەسمی نە ئە ناسی و ئەیانوت شورا ئاژاوەگێربووە. (لە حالێکدا هەمووان ئەزانین ئەوە درۆیە و خەلک بە تێکڕا لەم خەباتەدا، بەشدارن و بە تایبەت شەڕەکە ڕۆژی 23 ی پۆشپەڕ ڕووی دا، شوورا ڕۆژی 26 ی پۆشپەڕ پێک هات !) **بە سەر هەموو ئەوانەدا ئەوان ناچار بوون دان بە ئەوەدا بنێن کە شوورا هەیە و بیسەلمێنن کە ئەبێ لە گەڵ شوورا، دانیشن و قسە بکەن و پەیمانی لە گەڵ مۆر بکەن.**

لە کاتی ڕووخانی ڕژیمی شاوە هە تا ئێستا کامە کاربەدەستی دەوڵەتی، گەورە تا بچووک ملی بەوە داوە کە بێت و لە گەڵ نوێنەرانی خەڵکی مەریوان قسە بکا ؟ قەت نە ئەهاتن ! **بەڵام ئێمە کردمانە کارێک کە سەرەتا، ڕەئیسی سپای پاسداران و پاشان لاهوتی و نوێنەرانی وەزارەتی کێشوەر ناچار بن و بێن. یانی کەسانێک لە پایەبەرزترین کار بەدەستان حکومەت ملیان بەوە داوە کە بێن و قسەمان لە گەڵ بکەن. گوێ لە قسەمان بگرن. پاش هەموو ئەوانەش جێگری سەرۆک وەزیرمان ناچار کرد کە بێتە ئێرە. ئەویش نەک وەها کە ئێمە بڕۆین بۆ لای ئەوان، بەلکوو ئەوانمان ناچار کردوە بێن و وت وێژمان لە گەڵ بکەن. ئەمەش دسکەوتێکی ترمان بوو.**

بێجگە لەمانە، ئەگەر ئەم بەینە گویتان لە ڕادیوکانی دەرەوە راگرتبێ بیستوتانە کە دەنگ و باسی مەریوان و کوردستان لە جیهاندا بڵاو بوەتەوەو ئەمە خۆی بووەتە هۆی ئەوە کە بیر و ڕای خەڵکی دونیا دەر حەق بە مەسەلەکەمان ڕوونتر بێتەوە.

ئەمانە هەموو دەسکەوتن ! نابێ لە پێش چاومان ون بن. پێتان وا نە بێ کارێکی بچووکمان کردوە. ئەوانەی لە سنەوە بە پیادە هاتبوون شیعاریان ئەدا

**"مەریوان، مەریوان ! سەنگەری ئازادەگان!"**

ئێمە ئەبێ قارەمانانە و شان بە شانی ئەوانەی لە هەموو لایەکی کوردستان و ئێران پشتگیریمان ئەکەن، دەسکەوتەکانمان بپاریزین. "**مەریوان ئەبێ هەر سەنگەری ئازادەکان بێ !** "

بەڵام هەر وەک لە سەرەتای قسەکانمەوە وتم ؛کەسێک کەماڵێک ئەکاتەوە لەوانەیە لەم کارەدا تووشی زەرەریش بێ و لە پێی قەرزدار بێ. کارەکەی ئێمەش وابووە. زەرەری کارەکەمان ئەوە بووە کە ئەرتەش دێتە ناو شار و نا یەڵی هێچ کەس لە ناو شاردا چەکی پێی بێ. ئەڵبەت لە دەرەوەی شار وا نی یە. سەبارەت بە چەک هەلگرتنیش هەر کەسە لە ویجدانی خۆی بپرسێ، ئەگەر بە ڕاستی خاتر جەمی و هێمنایەتی بوایە، ئەگەر جاشەکان تەقەیان لە خەلک نەکردایە ،و لە خیابانەکان خەڵکیان نەدایەتە بەر تەقە ،ئێتر کەی پێویستی دەکرد

کەسێک  لە شار چەکی پێی بێ ؟! ئەگەر کار بە دەستە دەوڵەتیەکانی درۆ نەکەن. و بە ڕاستی نەهێڵن جاشەکان سەر بەرز کەنەوە. ئێمە نیگەبانمان بۆ چی یە ؟ئەگەریش پەیمانیان شکاند. هێچکەس نابێ ئەوەندە ترسنۆک بێ کە چەکی خۆی لە شوێنێک دانێ کە ئەوان بین و بیبەن. بەڵکو ئەبێ جێگایەکی بۆ فیکر بکا و دیاری کا و قایم ڕای بگرێ. دیارە ،ئەگەر لە جیاتی ئەرتەش ئێمە خۆمان ئەو کارانەمان بکردایە زۆر باشتر بوو. بەڵام هەر وەک برێک لە دۆستانیش پێشتر وتیان  ئێمە نەمان توانی ئەوەیان بە سەردابسەپێنین. چەندین ڕۆژە کە ئێمە بێ پشوو خەریکی قسەو وت ویژین، ئەوان چەند جار وت و ویژەکەیان بە جێ هێشت. چەندین هەیئەتی جۆراوجۆر هاتوون و ڕویشتوون. ئەگەر ئێمە لە سەر ئەو داخوازی یە  زیاتر پێی مان داگرتایە ئەبوایە خۆمان بۆ شەڕکردن ئامادە بکردایە و ئێمەش وەکوو شوورا، هەرچی هێنامان و بردمان بەوە گەیشتین کە ئەم شەڕە ئێستا بە قازانجمان نیە و جارێ نابێ خۆی لێ بدەین.

**ئەوەش تان لە پێش چاو بێ، کە ئەگەر ئێمە ئەو ڕێک کەوتنەمان نەکردایە جەماعەتێک تاقەتیان نە ئەما ،و لێمان جیا ئەبونەوە. بۆ ئەوەی ئەم یەککگرتنەمان تێک نەچێ  بە پێویستمان زانی  شێوەی کارەکە بگۆڕین**. جگە لە وەش ڕژیم بە ڕادیو و تلەڤیزیون، لە ناو خەڵکی ناوچەکانی تری ئێراندا تەبلیغاتێکی زۆری لە دژی ئێمە وەڕێ خستوە. ئێمە پاش ئەم یەک کەوتنە بەرانبەر بەو درۆ و دەلەسانە، خەبات ئەکەین. ئەوان قەولیان داوە، قەولی شەرەف "ئەگەر شەرەفیان هەبێ ! "کە ئەرتەش هەتا مانگێکی تر  لە شاردا ئەمێنیتەوە و  لەو ماوەیەشدا  بە بێ چەک بە ناو شاردا ئەگەڕێ. پاش یەک مانگەش  شوورا شارەبانی دادەمەزرێنی و ئەرتەش ئەگەرێتەوە بۆ پادەگان.

دیارە هەموومان لەوەی کە ئەرتەش  دێتە ناو شار نارەحەتین، بەڵام بە ڕاستی پێم وایە ئەگەر سەرجەم  حیسابی بکەن  لە سەدا هەشتای  سەرکەوتووین. وا نەزانین کە تێک شکاوین ! ئەوان ناچار بون کە زۆربەی داخوازیەکانی ئێمە بسەلمێنن. **بەڵام یەک شتمان لە بیر نەچێتەوە، ئەویش ئەوە کە دەوڵەت هێزی هەیە. ئێمە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان یەک ڕێگای ئەساسی مان هەیە ئەویش،**

**یەکگرتوویی خۆمانە. یەکگرتوویی لە گەڵ دێهاتی دەور و پشت، یەکگرتوویی لەگەڵ باقی ناوچەکانی کوردستان و یەکگروویی لە گەڵ گەلانی ئێران و هێزە پێشکەوتووخوازەکانی ئێران.**

خەباتی ئێمە هەتا ئێستا تا ڕادەیەک بەو مەبەستە گەیشتوە. ئەبێ لەمە بەو لاوەش لە سەری بڕۆین.

ئەمە بوو ئەو شتانەی کە سەبارەت بە دەسکەوتی باش و تەجربەی تاڵی ئەم خەباتەمان بە نەزەرم گەیشت. ئێستا مەسەلەیەکی تر هەیە، سەبارەت بەو دۆستانەی خەڵکی سەقز و بانە کە بەڕێوەن و بەتەمان هەر لە سەر ڕاپەیمایی یەکەیان بڕۆن و بگەنە مەریوان. ئەبێ ساغ بینەوە و بزانین ئایا لێرە بمێنینەوە و پێشوازیان لێ بکەین ؟ یان بگەڕێنەوە و لە شار بە پیریانەوە بچین ؟ **من لام وایە شار باشترە ! ئێوە ئەڵێن چی** ؟ داخوازێکی تریشم هەیە داوا ئەکەم ئەگەر ئەم پەیمانە و ئەم سولحەتان پێ باشە، ئەبێ بەڕێوەی ببەین، با دەرکەوێ کێ پیلانگێڕە، کێ جاشە و ئاژاوەگێڕەی دەکا !

**بژی برایەتیمان !**

# 20.4 پێشڕەوی ژمارە 8 (کوردی)

پێشرەوی ژمارە 8 (کوردی) بە بۆنەی ساڵڕۆژی کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان سەبارەت بە سوخنڕانی یەکەیی کاک فوئاد ئاوای نوسیوە : بۆ چاک تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئەم وتارە دەبێ ئەوە لە بەر چاو بێ، کە ئەم قسانە بۆ هەموو خەڵکی ئوردووگا بووە نەک هەر بۆ زەحمەتکێشان و رووناکبیرانی پێشرەو ؛ ویرای ئەوەش ئەم قسانە لە هەل و مەرجێکدا بووە کە رژیم بە ئاشکرادەویست شەڕ لە مەریوانەوە دەست پێ بکا. کاک فوئاد بە شێوەی سیاسی بەرانبەر بەم پیلانە سەرکوتگەرانەیە، موقاوە مەتی خەڵکی رێک خست. بەڵام سەرەنجام ئەو شەڕە ماوەیەکی دواتر بە سەر کورد دا داسەپا.

لەم وتارەدا کاک فوئاد بەرانبەر بەو کەسانەی ورەبەردان و شکست و تەسلیمیان لە ناو خەلکدا، بلاو دەکردەوە هەلویست دەگری. ئەو تاقمە بە ژمارە کەم بوون؛ لە سەرەتای کۆچیشەوە رارا بوون وە یا هەر موخالیف بوون و دەیانەویست بەو چەشنە کزی و بێ وەرەیی خۆیان کە لە سەرەتای کۆچەکەوە بوویان بیشارنەوە و بلێن کە کۆچ کردن هەر لە سەرەتاوە هەلە بووە. کاک فوئاد ئەو کەسانەش کە چاویان لە هەل و مەرجی سیاسی و رووحیات و توانای جەماوەر نی یە و شوینی ماجەرا و ئاژاوە دەکەون، دەداتە بەر رخنە وە لەم وتارەدا تیدەکۆشی بە زمانێکی سادە بی سەلمێنی کە ئەم دوو نەزەرە هەر دووکیان هەلە و لادانن. وە بە نیشان دانی دەسکەوتە باشەکانی ئەو خەباتەی کە خەلکی مەریوان بە هاوپشتی شوینەکانی تر کردبوویان، ورەی شۆڕشگێڕانە یان بەرز را بگری و یەکیەتی خەباتکارانەیان لە دەوری سیاسەتێکی دروست دا، بپاریزی.

بەلام لیکدانەوەی سیاسەتی دروست بۆ کاتی خۆی، کە کاک فوئاد دەیکرد، قەت بە مانای ئەوە نە بوو کە سەبارەت بە دوژمنانی چینایەتی سەر لی شیواو و تەوەهومێک لە کایە دا بێ. کاک فوئاد هەمیشە دەیگوت : "ئێمە بە خەباتی سیاسی مان، تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت دەتوانین کۆنەپەرەستان پاشە کشە پێ بدەین. دەنا ئەوان هەر کات بتوانن هێرش دینن

سەرمان ! "سەیر ئەوەیە کە ئەو کات نوێنەرانی سازمانی چریکی فیدایی لە مەریوان لە گەل هەر چەشنە سازانێک موخالیف بوون ! ! ئەمەش هەلویستێکی بە ئاشکرا ئانارشیستی بوو کە توانای راستەقینەی خەلکی بۆ دریژەدان بەو خەباتە لە بەر چاو نەدەگرت و ئێمەی بە تەنیا دەخستە بەرانبەر ئەو شەڕە ناوەختە لە دژی رژیم.

بە پێی رێک کەوتنێک کە مور کرا، قەرار درا کە بۆ ماوەی یەک مانگ دیژبان(ئێترەباتی ئەرتەش بە بێ چەک پاریزگاری لە شاری مەریوان بکا. وە لەو یەک مانگەدا، شوورایەک بە هەلبژاردن، پێک بێ و ئەو شوورایە شارەبانی (پۆلیس) ی شار دامەزرینی و بیگریتە ژیر چاوە دیرێ. لەم ماوەیەدا لە ناو شار

کەس نابێ بە ئاشکرا چەکی پێ بێ. پاش ئەو ماوەیەش، ئەرتەش دەبێ بگەڕیتەوە بۆ پادەگان!

ئەو کات جەماعەتێک لە سەر ئەو نەزەرە بوون کە دەبێ لە بەر هاتنی میوانانەی دەستەی دووهەم، ڕۆژێکی تر لە ئوردووگا بمێننەوە. کاک فوئاد نەزەری وا بوو کە باشترە بگەڕێنەوە شار و لە وی پێشوازی لە میوانان بکەن. لە ئاخریدا هەر نەزەری کاک فوئاد سەر کەوت و زاڵ بوو و خەڵکیش ئەوەیان پێ باش بوو.

# 20.5 تاکتیک، دیپلۆماسی و موزاکرە لە ڕوانگای کاک فوئادەوە

کاک فوئاد هاو کات لە گەڵ بزووتنەوە و شەپۆل و پۆتانسێلی شۆڕشگێڕانە و ڕادیکاڵی گەلی کورد، ڕێکخراوەی کۆمەڵەی ڕێنوینی و هیدایەت دەکرد. لە هەمان ئاست و بار و دۆخدا،لە گەڵ کۆنەپەرەست ترین نوێنەرانی جمهوری ئێسلامی و مەلاکانی تاران و قوم ،وەک ژنراڵ مستەفا چەمران،ئایەتوڵاه لاهوتی و گولستانی و سەرهەنگ دەستغەیب گفتوگۆی دەکرد. چەمران ئەندامی زۆر هەڵسوڕاوی ڕێکخراوی ئەمەلی شیعەکانی لوبنان بوو.ئەمەل وشەیەکی عەرەبی یەو بە کوردی یانی حیزبی هیوا و ڕێکخراوی هیوا. ئەمەل موخالیف و دوژمنی راستەوخۆی سازمانی رزگاری خوازی فەلەستین بوو چەمران لە حکومەتی جمهوری ئێسلامیدا جێگری سەرۆک وەزیری ئێران وکار بە دەست بوو و تایبەتی بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی کورد ناردرابوە کوردستان. کاک فوئاد لە سەر مێزی موزاکرە وت و ێژی دەکرد و هەنگاوێک لەو سەنگەرەمەزنە دوور نەدەکەوتەوە. شۆرشی کورد و ڕێبەری کۆمەڵە و دەوری کاک فوئاد دوژمنانی میللەتی کوردی ناچار کرد کە بۆ موزاکرە بەرەو کوردستان بین. هاتنی مەلاکان بۆ سنە و مەریوان نموونەی بەر چاوی، تاکتێکە گونجاوەکان بوون. کاک فوئاد هەموو سەنگەرەکان وپوتانسیلی

جەماوەری خەڵک و هێزی پێشمەرگەی، لە لا گرێنگ بوو و هەرگێز سەنگەرێکی چووڵ نە دەکرد کە بە زەرەری ئەوی تریان بێ. کاک فوئاد قەد باوەڕ و ئێمانی بە مەلاکان نە بوو.کاتێک خەڵکی ئێران قەیامیان کرد و شا دەر چوو و حکۆمەتەکەی رووخا، لە ماڵی براگەورەمان واتەکاک سەعید دەعوەت بووین و براژن پیرۆزبایی دەر چوونی شای پێ گوت. ئەو لە وەڵامدا وتی ئێمە هاوزیندانی هەندی لەم مەلایانە بووین و باش دەیاناسین. لە رژیمی شا خوێن خۆرتر و جەلاد ترن. تەواو هەوڵی شۆڕشگێڕانی ئێران دەبێ ئەوە بێ کە نەهێڵین مەلا دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە بگرن. ماهیەتی کۆنە پەرەستانەی مەلاکانی دەناسی. وت و وێژی کاک فوئاد لە گەڵ ژنراڵ مستەفا چەمران.زۆر درێژەی کێشا. کاک فوئاد ئەو وت و ویژانەی، وەک تاکتیک بە کار دەهێنا و مێزی موزاکرەی وەک سەنگەرێکی حەیاتی چاو لیدەکرد. ژنراڵ چەمران جێگری سەرۆک وەزیری ئێران و لە ریبەرانی سپای پاسدارانی ئەو کاتەی جمهوری ئیسلامی و نوێنەری ڕاستەوخۆی ئایەتوڵاه خۆمینی چەند جار لە مەریوان لە گەڵ کاک فوئاد و شورای شاری مەریوان.کۆبونەوەی کرد. ئەو وێنە و عەکسانە کە هەواڵنیرێک لە شەپۆلی ڕاپەڕینی شاری مەریوان گرتی ولە گۆڤاریکی ئیتالیا،یان فەرانسا، چاپ کرا، زۆر بە ئاسانی کاک فوئاد وەک قەڵایەک لە ورە و ئێمان نیشان دەدات. کاک فوئاد بە راستی لانی کەم توانی بۆ ماوەیەک شەڕی داسەپیندراوی جمهوری ئیسلامی لە کوردستان بخاتە دواوە. و ئەم پارێزە لە شەڕی خوێناوی، بو خەلکی کورد لەو قۆناغەدا، دەرەجەیەک لە سەرکەوتن بوو.و ڕاستەوخۆ ئاستی سیاسی جەماوەری خەڵکی کوردی بەرز کردەوە، و دوژمنیان ناسی.شی کردنەوە و لیکدانەوەکانی کاک فوئاد لە وەی کە لە عەمەلدا دەبێنرا یەکیان دەگرتەوە. کاتیک پادەگانیی مەریوان و هێزی بە کرێ گیراوی جمهووری ئیسلامی، شاری مەریوانیان گەمارۆ دا و پادەگان خۆمپارە بارانی دەور و بەری شاری دەس پێکرد، کاک فوئاد و هاوڕێ کانی تاکتیکی گونجاو و ژێرانەیان هەڵبژارد. تەنیا بەرگری لە کوشتاری خەڵکی مەدەنی(سیویل) و بێ دیفاع چۆڵ کردنی شار بوو. یانی پێشمەرگە سەنگەری گۆڕی و شاری بە جێ هێشت، و لە سەنگەرە نهێنی و ئاشکراکان و لە سەر کێو و شاخەکانی مەریوان دامەزران. و خەڵکیش بەرەو ئۆردووگای کانی میران کۆچیان کرد. بەم شێوەیە هێزی بەکرێ گیراو و پاسداری جمهووری ئیسلامی لە بەرانبەر ئەم ئاڵترناتیڤە

هێچی پێ نە كرا. شارەكە بە شێوەیەک چوڵ كرابوو كەبێدەنگی یەكی سامناک، شاری مەریوانی لە باوەش گرتبوو.



**مەریوان- هاوینی 1358 وێنە یەک لە كاك فوئاد لە سەر مێزی موزاكرە لە گەڵ چەمران. كاك فوئاد ئەوەندە هێلاكە، لە سەر مێزەكە سەری داناوە.**

پاش كارەساتی 23 ی تیری مەریوان، كاك فوئاد سەنگەری دیپلۆماسی و وت ویژی وەک تاكتێكی گونجاو بە دەستەوە گرت .

كاك فوئاد لە جزوەی "كورتەیەک لە خەباتی نۆی خەڵكی مەریوان كە كۆمەڵە لە موردادی 58 بڵاوی كردوەتەوە ئاوا دەڵی :

"دەوری هەوەڵی موزاكرات لە گەڵ رەیسی سپای پاسدارانی ناردراو و كەسێک بە ناوی گولستانی دەستی پێكرد. گولستانی موزاكراتەكەی بە دیفاع لە جاش و پاسدار دەس پێكرد. و پاشان وتی ئەوانە شەهید كران خەباتكار و شۆڕشگێر بوون ولە هەمان كاتدالایەنگری ئیمام بوون و زۆر تاریفی كردن. و دریژەی بە قسەكانی دا و وتی :پێشنیاری من ئەوەیە كە پاسدار نەزمی شاری مەریوان بە دەستەوە بگرێ. ، تا دیسانەوە شارەبانی و ژاندارمری دامەزرینەوە .

کاک فوئاد بە تایبەت جوملەیەک لە قسەکانی دەگێڕیتەوە کە گولستانی دەڵی "ئەگەر ئەم پێشنیارە وەر گرن، شەڕتان لە گەڵ ناکەین، بەڵام ئەگەر دیسانەوە ئێوە ناوەندی خرابکاری دروست کەن بێگومان شەڕتان لە گەڵ دەکەین!"

شورای شاری مەریوان ئەو پێشنیارەی گولستانی قەت قەبووڵ نە کرد. کاتێک دیالوگ لە گەڵ گولستانی ئاکامێکی نابێ و بە نەتیجە ناگا، شورای کاتی شاری مەریوان داوا دەکات کە نوێنەرێکی دەوڵەت و خومینی بۆ مەریوان بێت. و دەوڵەت ئایەتوڵاە لاهوتی و سەرهەنگ دەست غەیبیان نارد.

کاک فوئاد بێ دوو دڵی و گومان، و بە راشکاوی دەیگوت هەموو ئەو کەسانە لە گەڵ ئێمەدا موزاکەرە و پولیمێکیان بووە ،لە چەشنی گولستانی، چەمران و لاهوتی بە تێکڕا لە سەر یەک نەزەر ساق ،هاو دەنگ و یەکگرتوو بوون. ئەویش ئەوەیە کە بە راستی نەزەر وهەڵویستان بە نسبەت خەڵکی کوردەوە زۆر فاشیستی یە. هێچ دڵسۆزی و کەرامەتێکیان بە نەسبەت کوردەوە نە بوو.ئەوان زۆر تێکۆشان کە جاشەکان وەک نوینەری شاری مەریوان بە سەر خەڵکدا، داسەپێنن ،بەڵام یەکپارچەیی و یەکگرتوویی خەڵک پیلانی ئەوانی شکست داو بە ئارەزوی خۆیان نەگەیشتن، ونوێنەرانی حکومەت زانیاری یەکانیان سەبارەت بە خەڵکی کورد و بە تایبەت ناوچەی مەریوان لە لایەن جاشەکانەوە وەر گرتووە و لە پادەگانەوە پێیان راگەیاندون، تەنیا وتەکانی بە کرێ گیراوانیان قەبوڵە و بەس. وئێمە لەو بایەخ و قیمەتە کە بۆ بەکرێ گیراوان دایان نابوو سەرمان سوڕ نەدە ما و بەلامانەوە ئاسایی و عادی بوو. بە قسە و نەزەراتی خەڵک و شورای مەریوا ن هێچ گویان نەدەدا. دوژمن نیتوانی شەڕەکە بە مەریوان بفرۆشیت. و شاری پاوە بوو بە تەڵەوە ،تەحریکات و ژەهر پژێنی رژیم توانیبووی هەندی تایفە و عەشیرە لە پاوە بکیشیتە ناو شەڕەوە وبە داخەوە شەڕ لە پاوەوە هەلگیرساودەستی پێکرد .

کاک فوئاد دەڵی پرسیارەکانیان زۆر فریوکارانە ودوژمنانە بوو. بۆ نموونە دەیان پرسی ئایا ئێوە جمهوری ئێسلامیتان قەبوڵە ؟یا دەیان پرسی ئایا رەهبەری ئێماتان قەبوڵە؟ ئەگەر قەبوڵتانە هەرچی جمهوری ئێسلامی و ئێمام دەستور دەدەن و دەڵین، دەبێ ئێجراکرێ و بە رێوە چی. کاک فوئاد ئاوا هەڵویستی ئەوانی هەڵدەسەنگاند. دەیگوت زمانی حکومەتی شایش هەر وابوو و لەم هەڵویستیانە لە یەک چونیک هەیە، شەباهەتێکی زۆر هەیە. لە دەورانی شادا دەیان پرسی :

ئایا شاهەنشائاریامیهرت قەبوڵە؟ شۆڕشی سپیت قەبوڵە و تەئییدو دەیسەلمێنی ؟ ئەگەر قەبوڵت نی یە، کە وایە دژی شۆڕشی! ئەسڵەن دەیانگوت کە شورای مەریوان تاوانبارە و جمهوری ئێسلامی لە تاوانی شورای شاری مەریوان ناگەڕی و واز ناهێنی و دەست بەردار نی یە. نوێنەرەکانی ئێمام و دەوڵەتی ئێسلامی بە هەر کە سێک کە بۆچون و بیری ئەوانی قەبوڵ نە بێ، خێرا عینوانێ دژی شۆڕشی پێ ی دەدەن و لە سەر تەوێڵ و ناو چاوانی دەکوتن و پاشان دەڵین تۆ موسڵمان نیت! ودژی ئێسلامیت!

کاک فوئاد دەیگیڕایەوە : چەمران دەیگوت کاتێک بۆ مەریوان هاتم سەرم سوڕما کە خەڵک نویژ دەخوێنن. یەکێک لە ئەندامانی شورا، سەبارەت بە ئێسلام لە کوردستان بۆ ئاغای چەمران تەوزیح دەدا وچەمران لە وڵامدا دەڵی ،ئێستا کە خەڵک نویژ دەخوینن و موسڵمانن، چۆن و بۆچی دژی جمهوری ئێسلامی قەیام و شۆڕش دەکەن ومل کەچی دەوڵەت نین. چەمران ئێدیعای دەکرد کە بە پێ ئەو زانیاری یە دروستانە کە بەدستمان گەیشتوە 75 سەهیونیست لە مەریواندا فەعالیەت دەکەن، و هێزێکی بێگانە کە زۆریشن لە مەریواندا هەڵدەسوڕن و نەفوزیان هەیە. کاک فوئاد لە وەڵامی چەمراندا گوتی :ئێمە دژی حکومەتی شا خەباتمان کردوە ،کەوایە تکایە جەنابت ئەگەر زاتت هەیە و ناترسی سەهیونیستەکان بە ئێمە بناسێنە تا لە بەر چاو خەڵکەوە موحاکمەی ئاشکرایان کەین.

چەمران دەڵی کاتێک برادەرانی پاسداری ئێمەتان چەک کرد من لە هەموو پرۆسەی شەڕەکەدا لە گەڵیان پەیوەندی تلەفونیم هەبوو و دەمزانی چۆن ناجوامێرانە حەملەتان پێ کردن و هێرشتان هێنایە سەریان. ئەم وتەی چەمران ئێتر درۆیەکی زل بوو. ساختمانی سپای پاسداران لەو کاتەدا بە هێچ شێوەیەک تلەفونی نە بوو.کاک فوئاد دەڵی هەر جارە چەمران بە درۆ دەکەوتەوە و لووتی دەتەزی، بەڵام قەت شەرم نەیدەگرت و دەبوا داڕزایەت. کاک فوئاد دەڵی کەسێک تا ئەو رادەیە بێ شەرم و کۆنەپەرەست و چەرداوە ڕوو بێ دەبێ ئوستادی ئێرتیجاع بێ،

سەبارەت بە چەک کردنی پادەگان و پاسگاکان، ئێرادی چەمران ئەوە بوو وڕاستەوخۆ وتی چەکی زۆرتان موسادرە کردوە و بردووتانە. ئێمەش وەڵاممان داوە کە سەتح و ئەندازەی ئەو چەکانەی کە لە کوردستان موسادرە کراون ،قەت بە ئەندازەی چەکەکانی شاری تاران نی یە کە خەڵک بردوویانە. سەبارەت بە بەکرێ گیراوانی مەحەللی و کورد کە چەکداری جمهوری ئێسلامین وتمان ئێمام قەت ئەمانە ناناسێت و تەنیا خەڵکی کورد ئەمانە دەناسن. چەمران لە وەڵامدا وتی : ئێوە دەڵێن ئایەتوڵا خومینی نە فام و جاهیلە!

موزاکەرات گرێ خواردبوو و ئەسڵەن نەدەکرایەوە و شورای شاری مەریوانی هێلاک و ماندوو کردبوو. شەڕەکە هاتبوە سەر میزی موزاکرە.مەلای زۆر لە تارانەوە بۆ پادەگانی شار هاتبوون.کە خەڵک بە تەعلیق و تەنزەوە دەیانگوت پادەگان و شاری مەریوان بووە بە قومی کوردستان. دوژمن بە دەستی خۆیان ئێعلامیەیەکیان بە ناوی خەڵکی مەریوانەوە نووسی و داوایان لە لەشکری 28 ی سنە کردبوو، کە ئەرتەش بە مەبەستی یارمەتی خەڵکی موسڵمانی مەریوان کونترۆڵی شاری مەریوان بە دەستەوە بگرێ و پاسدارەکان وردە وردە شار چۆڵ کەن. ئێمە ئێعترازمان کرد و وتمان ئەمە کردەوەیەکی دیکتاتوری ئاسایە و بە تایبەت و بە ئەنقەست ئەسڵەن ئێشارەیەک بە شورای شاری مەریوان نە کراوە .

کاتێک هاورێ یان بۆ یارمەتی ئێمە لە شاری سنەوە بۆ مەریوان هاتن لە بەر پادەگان گیران و زیندانی کران. ئێعتراز و یەکگرتوویی خەڵکی سنە و مەریوان دوژمنی ناچار کرد کەزیندانی یەکانی پادەگانی مەریوان ئازاد کەن. بەڵام شایەعە یان داخستبوو کە یەکێک لە زیندانی یەکا ن شکەنجە گەری ساواکە. ئێمە ئێعترازمان کرد وتمان بۆچی بە قەولی خۆتان شکەنجەگەری ساواکتان ئازاد کردوە. چونکوو شکەنجەگەری ساواک، هاورێ ئێمە نی یە و دەبێ موحاکمەی کەن. وئێوە ئێفترا و توهمەتان لە ئێمە داوە کە دەبێ بە شێوەی رەسمی داوای لیبوردون کەن. دیسانەوە بە شەیادی و زۆڵی ژنراڵ چەمران درێژەی بە قسەکانی دا و وتی کاری خراپمان کردووە کە زیندانی یەکانمان ئازاد کردووە. چەمران بە کاک فوئادی وتبوە کە ئێوە دەتانەوی ئاژاوە لە شارەکانی رۆژ ئاوای ئێران بنینەوە. قسەی ژنراڵ چەمران بە راشکاوی دەیسەلمێنی کە کاک فوئاد تاچ رادەیەک لە سەر رەنجدەر و کرێکاری شار حیسابی تایبەتی کردووە.

**ئاخرین راسپاردەی کاک فوئاد ئەمەیە کە :**

ئاوایە ماهیەتی بە رێوە بەرانی رژیمی حاکم، و بە لە بەر چاو گرتنی ئەم خوسوسیاتە خراپانە کە هەیانە دەبێ چاوەڕوانی حیلەکانی تر و پیلانەکانی تریان بین و ئێمە بۆمەقاوەمەت و راوەستان و هەرپیلانێکی دوژمن حازرو ئامادەین!

کاک فوئاد ئێمانی بەوە بوو کە خەبات و موبارزە هی خەڵکە و لە ئەساسدا موزاکرە و وت وێژ ئامێریکە و دەبی ئەو ئامێرە لە خزمەتی خەباتی جەماوەری خەڵکدا بی و لە هەمان کاتدا دەنگ و خواست و ئارەزوەکانی خەڵک بەیان کا و دەنگەکانیان بە بیسترێ. موزاکرە و وت و وێژ بە نهێنی و لە پشت دەرگای داخراوەوە قەد نە کرێ و هێچ رووداو و جەرەیانێکی سیاسی لە خەڵک نە شاردرێتەوە.

# 21. خەباتی سیاسی و تەشکیلاتی کاک فوئاد دوای کۆچی مەریوان

**(پازدەی مورداد تا نۆی شەهریوەری 1358)**

ڕێبەری کۆمەڵە وخوسوسەن کاک فوئاد، کەلە قوتبی چەپ ورادیکاڵی کۆمەڵگای کوردستان بوون، بەرگری و موقاوەمەتی خەڵکی کوردیان دژی هێرشی جمهوری ئیسلامی، ڕێک خست و سازمان دا. و ڕێبەری حیزبی دیموکرات پلان و نەقشەیەکی بۆ، ڕێکخستنی مەقاوەمەت نەبوو.و هێشتا هیوا یان بە ڕێک کەوتن و سازان لە گەڵ دەوڵەتی ئیسلامی مابوو. گوایە ئەفرادی حیزبی توودە متمانەیان بە ڕێبەری حیزبی دیموکرات دابوو کە پاسدارەکان هێرش بۆ مەهاباد ناکەن؟! و کاریان بە سەر حیزبی دیموکراتەوە نی یە؟!

## 1.21_ سەفەر بۆ شاری پاوە و نەوسود

دوای کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان، کاک فوئاد لە گەڵ بە ڕێز کاک عوسمان ڕەوشەن توودە بە مەبەستی دوا خستنەوەی شەڕی داسەپاو، کە ئاگری شەڕەکە لە لایەن ڕژیمی مەلاکانی ئێرانەوە خۆش کرابوو و لە حاڵی کڵپە سەندندا بوو، بەرەو پاوە سەفەری کرد. کاک فوئاد هەوڵ و تەقالایەکی زۆری دا، بەڵام هێزی دوژمن و سپای پاسداران ،خەڵکی پاوە و دیهاتی دەور و بەری بە تەواوی هان دابوو و تەحریک کردبوو، و ڕاوەستانی شەڕ و دواخستنەوەی مومکین نە بوو. و ئاگری شەڕ کرابوەوە و لە ئاکامدا، کاک فوئاد پاوە بە جێ دێڵی و بەرەو ئاوایی "قۆری قەڵا" کە لە نێوان کرماشان و پاوە هەڵکەوتوە دەچیت .

کاک فوئاد بۆ دیداری خەڵکی مانگرتوو دەچیتە ئاوایی قۆری قەڵا ولەوی ڕاستەوخۆ لە گەڵ خەڵک و پێشڕەوانی ئەو حەرەکەتە مێژوویی و جەماوەری یە، پەیوەندی و گفتۆ گۆی دەبی .پاشان بەرەو نەوسود دەڕوات و لە

کۆبونەوەیەک بەشداری دەکات . زۆرتر لە دووسەد 200 کەس لەو کۆبونەوەدا بەشداری دەکەن . کاک فوئاد لەسوخنڕانی یەکەیدا بە وردی و چڕ و پڕ ئاماژە بە دەور و نەقشی پێشڕەوان دەکات. پاشان باسی هەڵسوکەوتی هێزی عەشایەر و ئاکامی دەخاڵەتی ئەوان دەکات و بەشدار بوەکان و پێشڕەوان ئاگادار دەکاتەوە کە دوژمن و ڕژێمی ئێسلامی سیاسەتیان ئەوەیە کە بە خێرایی ڕەوتی داخوازی یە کانی جەماوەری ڕاپەڕیو بەرەو شەڕی تایفە گەری پاڵ پێوە نێ و بەرەو هەڵدێری ببات. دەبی بۆ شێوەکاری شۆڕشگێڕانە زۆر بایەخ و ئەهمیەت دابنین و لە هەمان کاتدا زۆر وریا بن و نەهیلن شەڕەکە ماهیەتی عەشایەری هەبی وهەنگاو بە هەنگاو بەرگری لە پەرەسەندنی شەڕی عەشایەری بکەن. بەڵام بەداخەوە جمهوری ئێسلامی شەڕەکەی لە پاوە هەڵگیرساندو بەشی باکوری(شیمالی) پاوە کە کۆمەڵە ڕێبەری دەکرد بەرەنگاری و شەڕی ماڵ بەماڵ و کۆڵان بە کۆڵان بەردەوام بوو و دوژمن نیتوانی بە ئاسانی ورەی خەڵکی پاوە بشکێنی. قۆڵی جنوبی (باشوور ) پاوە هێزی حیزبی دیموکرات بە ڕێبەری ئاغای ڕەحیم بەغدادی و عەشایەری قەڵخانی دەیان پاراست و زۆری پێ نەچوو کە تاڵان و غارەت دەستی پێکرد و خەڵکی دڵ سارد کردەوە. خواستی جەماوەری ڕاپەڕیو لە گەڵ ئاکارو کردەوەکانی هێزی جنووب یەکتریان نەدەگرتەوەو بەو شێوەیە و ڕاستەخۆ،هێزی بەرەی شیمال لە پشتیوانی خەڵکی ڕاپەڕیو، بی بەش و مەحرووم کرا ئەگێنا ورەی خەڵک و خەباتیان ئەوەندە قورس و قایم بوو کە بە ئاسانی مستەفا چەمران دەگیرا و بە سزای خەیانەتەکانی دەگەیشت . پاوە ی قارەمان بیدفاع ، بێکەس و تەنیامایەوە و شمشیری جمهوری ئێسلامی بۆ مل پەڕاندن لە کێلان دەرهات . لە پاوە زۆر کەسی بیتاوان و بی لیپرسینەوە و لە وانە شۆڕشگێڕ دوکتور ڕەشوەند سەرداری وبەهمەن عیزەتی و دوکتورێکی هیندی کە لە نەخۆشخانەی پاوە کاری دەکرد و ... تیرباران کران وکوژران .

**مانگرتنی مێژووی ئاوایی قۆڕیی قەڵا ڕێکەوتی 22ی موردادی 58**
قۆری قەڵا گوندێکە کە لە نێوان پاوە و کرماشان هەڵکەوتوە و ئەشکەوتێکی کۆن ،مێژوویی و بەناوبانگی هەیە . پازدە تا بیست هەزار کەس لەم مانگرتنە دا بەشداریان کرد . هەواڵنیری پارس لە کرماشانەوە سەبارەت بە مانگرتنەکە وتارێکی ئامادە و چاپ کردووە کەدەقەکەی بەم جۆرەیە :

ئاغای موحەممد سپهری پوور ئوستانداری کرماشان پاش نێوەڕۆی دوێنی لە گەڵ ئایەتوڵلە حاج شێخ موجتەبا حاج ئاخوند و دوومەلای تری کرماشان و فەرماندەی ناحیەی ژاندارمری بۆ گفتو گۆ و دیداری مانگرتوەکان سواری هیلیکۆپتر بوون و بەرەو قۆری قەڵا فڕین و گەیشتنە لای مانگرتوەکان .

خەڵکی هەرێم و ناوچەکانی باینگان، جوانڕۆ، ڕەوانسەر، سەلاس باوەجانی، نۆدشە، نەوسود، قەڵخانی،سنجابی،پاوە و قەزای وەڵد بەگی بۆ قۆری قەڵا هاتبون و لەوی مانیان گرتبوو.

کاتێک ئوستاندار و نوێنەرانی ڕژیم گەیشتنە قۆری قەڵا مانگرتوەکان سرودی ئەی ڕەقیبیان خوێند . وبە خێر هاتنی میوانەکانیان کرد و پاشان قەتعنامەی مانگرتوەکان بەم جۆرە خوێندرایەوە .

ئێمە خەڵکی ناوچە کە لە قۆری قەڵا مانمان گرتوە ، لە گەڵ سەلماندنی ڕێبەری لیبراوانەی ئێمام خومینی لە دەوڵەتی کاتی جمهوری ئێسلامی داوا دەکەین . بە هوی هەستیار بوونی شەرایەت و بار و دۆخیی ناوچەکە وهەر ڕۆژە پیلانێک لە حاڵی گەشەکردندایە.و نموونەی بەرچاوی ئەم دیادەیە هێنانی سپای پاسداران لە ناوچەکانی تری ئێرانەوە بۆ ئێرە، کە دانیشتوانی ناوچەکە واقیان وڕ ماوە و هەروا سەریشیان سوڕ ماوە و ترس و سامێکی بەربڵاوی پێک هێناوە . داخوازی یەکانی مانگرتوەکان لە بەرچاو بگرن و وخێرا بۆ چارەسەرکردنی گیر و گرفتێک کە پێک هاتوە ، فریاکەون و چارەسەرێ کەن . قەتعنامە و بڕیاری خەڵکی مانگرتوو لە نۆ 9 خاڵدا ئامادە کرابوو.

1-دروست کردنی ستادی هاوبەش بۆ ئامادە و دەستە بەر کردنی شەرایەتی ناوچە بە مەبەستی دروست کردنی شوراکانی شار و دێ .

2-ئێمە خوازیارین کە هێزەکانی پارێزەر و ئێنتزامی شار لە ئەفرادی خاوەن متمانە وباوەڕ پێکراویی ناوچە پێک بیت وهاوکات لە ژیر رێبەری ستادی هاو بەشی شوراکاندا بن . پاشان شورای شار دروست بێ و ئێنتزامات بە دەستەوە بگرێ .

3- ئێمە خوازیارین کە پاسدارانی غەیرە کورد هەرچی زوو تر ناوچەکە بە جێ بێڵن و پاسدارانی خۆیی کەخەڵکی مەنتەقەن لە ژیر چاوە دێری ستادی هاوبەشی شوراکان و شورای شار ، لا برێن و نەمێنن .

4-هەموو هێزەکانی میوان و غەیرە ئێرانی کە لە ناوچەکەدا هەن و دەژین ،بە هێچ شێوەیەک ماف و حەقی دەخاڵەتیان لە کار و باری ئێجرایی مەنتەقەدا نی یە .

5- دەخاڵەتی ئەفرادی باوەڕ پێ نە کراو و ناشارەزا لە بار و دۆخی ناوچە ، بە تێکڕای دەنگ و بە توندی مەحکوم دەکەین .

6- دارودەستەی دژ بە شۆڕش کە لە ئورگانە کانی بەرێوە بەر و ئێجرایی پسکۆ پسکۆ خزاون و بە شێوەی جۆراوجۆر ئاسایش و ئەمنیەتی ناوچەکەیان تێکداوە وهەمیشە پیلان دەگیرن لە هەر سیما و پێناسەیەکدا مەحکوم دەکەین .

7-ئێمە خوازیاری دروست بوون و بنیاد نانی دادگای شۆڕشین ولە ئاستی ناوچەکە خوازیاری دەر کردن و پاڵاوتنی مورە کان و ئەندامانی گوی لە مست و دانراوین .

8- ئێمە خوازیاری یەکیەتی ،هاودڵی و یەکگرتوویی هەموو خەڵکەکانی ئێران و بە تایبەت خەڵکی کورد و هێزە پێشکەوتوەکانی کوردستانین . تا بە یەکگرتوویی و یەکیەتی خۆیان ، تێکۆشان و پیلانەکانی دژی شۆڕش پووچەڵ کەنەوە .

9- تا گەیشتن بە ئاکامی نیهایی و سەرکەوتن ، بە مانگرتنی خۆمان ئێدامە و درێژە دەدەین .

هێزێکی پێشمەرگە لە ناو مانگرتوەکان هەڵبژێردرا بوو تا ئاسایش و ئەمنیەتی مانگرتوەکان بپارێزی . و ئەوانیش کوێستانەکانی دەور و بەری قۆری قەڵایان سەنگەر بەندی کردبوو دامەزرابوون و کەمینیان لە چەند شوین دانابوو و خەڵکی راپەڕیویان دەپاراست . مانگرتنەکە بۆ ماوەیەک هەر ئێدامە و درێژەی هەبوو . ورۆژی 28ی موردادی 58 ئاغای خومینی دەستوری جیهادی ئەکبەری بۆ سەر کوردستان دا.

# کۆبوونەوە و میتینگی سەریاس
## ڕیکەوتی 14 04 58

خەڵکی پاوە و نەوسود لە ئاوایی سەریاس لە ڕێکەوتی 14 04 58 کۆ بونەوە و میتینگیکی مێژووییان بەڕێوە برد . کۆبونەوەکە دوو سێ ڕۆژی خایاند .لە کۆبونەوەکەدا بە ڕێز کاک سیامەند ( ڕەشید مەولودی ) سوخنڕانی کرد . خواست و بڕیارەکانی خەڵک لە حەوت ماددە ڕێک و پێک کرا و تەحویلی نوێنەرانی حکومەتی ناوەندی تاران درا .

1- خەڵکی ناوچە خوازیاری پێک هاتنی هاو دڵی و یەکگرتوویی لە ئاستی ناوچە و هەروەها لە نێوان خەڵکی کوردی ( ئێران) و خەڵکەکانی تری ئێرانن.

2- بەشداربوەکان لە میتینگەکەدا خوازیاری حەقی خودموختاری و لابردنی ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتی لە یاساکان و دەستورەکانی ئێرانن.

3- حازرین و بەشداربوەکان دووپاتی دەکەنەوە ، خەڵک دەبی بە شێوەیەکی لیزانانە ئاگایان لە پیلان و ئاژاوەگێڕی یەکان بێ و هەر کاتێک ئاژاوە و پیلانێکیان هەست کرد و بینی خێرا بەرپەرچی بدەنەوە ، دژی ڕاوەستن و پووچەڵی کەنەوە .

4- سەبارەت بە پلاتفورم و تەرحی هەرکام لە ڕێکخراوەکان و حیزبەکان بۆ خودموختاری کە تا ئێستا بڵاو بوەتەوە یەکێک لە مادەکانیان هەڵبژاردنی کاربەدەستان و بەرپرسانی خۆیی و کوردی دانیشتووی ناوچەیە

.بەشداربوەکان لەم میتینگ و کۆبونەوەیەدا، خوازیاری ئەوەن کە بۆ هەڵبژاردنی بەرپرسانی ئێدارە جیاجیاکان و بە تایبەت هێزەکانی سپای پاسداران و ئینتزامی، لە دانیشتوانی خۆیی و کورد کە باوەڕ پێکراو وجێگای متمانەی خەلک بن ،دیاری کەن و هەڵبژێرن .

5- بەشداربوەکان و حازرین لە کۆبونەوەکەدا خوازیاری ئەوە بوون کە دەوڵەتی ناوەندی سەبارەت بە مافی میللی خەڵکی کورد تەنیا لەگەڵ کەسایەتی و ڕێکخراوگەلێک کە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی کوردن دانیشێ ، گفتووگۆ و موزاکرە بکات . و هێچ کەسێک کە نوێنەری باوەڕ پێکراوی خەڵکی کورد نەبی ، مافی ئەوەی نی یە، کە خۆی بە نوێنەری خەڵکی کورد بناسێنی .

6- بە لە بەرچاو گرتنی ئاستی بەرزی بیکاری لە ناوچەکەدا، بەشداربوەکان لە میتینگەکەدا خوازیاری ئەوە بوون کە دەوڵەت و کاربەدەستانی مەنتەقە ،سەبارەت بە خولقاندنی "کار" و بوژاندنەوەی ئاژەڵداری،کشت و کاڵ وچاک سازی وەزعی ئابوری هەرێمەکە، هەڵسوڕن ، فریاکەون و زۆر بە پەلە و خێرایی چارەی ئەم گیر و گرفتە کۆمەڵایەتی یە بکەن .

7- حازرین و بەشداربوەکان لەم میتینگەدا ، بە لە بەرچاو گرتنی بارودۆخی نالە باری ناوچەکە خوازیای بنیادنان و دروست کردنی شوراکانی شار و دیهات و ستادی شورای هەورامان و جوانڕۆن . ئەم قەتعنامەو بڕیارە لە حەوت مادده ڕێک و پێک کرا و بە تێکڕای دەنگ لە میتینگی مێژوویی سەریاس پەسەند کرا .

## 21.2 سەفەر بۆ کەرەفتوو ناوچەی دیواندەرە

لە ناوچەی دیواندرە- سەقز و لە کەرەفتوو، فیئودالی چکمە ڕەق و دەرە بەگ زەخت وزوڵم و زۆر لە دژی بێ بەشان و زەحمەتکیشان دەس پێ دەکەن.

جمهوری ئیسلامی لە بیجاڕ و تیکابەوە یارمەتی ئاغاوات بۆ سەر کوتی هەژارانی ناوچە دەدات. هێزی یەکیەتی جووتیارانی مەریوان، (کاک فوئاد، ماجید و لالە حەمە و...) جەمعیەتی دیموکراتیک و یەکیەتی جووتیارانی شارستانی سەقز، (عەزیز رەزایی، یەحیا خاتوونی، مەلا سەید رەشید و ئەنوەری ماجیدی و. ..) جەمعیەی بۆکان( عەبدوڵای موهتەدی و...) ،یەکیەتی جووتیارانی ئالان به ریبەری حەمەی مەلا عەلی و هێزی شێخ جەلال حوسینی و کاک بەکر حاجی سەفەر، شێخ عەلی بۆ دیفاع لە هەژاران لەمەنتەقەی کەرەفتوو حازر دەبن. هێزی ئازادیخواز و شۆڕشگیڕ. لە گەڵ هێزی ئاغاوات و فیئودال بە شەڕ دێن. کاک فوئاد لە گەرمەی شەڕەکەدا حوزووری بو وە و لە وی لە گەڵ شەهید ماجید دیدار دەکات. لەم شەڕەدا بە رێزان یەحیا خاتوونی، مەلا سەیدرەشید و ئەنوەری ماجیدی و حەمە پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی شەهید دەبن. جەمعیەتی سەقز سەرجەم یازدە چەکی ژێ-سێ دەرەبەگەکان دەگری و موسادرەی دەکات. و لە کاتی شەڕدا یازدە کامباین و تەراکتوریش موسادرە دەکرێ وهاو کات چوار کەس لەوان دەکوژری ونۆ (9) فیئودال دیل دەکرێ کەلە جەمعیەتی سەقز زیندانی دەکرێن. خواست و بڕیاری جەمعیەتی دیموکراتێکی شارستانی سەقز ئەوە بوو، ئەو جووتیارانە کە فیئودالەکان دەریان کردبوون بگەڕێنەوە سەر شوێنی ژیانی خۆیان. وکاتێک جووتیارەکان گەڕانەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان جەمعیەتی سەقز بە زەمانەت فیئودالەکانی ئازاد کرد.

## 21.3 سەفەر بۆ شاری سەقز

پاش شەری کەرەفتوو کاک فوئاد دەچیتە سەقز. شورای شار (عەزیز رەزایی، دوکتوور شەریف شاکری، مەلا عەبدوڵای مەحەممەدی رەئیسی شورا، مەلا جەلالی شافیعی و ح - ب) و جەمعیەت دیموکراتێکی شاری سەقز لە گەڵ ئەندامان و هەڵسوڕاوانی کۆمەڵە لە سەقز و ناوچەکانی دەور و بەر بانگەوازێک

بڵاو دەکەنەوە و خەڵک بۆ وت وێژی کاک فوئاد دەعوەت دەکەن. کاک فوئاد وتار و سوخنڕانی یەکی مێژوویی دەکات. کاک فوئاد لە بەرانبەر ئێدەی دروست کردنی یەکیەتی جووتیاران لە سەرانسەری کوردستاندا دەڵی ئێتر یەکیەتی جووتیاران ناتوانی ئامێر و زەرفی خەباتی ئێمە بۆ دەوری داهاتووی خەباتمان بێ. ئامێریک بوو کە کەڵکمان لی وەر گرت. جێگای پەرەستن و تەقەدوس نە بوو و نی یە. دەورانی مێژوویی یەکیەتی جوتیاران وەک مودیلێکی گونجاو بۆ خەبات کەڵکی نە ماوە و تەواو بووە. جەمعیەتەکان، یەکیەتی جووتیاران، کۆچ، تا ماوەیەک ئامێری بە کەڵک، موناسب و گەنجاو بوون. ئێمە دەبێ لە بیر و فیکری دروست کردن ،پێک هێنان و ڕێک خستنی ئامێرگەلیک و ئورگان گەلیکی تر،وەک ڕێکخراو و تەشکیلاتی جەماوەری چەکدار، بین کە لە گەڵ بار و دۆخی سیاسی -کۆمەڵایەتی ئێستادا، یەکانگیر بن و بگونجین. ئامێر و ئورگان گەلێکی نوێ و تازە کە لە گەڵ فەزای ئەمڕۆدا هاو رەوت بێ. ئێمە دەبێ خۆمان بۆ شەڕی داسەپاو ئامادە کەین وشەڕی مەقاوەمەت و بەرەنگاری ڕێبەری کەین. کاک عەبەدوڵای موهتەدی لە پایزی1384، لە وتو وێژیک لە گەڵ رادیو کۆمەڵە ئاماژەی بە جەسارەت و لیکدانەوە دروستەکانی کاک فوئاد و سوخنڕانی یەکەی کردووە. لەوسوخنڕانی مێژووی یەدا کاک فوئاد ئاڵا هەڵگری گۆڕینی یەکیەتی جووتیارانەو پێشنیاری کونکریتی بۆ دامەزراندن و ڕێک خستنی ئامێرەکانی تر وەک یەکیەتی کرێکاران، یەکیەتی ژنانی کوردستان، یەکیەتی قوتابیان وموعەلیمان و دانشجوەکان و شورای ناوەندی شارەکانی کوردستان کردووە و لەم بوارەشدا پێشڕەو و ئاڵاهەڵگرێ ئەندیشە و بیری تازەیە و تەحلیلی موشەخس و لیکدانەوەکانی لە هەل و مەرجی ئەو کاتەی کوردستان دروست بووە.

## 21.4 سەفەر بۆشاری بۆکان

کاک فوئاد پاش کۆبونەوەی شاری سەقز، بۆ ئێدامەی کاری سیاسی-تەشکیلاتی بەرەو بۆکان سەفەر دەکات. لە بۆکان تەقریبەن هەموو ئەندامانی

ناوەندی کۆمەڵە، حازر دەبن و کۆبونەوەیەکی بەر بڵاویان لە ماڵی دوکتور جەعفەر شەفیعی دەبێ وئەندامانی ناوەندی کۆمەڵە قسە و باسەکانیان دەکەن. کا ک فوئاد لەوی و لە رۆژی 28 ی مورددای 1358ناميلکەی "خەڵکی کورد لە بواری تاقی کردنەوەدا"کە بەرهەمی لیکدانەوەکانی کۆبونەوەی زۆربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و ژمارەیەکی تر لە کادرە هەڵسوڕاوەکانی کۆمەڵە دەبیت. بە خەتی خۆی دەنوسێ. ئەو ناميلکەیە سیاسەت تاکتیک وڕێبازی کۆمەڵە لە شەڕی بەرەنگاری و موقاوەمەت دەس نیشان دەکات. ئەو ناميلکەیە یەکیک لە یادگارە مێژوویی و جاویدانە کانی کاک فوئادە.

## 21.5 سەفەر بۆ شاری بانە

هەموو بەرەی چەپ و رێکخراوەکانی ئوپوزیسیونی جمهوری ئێسلامی لە شاری بانە کۆ دەبنەوە. کاک فوئاد لە بانە زۆر کەس و لە وانە هاوری یانی کۆمەڵە، بە رێزمامۆستا شیخ عیزالدین حسینی، مام جەلال،دوکتور قاسملو. رێبەرانی سازمانی پەیکار و چریک، و. .. دیدار دەکات. لە شاری بانە و لە ماڵی شێخ جەلالی حسینی لە گەڵ بە رێزان : دوکتور قاسملوومامۆستا شێخ عیزالدین حسینی کۆبونەوە و جەلەسەیەکی هەبوە، کە دوای ئەو کۆبونەوەیە گاڵاڵەی هیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد دروست بووە. لە کاتی سوخنڕانی بۆ تێکڵاوێک لە ئوپوزیسیون، لە ناکاوهەواڵی تیربارانی براکانی حسین و ئەمین مستەفا سوڵتانی لە پادەگانی مەریوانی پێ دەدرێ. کاک فوئاد بۆ ساتێک، مات دەبێ و دەچێتە ناو فیکر و سواری شەپۆلی خەیاڵ دەبی و لە ئاستێکی بێ وێنە وزۆر بەرزدا هەست و عاتیفە و ورە و ئێحساساتی خۆی رادەگرێ. پاشان درێژە بە وتار و قسەکانی دەدا. کار و باری تەشکیلاتی و سیاسی خۆی لە بانە تەواو دەکات و بۆ رێکخستنی تەشکیلاتی مەریوان شاری بانە بە جێ دێڵی.

## 21.6 سەفەر و گەڕانەوە بۆ مەریوان

لە بانەوە واحیدێکی پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی لە ژێر چاوە دێری ئێبراهیم جەلال وەک حەمایە و پارێزگاری لە کاک فوئاد ئامادە دەبن تا لە گەڵ کاک فوئاد بەرەو هەرێمی مەریوان بچن وپێکەوە دەکەونە رێ. کاک فوئاد دەگەڕێنەوە ناوچەی مەریوان و لە ئاوایی وشکەڵان ئازادیخوازان و جەماعەتی پێشمەرگە دەبینی. پێشمەرگەکان وەک رێز و ئێحترامیک لە کاک فوئاد و بنەماڵەی شەهیدەکانی کوردستان، قوڵ بەندی رەشیان کە نیشانە و رەمزی ئازیەت باری یە بەستبوو. کاک فوئاد پاش دڵنەوایی، سەرە خۆشی و دڵداری لە جەماعەت، قووڵ بەندەکان لە باڵی پێشمەرگەکان دەکاتەو ە وقسەیان بۆ دەکات. دەڵی : ئێمە وەک کۆمەڵە بڕیارمان داوە کە بۆ دیفاع لە ئازادی و خەڵکی کورد، شەری بەرەنگاری و مەقاوەمەت دەکەین و و لە هەمان کاتدا بە شۆڕشگێڕانی حازر لە وشکەڵان دەڵی، هەر کەسێک ئامادە و حازرە لە گەڵمان بی ئەوە پێشمەرگەی کۆمەڵەیە و هەر کەسێکیش نایەویت و ئامادە نی یە ،ئێمە وەک کۆمەڵە یارمەتی دەدەین. جەماعەتەکە دەبنە سێ بەشەوە وپێشمەرگەکان لە سێ کەرتدا سازمان و رێک دەخرێن. یانی لە واقیعدا پێشمەرگەکان سێ کەرت دروست دەکەن. پاشان خۆی بڕیاری گەڕانەوە بۆ بانە دەدا و جەماعەتی ئازادیخواز و ئەو سێ کەرتە پێشمەرگەیە بە جێ دێڵی.

# 22. کارەساتی شەهید بوونی کاک فوئاد

به ڕێز کاک جەماڵ خواکەرم سەبارەت بە کاک فوئاد لە گفتوگۆیەک لە گەڵ تلەڤیزیونی ڕۆژ هەڵات بە ڕاشکاوی ،دڵنیایی و متمانەوە فەرمووی : ئاخرین جار کاک فوئادم لە شاری بانە دیدار کرد وحەیف و بە داخەوە من لە گەڵیا نەبووم تا بە شێوەیەک لەو ڕابەرە خۆشەویستە ئاگاداری بکەم کە شیاوی ئەو بێت و بە داخەوە نەما تا ئێستا کۆچێکی تر لە " ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست " ڕێبەری بکات .

به ڕێز کاک بەکر حاجی سەفەر سەبارەت بە کاک فوئاد لە وتووێژێک لە گەڵ تلەڤیزیونی ڕۆژهەڵات ئاماژەی بە شەخسیەت و لیهاتووی ئەو کرد و فەرمووی : من لە نزیکەوە کاک فوئادم دەناسی و لە یەکەمین دیداری بۆم دەر کەوت تا چ ڕادەیەک پسپۆڕ، شارەزا و دڵسۆزی مافی گەلی کوردە. ئەو لە قۆناغێکی کورتدا توانی کێشەی کورد بە جیهان بناسێنێ و جێگای متمانەی خەڵکی کورد بوو. بە چاکی ڕووداوەکانی لێک دەدایەوە و بڕیارەکانی شۆڕشگێڕانە بوو. خەڵکی کورد بۆ نەمانی ئەو زۆر بە داخەوەن.

کاتێک کاک فوئاد لە ناوچەی مەریوان قسە کانی بۆ جەماعەت تەواو دەبێ، بۆ درێژە دان بە کاری سیاسی –تەشکیلاتی کۆمەڵە تەسمیم دەگرێ بەرەو بانە بگەڕێتەوە. لەم سەفەرەدا، ئێبراهیم جەلال ئەندامی یەکیەتی نیشتمانی عێراق، شێخ عوسمان خالیدی، تەهمورس ئەکبەری ئەندامی چریکە فیدایی یەکانی خەڵکی ئێران، ناسیح خالیدی لە گەڵی دەبن. بڕیار وابوو کە هاوڕێ بن و ئەو ڕێگا سەختە لە گەڵی ببڕن.

ئەم داستان و حکایەتەی خوارەوە مان بیست و بۆ کۆ کردنەوەی زانیاری نوسیمەوە، بەڵام بە راستی گومان و شکی ئێمەیان زۆرتر کرد. و بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ پیلان، هاوکاری لە گەڵ دوژمن، شوین هەلکردنی کاک فوئاد لە وشکەڵانەوە، پەیوەندی جاسوس و شوڤارەکانی ناوچە لە گەڵ رژیم،

مانەوەیان لە ئاوایی ئاگجەلەو کاتە ناسک و حەساسەدا، و زۆر فاکتوری تر دەستیان داوەتە دەست یەک و بە ئەو ڕێبەرە خەیانەت کرا. ئێمە لە هەموو ئەو کەسانە تکا و داوا دەکەین کە سەبارەت بە ئاخر سەفەرەکەی کاک فوئاد بۆ بانەوچونیەتی مەرگی، هەر خەبەر و هەواڵ و زانیاری یەکیان هەیە بە دەستمانی بگەیەنن.

یەکیک لە هاو سەفەرەکانی کاک فوئاد داستان و بە سەر هاتی ئەو سەفەرەی گیرابوەوە و ئێمەلە لایەن کەسێکی باوەڕ پێکراوەوە بیستمان و ڕووداوەکەو داستانی سەفەرەکەی ئاوا باس کردبوو:

**هاوسەفەر:**

"لەئاوایی وشکەڵان سەفەرەکەمان دەس پێ کرد. پێشنیاریان بە کاک فوئاد دا کە لە شلێر و نەرمەڵاسەوە بروات بۆ بانە بەڵام کاک فوئاد سپاسی کردن. و دەیویست لە سەر جادەوە سوار ماشین بێت و بڕوات بۆ بانە. کەسێک بە ناوی عەبە کۆمەڵە خەڵکی وشکەڵان، وەک شارەزا پێشمان کەوت، تا یارمەتیمان بدات و ڕێگا گوم نەکەین. پاش ماوەیەک عەبە کۆمەڵە پەشیمان بوەوە و ئێتر گەڕایە دواوە. یانی ئەم پێنج کەسە ئێتر شارەزامان نەبوو. ماوەیەک چووین و گەیشتینەکانی و ئاوێک و ماوەیەک ئێستراحەتمان کرد. لەم کاتەدا دوو هیلیکۆپتر کەبۆ ئاوەدان کردنەوەی پاسگای وشکەڵان هاتبوون، بە ئاسمانەوە دیمان.ئێبراهیم جەلال پێشنیاری خۆ شاردنەوە و خۆ حەشاردانی کرد. کاک فوئاد لە گەڵ کابرایەک(کۆکەن) کە ئێشی دەکرد پەیوەندی گرت، سی سەد تەمەنی پێ دا و حازر بوو بۆ ماوەیەک وەک شارەزا یارمەتیمان بدات. کابرا ئەوەندە ماندوو بوو کە پەیتا پەیتا دەیگوت ئێتر ناتوانم و وازم لی بینن وماوەی سی سەعات شارەزامان بوو و بەم شێوەیە دەستی لە یارمەتی دان هەلگرت و گەڕایەوە. کاک فویاد وئێمە چوار کەسەکەی تر گەیشتینە نزیک ئاوایی قەمچیان و چوینە بەر چایی خانەکە و کەس لەوەی نەبوو. زۆر ماندوو ،هێلاک و برسیمان بوو و کاک فوئاد وتی با شوشەی چایی خانەکە بشکێنین و ڕەنگە نان دەس کەوێ و لە برسیەتی رزگارمان بیت وله باتی پارە دادەنین و خێرا پەشیمان

بوەوە. کاک فوئاد زۆر ماندوو و هێلاک و پێی بلۆقی کردبوو و پێڵاوەکانی دەر هێنا، حەوزێک لە بەر چایی خانەکە بوو و قاچ و پێ کانی لە ئاوەکە خست و کەمێک ماندوویەتی دەر چوو. و بوین بە دوو بەش و دووانمان لە ناوەراستی ئاوایی قەمچیان و ئەوانی تر لە دەرەوەی ئاوایی تێپەڕ بووین و پاشان لە قەراخ ئاوایی قەمچیان یەکانگیر بوینەوە. لە خەڵکی ئاوایی داوای نانمان کرد. پاشان بەرەو ئاوایی ئاگجە رێ کەوتین و تووشمان بوو بە تووشی چەکدارێک (ساڵح ناوێک کە هاتو و چوی شورای شاری مەریوانی دە کرد) کە نەیهێشت بڕۆینە پێشەوە و کاک فوئاد قسەی لە گەڵ کرد و رازی بوو. بە هەزاران چەرمە سەرێ چوینە ئاوایی ئاگجە و لە ماڵ تۆفیق ناوێک نانمان خوارد. هەواڵمان پرسی و خەڵک وتیان حیزبی دیموکرات دەیەوی ئەمشەو پایگای بەسام بگرێت. کەسێکمان نارد تا هەواڵێک بزانیت. کابرا گەڕایەوە وئێمە هەواڵیکمان کەجێگای متمانەبی دەس نەکەوت. لە ئاوایی ئاگجە هاتینە دەرێ و رێ کەوتین و گەیشتینە سەر جادە.لە قەراخ چەمەکە و ناو زەوی و زارەکانەوە ئێدامەمان بە رێگا رویشتن دا، رۆژێکی خۆرەتاو و خۆش بوو.لە نزیک پاسگای بەسام تێپەڕ بووین و جیبێک و دوو زیلی ئەرتەشی لە سەر جادەکە تێپەر دەبوون و و پاش ماوەیەکی کورت ماشینەکان گەڕانە دواوە. ئەفرادی ناو ماشینەکان جووتیارێکیان بینی کە لە سەر زەوی یەکەی ئێشی دەکرد و پرسیاریان لی کرد ئایا لەم مەنتەقە و لیرە چەکدارت نە دیوە ؟؟ کابرای خاوەن زەوی وڵامی دایەوە بەڵی بینیومە و وان لە وی و دەس نیشانمانی کرد. ئەفرادی دوژمن کاک فوئاد و... ئێست دا. ناسیح خالیدی و ئێبراهیم جەلال زوو رویشتن و کەوتنە نە دێوی وخۆیان دەرباز کرد. تەنیا سی کەس ماینەوە. ئەم سیانەی ترمان کەوتینە ناو جەرگەی شەڕی دەستەو یەخە. کاک فوئاد بۆ ئەوی سەنگەربگرێت چوە پاڵ دارە بی یەک و تەهمورسیش حەشاری گرت و کەوتنە شەڕ. بۆ ماوەی دوو سەعات شەڕ بوو. پاشان کاک فوئاد و تەهمورس تەقەیان نەما. و من رام کرد و چومە سەر دارێکی بی و لەوی مامەوە. سێ چەکداری رژیم تا نزیک من هاتنە پێشەوە و پاشان گەڕانەوە دواوە و بە کوردی و فارسی قسەیان دەکرد. لەم

سەردەمەدا هیلوکۆپتر لە ئاسمانەوە شوینی کاک فوئادی راکیت باران کرد. و لەم جەرەیانەدا کوڕی خاوەن زەوی پێی وابوو کە باوکی کوژراوە و دەستی کرد بە خۆ کوشتن و بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد باوکە رۆ. من لەکابرای خاوەن زەوی پرسیارم کرد هەواڵ چی یە ؟؟ کابرا وتی کە دوو جەنازە کەوتوە. و هێزی جمهوری ئیسلامی تەرمەکانی لە قەراخ جادەکە داناوە. شەو بە سەرا هات و تەرمەکان مانەوە. من داوام لە خەڵکی بەسام کرد کە یارمەتی بدەن تا جەنازەکان ئەسپەردەی خاک بکەین و خەڵکی بەسام نە هاتن تا یارمەتیم بدەن. پاشان خەڵک یان دوژمن تەرمەکانی گواستەوە مزگەوتی گەورەی شاری مەریوان." قسەکانی هاوسەفەر لیردا تەواو بوو.

کاک فوئاد بۆ ڕێک و پێک کردنی تەشکیلاتی هێزی پێشمەرگەو ڕێبەری موقاوەمەت و بەرەنگاری، دژی فەرمانی خومینی کە دەستوری جیهادی ئەکبەری بۆ سەر کوتی کوردستان دابوو، بەرەو بانە دەرویشت کە لە نزیکی ئاوایی بەسام و لە شوێنیک بە ناوی کا نیعمەت لە لایەن هێزی دوژمنەوە یانی ئەرتەش، پاسدار و هەڵخەڵەتاوان و بە کرێ گیراوانی ناوچە گەمارۆ دەدرێ. دەکرێ ئێدعا کەین "ئاخرین پۆلیمیک و موزاکرەی کاک فوئاد لە گەڵ جمهوری ئێسلامی بە رەگباری کلاشینکۆف تەواو بوو ". کاک فوئاد بە سەختی بریندا دەبێ و پێکرا. گوللەی تیر بار پێی راستی پێکابوو ولە سەرەوە تا خوار هەڵی دڕیبوو، بە جۆرێک کە خوینێکی زۆری لی رویشتبوو وکاک فوئاد جامانەکەی بە دەوری ران و ئەژنۆی بەستبوو و خەڵتانی خوێن بووبوو. کاک فوئاد لە گەڵ کاک تەهمورس ئەکبەری دا، رۆژی نۆی خەرمانان تاجی سەربەرزیان لە سەر نا وهەر لە وێ گیانیان بەخت کرد و شەهید بوون. کاک فوئاد زانایەکی سیاسی بوو کە بە ئاشکرا خەیانەتی پێکرا. شەو لە ماڵی حەمە نەجیب ناوێک لە ئاوایی بەردە ڕەشە دەخەون کە کابرا گومان لیکراو بووە. بۆ ژاندامری شا کاری دەکرد و پاشان لە گەڵ سپای پاسداران بووە و هاو کات لایەنگری حیزبی دیموکراتیش بووە. کاک فوئاد زوو لە خەو رادەپەڕێ و دەیەوی بەرەو بانە رێ کەوی کەهاو سەفەرەکانی ناهێڵن. ناچاری دەکەن تالەو ماڵە بمێنیتەوە و ئەوان

ئێستراحەتی خۆیان بە تیر و تەسەلی وەر گرن کاک فوئاد ئەوەندە کەرامەتی بەرز بووە کە جێ هێشتنی ئەوانی پێ ئەتک و عەیب بووە.هەموو فاکتورەکان لە پیلان و نەقشەیەکی گومانلیکراودەچن و بێ پەردە باس لەراپورت دانی کاک فوئاد و...دەکەن وهاوکات ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە دەیان پرسیار دەخاتە مێشکی ئێنسانەوە. کەم ژیا و سەر بەرز ژیا. بە داخەوە کاک فوئاد گیانی لەدەس دا ،و دڵە گەورەکەی بۆ هەمیشە لە لیدان کەوت و ماڵ ئاوایی لە کۆڕی گەرمی خەبات و کۆمەڵە کرد.جی هێشتنی کاک فوئاد لە لایەن هاوسەفەرەکانی یەوە، بەهێچ شێوە سەربەرزی وشانازی و کەرامەتێکی بۆ ئەوان نە خولقاند. کاک فوئاد کەمتر لە دوو حەوتوو پێش مەرگی، ئەو کاتە خومینی بڕیاری جیهادی ئەکبەری بۆ سەر کوردستان ڕاگەیاند، لە ڕاگەیاندنیکدا بە ناوی "خەڵکی کورد لە ئەزمون و بواری تاقی کردنەوەدا"بڕیاری لە سەر بەرەنگاری ،مەقاوەمەت وڕاوەستان لە بەرانبەر دوژمندا دابوو.هەواڵی مەرگی کاک فوئاد بە بەرینایی ئێران دەنگی دایەوە. خۆشەویستی و یادی ئەم ڕێبەرە کۆمونیستە، بە بەرینایی کوردستانە. کەم نین ئەو بنەماڵە تیکۆشەر و دڵسۆزانەی کە جگەر گۆشەکانی خۆیان بە یاد و خۆشەویستی ئەو ڕێبەرە، فوئاد ناو ناوە و ئەمڕۆ بە بەرینایی کوردستان ناوی فوئاد لە ناو جەماوەردا و لە دڵاندایە.خۆشەویستی کاک فوئاد ئەوەندە بەرین و جەماوەری یە، کە ژاکەت چنەکانی شاری سنە ناوی ئەو لە سەر ژاکەتەکان بە شێوازێکی قەشەنگ و جوان دەچنن. بۆ کاک فوئاد شۆڕشی جەماوەری و گرینگی کاری تەشکیلاتی ئەساس بوو وپێویستی بە دەلیل هێنانەوە و ئەسباتی تیئوریک نە بوو.کاک فوئاد ئاوێنەی باڵا نوێنی هەڵسوڕان و خەبات بۆ ڕزگاری هەژاران و کرێکاران بوو.

ئەوکەسەی کە یادی بە خێر گەشە ئەستێرە بوو، تاوێک گەشایەوە و وەک گوڵە وەنەوشە موژدەی شکانی زستانی هێنا. کانگای لیهاتوویی، بوێری، مامۆستای تاکتێک وسیاسەت مەداریکی شارزا بوو. و ئەوەندە پابەند بە ئامانجی بێ بەشان بوو کە هەتا مۆخی ئێسقانی ئاژین ببوو. کاراکتری سیاسی کاک فوئاد لە چوار چێوەی خۆی واوەتر چوو کە بوەتە حەدیسی ژیانی مەینەتباران

و چەوساوەکان.کاک فوئاد غورووری کۆچی مێژوویی مەریوان ،مانگرتنی زیندانی یە سیاسی یەکانی شاری سنە، هێزی یەکیەتی جووتیاران و ڕەوتی رادیکالی کۆمولە بە گشتی... بوو.

یەکیک لە وتە بە نرخەکانی کاک فوئاد : هاورێ یان! وا سەهۆڵەکان خەریکن دەبنە ئاو، ڕۆژی هەستان و رستاخیزی زەحمەتکێشانە، دەبا یەک گرین و هەتاو بجولێنین!

## 22.1 هێنانەوەی تەرمی کاک فوئاد بۆ ئالمانە

ڕۆژی نۆی شەهریوەری 58 ی هەتاوی کاک فوئاد بە پیلانێکی بەر فراوانی جمهوری ئێسلامی و بەکرێ گیراوانی ناوچە و نەیاران، لە نزیک ئاوایی کا نیعمەت شەهید دەبێ وپاشان خەلکی حەقشناسی مەنتەقە تەرمەکەی هەلدەگرن و بەرەو مەریوان ڕێ دەکەون و لە مزگەوتی جامیعی شار دای دەنین. هەوالی مەرگی کاک فوئاد بە خێرایی لە ناو شاری مەریوان و ناوچە بلاو دەبێتەوە وشارۆمەندان و خەلکی مەریوان بەرە بەرە و بە خەم و پەژارەوە بۆ ئاخرین دیدار و بە جێ هێنانی ڕێز و ئێحترام و قەدەردانی لە جوانە مەرگ دەرژنە ناو وبەر دەرگای مزگەوت. کاتێک خەلک دەرژینە بەر مزگەوتی جامیعی مەریوان دەبینن کە جاش و پاسدار لەوی نین.ژنان و کوران و کچانی شار بۆ ڕێز لەو ئازیزە دێنە ناو مزگەوت و بۆ منیان گیرایەوە کە تەرمی کاک فوئادیان لە پەتوو و بەتانی یەکی سەوز پێچابوەوە. کاک فوئاد لاقی ڕاستی کە خوێنی زۆری لی رویشتبوو بە جامانەکەی بەستبووی. خۆشکە گولێ ڕەشەدێ دەستی لە خوێنی سووری کاک فوئاد ئالاندوە و خوێنەکەی لە دەم و چاو وکولم و ڕوومەتی دەمالی ولە گەڵ ئەوانی تر بە کوڵ شیوەنی بۆ دەکەن. لەبەر مزگەو ت دانیشتوانی مەریوان کۆ دەبنەوە و وپاشان شۆفیری ئاوایی ئالمانە مەیتەکە بۆ ئالمانە دەباتەوە.خەلک تازیەبار دەبن و جل و بەرگی ڕەش لە بەر دەکەن.

لەو کاتەدا کاروانێک ماشین وخەڵکی ناوچە بەرەو ئاڵمانە دەڕۆن و دایە بەهیە بە دیتنی ئەو قەرەباڵغە خورپە لە دڵی یەوە دێ و بە ترس و لەرزەوە بە مەلەکە دەڵی، زۆر دڵم تەنگە و خەم لەش و دەرونمی داگرتووە، ئەم هەموو خەڵکە بۆ هاتوون. مەلەکە دەیگوت دایکم فرە شپرزە و حەپەساو بوو وزۆریش ترسا بوو.لەیەکێک لە ژنەکان کە میوان بووە و لە بانەوە گەڕابوەوە هەواڵی کاک فوئاد دەپرسی و ئەو یش وڵام دەداتەوە و دەڵی کاک فوئاد لە بانە بوو و بە شوێن کاری کۆمەڵەدا رۆیشت. بەڵام بنەماڵەی بە رێزی نەسیمی زانیبویان و بۆ هاودەردی لە شاری مەریوانەوەهاتبونە ئاڵمانە و دڵیان نە هاتبوو هەواڵەکە راگەیەنن. وردە وردە ماشینەکان و خەڵکەکە دەگەنە بەر دێ.دایە بەهیە، مەلەکە، دایە کاڵێ، فایزە و ناجیە لە گەڵ میوانەکان بە پیرایی خەڵکەکە و ئەو قەرەباڵغە دەچن و لە بەر ئاوایی حازر دەبن. و لە و کاتەدا خۆشکەگوڵێ لە خزمانی نزیک کە لە گەڵ تەرمی کاک فوئاد بەرەو ئاڵمانە هاتبوو، بە شیوەن و رۆ رۆ هاوار دەکا و هەواڵی مەرگی جوانە مەرگ کاک فوئاد بە دایە بەهیە رادەگەیەنیت. و لەوی دایە بەهیە بە خوشکەکانی دەڵی. وەرە فایزە ! وەرە مەلەکە ! وەرە ناجیە ! ئێستا شایی و زەماوەندی جوانە مەرگ فوئادە وەرن یەکێکتان چۆپی بکێشێ و با بە یەکەوە بۆ زەماوەندی فوئادی پێشمەرگە هەڵپەڕین. ژنانی و پیاوان لە ناو ماتەم و پەژارەیەکی قووڵدا ،تەرمی جوانە مەرگ لە ماشین دێنە خوارەوە و بۆ مزگەوتی دەبەن. مەراسمی سوننەتی و داب و نەریتی کوردەواری بە جێ دێنن و پاشان تەرمی کاک فوئاد بۆ قەبرستانی تاڵە سوار دەبەن.

ئەو کات ئێمە بە چەکەوە لەداوێنی کوێستانی قەلە بەرد و کێوەکانی تیکلان بوین و هێشتا مەراسمی سەرەخۆشی کاک حوسین و کاک ئەمین تەواو نە بوو بوو، کەلە ناکاو و کتوپڕ، هاواریک گەیشتە گویمان و دەنگەکە وەک تریشقەی هەورلە دۆڵ و دەشت و کوێستان دەنگی دایەوە :رەحمەت لە دایک و باوکتان بۆ کەندنی قەبر وەرنە تاڵەسوار. زۆر حەپەساین !! ئەژنۆمان شکا ! هێزی ڕویشتن و هەستانمان نە مابوو.برستمان لی بڕابوو. هەڵۆی مەرگ بە

دەوری سەرمان دەگەڕا بە چاو تروکانیک ناسراوێک گەیشتە لامان و دای بە تەوقی سەریدا و وتی، کاک فوئادیش شەهید کرا وەرن بۆ سەر قەبران.لەو کاتەدا مێشکم پەیتا پەیتا تەزوێ پیا ئەهات . بەرچاوم تاریک داهات ، ڕەش ڕەش هەر وەک ڕووی دوژمن . ئێمەش بە هەزاران مەینەت و کویرەوەری خۆمانمان گەیاندە نزیکی تاڵەسوار. دڵسۆزان کە ئێمەیان بەو شێوەیە بینی وتیان بەیانی زوو جاش و پاسدارمان لەم نزیکانە بینیوەو ئاگاتان لە خۆتان بی. مەترسی ئەوە دەکرا کە پاسدار و بە کرێ گیراوانی ناوچە کەمین و بۆسەیان بۆ ئێمەش دانابێ و بمانکوژن. کە گەیشتینە تاڵەسوار تەرمی پێشمەرگەو ڕێبەری ئازیز کاک فوئادمان لە باوەشی دایە بەهیە بینی. مەلەکە و نەسرین زەکەریایی و دادە سەڵنەنە،دایە کاڵێ و ناجیە و فایزە و کچەکانی مامۆ شەریف وکچەکانی کاک شەوکەت و ئامۆزاکان و ماموزاکان و خزمانی دوور و نزیک لە لای بوون. دایە بەهیە ئەم شیعرانەی بە سۆزی دایکانە وپرمەی گریانەوە دەگوت :

نەمامی نەو ڕەس، نەو جەوانم ڕۆ
یەخسیر کێشەکان، پادەگانم ڕۆ !
هەی داد هەی بێداد، نەو جوانم رۆ
یەخسیر کێشەکان، پادەگانم رۆ
دایک ئێعدامی یەکان، چی یە حاڵیان
ئاگر ئەباریت، لە دەور ماڵیان
دایک ئێعدامی یەکان ،بێن بۆ دووکانم
هەواڵ ئەو کۆستە، من باش ئەزانم

دەردی ئەو دایکەی، کوڕی کوژرابێ
بە گولله ی دوژمن، لەشی بێژرابێ !
تەیارەی چەمران ،شانە و شان ئەکات
داوای جوانەکان، مەریوان ئەکات
ئاخ من نە مردام، عەزرەت وەتۆە
ساتێک سەرمە نا، فوئاد رۆڵەگیان وە باڵای تۆە

ئاگرێک بەر بووە لە سەر و ماڵم
مەلان سڵ ئەکەن رۆڵە ماندوو دەر نەچوەکەم لە کۆی زووخاڵم
من فوئادم بوو ،شێری روی جیهان
ئەحیا کەرەوەی، بنەچەی کوردان
تۆ بۆ کوێ ئەڕۆی، عەزمی کوێ داری
رەفیقەکانت فوئاد رۆڵەگیان، بە کی ئەسپاری؟
ئەوە چەند ساڵە ،هام بە تاسەتۆ
بۆم نە نا بە بۆن، هەناسەتۆ
فەرهاد کۆکەن،نەتەوەی چینی
لە سەر شیو سەقز، بۆ وا خەمگینی !
ئەوانەی لە تەکتا بوون روویان بێ سیا
وا تۆیان جێ هێشت بە تاق و تەنیا!

ئاموزا کان وژنان و کەنیشکەکانی خانەوادە هەموویان وخزمان بە گشتی زۆر لیبوردووانە و لە ئاستێکی بەرز و هەستێکی شایان ڕێز لە مەراسم و ئەسپەردە کردنی کاک فوئاد و شەهیدانی تر بەشداریان کرد . و دانیشتوانی حەق شناسی ئاڵمانە، ئەگەر چی خەلە و خەرمانیان گێرە و شەن دەکرد، لە گەرمەی کار و فرمانی هاوین دەستیان لە کار کێشابوو و بە خێرایی هاتنە تاڵەسوار و قەبری کاک فوئادیان ئامادە کرد ،بەشداربوەکان تێکڵاویک لە ڕووناک بیران و زەحمەتکێشانی کورد بوون و کاتیک مەراسمی ناشتنی کاک فوئاد دەستی پێکرد، چۆکەکان دەلەرزان و هێز و هەناو ،نەمابوو و دڵەکان پڕ بوون لە دەرد و کوڵ. دەشت و دەر قرچە قرچی لێوە دەهات. مەرگی ناوادەی کاک فوئاد پاش یازدە مانگ ئازاد بوون لە زیندان ،تەنانەت بە خەیاڵی بیر تیژەکانیشدا نەدەهات.

خەڵک تەرمی کاک فوئادیان بەرز کردەوە و بەرەو گۆڕە کە بردیان هەر لەو کاتەدا دایە بە هیە بە خێرایی، خۆی فڕە دایە ناو قەبرەکە و بە دەم شین و گریانەوە وتی:

تۆ خودا ئەم خاک و خۆڵ و گڵە بە سەر فوئادا مەکەن. ئەم خاک و خۆڵە بە سەر مندا بکەن، فوئاد شیاوی ڕێزە و حەیفە بخرێتە ژێر ئەم خاک و خۆڵەوە. تۆ خوا چون دڵتان دێ ئەم گڵ و خاکە بە سەر فوئادی پێشمەرگەدا بکەن ! بەشدار بوەکان دایە بەهیە یان لە قەبرەکە دەر

هێنا و ئەویش چنگی کوتا و جامانە کەی کاک فوئادی کێشا و نەیهیشت جامانەکە بخەنە ناو قەبرەکەوە. پاشان وەک دیاری و ڕەمزی پێشمەرگایەتی لە دار قەزوانی سەر گۆڕەکەی هەڵبەست تا بشەکێتەوە !

لیباس و جل و بەرگە کانی جوانە مەرگەکان بە شێوەی داب و نەریتی کوردەواری لە لایەن دایە بەهیەوە هەڵگیرابوو و لە تۆتۆی دڵیدا هەڵیگرتبوو، لە چەمدانی نابوو و قورس و قایم هەڵیگرتبوو.قەد دڵی نەدەهات بیانبەخشێ جار و بار دەیویست بیانبەخشێ، بەڵام برێنەکانی دەکولاندەوە و ئارام و ئۆقرەی نەدەما. و پاشان دایە بەهیە کەڵاش و چۆخە و ڕانکە کەی کاک فوئاد دەداتە دەستی کاک. .. کە خۆشەویستی کاک فوئاد بوو، و پێ دەڵێ تا بیدا بە هەژاریک. کاک... لە وڵامدا جوابی دابوەوە بە لای منەوە چۆخەوڕانک و کەڵاشی کاک فوئاد لە هی پێرشالیار بە نرخ ترە وگرینگ ترە. من ئەوانە بە هەژار و فەقیر نادەم. ئەوانە هەمووی ڕەنج تارین و خەم ڕەوێنی منن. یادگاری ئەو ئازیزەن و نابێ لەدەس چن. دایە بەهیە بە کاک. .. دەڵی براگیان ژانی کوڕەکانم منی کوشتوە !

## 22.2 وەسیەتی دایە بەهیە

وەسیەتی دایە بەهیە چ لە کوردستان و چ لە نەخۆش خانە ی ئوپسالا لە وڵاتی سوید  بە ئاشکرا و ڕوو لە هەموو  خزمان و ئاشناکان  و ئەفرادی بنەماڵەکەی و بیگانەیش  ئەمە بوو:دوای مردن بەر هەر شێوەیەک بوو بمنێرنەوە ئاڵمانە  وپاشان پشتوینە خوێناوی یەکەی حوسینم تێوە پێچن، و چاو بەسەکەی ماجیدم بکەنە کەمەربەند ،ژێر کراسی یەکەی فوئادم لە بەر کەن، بە کراسە خوێناوی یەکەی  ئەمجەد سەرم ببەستن، بە جامانەکەی ئەمین داپۆشن، جا ئەو کاتە لە تاڵەسوار و لای جوانەمەرگەکان بم نێژن.

جل و بەرگی  جوانە مەرگەکان، یادگارێکی بێ وێنەی مێژووی خوێناوی گەلی کوردن.  شیاوی ئەوەن وەک دیاردەی جەنایەتی بێ سنووری  جمهوری ئیسلامی ئێران، لە موزخانەکان هەڵیان گرێ.



**سوید شاری ئوپسالا  ساڵی 1995 تەرمی دایە بەهیە**

**لە ڕاستەوە حیشمەت، ڕەزا، فایزە و مەلەکە ئاخرین دیدار و خوداحافیزی**

تۆماری جەنایەت و تاوانە ڕەش و دژ بە ئێنسانی یەکانی جمهوری ئێسلامی ئێران سنووری تێپەڕاندوەو زۆرن، نووسین وئامادە کردنی دێکۆمینتی ئەو قەڵاچۆ وکردەوە فاشیستی و تراژیدییانە چ لە ئاستی سیاسی و چ لە ئاستی مێژوویی زۆر زۆر گرینگەو پێویستە گەلی کوردیش لە مەحکەمەی نێو نەتەوەیی داوای دادگایی کردنی جمهوری ئێسلامی ئێران و داگیرکەران بکات. گەلی کورد مافی ئێنسانی و حقوقی و سیاسی خۆیەتی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان داوای غەرامەتی ئەو هەموو کوشتار و جەنایەتانە لە داگیر کەران بکات .

زۆرتر لە حەڤدە پێشمەرگەی ئازا، بوێرو شۆڕشگێڕی کۆمەڵە لە گۆڕستانی تاڵە سوار نێژراون. هەموویان بە دەستی حکومەتی کۆنەپەرەستی جمهوری ئێسلامی و جەلادەکانی یان بە دیلی و ئەسیری یان لە مەیدانی بەرەنگاری و خەباتی پێشمەرگانەدا خوێنیان ڕژاوە. ئێستا لەو پەڕی سەر بەرزیدا بەشێکی بە نرخ و زۆر گرێنگ لە مێژووی خوێناوی و خەباتی عادڵانەی کوردیان بۆ خۆیان تەرخان کردووە. ئەوان خوێنی دەمارەکانیان دڵۆپ دڵۆپ بەخشی تا هەژار و فەقیر بە چاوی خۆیان ببینن کە ئازادی و سەر بەستی نرخی زۆر زۆرە. و دایکانی رەشپۆش و کۆست کەوتوو و داغدارانی ئازاترین ڕۆڵەکانی گەلی کورد بۆ راز و نیاز ئێستاش دەچنە گۆڕستانی تاڵە سوار و سەر گڵکۆی ئازیزەکانیان.

## 22.3 گۆڤاری کیهان

پاریزەرانی نەزانی واتە کۆنەپاریزانی جمهوری ئێسلامی ئێران، لە ڕادیو و گۆڤارەکانیان بە ئەنقەست کاک فوئادیان بەناوێ ڕێبەری حیزبی دیموکرات ناو برد و مەرگیان راگەیاند. ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەر دەمەی ئێران، و بۆ نموونە "گۆڤاری کیهان" لە دووشەممەی دوازدەی شەهریوەری 1358 ژمارەی 10798 هەواڵی مەرگی کاک فوئادی ئاوا نوسیبوو:"فوئاد سوڵتانی یەکێک لە ڕێبەرانی بە ناوبا نگی دیموکراتەکان کوژرا ".رادیوی کۆماری

ئێسلامی لە هەواڵەکانی سەعات دووی پاش نێوەڕۆی دەی شەهریوەری 1358،
بە ئاو و تاوەوە هەواڵی مەرگی کاک فوئادی بلاو کردەوە، رابەران و سەرکردە
کەللە ویشکەکانی کۆماری ئێسلامی لایان وابوو مەرگی کاک فوئاد، مەرگی
شۆڕشی کوردستانە و ئاویان بە ئاگری ئەم شۆڕشەدا کردووە. پاش مەرگی
تەنانەت لە نفووز و خۆشەویستی و کاراکتری دەترسان. هەر چەمران خۆی  بە
هاوکاری شوڤارە کان و بەکرێ گیراوانی ناوچە و هێزی پاسدار و ئەرتەش
گەمارۆی کاک فوئادیان دا وهەواڵی کوژرانی لە لایەن ئەوانەوە بۆ تاران ناردرا.
چەمران لە موزاکرە و دیالۆگەکاندا، لە گەڵ کاک فوئاد دادەنیشت و قسەی
دەکردو لە نزیکەوە کاک فوئادی بە باشی دەناسی.  مێدیای ئێسلامی بی
شەرمانە خۆیان گێل کرد و پەنایان بە درۆ و دەلەسە برد. وله ئاخریشدا هەر
نەیانتوانی وەک پەڵە هەورێکی چلکن و رەش، بەر بە تیشکی زێڕینی هەتاو
بگرن.

# 22.4 پیلانی دوژمن پاش مەرگی کاک فوئاد

پاش  گیانی بەخت کردنی کاک فوئاد  هێزەکانی جمهوری ئێسلامی  و
بەکرێگیراو و هەڵخەڵتاوی ناوچە لە خۆشیدا  شای مەرگ بوون و رادیوی
جمهوری کۆنەپەرەست و تاوانبارێ مەلای دمار گرژ و مێشک ڕەق هەڵاتوو،
هەواڵەکەیان خوێندوە، ماتەم و داخ و کەسەرێک هەموو کۆمەڵگای  کوردستانی
داگرت. بەتایبەت ڕژیمی جمهوری ئێسلامی مەرگی کاک فوئادی ئەوەندە
ئاگاهانە و بە ئەنقەست مەترح و بە شێوەی شەڕی ڕەوانی بڵاو کردەوە،
کەڕاستەوخۆ ورەی خەڵکێ کورد بشکێنێت. هەوالەکە بە درۆ و دەلەسە دەستی
پێکرد  و کاک فوئاد وەک ڕێبەرێکی حیزبی دیموکرات ناو برا. ئەم درۆیە
سەلماندی کە کۆمەڵە تا چ ڕادەیەک  پایەگاە و نفوزو ئەعتباری کۆمەڵایەتی
هەیە. و نیشانی دا، کە دوژمن تا چ پلە و ئەندازەیەک لە کۆمەڵە دەترسی و
حیسابی بۆ دەکات. کاک فوئاد ڕێبەر و دامەزرێنەری کۆمەڵە بوو  و درۆی
رادیوتاران، قین و بێزاری خەڵکێ کوردی لە جمهوری ئێسلامی ئێران زۆر و
زۆرتر کرد.

دەردی بێ دەرمان و بێدادی و قەڵاچۆی بنەماڵەیەک هەر ئەوەندە نی یە کە ئەندامانێ لە باری فیزیکی یەوە بکوژی و لە ناو بەری، یان چنارە باڵا بەرزەکانی بنە بڕ کەیت. جمهوری ئێسلامی و دیکتاتۆی مەزهەبی، هەل و مەرجێکی ئاوا نالەبار و لە تاقەت بەدەری بە سەر هەموو خەڵکی کوردا داسەپاندبوو کە بە قەولی ڕێزدار شێرکۆ بێکەس، چاوی ڕاست لە چاوی چەپ، دەست لە قەڵەم، برۆ لە برژانگ، و هەنگاو لە ڕێگا،دەترسا.خزمان و ئاشنا و نزیکان ئەم ترس و لەرز و زەبر و زەنگە یان بۆ تەحەمول نەدەکرا. ئێمەیش وەک بەردی ئاش بەرەنگاریمان دەکرد و زۆر تر لە تواناما‌ن مەقاوەمەت و لە خۆمان دیفاعمان کرد و لەو هەل و مەرج و ئەو کاتە زۆر ناسک و لیواولیو لە پەژارە و نائۆمیدیەدا نە پرووکاین و نەڕووخاین و زۆر دلێرانە ورەمان بەرز ڕاگرت.زۆربەمان بریاری خۆمانمان دابوو، کە دژی کۆنەپەرەستی و دیکتاتوری مەزهەبی،و لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا بۆ سەربەستی و مافی ڕەوا و عادلانەی هەژاران وزەحمەتکیشان خەبات کەین. جارێکیان لە بیرمە کە قەسابی خوێن ڕێژی جمهوری ئێسلامی شێخ سادقی خاڵخاڵی پاش تیرباران و ئێعدامی کردنی ئازادیخوازانی مەریوان بە شۆڤار و بەکرێگیراوو نۆکەرەکانی ڕاسپاردبوو و گوتبووی کە بنەماڵەی مستەفا سولتانی دەتوانن هەموویان لە ناو جیبێکدا، بێنە پادەگانی مەریوان و پەنا بە ئاڵا و شمشێری ئێسلام بێنن و تۆبە کە ن و جمهوری ئێسلامی دەیانبەخشێ.

لە کات و گەرمەی سەرەخۆشی یەکاندا خەڵک بە گشتی هاودەردیان پیشان دەدا و بۆ سەرەخۆشی دەهاتنە ئاڵمانە. بە سرتە سرت و پچە پچ ئەم هەواڵە بە باوکم ڕاگەیەندرا. تەنانەت ڕەنگ و بۆی دڵسۆزی و خەم خواری پێدرابوو.ئێمە سەرمان سووڕ نەما و بە لامانەوە عەجیب و غەریب و نامۆ نەبوو.باش لە بیرمە کە هەموومان بە تێکڕایی، ئەو"دەعوەت و بەخشینەمان"، بە تەڵە و کەمین و پیلانی دوژمن هەڵسەنگاند و بێگومان دەمانزانی جاشەکان پارێزەری ئەو کەمینەن و بە دێلی تەحویلی قەسابی خوێنڕێژمان دەدەن. دەمانزانی لە ناو ماشینیکدا هەر وەک کۆیلە و بە کەلەبچەکراوی دەڕوێنە بەر دەستی دوژمن. گۆمانمان لەوەدا نەبوکە ئەو "بەخشین و لێبووردنەی "مەلاکان، هەمووی درۆ و دەلەسەیە. دەمانزانی کە مەبەستی جمهوری ئێسلامی تەنیا کوشتن و تیربارانی یەکجاری ئێمە بوو. وەڵام نەدانەوە و ئەهمال کردنی پێشنیاری

کۆنەپەرەستان لە لایەن ئێمەوە. لوتی جاشەکان و خوێنرێژەکانی ئێسلامی تەزاند. بە پیێ گەلاڵە و تەرحی ئەوان دەبوا یە ئێمە بەرەو یەکێک لە قەسابخانەکانی جمهوری ئێسلامی یانی پادەگانی مەریوان بەڕویشتباین تا لەوی بمانکوژن. (بەمان بەخشن !) هەندی ترسنۆک وکاڵ فام لە خزمانی ناو فامیل هاندەرێ ئەو تەسلیم بون و سەرداخستنە بوون و پێیان وابوو کە ئێمە بە قسەی پڕ و پوچ سەر بۆ جمهوری ئێسلامی دادەنەوینین. زەخت و زۆر و فشاری لە رادە بەدەر لە سەر سیماو خەوو خۆراک و باری نەفسی و ڕەوانی هەموومان کارێگەر و تەئسیری نەگەتێڤی بە شێوەیەکی سامناک دانابوو.بە جۆرێک هوموو کاتیک باوک و دایکەکانمان ئەگەرچی ورەیان قایم و بەرز بوو، بەڵام بە دەم دەرد و ناسۆرەوە لە پرمەی گریانیان دەدا و ئەوانەی کە بۆ سەرەخۆشی هاتبوون تیر تیر شیوەنیان دەکرد .

پاش شکست و سەرکەوتنی جەماوەری خەڵک و دەر کردنی هێزی سەرکوتگەری رژیم لە کوردستان، قوتابیان و ماموستایان و خەڵکی دانیشتوی مەریوان لە پاییزی ساڵی پەنجاوهەشت 1358 بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدەکان بە دروشم و شیعاردان هاتنە تاڵە سوار لە سەر گۆڕی شەهیدان کۆ بونەوە و دیسانەوە بە شیعار دان بەرەو ئاوایی ئاڵمانە هاتن و بە کوچە و کۆڵانە کانی ئاڵمانەدا سوڕانەوە و شیعاریان دا و تەزاهوراتیان کرد و دوایی لە عمارەت وحەوشی گەورەی ماڵی شەهیدان کۆ بونەوە و شیعر و وتاری سیاسیان خوێندەوە و لە لایەن بنەماڵەی شەهیدەکانەوە بە گەرمی پێشوازیان لی کرا.حەوشەکە پڕ و لیواولیو لە میوان بوو. دیمەن و هەلویستی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری خەڵک و ڕێز گرتن لە شەهیدەکانی کوردستان و هەڵگرتنی پۆستڕ و وێنەکانیان و خوێندنی سرودی کاک فوئاد ڕۆژێکی مێژوویی و پڕ بایەخ و گرینگ بۆ خەڵکی هەورامان و مەریوان و دانیشتوانی ئاڵمانە بوو.

# 23. گۆڕستانی تاڵە سوار



**گۆڕستانی تالە سوار و بناری کوێستانی چالاو و قەلەبەرد**

**ئەگەر بچیتە سەر مەزاری گیان بەختکردووان و باش گوێ ڕابگری، پرمەی گریان و شیوەنی خاکی تالە سوار ئەبیستی .**

قەبرستانی تاڵە سوار لە دوو کیلو میتری ئاوایی ئاڵمانە هەڵکەوتوە. و زۆر نزیکی گۆڕستانی شێخ ڕەشە. چۆمێک سنووری گۆڕستانی تاڵەسوار و شێخ ڕەش دیاری دەکات. تاڵەسوار دارستانێکی چڕ و پڕە و دارەکانی بریتین لە : قەزوان ،بەناوەچ، بەڕوو، گوێژ، دار مازوو، بەڵام دارە کان بە زۆری دار بەڕوون. دارەکان بە بۆنەی بیر و بۆچونی ئائێنی یەوە، نەکەوتونەتە بەر پەلامار و هێرشی فەوتان و نەمان. خەڵکەکە وەک سوننەت و یاسای قەبوڵ کراو و تەنانەت لە سەرمای سەخت و زستانی تووش کە بەفر بەر ماڵی پێ گرتون، دارەکانیان پاراستوە و نەیان بڕیوە. بە تێپەڕ بوونی زمان دارەکان شاخیان لە ئاسمان کوتاوە و گەورە و گەورەتر بوون و لق و پۆپی وشکیان جار و بار

کەوتوەتە خوارەوەو بەری دارەکان هەمیشە یارمەتیدەری سەوز بوونی دار و خەڵقی نویێ بوون و ئەم ڕەوتە خۆ بە خۆ دارەستانەکەی گسک و سەوز ڕاگرتوە. دیمەنی دارستانەکە لە دوورەوە زۆر ڕوئیایی یە. جادەیەکی خاکی لە ناو دارستانەکە وە وەک مار پێچ دەخوات و بەرەو ئالمانە مل دەنێ. تاڵە سوار لە سێ شەهریوەری 1979 (سێ خەرمانان) پێناس و ڕەواڵەت وناسنامەی گۆڕدرا و ژیانی نوێ دەس پێکرد. تاڵە سوار لە داوێنی کوێستانی سەر بەرز ونەبەزی قەلەبەرد و چاڵاو هەلکەوتوە کە ئەو کوێستانە کێوێکی قیت و تووشە. دارەکان بۆ میوانانی شۆڕشی کوردستان پێکەوە دەگرێن، چرۆ و گوڵ دەکەن، خۆ دەرازێنەوە، گەڵا دەوەرینن، ڕەگ دەکوتن و بۆ مێژوویی سەردەم،حیکایەت و ئەفسانەی سەربەستی دەگێڕنەوە. لە چوار وەرزی ساڵدا دێمەن و سروشتی تاڵەسوار وەک پەلکە زێڕینە دەدرۆشیتەوە. ئاوی چۆمی تاڵەسوار لە کانی یاوەکانی چاڵاو و قەلەبەرد، تێکلان، سەرخەرەنگەزە، گوێز میران و سیفە تاڵ سەر چاوە دەگریت. ئاسمانی ئەو مەڵبەندە، پاک و خاوێن، تەڕ و تازە، ساماڵ و بێگەرد و لە وەرزی سەخت و و دەمەو پاییز و بەهاردا ئاسمان دەگرمێنی، چەخماخە دەدا و دەشریخینی. میوانانی تاڵەسوار بە تاوانی سەربەستی و دیفاع لە بەرژەوەندی هەژارانی کوردستان، لە لایەن جمهوری ئێسلامی یەوە پەل پەل و جن جن کران .

ڕژیمی هار و کۆنە پاریزی جمهوری ئێسلامی، سەرمایە و سامانی کوردستان کە ڕێبەر و شۆڕشگێرانی بوو تاڵان کرد و کوشتنی. ئەوان فا سەڵەی نێوان مەرگ و لە دایک بونیان بە ئێمان، لێبوردوویی سەربەرزی و شەرافەتەوە پێوا و گیانیان بەخت کرد. لەم گۆڕستانە ئازێزانیک نێژراون کە دڵیان بۆ ئازادی ئێنسان و بەشەریەت لیداوە و گیانیان لە پێناو دیموکراسی و سەربەستیدا بەخت کردوە. ئەوان دژی کۆنەپەرەستی و حکومەتی خورافات بوون و لە عیلم و زانست پشتیوانیان کرد و لە پێناو ئەو ئامانجە بەرزەدا گیانیان بەخت کرد. ڕەواڵەتی کۆن و سوننەتی تاڵەسوار پاش شەهید بونی قارەمانانی کوردستان بە یەکجاری گۆڕدرا. میوانانی ئەم گۆڕستانە زۆرتر لە حەڤدە قارەمان و

شۆڕشگێڕی کوردە. هەر کات دیداری ئەو گۆڕستانەم کردوە ؛ بێ ئێختێار سەری ڕێز و نەوازشم دانەواندوەوگریانم بە پێکەنین سواغ داوە. هەوەڵین میوانانی تاڵەسوار کاک حوسین و کاک ئەمین (سێ خەرمانانی58) و دوای شەش ڕۆژ (یانی نۆی خەرمانانی 58) کاک فوئاد بوو. مەزارگەی تاڵە سوار جێگای ڕاز و نیاز و نەزەرگا ی کوڕ کوژراو و منداڵی بێ باوک وبرا کوژراو و دایک و باوکانێ دڵسوتاوە .

ئەو کاتەی نۆ 9 ئازادی خواز و شۆڕشگێڕ بە دەستی قەسابی خوێن ڕێژی جمهوری ئێسلامی شێخ سادقی خاڵخاڵی و تائیدی مەکتەبی قورئانی مەریوان وجاسوسان و بە کرێگیراوان و خاینانی تری ناوچە، لە پادەگانی موسکی مەریوان تیرباران کران، کوردستانیان تازیە بار کرد. مەیتەکانی کاک حوسین و کاک ئەمین بەرەو ئاوایی ئاڵمانە گەڕایەوە. باوک و دایکمان لەو خەمە ناوادە و گران و قورسە پەشۆکابوون و بێ ئەختیار زۆر زۆر پێدەکەنین و قا قا دەگریان.هەر بە جاریک تاسا بوون و تەزیبوون. بێگومان مرۆڤ کە دەردی هەبێ دەناڵێنێ و کاتێک ژان و دەردی مرۆڤ ئەوەندە، سامناک بوو کە ئێتر هەناو وسینگ و دڵ، هەڵیانەگرت بە شێوەیەک سەر ڕێژ دەکات . تنۆکە فرمێسکە کان لە چاڵایی چاویاندا قەتیس مابوون.وەک دار قەزوانی گڕ گرتووکڵپە کڵپ دەسوتان و دەگریان. شین و گریانیان بەردی دەکردە ئاو. خەم، پەژارە، کوڵ و کەسەر وەک دەریا شەپولی دەدا. بەو خەمە قورس و گرانەوە، ساتیکیش لە میوانە کانی مەراسمی سەرە خۆشێ دوور نەدەکەوتنەوە و قەڵایەک لە ورەی بەرز و ئیمان بوون کە ئێحساسی، غورور و سەربەرزیان دەکرد. تەرمەکان لە لایەن خەڵکی حەق شناسی ئاڵمانەوە، بۆ مزگەوت، برا.ماتەم و گریان هەر تەواو نەدەبوو. دوژمن بە هاودەستیو یارمەتی و هاوکاری جاسوسەکانی هەر دوو ڕژیمی پاشایەتی و ئێسلام، هەڵۆکانی جن جن کردبوو.

ئەم شیعرانە کتوپڕئێلهام دەبوە دایەبەهیە و بێ ئێختیاربە گریانەوە لە مەراسمی ئەسپەردەکردنی کاک حسین و کاک ئەمین دووپاتی دەکردەوە .

من دڵم نایەت، تیر بکەم شین تان
فوئاد گیان خۆش بێ، لە جێ نشینتان
خاڵخاڵی قەساب هاتوە، بە وڵات دا
رۆڵە جوانەکانمی، برد لە زەکات دا
ئامان حسین گیان، دەردم نە دوێنی
لانکەی بێ باوک، بە من نە جوێنی
یا خوا لەیلەکەت، نەجیب زادە بێ
روینەکەی لەیلت، وەخت و وادە بێ
ماڵ باوکی لەیلت، هۆنەکەنەوە
نەک بە ناوادە، لەیلت بەرنەوە
بۆ کەلاس ئەڕۆن، با بە تەما بم
بۆ قەساب خانەی پادەگان ئەڕۆن، با دڵنیا بم
جامانەی سەرت ئەمین ڕۆڵەگیان، ریشە مرواری
تۆ خۆت دا بە کوشت ڕۆڵەی ئازیزم، بۆ کوردەواری

هەموو ئەم کردەوە نامرۆڤانە نەیتوانی قەڵای ورەیان بشکێنی. بەڵام کوشتنی ئەو جوانە مەرگانە، داروبەردی وەجوش و خروش دەهێنا، شاخ و کێوی دەلەرزاند. کاتیک کاک فوئاد، گەمارۆ دەدرێ، هەموویان پێنج کەس بوون. ئێبراهیم جەلال، شێخ عوسمان خالیدی، ناسح خالیدی، کاک تەهمورس ئەکبەری چریکی فیدایی و کاک فوئاد. ئەرتەش و سپای پاسداران و بەکرێ گێراوانی ناوچە، لەو شەڕەدا بەشداری یان کردبوو.شەر دەس پێدەکات و بازنەی گەمارۆ بەرتەسک تر دەبێتەوە کاک فوئاد و کاک تەهمورس ،لە نزیک ئاوایی کا نیعمەت و بسام تا ئاخرین فیشەک شەڕێکی قارەمانانە دەکەن. هێزی دوژمن و بەکرێ گێراوان، وەک لێزمەی بارانی بەهاری تەقەیان کردووە.

کاک فوئاد و کاک تەهمورس شەهید دەکرێن. تەرمی گیان بەخت کردوو کاک فوئاد شەوێک لە نزیک ئاوایی کا نیعمەت دەمێنیتەوە. لە کازیوەی بەیانی دا

کاتیک کەسێک دەیەوی تەرمەکەی بۆ مەریوان بێنێتەوە پیاوێک دەبینی کە،لە نزیک تەرمی کاک فوئاد دانیشتوە. لیی دەپرسێ کاکە ئەوە تۆ لیرە چی دەکەیت ؟ کابرا لە وڵامدا دەڵی: تۆ خودا حیف نی یە تەرمی کاک فوئادی پێشمەرگە لیرە بە تەنیا بێت! من دوینی شەو پاسەوانی تەرمی کاک فوئادم داوە. قەدرێ کاک فوئادمان نەزانی! وەفا و حورمەت و ڕێزلینانی ئەو پیاوە نە ناسراوە جێگای ڕێز و قەدردانییە و ئەو هەست و کەرامەتەی هەرگیز لە بیر خەڵکی کورد ناچیتەوە. کاک فوئاد، خاوەن ئۆتوریتەی زۆر بەرزی کۆمەڵایەتی، سەرمایە ی بە نرخ، ڕێبەری کارزان و هەرە دڵسۆز و زانایەکی تێگەیشتوو و لیهاتووی کورد بوو، سزاوار و شێاوی ئەوە بوو کە وەک گلینە ی چاو بیپاریزن .

نە پاراستن و دیفاع نە کردن لە کاک فوئاد، خەسارەتێکی قورس و گران قیمەت بۆ کوردستان بوو. نموونەی وا لە مێژووی کوردا کە ڕێبەرێک بە تاقی تەنیا جێ بهێڵی بێ وێنە و تا ئێستا نە بێنراوە .

## 23.1 شیعری سەر کێلەکان

ئەم شیعرەی مەولەوی لە لایەن بە ڕێز کاک ئێرەجی فەرزادەوە بۆ سەر گوڕی کاک فوئاد هەڵبژێردرا. شیعرەکە بە خەتێکی جوان نووسرا و لە لایەن بەردتاشە بە ناوبانگەکانی شاری سنەوە (سوا داود سلێمانی) لە سەر بەردی مەڕمەڕ هەڵکەندرا و لە ساڵی 1358 هەتاوی(1979 زاینی) لە سەرقەبری کاک فوئاد دامەزرا. کێلەکان تا چەند ساڵیک مان. هات و چوو و دیداری مەزاری شەهیدانی تاڵەسوار ئەوەندە زۆرە کە دوژمنانی ئازادی و دیموکراسی ترساندووە. هێزە کانی جمهوری ئێسلامی و کۆنەپەرەستانی کورد چەند جارکێلەکانیان ورد و خاش کردوە و شکاندوە. کێلە شکاوەکان وئاسەواری شیعرەکەی مەولەوی وبەردە وردەکان لە گۆڕستانی تاڵەسوار هێشتا هەر ماوە. بە ڕیز کاک "ئێرەجی فەرزاد"زەحمەتی هەڵبژاردنی شیعرەناسک و پڕ ماناکەی مەولەوی وسفارشێ نووسین و هەڵکەندنی شیعرەکە لە سەر بەردی مەڕ مەڕ ودامەزراندن و ڕێکخستنی کیلەکانی لە ئەستۆ بوو و

لیبراوانە هەمووکار و ئێشەکانی بە دڵسۆزی یەوە ڕێک دەخست کە شایانی ڕێز و سوپاس و قەدردانی یە.




گۆڕستانی تاڵە سوار: دایە بەهیە و فرمێسک لە سەر قەبری شەهیدان

## شیعری مەولەوی

پەژارەت شادیم، جە بێخ ئاوەردەن
دووریت ڕیشەی دڵ، خەیمە کەن کەردەن
فیراقت فەرقم، وە تووتیا کەرد
جیاییت ئازام، جە هەم جیا کەرد
وەسواسەت وەی تەور، ئێش دان وە جەرگم
وە مەرگت قەسەم، ڕازیم وە مەرگم
وێت بدەر ئێنساف، نەو نەمام نۆ
مەردەن خاستەرەن، یا خۆ دووری تۆ ؟

مەردەن یەک ساتەن، ئەرواحەکەی وێم
دووریت هەر ساتێ، سەد مەرگەن پەرێم
مەر جەستەی خەستەی، من جە فۆلادن
یەند دووریت وینۆ، هێمان دڵ شادەن
دەک ڕەحمەت ئەو قەبر، گشت وەفاداران
خوسوسەن ئەو کەس، شای وەفا داران !





***تاڵە سوار_***
***جمهوری ئێسلامی و***
***بەکرێ گیراون***
***کێلەکانیان شکاندووە***

***تاڵە سوار – دیسانەوە دوژمن کێلەکانیان شکاندوە***

## ناوی شەهیدەکانی تاڵە سوار:

1. حسین مستەفا سوڵتانی
2. ئەمین  مستەفا سوڵتانی
3. فوئاد  مستەفا سوڵتانی
4. عبدوڵاه  نودینیان
5. محەممەد نەسروڵاهی(ئاڵمانە)
6. مەحمود دهقانی(خوله سوور)
7. ئەحمەد مستەفا سوڵتانی
8. ئەمجەد  مستەفا سوڵتانی
9. ماجید مستەفا سوڵتانی
10. عەلی پاشایی
11. پێشمەرگەیەکی دیواندەرە
12. پێشمەرگەیەکی تیکان تەپە
13. نەبی لاویسانی(کۆماسی)
14. عەلی ناسر ئابادی
15. جەماڵ ئەسەدی (ئاڵمانە)
16. سادق بەهمەنی (پیکار)
17. ...
18.

کاک ناسر مستەفا سوڵتانی کە لە ئاوایی دزلی پایزی ساڵی 59 شەهید کرا،کۆنەپارێزو جەلادەکانی جمهوری ئێسلامی نەیانهێشت تەرمەکەی لە تاڵەسوار بنیژن وئێستا لە گۆڕستانی دارسیرانی مەریوان نێژراوە.

دایە بەهیە هەواڵی مەرگی کاک فوئادی  بەم شێوەیە بە ئەمجەد کە پێشمەرگەبوو راگەیاند:

تۆ مەگرە لە دڵ، گەردی جوانی          بۆ کەس نە هاتوە، ئاو لە زیندەگانی


موبارەکی بێ، بەرگی سپی تۆ                دەورانی دونیا، بەم پاسە مەبۆ
بە قوربانت بم، ئەڵماسی ناو خاک        موبارەکت بێ، مەنزڵی تەنیا و تاک
ئەی خوا بێ هێنی، دەورانێ لە تۆ        من شاد ببمەوە، بە رەفیقانی تۆ

کاتێک دایە بەهیە تەرمی جوانەمەگەکان لە تەوریز دێنیەوە بۆ ئاڵمانە لە سەر گۆڕەکەیان ئەم شیعرانە دەخوێنیتەوە :

من چووم بۆ تەوریز، خاکیم وە پا کرد
باڵای جوان ئەمجەد و ماجیدم، تیایا پەیدا کرد
هاتوم سەررۆڵە جوانەکانم بنم بە سینمەوە
بیکەم بە مەڵهەم ،زامی پێنج برینمەوە !

دوای چلەی مەرگی کاک فوئاد ئازیزان و خۆشەویستانێک بۆ ریز گرتن لە ڕێبەری ماندوویی نەناس، واتەکاک فوئاد بە نهێنی و تا رادەیەکیش ئاشکرا هاتنە ئاڵمانە و سەر گوڕی شەهیدان ئەمانە بون. بە ڕێزان : سەعید یزدیان، تەیب عەبباسی، حەمید فەرشچی، ئیرەج و مەنسوری فەرزاد، ئەدیب وەتەندوست و. ..

خەڵکی ئاڵمانە سەرجەم دە شەهیدیان لە ڕێگای رزگاری گەلی کوردا داوە و لە هەموو قۆناغەکانی شۆڕشدا، بە شێوەی نهێنی و ئاشکرا، پشتێوان و یارمەتی دەری  ئازادی خوازان و شۆڕشی رەوا و بەر حەقی میللەتی کورد بوون .







1. زەماوندی کاک حسین: لە ڕاستەوە شوکوریە خانم، کاک حسین و کاک ئەمین.
2. کاک ئەمجەد




کاک فوئا د




کاک ئەمین



کاک ماجید



کاک ئەحمەد



کاک ناسر

# 23.2 دایکی "تاڵە سوار":

## ناسری حیسامی

ئەستێرە خاموش
ئاسمان لە ڕەنگی خۆڵەمێش
پاییزێک بێڕەنگ و
زەوییەک هیلاکی زام و ئێش .
ئێستاکە تاڵەسوار
چاوە ڕێی ڕەهێڵەی بارانە و
چاوی لەو هەورەیە
لە کەلی تاسەوە
لەودیوی وڵاتی حەسرەت و هەناسە و
لەو پەڕی هەرێمی باوەشی گەرمەوە دێتە پێش .
دەمێک بوو نەیدیبوون .
زوڵاڵیی دەنگیانی بە ئاستەم لە یاد بوو .
دەمێک بوو تامەزرۆی
دیداری بەهار و هەناسەی گەزیزە و
ئامێزی گەرمی خاک
دەمێک بوو بە تاسەی دیتنی فوئاد بوو .
ئێستاکە چیت دەوی
ئەوە خاک تێر بۆنی پێوە کە و
ئەوە بەرد بیگرە ئامیز و
ئەوەتا فرمێسکی هەڵوەریو لە چاوی هەڵاڵەی بریندار
ئەوەتا مەولەوی بە ڕیشی سپییەوە

که دەگری له گەڵت و
ئەوەتا زرێبار .
ئەوەتا مرۆڤی وڵاتی ئاگر و
هاواری نێو سووتمان .
ئەوەتا شەپۆلی سەرکەش و
باڵندەی نێو توفان .
ئەوەتا ئەوە خاک
ئەوەتا هەڵەبجە و
عومەری خاوەر و
کۆرپەکەی باوەشی و
ئەوەتا کوردستان .
دەمزانی هەورەکان
له چاوی نیرگزدا
فرمێسکی بارانە دەگیرن ،
دەمزانی ئەستێرە
ملوانکەی تریفە بەرە و خاک دەنێرن .
ئەو ڕۆژەی
سەرەنجام
ژانی تۆ له لێدان دەکەوێ و
سەرەنجام
خەمی تۆ بە خاکی تاڵەسوار دەسپێرن

# 24. موهەندس فوئاد مستەفا سوڵتانی رێبەر و سیاسەتمەدار و زانایەکی سیاسی

باس کردن لە تایبەتمەندیە به قوەتەکان و بە هێزەکانی کاک فوئاد، بە هیچ شێوەیەک چکۆلە کردنەوە و یان لە بەرچاو نە گرتنی دەوری باقی هاوریٚ یانی دامەزرینەر و رێبەری کۆمەڵە نی یە. هەر چەند باس و لیکۆلینەوەی وا راستەوخۆ هەل سەنگاندن دێنیتە پێش و پرسیاری زۆر دەخاتە مێشکی دڵسۆزەکانی گەلی کوردەوە. ئاخۆ فەلانە کەس چ دەورێکی لە خۆی نواند ؟ چۆن رێبەری کرد ؟ دەوری رێک خستن و رێبەری هەمە لایەنەی چۆن بوو؟ بەشی هەرە زۆری هەڵسوڕانی کۆمەڵە نهێنی نە بووە و ئاشکرا بووە. لەم بوارەدا دەتوانین ئێدیعا کەین، کی چی کردووە و چ دەورێکی گێراوە ؟ و ئەگەر بمانەوی هەڵسەنگاندنێکی قووڵ و پان و بەرین بکەین، شوین دەست و ئاسەواری کردەوەکانی هەر کەسێک دیارە. بێگومان بە هێچ شێوەیەک نابیٚ حەقی کەسێک پێشیل بکرێت.

کۆمەڵە وەک هەموو رێکخراوە چەپەکانی جیهان کەم و کورِی خۆی هەبووە و رووداوەکانی جیهان تەئسیری لە سەر داناوە. کۆمەڵە ئەوەندە کاری شۆڕشگێڕانەی سیاسی و تەشکیلاتی کردوە، کە ئەگەر نە هەمووی بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کە لە رێزی کۆمەڵەدا بوون بە گوێرەی ئاستی تەئسیر و هەڵسوڕانی خۆیان شانازی پێوە دەکەن.کاک فوئاد وەک رێبەرێکی خۆشەویست و هاوریٚ یەکی دلسۆز قورسایی جێگای خالّی ئەو دیار و زۆر لە بەرچاوە و هەست دەکریٚ.

رێبازی سیاسی کاک فوئاد لە لایەن رێبەری کۆمەڵەوە، ئەو جۆرەی کە پێویست و شیاوی کاک فوئادە بە هوی مەسلەحەتی سیاسی و یان بە هوی کەم

تەرخەمی یەوە قەت باس نە کراوە. بە تایبەت لانی کەم ئەو باسانە دەبوو بە ئەزموون و تەجروبە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک و نەسلەکانی داهاتوودا. لەم بوارەدا کۆمەڵە تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوو. دەبوا تەشکیلاتی کۆمەڵە زۆو تر لە ئێستا ئەو کارەیان بکردبایە، و دەوری ڕێبەری کاک فوئاد و هەڵسوڕانی کۆمەڵەیان لە مێژووی گەلی کوردا بە نووسینی کتێب و گۆڤار و ڤیدئوو و... ئارشیڤ و تۆمار بکردبایە.

زۆرتر لە 27 ساڵە کاک فوئاد شەهید بووە، و تائێستا 27 لاپەڕە لە سەر مێژووی کۆمەڵە و لەویشدا لە سەر کاک فوئاد نە نوسراوە. تەنیا نامیلکەیەک لە ساڵی 1980 بە ناوی یادێک و بیرەوەرێک لە کاک فوئاد لە لایەن کۆمەڵەوە دوای مەرگی لە چاپ دەر هات کە سێ خاڵی بەرچاوی ئەمانە بوون. یەکەم کاک فوئاد ڕێبەرێکی کارزان و لە هەموان لیهاتووتر و تیژتر و بە ئوتۆریتەتر بوو. دووهەم کاک فوئاد لە هەڵبژاردنی تاکتیکە شۆڕشگێڕەکاندا ئوستاد و شارەزا بوو. بار و دۆخ و شەرایەتی مێژوویی بە باشی لیک دەدایەوە و بڕیاری پێویستی دەگرت. سیهەم کاک فوئاد دژ و موخالیفی هەر چەشنە مەحفەل و باند بازی، سکتاریسم وکاری خێڵەکی بوو. ئامانج ومەبەستی کۆکردنەوەی هێزێکی بەر فراوان بۆ خەباتی ڕەوای هەژاران و خەڵکی کورد بوو. لە دەس چوونی کاک فوئاد لە دوو بابەتەوە بۆ کۆمەڵانی کرێکارو زەحمەتکێش خەسارەتێکی گەورە بوو. هەوەڵ : کۆمەڵە و خەڵکی زەحمەتکێشی کورد ڕێبەرێکی لیهاتوو بە توانا، سیاسەت دارێژێکی شۆڕشگێڕ، لە دڵ نزیک، زۆر دڵسۆز، و ژیریان لە دەس دا. کە مێژوو نیشانی داوە پڕ کردنەوەی جێگای کەسی ئاوا هەڵکەوتوو لە عەمەلدا کارێکی راحەت و ئاسان نی یە. دووهەم : ڕێبازی سیاسی کۆمەڵە واتە هەوڵ دان بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر کۆمەڵانی خەڵک بێنە مەیدانەوە و لە دابین کردنی چارە نووسی سیاسی خۆیاندا زیاتر بەشدار بن و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر یەکگرتوو بن، ڕێکخراوەی خۆیان وەک شورا، یەکیەتی ژنان، یەکیەتی کرێکاران، یەکیەتی خوێندکاران،یەکیەتی مامۆستایان و... پێک بێنن، و هەنگاو بە هەنگاو لە ئامانجێکی کورت خایەن ئامانجێکی گەورەتر ودرێژ خایەن کە

ڕزگاری ئینسان لە هەموو چەشنە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە یەک بوو نزیک بنەوە، کەوتە پەراویزەوە ولە عەمەلدا کەم و کەمتر بونەوە

كۆمەڵە و كاك فوئاد دەیانزانی كە ڕێگایەكی سەخت و دژوار و درێژخایەنیان لە پێشە و هەبوونی ئامانجێكی درێژ خایەن زۆر باش و پێویستە. ئەمما ڕێگا بۆ ئەو ئامانجە ساف و قێرتاو نی یە و كۆمەڵانی خەڵک و شۆڕشگێران تووشی هەڵس و كەوت و سەركەوتن و شكستی زۆر دەبن. بۆیە كاك فوئاد لە هەڵبژاردنی سیاسەت و تاكتێک زۆر لیهاتوو، كارامە و لێزان بوو. هەوڵی دەدا یەک بە یەكی ئەو سیاسەتانە وەكوو حەڵقەی زەنجیرێک پێكەوە بنوسێنی و بەرەو ئامانجە بەرزەكان ڕێنوینی و هیدایەتیان بكات. ئەوە بۆ كاك فوئاد گرینگ بوو كە كۆمەڵانی خەڵک ئامادە بوایەن و پێشوازیان لەو سیاسەتە بكردبایە.

خەبات و ژیانی حرفەیی - سیاسیی كاك فوئادی لە ئاسۆی بەر تەسكی ناسیونالیزمی ئەم یا ئەو وڵات دەر هێنا. و ئاسۆی بیر و باوەڕی بەر بڵاو تر كرد و بوو بە شارەومەندێكی جیهانی. لە كردەوەكانی دا ئاسەواری ناشیرین و تاڵی تەعەسوب و تەسک بینێ قەومی و نیژادی چكۆلەترین جێی پێ یەک نابینین. ڕۆڵێكی پێشڕەوی هەبوو و لە ئاسۆی تەسكدا بیری نەدەكردەوە. كاك فوئاد وەک شەخسیەت قەد و هەرگیز باوەڕی بە سكتاریسم، مەحفەل، بەرچاوتەنگی سیاسی،سازشكاری، نان بە قەرزدان،سانسور و شاردنەوەی ڕووداوە سیاسی یەكان شكاندنی هاورێ كانی، تەوهین و سوكایەتی و ئازاردانی خەڵک نە بوو.سەداقەت و لیبوردوویی لە شەخسیەتی دەبارێ. بۆیە ناوی كاك فوئاد لە گەڵ ئەفسانەكاندا تێكەڵ بووە.

كۆمەڵگای كوردستان خاوەنی چین و فرە توێژە وبیر و را و مەشی سیاسی خەڵكێش تەیفێكی جۆراوجۆرە. هەڵویست و بۆچون و خەتی سیاسی چینی كرێكار و هەژاریش لەو كۆمەڵگایە ناكرێ وەک عیلمی ریازی سنووری بۆ دیاری كەیت. و ناكرێ كۆمەڵگای كوردستان بە پێوانەكانی كۆمەڵگای مودێرن هەڵسەنگێنی.

یەکێک لە کارە هێژاکانی کاک فوئاد ئەوە بوو کە لە کۆمەڵگایەکی ئاوادا لە هەموو پوتانسیڵ و زەرفیەتەکانی جەماوەر کەڵکی وەر گرت و هەنگاوێکیش لە ئوسوول، مەبانی، بنەما و عیلمی مارکسیزم دوور نەکەوتەوە. هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای لە پێناو و بۆ ئامانجی بەرزی رزگاری بەشەریەت و مرۆڤایەتی لە بەر چاو بوو.لە تەرازووی مێشکیدا، خەسڵەتەکانی دیاری دەکرد کامە کرێکارە و کامە هەژارە و کامە رووناکبیری شۆڕشگێڕە و. .. ؟

هەر بۆیە لە سەر خەباتی جەماوەری و بەرینی کۆمەڵگا پێی داگرت و لەو بوارەدا زۆر زۆر سەرکەتوو بوو و رچەیەکی نۆی شکاند. دەکرێ بڵێن ژیانی نەسڵێکی گۆڕا و مرۆڤ دۆستی ئەو سنووری نەبوو. کاک فوئاد وەک دۆینێ بیری نەدەکردەوە، بەڵکوو شێوەیەکی تر و پێشکەوتووتر لە دۆینێ بیری دەکردەوە. کۆمەڵگای بەرەو ئاسۆی گەش دەبرد. بەرەی چەپ لە کوردستان وەک پەیکار، چریکی فیدایی، حیزبی توودە، رزمەندەگان، بە لیکدانەوەی نادروست و شێواوەوە دەچونە مەیدانی خەباتەوە. بە هەڵکەوت نە بوو تەنانەت حەرەکەتێکی جەماوەریان پێی رێک نە خرا. لە سەردەمی راپەرینی بەر بڵاوی خەڵکی ئێران دژی شا، تەقریبەن چەپ دەوری دیاری کەری نەبوو.راپەڕین و خەباتی جەماەری خەڵک بە فاکتور گەلێکی ترەوە پەیوەندی هەبوو. لە پاش روخانی شا چەپ لە کوردستان کەوتە خۆ و دەوری گێڕا. لە کوردستان کە زەمینەی فەرهەنگی مەزهەب خەست و خۆڵ نەبوو و تەنانەت زۆر کزیش بوو چەپ گەشەی کرد. بە داخەوە چەپ پلاتفورمی جیا جیا و دوور لە یەکیان بوو. پلاتفورمی هاوبەشیان قەت نە بوو.هەر بۆیە کۆنەپاریزان لەو بۆشایی یە کەڵکی باشیان وەر گرت و کەوتە راوی هێزی چەپ و تەفرو تونایان کرد.کۆمەڵە لە ئێران و کوردستان خاوەنی هێز و ئەتوریتەی سیاسی و ئێعتباری کۆمەڵایەتی بوو و وەزعی لە چەپەکانی تر زۆر باشتر بوو، بۆیە جمهوری ئێسلامی بە ئاسانی نیتوانی حاکمیەتی رەشی لە کوردستان دامەزرینیت. دەوری کادیرەکانی کۆمەڵە و خوسوسەن کاک فوئاد بەر چاوە. ژیانی یازدە مانگەی

کاک فوئاد، پاش زیندان له حەماسه و فیداکاری و دەسکەوتی مێژوویی پڕه و لێواولێوه.

حەرەکەته جەماوەریەکان که ئەو هەڵی سوڕاند، وەک پێشوازی له زیندانی یه سیاسی یەکان، دامەزراندنی کانوونی قوتابیان، یەکیەتی جووتیاران ،جەمعیەتەکان، شورای کاتی شاری مەریوان، هان دان و ڕێک خستنی خەڵک بۆ بەر گری له ملهوڕی یەکانی قیاده، کۆچی شارێک،ومان گرتنی جووتیارانی بێلو، ڕێ پێوانەکانی خەڵکی شاری سنه، سەقز، بانه و بۆکان.. ئەمانه ئەو پرنسیب و سونته جوانانه بوون که کاک فوئاد به کردەوه نیشانی دا و بۆ نەسڵی داهاتوو جێی خست. ئەو ڕێبەرێکی خولقینەر بوو که گەشەی به ئاستی سیاسی جەماوەر دا و ئەو ئاستەی هێژایانه بۆ فازێکی بان تر ڕێبەری کرد. و ڕزگاری ئێنسانی بێ بەش و هەژار ئامانج و قوتب نمای بوو. وله سەر ئەو ریله بێ وچان خەباتی کردو له پێناورزگاری چەوساوەکانی دونیا گیانی بەخت کرد و تاجی سەر بەرزی له سەر نا!

کاک فوئاد ئێنسانێکی ئارمانخوازی سوسیالیست بوو و بنەمای فیکری و پراکتێکی خۆی بەعیلمی نوێ رادیکالیزم و سوسیالیزمەوه، زۆر توند گرێ دابوو و تەرجومه دەکردەوه.. ئەو بەرابەری ئێنسانەکانی دەویست و تەنیا بۆ خەباتی دیموکراتێک بیری نەدەکردەوه، و ئارمانەکانی له چوار چێوەی میللیدا بەر تەسک نەدەبوەوه، بەڵکوو ئارمانەکانی ئێنترناسیونالیستی بوو. ئامانجی ئەو بەشداری کردن و دەخالەتی چینی کرێکار و زەحمەتکێش له به دەستەوه گرتنی هیژمونی و دەسەڵاتی سیاسی بوو. کاتێک دەڵی :

• ڕۆژێک که هەتاوی گەشی حیزبی کومونیستی ئێران هەڵهات، ڕۆژی هەستانی سووری زەحمەتکێشان موژده دەدا، و ئەو ڕۆژه ڕۆژی توانەوەی سەهۆڵبەندان و بەفرەکانی زوڵم و زۆره. هاورێ یان ! با هەتاو بجولێنین.

• با کۆنه پەرەستان و هەل پەرەستان وەک گورگ بلورینن، ئەوەی دەی بینین گەشه و تەکامولی شۆڕشه !

•تا ئەو کاتەی ناکۆکی چینایەتی و سیاسەتی دژی زەحمەتکێشان لە جیهاندا هەیە،دوورگەیەکی (جەزیرەیەکی) ئاراممان قەد نابێ !

بە بڕوای من کاک فوئاد ڕێبەرێک بوو کە هەموو کاتێک خۆی لە پێشەوەبوو و خەبات و ئێعترازی جەماوری،هێزی پێشمەرگە،مانگرتنی زیندان، هەڵسوڕانی ڕێکخراوەکا نی ڕێبەری دەکرد !وەک ڕێبەر لیکدانەوەی کۆنکریت و دروستی لە سەر کۆمەلگا هەبوو. ئاست و ورە و زەرفیەتی پێشڕەوانی بە باشی تەشخیس دەدا ولیکدەدایەوە. لە هەموو گرینگتر کاک فوئاد لە کاتی پێویستدا جورئەت و شەهامەت هەڵویست گرتنی هەبوو.

لە وتاری ئوردووگای کانی میران بە ڕاشکاوی کاک فوئاد بیر لە بزووتنەی ناوچەکانی تری ئێران و لە وانە تورکمەنستان، سیستان و بەلوچستان دەکاتەوە. مێژوو لە داهاتوودا، بڕیاری خۆی دەدا. نەیاران دەبێ ئامانج و ئارەزووەکانی کاک فوئاد لە زمانی هەزاران ئینسانی بێ لایەن و جەماوەری بەرینی خەلکەوە، کە دژی دیکتاتوری خەباتیان کرد بە بیستن. کاک فوئاد لە جەمعیەتی سەقز، ڕێکخستنی ئورگان گەلێکی تر بۆ بەشداربوەکان دێنیتە گۆڕ و مەترح و باس دەکات و دەلێ ئێتر یەکیەتی جووتیاران و جەمعیەتەکان و کانوونەکان دەور و کەلکیان نە ماوە و تەنانەت ئێستا ئەو ئورگان گەلە بۆ کۆمەڵەجێگای پەرەستن و تەقەدوسیان نی یە و نەماوە. شەرایەت و ئالوگۆڕی کۆمەلگای کوردستان ئامێر گەلیکی تر ی پێویستە و داوا دەکات. گەشەی خەبات و ئاستی تێگەیشتنی خەلک و پێشڕەوان لە فازێکی تردایە و دەبی کۆمەڵە وڵامی پێویستی هەبێ و پێشکەشی کات. ڕێبەرێکی بە هەست و مرۆڤ دۆست بوو کە تاووس ئاسا چەتری متمانەی بۆ هاوڕێ کانی هەلدا تا لە ژێر ئەو چەترەدا هەڵسوڕێن و بۆ ڕزگاری ئێنسان و نەمانی چەوسانەوەی مرۆڤ لە مرۆڤ خەبات کەن. لە جەمعیەتی مەهاباد بە ڕاشکاوی و شەهامەتەوە لە دروست کردن و پێک هێنانی حیزبی کومونیستی کوردستان دیفاعی کرد و وتی ئەگەر ڕەوتی ڕوداوەکان وخەبات لە بەرانبەر ودژی جمهوری ئیسلامی لە گەڵ

بەشەکانی تری ئێران یەکیان نە گرتەوە ،ئەو کات بە بڕوای من پێک هێنانی حیزبی کۆمونیستی کوردستان پێویستە.

# 24.1 رێکخراوە و تەشکیلات

رێکخراوە بۆ کاک فوئاد، وەسیلە و ئامێری پێش چوونی بیر و باوەڕی کۆمەڵە بۆ نێو خەڵک بوو. مە بەستی پێک هێنانی رێکخراە بە هەر قیمەت و جۆرێک نە بوو.بە توندی موخالیفی پاسیفیزم و شوین کەوتنی رووداوەکان بوو.دەیگوت ئەگەر هەل و مەرج و شەرایەت ئامادە بوو دەبێ رێکخراوەی کۆمەڵایەتی پێک بێنین. کە ئەو رێکخراوە جەماوەری یانە بە بیر و بۆچونی کاک فوئاد ئامراز و وەسیلەی "کاتی و موەقەت" بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاری کراو بوو.ئەو لە پێک هێنانی رێکخراوە جیاوازەکان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان و پەروەردە کردنی جەماوەر ی خەڵک کە لە رۆحی دیموکراسی تێ بگەن پێشوازی دەکرد. هەر بۆ ئەو مەبەستە رێکخراوی ژنان، قوتابیان، خوێندکاران، جووتیاران، کرێکاران ،بێکاران، مامۆستایان و... لە شارەکانی کوردستان دامەزرا و کاری تەشکیلاتی و سیاسیان دەکرد. ئەو لە هەرێمی کوردستان دوو مەبەستی لە بەر چاو بوو، هەوەڵ قازانجی هەژاران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی وپاشان تەکامول و گەشەی خەباتی زەحمەتکێشان و کرێکارانی بان تر لە قازانجی کۆمەڵە دادەنا. گرێ دانی خەباتی نەتەوایەتی و خەباتی چینایەتی مانیع و لەمپەرێکی بۆ ئەو دروست نە دەکرد. خەباتی میللی و دیموکراتیک هەوینی یەکگرتوویی و وەحدەت بوو کە لە ڕوانگای کاک فوئادەوە ڕێگا خۆش کەر و پێک هێنەری زەمینە و هەل و مەرج بۆ خەباتی چینایەتی و لە خزمەت ئەو دا بوو.

## 24.2 سیاسەت و تاکتێک

ئەو کەسەی دەبوو بە کادیر و ئەندام لە کۆمەڵەدا، کە خاوەنی ئوتوریتە و کاراکتری شەخسی بێ، و هەژاران و بێ بەشان لە کۆمولە نزیک کاتەوە و ڕێکیان بخات.بەلای ئەوەوە پێویست نەبوو ئەندامەکان بۆ چکۆلەترین ئێش و کاری سیاسی لە سەرەوە دەستور وەر گرن، دەبوا خۆیان ئێبتکار نیشان دەن و خولقینەر بن. هەموو حەرەکەتەکانی ئەو وەزنی سیاسی هەبوو. شمشیری لە تاریکی نەدەکێشا.زۆر ژیرانە وەزعی سیاسی و ئامادەگی خەلکی هەلدەسەنگاند، و بە دلنیایی یەوە بڕیاری دەدا و لە بوارە دژوارەکان دەپەڕیەوە. ئەو نەقشی ڕێبەرێ دەنواند و بە هێنانە کایەی بیری نوێ و تازە کە گونجاو لە گەل هێز و ئامادەگی جەماوەردا بێ، پلان و نەقشەی دادەڕشت.لە زەرفیەت وپوتانسیل و توانایی هەر کەسێک تا ئەو جێگایە دەیتوانی کەلکی وەر دەگرت. جگە لە وانەی کە هاو کار و بەکرێ گیراوی حکومەتی شا و جمهوری ئێسلامی بوون، هەموو ڕێکخراوەکان و کەسایەتی یە مەزهەبێ یە کان و حیزبەکانی بانگەواز دەکرد تا لە دژی دیکتاتوری و کۆنەپەرەستی و بۆ ئازادی و دیموکراسی خەبات و شۆڕش کەن. ئەو هەرگیز نەیدەگوت، تەنیا ئێمەرێکخراوەی شۆڕشگێڕین کە خەبات دەکەین. ئەو بۆ سەرکەوتن یان نەکەوتنی جولانەوەیەکی دیاری کراوی خەلک دەستی لە سەر دەست دانەدەناو ماتل نەدەبوو، خێرا پلان و سیاسەتی تازەی دەخستە گەڕ و کاری بۆ دەکرد. جەماوەری هەژار و فەقیری خەلک لە وتار و قسە کانی تی دەگەیشتن و یەکێک لە خەسلەتەباشەکانی، ئەوە بوو قەد درۆی نەدەکرد. موزاکرە و وتوویژی لە گەل دوژمن لە خەلک نەدەشاردەوە و نهێنی نەدەکرد و بە راستی دژی سانسور بە هەر شکل و شێوازێک بوو.

لە بواری ڕێک خستنی جەماوەری خەلک بۆ ئێعتراز و خەبات دەوری ڕێبەری کاک فوئاد لە ئاستێکی بەرزدابوو. بۆیە جمهوری ئێسلامی بۆ پووچەل

کردنەوە و شکاندنی نفوزی کۆمەڵە، جێگرێ سەرەک وەزیری ئێران ژنراڵ مستەفا چەمرانیان بە تائیبەت بۆ سەرکوتی خەڵکی کورد دیاری کردبوو.

## 24.3 تەئسیر و دەوری شەخسیەتی کاک فوئاد لە سەر بنە ماڵە

کاک فوئاد هەموو کاتێک مژدەدەری ئازادی، گەشە،عیلم ،زانست و تەکامول بوو. ئاست نەفوز و دەوری سیاسی ئەوەندە لە سەرەوە بوو ،کە حەڤدە کەس لە ئەندامانی بنەماڵەی مستەفا سولتانی بە شوێن ڕێگای شۆڕشگێڕانە ی ئەودا ڕۆیشتن و بون بە کادیر و ئەندام و پێشمەرگە. ئەوانەی لە بنەماڵەکەدا دوای کاک فوئاد لە دایک بوون، زۆربە ی هەرە زۆریان بە شوین ئەودا ڕچەیان شکاند و نوێ خواز و سیکۆلار بوون و بە شێوەی زانستی و عیلمی بیریان دەکردەوە. ئەوەندە تەئسیری شەخسیەتی لە سەر بنەماڵەکە زۆر بوو کە بە گشتی هەموومان لە بە ڕێوە بردنی ژیان و ئێشی شەخسی و خانەوادەگی فەعال بووین. سەرجەم حەوت کەسیان لە پێناو ئازادی و دیمۆکراسی و ڕزگاری گەلی کوردا، گیانیان بەخت کردوە.لە واقیعدا کارێتە و کۆڵەکەی بنەماڵە بوو. مەرگی کاک فوئاد لە باری نەفسی و ڕەوانی یەوە، زەخت و فشارێکی لە تاقەت بە دەری خستبوە سەر شانی هەموو بنەماڵەکە. فشارەکە رووخێنەر بوو کە راستەوخۆ لە سەر وەزعی ڕۆحی و هەڵویستی ئەندامانی بنەماڵەکەتەئسیری دانابوو،ئەو کاتە دژوارە ئێمان و ورەی بەرزی دەویست. هاو کات لە گەڵ نەمانی کاک فوئاد، هەست بە، نە بوونی ئەو زۆردیار و بەر چاو بوو وئێمە لە باری ڕۆحی یەوە پاڵمان پێوە دابوو.ئێمەیش وەک خوازیارانی دیموکراسی و ئازادی بە ورەی بەرز وشۆڕشگیرانەوە سەرمان بۆ دیکتاتوری ئێسلامی دانەنەواند. کەم کەس لە وەزع و حاڵی ئێمە لە باری ڕۆحیەوە تیدەگەیشت.ئەو کەسانە کە گوێ لە دەردی دڵمان بگرن و لانی کەم تیبکۆشن لە

ئێمە تیبگەن زۆر کەم بوون. ژمارەیەک لە هاوڕێان کە ئازیزی خۆیان لە دەس دەدا پرسیاریان لیمان دەکرد چۆن ئێوە تەحەمول و تاقەتی ئەو هەموو خەسارەتە قورس و گەورەتانەتان کردووە !

کاک فوئاد مشاور و ڕاوێژ کاری زۆربەی موشکلات و گیر و گرفتەکانی بنەماڵەکە بوو. تەگبیر و وپرس و ڕای ئەو لە دەورانە سەخت و دژوارەکانی ژیاندا، هەتوان و مەرهەمی سەر برینەکان بوو. هەموو کاتێک داوای دەسگیرۆیی، یارمەتی و رێنمایی یان لی دەکرد. گیر و گرفتەکانی بنەماڵەی، بە زەردەخەنەیەکی سەر لیوەکانیی لیک دەدایەوە و پاشان بیری لی دەکردەوە و چارە سەر و عیلاجی دەکرد. ڕێگا حەللی مەنتیقی و گونجاوی بۆ دەدیتەوە هەموو ئەندامانی خێزانێ دڵسۆزانە یارمەتی دەدا. بە ڕوویەکی کراوەو بە زەردە خەنەوە نەزەری موخالیفی بە ئاسانی وەردەگرت و پاشان بە چەند قسەی کورت و ژیرانە قەناعەتی بە موخالیفەکە دەهێنا. شیکردنەوەی موشکلەکان بە میتۆدی مەنتیقی و گونجاو، تەوزیحی گرفتەکان پۆلیمیک و جەدەل لە سەر بەحسەکان شێوە کاری ئەو بوو. کاتێک نەزەر و بۆچونی موخالیفی دەبیست، دەنگی دەگۆڕدرا و سوور هەڵدەگەڕا.بە خێرایی تیدەگەیشت کە ئەو نەزەر و بۆچونە مەنتیقی و بیرمەندانە نیە و زۆر کاڵ و کرچ و بێ مەعنایە. پاشان بە هێمنی و لە سەرە خۆ قسە و هەڵویستی خۆی دەردەبڕی وموخالفەکە قەناعەتی دەهێنا.

کاک فوئاد سەبارەت بە خوێندن و سەعی یەکێک لە نموونە هەرە جیددی ولایەق وسەرکەوتووەکانی بنەماڵە بوو. جگە لە شاری سنە و دەوروبەری، لە شاری مەریوانیش ناو بانگی دەرکردبوو.

تەئسیری زۆرگرێنگی لە سەر باوکم دانابوو. هەمووپێوەر و هەڵسەنگاندن و پێوانەکانی باوکم و خەڵک و ئاشنا و نزیک لە سەر قیاس و سەرکەوتنەکانی کاک فوئاد دامەزرابوو و هەڵدەسەنگیندرا. کاک فوئاد لە خوێندن و مەدرەسە ئاست و ڕەچەیەکی زۆر دژواری دانابوو کە کەم کەس توانای بە جێ هێنانی هەبوو و دەرەقەتی دەهات. قۆتابی یەکی نموونە و زانا و تیژ بوو. لە تەمەنی

23 ساڵیدا زانستگای تەواو کرد و دەرەجەی موهندسی کارەبای (بەرق) لە باشترین و دژوارترین زانستگای تاران وەرگرت.

کاک فوئاد، کەسێکی خۆشەویست، ڕاستگۆ و باوەڕپێکراو، زۆر فروتەن و بێ فیزبوو و سەریان پێ دەسپارد. قەد دەمار بەرز نە بوو.موخلیسی هەمووان، خاوەنی ئۆتۆریتە و ئێحترام بوو و قەد سات و سەودا و مەسڵەحەت لە بڕیارەکانی دا نە دەبینرا.هەر بۆیە لە کەمترین زمانی مومکیندا بوو بە جێگای باوەڕ و متمانەی جەماوەری خەڵک. یەکێک لە ئەندامە شیلگیرەکانی خانەوادە بوو کە باوەڕی بە بەرابەری و مافی ژنان بوو.لە هەڵویستی مێژوویی و ئێنسانی باوکم سەباەت بە خوێندنی خۆشکەکانمان و دابەش کردنی میرات بە شێوەی یەکسان لە نێوان کوڕ و کچ بە راشکاوی پشتیوانی دەکرد.

کاک فوئاد هەمان ڕێ و شارێگاو جادەی پێشکەوتویی گرتە بەر و بۆ خۆشکەکانی ڕێز و ئێحترامی زۆرتری هەبوو. بە نسبەت ئەو کرێکار و ڕەنجبەرانەی کە یارمەتی و زەحمەتی بەخێوکردنی ئاژەڵ و مەڕ و ماڵات و چاندنی توتون وکشت و کاڵیان دەدا ،زۆر دلۆڤان و میهرەبان بوو. برادەرێک بە ناوی(ئەلف نون) کە لە ئاڵمانەوە بۆ یارمەتی ئێمە هاتبوە شاری سنە ،و لە گەڵمان بوو، وەک برا خۆشی دەویست. نەهیەی کوێخا عەلی کچێک بوو کە ساڵیانی ساڵ زەحمەتی کێشا و هەموو ژیانی بۆ ماڵی ئێمە لە ئاڵمانە تەرخان کردبوو، وەک خۆشک ڕێزی لی دەنا و خۆشی دەویست. خۆشکە زبە کچێکی ئاوارە و عەوداڵ و بێکەس و پەنای بە ماڵێ ئێمە هێنابوو و یەکێک لە هەژارترین کچانی دونیا بوو،بان تر لە خۆشک ڕێزی لی دەنا. ماڵی حەمە ڕەشید بەگ ،لە ڕووی میواندۆستی و پەنادانی هەژاران و پەناخوازان ناو بانگی دەر کردبوو ولە ناوچەدا کەم وێنە بوو و داڵدەی هەژاران و لێقەومانێک بوو کە سیستەمی بێڕەحمی چینایەتی و نەداری ژیانیانی هێندە تاڵ و ناخۆش کردبوو کە دەبوا بە شێوەی جۆراوجۆر یارمەتی درێن.

ئەم کردەوە جوان و ئێنسانی و مرۆڤانەی کاک فوئاد لە سەر خانەوادە زۆر تەئسیر ی هە بوو و دەوری تایبەتی خۆی دەگێڕا. و نیشانی دا، دەبێ بە

نیسبەت هەژاران و بێ کەسانەوە، کردەوەی چاک و مرۆڤانە و ئێنسانی نیشان دەی. کاک فوئاد ئەگەر کردەوەیەکی باوکی بە دڵ و پێی چاک نە بوایە، بەرگرێ دەکرد و توانی لەو بوارەدا دەوری ئەساسی و بنەڕەتی هەبێ.

شاگردەکانی کاک فوئاد نموونەی مەقاوەمەت و خۆڕاگرێ لە زیندانەکاندا بوون. ماجید و ئەمجەدی مستەفا سوڵتانی "گیانیان دا بەڵام هەرگێز ڕازیان نەدا ". ئەمجەد کە دانشجوی ساڵی دووهەمی بەرقی زانستگای ورمێ بوو و ماجید کە دانشجوی سالی سێهەمی پزیشکی کرماشان (دوکتوری) بوو لە لایەن جمهوری ئێسلامی یەوە گیران ولە شاری تەوریز زیندانی کران. وەسیەت نامەکەی کاک ماجید گەیشتە دەستی کۆمەلە و چاپ کرا. نموونەیەک لە دیفاع وئیرادەی پۆڵاین و خۆڕاگرێ و تەسلیم نەبوون و ڕازداری و ئێمان و شەرافەتی شۆڕشگیڕانە یە، کە نموونەی ئاوا بە راستی کەمە.کە لە شەرافەتی ئێنسانی شۆڕشگێڕو زیندانی سیاسی دیفاعی کردوە. تەنیا چەکێ دەستی ئێمان و باوڕی بوو کە تیربارانیان کرد بەڵام پاش گرتنی کەسێکی تر لە ئەندامانی بەشێ تەشکێلاتی نهێنی کۆمەڵە بە هوی ئەوەوە نە گیرا. ئەمجەد هەمان ڕێگا و ڕەچەی شکاند و حازر بە تیرباران بوو ئەمما پاش گرتنی هێچ کەسێکی تر لە ئەندامانی کۆمەڵە نەگیرا. ئەو دوو برایە،لە کاک فوئاد تەئسیریان وەرگرتبوو و پەورەردەی ژێر دەستی ئەو بوون. ئەو دوو برایە، دوو قەڵای سەخت و دژوار بوون کە جمهوری ئێسلامی نیتوانی تەنانەت لە ناوەوەی زندانیش قەڵای ورەیان فەتح کات و بیگرێ. ئەو دوو برایە مەرگ و نەمانیان لە باتی "تەوابی" و چۆک دادان و بەزین هەڵبژارد و قارەمانانە بە پیرایی مەرگەوە چوون و لە کەرامەتی ئێنسان و مرۆڤایەتی و ئامانجی بەرزی هەژارانی کورد و کۆمەڵە و بەشەریەت دیفاعیان کرد.

لە نمونەکانی تری شاگردی کاک فوئاد حسین مستەفا سوڵتانی یە ،لە زانستگای تەوریز لیسانسی بیرکاری (ڕیازیات) وەر گرت و پاشان بوو بە دەبیری دەبیرستانی فەڕوخی مەریوان و بە هاودەستی بە کرێگیراوانی مەریوانی دیل و ئەسیر کرا و بی دادگایی و موحاکەمە و دوای شەش ڕۆژ لە

زیندانی پادەگانی مەریوان لە ڕێکەوتی سێ خەرمانانی 1358 ی هەتاوی تیر بارانیان کرد. شوکریە خانم هاوسەری کاک حسین باردار و حاملە بوو وماوەیەکی پێ نە چوو کچێکی بوو کە فرمێسک ناو نرا. بیرەوەری وەرگی جوانەمەرگەکان بۆ بنەماڵە دەردێکی قورس و گرانە کە هەمیشە برێنەکانی دە کولینیتەوە و **کاتێک فرمێسک لە دایک بوو ئاسمانیش بۆ فرمێسک گریا** .کاک حسین بە هێچ قیمەتێک حازر و ئامادە نە بوو لە سیستەمی پاشایەتی هاوبەشی بی عەدالەتی یەکان و ژێر پێی نانی مافی ڕەنجدەر و هەژاری کورد بی .قەد ئامادە نەبوو لە زەنجیرەی ئەو سیستەمەدا دژی ئازادی، مافی ئێنسانی شارۆمەندانی مەریوان کاربەدەست بی و ئێش بکات . هەر لە ئێدامەی ئەو هەڵویستە ئێنسانی و بە نرخەدا بوو کە دەعوەتی ڕژیمی کە ئێشی موعەلیمی جێ بێڵی و " شارەداری " مەریوان بیت بە توندی رەت کردەوە و قەبوڵی نەکرد . هەڵویستە ئێنسانی و مرۆڤ دۆستانە و شۆڕشگێڕانەکانی کاک حسین لەمپەر و مانیع بوون تا وەک شارەداری مەریوان دژی خەڵک بی و یارمەتی ئەو سیستەمە بدات. هەر بۆیە تکای هەموو ئەوانەی کە کاک حوسینیان خستبوە ناو فەزای ڕوو دەربایسی وشەرم حوزورەوە، بە ڕاشکاوی وەر نە گرت . شاگردوریڕەویکی تری کاک فوئاد ئەمین مستەفا سوڵتانی یە، کە لە دەورانی دیکتاتوری شا وەک ئەندامی کۆمەڵە کاری سیاسی –تەشکیلاتی دەکرد.کاک ئەمین یاوەر و هاوڕێ کاک فوئاد بوو.ویەکیک لە پارتیزانە سەرتایی یەکانی کۆمەڵە بوو. دیپلومی دانشسەرای وەر گرت و بوو بە موعەلیمی دێهاتەکانی هەزارخانی،ئاڵمانە ، مرگ و بارامئاوا لە ناوچەی مەریوان. بە یارمەتی بەکرێگیراوانی ناوچە دیل و ئەسیر کرا ولە زیندانی پادەگانی مەریوان بی دادگایی و موحاکەمە پاش شەش ڕۆژ لە ڕێکەوتی سێ خەرمانانی 58 ی هەتاوی تیربارانیان کرد وکاک ئەحمەدی مستەفا سوڵتانی شاگردێکی تری کاک فوئاد بوو کە دیپلۆمی دانشسەرای وەر گرت وبوو بە موعەلیمی ئاوایی دەری وماوەیەک لە بەشی نهێنی تەشکیلاتی کۆمەڵە هەڵسوڕاو خەباتی کرد. دوژمن و بەکرێگیراوان ئاگادار بوون کە لە بەشی نهێنی کۆمەڵە دا هەڵدەسوڕێ و زانیان،

بۆیە چوە بەشی تەشکیلاتی ئاشکرای کۆمەڵە و لە خەباتی پێشمەرگانە دژی داگیرکەران لە ساڵی 59ی هەتاوی لە نزیک ئاوایی هەجمنەگیانی بەخت کرد.کاک ئەحمەد یەکێک لە موعەلیمە پێشڕەوەکانی ناوچەی مەریوان بوو و بە پێشنیاری چەند جارەی کۆمەڵە لە بەشی نهێنی دەستی بە خەبات کرد . یەکێکی تر لە شاگردەکانی کاک فوئاد ناسری مستەفا سوڵتانی بوو.دوای دیپلۆم بۆ خوێندن چوە کرماشان و دەورەی ئەنیستیتۆی سەنعەتی و تکنۆلۆژی کرماشانی تەواو کردبوو و بوو بە مامۆستای تکنیکی مەدرسەکانی مەریوان و کاتێک جمهوری کۆنە پارێزی ئیسلامی بە هاو کاری و یارمەتی قیادە موەقەت، هێرشیان بۆ مەریوان هێنا و ویستیان ئاوای دزلی بگرن، لە وی بۆ پاراستنی چەند پێشمەرگەی برینداری کۆمەڵە لە وانە کاک توفیقی میانە و کاک ئەحمەدی سلێمانی حوزووری هەبوو. کاک ناسر تا دوا هەناسە و ئاخرین فیشەک شەڕ دەکا و بریندارەکانی کۆمەڵە دەپاریزی. هاوکاری وخەیانەتی ناو خۆیی و قیادە و هێرشێ پاسدار و بەکرێ گێراوانی کورد بازنەی گەمارۆکە بەر تەسکتر دەکەنەوە و سەرەنجام کاک ناسر لە پێناو ئامانجی بەرزی چەوساوەکان و بێبەشانی کورد لە ساڵی59 ی هەتاوی ،سەربەرزانە شەهید دەبێ و تەرمەکەی لە لایەن خەڵکی حەق شناسی دزلی یەوە بۆ مەریوان دەنێردریتەوە .

یەکێکی تر لە تەئسیرەکانی شەخسیەتی کاک فوئاد و ئێعدامی جوانە مەرگەکان حسین و ئەمین لە سەر ژیانی خۆشکی ئازیزمان فایزەی مستەفا سوڵتانی بوو. خۆشکە فایزە لە ئاڵمانە دەورەی شەش ساڵەی خوێندنی تەواو کرد بەڵام هەل و مەرجی سەخت و چاوەڕوان نەکراو نەیهێشت تا خوێندنی پلەی باڵا دەس پێ بکا. فایزە لەو کاتەدا بە کردەوە بڕیاری مێژوویی خۆی گرت و بە خاتر هەڵسوڕانی سیاسی هاوسەرەکەی لە مەکتەبی قورئان و هاوکاری لە گەڵ دوژمنانی کورد، کە دەستیان راستەوخۆ لە جەنایەتەکاندا هەبوو ژیانی ئاسایی و خێزانی خۆی بە جارێک شێواند و دەستی لی هەڵگرت وبە ئێرادە و هەڵویستی خۆی بۆ لای دایکی لە ئاڵمانە گەڕایەوە. ئەو بە خاتر ئەوەی کە خۆشک و باقی براکانی پێشمەرگە بوون دڵی نەدەهات دایە بەهیە بە تەنیایی بە

جێ بیلی. لەم هەلویستە مێژوویی یەدا منداڵەکانی هەتاو و ئەختەر بوون بە قوربانی و ژیانیان بە جارێک شێوا. خۆشکە فایزە هاو دەم و بەشداری زۆر نزیکی خەمە قورسەکان و ژیانی بە راستی دژوار و تالی دایە بەهیە لە ئالمانە بوو. لە گەڵ دایە بەهیە بە ورەی قایم و بەرزەوە سەر بەرزانە ژیا.خوشکە فایزە تەنها ئەندامی بنەماڵە بوو کە زۆرترین مەینەت ورەنج و زەحمەتی چ لە باری هاودەردی و چ لە باری خزمەت بە تاکە تاکەمان کێشاوە. و هەمیشە بە دلێکی لیواولیو لە عاتیفە و مێهرەبانی،و ماندوویی نە ناسانە لە رۆژە خۆش و تالەکانی ژیانمان یارمەتی هەموومانی داوە .

## 24.4 یازدە مانگ!

کاک فوئاد لە پایزی 1353 ەوە تا پایزی1357 واتە ماوەی چوار ساڵ لە زیندانە کانی کۆمیتەی هاوبەشی تاران، زیندانی قەسری تاران و زیندانی شاری سنەزیندانی بوو. پاش تەواو بوونی دەورەی چوار ساڵەی زیندان لە شاری سنە ئازاد کرا. **زۆر بە داخەوە پاش زیندان تەنیا یازدە مانگ ژیا.**

شەپۆلی ئارەزووە مەزنەکانی کاک فوئاد وەک یەکەم پێکەنینی ژیانی پڕ لە نهێنی بوو. پاش زیندان کاک فوئاد وەک کەسێکی حرفەیی و لێبڕاو خەریکی ئێشی سیاسی بوو. دەورانێکی کورت بوو ئەمما لە عەینی حالدا دەورانێکی پرشنگداری هەلسوڕان و خەباتی نێوە ئاشکرای کۆمەڵە بوو. لەو یازدە مانگەدا کاک فوئاد زۆر تەجروبە و سوننەتی ڕادیکاڵ و شێوەی ڕێبەری خەباتی جەماوەری بۆ کۆمەڵە بە جێ هێشت. پراکتیک و بیر و ئەندیشەی ئەو، هاوچەرخ و بە ڕاستی لە گەڵ واقعیەتی ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەلک و رووناکبیراندا گونجاو بوو.

کاک فوئاد دوای چوار ساڵ زیندان، ئازاد کرا و پاشان تەنیا یازدە مانگ ژیا وگیانی لە پێناو ئازادی و دیمۆکراسی بەخت کرد. تەنانەت زۆربەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە سەر ئەو قەناعەت و باوڕە بوون،کە کاک فوئاد لەوماوە کەمە (یازدە مانگ)، دەسکەوت و تەجروبەی گرانبەهای بۆ کۆمەڵە و

خەلکی کورد بە جی هێشت. لە ماوەیەکی کورت واتە یازدە مانگ لە هەموو ڕووداوە چکۆلە و گەورەکانی کوردستان دەوری ڕێبەرێکی لایەق و رادیکاڵ و زانای بووە. ساز کردن و ڕێک خستن و پەیمان تازە کردنەوەی هاورێ یانی کۆمەڵە لە ناو ڕێکخراوەکەیاندا، شورای شاری مەریوان، یەکیەتی جووتیاران، ئێتحادیەی کرێکارانی بێکاری مەریوان، حوزوور لە پاوە، سنە، دیواندەرە، کەرەفتوو، سەقز، بۆکان، مەهاباد، بانە، ناوچەی مەریوان وەک پێشمەرگە، شەڕی خوێیاوی سنە58، موزاکرە و گفتووگۆ لە گەڵ نوێنەرانی ڕژیم لە سنە و مەریوان، کۆبونەوە لە گەڵ ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات و ئوپۆزیسیونی جمهوری ئێسلامی لە بانە، ڕێک خستنی مانگرتنی زەحمەتکێشانی بێلو لە داد گوستەری مەریوان ،جەمعیەتەکان و. .. دەیان روداوی تاڵ و شیرینی کوردستان تەنیا نمونەگەلێکن کە بەشێکی زۆرگەورە و شکۆداری مێژووی خوێناوی و سەرکەوتووی کوردستانە وهاو کات شەخسیەتی سیاسی – کۆمەڵایەتی کاک فوئاد وەبیر دێنەوە و لەو مێژوەدا ڕێبەری ئەو زۆر بەر چاو و دیارە.

بە ڕێز کاک لەتیف بەڕی لە" وتاری دیسان ژانی گەل و خەمی کۆمەڵە" سایتی ئاشتی مانگی ئاوریلی 2007 ئاوای نوسیوە : ... بە بڕوای من کۆمولە لە سەردەمی کاک فوئاد مستەفا سولتانی بە نە چوونی بۆ ناو ئەم سیرکل و گردەلوولە بوو کە توانی ئاوا گەورە بێتەوە و گەشە بکا، ئەوەی بە داخەوە ئێستا لیی بە جێ ماوە هەنووکە تووشی گەورەترین ئالۆزی و بە خۆ مەشغولی دەردناکی خۆیەتی. ئەمانەی دوای کاک فوئاد ، نە تەنیا خۆیان، بەلکۆ ڕەوتی کۆمەڵە شیان تووشی نازایی و لێکەتوویی کرد، ئە دی لە چی دەسکەوتیان هەبووە. کۆمەڵەیەک کە کاک فوئاد ماوەی یازدە مانگ کاری بۆ کردبوو، بەڵام ئەمانە 28 ساڵە ناتوانن بەردی بناخەکانی دەر بێنن . و ...

بە ڕێز کاک مەحەممد موهتەدی سیمای ناسراو و شۆرشگێڕی کۆمەڵە لە وتاری " دیفاع لە کۆمەڵە پێویستی یە کی مێژوویی و کۆمەڵایەتی یە " سایتی ئاشتی مانگی مای 2007 کە بە کوردی تەرجومە کراوە ئاوای نوسیووە : ...

تێروانینێکی کورتی مێژووی کەمتر لە یەک ساڵی تێکۆشانی کومەڵە بە ڕێبەری هەمیشە زیندوو کاک فوئاد دەرسێکی گرانبەها و پڕ بایەخمان پێ دەدا کە هاوڕێ فوئاد عەداڵەتخوازی و مارکسیزمی لە دێڕە پرژ و بڵاوەکانی ئەم و ئەو دەر نە هێنابوو. لە ڕاستیدا بە پێچەوانە لەو قۆناغەدا کۆمەڵە بە ڕێبەری پسپۆڕانەی ئەو بەر لە کونکریت کردنی وتەکان ، خەبات و ئێعتراز گەلیکی مەزن و گەورەی هەڵبژارد و ڕێبەری کرد کە ئێستا بەشێکی جیا نەکراوە و زۆر گرینگ لە مێژووی هەژارانی کوردستانە . ئێمە نزیکەی 28 ساڵە ئەم قۆناغە کورتە مێژوویی و شکۆدارەی کۆمەڵە تاریف و مەدح دەکەین، دەنوسین و شی دەکەینەوە .لە هەمان کاتدا هەمیشەیش هاوڕێ فوئاد و ڕابەری یەکەی نانوسین . دامەزراندنی یەکیەتی جووتیاران، بەشداری و حوووری لیبڕاوانە لە بزووتنەوەکان، دروست کردنی جەمعیە دیموکراتێکە کان، خەبات و تێکۆشان و دیفاع لە مافی دیموکراتیک لە بەرانبەر کۆنەپاریزانێک وەک موفتی زادە و قیادە موەقەت ، بریاری بزووتنەوەی بەرەنگاری گەلی کورد و ... هەمووی لە کاتی حەیات و بە ڕێبەری زانایانەی ئەو کراوە . کاک فوئاد هەموو ئەم کارە مەزن وگەورانەی بە ڕێنوێنی و ئاموژگاری و قسە پوچەکانی نەفامەکان کە لە هەموو جێگایەک ڕاویان نابوون و لای ئێمە گیرسانەوە، گرێ نەدا و نە سپارد. بەڵکوو هەموو ئەمانەی بە پشت بەستن بە هێزێک کە پاشان ...

بەڕێز کاک مینەی حیسامی ئەندامی زۆر خۆشەویستی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە وتاری " کۆمەڵە قوربانی بەرزە فڕی یە سیاسی یەکان " سایتی ئاشتی مانگی ئاوڕیلی2007 کە تەرجومە کراوە لە پاراگرافێک بە ناوی – دوو دەرک و تێگەیشتنی جیاواز لە کۆمەڵە -ئاوای نوسیوە :

کۆمەڵەیەک کە ئێمە باسی دەکەین ئێدامە و گەشەی واقیعی کۆمەڵەیەکە ،کە هاوڕێ فوئاد مستەفا سوڵتانی بەرپرسی بوو. هاوڕێ یەک کە بۆ جێ خستنی سوننەت گەلێکی خەباتکارانەی دیاریکراو لە کۆمەڵەدا دەوری زۆر گرینگ وتایبەت و بەرچاوی هەبوو. لە دەوران و قۆناغێکی کورت و پڕبایەخ لە هەڵسوڕان و خەباتی ،کۆمەڵە ی بەرەو کاناڵ و میحوەری ئاڵ و گۆڕە

گرینگەکانی کۆمەڵایەتی هیدایەت کرد . لە ئاکامی ئەوخەبات و تێکۆشانە کۆمەڵە بوو بە هێزێکی قورسی کۆمەڵایەتی کە لە هەموو بوارەکاندا لە سەری حیساب دەکرا . دەتوانم ئاماژە بە چەند نموونە لە خەبات و هەڵسوڕانی بی وچانی کاک فوئاد بکەم .لە وانە سازمان دانی "جەمعیەت"ە دیموکراتیکەکان لە زۆربەی شارە کورد نشینەکان،سازمان دانی یەکیەتی جووتیاران،ڕابەری ئێعترازاتی خەڵکی مەریوان و بڕیاردانی کۆچی مێژوویی خەڵکی شاری مەریوان ، ڕێپێوانی خەڵکی شارەکانی تر و دێهاتی کوردستان بەرەو مەریوان بۆ پشتیوانی لە خواستە عادلانە کانی خەڵکی ئەم شارە،دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و ڕێک خستنی بەرەنگاری و خەباتی بەرینی کۆمەڵانی خەڵک لە بەرانبەر هێرشی هێزەکانی ڕژیمی جەنایەتکاری جمهوری ئێسلامی و..

بە ڕێز دوکتور داریوش نەویدی کە سایەتی بە ناوبانگی سیاسی لە وتاری " کورتە وڵامێک بۆ سەلاحی مازوجی " سایتی ئاشتی مانگی ئاوریلی 2007 کە تەرجومە کراوە لە لاپەڕەکانی 7 و 8 ئاوا ی نوسیوە :

گوایە کاک فوئاد دەیتوانی ڕێ پێوانی مێژوویی مەریوان لە شاری قوم ڕێک بخات ، و یا یەکیەتی جووتیاران و ... لە تاران دامەزرینیت و پێک بێنیت ، و تەنیا چونکوو کورد بووە و ڕەنگە " ناسیونالیست" ئەم خەباتانەی لە کوردستان ڕێبەری و سازمان داوە و بەرەو پێشی بردووە ، و یا پاشان دەکرا هێزی پێشمەرگە لە هەر شوێنیکی تری ئێران ،بۆ نموونە لە ئەسفەهانیش ڕێک بخات .

ڕێبەری کۆمەڵە – و بە تایبەت کاک فوئاد ، نە بە خاتر ئەوەی کە گیانی بەخت کردووە ،بەڵکوو بە خاتر تیگەیشتنی بە رزی سیاسی و شۆڕشگیڕانەی – توانی لە سەر بناغەی ئاوا هەلومەرجێکی سیاسێ، ئابوری،کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەوری مێژوویی خۆی سەبارەت بە گەشە و تەکامولی کۆمەڵە کە ڕێکخراوەیەکی چکۆلە ونهێنی بەڵام لیبراو وشۆرشگێرانەوە بوو تا ڕێکخراوەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی بنوێنی . هەر بەم دەلیلە بوو کە کۆمەڵە توانی زۆربەی هەرە زۆری چەوساوەکان و هەژارانی کوردستان لە دەوری ئاڵای عەدالەت خوازی،دیموکراسی خوازی، بەرابەریخوازی و خوازیاری

لابردنی ستەمی نەتەوایەتی کۆ کاتەوە . لە بەر ئەوە بوو کە بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان کۆمەڵەیان بە تەشکیلات و ڕێکخراوەی خۆیان دەزانی و شانازیان پێوە دەکرد و هیوادارم ڕۆژێک لە ڕۆژان و دیسانەوە هەر وا بی .

**دیوید مک داول لە کتێبی "مێژووی مۆدێڕنی کوردەکان " ئاوای نوسیوە:**

کۆمەڵە لە هەرێمی مەریوان جووتیارانی بۆ خەبات دژی فیئوداڵە گەورەکان پشتیوانی و ڕابەری دەکرد . لە مانگی ژوئنی 1979 (مانگی تیری 1358) جووتیارانی تورە بەرەو کومیتەی ئێمامی مەریوان تەزاهورات و ڕیّ پێوانێکی گەورەیان کرد و خوازیاری دەر کردنی فیئودالەکان و لایەنگرانیان بوون . لە هێچ شوینێکی تری کوردستان کۆمەڵە بە ئەندازە و لە ئاستی هەرێمی سنە و مەریوان بە دەسەڵات نە بوو. لە ڕوانگەی مێژوویی یەوە ئەم دەسەڵاتە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوندی بە ڕێبەرانی خاوەن ئوتوریتەی کۆمەڵە کە دانیشتوو و شارۆمەندی ناوچەکە بوون ، هەبوو. هەروا ئەوان ( کۆمەڵە ) مێژوویەک لە هاوخەباتی چینایەتییان لە ناوچەکەدا هەبوو. بۆ نموونە لە ساڵەکانی 1917-1918 تاقمێک لە بازرگانە کەم دەسەڵاتەکانی سنە ،حیزبی سوسیال دیموکراتیان پێک هێنابوو. کاتێک قاتی و قڕی و برسیەتی لە کوردستان بەو پەڕی خۆی گەیشت ،ئەوان کونترۆڵی شاری سنەیان بە دەستەوە گرت و ئەنبارە شاردراوەکانی گەنم و جۆ کە لە لایەن ئەعیان و ئەشرافی شارەوە و بە تایبەت فەرەج اللە ئاسەف دەستی بە سەرا گیرابوو و خەڵکی برسییان لە نانی ڕۆژانە مەحرووم کردبوو.موسادرە کرد و لە نێوان خەڵکی برسی و هەژاری سنە ، دابەشیان کرد .حیزبی سوسیالیست لقی سنە لە ساڵی 1920 خۆی ڕێک خست و تا شەش ساڵ خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی کرد و پاشان لە ساڵی 1926 دیکتاتوری حیزبەکەی هەڵوەشاندەوە و عومری کۆتایی پیّ هات .

کاتێک حیزبی دیموکرات نیتوانی پشتیوانی ئەوانەی کە لە بەهاری 1979 لە سنە و مەریوان لە گەڵ پاسدارەکان شەڕیان دەکرد بۆ لای خۆی ڕاکێشیت و بە دست بێنی ، کۆمەڵە و چریکەکان بە خێرایی پەردەیان لە سەر

کردەوەکانی حیزبی دیموکرات لابرد و کۆمەڵە وەک هێزێکی سەرکەوتووی ناوچە هاتە مەیدانو چونکووکۆمەڵە لە پراکتێکدا دیموکرات تر بوو، بۆ زۆربەی خەڵک سەرنج ڕاکێش بوو .

## ڕێبەرێک کە خەیانەتی پێکرا !

ئێستاش داخی مەرگی کاک فوئاد لە سەر دڵی جەماوەری خەڵک ماوە کە بۆچی کۆمەڵە لێژنەیەکی باوەر پێکراو لە ئەندامانی خۆی دیاری نەکرد تا سەبارەت بە مەرگی گومان لێکراوی کاک فوئاد لێکۆڵینەوەیەکی چرو پری تەشکیلاتی وڕێکخراوەیی بکات. و پرسیاریش لە خەڵکی ئەو شوێنانە بکات کە کاک فوئاد لە سەفەری بەرەو بانە و مەریوان دیداری کردوون وهات و چوی کردووە . و داوای یارمەتی لە خەڵکی هەرێمەکانی بانە و مەریوان بکا کە بێگومان زۆر شتی نهێنی ،شاردراوە و نەوتراو، ڕوون دەبوەوە و دەگوترا . و بۆچی لە هاوسەفەرەکانی کاک فوئاد تا ئێستاش پرسیارێک سەبارەت بە مەرگی کاک فوئاد نە کراوە ؟ دوای 28 ساڵ هێشتا کۆمەڵە زانیاری کۆ نە کردوەتەوە و خاوەنی پەروەندە و دیکۆمینت و نوسراوەیەک سەبارەت بەو پێلانە دارێژراوە نی یە . پرس و جۆ، لیکۆڵینەوە و کۆ کردنەوەی ماتریال و دیکۆمینتی باوەڕ پێکراو بۆ نموونە سەبارەت بە مەرگی کاک فوئاد و کارەساتەکانی تیروری کاک سەدیق و مەرگی دوکتور جەعفەر و کوژرانی بە کۆمەڵی گوردانەکان و ئازیزانێکی تریش، زۆر پێویست و ئەرکی مێژوویی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵەیە.

# 24.5 وەسیەت نامەی گیانبەختکردوو

## بە ڕێز ماجید مستەفا سوڵتانی

1- زیندان: هەرێمی ئازەربایجان شاری تەوریز
2- ناوی نهێنی لە زیندان : سادق خودا دوست
3- وسیەت نامەکە :بە فارسی نوسرابوو و بە زمانی کوردی تەرجومە کراوە
4- لە گۆڤارەکانی کۆمەڵە چاپ و بڵاو بوەوە

دایە! دایە ! دایە!
گەر هاتمەوە بڕیار وایە پڕ باوەشم تاسەی دووریت بۆ بێنمەوە.
لەشم ورد کە ، شکەنجە !
ناتوانی هەرگێز لە ژێر ئازار و دەرد ،
نهێنی یەک ، لە من و هاوڕێ کانم بە بیستی .
لەشم ورد کە ،
بەڵێنی ژیانە !
ئاخر ، لیوەکانم ڕازدارە
ومن
نایشکێنم هەرگێز ئەم سکوتە !
چ دەکا بە دڵی ئاورێنم، ئاگرێ گوللە ؟
بڵشوێک ئاسا ، دەبێ بمری !
هاورێ یان و دۆستانی خۆشەویستم !

بە سڵاوی گەرم و ئاگراویەوە، خۆشەویستانە و لە دوورەوە دەستتان دەگوشم . سەرکەوتنی شۆڕشی ناتەواوی گەلەکەمان،بە ڕێبەری چینی کرێکارو پەیگیری هەر چی زۆرتر و زۆرترمان سەبارەت بە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و خەباتی گەلەکەمان و خەباتی دڵسۆزانە و لیبڕاوانە و نەپساوەتان دژی ڕخنەکان

و لادانەکانی ناو ڕێکخراوەیی که لە ئاستی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئێستای گەلەکەماندا هەیە، و خەباتی سەخت و بێ وچان لە پێناو بنیاد نانی ڕێزی سەربەخۆی چینی کرێکار ، سەف و ڕێزێک که پڕ هێز و پڕ قودرەت و دوور لە هەر چەشنە ڕاڕایی ولادانێک ، خەباتی چینایەتی تا گەیشتن بە دامەزراندن و سەقامگێر کردنی سوسیالیزم ڕێبەری بکات . و هەروها شادی و خۆشی و سەربەرزیتان ئارەزوومە .

**هاورێ یان !**

چەند مانگ پاش دەستگیری لە زیندانی ڕژیمی دژی گەلی، ڕژێمێک کە لە هەوەڵین ڕۆژەکانی بە دەسەڵات گەیشتن ،بەڵێن و پەیمانی خۆی بۆ سازکردنەوەی سیستەمی سەرمایەداری گرێدراو ، و سەرکوتی کرێکاران و بێ بەشان نیشان داوە . کە سەرکوت و تەزاهورات و ڕێ پێوانەکانی کرێکارانی بێکاری لە ئەسفەهان. تەوریز، دووڕوود و ... خەڵتانی خوێن کرد و هەڵپێچانی شورا واقیعی و هەڵبژێردراوەکانی کرێکاران و جەنایەتە بێ سنوورەکانی لە کوردستانی قارەمان و تورکەمەن سەحرا و ... بە هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران و دونیا سەلماند .

سەرەنجام لە بێ دادگای ڕژێمی دژی خەڵکی و کۆنەپەرەستی بە دەسەڵات گەیشتوو بە بۆنەی پشتێوانی و دیفاع لە چینی کرێکار و تاوانی ئەوەی من برای " کاک فوئادم " بە ئێعدام مەحکوم کرام .

دوای ئەوەی حوکم و سزاکەم لە بێ دادگای تەوریز دیاری کرا، سوێند بە ئامانجی چینی کرێکار ! سوێند بە گەلم ! بە هەڵویستی ئاورێنم وەڵامی مفتە وێژی جەلادەکانی زیندان ، نوری و مورتەزەویم داوە. لە فێرگە و مەدرەسەی کاک فوئادەکان ،کاک حوسینە کان ،کاک ئەمینەکان ،( سێ برا و هاورێی دڵسۆز و شەهیدم )، حوسین کەریمیەکان پیرخزریەکان ،فەرشچیەکان،گەنجیەکان موعینی یەکان، زەکەریایەکان قوبادیەکان،.. دیفاع و پشتیوانی لە ئامانجی چینی کرێکار فێر بووم.

**کاک فوئاد فێری کردم کە :**

چ بکەم لە هەستی دڵی پڕ لە جۆش و خرۆشم،کە ئۆستادم جگە لە ڕاوەستاوی و دیفاع لە ئامانجی بەرزی چینی کرێکار، شتێکی تری فێر نە کردم !

ئەمرۆ و سبەی ، کە ڕگباری گوللەی دوژمن دوور لە چاوی ئازیزان خڵتانی خوێنم دەکا ولەش و قامەتی چنار ئاسام دەدارێنیتەوە و لە خوێنی خۆم دەمگەوزێنی. لەم ئاخرین کاتانەی ژیانم ، تەنیا ڕاسپاردەم بە هاورێ یان ، خەباتی نە پساوە و سەخت لە پێناو پێک هێنانی ڕێزی جیاوازی چینی کرێکاربە شێوەیەکی ڕێک و پێک ، پۆڵاین و دوور لە هەر چەشنە لادان ، بۆ ڕووخانی سیستەمی سەرمایەداری و بنیاد نان وبەردەوام بوونی سوسیالیزمە . بێگومان ئەم خەباتە لە ناوەڕۆکدا، خەباتێکە ، کە ڕاستەوخۆ دژی لادانەکان ودابڕانەکان لە بنەما سەرەکیەکانی ناو ڕێکخراوەکە یە.

**وتەیەک بۆ باوک و دایکم !**

پاش چەند مانگ دووری و بێ خەبەری بە سڵاوێکی گەرم و ئاگرین دەستی پڕ عاتیفە و پڕسۆزتان ماچ دەکەم .ئێستا ئەمە ئاخرین " نامە " و ئاخرین " ڕاسپاردەمە " کە پێشکەشتان دەکەم .

**باوک و دایکی خۆشەویستم !**

هەر دووکتان ، لانی کەم لە ئەزمونی ژیانتان، پاش ساڵی 56 و گەشەی خەباتی گەلانی ئێران لەم مەسەلە بە باشێ تێگەیشتون : کە هێچ شۆڕشێک بێ قوربانی و خوێن بە سەرکەوتن ناگات و ناکرێ .چونکوو چینی کرێکار و هەموو چەوساوەکان، بۆ ڕزگاری لە چەوساندنەوەو شکستی چەوسێنەران و بەدەس هێنانی دەسەڵاتی سیاسی ڕێگایەکیان جگە لە وەی پەنا بۆ قەهر و زەبر و زەنگێ شۆڕشگێڕانە بەرن ، نیە . بەدەس هێنانی ئەو دەسەڵاتە ش تەنیا و تەنیا چینی کرێکار دەتوانی ڕێبەری بکات . ئێمە بە ئێمانی پۆڵاین و بەم جۆرە دەستمان بە خەبات کردووە و ڕێگایەکی دژوارمان هەڵبژاردوە .باوڕمان وایە هەر چەشنە دوودڵی و ڕاڕایی، خەیانەت بە ئامانجی چینی کرێکارە .و سێ

برای قارەمان و شەهیدیشم ، ئیمان و باوەڕی کامیلیان بە چینی کرێکار بوو کە بێ ڕاڕایی و دوو دلی، خوێنی گەشیان پێشکەش کرد .تا بەخوێنی سوورو گەشیان داری ئازادی کرێکاران و زەحمەتکێشان ئاو دەن .

ئێستا منیش دەمەوی بە شانازی یەوە بڵێم : کە ڕچەی ئەوانم شکاندووە و پێم لە جێ پێی پڕ شکۆ و پڕ لە شانازی ئەوان داناوە ، منیش بە پێشکەش کردنی خوێنی خۆم، و مەرگێکی پڕ لە شانازی و سەر فەرازی داری ئازادی ئاو دەدەم ، و کەسێک لەو سەدان و هەزاران قوربانیە دەبم کە پرۆلیتاریای ئێران و جیهان بۆ بەدەس هێنانی دەسەڵاتی سیاسی و ڕووخاندنی نیزامی گەندەڵی سەرمایەداری تا ئێستا داویە و لەمەودواش دەیدا . ڕەنگە بە بۆنە و بە هۆی سۆز و عاتیفەی بی سنووری باوکانە و دایکانە ... وتەکانی منتان بە دڵ نەبێ وبۆ ئێوە دڵتەزین بێ. بەڵام " ئێمە " ڕێگایەکی ترمان نیە و بەو هێوایە ڕۆژی لە ڕۆژان قسەکانم هەست پێی بکەن ولە وتەکانم نەڕەنجن .

| | |
|---|---|
| **تا شەهید خوێنی نە ڕێژی** | **تاکوو گەل تاڵی نە چێژی** |
| **داری ئازادی شین نا بێ** | **باخی ژێنمان پەرژین نا بێ** |

**کە وایە باوک و دایکی ئازیزم !**

بەم شێکردنەوانە و ئەوتەجروبە و ئەزمونانەی کە خۆتان لە ژیان و بە تایبەت لەم چەند ساڵەی دوایی بەدەستان هێناوە چاوەڕوان دەکەم کە خەم و پەژارەتان بکەنە هێزێک بۆ بردنە سەرەوەی وورەی شۆڕشگێڕانەی خۆتان وبراکان و خۆشکە کانم .ئەگەر چێ براکان و خۆشکە کانی ترئەم ڕچە و ڕێگا پڕ لە شانازی یەیان هەڵبژاردوە ، بێگومان وورەی بەرزی ئێوە ، هێز و هەناو و دڵگەرمی زۆرتریان پێ دەدا . بۆ هەموو براکانم و خۆشکەکانم ڕێزو سڵاوم هەیە ، و ئەم ڕاسپاردەیەم بە هەمووان و بە تایبەت بە کاک ڕەشادو کاک عبدوڵڵە و خۆشکی بە ڕێز و ئازیزتر لە گیانم مەلەکەی خۆشەویست و براکان، ئەمجەد، ڕەزا و حیشمەت و براژنی میهرەبان شوکریە و منداڵە کۆرپەکەی " فرمێسک " ی ئازیز بەگەیەنن.تکایە وئامان سەد ئامان بۆ فرمێسک، ،تەوزیحی قارەمانانە ی

شەهامەت و ورەی پۆڵاینی سێ مامو و باوکێ ، له بیرتان نه چێت و دەبێ لەم بابەتەوە زۆر فەعال و دڵسۆزانه له هێچ ڕوونکردنەوەیەک دریغ نەکەن و کۆڵ نەدەن .

**براکان و خۆشکەکان و شوکریەی ئازیز !**

چاوەڕوانی هەمووتانم که له فرمێسک،ئاورێک دروست کەن ،تا نێڵه نێڵ بسوتێ و تاریکی بتارێنی .مەلەکەی ئازیز ئەگەرچی ئێمانم به وره وسەداقەتی شۆڕشگێڕانەت هەیە، بەڵام به مەبەستی ئەوەی بزوتنەوەی کرێکاری له نزیکەوه بناسی و بۆ یارمەتی هەرچێ زۆرتری خۆت پێشنیارت پێ دەکەم هەوڵ و تەقالا بدە ، لەمەودوا بچێته تاران یان تەوریز و هەڵسوڕانی سیاسیت له پاڵ و پەیوەندی له گەڵ هاوڕێ یانی ئەوێ دریژه و ئێدامه بدە . بۆ براکان و هەمووان و هاوڕی یانی تر ڕاسپاردە و پەیامێکم جگه له هەوڵ دان و تێکۆشانی بێ وچان نیه .پێویسته هەرچی زۆر تر ئێدئولوژی چینی کرێکار فێر بن و خۆتان بەو ئێدۆئۆلوژی یه به هێز کەن تاله مەیدانی خەباتدا خاراو ، پتەو و سەرکەوتوو بن .

**و ئێستا وتەیەک بۆ دایکم !**

کوڕی تۆ نیم ، حاشات لی دەکەم دایە، ئەگەر له کوشتنی من ، فرمێسک هەڵوەرێنی و وەک مردن چاو له ئێعدامم کەیت .کوڕی تۆ نیم ،ئەگەر پەیکەر و لەشێ خەڵتانی خوێنمت بینی خەم و پەژاره داتگرێ ! کوڕی تۆ نیم ئەگەر له بینێنی جەنازەی له خوێن هەڵکێشراوم پەژاره داتگرێ . پەژاره و خەم له دڵت بتارێنه و له حاست و بەرانبەرجەنایەتی دوژمندا هەرگیز پرمەی گریان نەتگرێت و شێوەن نەکەیت !

ئەگەر هاورێ یانی ڕێگام جل و بەرگی ڕەش له بەرتۆدا بەبینن، حاشا لەتۆ دایە ! تیرباران له پێناو ئامانجی بەرزی چینی کرێکار زەماوەندی منه دایه ! کراسی له خوێن گەوزاوم ، چل چرای ژووری زاوایەتی منه دایە ! ئەگەر دایکی و دایکی منی دژی ئەم هەموو جەنایەته دەنگ هەڵبڕە و هەسته ! جلی ئاڵ و واڵ له بەر کە ! له بەرۆک و سینگی خۆشکم گوڵی سوور هەڵواسه ، چەک و

فێشکدانم لە سەر شانی خۆشکم دانێی کە سالیانی سالە بیر و بۆچون و باوڕ و ئیمانی وەک منە .دەنگ هەلبڕە و کراسی ئال و وال لە بەر کە ، و ناوم وەک سکلی سوورو ئاورێن هەلگرە تا دوژمن لە بلێسەی ئەو ئاگرە بە لەرزێ !
کلپەی شۆڕش لە کوردستان ، لە گشت ئێران هێزی بەزووی گشت سەربەستان ،

| | |
|---|---|
| **ولات دەکات ، بە گۆڕستان** | **بۆ خاینان و بۆ پەستان !** |
| **ئەوسا میللەت خۆی دەزانێ** | **داری خنکان بۆ کێ دانێ .** |

به سلاو و ئێحترامی زۆرەوە ، سەرکەوتوو بن !
مەرگ بۆ ئەمپرپالیزم و کۆنەپەرەستانی ناو خۆیی !
بژی سوسیالیزم !
بێ دادگای تەوریز ــ ماجیدی مستەفا سولتانی
هەشتی تیر مانگی 1360

**ڕوون کردنەوەیەک :**

ــ ژووری زیندانی هاورێ ئەمجەد و هاورێ ماجید لە دوو بەشێ جیاوازی زیندانی تەوریز بووە .و کاک ماجید تا کاتی تێرباران نەیزانیوە کە برا چکۆلەکەی گیراوە .کاتێ بەرە بەیان کە بۆ تیر باران ڕیزیان دەکەن و دەیان هێنە حەوشێ زیندان ، ئەو کاتە ماجید ئاگادار دەبێت وبۆ ئاخرین جار دەس لە مل ئەمجەد دەکات و لە ئامێزو باوەشێ دەگرێ و ماچی دەکات . دیدار و چاوپێکەتنی ئەو دوو برایە ساتێک بوو و ڕگباری دوژمن نەیهێشت و مۆلەتی نەدا تا تاسەیان لە یەکتر بشکێ !

ــ تەنانەت کاک ماجید ، لە گرتنی خۆشکێ گەورەی " فایزە ی مستەفا سولتانی" و کچی مامی "فرشتە ی مستەفا سولتانی" کە هەردووکیان لە تەوریز گێرابوون و لە هەمان زینداندا بوون، ئاگادار نە بوو.

**ڕەشاد مارس 2005**

# 25. کۆمەڵە دوای کاک فوئاد

کۆمەڵە لە دەورانی کاک فوئاددا بی کەم و کورِی نە بووە، نە بوونی فەزای دیموکراتیک و خەفەقانی سیاسی لە رژیمی پاشایەتی دا زەق و بەر چاو بوو. خەڵک ئەزموونی ئێستفادە و کەڵک وەر گرتن لە رێکخراوە دیموکراتیکەکان و ئێستفادە لە ئازادی یە فەردی یەکان وەک ئازادی بەیان و بیر و باوەڕیان نە بوو. جار و بار هەڵسوڕاوانی کۆمەڵە لە و هەل و مەرج و شەرایەتەدا دووچاری چەپ رەوی دەبوون. کۆمەڵە رێکخراوێکی بە تەمەن نە بوو و ماوەیەک بوو کار و هەڵسوڕانی کۆمەڵایەتی –سیاسی خۆی بە ئاشکرا دەست پێکردبوو. تەجروبەی زۆری سەبارەت بە کاری حیزبی نە بوو و لە هەمان کاتدا رێبەرانی کۆمەڵە هەموویان گەنج و لاو بوون و دەورانێکی زۆر لە زیندانەکانی رژیمی پاشایەتی زیندان کرا بوون وئەزمون و تەجروبەی کاری سیاسی یان بەر بڵاو نە بوو.ئەوانەی کە لە لایەن ساواکەوە نەناسرابوون و زیندان نەکرابوون جگە لە کادر و ئەندامانی بە ئێمان و لیبڕاو ،ئەوانی تر لە کردەوەدا وازیان لە خەبات هێنابوو و پێیان وابوو لە بەر زەختی پولیس کارێکی ئەوتۆ ناکرێت و خەرێکی ژیانی شەخسی خۆیان بوون . و رۆحیەیەکی پاسیفیستی بە سەر بەشێک لە کادرەکانی کۆمەڵە کە زیندان نەکرابوون زاڵ بوو. و کادرە گیراوەکان تەنیا بە چەکی ئێمان و شەرافەتی شۆڕشگێڕانەوە لە سەنگەری خەباتدا ڕاوەستان و چۆکیان بۆ رژیمی شا و ساواک دانەنەواند و سەربەرزانە لەو سەنگەرەدا دەیان ڕاز و نهێنی و کۆمەڵەیان پاراست .بە رێز کاک سەعید موعینی بە خاتر نوسراوەیەکی دەست نووس ، ماوەی 27 مانگ شکەنجە کرا و هەر دەیگوت دەست نووسەکەم لە پارکی شارو لە ژێر دارێکدا داکەوتبوو و هەڵمگرتوە و هەرگیز ئێعترافی نەکرد. دوای زیندان لە لایەن کۆمەڵەوە کاک سەعید بۆ کار و باری تەشکیلاتی بەرەو یەکیەتی نیشتمانی ناردرا و زۆر بە داخەوە ساڵی 1357 لای شارۆچکەی ماوەت لە کوردستانی باشوور لە شەرێکی نابەرابەر لە گەڵ هێزی بەعس شەهید بوو . خەبات و ئێعتبار و کاراکتری کۆمەڵە بەرهەم و حاسڵی رەنج و کاری هەموو هەڵسوڕاوان و تێکۆشەرانی بوو، و دەتوانم ئێدیعا

کەم بە هیچ شێوەیەک کاری تاکە کەس نە بوو. کاک فوئاد بە هەموو ئەو لیهاتووی، زانایی، هێژایی وسەداقەتەوە بی هاوڕێ کانی و هەڵسوڕاوانی کۆمەڵە نیدەتوانی کارێک بکا و نەقش و دەوری ڕێبەری کاک فوئاد لە گەڵ زەنجیرەی تەشکیلات و ڕێکخراو و تان و پۆی کۆمەڵە تەرجومە دەکرێتەوە و مانا پەیدا دەکات. لێکدانەوەکانی کۆموڵە لەو سەردەمەدا زۆر لە گەڵ ڕەوتی جوڵانەوەی چین و هەموو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان و هێز و میزانی ئامادە بوونی جەماوەر بۆ خەبات گونجاو بوو و هەر بۆیە زۆر زوو بوو بە هێزێکی جەماوەری و جێی بڕوا و متمانەی بەشێکی بەر چاو و هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان .کۆمەڵە توانی لە ڕێکخستنی ئەو هێزانە، لە ڕێکخراوە بەر بڵاوەکانی دیموکراتیک دەور و نەقشی سەرەکی هەبێت . ئەو ڕێکخراوانە تان و پۆی حیزبییان نەبوو بۆیە بە باشی هەڵدەسوڕان و خەباتیان دەکرد .دەور و کاراکتری کاک فوئاد کە ڕابەری کۆمەڵەی ئەو سەردەمە بوو لە داڕشتنی گەلاڵەکان و سیاسەتەکانی کۆمەڵە زۆر بەر چاوە .

یەکێک لە ئەندامانی ناوەندی کۆمەڵە گێڕایەوە کە: مەرگی کاک فوئاد بۆ گەلی کورد بە گشتی و بۆ کۆمەڵە وناوەندی کۆمەڵەیش بە تایبەتی خەسارەتێکی قورس و هەرەسێکی بی سنوور بوو. ئەندامانی ناوەندی کۆمەڵە بیریان لە وە دەکردەوە چ بکەن وچۆن کۆمەڵە ڕێبەری کەن. ئەو ئەندامە بە ڕێزە بە ڕاشکاوی ئەم داخەی دوو پات کردەوە و دەیگوت: بە مەرگی کاک فوئاد یەکێک لە کۆڵەکەکانی بزووتنەوەی کورد بە جارێک ڕووخا و کۆمەڵە قەد نەیتوانی ڕێبەرێکی ئاوا بە ئەزمون ،لیهاتوو خاوەن نەزەر و هەمەلایەنە بە خۆیەوە بە بینیت.پاش ئەو پڕکردنەوەی جێگاکەی بۆ هێچ کام لە هاورێ یانی کارێکی ئاسان نە بوو و کەسێان نەیدەویرا بە تیرادیویەوە خۆی لە ڕێبەری بدات و بەپەژارەوە قسەکانی تەواو کرد.

حەقیقەت ئەوەیە و زۆر جاریش بیستومە کە زۆربەی کادیرەکان و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە سەر ئەو قەناعەت و باوەڕەن کە کاک فوئاد لە ماوەی ئەو یازدە مانگە پاش زیندانەکەی کۆمەڵێک دەسکەوتی پڕ بایەخی سیاسی و

کۆمەڵایەتی و سوننەتی ڕادیکاڵ و ڕێکخراوەیی بۆ هەژارانی کورد و کۆمەڵە بە جێ هێشتوە.

پاش مەرگی کاک فوئاد کۆمەڵە لە سەر ریلی خۆی بەو شێوە کە چاەڕوان دەکرا هەنگاوی نە نا. هەل و مەرج و قۆناغێکی تر دەستی پێکردبوو و کاتێک کۆمەڵە دەکەوتە پێچە توند و دژوارەکانی خەبات و ڕێکخستن، نە بوونی کاک فوئاد بە خێرایی هەست دەکرا. جەماوەری خەڵک و تەشکیلاتی کۆمەڵەبە ئاخ و داخ و حەسرەتەوە دەیان جار بۆ حوزووری کاک فوئاد خۆزگەیان خواست. ئەمە ئیدعایەکی پووچ و خاڵی نی یە و شاهیدی زێندوو هەیە. وەک شارەزا و پسپۆڕی سمفونی، هەموو نوت و دەنگ و هارمونیە جۆراوجۆرەکانی کۆ دەکردەوە و ڕێکی دەخستن و ڕێبەری دەکرد. پاش ئەو هەمان کار بە شێوەیەکی تر دەکرا کە جێگای خاڵی کاک فوئاد ی پێوە دیار بوو. مەرگی کاک فوئاد تەئسیری زۆری لە سەر کۆمەڵە دانا.کاک فوئاد کۆمەڵگای ئەو جۆرە کە بوو تەفسیر و لێکدەدایەوە، نەک ئەو جۆرەی کە پێی خۆش بوو.

کۆمەڵە لە باری تیئوری یەوە لە ژێر ناوی دژایەتی لە گەڵ پوپولیزمدا سەبارەت بە هەژاران و زەحمەتکێشان تووشی نە خۆشی چەپ ڕەوی بوو کە ئەویش زەرەری قورسی بوو. لە کونگەرەی دووی ناوچەی بۆکان لە ژێر ناوی ڕۆیشتن و خوا حافیزی لە بیر و بۆچوونی پوپولیزم و وردە کاری و پێشوازی لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕو بە کورتی لە مەحکوم کردن و بە جێ هێشتنی پوپولیزمدا، دەگوترا ئێمە دوای خەڵک ناکەوین و دەبێ خەڵک وەدوای ئێمەی ڕێبەر بکەون. لە ڕەدی وردەکاری دا کاری سیاسی ورد و بە حەوسەڵە و بە تاقەت و هەنگاو بە هەنگاو لە گەڵ خەڵک وەلانرا و مەیل و عەلاقە بۆ تێکەڵاوی لە گەڵ خەڵک کەم و کەمتر بوەوە. لە کردەوەدا کۆمەڵەی لە دەخاڵەتی فەعال لە ژیان و تێکۆشانی خەڵک دوور کردەوە. لەو کاتانەدا دڵ بە قسە و نوسراوەی ڕازاوە خۆش دەکرا. کاری سیاسی، ڕێکخراوەیی لە عەمەلدا تووش و دووچاری لاوازی، کزی و سستی هاتبووو قسەی ڕازاوە تەشکیلاتەکەی بێ هێزکردبوو. قسە و کردەوە یەکیان نە دەگرتەوە و تەشکیلات بەرەو خنکان دەچوو. هێرش

بۆ سەر پوپولیزم ڕێگایەک بوو بۆ ئەوەی نەتوانین ولی نەهاتوویی ڕێبەری کۆمەڵە بۆ دیتنەوەی سیاسەت و تاکتیکی گونجاو لە گەڵ هەل و مەرجی تازەدا بشارنەوە. دوور خستنەوەی کادیر و هەڵسوڕاوانی کۆمەڵە لە جەماوەری خەڵک وەک دەر هێبنانی ماسی لە ئاودا بوو.لە ژێر ناوی ڕەت کردنەوەی پوپولیزم بایەخیان بە کاری جەماوەری نەدا وڕێنوێنی یەکانی هەستەی سەهەند کە خۆیان لایەنگری تاقمێکی بی ناو و نیشانی چکۆلە بە ناوی گورووهی ئارمان بوون، بە ڕێوە چوو کە بەو شێوەیە پشتی کۆمەڵەیان شکاند .

پاراستنی هێزی فیداکار و قارەمانی نیزامی و کادرەکانی کۆمەڵە لە تیئوریدا پشتیوانی لی دەکرا بەڵام لە کردەوەدا و لە مەیدانی پراکتێکدا قەد وا نە بوو. زۆر بە ئاسانی و بەلاش ڕێبەرانی کۆمەڵە وەک بەڕێزان: سەدیق کەمانگەر، جەعفەری شەفیعی، ئەیوب نەبەوی، کاک شوان،لەتیف نیکپەی، عەبدوڵای هوشیاریان، حەمە حسین کەریمی، جەلال پێنجوینی، خالید فەرهاد زادە ،سەعید موعینی ودەیان کادیر و ڕێبەری تر بە پیلانی دوژمن و کەمتەرخەمی تەشکیلات کوژران. ئەوان لە کادرە خاراو، ئازا، خولقینەر و چالاکەکانی ناو خەباتی جەماوەری بوون و لە باری سەبک و شێوەکاری سیاسی و جەماوەری خەتی فیکری و ڕچەی کاک حەمە حسین و کاک فوئادیان هەڵگرتبوو. گوردانەکانی کۆمەڵە کەئوتوریتە ی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بڕبڕەی پشتی کۆمەڵە بوون بە چاکی نەپاریزران. لە هەورامان لیبوردووترین پێشمەرگە بە دەستی هێزی حیزبی دیموکرات لە ناو چوون. گوردانی قارەمانی چیا لە هەوشار ساڵی 1362 ، گوردانی قارەمانی ئارێز لە شەڕەکانی بانە لە گەڵ حیزبی دیموکرات، گوردانی قارەمانی شوان ساڵی 1364 لە سنوری دەستکرد ولە نێوان دوو ئەرتەشی کلاسێکی هار و وەحشی ئێران و عێراق لە هەڵەبجە،گوردانی قارەمانی ورمێ لە کەچەڵە و داڵانپەڕ و. .. بە ئاسانی خەسارەتی قورسیان دی و تەنانەت بە کۆمەڵ شەهید کران. یادی ئەو هەموو پێشمەرگە و پارتیزانە نەترس، ئازا و خاوەن هەڵویست و زۆر خۆشەویستەی هەژارانی کوردستان بەرز و بە ڕێز بێت! ئەوان نووسەری لاپەڕە زێڕین و پڕ

لە حەماسەکانی مێژووی  هەژارانی کوردستان وکۆمەڵەن. ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان بە هوی تەقینەوەی ماترپیال و کەرەسەی شەڕ وەک تی ان تی لە مەقەڕەکانی کۆمەڵە شەهید بوون. بە ئەندازەی پێویست شارەزایی بە مەبەستی کەڵک وەرگرتن لە کەرەسەی شەڕیان پێ نەدرابوو کە چی بەر پرسی نیزامی دەیویست تیئوری تازەی نیزامی بە دەس بێنی. کاک فوئاد بۆ بەرگری لە هێرشی دوژمن و دیفاع لە خەلک و کادیرەکانی و تەنانەت بۆ ئەوەی کەس نەکوژرێ و خوێن لە لووتی کەسێک بەر نە بیتەوە، تاکتیکی چووڵ کردنی شارێک و بڕیاری کۆچ دەدات. ئایا نەپاراستنی کادیر و پێشمەرگەکانی کومولە ئەو هەڵویست و بۆ چونەی کاک فوئادی تیدا بوو؟

کۆمەڵە لە باتی  سنوور دانان لە بەرانبەر شوینیسمی بەر چاو تەنگ و مەزن خوازیێ ڕێوی ئاسا، بیر و باوەڕی تاقمی خۆ بە زل زانی ئێتحادی خەباتگێرانی کۆمونیستی وەر گرت کە کۆمەڵەیان لە ڕیشە دەرهێناو دایان بە دەم لافاوە. 98 لە سەدی تەشکیلاتی کۆمەڵە کورد بوون و تاقمی سەهەند قسە زل و دەم هەراش  لە ئوردووگاکانی کۆمەڵە خزابوون و خۆیان  لە ئاستی مارکس و لنین دانابوو و شانیان لە شانی ئەوان دەدا، لە ئاستی ڕێبەریدا هەموو کاریکیان بە دەستەو بوو. هەر ئەوەندە بەس بوو کە بە فارسی قسە بکەیت و بڵییت منیش لایەنگری مەنسووری حیکمەتم تا لە ناوەندی جێت پێ بدرێت. حازر نە بون تاقە وشەیەکی زمانی کوردی فێر بن و هێچ ڕێزێکیان بۆ زمانی کوردی دانەدەنا. تەنیا وشەیەک کە فێر بون لە لایەن ژوبین ڕازانی یەوە دوو پات دەکرایەوە ئەویش لە  کاتێکدا کە پێویست بوو. ئایا ساغ شدی ؟ یانی وتەکانی منتان لە سەر چاو دانا. ئێتر نازانم ئەم هەموو مارکس و لنینە بۆچی پاش حەوت ساڵ زمانی کوردی فێر نە بوون.

کۆمەڵە لە پراکتێکدا و بە پێ حوزووری فەعال و ئێحساسی مەسئولیەت، گەشەی کردبوو و دوژمن بۆنابودی و شکستی کۆمەڵە خەڵکی فرێو دابوو کە هاوکاری دوژمنیان دەکرد. بۆیە تاوان بارو جاسوس کەم نە بوون. و دەبوا

کۆمەڵە وڵامی ئەوانیش بداتەوە. لەم پرۆسەیەدا سیاسەتی یەک دەست و لە شێوەی قانوون هەر پیرەو نەکرا و لە هەر مەڵبەند و ناوچەیەک بە پێ سلیقە و ئاڵ و گۆڕی سیاسی کوردستان لە بەرانبەر جاسوسەکاندا هەڵویستیان دەگرت. و هەندی جاری توند ڕەوی دەکرا و عەدالەتیش ژێر پێ دەنرا.

- هەندی کەس، چەپ ئاسا و ئاژاوەگێڕ، لە تەرجومەی ئازادی و دیموکراسی خراپ حالی بوو بوون و لە عەمەلدا ئاژاوەیان دەناوە و زۆر تووشێ چەپ ڕەوی هاتبوون کە بە هێچ شێوەیەک قابلی دیفاع نی یە و نە بووە. هەڵس و کەوت و کردەوەکانیان، زەرەری زۆرتر لە قازانج بوو و لە عەمەلدا خزمتیان بەدوژمن دەکرد. گەنج و تازە پێگەیشتوو، کە لە لافاوی بەهاریش سڵیان نەدەکرد، و دوورنمایەکی ڕۆشن و ئاسۆیەکی ڕووناکیان نەدەبینی، ئاستی تێگەیشتنی سیاسیان لە سەرەوە نە بوو و خەتا و هەلەی مێژۆوی یان کەم نەبوو. باری نەگەتێڤیان زۆر بوو. بۆ نموونە لە سنە ومەریوان و سەقز ئەو دەردە زەرەری گران بەهای لە کۆمەڵە دا.

کۆمەڵەی دوای کاک فوئاد سەبارەت بە بنەماڵەی شەهیدەکان، کادر، پێشمەرگە و ئەندامەکانی بە ئەمەگ نەبوو. مەسەلەی گۆڕین و موبادڵەی دیلەکانی کۆمەڵە لە زیندانی رژیم و دێلەکانی رژیم لای کۆمەڵە، سەیر و عەجایەب بوو. بۆ ئێمە بیرەوەری گۆڕینەوەی دێلەکانی کۆمەڵە زۆر دڵتەزین بوو. ئەسڵەن باوڕەت نەدەکرد کۆمەڵە لە باتی ئەوەی ئەندامەکانی خۆی کەلە زیندان دێل کرابوون نە گۆڕڕێتەوە ولە باتی چریک، و... بگۆڕێتەوە. ئێمە خۆمان شەخسەن شاهیدین کە هیئەتی بەر پرسی گۆڕینەوەی دیلەکان چوار لیستی جیاوازی لە لایەن جمهوری ئێسلامی یەوە وەر گرت و بە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە دابوو و کۆمەڵە بوی هەبوو یەکیک لەو لیستانە هەڵبژێری. لە ناو سێ دانە لەو لیستانە ناوی ماجید هەبووە. بەرپرسی گورانەوەی دیلەکان و هیئەتی تەحریریەی کۆمەڵە لە تەرەغە ڕێک ئەو لیستەیان هەلبژارد کە ناوی ماجیدی تیدا نە بوو. کاتێک هەواڵمان زانی کۆمەڵە ئەفرادێکی لە زیندان گۆڕێوەتەوە کە ئەسڵەن کۆمەڵە نە بوون وبە ئەندازە و لە ئاستی ماجید و

ئەمجەد لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە دا نە بوون. سەرەڕای ئەو هەموو تەوزیح و ڕوون کردنەوە و تکایە کە کرا، کە ئەو دوو برایە بە پەلە و بە خێرایی بگۆڕنەوە، ئەو کارەیان نە کرد. و نوێنەری جمهوری ئیسلامی بە نوێنەری کۆمەڵەی وتبوو کە ئاغای سادقی خودادوست بۆ ئێمە ناسراوە وماجئدی مستەفا سوڵتانی یە و بۆ گۆڕینەوەی پەلە کەن . و کۆنە ڕەفیقی فلان ئاغا کەهێچ پەیوەندی یەکی بە شۆڕشی کوردستانەوە نە بوو گوڕدرایەوە .ئەگەر تۆزقاڵێک هەستی شۆڕشگێرانە و و عاتیفەی ئینسانی و مرۆڤ دۆستانە هەبوایە دەکرا چونکوو دەرفەتێکی مێژوویی بۆ گۆڕینەوە و بۆ کۆمەڵە ڕوخسابوو کە ژمارەی ئەندامانی کوژراوی بنەماڵەی ئێمە لە سێ 3 کەس زیادتر نە بێت . مەگەربەڕێزان :ئەمین و حسین و فوئاد شۆڕشگێرانێکی ئاسایی و عادی بوون و سەرمایەی کوردی هەژار و کادیری لیهاتووی کۆمەڵە نە بوون ؟؟ئێستاش زرینگەی قسەکان دایک و باوکمان لە گوێمان دەزرینگیتەوە کە دەیان گوت: ڕۆڵە ئێوە زۆر بە دڵێکی پاکەوە تێهەڵچوون و شۆڕش دەکەن خۆزگە هاوڕێ کانتان وەک ئێوە بیریان دەکردەوە ! زۆر کەس ئەلف و بێی سیاسەت لە ئێوە فێر بوون و کۆمەڵە بایەخی پڕاوپڕ بۆ ئێوە دانانی . ئێمە پێمان وابوو هەر کەسێک لە ڕێبەریدا بیت زیاتر شۆڕشگێڕ و لە خۆبردووە ،بەڵام درێژی ڕێگا و پیچە دژوارەکانی مێژوو ماهییەت و دەستی زۆر کەسی ڕوو کرد و نیشان دا. ئایا بەرپرسان و ڕێبەری ئەو کاتەی کۆمەڵە وڵامی وجدانی خۆیان ، خەڵکی کورد و مێژوو چۆن دەدەنەوە ؟! تەنانەت بۆ مەراسمی سەرەخۆی ئێمە کە لە شاری بۆکان و ئاوایی قەرەڵی بە ڕێوە چوو بەشداریان نەکرد و نەهاتن. بەڵام خەڵک و پێشمەرگەکان و ئەندامانی کۆمەڵە ئێمەیان سەرفەراز کرد و بە هەستێکی ئینسانی یەوە بەشداری خەمەکانمان بوون .

کۆمیتەی ماڵی کۆمەڵە دەبوا وەک تەشکیلاتێکی پێشڕەو، داهات و مەسرەفی گوزارش بکات. تا سازمان و حیزبەکانی تر بە شوێن ڕچەی کۆمەڵەدا بین. تا ئێستا تەنانەت بە ئەندامانی ڕێکخراوەکەی گوزارشێکی نە داوە و قازانج و زەرەری هێچ شتێک مەعلووم نی یە. سیستەمی ماڵی کۆمەڵە دوچاری

بورۆکراسی ڕووخێنەر و کاغەز بازی ئیداری  هاتبوو و لە ڕۆحیەی شۆڕشگیڕانەو ئێحساس مەسئولیەتی پێویست دوور کەوتبوەوە وهەر بۆیە لە دەورانی جیایی یەکانی کومونیزمی کرێکاری، لە دەرونەوە داوەشابوو و دوچار فەسادێکی بی وێنەی مالی بوو. دراو و داهات و سەرمایەی کۆمەڵە تالان کرا.

جەوان و گەنجەکان لە تەشکیلات مەجال و دەرفەتیان پێ نەدەدرا تا ئێنرژی و خەلاقیەتی خۆیان  نیشان دەن و ئەو ئێنرژی یە وەک هەڵمی ئاو بزر بوو. مەحفلیسم بە شێوەیەکی پیس گەرای داخستبوو. بەڵام کاک فوئاد هەمیشە تیدەکۆشا هاوڕێ یانی پەروەردە و ئاستی سیاسیان گەشە پێ بدا و متمانە بە خۆیان زیاتر بکات. ئەو شێوەکارەی لە ناو یەکیەتی جووتیاران و ڕێزەکانی کومەلە دا بە کار دە هینا.

مەسئولیەتی هەندی لە بەشەکانی تەشکیلات، بە پێ شارەزایی، لیهاتوویی و کارزانی نەبوو. نەزەری ڕێبەری دەوری هەبوو و زەمینەی بۆ خۆڵتە و سەر دانەواندن ساز دەکرد. هەندی مەسئول لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان نە دەهێنا کە چی هەر هەڵیان دەبژاردەوە و دیموکراسی پێشێل دەکرا. بەرێز لەتیف نیکپەی یەکێک لە قوربانی یەکان بوو.

لە ژێر ئاڵای خەبات دژی پوپولیزم زۆر کادیری بە ئێمان و رادیکاڵ بوون بە قوربانی و بە دژواری توانیان هەستنەوە سەر پێ و نە رووخین. دادگایی کردنی کاک ئەیوبی نەبەوی لە مەقەڕەکانی ناوەندی کۆمەڵە لە خانقای بۆکان  و مەسئولیت پێ نەدان بە کاک یوسفی ئەردەڵان نموونەی بەر جەستەی ئەو قوربانیانە بوون.

سونەتە گەڵاوەکانی کومونیزمی کرێکاری کە بریتی بوون لە بی باوڕی و بی ئێعتمادی، پاشقول گرتن لە نە یارانی سیاسی، تۆمەت هەڵبەستن بۆ نە یارانی سیاسی، دووڕوویی و ژێر پێ خالی کردن، مەحفەل بازی و خۆڵتە کردن و زدی دیموکرات بوون و بی حورمەتی و سوکایەتی بە موخالیفینی سیاسی وپێشمەرگە... کرابوو بە یاسا. نموونەی ئاشکرای بی حورمەتی و  مەسئولیت

لی سەندنەوەی کادیرە خۆشەویستەکان وەک وەحیدی عابدینی، جەلال پێنجوینی، عەبەی هوشیاریان، فەرۆخی کاوە و... بوو.

بۆ سیکتی سەهەند و شوڤینیزمی ئێرانی بایەخ و ئەرزشی زۆر تر لە زەرفیەتی خۆیان دانرا، کە نەدەبوا لە هەرەمی تەشکیلاتی و لە ئاستی رێبەریدا جێگا و شوێنی حەساس و گرینگ بە دەستیانەوە بێ. ئەوان لە باری سیاسیە وە(باری نیزامی پێشکەشیان) شیاوی ئەوە نە بوون کە کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە قەڵغان و سپەریان بۆ دابخا. دیکۆمینتی مێژوویی هەیە. باسکەکانی ئەسپانیا، خەباتکارانی دوورگەی تێمور،بزووتنەوەی تامیل لە سریلانکا، بزووتنەوەکانی ئێریترە و ئۆتیوپی لە ئافریقا ،بزووتنەوەی زۆفار لە یەمەن،فەلەستینی یەکان، بزووتنەوەی کورد لە عێراق و ساندنیستەکانی نیکاراگوئە،بزووتنەوەی کورد لە تورکیا،بزووتنەوەی دیموکراتێک و مۆدێرنی هەرێمی کەبیک لە وڵاتی کانادا کە بە زمانی فەرانسا قسەدەکەن، بزووتنەوەی پولیزاریو لە مەراکش و. .. کەسانێک کە لیاقەتی خۆیان لە ئاستی رێبەری و لە عەمەلدا سابت نە کردبایە، هەرگیز مەسئولیەتیان لە کۆمیتەی ناوەندی وەر نەدەگرت. کەچی لە کۆمەڵە کادیرە لایەق و رادیکاڵ وشۆرشگێرەکانی خۆی داکەوتبوون و لە باتی ئەوان سیکتی سەهەند لە ئاستی رێبەری هەموو کارێکیان بە دەستەوە بوو. شوینیستەکان خوسرەوی داوەر(برای ژوبین رازانی) وەک نوێنەری حیزبی کومونیست دیاری کردبوو کە لە کۆبونەوەکانی ناوەندی کۆمەڵە بەشداری بکات تا نەکا ناوەندی کۆمەڵە هەڵویست وبریاری خراپ بگرێ. بە راستی ناوەندی ئەو کاتەی کۆمەڵە شێاوی ئەو تەحقیر و سوکایەتی یە نەبوو کە خوسرەوی داوەرلە کۆبونەوەکانیان بەشداری بکات و سیاسەتیان پێ نیشان بداو فێر بکات. نازانم بۆچی ئەندامانی ناوەندی کۆمەڵە کە بە راستی ناسراو خوشەویست، خاوەن ئوتوریتە و شۆرشگێر بوون متمانەیان بە خۆیان نە بوو؟! سیکتی سەهەند وەک ڤیروس و باکتری کۆمەڵەیان هێلاک کرد و دارزاند.

فراکسیون بە قسە و لە سەر کاغەز مانای هەبوو. لە عەمەلدا بیر و رای جیاواز وەر نەدەگیرا و خاوەنی ئەندیشە وبیری جیاواز بە تاک دەکەوتەوە و وەک گول چاویان لی دەکرا.

پلان و نەقشەی بی لیکدانەوە باو بوو . ڕەوتی ڕووداوەکان و هەلسەنگاندن و تا و توی هێزی دوژمن بایەخی پێ نەدەدرا.تەحلیل و لیکدانەوە ی پلانڕێژەکان هەڵە بوو وسەرەنجام هەلویست و بڕیاری خەیاڵی لی دەکەوتەوە کە ئاسۆیەکی لیل و تەماوی هەبوو . ساز و دروست کردنی ساختمان و خانو بەرەی نهێنی لە خانقای بۆکان بە شێوەی ڤیەتکۆنگەکانی ڤیەتنام و تەرخان کردنی ئەو هەموو پارە و ئێنرژی یە، بە فیڕۆ چوو. کاتێک ماڵەکان ئامادە بوون دوژمن هێرشی هێنا و هەمووی داگیر کرد . ئێتر زەحمەتی هاوڕێ یان ئێرەجی فەرزاد، هوشەنگی خەتمی و عبدولا ی بابان وبەشی ماڵی و تەداروکاتی کۆمەڵە و ... هەر باس مەکە . لەو قۆناغە هەستیارەدا ئایادروست کردنی ئەو ماڵانە کە وەک کامباین ئێنرژی و پارەی کۆمەڵەیان هەڵلۆشی دروست و پێویست بوو ؟؟

بە راشکاوی دەڵیم ئەگەر کاک فوئاد بمایە زۆربەی ئەم نەخۆشینانەی تەشکیلات ودیاردە و فینومنانە نە دەبوو و زەمینەی گەشە کردنیان قەد پێ نەدەدرا.

# 26. هەڵ بژاردەیەک لە شیعر و نوسراوەکان بو یادی کاک فوئاد

## 26.1 سپیدار: ناسری حیسامی

بەرێز کاک ناسری حیسامی ئەدیب، شاعیر، زمانەوان. نووسەر، بەتوانا لە فەن و هونەری تەرجومە، هەر لە تەمەنی گەنجیدا لە کۆڕی خەباتدا بە خامە رەنگینەکەی لە سەنگەرە هەرە حەساس و گرێنگەکەی کۆمەڵە واتە رادیو وگۆڤارەکانێ وتار و نوسراوەی شۆڕشگێڕانەی نووسیوە ولەو بوارەدا خزمەتی بە ئەدەبیاتی رئالیستی و کرێکاری و خەباتی چەوساوەکان و بی بەشانی جیهان کردووە. بەرهەمە جوان و ناسکەکانی چ پەخشان و چ شیعر ئارشیوەکانی کۆمەڵە ی دەوڵەمەند کردووە و ساڵیانی ساڵ لە گەڵ دەورانە سەخت و دژوار و تاڵەکانی مێژوویی کۆمەڵە ژیا و خزمەتی کرد. کاک ناسر لە زمانی شیرینی کوردیدا خاوەن سلیقە و زۆر لیهاتوو و شارەزایە و بەرهەمەکانی فرە رەوان و پڕ مانا وخۆش ئاهەنگە. لە بواری زمانی کوردی لە ئاستێکی بەرزدا سەرکەتوو و یەکێک لە نووسەرە پێشرەوەکانە و ناکرێ سنوورێک بۆ هەستی مرۆڤ دۆستانە و ئێنسانی ئەو دیاری کەیت. روانگەی قەڵەمەکەی وئاسەوار و نوسراوەکانی خوێنەر هان دەدا تا دوا دێڕ و جوملەی بخوێنیتەوە. بۆ نووسینی کتێبەکانی کۆمەڵە رەنجی کیشا و ئەرکی قورس و دیاری کراوی لە سەر شان بوو. تەرجومە ونوسراوەکانی کاک ناسر شاکاری ئەدەبیاتی کوردی و لە باری قاڵب و رێزمان و دارشتنەوە زۆر دەوڵەمەند و ناسکن.

# بۆیادی کاک فوئاد

**پیرێکی خاراوی ڕەنج وکار، خەریک بوو چیرۆکی ڕۆژگاری تەماوی و شەوگاری بێ ئەستێرەی خۆی دەگێڕانەوە. سیمای، دەتگوت کۆلکەی سپیدارە ؛ بەفر و باران و بای ساڵان ،بە سەریدا گوزەری کردبێ. دەنگی لە دەنگدانەوەی شاخ دەچوو. دەستی، دەتگوت باڵی بەرینی مەلێکە، هێندە بە هێزی هەڵفڕین قورسە، بە شانیەوە خۆی ناگرێ.**

دە بدوێ ئەی کانگای ڕەنج !

هەناسەت گەرم !

کوانووی پڕ لە پشکۆی گەش و تازە !

لە سەر بەردێک، لە قەراخی کێڵگەی دەغل و دانی بەر شنەی با ،دانیشتبوو. تفەنگەکەی لە کۆشیدا، دەتگوت منداڵێکە و، سەری خستوەتە سەر سنگی.

دەیگوت:

« -لەم دەشتانە، ئەمن عومرێک، بەم دەستانەم لەشی زەویم لاواندەوە و، حەیران و بەیت و باڵۆرەم بۆ کولۆڵی و هەژاریی خۆم ورینگە کرد.

من گوڵی دار بادام بووم و

تەرزەی بەهار وەراندمی، من هێچ نە بووم.

پەلکی نەعنەی کێوی بووم و،

خۆری هاوین وشکی کردم، من هێچ نە بووم.

ڕەز و باخ بووم ،

پاییزانە شەختە لێیدام، من هێچ نە بووم.

ئەمن کۆڵی کاروانێک بووم،

زستانانە چەتە بردمی و گورگ خواردمی، من هێچ نە بووم.

کانی بووم و وشک دە بووم ،

من خشت بووم و دەتوامەوە ،

قاڵی بووم، پێم پیا دەنرا،
کۆیلە بووم، شار بە دەر دەکرام ،
من چکۆلەی هەموو کەس بووم،
کەڵەشێری شایی و شین بووم، هەر سەر برام.
نە ! قوربانیی بووم، بە زیندوویی بەش بەش کرام.
« من وتم : نا ! هەستامەوە و لێیان ڕاسام ؛
لەو وەرزەدا، زامی زەوی گەرم دەبن،
ئەم چەکەم گرت بە دەستمەوە و،
هاوارم کرد، وتم : وەرن ! ئێستە بڕواننە بەژنی من!
« بەژنم پەلکی سپیدار بوو.
ڕەگ و ڕیشەم ڕۆچووبووە ناو کانیاوی خۆم .
کەمن جووڵام، کێڵگە بە شوێن مندا هات و
ڕووت و هەژاری ئەم خاکە لە گەڵم هات.
« وتیان : « زەوی چۆن دەبزوێ !
ئەمە شەیتانە ڕەجمی کەن ! »
ویستیان وەکوو دێوی نێو ئەفسانە،
بەرەو چۆڵگە و لووتکەی کێوان ڕاوم بنێن ،
ڕاوەستام و، وەک دارستان، ڕەگم ڕۆبردە خوارەوە.
حەیرانەکەی بەشمەینەتیم بیر بردەوە و
لێوم فێری سروود ببوو.
هاو سەنگەری کاک فوئاد بووم.
سەنگەر بە من ئاوەدان بوو.
بینم بە ئاوی ئەندێشەی تازەوە نا و لێم خواردەوە،
گەنج بوومەوە و،
ئێستە پێشمەرگەی کۆمەڵی بێبەشان و ڕەنجدەرانم. »
هەناسەت گەرم !

کوانووی پڕ لە پشکۆی گەش و تازە !
دە بدوێ ئەی کانگای ڕەنج !
سیمای دەتگوت کۆلکەی سپیدارە
بەفر و باران و بای ساڵان
بە سەریدا تێپەڕیبێ.
دەنگی، لە دەنگدانەوەی شاخ دەچوو.
هەناسەی دەتگوت شنەی دوای شەستە بارانی بەهارە.
دەستی بە چەکەکەی گرت و هەستایە پێ.

## 26.2 ڕاسپاردە: احمد شاملو

لە کۆمەڵە شیعری : ستایشی بێ پاداش

ناسری حیسامی کردوویە بە کوردی

بێ ئەوی زینم ئامادەی دانانی شیعرێک بێ ،لە بابەت مەرگی جینایەتکارانەی چوار سەرداری شۆڕشگێڕی تورکمەن ـ توماج، مخدوم ،واحدی و جرجانی ـ کە تەرمەکانیان لە ژێر پردە کۆنێک لە 157 کیلۆ مەتریی بەندیخانەکەیان دۆزرایەوە، خەریکی نووسینی « ئەم دێڕانە » بووم و لای خۆشم بناغەکەیم دانابوو، کە ئەوەش لە نووسینی « شیعر » دا، شێوازی من نییە و ؛ هێشتا نووسراوەکە کۆتایی پێ نە هاتبوو کە لە بابەت کەسایەتیی پۆلایینی کاک فوئاد، سەردارێکی گەورەی دیکە، شتی زۆر سەرسوڕهێنەرم بیست و، وام لە بیرەڕۆژی دوای ئەوەش هەواڵی کوژرانی سەعیدی سولتانپوور ڕاگەیەندرا. ئەم دێڕانە، بە بێ ئەوەی پێویست بێ سەرجەم بە شیعر ناودێر بکرێن، بە یادی بەرزی ئەو شەش مرۆڤە شەریفە پێشکەش دەکەم.

# ڕاسپاردە

ڕۆڵە شیرینەکەم، ماهان
هەستە بڕۆ
ئەو کۆڵانەی لای خوارەوە .
خانوویەکی لێ دەبینی کە سەکۆیەک لە پێشیەتی
پیرە پیاوێک کز و لاواز
لە سەر سەکۆی پێش ماڵەکە دانیشتوە .
کەوایەکی ئاودامانی لە بەردایە ڕەنگ گوڵنارە
دەڵێی هەموو خەمی جیهان
لەو شانە کزەی ئەو بارە .
چاوەکانی تورکمانین
کە بیبینی دەیناسیەوە .
بچۆ پێش و
بە دەنگی بەرز
(چونکە ئێستا ماوەیەکە
گوێچکەی هەندێک گران بووە)
بڵێ : « ڕۆژ باش ! »
سەر هەڵدەبڕێ و
بە بزە یەکی خەفەتاوی بە ڕووتەوە پێدەکەنێ و
ماچت دەکا .
تۆ ناوی خۆتی پێ بڵێ و
پێشی بڵێ نەوەی منی و
ڕاسپاردەی منت پێ یە .
(خۆی ناوی مە ختووم قولی یە
لە بیرت بێ)
پاشان لە زمانی منەوە

ئەم شتانە یەكە یەكە
بە خزمەتی بگەیەنە:
« ـ هەی داد، مەختووم
ئەمە كامە زیندەخەوە بە بێداری
دو چاوەكەی من دەیبینن ؟
كام پەیامی پڕ لە ڕەمز و نهێنی یە
كە بێ كەلام
لە نێو خەونی ئاڵۆزاوی شەوانەی من
هاوار دەكا ؟
خەوی قورسی پەرێشانی و عەودالی یە
بەڵام ئە من وا تێدەگەم
كە تەعبیر و لێكدانەوە هەڵناگرێ .
خەودەبینم
چەند پیاوێكین
لە تاریكی شەوەزەنگدا
ئەوا لە نێو گۆڕستانێكی بێ مێژوو
بە شوێن شتێك دا دەگەڕێین .
شەوێكی سەیر و پڕڕازە :
تاریكایی خەست و چڕ و مەند وەستاوە
لەو دیوی سنووری مەكان ،
شوێنیش ئەڵێی
مەزارێكی كۆنینەی بێ سەرەتایە
لە كۆتایی كات و زەمان .
زەوی لە مێژە مردوە و
تاقی شین و مۆری ئاسمان
پۆلێك ئەستێرەی پێوەیە

لە زۆنگاوی تاریکی دا سیس و کز بوون .
ئێمە بەڵام
دەڵێی هەموومان دەزانین
بۆ دیتنەوەی چی دەگەڕێین،
ئەگەرچی هێچ بیریشی لێ ناکەینەوە
بە کردارمان، دەڵێی کۆمەڵێک پیاوی واین
پێش ئیرادە و تەما و توانای خۆمان کەوتووین .
گەرچی گڕی هێچ قازانجێک
هێندەی سەری پەنجەی ماندوو گەرمەوەکا
هاندەری جۆشش مان نی یە
هێچ هەستێکیش لە دەرەوە و لە دەروونەدا
کۆسپی ڕێی کۆشش مان نی یە .
پاچ و نوێڵ و پێمەڕە
بە بێ وەستان هەڵپەیانە
هەتا پەردەی سەر نهێنی
هەڵدەنەوە .
( هەناسەم سارد مەختووم قولی
گەلێک جار ئەم زیندە خەوەم
بە چاوێکی رووت و پەتی و
بە سەرێکی کاس و هیلاک
دیتوەتەوە.)
لە ناکاوێک
درگای سەردابێک
ئەوەتا !
(هەموومان مات و سەرسوڕماو
چاو لە چاوی یەکتر دەکەین .

نا! هەڵەم کرد کاتێک وتم
دەمانزانی بۆ دیتنەوەی چی دەگەڕێین !)
مەشخەڵێک دادەگرسێنم
دەخزێمە ناو سەردابەکە و
چاو دەبڕمە ئەو دیمەنی
پڕ لە ترس و دڵەخورپە :
باوک و باپیران دەبینم
یەکە یەکە لە سەر چەوری و داڕزیوی ی ڕەشی زەوی
تەرمیان نێژراوە لەو شوێنە،
ـ ئێسقانی رووت ـ
نە پێستێکە و نە گۆشتێکە و
نە تەڕایی چۆڕێک خوێنە .
چاوە کانیان بەڵام هێشتا
هەر زیندوون و لە کالانەی وشکی سەردا
بەم لاو ئەولا دا دەگەڕێن
نیگەران و زیت و وریا .
لە بەر دەمیان دێمە سەر چۆک
سەری قورسم دادەخەم وهەر بە گریانەوە دەڵێم :
« هۆ باوکەکان !
نیگەران و دڵ لە دوای چین ؟
ئێمە هەموو پێ لە خەتای خۆمان دەنێین .
ئەوە سزای تاوانمانە کە ئێستا وا سەرگەردانین
لە وڵاتی ترس و خۆف و
کات و دەمی نەزانراودا .
وا خەریکە لە بن باری زنجیرەکان
پشتمان دەشکێ .

ئازای لەشمان بریندارە و
هەر هەمووی خوێنی لی دەتکێ .
هێندەش سووک و
هێندەش شانمان کز کراوە،
نە دەتوانین لە شەرمانا دڵۆپێک ئەسرین هەڵرێژین
نە دەوێرین لە ترسانا هەناسەی ئاخێک هەڵکێشین.. .
نیگەران و دڵ لە دوای چین ؟
ئێمە هەموو پێ لە خەتای خۆمان دەنێین .
ئەمجارە تێی هەڵدێنینەوە. »
بەڵام، باوکان لە وەڵامدا
بە چاوێکی پڕ لە نەفرەت
لێم دەڕوانن
ـ بە نیگایەک هەر لە چەشنی هەناسەی ئاخ ـ
چاوەکانیان
لە ئێسقانی کاسە سەردا
ـ وەکوو قوڵتەی کوڵینی قێر ـ
پڕپڕ لە حەسرەت دەجۆشێن
ئەمجار دەبنە چۆڕاوگەیەک
هێدی هێدی دەڕژێنە سەر خاکی گۆڕ و
وشک هەڵدێن .
ئێتر تەواو !
هەموو خەونی من ئەوەیە .
لە وانەیە خەونێکی وا
وریا کردنەوەی ئێمە بێ .
لە وانەیە مانای ئەم خەونە ئەوە بێ
کە تاوانی نەزانیمان هێندە قورسە

بۆ کەفارەی ئەم تاوانە، سەردەمێکی دوور و درێژ
هەموو ساتێک چاوەڕوانی کارەسات بین
یەک لە دوای یەک .
من نازانم تەعبیری ئەم خەونە چیە
من نازانم دەیهەوێ من لە چی بگەم
بەڵام ئەوەندە دەزانم
هەموو ژیانم بووەتە خەون
بووەتە تاڵاو
بووەتە مۆتەی پەیتا پەیتا .
بە خۆم دەڵێم :
« چیرۆکی بێ سەر و بنە، قسەی پووچە
نابێ بیری لێ بکەمەوە
هۆی ئەم خەونە ئاشکرایە :
بە شەو و ڕۆژ، بە ڕۆژ و شەو
ئاخرهێندە باسی تاتە شۆر و یاسین
هێندە باسی گۆڕ و کفن و مەرگ و تازیەداری دەکەن
بۆیە بووەتە زیندە خەونی هەموو ساتێک .
نە وا ناکەم
نابێ ئێتر خەونی ئاوا
ڕێ بدەمە ناو مێشکی خۆم ! »
بەڵام دیسان ساتێکی تر
من هەمان و
خەون هەمان !
دیسانەوە
هەڵکردنەوەی هەودای خەونی نێو گۆڕستان !
راستی یە کە یت دەوێ مەختووم

ئەمن بڕوام بە قەدەر و نێو چاوان و ئەم قسە پووچانە نی یە .
ئەگەر قسەی منت دەوێ
من پێم وایە
هەر کەسێک خۆی دڵۆپێکی وردیلەیە ئا لەم ڕووبارە مەزنەدا ،
کە بە تەنیا، بێ مانایە و بە هێچ نە بوو ،
ئەوە تەوژمی ڕووبارە
ڕەوتت و ڕێگە دیاری دەکا .
با گەوجەکان ناوی لی بنێن چارەنووس .

*******

ئەمن دەڵێم
دڵۆپ دەبێ لەوە بگەن
کە پێکەوە، بە بێ گومان لە دەستیان دێ
ڕەوتی قەدەر و چارەنووس هەڵگێڕنەوە .
بێگومان هەر نەزانینە
کە ئاسانخواز والێدەکا
سەرەولێژ و قۆرتی ڕێگا و نسکۆکان ناو بنێ تەقدیر
واش بزانێ هێچ قەدەرێک، هەرگیز ناکرێ بیگۆڕی .
ڕووباری سەر لە نشێو کردوو، بەوە لە خۆبایی دەبێ
ڕووباری سەر لە نشێو کردوو
بەم ناوشیاری یە زیندووە و
هەر بە هێزی ئەم باوەڕەتەقدیری یە
دەژی و ڕەوتی خۆی دەئاوژێ .
ئا بەم چەشنەیەکە ئێمەش، ـ ئەمن و ئەتۆ ـ
چارەنووسێکی ئاوامان دێتە سەر ڕێ :
تۆ خەمناک و کز و داماو
کەی تا بە کەی دادەنیشی

لە سەر سکۆی بەر خانووە تاریکەکەت
نوقمی ئەندێشە و غایەڵەی بێ سەمەری و بێ حاسڵی ی ئەم هەموو ساڵ و ساڵگارە
کە چ بێهوودە تێپەڕین .
منیش لێرە لەم قوژبنە
دەچمەوە نێو خەیاڵێکی بێ سەرەنجام
کە لە جێ یەک هاونەفەسێک بدۆزمەوە
خەم گوسارێک کە خەمێکی خۆمی لە لا بدرکێنم
لە گەڵیدا بارێک هەڵگرم لە سەر دڵ .
لەم کاتەش دا
ڕووبارکە مەست و سەر خۆش لە باوەڕی تەقدیرانەی ئاسانخوازان
هەر دەئاوژێ و خۆشرەوی ڕێی سەرەو لێژە
چونکە هەتا باوەڕێکی ئاوا هەبێ
ئەو چەوسێنەرە قەحبەیە هەروا تەمەنی درێژە !
ئاخ مەختووم قولی
من جار و بار
هەر بە پەلە چاوێک لە قامووسان دەکەم :
هاوتای چەند گەورەی هەیە وشەی سەرکەوتن (هاوتای سەیر )
هاوتای چۆنی هەیە شادی !
هاوتای چۆنی هەیە ئێنسان !
هاوتای چۆنی هەیە ئازادی !
هاوتاکانیان هارژنێکی چەند پڕبارە
ئای مەختووم قولی
شیعر وتن بەم وشانە
چ شکۆدار و هەست بزوێنە !
من نامەوێ

هەر بگریم و هەر خەمی خۆم بلاوێنم .
لێم بڕوانە !
کاری من بووەتە ئەوە
هەموو سەر لە ئێوارەیەک
بێمەوە ژوورەکەی خۆم و
بۆ کووژانەوەی خۆرەتاوێکی دیکە
چەندین شە وی دیکە بگریم .
جاری وایە بە خۆم دەڵێم:
« بەشمان

دەڵێی

شادی نی یە
نێو چاوانمان ئەرێ مۆری کێی پێوەیە ؟ خوا یان شەیتان ؟ »
دیسان دەڵێم :
« گەرچی هەموو کات و ساتێک
خەمنامەیەک لە دڵتایە کە بینووسی ،
یان هاواری داخ و دەردێک
کە دڵ بگرێ و لە چنگی خۆیدا بیگوشێ
یان ژانێکی کەمەر شکێن
هەموو کاتێک وەها دیدەت پێ تەڕ دەکا
کە دیمەنی گشت جیهانت لە پشتی ئەو فرمێسکەوە
بە لەرزۆکی دێتە بەر چاو ؛
هەر چەندە کە
لەو بەر خێڵی نابەکاران ڕاوەستاون
تەڕ دەستانی پیشەی "قۆڵبەستە بۆ قەسابخانە بردن "
لەم بەرەوەش دلێرانی دەریا دڵ هەن
(شارەزایانی سەنعەتی "جوان مردن ")

له هه‌موو جێ گه‌رچی هه‌یه
(دیسانه‌وه به خۆم ده‌ڵێم)
پرده كۆنیک له سه‌ر كه‌نده‌ڵانی وشكه چۆم
له سه‌ر ڕێگایه‌كی چۆڵ و كه‌م هات و چۆ
كه دوا مه‌نزڵ و كۆتایی ڕێی خه‌ڵكی ئازا و ده‌ریا دڵ بێ
به‌ڵام دیسان له بن پردان
ده‌ریا له جۆش و هه‌ڵچوون ناكه‌وێ
له ژێر پردان،  ئاوی ده‌ریا
ده‌نگی دلێرتر دێته گوێ، كه ناخه‌وێ !

ڕۆژگارێک
به‌و بیره‌وه  ژان ده‌یگرتم كه ڕاسپارده‌ی تۆفانه‌كان هه‌ر نه‌گه‌یشت
ئه‌و شنه‌یه‌ش كه له كه‌لی سه‌خت و بێ بواره‌وه ده‌هات
به سه‌ر ته‌رمه بێهوده‌كاندا تێپه‌ڕی .
ئه‌و ته‌رمانه‌ی
به داری هیوای نادیاری خۆیانه‌وه هه‌ڵواسرابوون .
به‌ڵام ئێستا ئێتر مه‌ختووم
من ناترسم
گه‌ر ئه‌م خه‌ونه له خه‌وی ئاڵۆزی شه‌وێكدا ده‌بینم
یان له وڕێنه‌ی گه‌رمه یاودا
یان به چاوێكی بێدار
یان به گیانێكی خه‌مبار  .
نه ئێتر من لێی ناترسم !
له نیگا و له قسه بێ به‌ری
خێڵی ده‌روون ڕه‌ش و تاریک، له قووڵایی سه‌ده‌كانه‌وه هاتوون
كه ده‌خوازن دڵی به ترپه و به جۆشی خاوه‌نانی بیری پرشنگ و نوور
بكه‌نه پینه‌ی پۆستاڵه‌كانی خۆیان و

کاتێک پشتت لە تەختی زەوی دەدەن
پێیان وایە
بەختەوەری لە گەڵ ئەوان لە دایک بوو !
وابێ ! وابێ ! با وابێ !
من ناترسم
چون دەزانم چارەنووسی پڕ نەگبەتی هەر دەروون کوێرێک
کە جینایەت وەک مەزهەبی حەق مەوعیزە کا ،
بە کوێ دەگا .
باش دەزانم بە کوێ دەگا !

1360 04 20

## 26.3 مرۆڤی گەورە و شەهیدی نەمر : حسین بەفرین

بە ڕێز کاک حسین بەفرین شاعیر، رخنەوان،ئەدیب، زمانەوان ،خاوەن هەڵویست و زۆر دلۆڤان وەک کۆتری ئاشتی بەرەو پارچەیەکی تری کوردستان فڕی و سنووری دەستکردی شکاند. پاشان لە لای کۆمەڵە و لە شاری بۆکان گیرسایەوە. ماوەیەک وەک خەباتی سیاسی و ئەرکی ڕێکخراوەیی مامۆستای زمانی کوردی بوو و زۆر پێشمەرگەی کچ و کوڕی فێری زمانی زگماکی کرد. لە پۆلەکاندا جگە لە زمانی کوردی ڕێزمان و مێژووی کوردستان و زۆر وانەی تری دەگوتەوە. بیر و ئەندیشە و ئیمانی پتەوی سەبارەت بە خەباتی عادلانە ورزگاری بەخشی گەلی کورد و هەستی ناسک و عاتیفی کاک حسین شایانی رێزە. کاک حسین یەکیک لەو شاعیرە پێشڕەوانەیە کە لە هەڵس و کەوت و قۆناغە تاڵەکانی مێژووی کورد قەڵغانی دانە خست وخاوەنی ورەی بەرز بووە و لە پێناو چارەنووسی پرولیتاریا و بێ بەشانی جیهان شیعری گوتوە

وقەڵەمەکەی لە خزمەت ئامانجی بەرزی کرێکاراندا بووە و لە وان دیفاعی کردووە.

کاک حسین لە دیوانەکەی چاپی سلێمانی ساڵی 2002 ئاوا دەڵی "... چەند سەرم بەرزە کە لکەدار و هەلپەرست نە بووم. بە بێ ئەوەی گوێ بە بەرژەوەندی شەخسیم بدەم وەک دەنگی سەردەمی خۆم دواوم و لاسایی کەسم نە کردوەتەوە. ڕێگەی تایبەتی خۆم لە شیعردا گرتووە و پەنام بۆ سێبەری هیچ هێز و دەربارێک نە بردووە، لە گەڵ تێکۆشان و راستیدا ژیاوم و رۆژێک خۆم و وشەم نە دۆڕاندووە. پێم وایە یەکێکم لەو شاعیرە کەمانەی کە هەمیشە چەقۆی سیاسەتە بۆرژوازیەکان لە سەر ملم بووە و بواری هەموو شتێکی لێ تەنیووم. ئەم بەشەی دیوانەکەم. .. "و لە نوسراوەی بە سەر هاتی شاعیرێکی. .. چاپی کوردستانی عێراق ساڵی 2000 دەڵێت "رابردوو وەک سێبەری مرۆڤ وایە هەرگیز دەستبەرداری خاوەنەکەی نابێت، تەنانەت بە مردنیش کۆتایی نایەت و سڕینەوەی نی یە. هێچ ئێستایەک و هێچ ئایندەیەکیش بە بێ رابردوو پێک نایەت و پێوانەی ئێستا و ئایندەش بە دەستی رابردووە. ئەمە یاسایەکی بنەڕەتی ژیانە و هێچ دەستەڵاتێک بۆی ناکوژێتەوە و کەسیش لە دەستی رزگاری نابێت. ئای مێژوو کە زاڵمە چونکە تاکە چەکێک بە دەستی یەوە بێت و بە کەس لێ یٚ زەوت نە کرێ تەنها رابردووە. دە... ئەی رابردووی زاڵم سڵاو!"

## بەشێ یەکەم

## چەند وشەیەک!

کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی، ئەندامی پایە بەرزی سەر کردایەتی – کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران –بوو. ڕۆڵەیەکی مەزنی، بنەماڵەیەکی کوردستانی خوێناوی ئێران بوو، کە خاوەنی حەوت شەهیدی نەمرە. بە لای منەوە کاک (فوئاد) نەک هەر مرۆڤیکی سیاسی ژیر و ئازا بوو، بەڵکوزانایەکی سیاسی و ڕابەرێکی شۆڕشگێڕیش بوو. چرای ژیانی خۆی ئەسووتان لە پێناوی ئایدیۆلۆژی چینی کرێکارانی، چ کوردستان، چ هی ئێران، چ هی سەرتاسەری دنیا.

ئەو مرۆڤە گەورەیەی بیر و بڕوای مارکسیستی لینینستی ببوە خوێنی ناو دەمارەکانی.سێ ساڵ بەر لە یئستا، بە دەستی چەپەڵی دوژمنەکانی چینی کرێکار شەهید بوو.بەم رەنگە کاک (فوئاد) بووش بە شەهیدێکی مەزنی خەباتی مرۆڤایەتی. منیش لە گەڵ دانەواندنی سەری ڕێز و نەوازش لە بەر دەم کاک فوئادی شەهید و نەمر، هە روە ها لە ئاستی ئەو خۆشەویستی یە مرۆڤانەیەی شکی پێ ئەبەم بەرامبەر- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران-. ئەم دوو پارچە شیعرە، ئەکەمە چەپکە گوڵی دیاری هەست و دڵسۆزی خۆم بۆیان.

**ح- بەفرین**
**1981- بلەکێ**

# مرۆڤی گەورە و شەهیدی نەمر

کام دەریا بە شێوەی چاوەکانت مەند و
قووڵ بوو، کام تریفە وەک نیگاکانت
شیرین بوو. کام رووبار بە چەشنی
ژیانت خوڕ و نەسرەوت بوو. کام هەور
وەک دەنگت پڕ برووسکە بوو.کام نەرمە
با بە رەنگی گیانت پڕ جولانەوە بوو. کام
تاڤگە بە وێنەی تریقانەوەت پڕ ورشە
بوو. کام بەهار وەکو ئاواتی دڵت
جوان بوو. کام تیشکی هەتاو بە شێوەی
بیر و بڕوات گەرم و گوڕ بوو. کام گوڵ
چەشنی حەزت ناسک و بێگەرد بوو. کا م
پۆڵا وەک تێکۆشانت سەخت و پتەو
بوو. کام لووتکە وەک بەرزی ئامانجت
بڵند بوو. ئاخر کام پایزیش وەک مەرگت
پڕ ناسۆر و ماتەم بوو.

(2)

زەحمەتکێشان شەپۆل شەپۆل لە دواتەوەن
ئەیانەوێ سەنگەرەکەت پڕ کەنەوە.
تێکۆشەران پۆل لە دوای پۆل بە شوێن
تۆوەن، ئەیانەوێ رێگاکەت بگرنەوە.
شەهیدەکان کۆمەڵ بە کۆمەڵ دێن لە گەڵت
ئەیانەوێ بە تەنیایی نەمێنی یەوە. دڵنیا
بە، ئەو ئاڵایەی هەڵت ئەگرت، ئێستا
زۆرتر شەکاوەیە.خەمت نە بێ، ئەو

رووبارەی هەڵت ئەبەست، ئێستا بووە بە
دەریا، دڵگیر مەبە، ئەو سەفەرەی
دەستت پێ کرد، ئێستا نزیکی ئاسۆیە،
چاوەکانم، تۆش نامری، لە هەر کوێ
بین لە گەڵمانی، لە هەر جێ بین لە
گەڵمانی.

(3)

لە ئاسمانی بڕوامانا هەمیشە ئەستێرە-
یەکی گەش و دەم بە خەندە یت. لە ناخمانا
گوڵێکی بۆن خۆش و پاراویت. لە دڵمانا
خۆشەویستی یەکی مرۆڤانە یت. لە گیانمانا
هەناسەیەکی پڕ لە شنەیت. لە دەروونمانا
خەمێکی گەش و تەڕیت. لە سەرتاسەری
ژیانمانا هاوڕێی یەکی تێکۆشەری و واین
لە گەڵت. هەرگیز..... هەرگیز تۆ لە
یادمان ناچیتەوە. ....هەرگیز. .... هەرگیز
لێت جیا نابینەوە.
هەرگیز. .... هەرگیز تۆش لە ئێمە جوێ
نابیتەوە.

(4)

خەندەیەکی مناڵانی کرێکار و زەحمەتکێشان
لێو ئەنین بە دەمتەوە.یاسایەکی
مرۆڤایەتی لە سێبەریا ئەحەونەوە.
سەنگەرێکی پێشمەرگەکان بەرگریت تیادا
ئەکەن.کێڵگەیەکی جووتیارەکان بەری
ژیانت تیا ئەدروونەوە. کاروانێکی

هەژار و داماوەکان بەرەو ئاوات ئەخەیتە
ڕێ. بڕوایەکی کرێکاران خەوی خۆشت
تیا ئەبینن. وڵاتێکی گوڵی ئازادیت تیا
شین ئەبێ. تفەنگێکی شۆڕش ئاسۆی
سەرکەوتنت تیا ئەبینێ.

(5)

ئەگەر مێژووی مرۆڤایەتی، مرۆڤی
گەورەی زۆربن، گومان نابەم کە تۆش
یەکێکی لەو مرۆڤە گەورانە، وەک چۆن
ئێستاش یەکێکی لە شەهیدە مەزن و
نەمرەکانی کاروانی مرۆڤایەتی.
درۆ ناکەم ئەگەر بڵێم، ئەستێرەکانی
ئاسمانی کوردستانی خوێناوی، ئێستاش
بۆ پڕشنگی چاوە جوانەکانت بێ پەروشن.
چیا بەرز و سەرکەشەکانی خاکی کوردستان،
ئێستاش بۆ سەربەرزیت بە داخەوەن. خەمیکی
گەورەی دڵ و دەروونی زەحمەتکێش و
کرێکارانی، چ کوردستان، چ ئێران،
چ سەرتاسەری دنیایت. بەرامبەری بەرزی
ڕێ و جێت هەموو تێکۆشەرانی سەرانسەری
ئەم جیهانە سەری ڕێز و نەوازشت بۆ
دائەخەن. چاوەکانم، تۆش نامری، لە
هەر کوێ بین لە گەڵمانی. لە هەر جێ بین
لە گەڵمانی. هەروەک جاران هاوڕێمانی.

جاری جاران ،
لە سەرتاسەری کوردستان
لایەک شەو بوو،
لایەک خەم بوو
جاری جاران ،
لە خوار و ژووری کوردستان
فرمێسک زۆر بوو،
خەندەش کەم بوو.
تازەکی تۆش،
لە گەڵ ئاسۆی کاروانی نوێ
بڕیاری دواسەرکەوتنت دابوو
تازە چرای گەشی دەنگت،
داگیرسابوو
تازە پێ ی هەنگاونانت،
سەر ڕێ نابوو
هەژارانی گشت کوردستان شایەتن :
کە ئەستێرەی چاوەکانت،
لە ئاسمانی ویستی ئەوانەوە
تروکا بوو
هەموو تێکۆشەرانیش شایەتن :
کە خۆشەویستی گیانی خۆت،
بە شەپۆلی حەزی خەڵکانەوە
گرێ دابوو.
ئەو ناوەختەی،
کە زەرووی مەرگ
پەنجەی نەوسی نایە خوێنت

زەحمەتکێشان لە ناو دڵا
هەڵیان گرتیی
ئەو بێ وەختەی،
کە دەستی شەو
تاریکی بارانە شوێنت
تێکۆشەران لە ناو ناخا
هەڵیان گرتی.
هێشتا هەر خوێنی رژاوت:
لوتکەیەکە چەوساوەکان
رۆژ لە دوای رۆژ
تێکۆشانی پیا سەر ئەخەن
هێشتا دەنگی داگیرساوت :
سەنگەرێکە پێشمەرگەکان
جار لە دوای جار
بانگی ئازادی تیا ئەدەن.
چاوەکانم، تۆش نامری
هەروەک جاران
دوا سەنگەری ژیان ئەگری
هەر وەک جاران
ناخی دڵی زەحمەتکێشان
باوەش ئەگری
سوێ ی برینی شەهیدەکان
جارێکی تر
بە کوڵی زامت هەڵ ئەگری
گیانی ماندووی داماوەکان
جارێکی تر

لە سێبەری  رووناکی  ڕا ئەگری.

## بەشێ دووهەم

دوینێ،
شان بە شانی زەحمەتکێشان
لە ناو زامی کوردستانا،
هەڵ  ئەقوڵایت
دوینێ،
کە پێت نایە ڕێی تێکۆشان
بۆ سەر لوتکەی سەدەی بیستەم،
هەڵ ئەگەڕایت
نە چەوسانەوە و،
نە ستەم
نە گەرووی تاریکی زیندان،
تیشکی بڕوای پێ  ئەکوشتی
نە شەوی دیلی  و،
باری خەم ،
نە زەبری قورسی ئازاردان،
جامی ورەی پێ  ئەڕشتی.
یەکەم هەنگاو
(بەختیار)  ی ڕێی خۆشەویستی
لە پێناوی چاوەکانتا
تێشووی گیانی،
بەستە پشتی
لە ریگەی بەرزی ژیانتا
سۆزی  (خانە)  ی کردە بەرت

گوڵی خوێنی،
دا لە سەرت
ڕووبارێکی،
پاک و خوڕ بووی
بە گژ ژانی مەرگا ئەچووی
بە ناوی حەزی کارگەرانا
لە ویستی زەحمەتکێشانا
هەر ئەهاتی و،
گەورە ئەبووی
لە باوەشی کوردستانا
هەر هەنگاوێ،
کە دات ئەنا
ڕەگ و ریشەت،
لێ دا ئەنا
تاریکی شەوت،
ڕا ئەدا و دائەگیرسای
ئەسپی ئازارت،
غار ئەدا و نەئەوەستای
ئەوساش (فوئاد)،
بەندی دڵی هەژاران بوو
(شاسوار) ی ناو کوردستان بوو.
ئەو ساش (فوئاد)،
چاوی مێژووی تێکۆشان بوو،
(ئارام ) ی زەحمەتکێشان بوو.
لە گەڵت بوو،
هەنگاو

هەنگاو
بۆ سەرکەوتنی ئەبردی
لە گەڵت بوو،
بە ناو شەودا
لە شان و کۆڵی ئەکردی
بیرەدا بوو،
کاروانی خۆر
بە ناو شەودا تێپەڕ ئەبوو.
بیرەدا بوو
کاروانی خۆر
رووەو ئاسۆی خەبات ئەچوو.
بیرەدا بوو،
کاروانی خۆر
بە گژ ژانی مەرگا ئەچوو.
چاوەکانم،
ئەمڕۆش هەموو هاورێکانمان
وێنەی جاران
بە خەمتەوەن

چاوەکانم،
ئەمڕۆش هەموو هاورێکانمان
وێنەی جاران
رێبواری سەفەری ئەم شەوەن
چاوەکانم ،
ئەمڕۆش هەموو هاورێکانمان
هەر خەریکن
بەرەو رووناکی ئەجەنگن،

بۆ سەر لوتکەی بەرزی ئامانج
سەر ئە کەون.
ووچان ناگرن
هەر ئەڕۆن و سەر ئەکەون.
ئاگام لێ یە ،
چیا نی یە،
گوڵی دەنگی شەهیدێکی
لێ نە ڕوابێ،
ئاگام لێ یە ،
سەنگەر نی یە،
تیشکی خوێنی شەهیدێکی
تیا نە پڑابێ.

1981 – بلەکێ

**پەراوێزەکان :**

1-شەهید کاک (حەمە حوسینی کەریمی) کە ناوی (بەختیار) بوو، لە ناو خەڵکیشا بە (وەستا ساڵح) ناسرابوو، هاوڕێ یەکی دامەزرینەر و ئەندامی ناوەندی و دڵسۆزی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بوو.کاک حوسین، وەک ڕێبەر، فەرماندە و پێشڕەوی هەژاران، کاتیک مەقەڕی پولیس و شارەوانی سەقزیان چەک کرد، لە لایەن پولیسی شای ئێرانەوە، شەهید کرا.

2- (خانە) نازناوی پێشمەرگەی شەهید کاک (سەعید موعینی) بوو کە لە کوردستانی عێراقدا، پێشمەرگە بوو و شەهید کرا. هاوڕێ یەکی بە جەرگ، قارەمان و خۆشەویستی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بوو. کاک خانە لە گۆڕستانی شاری ماوەت، بەخاک ئەسپێردە کراوە

3- شەهید کاک (شاسوار جەلال) ئەندامی پایە بەرزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بوو. (ئارام) ناوی نهێنی و ناز ناوی کاک شاسوار جەلال بوو. ڕۆژی 31 01 1978 لە دێ ی تەنگیسەری ناوچەی قەرەداخ شەهید بوو.

4- بە لای منەوە کاک (فوئاد) و کاک (ئارام) ، نەک هەر دوو زانای سیاسی بوون، بەڵکوو دوو ڕابەر و دوو شەهیدی نەمر و مەزنی خەبات و ڕێبازی چینی کرێکاران بوون.

ح- بەفرین

**ڕوونکردنەوەیەک:**

کاتێک لە کوردستانی باشور و ئاوایی مالومە بووین لە هاورێ یەکی زانا و پێشرەو کە خەڵکی سلێمانی بوو ، و لە ناو ریزەکانی کومە ڵە دا، خەباتی دەکرد بیستم و سێ چوار جار دوو پاتی کردەوە کە شەهید شاسوار جەلال ( کاک ئارام ) ئیدئولۆگ و شارەزایەکی تێگەیشتوی سیاسی بوو و نوسراوەیەکی بە ناوی " ئەرکەکانمان لەم پلەیەی خەباتدا " نوسیوە. و باسی کرد کاک ئارام لەو نوسراوەیەدا بە شێوەیەکی بەر فراوان، علمی ، زانستیانە و کونکرێت ئاماژەی بە بار و دۆخی سیاسی،ئابوری،کۆمەڵایەتی و خەبات بۆ ڕزگاری کوردستانی کردوە و شی کردوەتەوە.

ئایا ئەو نوسراوەیە چاپ کراوە یان نا ؟؟ بە داخەوە من ئاگادار نیم. هیوادارم نوسراوەکەی بە ڕێز کاک شاسوار جەلال کە لە ئارشیڤی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یان یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی عێراق هەڵگیراوە ، ڕۆژێک لە ڕۆژان چاپ کرێ .

**نووسەر**

# 26.4 پێشکەش بە گوردانی کاک فوئاد:

## ڕێبوار

بە ڕێزکاک موسلیح شێخ الاسلامی (ڕێبوار) شاعیر، نووسەر و ڕومان نووس لە کات و بواری پێشمەرگایەتیدا شیعری شۆڕشگیڕانەی گوتوە و هەروا شیعری شاعیرانی بە ناو بانگی جیهانی بۆ سەر زمانی کوردی تەرجومە کردوەتەوە. شیعر و تەرجومەکانی لە گۆڤارەکان و ڕادیو کۆمەڵەدا بڵاو بوەتەوە. کاک موسلیح وەک شۆڕشگیڕیکی ڕووناک بیر لە هەموو قۆناغە کانی ژیانی بایەخی پڕاوپڕی بە هونەری شۆڕشگیڕانە و ئەدەبیاتی کرێکاری داوە. شیعر، وتار، تەنز و پەخشانە کانی کاک موسلیح کە لە بەرنامەکانی ڕادیو کۆمەڵە بڵاو دەبونەوە وهەرگێز لە بیر ناچنەوە. لەو مەیدانەدا سەرکەوتوو و نووسینەکانی هەستی دەبزوان و دڵانی تێنوی ئازادی ئاو پژین دەکرد.

### دۆشکا

### 1.1.4.26_ شیعرو هونراوە:

موسلیح شێخ الاسلامی، زستانی60

گەشن، گەشن ،دانە دانە پۆل پۆڵ ئەستیرە ،
بە ئاسمانی زوڵاڵەوە بیان ژمێرە.
وینەی یادی شەهیدەکان، دەدرەوشێنەوە،
ورەی بەرزی پێشمەرگەی، پێ دەگەشێتەوە.
تاسە بارە، مانگە شەوی بە پایز تەزیو،
بۆ دیداری، مەریوانی هەرگیز نە بەزیو.
تاسە بارە و نازانی بۆ هەوری حەریری
نایەڵێ ئەو دەشتە، شین بێ بە تێشکی شیری.

تا دەبینێ، باسک و شان و شاخی بێسەران،
ڕازاوەیە، لێی دامەزراون پێشمەرگەکان.
بێ ئەسپایی، بە بێ تەقە، بن بەرد بە بن بەرد،
تاریکایی هەور حەشارە، و شەوە قەڵای مەرد.
ئەمجارە مانگ گەرچی سەرما تێشکی تەزێنێ،
بەو هیوایە، کە پێشمەرگە دوژمن بەزێنێ.
تیشکی لە ژێر هەوری ڕەشا، دەشاریتەوە،
تا دۆشکەچی دوژمن کوێرایی دابێتەوە.
"دۆشکا "وێنەی باڵندەیەکی باڵبەست کراو،
زەلیلی دەستی دوژمنە، سەر شوڕ و داماو.
چاوی ترسی بڕییوەتە، ئاسوگەی خەتەر،
پێشمەرگە وریا، دێتە پێش دوژمن بێ خەبەر.
بست بە بست و هەنگاو هەنگاو گەمارۆیان دا،
قەڵای دوژمن کەوتە، ژێر چنگی لاوانی وریا،
برووسکە بوو، ناکاو، نرکەی دەنگی دلێران ،
چەقەڵی دز، هەل دەلەرزین لە ترسی شێران.
وەک چۆن، بێچوە دەعبایەک لە هێلان دەردێنن،
دەریان هێنان ؛ بێ ئەوەی حەتتا بجروێنن.
دۆشکا کەو بوو، کەوتە چنگی هەڵۆی پێشمەرگە،
پێشمەرگە کیو بوو، هەرەس بوو چی دەیگرت بەرگە !
دایان تەکاند هەرچی تیا بوو- چەک و جل و بەرگ،
شێری ژیان چنگی خستە دڵ و جەرگی مەرگ !
سا بڕوانە، شەوقی شادی چۆن دەشتی پڕ کرد،
شەپۆلی وەک سێڵاو هەستا و هەموو خەمی برد.
زریوەی گەشی ئەستێرە پڕ بوون لە شادی،
سەمای هەور و تریفەی مانگ جیژنی ئازادی.

دۆشکا ئێستا، چووەتە سەر شانی شاخێکی بەرز ،
نایەڵێ دوژمن ببزوێ، لە ئاسمان و ئەرز.
کەوێکی گەروو پاراوە، کاتی دەخوینی ،
تیری تەرزەی مەرگ، بۆ دوژمن دەبارینی.

# 26.5 بە سەر هاتی جووتیاریک

ئەم پارچە شیعرە پایزی ساڵی 1358 هەتاوی (1979 ی زایینی)لە لایەن جووتیارێکی هەژارو نە خوێندەاری ناوچەی کۆماسی یان سەرشیوی مەریوان گوتراوە. شیعرەکە هەستێکی پڕ عاتیفە و ناسک نیشان دەدا و لە هەمان کاتدا باری سیاسی ،حەماسی و فولکلۆری بەرزی هەیە. **شاعیر لە روانگەی خۆیەوە** دەوری ڕێبەری کاک فوئاد لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی یەوە لە قۆناغێکی زۆر حەساس و گرێنگدا دەگێڕیتەوە. وەزن و قافیەی شیعرەکە جوانە و ڕیتم و هارمونی پڕ مانا و مەوزونی هەیە. ئەم جووتیارە تێگەیشتوە، جارێک کاک فوئادی لە مەقەڕی کۆمەڵە بینێوە کە هەستی ناسکی بزواندوە.ڕێنوینی و ئامۆژگاری و ڕاسپاردە کانی کاک فوئاد، شەڕ وڕووداوەکان، شکست و سەرکەوتنەکان، پەیامە کان وەک مێژووی بەرەنگاری باس دەکا و دەگێڕیتەوە.

دابەزاندنی نەوار و کاسیتەکە لە شێوەی دیالوگ و دەنگەوە بۆ فورمی نووسین و دارشتن لە سەر کاغەز لە لایەن بە ڕێز مەلەکەی مستەفا سوڵتانی یەوە کراوە.

نە مفتە خۆرم نە دارای مەعاش
نە زۆڵە کوردم کە بووبم بە جاش
نە تێری تێرم نە برسی برسی
نان پەیدا ئەکەم بە سواری قورسی
سوار قورسی ئەبم داس ئەکەم میراس
زاڵم نە بوم، تا بگرم قەپ و گاز
داخی ناحەساو داویە لە کەللەم
شام و نە هارم دۆینە و شەلە م

نە خۆ میرزام و قەڵەم زەنی جوان
چۆنکە کەم نان و هەم دانیشتوی دێم
وتیان نانی تۆ لە جاڕ و شێفە
ماشینم نە بوو ،کە بیکا گێرە
هی هەژاریمە کە ئەڵێن حیزە
دەی زاڵم ئێتر کەم پیاما هەڵمیزە
کەسێ زەڕ نە بێ ناگرێ قەدری زەڕ
کاک فوئاد چونکو ئەو بوو زەڕ شناس
وەختێک کۆمەڵە کە زۆر بوون زەعیف
بیست و پێنج ڕۆژ بوو، کە من بۆ درەو
بازێ جۆم وەشان، لە ژێر گەڵا جاڕ
چونکاکۆ، کۆڵ بوو نەی کردبوو باڵا
درەوم ئەکرد لەو چۆڵ و دۆڵە
درەومان ئەکرد لەو عەرزە سفتە
بەر لەوا ئێژم نەعوزوبیلا
هەژار و فەقیر لێتان ناترسم
درەو تەواو بوو چوم بۆ سەر جادە
خیابان دارسیران گرتم بۆ ئەو پەڕ
دۆزیمۆ چومە قەیم دادگا
چومە ژوورەوە ،نەرم نەرم و ورد ورد
جواو سڵاوم بیست، لەویا دانیشتم
حاجی یە بچکۆلە، ئەو بوو چای پەز
وتیان کاکە گیان چ کارێکت هەس
وتم فرمانم بە کاک فوئادە
وتیان ئەوانە ئێسە نین لێرە
شەو چومە ماڵی یەک عیزەت ناوی
بەیانی لە گەڵ ئەو عیزەت ناوە
ئەو عیزەت ناوە کردی چاوە چاو
بۆ هاتنی من چونە بنی گۆم
سەریشم ببڕن کوردم و کورد زوبان
حەتتا قەوم و کەس جیا بونەسۆ لیم
لە ناوی ئەبەیت بیتە تایفە
فەرمان و دەندەم داسە و نەقیزە
خۆر، ڕەشێ کردوە ڕەنگم وەک دێزە
کلکت لی دەر بێت بە قەد نەقیزە
جیا ناکاتۆ، نە وشک و نە تەڕ
ئەیناسی ساحیب هەم فرمان و داس
بە ڕەنگی ڕەش و دەس و پل کە سیف
ئارامم نە بوو، بە ڕۆژ و بە شەو
لە تەک برایەکما، هەر وەکو کەوباڕ
پشتم ئەچوو ناو ملم وەچالا
مەرامم چوە سەر مەرام کۆمەڵە
نان و دۆم ئەخوارد لە جیاتی کفتە
ئەگەر خوایە بێ و زۆر کا لە فەلا!
ئەتوانم بێژم، ئەو خوا ناپەرەسم
خۆم بناسێنم بەو کاک فوئادە
وتم کامەسە ،کۆمەڵە و مەقەڕ ؟
سەنگەر بەسیابوو لە بەر ئەو درگا
درگاکەم کردەوە، سڵامێکم کرد
لە ئێشێ دڕەک قونجانم مشت
چایی بۆم هاورد، چایی یەکی خەس
ڕەنگت ڕەش بووە هەڵت پێکاوە دەس
کوڕان سەید ڕەشێ پیرخزران زادە !
بیخە بەیانی ڕۆژگار زۆر دێرە
ئەو شەوە خواردم یەک نان و ئاوی
ڕۆیم پیر خزری لەویا ویساوە
کوڕان سەید ڕەشی، ئەو کاک فوئاد ناو
بە ئەوانم وت شەرحی حاڵی خۆم

ئەوان وتیان پێم، ڕەفیقین لە گەڵ تۆ     دەوریان لی دام، لە بان یەک سەکۆ
کاک فوئاد دەستی خستە سەر شانم     وتی شیرینی، باشتر لە گیانم
وتم گوێ بگرە، کاکی ڕەوشەن بیر     مەرامی ئێمە و، ڕاویژ و تەگبیر
وتی کاکە گیان بۆ چی نازانی     کە چیان پێی کرد سەرۆک بارزانی!
ئێمە فەقیرین، مەزڵوم و سادە     چۆن کڵاو چوە، سەر ئەحمەد موفتی زادە!
وتی نازانی چەند سەد ساڵە کورد     تەمایر هەلە، بکا دەست و برد
چەند هەزار لاوی جوان و ڕەۆشنبیر     بە دەس بێگانە ،کراون دەسگیر
چەندە پێشمەرگە و باسەواد و لاو     باڵیان بڕیون و، هەڵیان کەندن چاو
هەتاکو بوە کە ژنی زگ پڕ     بە لولەی تفەنگ زگیان کردە شڕ
یا ڕانک و چۆخە، کڵاو و جامانە     دروسی ئەکەین، دەس کار خۆمانە
موی گێسکی مەرز، ئەدرەوشێ لە ڕەنگ     ئێژن خراپە، بیکە دوو لنگە تەنگ
ئێتر لێرەولا، نەخلەتین بۆ کەس     دەس بگرین بە یەک، دەس لە بانی دەس
ئەم هەلە خاسە، بەر نە دەین لە دەس     کورد با شەرەفە و ناموسی هەر هەس
خاکمان چۆڵ نە کەین، بگەڕین وەک مەس     درێژی کەنۆ، بە سەرمانا دەس
خۆمان مەئمور بین، کوڕی خاسمان هەس     بۆ تێمان هەڵبا، مەئموری ناکەس !
بۆ لە ئێدارە دابخەۆ دەس     بۆچی پێت بڵین، پدر سوخت تەرەس
ئەو ئێدارەیە،خۆ سەندەڵی هەس     بۆچی داتنانێن تۆخوا کاکەی مەس!
خۆی بۆ دانیشتوە، ئەخوا چای خەس     ئەگەر قەبوڵی کەی تەرەسی تەرەس
ئەویش وەکو تۆیە، حوکم حاکمی هەس     بە دەسی خۆیە، تۆ بکا بە ژێر دەس
ئەوان زانیان ئەقیدەم چۆنە     بە سەر هاتیان وت لە تازە و کۆنە
بە زبان ئەیانوت ناو خوا و اللّه     ئەقراریان ئەکرد بە ڕەسوڵ الله
وتیان کاکە گیان، گوێ بگرە زۆر باش     هەموو با سەوادین، دارای مەعاش
جەردەی سەر ڕێ نین، بگرین کۆڵ و بار     فەقەت لای ئەگرین، چەوساوە و هەژار
قینمان نیە خۆ، لە هەموو کەس     هەرچی تێرەیە، خاس و خراپی هەس
ئێژین کوردستان وەتەنە وەتەن     لە بەرز و باریک، فەرقیان نە خەن
باریک نەچیتە ئەو جێگای تاریک     بێتە ڕۆشنای هەم بەرز و باریک
وەکو یەک بژین، بە هەر چێکمان هەس     باکەس بێگانە، پێمان نەوا دەس
جارێ ئەم باسە با لێی نەدەین دەس     فرمێسک و دایکی گفتوگۆیان هەس
فرمێسک کچێکە بچکۆلە و نەوزاد     کچی کاکە حسین برازای کاک فوئاد

ئەو ڕۆژە فرمێسک، کە بوو لە ماڵۆ      وەختی کە نواڕی، ها لە ماڵ خاڵۆ
بازی ژنی دی، هەموو بوون ڕەش پۆش      دایکی بێ دەماخ، هەروەکو نەخۆش!
فرمێسک ئەڕێژن بێ نوورە چرا      باسی باوک ئەکەن، هەم هی دوو برا
ناو فوئاد ئەبەن، هەم ناوی ئەمین      هەم ناوی دوژمن، کە ها لە کەمین !
مامان وەختێک تێ ،کە ناوکی ببڕێ      دلۆپێ فرمێسک، بە دەسماڵ ئەسڕێ
مامان ڕەش پۆشە ،بێ تەڵا و بێ زێو      ئەڕوانن بۆ ئەو، پێی ئەڵێن هەتیو
وتی دایە گیان، ئامان سەد ئامان      بۆچی هەتیوم، بۆم بکە بەیان !
وتی فرمێسک گیان فرمێسک بڕێژە      چەرخەکەی گردوون وا سەرەولێژە
ڕۆڵە بزانە، ناوی باوکی خۆت      ناو و نیشانی، بەیان ئەکەم بۆت
باوکی تۆ حسین، شۆڕەت سوڵتانی      بە تیری دوژمن، کە دەرچوو گیانی
عیلمی تەواو کرد، بوو بە دەبیر      لە تەک هەشت نەفەر، کە کردیان دەسگیر
دوو کوڕ سەید ڕەشێ، و ئەمانیش دووان      پێنج نەفەری تر، هەر پێنج نەو جوان
ئەوان لایەنگیر، تیپی جووتیاران      لە سەر ئەوە بوو، کران تیر باران !
ئەیانوت خوا، نەیفەرموە هەژار      جوێنی پێ بدەی، بیبەی بۆ بێگار
ئارەقی پشت جووتیار، هەر وەسە سیراج      چۆن خوا هەڵئەگرێ ،لی بسێنی باج
ساڵ دوانزە مانگە فەلا لە هەولە      جلی ڕەق بووە، هەر ئەڵێی دەولە
لە گەرمای هاوین، خەریک درەوە      نازانی ڕۆژە و، یاکو خۆ شەوە
خەریک درەوە، بە دەس و بە داس      درک دەر تێرێ، بە قەپ و بە گاز
درەو کام درەو، درەو دیمە جۆ      خۆتان بەن بە کوشت، بە هەشت و بە نۆ
لە دۆڵێکی چۆڵ، بێ سێبەر و ئاو      دائەنیشی بۆی، فەلای بەش خوراو
درک پەرمێشکە، ئەگرێتە مشتی      ئارەق ئەڕژێنی، لە شان و پشتی
ئاروق ئەڕژێنی لە دەم ولە چاو      جا دێتە خوارەوە، بۆ سەر کانی و ئاو
کاتی نیمەڕۆ، سا چونێ خۆشە      هەوڵ ئەدا بۆ، دار و پەڵۆشە
بازێ ئاژاوە، و بازێ وشتر خوار      ئاگر بکاتۆ، قۆری بکا سوار
ئەمجا ئەیکاتۆ، چارەکەی نانی      دوو چڵ شەقاتە، ها لە گیرفانی
بە درکە زەردە، ئاگرێ ئەکاتۆ      ئەوجا هەوڵ ئەدا ئاو بکاتە دۆ
یەک جامۆڵەی خاس، پڕ ئەکا لە دۆ      ئەمجار چارەکەی نانی ئەکاتۆ
لە تاو برسی یەتی وا حاڵی شەقە      جا ئەدا لە تیپ ،دۆ و نانە ڕەقە
لە دوای نانەکەی، چاییک ئەخوا      شوکری خوا ئەکا، هەڵ ئەسێتە پا

ئەمجا گۆزەکەی پڕ ئەکا لە ئاو
بۆ درەو کردن لە بەر خۆرەتاو
دیسان داسەکەی، لێ ئەدا هەسان
بە دڵێکی خۆش، بەر ئەباتە بان
بەری بردە بان، پشت بەرز ئەکاتۆ
تێتە خوارەوە، ئاوێ ئەخواتۆ
ئاوێ ژێر باقە گەرم بوە هەرچی
ئاوێ ئەخواتۆ مانوی دەر ئەچێ
هەتا ئێوارە کە ئەگرێ سواڵە
ئێوارە وەختێ، وەختی ئێوارە
دای ئەکەنیتۆ، جل پەرمێشکاوی
ئەی کاتۆ بەری ،جلیی تۆزاوی
ئەیان شارێتۆ، داس و هەسانی
ئەی بەسێتە پشت ،چارەکەی نانی
تێتۆ بۆ ماڵۆ، ئەو بە سواری کەر
ڕوو بە ئاوایی، دەشت ئەگرێتە بەر
وەختێ دابەزی، پای وا تەزی یە
وا ئێحساس ئەکا، پای عەوەزی یە
چارەکەی نانی، ئەنیتە زەوی
مناڵەکان ئێژن، ئەی مانو نە ویی
جواو مانو نەویی ،ئەوان ئەداتۆ
پای ڕائەکێشێ وپاڵێ ئەداتۆ
چای دووان ئەخوا، بە بێ دەنگ و باس
شامیی بوو دێنن، شامی نان و ماس
چونکا مانوە بۆ خۆی ئەخەوی
هەتا بەیانی کە خۆر ئەکەوی
نان و چای خوارد وەختی بەیانی
دۆانە دۆکەی ئەگرێتۆ شانی
بۆ دەسەی فەقیر، وایە زیندەگانی
ئەڕۆتۆ بۆ لای داس و هەسانی
لە جیاتی مسواک و خەمیر دیانە
فرمان بەیانی، داس و هەسانە
لە جیاتی پەیکان، یا خۆ لاندویر
ئەڕواتۆ بۆ دەشت، ئەو بە سواری کەر
فەرمانیی ماشین ،سەرکار تەمیزە
فەرمانی هەژار، داسەو نەقیزە
بەیانی بخوا، هەم کەرە و پەنیر
بۆ شام هەیەتی گۆشتی گیسکی نیر
چونکا نازارە، ئەو بەچکە خانە
هێلکە و تەماتە، ئەو بوو عەسرانە
دەم و چاوەکەی وا زەرد و سافە
چونکێ خەوتووە لە تۆی مەلافە
ئێوارە دێری، خاڵۆ مراد خان
ئەچێتۆ بۆ ماڵ هەروەکو جاران
دیسان ئەخەوێ، لە ماڵی تاریک
ئەچێتە گویچکەی، یەک دەنگی باریک
دەنگیی ئەناسێ، دەنگی خزمەت کار
خاڵۆ مراد خان ،هەڵ ئەسێ وەک هار
فەنەک پەلە پەل ئەدا لە چرا
ئێژێ خەوەرم، ئەی کاکە برا
ئێژی مراد خان، ئاتۆ بروانە
دوو سبەی گەلمان هەس، دەستوری خانە!
با، باش حالیت کەم ئابێرە بەرۆ
بۆ دوو سبەی، ئامان داست بێرەرۆ
ئازا خەوتووی، ئامە کەی یە
سبەی ماڵ ئاغا، میوانیان هەیە !
سبەی دوو مامر هێلکە کەرو چاخ
بچکۆلە نەبێ هەر دوو بە دەماخ

ئەگەر گەورە بن، وا هەڵ نەگرن زەم    لە لای خانما، تکات بۆ ئەکەم
میوان ڕازی کا، لەو دیوەخانە    قەبوڵی ئەکەم، بە فڕوجانە
خانم فرمووی، خاڵۆ مراد خان    کە ئێستا بێژم، بو هەمو ژنان
بەیانی گەلی ژنانەیان هەس    فرمان خۆی نەکا ،قەد لی نەدا دەس
خانم و ئاغا هەر دووکیان ئێژن    بەیانی ئەبێ، سەنیر بە پێژن !
فرمان ژنەکەی، گەلێ سەنیرە    چوونکو زۆردار بە فەقیر فێرە
ڕێحان ئەنێرم ،قوربان بە سەر چاو    بەیانی من خۆم، ناخۆم نان و ئاو
تەگبیر وەها بوو، خواوەن مەنان    نەخۆش نە کەوی، ژنی مراد خان
وەختێ کە هەڵسا، لە خەو بەیانی    بە نەخۆشینی، مراد خان زانی
موراد خان وتی تاڵە ژیانم    چۆن جوابیان بەمۆ، هەم ئاغا و خانم
ژنەکەی وتی، هەڵسە مرا د خان    با دەشتەکەمان، نەوێ سەرگەردان
مەجبوری بڕۆیت، با من نەبم خاس    ئەشێ بێریتۆ، هەم هەسان و داس
تا دوا نێوەڕۆ، غیرەت بەم بە خۆم    با نەیشتوانم، مەجبورم ئەڕۆم
بێ نان و چایی، خاڵۆ مراد خان    توورەکە دۆکە و، دوو سێ دانە نان
کەرەکەی تێرێ، سواری ئەبێ    کارەکەی پێشوی، بکا جێ بە جێ
ئەمجارلەم لاوە، ژنەکەی ڕێحان    بە دوایا ئەنێرن، دوو سێ ڕا، ماڵ خان
ئەمیش کەوتوە لە ژیر لیفێ    گیانی قورس بوە، هەر بە قەد کێفێ
ژنەکەی ئێژێ، بە رافیع خانم    ئێژێ بنوارە, قەزات لە گیانم
بێژە وەخانم، دڵی نەوی ڕیش    ئەها ماڵەکەم چۆن تیی داوە مێش !
بڕوانە ڕەنگم، پرسە ئەحواڵم    تۆ خوا سەرنج بە، شپرزی ماڵم !
بێژە ئەمجارە، ئەو لێم ببورێ    لێم عاجز نەبێ و لێشم نە تۆرێ
ئەگەر بەنیان ویست، بیکەمە ڕەشکە    ئەگەر پێسەیان ویست ،بیکەمە مەشکە
ئەگەر سەنیریان ما، بە دەس بی پێژم    ئەگەر گەوریان بوو، بە کۆڵ بی ڕێژم
ئەگەر گەسکیان ویست، بویان ئە هێنم    ئەگەر قالیان بوو، جوان ئەیتەکێنم
ئێتر عەرزی کە، نەیەتە شوێنم    ئەگەر نە مردم، بۆیان ئەمێنم
تۆ خوا بۆی ببە، ئەم هەواڵە    ئەگەر گەرەکیان بوو، بەنی جەواڵە
ئارد بنێرێ بووم، با بیکەمە نان    گۆروا ئەڕێسم، بۆ پای ئاغە گیان !
خزمەتم کردوە، جوان جوان گێسکە نیر    ئەنێرم بۆیان، هەم کەرە و پەنیر
سێ مامرمان هەس، هەر سێ هێلکە کەر    ئەنێرم بۆیان، بە گیان و بە سەر

دوو کەویشمان هەس، کەوێ سەر هێلان
بێژە وەخانم، دەسم بە دامان
ڕافیع ئەڕواتۆ، بوو ناو گەلەوان
ئێژێ خانم گیان نەخۆشە ڕێحان
خانم ئەفرمێ، حاڵی چلۆنە
ڕافیع ئێژێ پێی، بە هەزار قورئان
چت ئەنێری بووم، ئەو خرسە ڕۆشە
خێرم پێ ناکا و، پێم ناکا ئەحسان
ئێوارە هاتۆ، ئەگەرمراد خان
بە قژ بیکێشێ، ئەو خرسە کۆنە
خانمیش ئەمجارە، بێ خەبەر لە خوا
ئاغەیش ئەگەڕێ. بۆ ڕۆژێکی وا

دڵیان لی چوە، ئاغەزادە گیان !
عەرز ئاغە نە کا، نە هاتوە ڕێحان
خانم دانیشتوە، ها لە پشت سەریان
ئەگەر نە مردم، ئەمێنم بۆیان
گوایە ڕاس ئەکا، ئەو خرسە کۆنە
بە خوا، ڕاست ئەکا داماوە ڕێحان !
ئیتر منەتی، ئا بە ئەو پووشە
ئێوارە هاتۆ، ئەگەر مراد خان
عەرزی خان ئەکەم، تەمێی بکا جوان !
باکو بزانی، فەلایی چۆنە ؟
نە هاتنی ڕێحان عەرز، ئاغە ئەکا
پای لار دانێ و ،جەریمە بکا !

+++++

ڕۆڵە فرمێسک گیان ئەم ناحەساوە
ڕێحان نەیتوانی، سەنیر بەپێژێ
خەمی ڕێحان ،هەس لە دڵیا کەمێ
گیانی پڕبووە، لە ئارەق و ئاو
کارێ ڕۆژ و نیم، کردی وەپەلە
ئێوارە هاتۆ، هەرچی بوو مانوو
خزمەت کار وتی: خالۆ مراد خان
فرمانی هەیە، شەو بێ بۆ ئێرە
دابەزێ لە کەر، وەختێ تێتە بان
چرا نەکراوە، نە چای و نە نان
ئەڵێ بە ڕێحان، بۆ چی نەبووی خاس
ئەڵێ چووزانم ،خەبەر ئاوایی
زەرد هەڵگەڕاون، مناڵەکانم
ئەڵێ نەتزانی، چاوت دەر ئەهات
ئەیاتە بەر دار، ئەو لایەیی ئێشێ
زیرە ئەخاتە، ناو ماڵ و مناڵ

باوکتی دا بە کوشت، ئەو باوکە لاوە !
مراد خان لەوی ،ئارەق ئەڕێژی
درەوێ ماوە، بەش ڕۆژ و ژەمێ
درەو ڕۆژ و نیم، ئەو بیکا تەواو
دەسووری ئاغەس، بەیانی گەلە !
ناردیان بە شوێنیا، خزمەت کارێک زوو
ئاغە فەرمووی، لە دوایی چای و نان
فرمانی خۆیە، ئینشاڵڵە خێرە
ڕێحان نەخۆشە، وەیلانە خێزان
هەڵمەتی ئەدا، بۆ سەر جێی ڕێحان
هەواڵ ئەپرسی، لە دەنگ و لە باس!
مناڵ نەیخواردوە، نە نان نە چای
نەمتوانی بڕۆم، بۆ خزمەت خانم!
داخی دڵی خۆی، بە ئەو دەر ئەکات
تێر تێر ئەیکوژێ و، بە قژ ئەیکێشێ
هەوالی خۆشە. ئەیبا بۆ ماڵ خان

بەڵام کاری بەوە، نابێ جێ بە جێ
تەعامی ناکات، نە چای و نە نان
دۆیەکی دەرداوە، هەر وەکوو سیراج
شەڵ و پەڵ ماندویی، بەر خۆرەتاوە
ئەوەڵ ئەڕواتە مەنزڵ دەس و پا
ئەڵێن واعەلێک چۆنی مراد خان
مراد خان بیستی، خان بردی ناوی
وتی پێم بێژن، تۆخوا زوو بەزوو
وەختێ ڕوانیان، بۆ ڕەنگی کاڵێ
وتیان شتێکی وای، نە فەرمووە خان
وتی دەی چی بکەم، من لە ژنی پەن
نازانم نەخۆش و، یا خۆ ساقە
قەسەم بەو زاتە، وا تەنیا و تاکە
مراد خان وتی، جەرگم بووە ژان
شامی نە خواردوە، هەیئەتی میوان
فرەی پێ نە چوو، ئاغە ئەمرێ کرد
ئەمجار هەڵیان گرت، ئافتاوە و لەگان
تەعام داچنیا، تازە نەک کۆنە
مراد خان لەویا، هەر چاوە چاوە
لەویا ویساوە، ئێژێ گڵاوە
شامیان سەرف کرد، بە درێژ و دوور
دەرگاکەی کردۆ، سڵامێکی کرد
جواب سڵام نە بوو، ئەبەدا
لە دەرگا وەستا، ئەمجار مراد خان
تیریان خواردوە، لەو گۆشتە چەورە
بەین بەین چایی ڕەش، بەین بەینێ قلیان
درۆی زل ئەکەن ،بە هەشت و بە نۆ
خۆش ڕائەبوێرن، تا دێری دێری
مراد خان داماو، خۆی بۆ داتەکان

منداڵ ئەخەوێ، یەکێ لە کونجێ
بە ترسۆ ئەڕوات، بۆ خزمەتی خان !
ڕەنگێ ڕەش بووە، هەر وەک پشتی ساج
ئارەقی کردوە و، دەنگی نوسراوە
دەرگا ئەکاتۆ و، سڵاوی ئەکا
ناوی تۆمان بیست ،ئێستا لە لای خان
ڕەنگی چەرموو بۆ، ئاو پەڕیە چاوی
ناوی منی برد، خان چێی ئەفەرموو ؟
تۆزێ بەزەیی یان، هاتۆ بە حاڵی
باسی تۆی ئەکرد، هەم باسی ڕێحان
لە خزمەت ئاغا، وا منی کرد بە پەن !
قژێم کێشاوە، بە چەپکە و باقە
ئازای ئەنامم ،کردووە فەلاقە !
نازانم ئاغە سەرفی کردوە شام ؟
ئاتۆ گوێ بگرە، بۆ قوڵتەی قلیان !
شامیان بۆ هێنان، نەرم نەرم و ورد ورد
سابوون کەستوری، بۆ دەس و پلیان
مەگەر خوای مراد خان، بزانێ چۆنە؟
گۆشت مریشک ئەوە، لە ژێر پڵاوە
خوا قەبوڵێ نەکا، ئەو ناحەساوە
مراد خان ئەمجار، کە چووبۆ حوزوور
دەست بە سینەوە، تەعزیمی بۆ برد
ناو چاوی ترش کرد، لوتێکی بادا
ئەمان تێنە سەر، گفتو و گۆی خۆیان
سوحبەتی خۆیان ئەکەن بە دەورە
بەین بەینێ ئەکەن، باسی کێشوەرەکان!
ماندووی نە کردون، درەو دەیمە جۆ!
هەتاکۆ گمێز، زۆری بۆ تێری
کەوشەکەی جووت کرد، نایە بەر پێی خان!

لە دەرەو هاتۆ، خواردی یەک هەوا     سەری پەتی کرد، دای کەند بۆی کەوا
بۆی هاتە زووان، هەر چێکی زانی     مراد خان داماو، نایە گێرفانی
بەیانی ئەشێ، بێژم بت کەن پەت     بیخەنە دەرۆ، شە نگە شڕەکەت
گوایە ڕاس ئەکا، ڕێحان بوو نەخۆش     خوا ڕوو ڕەشێ کا، لەوە زیاتر ڕەش
ڕێحان زل بووە، بووە بە خانم     چۆڵێ بکە بۆم، زوو ماڵەکانم
پیس و چەپەڵە، دەرت داوە دۆ     شەرت بێت کە ئەمساڵ، من بتکەم سێ کۆ!
ئەو دەشتە خاسە، من بە تۆم داوە     خاوەن خۆی ببێ، هەمووی لای ئاوە
وەێتە خانمت، تۆیش کار ناتوانی     ئەگەر دەری بەی، جوان یارۆکانی
دە گەز چاڵی کەی، دە گەز بیکەێ قووڵ     لە بەریا دانیت، دووسێ باقە تووڵ
بیکە بە هەسێڵ، بەری کە بە نۆک     تۆ زەحمەت کێشە، بامن ببم کۆک !
یا سێف زەمینە ،یا خۆ تەماتە     تۆخواتۆ فەلای، ئەی خوێڕی یەی لاتە
بازێ پیاز بکە، ورد ورد بیدێرە     بازێ سیاولەکە، بۆ ڕووی کولێرە
یا سەوزە خەیار، یا گسکە شارێ     بۆ یئمەش باشە، بێنی بە دیاری
نە کاڵەکت هەس، نە شووتی و خەیار     ئەشێ دەرت کەم، بە زاتی جەبار
مل لار ئەکاتۆ، ئەمجار مراد خان     ئێژێ کام کانی، ئەفەرمی قوربان ؟
ئێژێ هاپێتۆ، دوو چاوی زل زل     لە هەر کوی بینێت، دوو سێ چڵ پیزڵ خۆتی
بۆ شل کە، هەڵی بەرۆ قاچ     ئەوسا تێوەشە، بە بێڵ و بە پاچ
ئەقەلەن یەک ساڵ، خۆتی بۆ بکە وێڵ     بزانە ئەوە، ئەبێ بە هە سێڵ ؟
وا شیرینی ئەکاتەوە، لە بەر چاو     ڕەنگی وای پێ  بێ، وەک قیری تەواو
ئێتر ناڕوانێ بۆ، سیرێج و دۆی     مەقسەد پۆڵەکەس، زوو بیهێنی بۆی
ئێژێ ڕاس ئەکەی، قوربان نەمزانی     ئەگەر مام،   بەهار ئەیکەم بە کانی !
ئەگەر لوتفت بێت، هەر نەم کەی جواو     ئەو دەشتە گشتی ئەکەم بە، بەرئاو
بازێ پووڵ بێنە، ئەتکەم جریمە     هەتاکو بەهار، خودا کەریمە !
ڕێحانی ژنت، نەخۆش و وێڵە     بەیانی خۆت بێ، برۆ تەوێڵە !
ئەمجارەش ڕێحان، ئەبەخشم بە تۆ     نات کەم شار بە دەر، نایشت کەم سێ کۆ!
مراد خان ڕای کرد، زوو  بە دەس و برد     وتی بە ڕێحان، خان عەفوومی کرد
عەفوو کردن خان، ئاشتی کردەوە     ئێشێ لێدانی، لە بیر بردەوە
بۆی سەلەم ئەکەم ،سەد تمەنێ پووڵ     ئەچمە تەوێڵە، نابم ناماقووڵ
بۆ پووڵەکەشێ، هەیە عیلاجی     هەر دووکمان، بڕۆین بۆ لای مام حاجی

حەرام بوو لێیان، خواردن و خەوتن
چون بۆ ماڵ حاجی، بەر لە خۆر کەوتن
کەوش داناکەنن، هەر دوو بێچارە
لازمیان هەیە، سەد تمەنێ پارە
هەر جۆرێ داوتە، بە سەلەم و سوو
پێتی ئەدەینۆ، حەتمەن زوو بە زوو
حاجیش بۆ سەلەم، مەیلی لێی هەیە
ئەڵێ پوولی من، چەند شەرتی هەیە!
بەو شەرتە ئەگەر، تۆ نەڵێی بە خان
سوودەکەی ئەکەم ،بە یەک و سێیان
بە نەخت ئەیدەم پێت، بە نەخت ئەمەوێ
تەئەخیری ناخەم، بە تەنیا شەوێ
نەک پێمی بەیتۆ، ئا بەم فیاتە
دوو گێسکە گەڕ و، دوو مەڕە لاتە
حاجی باخەڵی، ئەچێتە خۆریان
بە دوو ساعات، پووڵ دەرتێ لە گیفان
پووڵەکەی لێ سەند، زوو نایە گیرفان
چوو بۆ تەوێڵە و، پووڵ بدا بە خان
باسی ئەم باسە، هەر ماویە هێشتا
توولی پێ نە دەین، با بیکەین کۆتا !

+++++

ڕۆڵە فرمێسک گیان، ڕۆڵەی تاقانە
خۆیان دا بە کوشت، لە سەر ئەمانە !
ئەمجار هاوردیان، فرمێسک گیان ڕۆڵە
حیزبێکیان دانا، بە ناو کۆمەڵە !
بوونە لایەنگیر، دەسەی چەوساوە
پەیام ئازادی، کرا بڵاوە !
حوکمیان ئەکرد، بۆ فەقیر زۆر باش
زاڵم پەرەسەکان، خۆیان کرد بە جاش!
لە لای دەولەتۆ، ئەیانگرت مەعاش
بارێ درۆیان، بۆ ئەکرد بە ئاش !
وەکوو لەوەو بەر، ڕۆڵە گیان وتم
نۆ نەفەریان گرت، نۆیان نەوجوان !
دەسگیریان کردن، چونە پادەگان
پێوە بۆ ڕۆڵە، لە ماڵ ئێمە دووان !
بوو بە قازیان، سادق خالخالی
بە حوکمی خۆی بوو، بالی هەڵمالی !
ڕۆڵەی شیرینم، ڕۆڵەی لێو بە بار
دەستوری پێ دا، ئەو بە پاسدار !
هێچ نەیان پرسی، لە جەوان و لە پیر
چاویان دابەستن، دانیانە بەر تێر !
جوان ئەیکێشێ، ڕەگباری ژێ ـ سێ
چونکە شەهیدە، خوێنی ناویسێ !
تێریان بۆ خستن، هەر وەک گەڵای دار
نەک تەکە تەکە، ڕۆڵە وەرگبار
هانیانەوە شار، ماشین ئەرتەشێ
ئەرژا ناو ماشین، خوێنیان بە گەشێ
من ئازیەت بارێ، ئەو خوێنەی گەشم
بۆیە فرمێسک گیان، ئێستا ڕەش پۆشم!
ئەوان بەو جۆرە، وایانە لێ هات
لە شوێنیان جێما، بەڵام کاک فوئاد !
ئەمجارە ڕۆڵە، کاک فوئاد ز انی
دوژمن کوشتویە، دوو برای جەوانی
"لە بیری بردۆ، ئەم داخ و ئەو دەرد
سەر تا پای باڵای، لە فیشەک کرد زەرد!

"بە پێی ئەیبری، ئەم دەشت و ئەو هەرد      بۆ حەق دوو برا، چوە بنە بەرد
ڕۆڵە وای گێڕا، ئەزەل و قسمەت      ئەڕۆیی لە دەشت، بسام کا نیعمەت !
چوو بە ڕۆژ، بەرانبەر جادە      سەنگەرێکی بەست، ئەو کاک فوئادە !
پەیا بوو بۆ ئەو، تۆپ و تەیارە      ئەسڵەحەی تێر بار و، ژێ_سێ و خومپارە!
ستوونێک بۆی هات، دای پۆشا جادە      بانگی کرد لێیان، ئەو کاک فوئادە !
وتی : من فوئاد ڕێبەر کۆمەڵە      برا کوژراوم ئەسێنم تۆڵە !
ئێتر دوای ئەوان، تاڵ بووە ژیانم      ئەسێنم لێتان، حەق براکانم
بۆیان مەعلووم بوو کە کاک فوئادە      نیشتنە پارێزی لە سەر ئەو جادە
کردیان بە سەنگەر، پاڵ جادە و پاڵ دار      ڕوو بەو سەنگەرە، ئەیان کرد ڕەگبار!
کاک فوئاد لە بەر، حەق هاوڕێ کانی      شەڕی ئەکرد لە گەڵیان، بە پارتیزانی
بەرانبە ستوون، هێچێک نەی بوو خۆف      ڕووی کرد لە ئەوان لوول کڵاشێنکۆف!
ئەوان خەشابیان، خاڵی ئەکرد زوو زوو      جوابی ئەدانۆ، یەک یەک و دوو دوو!
تەنیا لە سەنگەر، نە ترس و چالاک      حەق براکانی، نە بردە ژێر خاک!
لیرەدا داخە، گوێ بگرە کاکە      فیشەکی نەما، ئەو کوڕە چاکە !
لە مەتەریزەوە ئەی کرد، چاوە چاو      ئاخ بۆ خەشابێ، ئاخ بۆ تۆزی ئاو !
لە بەر تێنویەتیی، لێوی گرتی بار      کەوتە بەر چاوی، ئەو یەک تاقە دار !
دارێکی زل و، لایەکی پوواو      بەلکوو کانی بێت، لەویا بخوا ئاو
گوللە نەماوە، بڕاوە چارە      بە دزی یەوە هەڵسا، چوو بۆ ئەو دارە
وتی: ئەی داری قولور و پوواو      لە کوینی، دەس ئەکەوێت ئاو ؟
وتی کاکە گیان، منیش بێ ئاوم      هی بێ ئاویمە، وا لاسووتاوم
پاڵی دایەوە، لە بێخی ئەو دار      دار لە گەڵی ئەو، کە هاتە وتار
ڕاستم پێی بڵێ، تۆ کیی کە ئاوا      بە دەست تۆ، ستوون سەری لی شێوا
چویتە ناو سەنگەر بە تەنها نەفەر      ئەو ستوونەت وا کرد دەربەدەر
بە فیشەکی کەم، بێ نان و بێ ئاو      بۆ وا شەڕ ئەکەی، وەک برا کوژراو
هۆی هات و چوونی، ئەو تەیارە      ئەم ناڵە و گرمە و، سەدای ڕەگبارە
تەیارە بۆچی، ئەڕوا دارە و دار      ڕاستم پێ بڵێ، تۆخودای جەببار !
وتی : من فوئاد شورەت مستەفا سوڵتانی      ئەوانە کوشتویانە، دوو برای جەوانم
موهەندس بەرقم، ڕێبەر کۆمەڵە      هاورێ کوژراوم، ئەسێنم تۆڵە !
ئەوەڵ تا ئاخر ،شەرحی حاڵی خۆی      ئەو وتی بۆ دار، دار گرتی لە گوێی

وتی، دەی ئێستا بڕوا تەیارە
بۆ تۆ ئەگەڕێ، بن دار و بن دار
دار وتی کاکە، لاوی ڕەۆشەن بیر
وتی ناو سکی من، چەندە پوواوە
با بت شارمەوە، لە ناو سکی من
خۆزگە وەک جوانی، نەئەبوم پوواو
وەک جاران ئەم بوو، شاباڵ و سەر لق
ئەگەر جوان ئەبووم، هەر وەک جوانە دار
ڕەگبار ببوایە، لە یەک تا هەزار
کاک فوئاد بیستی، دەنگی تەیارە
وتی: ئەی داری قولور و پوواو
ئەزانم ئێتر، من نیە مانم
هەر چی پێشمەرگە و، برادەرم هەس
ئەمانەت ئەوان، خاکی کوردستان !
بە کوشتنی من، هێچ نەکەن لەنگەر
بۆ ڕۆژگاری کورد، هەلێکە هەلە
ڕزگار کەن، هەژار هەلێکە هەلکەوت
لە سەر فەلا، لابەن دار و بار
بە زۆر نەکێشن، فەلا بۆ بێگار
فەلا هەیەتی، دۆ و نانە ڕەقە
ئەو نانە ڕەقە، نانێکە زۆر باش
بلێن هەی هاوار، هەی داد هەی بێداد
پێشمەرگە نەترس، ڕەوشەن بیر کوردە
برۆن بە سەریا، تێک بدەن ئەو پردە
لە بیرتان نە چێ، خوێنەکەی فوئاد
لە کوردستانا، بگەڕێن تێر تێر
ئەوا من کوژیام، هێزی کۆمەڵە
خۆزگەم بەو ڕۆژەی ئەم کوردستانە
مەیتەکەم هەڵگرن، بیبەنۆ وەتەن

بۆ کوشتنی تۆ، ئەکا هەزارە
گرمە گرمیەتی، وەک هەوری بەهار
بەلکوو نەت کوژن، بۆت بکەم تەگبیر
لایەکم چۆڵە، ئەو لام سوتاوە
با بت پاریزم، لە دەستی دوژمن
گەڵای تەڕم ئەبوو، ناوسکم پڕ لە ئاو
گوللەم سارد ئەکرد، موهەندس بەرق
وەک جاران ئەم بوو، سەر لق و پاسار
نەجاتم ئەدای، لایەن گیر هەژار !
زانی دەر ناچێ، گیانی ئەمجارە
وەسیەتێکم هەس نەیخەیتە ناو ئاو !
وسیەت بێت، لە لای پێشمەرگەکانم
غیرەت و ناموس، بەر نەدەن لە دەس
سەنگەری چۆڵم، جێ هێشتوە بۆتان
با ڕێم چۆڵ نەبێ، بیگرنەوە سەنگەر
سارد نە بنەوە، ئامان بە پەلە !
دوژمن ترسێنە، بۆ ئاڕ پی جی حەوت
ئێتر زۆر نەکا، سەرکار لە هەژار !
بچڕن زەنجیری، زاڵمی زۆر دار
پێشمەرگە لە مل، زۆر دار بە چەقە
نەک کەباب بخۆی، بە تۆ بلێن جاش !
زبان کوردیم ئەویت، بگەڕم ئازاد
پێشمەرگە مەردە، دوژمن وەک پردە
هەر کەس حەز نەکا، ئەو زۆڵە کوردە
هەژار و فەقیر، لە خەم کەن ئازاد !
جار جارێک، بلێن یاد فوئاد بەخێر !
بەدەس ئێوەیە، بەسێنن تۆڵە
تیایا ئەبرِیا، دەستی بێگانە
باوکم و دایکم، گەردەنم ئازاد کەن!

بیبەن بۆ دایکم، ئەو جل خوێناوی
چوون ئازیەت بارێ دوو خوێنی گەشە
دایکم ببینێ ئەو جل و بەرگە
حەزرەت حسینیش، لەو گوللەیەی چەشت
خۆ خوا ئەزانی، خۆمدا بەر ڕەگبار
بۆ سەد ساڵە بی، ئێمە بوین شەهید
وتمان کوردستان، با ببێ ئازاد
"ناوی نامری فوئاد مستەفا سوڵتانی
جێی شانازی یە، بۆ کوردستانی
ئەی دایک و خۆشک و، برای شەهیدان
دایکی شەهیدان، لابەن چارشێو ڕەش
هاو دین هاو مەزهەب، هاو ئێمانتانین

بڕێژێ بە سەریا، فرمێسکی چاوی
دو کوڕی کوژراوە، چارشێوی ڕەشە
با شێوەن بکا بۆ سێ پێشمەرگە !
ڕەفیقی ئەوین، ئێمەیش لە بەهەشت
لە بەر خاتری، هەتیو و هەژار
ئێمەیش وەک حسین، دیوانە یەزید
هەژار بگەڕێ، بە مەیل و موراد
لە ڕێی کوردستان بوو بە قوربانی "
لە ماڵی بیدا، ئەو سێ قوربانی
خەم خواری ئێوەن، تەواو شارەکان
شەهیدەکانتان، هەر هەن ساحیب بەش
هاو خەمی خوێنی گەشێ نەوجوانتانین!

## 26.6 ڕێز گرتنیک لە هاوڕێ فوئاد:

## ئێرەجی ئازەرین

ئێرەجی ئازەرین، 9 ی خەرمانانی 63
وەرگیردراو لە گۆڤاری "پێشڕەو "ی فارسی ژمارە 2

کاک فوئادم دووراو دووردیتبوو؛ بەڵام قەت لە نزیکەوە و لە پەیوەندیکی سیاسیدا نەم دەناسی.پاش شەهید بوونی کاک فوئاد لە خەرمانانی ساڵی 58 دا فوئاد وەک ڕابەری پایە بەرزی کۆمەڵە و نموونە و نیشانەی شۆڕشگێڕی، جێگایەکی تایبەتی لە ناو دڵی هەزاران کۆمونیست و شۆڕشگێڕی ئێراندا کردەوە. خۆشەویستی کاک فوئاد لە ناو دڵی منیش دا، هەر بەم چەشنە سەری هەڵدا. یەکەم جار کە هاتمە کوردستان دوو ساڵ لە شەهید بونی کاک فوئاد تێپەڕ ببوو، بەڵام هاوڕێکانی بە جۆریک باسیان دەکرد و یادیان دەکرد کە دەتگوت

باسی ڕابەر و هاوڕێ یەکی زیندوویان دەکەن.ئێستاش هەر وایە. ناوی فوئاد نەک هەر لە ڕێزەکانی حیزبی کومونیست یان لە کوردستان،دا، هاوتایە لە گەڵ ئازایەتی و لە خۆبوردوویی و شیلگیری شۆڕشگیڕانە بەڵکوو لە نێو سەدان شەهیدی کومونیستدا فوئاد جێگایەکی تاقانە و هەڵکەوتووی هە یە. یادی فوئاد بۆ هەتا هەتایە زیندووە، بەڵام بە ڕاستی ڕەمزی ئەو نەمری یە لە چی دایە ؟

ڕاستی یەکەی ئەوەیە کە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابوردوودا ئاڵ و گۆڕێکی زۆر بە سەر کۆمەڵەدا هاتوە. رەخنە گرتن لە پوپولیزم، خەبات و سەرکەوتنی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لە کۆمەڵەدا-ئاڵ و گۆڕێک کە ئێمکانی پێک هاتنی حیزبی کومونیستی بە دەستەوەدا- لە مێژووی سیاسی ئێران دا ئاڵ و گۆڕێکی بێ وێنەیە. تەجرەبەکان، دەسکەوتەکان و ئاڵ و گۆڕە پەیتا پەیتاکانی ئەم پێنج ساڵەی دوایی ئێستا سیمایەکی وایان بە کۆمەڵە بەخشیوەکە زۆر کەم لە ڕابوردوو دەچی، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە کاک فوئاد ڕابەرێک نی یە کە تەنیا سەر بە سەردەمێکی تێ پەڕیو بێ. وە من خۆم دیتوومە کە چلون هاوڕێ یانی لە مێژینەی کاتێک دەیانەوی لە سەر مەسەلەی دژوار ساغ ببنەوە و بڕیاری لە سەر بدەن، هەست بەوە دەکەن کە فوئادیان لە لایە.

"ڕاستی کاک فوئاد لە وزعییەتێکی ئاوادا چی دەکرد؟کاک فوئاد ئەو کارانەی چلون بە ڕیوە دەبرد ؟ "وێنەی کاک فوئاد ئێستاش ڕازینەرەوەی هەموو مقەڕەکانمانە ،وە یادی فوئاد لە هەموو شوێنێک بە ڕێز و خۆشەویستە. بە ڕاستی بۆچی ؟ئایا ئەوە تەنیا هەر رەسم و یاسای ڕێز گرتن لە ڕابەرێکی شەهیدە ؟ یان فوئاد خاوەنی تایبەتی گەلیکە کە وای لی دەکا سەربە سەر دەمی ئێمە بێ وە بۆیە یادی هەر زیندووە ؟

من کە لەم چەند ساڵەدا وەک کەسێک کە فوئادی خۆش ویستوە، هەوڵم داوە لە ناو قسە و باسی هاوڕێ دوور و نزیکە کانیدا بیناسم، توانیومە وەڵامی پرسیارەکانی خۆم -هەر چەند بە ناتەواوی –بدۆزمەوە. ئێستا لە پێنجەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی دا، ئێزنم بە خۆم داوە کە بۆ ڕێز گرتن لە فوئاد چاوێک بە سەر چەند گۆشەیەک لە خوسووسیاتی سیاسی ئەم شۆڕشگێڕە مەزنەدا بەو

جۆرەی کە من ناسیومە بخشینم. هەر ئەو خوسووسیاتەی کە بە لای منەوە، فوئاد دەکەنە رابەرێکی زیندوو کە پەیوەندی بە ماکسیزمی شۆڕشگیرەوە هەیە. وە دەیکەنە مامۆستا و سەر تۆپی ئەوڕۆ و سبەی حیزبەکەمان. عیشق و ئێمان بە جەماوەر، یەکەم شتە کە نێوی فوئاد وەبیر دەخاتەوە.عیشقی ئەو بە کرێکاران و زەحمەتکێشان گەلیک لە دلسۆزی و هاودەردی ئومانیستی بەرزترە. ئەوە عیشقی شۆڕشگێڕێکە کە لە جیهانێک دا کە بناغە کەی لە سەر کویرەوەری و ستەمکێشی و ڕۆژ ڕەشی هەموو ئێنسانێکی زەحمەتکێش و بە شەرەف دامەزراوە ئارام و ئوقرەی نی یە.

بۆ شۆڕشگێڕێکی وەک فوئاد ژیان ئەگەر بە تەواوی نە نرێتە پێناوی کۆتایی پێ هێنان بەم بێ بەشی و ڕۆژە ڕەشی یە، چ ماناو مەبەستێکی تری دەتوانی هەبێ ؟وە چ شتێک لەوە خۆشترە کە لە گەڵ خەلکێکی ئاوادا بژی ولەمەێنەت و خەباتیاندا بەشدار بێ ؟فوئاد جگە لە پووچ بوون و بێ سەمەر بوون لە ژیانی وردەبورژوایی دا هێچی تری نە دێت و قەت نەیدەتوانی ئەو "شۆڕشگێڕە"، بە شۆڕشگێڕێکی راستەقینە بزانی کە لە کردەوەی سیاسی و دەزگای فیکری خۆی دا، جەماوەری نا بێتەلاوە.

ئەگەر شتێکی بە هێز تر لە عیشق و خۆشەویستی بەرانبەر بە زەحمەتکێشان لە فوئاددا بووبێت، ئێمانی ئەو بە هێزی لە بن نە هاتووی ئەو زەحمەتکێشانە بوو. بۆ فوئاد شۆڕشی جەماوەر راستی یەکی هەست پێکراو بوو کە هێچ پێویستی یەکی بە لێکۆڵینەوە و بەلگەی تئورێک نە بوو. ئەو هێچ گومانی لەوەدا نە بوو کە بێ بەشان و زۆر لیکراوان، نەک هەر دەتوانن ڕاپەڕن و رۆژێک رادەپەڕن، بەلکوو هەمیشەبۆ وەدەس هێنانی مافی رەوای خۆیان ،بۆ پێک هێنانی ئاڵ و گۆڕ لەم وەزعە نالەبارەدا خەریکی خەباتێکی بە ئاشکرا و یا بە نهێنین. ئەو ئێمانی بە هێز و خەلاقییەتی زەحمەتکێشان هەبوو، ئێمانی بەوە هەبوو کە خەلک قازانج و بەرژەوەندی واقیعی خۆیان دەناسنەوە. لەو تاقمە سیاسەت مەدارانە نە بوو کە خەلکیان بۆ "ئامرازیکە "کە لەم یا لەو جووڵانەوەی سیاسی دا لە سەریان "حیساب "بکا یا نکا. فوئاد خۆی نیشانەی هەوڵ و

تێکۆشان بۆ خەباتی زەحمەتکێشان وبۆ رزگاری بوو.جگە لە قازانج و بەرژەوەند و رزگاری زەحمەتکێشان هێچ ئامانج و حەقیقەتێکی نە دەناسی و هەمیشە لایەنگر و پاریزەری شیلگیری حەقیقەت، وە جەنگاوەری رێبازی ئامانجەکانی خۆی بوو.

فوئاد کومونیست بوو.بە باشی لە بایەخ و گرینگی کاری تەشکیلاتی ئاگادار بوو.فوئاد و ژمارەیەکی کەم لە هاوسەنگەرەکانی چ لە سالی 48 دا و چ لە سەرەتای پەنجاکاندا کە بیر و بوچوونی چریکی لەو پەری رمینی خۆیدا سێبەری خستبووە سەر زەینی زۆربەی شۆرشگیرانی ئێران ،لە پێویستی دارشتن و پاراستن و پەرە پێ دانی تەشکیلاتی نهێنی کومونیستی (کۆمەڵەی داهاتوو) دا هێچ گومانیکیان نە بوو.پاشانیش چ لە گەرماو گەرمی شۆرشی سالی 57 دا و چ پاش راپەرینی رێبەندان و لە گەرمەی ئاخێزە جەماوەری یەکان لە کوردستاندا، ئەرکی پاراستن و پەرە پێ دانی تەشکیلاتی کومونیستی، هێچ کات نەکەوتنە ژیر تەئسیری هەلس و کەوتی خەبات. بەڵام ئاسۆی فیکر و داهاتووی خەباتی فوئاد لە چوار چێوەی تەشکیلات و رێکخراودا نە دەمایەوە. چونکوو فوئاد جێگای تەشکیلاتی بە دروستی وەک ئامرازێک بۆ دەخالەت و کار تێکردنی بە هێز لە خەباتی سیاسی و شۆرش دا دەناسی. گورووە، سازمان و حیزب بە هەر حاڵ ئامرازی هەڵسورانی شۆرشگیرێکە لە پێناو ئامانجە سەرەکی یە کەی دا، لە پێناوخەبات دا تەشکیلات ئامرازیکە بۆ وشیار کردنەوە بۆ رێکخستن و رابەری کردنی جەماوەر بۆ کار تێکردن لە خەباتی ئێستا دا و بۆ دیاری کردنی رێ و شوینی ئەو خەباتە. تەشکیلات ئامرازیکە بۆ هەوڵدان لە پێناو چارە نووسی شۆرش دا و. .. فوئاد زۆر بە باشی هەستی بە گرنگ بوونی تەشکیلاتێکی کومونیستی دەکرد. لە پاراستنی خالیسی و پتەوی تەشکیلات دا، یەکجار بە دەربەست بوو و پێی لە سەر دادەگرت. وە تەشکیلاتەکەی خۆی زۆر خۆش دەویست. بەڵام قەت تەشکیلاتی تەنیا هەر وەک تەشکیلات لە بەر چاو نە بوو. کاک فوئاد هێچ چەشنە تەعەسوبێکی سکتاریستی نە بوو وە بەرژەوەندی تەشکیلاتی بە بانتر لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی جەماوەری دا

نەدەنا.چونكوو وەک هەموو شۆڕشگێڕێكی كومونیست بە لای فوئادیشەوە تەشكیلات بەرژەوەندیەكی جیاواز لە قازانج و بەرژەوەندی جەماوەری نە بوو.وە جگە لە رزگاری جەماوەر هێچ پێویستی و حیكمەتێكی نە بوو.ئەو بەو بونەوە تەشكیلاتەكەی خۆش دەویست كە ئامراز و ئامێری بوو، بۆ شكڵ پێدان و بەرەو پێش بردنی بزووتنەوەی كرێكاران و زەحمەتكێشان، بزووتنەوەی زۆر لیكراوان و دەس تەنگان، وە بەم جۆرە تەشكیلاتەكەی بە تەواوی بۆ ئەم كارە تەرخان كرد.

بەم جۆرە بوو كە كۆمەڵە پاش ئاشكرا كردنی خۆی لە نێو نا باوەڕی و سەر سوڕمانی سازمانە سكتاریستە وردە بورژواكانی پاش راپەڕین دا- هەر چەند پان و بەرین بوون-وە لە نێو رق و ئێنكاری حیزبە كۆنە سەرانسەری و ناوچەیی یەكان دا، پاش ماوەیەكی كورت بوو بە سازمانێكی جەماوەری و بە هێز و پڕ نفووز، وە فوئاد لە كادرێكی رابەری سازمانێكی كومونیستی "چكۆلە "و نهێنی یەوە بوو بە رابەرێكی بێ وێنە لە مێژووی بزووتنەوەی گەلی كورد دا.

كاك فوئاد دڵ ئاوەڵە بوو وە ئاسوی بەر چاوی هەتا بلێی فرەوان بوو، چونكوو بڕوای بە هێزی لە بن نە هاتووی جەماوەر بوو. ئەو خوارتر لە بزووتنەوەیەكی گەورەی جەماوەری هێچی نەدەدیت و نە دەویست. سازمان دان و رێک خستنی یەكیەتی جووتیاران، كۆچی مەریوان و. ..تەنیا چەند نیشانەیەک بوون لە بزووتنەوەیەكی گەورەی جەماوەری كە فوئاد لە سەرتاسەری ژیانی دا بە ئاواتیەوە بوو. لە ئاكام دا 28 ی گەلاوێژی ساڵی 58 ئەو هەلە بۆ فوئاد هەڵكەوت، تا ئاسوی بزووتنەوەیەكی لەم چەشنە بە چاو ببینی.

"فوئاد دوای گرسانی بزووتنەوەی موقاوەمەت، تەنیا دوازدە رۆژ ژیا ! "بەڵام هێچ گومانێكی لەوەدا نە بوو كە ئاگری ئەو مەقاوەمەتەی كە خۆی یەكەم گڕی هەڵگرساندبوو، لە سەرتاسەری كوردستان دا دەگەشێتەوە.

جگە لە ئاكار و رەوشتی شەخسی كاك فوئاد، كە دەبێ سەر تۆپ و معیارێک بێ بۆ هەمو ئەندامان و هەڵسوڕاوانی حیزبەكەمان ئەو تایبەتمەندی یە سیاسی

یە بەر چاوەی فوئاد، یانی هەمیشە لە بیری ڕێکخستن و بەرەو پێش بردنی بزووتنەوەی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان دا بوون، یەکێک لە ئەساسی ترین و پڕ بایەخ ترین تایبەتی یەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕە. ڕزگاری یەکجاریٚ بیٚ بەشان لە ڕێگای شۆڕشێکی پڕۆلیتریەوە کە ئاڵا هەڵگرەکەی ملیون ملیون ژن و پیاوی دەس تەنگ و بیٚ بەشی کۆمەڵن مسوگەر دەبیٚ. بەڵام شۆڕشی پڕۆلیتری و بزووتنەوەی پان و بەرینی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە حیزبی کومونیستەوە گریٚ دراوە و بە بیٚ ئەم حیزبە ئیمکانی خۆ گرتن و سەرکەوتنی بۆ نی یە. وە حیزبی کومونیستیش بە نۆبەی خۆی ئەو ڕاسپاردەیە ی لە سەر شانە کە ملیون ملیون کرێکار و زەحمەتکێش بۆ خەباتێکی شۆڕشگێڕانە سازمان بدات و ڕابەری بکات. جەماوەری بونەوەی حیزب، هەرچیٚ پتر جەماوەری بوونەوە، وە دیسانیش پتر جەماوەری بوونەوە یەکەم ڕێگای حیزبی ئێمەیە بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی. شێوەی هەڵویستی کاک فوئاد بەرانبەر بە تەشکیلات و پەیوەندی تەشکیلات لە گەڵ بزووتنەوەی جەماوەری، دەبیٚ لە حیزبی ئێمەدا هەمیشە بپاریزری و ڕابگیردری.

یەکێک لە تایبەتی یە شۆڕشگێڕەکانی تری کاک فوئاد، کە بیٚ هێچ شک و گومانێک فوئاد دێنیتە ڕیزی تێکۆشەرانی شۆڕشی پڕۆلیتری و مارکسیزمی شۆڕشگێڕەوە بریتی یە لە : ڕوشن بینی، ڕاست و ڕەوا بوونی هەڵویستەکانی و جەنگاوەری لە مەیدانی خەباتی سیاسی دا.لە هەموو قۆناغە گرینگە کانی خەباتدا، بە تایبەت لە سەرەتای شۆڕشی 57 و قووڵ بوونەوەی خەباتی چینایەتی یەوە فوئاد نەقشەکێشێکی هەلکەوتوو و بە ڕێوە بەری کەم وێنەی سیاسەت و تاکتێکە ڕوون و ڕاشکاوە پڕۆلیتری یەکان بوو.

خەبات بۆ پێک هێنانی ڕیزی سەر بە خۆ و بەیانی بەرژەوەندی سەر بە خۆی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، بەرانبەر بە بورژوازی کورد لە نێو بزووتنەوەیەکی میللی دا، یەکێکە لە نموونە هێژاکانی ڕەچاوکردنی سیاسەتی پڕۆلیتری و کومونیستی لە لایەن فوئادەوە لە کوردستان دا. خەبات بۆ وەدەس هێنانی مافی میللی، پیشێنەیەکی مێژوویی دوور و درێژی هەیە. بەڵام یەکێک لە

تایبەتی یەکانی بزووتنەوەی نویَ گەلی کورد  بریتی یە لە هەبوونی جیاوازی چینایەتی لە جەرگەی ئەم بزووتنەوەیە دا، وە حوزووری رابەری چینی کرێکار لە ویَدا.

ئەو مەسەلەیە بە تەواوی لە سایەی بوونی کۆمەڵەوەیە. وە فوئاد دەورێکی گرێنگی لە داڕشتنی ئەو سیاسەتانەدا  بوو.

رژیمی دژ بە شۆڕشی جمهوری ئێسلامی، هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری یەوە تا ئێستا لە کوردستان دا خۆی لە  بەرانبەر جەماوەرێکی کرێکار و زەحمەتکێش دا دیتوە کە مل بە دەسەڵاتی نادەن و لە پێناو دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا ئامادەی مەقاوەمەت و خەباتێکی خوێناوین. رژیمی جمهوری ئێسلامی، چ لەو پەڕی سەرکەوتنی لە فریو دان  و راگرتن و گەڕاندنەوەی شەپۆلی  شۆڕشگێڕانە ی جەماوەر لە "یەکەمین بەهاری ئازادی "دا، چ  لە کاتی بە هەلەدا چوون و ڕاڕایی و خەیانەتی سازمانە چەپە وردە بورژوا و بورژواکان، کاتی گرتنی سەفارەت و شانۆی "دژی ئەمپریالیستی "و پەیامی خومینی بۆ گەلی کورد، یان لە درێژەی شەڕ لە گەڵ عێراق و لە گەرمە یاوی "پاراستنی نیشتمان "دا، وە چ لەو پەڕی سەرکوت و دەسەڵات دا رەوتی فەزای ترس و سام و تەسلیم بوونی پاش جۆزەردانی ساڵی 60 دا، سەنگەری لە گرتن نە هاتووی شۆڕشی ئێرانی دیتوە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد، مەشخەڵی شۆڕشی لە هەموو ئەم هەلس و کەوتانە دا، هەروا گەرم و پڕ بلێسە راگرتوە. وە بە راشکاوی دەبیَ بلێین کە ئەو شۆڕشە بە بیَ کۆمەڵە و بە بیَ فوئاد  دەستی نەدەدا.

لە پێش راپەڕینی ڕێبەندانەوە، ئەو کاتەی کە یاوی یەکگرتن و یەکیەتی بۆ رووخانی رژیمی شا، ئێرانی داگرتبوو  فوئاد و هاوڕیَ کانی تری کۆمەڵەی  لە شار و دێهاتی کوردستان خەرێکی هەڵسوڕانی سیستماتێک بۆ بڵاو کردنەوەی ئامانجی راستەقینەی شۆڕش، بەیانی داخوازی کرێکاران و زەحمەتکێشان، پێک هێنانی رێکخراوە جەماوەری و دیموکراتیکەکان، وە پەردە لادان لە سەر کۆنەپەرەستان و دۆستانی درۆیینی خەڵک بوون.

نمونەیەکی تر لە راشکاوی پرۆلیتری سیاسەتەکانی کاک فوئاد، هەڵویست گرتن بەرانبەر بە رژیمی جمهوری ئیسلامی یە. لە پێش راپەرینی ریبەندانەوە، فوئاد هەڵویستی لیبراوانە و ئاشتی هەڵنەگری بەرانبەر بە کاربەدەستانی داهاتووی جمهوری ئێسلامی هەبوو، وە لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی حکوومەتی ئێسلامی یەوە، فوئاد بە شێوەی جۆراوجۆر، دەستی کرد بە خەبات لە دژی ئەم رژیمە دژ بە شۆڕشە. ئەو کاتەی سازمانە چەپە وردە بورژواکان ناوەرۆکی ئەم رژیمە تازە پێ گەیشتوەیان دەدایە بەر لیکۆڵینەوە و باڵی پێشکەوتنخواز، بورژوازی "میللی "دژی ئەمپریالیست، وردە بورژوازی شۆڕشگێڕ و. .. یان دەدۆزی یەوە ؛ یان بە خومینی یان هەڵدەگوت و دەیانکردە رابەری گەورە و سەرکردەی مەزن ؛ وە پاسدارانی ئێسلامیان بە حاسڵ و دەسکەوتی راپەرینی جەماوەر دەزانی؛ ئەو کاتەی دژایەتی لە گەڵ ئەمپریالیزم یان رژیمی شایان بە "دژایەتی گەورە "لە قەڵەم دەدا، یان سەرەنجی جەماوەریان بۆ ئەوە رادەکێشا کە "مەترسی "گەڕانەوەی سەڵتەنەت و پیلانی ئەمپریالیستەکان لە گۆڕدایە ؛ ئەو کاتەی ئەو پەڕی "رادیکالیزمی "سازمانە وردە بورژواکان لەوەدا خولاسە دەبووەوە کە "هەڵویستی دوو لایەنە "بەرانبەر بە رژیم بگرن، فوئاد بە شێوەیەکی ئاشتی هەڵنەگرانە و بە بێ هێچ راڕایی یەک، لەو رژیمە راسا. هێچ "تیئوری "و "لیکۆڵینەوەیەک "نەیدەتوانی ئەو راستی یە لە فوئاد بشیوینی کە پێوانەی پێشکەوتنخوازی، خەباتی دژی ئەمپریالیستی وە شۆڕشگێڕ یەتی، تەنیا هەر خەبات کردنە لە پێناوی ئامانجی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا، سوور بوونە لە سەر ویست و بەرژەوەندی ئەوان، خەبات و تێکۆشانە بۆ بەرەوژوور بردنی ئاستی وشیاری و هێزی رێکخراوی جەماوەر، وە پشت بەستن بە ئێرادەی راستەوخۆی ئەوانە. فوئاد ساتیکێش گومانی لەوەدا نە کرد کە رژیمی جمهوری ئێسلامی بە دژی خەڵک و بە دژی شۆڕش بزانی. ئەو بەرانبەر بە سیاسەتی چەک کردنی خەڵک و دەر کردنی جەماوەر لە مەیدانی شۆڕش راوەستا. لە سەر پێویستی چەکدار کردنی زەحمەتکێشان پێی داگرت و دەستە سەرەتای یەکانی پێشمەرگەی زەحمەتکێشانی پێک هێنا. فوئاد

بۆ بەشداری کردنی هەرچی زیاتر و بەرینتری جەماوەر لە چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان دا تێکۆشا ؛ لە دژی سازکردنەوە و زیندووکردنەوەی ئەو ئۆرگانە دەوڵەتی یە بورژوایی یانە کە لە جەرەیانی راپەڕین دا زەرەر و زیانیان وی کەوتبوو بەربەرەکانیی کرد و لە هەموو دەرفەتێک بۆ سازماندانی دەزگای دەسەڵات و بەرێوە بردنی ئێرادەی جەماوەر کەڵکی وەر گرت.

بەڵام شتێک کە بە راستی هەر تایبەتی فوئادە، ئەوەیە کەئەو هێچ کام لەو سیاسەت و هەڵویستانەی کە باسمان کردن، لە چوار چێوەی فورمولبەندی و شیعار، لە چوارچێوەی کوللی و گشتیدا ،لە بەر چاو نەدەگرت. تاکتێک و سیاسەت بۆ ئەو، مەقولاتی خەیاڵی و دژوار و دوور لە کردەوە نە بوون.بەڵکوو وەک کار و باری رۆژانە چاوی لی دەکردن. فوئاد زیاتر لە وەی بیر لە فورمولبەندی گشتی ئەم شیعارانە بکاتەوە، مانای عەمەلی ئەوانی لە مەیدانی خەباتی چینایەتی دا لە بەر چاو بوو.وە بە روونی بۆ خەڵکی شی کردبوونەوە و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی بە کردەوە هەتا وەدی هێنانی فڵانە یان فیسارە مەبەست رابەری کردبوو.

ئەوانەی کە باسمان کردن چەند نموونەیەکی لە سیاسەت و نەقشە و رچاو کردنی تاکتێکی خەباتکارانە و عەمەل، کە نیشاندەر و نموونەی هەڵویستی پڕۆلیتری فوئادن لە مەیدانی خەباتی چینایەتی دا وە بەرانبەر بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانی شۆڕش. ئەوە شتێکی بیر تەسکانەیە کە تەنیا بە هوی دیموکراتێک بوون یا میللی بوونی بزووتنەوە یەکە و، وا بیر بکێتەوە کە رچاو کردنی هەڵویستی پڕۆلیتری و کومونیستی تێدا ئێمکانی نی یە. وە ئەوەش هەر بە هەمان رادە هەڵەیە ئەگەر وا بیر بکرێتەوە پڕۆلیتری بوونی سیاسەت و تاکتێک بەوە دیاری دەکرێ، کە بەشی هەرە زۆری ئەو سیاسەت و تاکتێکانە لە لایەن پڕۆلیتاریاوە رچاو بکرێ. ئەو دوو لیکدانەوەیە لە سەر سیاسەت و تاکتێکی پڕۆلیتری، نیشانەی دەرکی ئێکۆنۆمیستی و بەرتەسکانەیە بەرانبەر بە خەباتی پڕۆلیتری. ئەوەی عەیاری هەڵویستی پڕۆلیتری یە لە سیاسەت و تاکتێک دا ئەوەیە کە ئەو سیاسەت و تاکتێکانە لە خەباتی چینایەتی دا بکەونە

شوین بەرژەوەندی پرۆلیتاریا و لە خزمەت دابین کردنی دا بن ،یانی تاکتیک و سیاسەت لە پێناو پێک هێنانی هەل و مەرجی لە بار بۆ بەرەو پێش چوون و قووڵ بوونەوەی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا دان. بەو پێ یە فوئاد یەکیک لە پێشرەوانی پرۆلیتاریا و یەکیک لە ئاڵاهەلگرانی خەباتی سیاسی پرۆلیتاریا بوو لە شۆرشی 57 ەوە تا کاتی شەهید بوونی. پڕ بایەخ ترین کاری فوئاد لەم بابەتەوە، دوایین هەنگاوی سیاسی ئەو بوو. یانی دارشتنی بزووتنەوەی موقاوەمەت لە 28 ی گەلاوێژی 58 دا.بزووتنەوەیەک کە رەوتی روو لە کزی شۆرشی ئێرانی گۆری. فوئاد لە جوملەی ئەو رابەرانە بوو کە بێ هێچ رامان و راوەستانێک دەستی دایە موقاوەمەت و شەری چەکدارانە بەرانبەر بەم هێرشە. فوئاد وەک رابەرێکی مەزن لە دژوارترین و نا لە بار ترین کات دا، خۆی یەکەم هەنگاوی مەیدانی کردەوەی هەڵدەگرت. ئەو لەو یەکەمین کەسانە بوو کە چەکی هەلگرت و وەک پێشمەرگەیەک چەک بە دەست لە جەرەیانی شەرێکی قورس و نابەرابەردا گلا.

به پێ ئەم تایبەتی یەش، یانی هەڵویست گرتنی پرۆلیتری لە مەیدانی سیاسەت و تاکتیکدا، فوئاد سەر بە مارکسیزمی شۆرشگێرە. بەڵی ئەوە راستە کە مارکسیزمی شۆرشگێری ئێران هەتا ناوەراستی ساڵی 58 هێشتا لە ئارادا نە بوو، وە فوئاد خۆیشی لە ژیانی دا دەستی بە بنچینەکانی بەرنامەیی و تیئوریکی بێ خەوشی مارکسیزمی شۆرشگێر نە گەیشت : (دواتر دەگەرێینەوە سەر ئەم باسە) بەڵام فوئاد جەنگاوەرێکی پرۆلیتری بوو لە مەیدانی خەبات و کردەوەدا، وە بەم پێ یە بێ گومان پەیوەندی بە مارکسیزمی شۆرشگێرەوە هەیە. چونکوو خۆراگری و راوەستاوی و قورس و قایم بوون لە سەر ئوسوولی بەرنامە یی و تیئورێکی تەواو مارکسیستی هەر چەند تایبەتی یەکی جیا نە بووەوەی مارکسیزمی شۆرشگێرە، بەڵام نیشاندەری جەوهەر و ناوەرۆکی ئەو نی یە. لە مێژووی کومونیسمی جیهانی دا جەرەیاناتێک هەبوون کە پاراستنی بێ گەردی تیئوریک و ئوسووڵیان بە تاقە ئەرک و راسپاردەی خۆیان داناو، بەڵام سەرەنجام جگە لەفیرقەیەکی غەیرە سیاسی هێچ شتێکی تریان لی نەماوەتەوە.

فیرقەیەک هەر چەند پابەندی "ئوسوول"، بەڵام لە هەر حاڵدا فیرقەیەک و ئەویش تەریک لە خەبات. مارکسیزمی شۆڕشگێڕ جەرەیانێکی کۆمەڵایەتی یە و نیشانەی جەوهەرو ناوەڕۆکی تێکۆشانی پرۆلیتری یە لە مەیدانی خەباتی چینایەتی زیندوودا. حوزووری هەمیشەیی لە مەیدانی خەباتدا، رچە شکاندن و رێگا کردنەوە لە جەرگەی بار و دۆخ و هەل و مەرجی مەوجووددا، لە ناو دڵی خەبات و بزووتنەوە شۆڕشگێڕە زیندوو و حازرەکانەوە بەرەو شۆڕش و سوسیالیزم ئەوەیە مانای جەنگاوەر بوونی چینیک کە لە وەزعیەتی چەوسێنەرانە و زاڵمانە ی ئەو کۆمەڵگایە دا، جگە لە تێکۆشانی بێ وچان و تا دوا بواری سەرکەوتن هێچ رێگایەکی تری نی یە. شۆڕشگێڕە پرۆلیتری یەکان ناتوانن نیگەهبانی ئوسووڵی شەریعەتی "تیئوری مارکسیزم "بن، بەڵکوو جەنگاوەرانی کۆڵنەدەری مەیدانی خەباتی چینایەتین. تیئوری تەنیا وەک رێنوینی کار و کردەوە – رێنوینی کار و کردەوەی شۆڕشگێرانە لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا جێگا و رێگایەکی هەیە، وە تیئوری مارکسیزم لەو رووەوە لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕدا جێگا و شوینی بەرزی هەیە، کە تیکۆشەرانی رێگای رزگاری پرۆلیتاریا رێنوینی دەکا بۆ کار و کردەوەی شۆڕشگێرانە.

گەرچی فوئاد (هەروەها قۆناغێک لە هەڵسوڕانی کۆمەڵە) پشتی بە ئوسووڵی بەرنامەیی و تیئوری یە تەواو مارکسیستی یەکان نە بەستبوو، بەڵام عەزەمەت و گەورەیی ئەو لەوەدایە کە لە هەموو هەل و مەرجێکی ناسکی شۆڕش دا، بە نیسبەت هەموو گیر و گرفتێکی خەبات بە بێ چکۆلە ترین راڕایی و سازش لە گەڵ بورژوازی، هەڵویستێکی پرۆلیتری بە دەستەوە گرت و لە کردەوەدا رەچاوی کرد.

رەنگە وە بیر هێنانی ئەو راستی یە بێ کەڵک نە بێ کە لە مێژووی جیهانی بزووتنەوەی چینی کرێکاردا زۆر لەو نموونانە هەن کە سنووری نێوان مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان و هەل پەرەستان (بلشویکەکان – منشویکەکان لە شۆڕشی 1905 ی رووسیادا) ، سنووری نێوان مارکسیستە ئەنترناسیونالیستەکان و شوڤێنیستەکان (بلشویکەکان ئەنترناسیونالیستی 2 لە

سەرەتای دەس پێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی دا) ، وە سنووری نێوان شۆڕشگێرە پرۆلیتری یەکان و ئەوانەی خەیانەتیان بە چینی کرێکار کرد (ئێسپارتاکیستەکان – سوسیال دیموکراتەکان لە شۆڕشی ئاڵمان) نەک بە پێی جیاوازی و ناکۆکی تیئوریک و بەرنامەیی بەڵکوو بە پێی "خەتە تاکتێکی یە جۆراوجۆرەکان "لیک جیا کراوەتەوە.

ناوی فوئاد وەک شۆڕشگێڕێکی پرۆلیتری لە مێژووی شۆڕشی ئێران و لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد دا تۆمار کراوە، وە بەو مانایە فوئاد یەکیکە لە وانەی کە پێشەنگی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران بوون.

بەڵام ئەو گیر و گرفتە هەر دەمێنیتەوە، کە ئەگەر فوئاد هەر بە پێی ئەو تایبەتیانەی کە باسمان کردن بێگومان پەیوەندی بە مارکسیزمی شۆڕشگێرەوە هەیە ؛ لە زەمینەی تیئوری دا ئێتر ناتوانین ئەو حوکمە دەرکەین. بە پێچەوانە وا بەر چاو دەکەوی کە لەو زەمینەیەدا فوئاد بە ناو پۆپۆلیستێکە. بێگومان نەبوونی تیئوری بێ خەوشی مارکسیستی کەمایەسی یەکە کە سیمای سیاسی فوئاد بەر تەسک دەکاتەوە. بەڵام هەموو عەزەمەت و گەورەیی فوئاد لەوەدایە کە هێچ کاتێک ملی بەم بەرتەسکی یە نەدا. کاتێک کەم و کورتی لە تیئوری دا، لە گەڵ شۆڕشگێڕ بوون لە کردەوەدا پێک بگرن، تەنیا قووڵ بوونی ئێدئولوژی کومونیستی فوئاد وە دەردەکەوی ؛ کە سەرەڕای ئەو کەمایەسی یە توانی بەو روشن بینی یە و بەم پتەوی یە سیاسی یە بگا. کاک فوئاد کومونیست بوو ؛ لە زەمینەی تیئوریش دا هەر بە مانا بەر تەسکەی کە دەتوانین ئەو تیئوری یانەی کە لە "بزووتنەوەی کومونیستی "ئەو سەردەم دا رمینیان هەبوو بە تیئوری کومونیستی ناو لی بەرین ؛بە وەتەیەکی روون تر فوئاد لە تیئوری دا پۆپۆلیست بوو، بەڵام تیئوری یە پۆپۆلیستی یەکان تەنانەت لە بیر و بۆچوونی سیاسیش دا، جێگایەکی گرنگ و دیاری کەریان نە بوو. کاک فوئاد لەو شۆڕشگێرانە بوو "کە خەباتی چینایەتی و شۆڕش هان دەریانە، نەک تیئوری.

کاک فوئاد بە لیکۆڵینەوە و لیکدانەوەی تیئوریک هەستی بە پێویست بوونی "خەبات "نەدەکرد، بەڵکوو واقعیەتی خەبات و شۆڕشی بە کردەوە هان دەری

بوون. بە وتەیەکی تر ئەو لە راستی یەکانی خەبات و لە جەرگی شۆڕشێکی زیندووەوە دەس پێ دەکا و تەنیا لە روانگەی بیر و باوەڕی شۆڕشگێڕێکەوە تەماشای تیئوری دەکا کە لە مەیدانی کردەوەدایە. ئەرکی لێکۆڵینەوە و لیکدانەوەی تیئورێک ئەوەیە کە کۆسپی سەر رێگای خەبات لا با. ئەوە هەڵویستێکی لینینی یە بەرانبەر بە تیئوری، وە هەموو ژیانی لینین نیشاندەر و بەڵگەی ئەم راستی یەیە. (بۆ نموونە، لینین لە ساڵی 1914 دا، سەرەتا هەڵویستێکی شکست خوازی شۆڕشگێڕانەی بەرانبەر بە شەڕی ئەمپریالیستی رەچاو کرد، وە تەنیا پاش دوو ساڵ لە ساڵی 1916 دا توانی تیئوری ئابوری ئەمپریالیسم بێنیتە گۆڕ. و...)

بۆ لینینیستێک شۆڕش وەڵامی گیر و گرفتی تیئوریک و لیکدانەوەی سیاسی نی یە. بەڵکوو بە پێچەوانە ئەرکی تیئوری وەڵام دانەوە بە گیر و گرفتی شۆڕشە. بۆ لینینیستێک خەبات کردن مەسەلەیەک نی یە، کە بکرێ بە تیئوری و لیکۆڵینەوە پێی بگەی یان نەگەی. فوئاد کومونیست بوو، بەڵام نەک بەو مانا بەرتەسکەی کە بە "بزووتنەوەی کومونیستی "سەردەمی ئەو دەڵیین کومونیستی. فوئاد لینینیست بوو. ئەو بۆ خەبات کردن لە دژی سەرمایەداری و دەوڵەتی سەرمایەداری، رزگار بوونی کرێکاران و زەحمەتکێشان، پێویستی بە تیئوری نە بوو. خەبات حاڵەتی ئاسایی ژیانی بوو وە لە تیئوری دا تەنیا لە وەڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕا کە "چ بکەین بۆ ئەوەی خەباتەکەمان بەرەو پێشتر بچێ و سەر بکەوی ؟ "

بە هوی ئەم تایبەتی یانەوەیە کە فوئاد لە "بزووتنەوەی کومونیستی "سەر دەمی خۆیدا، لە چاو پۆپۆلیستە کورتەبنەکان خاوەنی قامەتی بەرزی کومونیستێکی شۆڕشگێڕە. هەر لیکۆڵینەوە و تیئوری یەکی پۆپۆلیستی کە نەیدەتوانی وەڵام دەری پرسیارەکانی فوئاد وەک شۆڕشگێڕێک بێ، هێچ چەشنە تەئسیرێکی نە کردە سەر کردەوەی سیاسی و خەباتکارانەی ئەو. هەر بەم خەسڵەتەوە بوو کە فوئاد لە هەڵویست گرتن و رەت کردنەوەی تیئوری سێ

جیهان دا، بە هەمان رادە خێرا و لی براوانە بریاری دا کە بەرانبەر بە رویزیونیزمی نەوعی رووسی بریاری دابوو.

نموونەیەکی تر لە مێژوو، وەبیربێنینەوە : رۆزا لوکزامبورگ چەندین ساڵی لە ژیانی خۆی خستە پێناو و رد کردنەوە و دەقیق کردنەوەی تیئوری یەکی چەوت لە سەر ئەمپریالیسم، لە زەمینەی مەسەلەی میللی دا بڕوای بە تیئوری یەک بوو کە گەلیک هەڵەی تێدا بوو، وە لە بابەت تیئوری حیزبیشەوە بۆچوونەکەی دروست نە بوو. وە لە هەر سێ بابەتەکەش دا بۆچوونەکانی بە پێچەوانەی بیر و باوەڕی راستەقینەی مارکسیستی بوو. سەرەڕای ئەوانە کاتێک شۆڕشی ئاڵمان دەستی پێکرد، شۆڕشێک کە بە پێی لیکدانەوەی تیئورێکی ئەو نەدەبوایە دەستی پێی کرابا و شانسی سەرکەوتنی نە بوو، رۆزالوکزامبورگ پشتی کردە تیئوری یەکەی خۆی و پێی وەفادار نە مایەوە و بە پێی ئەو تیئوری یە هەڵویستی نە گرت. بەلکوو بەوجۆرەی کە لە مارکسیستێکی شۆڕشگیڕ دەوەشێتەوە، بوو بە هاوڕێ و هاو جیبهەتی شۆڕش و هەموو توانای خۆی خستە پێناوی سەرکەوتنیەوە.هێچ"کومونیستێک "گومانی لەوەدا نە بوو کە رۆزالوکزامبورگ پەیوەندی بە ریزی ئەوانەوە هەیە.

شێوەی هەڵویست گرتنی فوئاد بەرانبەر بە تیئوری شێوەیەکی لینینی یە. فوئاد شۆڕشگیڕێک بوو، کە هەمیشە ئامانجەکەی لە بەر چاو بوو.هەمیشە چاوی بڕیبووە خەباتی چینایەتی و شۆڕش، وە هەموو شتیکی لە بەررووناکی تیشکی گەیشتن بە ئامانج دا دەدیت. هەر تیئوری یەک کە بۆنی راڕایی، دەستەوەستانی و سازش، وە یا تەسلیم بوونی لیوە هاتبا بی ساتیکێش نەیدەتوانی بیر و زەینی فوئاد بە خۆیەوە ئاڵۆز بکا. کاک فوئاد کومونیستێکی "ئیدئولوژێک "بوو، هەر بەو مانایەی کە ئەم وشەیە ئێستا لە ریزەکانی ئێمە دا، دەناسری و ئەوە نە تەنیا لە هەڵویستی فوئاد بەرانبەر بە تیئوری دا، دەکەویتە بەر چاو، بەڵکوو چکۆلەترین خەسڵەتی فەردیش لە لای ئەو بەو پێوانەیە هەڵدەسەنگێندرا کە "ئێمە بەرەو کام لا دەبا "وە ئەگەر ماناکەی وچان و و داشکاندنی خەبات بووایە فوئاد بێرەحمانە لە خۆی و هاورێ کانی دوور دەخستەوە و وەلای دەنا.

سەرچاوەی وشیاری فوئاد له تاقی کردنەوه و هەڵسەنگاندنی بیر و راکان، رووداوەکان، لی هاتوویی وە یا نوقته زەعفی کەسانی تریش دا لەو تایبەتی یه ئیدئولوژیکەی ئەودا خۆی دەنوینی .

بەڵێ کاک فوئاد له مەیدانی تیئوری دا مارکسیستی شۆرشگیڕ نه بوو ؛ و ئەوەمان له بیر بێ که له باری مێژوویی یەوه نه دەگونجا به پێچەوانەی ئەمه بێ. بەڵام شێوەی هەڵویستی لینینی ئەو بەرانبەر به تیئوری، دەرکی له سەر پەیوەندی تیئوری و عەمەل وه هەڵویستی ئیدئولوژیکی بەرانبەر به تیئوری یه رویزیونیستی یەکان تەنانەت لەو زەمینەیەش دا تا رادەیەکی هەره زۆر هاوبەشی له گەڵ مارکسیزمی شۆڕشگیڕ هەیه.

مارکسیزمی شۆڕشگیڕ جەرەیانێکی فیکری نی یه، بزووتنەوەیەکی شۆڕشگیرانەی کۆمەڵایەتی یه ،تەنیا ئەو شۆڕشگیرە شێلگیرانەی که له روانگەی ئامانجی رزگاری کرێکاران و زەحمەتکێشانەوه پێ دەنینه ڕێبازی خەباتێکی بێ وچان بۆ ئاڵ و گۆڕ کردنی کۆمەڵگای چینایەتی، تەنیا ئەو شۆڕشگیرە شێلگیرانەی که بێ سازان و به بێ هێچ راڕایی یەک له هەر سەردەم و قۆناغێکی خەباتدا ئاڵا هەڵگری ئەو هولویست و سیاسەته عەمەلی یانه ن که تەنیا له ڕێگای وەدی هاتنی ئامانجەکان و به دەسەڵات گەیشتنی جەماوەرەوە هەنگاو بۆ قووڵ بوونەوه و پەره ئەستاندنی شۆڕش هەڵدەگرن، تەنیا ئەم جۆره شۆڕشگیڕانه دەتوانن ئاڵاهەڵگری راستەقینەی مارکسیزمی شۆڕشگیڕ بن. مارکسیزم زانسته بەڵام مێژووش نیشانی داوه که پتەویی زانستی مارکسیزم نابێته هوی ئەوە تا خاوەنی مەنتیقی ترین زەین و مێشکەکان روو بکەنه مارکسیزم. چونکوو مارکسیزم زانستی "رزگاری پرۆلیتاریایه "، زانستی تاقه شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی یه که ئێمکانی هەیه زانستی رزگاری هەموو بەشەرییەته.لەو رووه وەیه که تەنیا پاک ترین، پتەوترین و لیبراوترین شۆڕشگیڕان به لای خۆی دا رادەکێشی. ئەوە به هەڵکەوت نی یه که له نێوهەموو سازمانه چەپ و شۆڕشگیرە سوننەتی یه کانی پاش راپەڕینی رێ بەندان دا، تەنیا کۆمەڵە له سایەی خەسڵەتی جەماوەری خۆیەوه له سایەی

رەچاو کردنی تاکتێک و سیاسەتی سازش هەڵنەگر و شۆڕشگێڕ لە مەیدانی خەباتی سیاسی و نیزامی یەوە، لە سایەی شێلگیری شۆڕشگێڕانەی خۆیەوە ئاڵای مارکسیزمی شۆڕشگێڕی بە تەواوی هەڵگرد. وە هەر بۆیەشە کاتێک لە یارانی نزیک و هاوسەنگەرانی لە مێژینەی کاک فوئاد پرسیار بکەن، بە بێ هێچ تێ رامانێک دەڵین ئەگەر کاک فوئاد زیندوو بوایە ئێستا یەکیک لە ئاڵاهەڵگران و پێشڕەوانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ بوو.

بەڵێ، فوئاد پەیوەندی بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێرانەوە هەیە. نە تەنیا بەو هویەوە کە حیزبی کومونیست دەبێ باشترین سوننەتی ئەو شۆڕشگێڕە رەسەن و مەزنانەی پێش خۆی پێ بگا، بەڵکوو بە تایبەت لە بەر ئەوەی هەر شتێک کە فوئاد وەک شۆڕشگێڕ و کومونیستێک دیارگەی بوو بەشێکی جیا نەبووەوە لە بزووتنەوەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕە. رێز گرتن و پاراستنی ئەوسوننەتانە و شتە بە نرخانەی کە لە فوئاد بە جێ ماون، مەرجێکی سەرکەوتنی خەبات و حیزبی ئێمەیە.

ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد بۆ "ناساندنی شەخسیەتی سیاسی فوئادیش یەکجار کەم و کورتە ". ژیانی فوئاد کورت و کەم ماوە بوو، بەڵام پڕ بوو لە دەورە و رووداوی سیاسی، لە کاری نهێنی لە شارەکان و ئاوایی یەکانەوە بگرە تا چوار ساڵ لە زیندانی شادا، پاشان سەردەمی گەشە کردن وشکۆفایی شۆڕشی ساڵی 57، راپەڕینی رێ بەندان و مانگە کانی پاش راپەڕین و سەرەتای دەس پێکردنی بزووتنەوەی موقاوەمەت. .. .

بۆ ناسینی شەخسیەتی سیاسی فوئاد و چونیەتی ئەو شەخسیەتە دەبێ هەموو ئەو قۆناغانە بکەونە بەر لیکۆڵینەوە و شی کردنەوە. جگە لە وەش تەنانەت دیاری کردنی خەتە سەرەکی یەکانی سیمای سیاسی کاک فوئاد بە بێ وەبیر هێنانەوەی تایبەتی یە فەردی یەکانی ئێمکانی نی یە. منیش وەک هەر کەسێکی تر کە تازە هاتووەتە کۆمەڵەوە گەلیک داستانم لەو بابەتەوەبیستوە. بۆ ناسینی شەخسیەتی فوئاد دەبێ هەروا چاوەڕوانی بیوگرافی نووسێکی توانا و لیهاتوو بین تا کاری وەدرەنگ کەوتووی نوسینی ژیاننامەی ئەو شۆڕشگێڕە

مەزنە بگریتە ئەستۆ. بەڵام ناتوانین باسی فوئاد بکەین و ئەوە وە بیر خۆمان نەهێنینەوە کە فوئاد بۆ دۆستانی زەحمەتکێش و بۆ هاوڕێ یانی هاوسەنگەری دیارگە و نیشانەی هێوا و سەرکەوتن بوو. وت و وێژی عادی و ئاسایی لە گەڵ فوئاد هێز و توانای دەبەخشی و دیداری سادەی ئەو، ئێمان بە خەبات و سەرکەوتنی زیاتر دەکرد. یەکێک لەهاوڕێ یانی نزیکی فوئاد دەگێڕیتەوە کە : "لە ژیانم دا تەنیا ساتێک گومانم لە سەرکەوتن کرد، ئەویش کاتێک بوو کە هەواڵی شەهید بوونی فوئادم لە رادیوی حکوومەتەوە بیست. بزووتنەوەی چەکدارانە تازە دەستی پێ کرد بوو وە ئێمە لە چیا بووین لە خۆم پرسی ئایا بە راستی بە بێ فوئاد شۆڕش سەر دەکەوی ؟ وە دڵنیا نە بووم."ئێستا پێنج ساڵی رەبەقە کە زەحمەتکێشانی کوردستان و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە. شۆڕش بە بێ فوئادیش "دەبێ "سەرکەوی، وە سەر دەکەوی. بەر لە هەموو کەس فوئاد خۆی ئەوەی دەزانی. بەڵام ئەگەر ئێمە بە بێ فوئاد توانیومانە ڕێگای سەرکەوتن بگرینە بەر وە تا ئێرە پێشڕەوی بکەین، لەو رووەوە بووە کە بە ئامانج و شێوەکان و هەموو ئەو شتانەی کە فوئاد بەیانی ئینسانی یان بوو پابەند ماوینەتەوە، وە تەنیا بەو مەرجە بەرەو پێشتر دەچین و بە سەرکەوتن دەگەین کە هەموو ئەو تایبەت مەندی یانەی کە فوئاد دیارگەیان بوو ساتێک وەلا نەنیین. بەڵێ شۆڕش بە بێ فوئاد سەر دەکەوی : بەڵام بە بێ ئامانج و بە بێ ورەی فوئاد سەر ناکەوی. ئەوەیە رەمزی هەتا هەتا زیندوو بوونی فوئاد. فوئاد لە گەڵ شۆڕشە و لە جەرگی شۆڕش دا زیندووە. تا ئەو کاتەی شۆڕش زیندووە فوئادیش زیندووە ؛ وە شۆڕش تا ئەو کاتە زیندووە کە ئامانجەکانی فوئاد لە مێشکی ئێمەدا زیندوون. ..

وتم کە من فوئادم تەنیا لە دوورەوە دیبوو. بەڵام ئێستا ناسیومە، چونکوو فوئاد لەو ئینسانانە نە بوو کە ژیانیان لە گەڵ مەرگ کۆتایی پێ دێ. لە تەشکیلاتی ئێمەدا فوئاد حازرە پێشڕەوە، رابەرە، لە هەر شوینێک بچووکترین راڕایی و بێ پرەنسیبی بێتە گۆڕ رەخنەگرێکی بێ بەزەیی یە. وە لە هەموو شوینێک کە ئێمان بە جەماوەر، ئێمان بە بەرحەق بوونی خەبات و ئێمان بە

سەرکەوتن، ئێمە بەرەو پێش دەبا، فوئادیش شان بە شانی ئێمە و لە پێشەوەی هەمووومانە. لە ماوەی ئەو چەند ساڵە دا لە تەشکیلات و لە شۆڕش دا فوئادم سەر لە نوێ ناسی یەوە. ئێستا دەتوانم بڵێم فوئاد هاوڕێی منیش بوو، هاوڕێمە... هاوڕێ فوئاد. ..

**بۆ ئاگاداری :**

نووسەری بە ڕێزی ئەم نوسراوە بۆ خەباتی ئاشکرای سیاسی هاتە کوردستان و لای کۆمەڵە گیرسایەوە. ولە تەشکیلاتی کۆمەڵە خۆی بە ناو ئێرەجی ئازەرین ناساند و ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمونیستی ئێران بوو.

# 26.7 هەزار بریا: ڕێبوار

ساڵی 1360 هەتاوی ئەم شیعرە لە شاری بۆکان بە بۆنەی یاد و
ساڵڕۆژی کاک فوئاد لە مەراسمێکی پڕشکۆی جەماوەریدا لە لایەن کاک
موسلیح شێخ الاسلامی یەوە خوێندرایەوە.

هەزار بریا شەهیدە خۆشەویستەکان بیان دیبا،
ئەندامێکی هەرە وریای هۆزی گەورەی گیان لە بربوو،
پەنج هەزار ساڵ ژان لە بر بوو، بۆ لە دایک بوونی ئینسان،
پەنج هەزار ساڵ چاو لە بر بوو بۆ زاڵ بوون بە سەر سروشتا،
بۆ ئازاد بوون و ڕزگاری،
تا کەوتینە چەرخی شوڕشی کرێکاری،
چەرخی ڕزگاری یەک جاری،

هەستانی لافاوی تووڕەی گەرمە بارانی بەهاری،
چەرخی پربوونی سەراسەر هەموو عەرزی پان وبەرین،
لە بیری بلیمەتانی مارکسی مەزن،
لە بیری بەرینی لێنین،
لە گزنگی زێڕینی نوور،
ڕۆژی گەشی هەڵ هاتنی هەتاوی سوور،
ئێمەش ئەوا لە قوژبنێکی خۆشەویستی دونیا دا،
لە کوردستان جەژنی لە دایک بوونی ئینسان،
بە ئاگر باران کردنی زۆردارەکان بەر پا دەکەێن،
جا وەک شەهید فوئاد وتی:
با هەر بلێن، با هەل خۆاز و کۆنەپەرەستان بنوزێنن،
چاوەکانم، چاو لە ئاسۆی بەرین بگرین،
وا شورشە و سەر دەکەوی، شورشەو گەشاوەتەوە،
یادیان بە خێر شەهیدە خۆشەویستەکان،
لە کوێن شەهیدانی شۆڕش، بریا ئیستا لێرە بان و بیان دیبا،
هەر وەک شەهید ماجد وتی:
بۆ لاوە شۆڕشگێڕەکان، بووتە ژووری زاوایەتی ژووری ئیعدام،
بیان دیبا ئیعدامی یەکان وەسێەت نامەی پر لە شیعر و پرلە فەلسەفە دەنووسن،
بیان دیبا زەردە خەندەی چاوە رەشە گەشەکانیان،
دڵی ئاگراوی دایکیان شێت تر دەکا،
هەزار بریا بیان دیبا،
هەر چەند دوژمن هیندە دڕە،
وەرگرتنەوەی مەێتەکانی ئیعدامی یەکان ئاواتێکە نایەتە دی،
بەڵام دیسان، دیسان دەستە دەستە لاوەکانمان،
ناو چاوی دایکیان ماچ دەکەن،

دەستی دڵداری لا دەبەن لە شان وملی پڕ تاسە و شان و ملیان دەخەنە کۆتی ڕەخت و چەک،
بیان دیبا کە چەن ئاسایی بووتەوەو هەر لە مێژە تفەنگ، ڕەخت و فیشکدان نوێنی نەرمی لاوانە،
بیان دیبا چۆن هەڵمەتی پێشمەرگەکان زۆرداره، ڕاوی کردوەتە کاری ئاسای ڕۆژانە،
بریا هەزار بریا شەهیدە خۆشەویستەکان لێرە بان و بیان دیبا،
چۆن هەڵمەتی پێشمەرگەکان زۆرداره ڕاوی کردوەتە کاری ڕۆژانە،
یادی شەهیدانمان بەخێر،
هەزار بریا لێرە بان وبیان دیبا کە شۆڕشە و جەژنی گەلە ،
ڕوونە چاوی زەحمەتکێشان،
کە دەبینن وا زۆر داران لە قورمژنی تەنورەی ئاگر بارانا،
دەستە دەستە هەڵدەقرچێن و دەسووتێن، یا خۆ ڕیز بە ڕیز ئەسیرن،
خۆێن خۆرانی دڕی دووێنی ئەمڕوکانی لە بەر دەستمانا زەلیلن،
هەزار بریا بیان دیبا لە شارەکان گوڵاو پژانە ،گۆبەندە،
چراخانی و زەماوەندە، بۆ پێشوازی پێشمەرگەکان،
بیان دیبا کە بێباکی بۆ منالیش بووتە یاسا ،
بیان پرسیبا لە زۆردار ئەمجار پەنا بۆ کۆێ دەبا،
گەرچی مووریانەی خەیانەت، گەرچی مووریانەی خەیانەت،
کەوتوەتە گیانی مروڤی و میهرەبانی،
دەیانەوی فرمێسکی دایکان وشک بکەن،
کە دایک نەگری بۆ ڕۆڵە، برا لە برا دوڕدۆنگ بێ، کە ڕۆڵە نەستێنی تۆڵە،
دەیانەوی کە کچ سەری نەنێتە هەش ،
باوشی پڕ نەکا لە گوڵ، لە حەڵقەی گوڵی سووری گەش،
نەچێتە سەر گۆڕی دڵدار، بەبانگەواز هەڵ نەکا هەزاران هەزار چرای هاوار،
مووریانەکانی خەیانەت دەیانەوی،

جمگە جمگەی لەشی زامداری ماندوومان ئیفلیج بەبێ ،
دەیانەوی هەر سوار، سوار بێ و هەر تاریکی،
شەمشەکوێرەی شەو خوازن دژی نوورن دژن بە دەنگی ئازادی،
زراو چوو لە بانگەوازن،
،بەڵام کاتێ شکاوە قەڵای ترس و سام،
لە کاتێک دا بووتە ژووری زاوایەتی ژووری ئیعدام،
بە کام لەمپەر ئەم لافاوە ڕادەوەستی،
کامە شوورا، دیوار، قەڵا، بنەمای سستی زۆرداری دەپارێزی، لە شکان،
ڕووخان،داشوران،
هەزار بریا شەهیدە خۆشەویستەکان لێرە بان و بیان دیبا.

# 26.8 میوانی تۆن: ڕێبوار

## بۆ حەوت شەهیدی بنە ماڵەی مستەفا سوڵتانی

## بۆ گڵکۆی تازەی ماجید و ئەمجەد

بەدوو چاوی وەک زرێبار، گەرمی گرینە
دەشتی شینی مەریوانە، سەرگەرمی شینە
لە تاڵە سواردا، دابەزن دوو سواری سوور پۆش
میوانی تۆن ! کاک فوئادی دڵ گەرم و ڕوو خۆش!
میوانی تۆن ! هاتونەوە لە تەوریزەوە
میوانی تۆن ! بیان گرە لە ئامێزەوە!
لە هەواڵی هەڤاڵانی تەوریز و تاران ،
چەپک چەپک گوڵیان پێ یە، پڕ پڕ. بە دامان.
بیان دوینە! با بۆت بڵێن سرودی نوێ ،
گەش و ڕوون تر لەو سرودەی کە بیستووتە دوێ.
دەستە دەستە، لاوانی سەر بەرز و شۆڕشگێڕ،

بەرانبەر بە جووخەی ئێعدام  بە دەنگی دلێر.
ئە گورێنن، تەخت و بەختی دوژمن ئەلەرزی
ئەڵین، دوژمن! ڕاوەستاوی بەرانبەر بە کێ ؟!
بەرانبەر ڕنووی قورسی شۆڕش وەستاوی!
دژی سێڵاوی باوەڕ و هێرش هەستاوی !
وا  بەیانە ! بۆیە  وایە –ئەی سەر لی شێواو !–
ئەستێرەکان ئەتوینەوە ناو نووری خۆرەتاو.
زەردە خەنەی گزنگی خۆر، لە زاری لاوان،
پەرچەمی فەتحی بەیانە، کاتی تیر باران.
ئەستێرەکانی گەلی کورد، لە گەڵ پێشەنگان
شەبەقی سووری ئاسمانی هیوایان نەخشان
شە هیدانی شۆڕشگێڕمان پێشەنگی خۆرن
بناغەی بن کەن –کراوت بە خوێن ئەشۆرن.

*******

میوانی تۆن !  ما جید و ئەمجەد، هاتوونەوە
با گشتمان دڵخۆشی دایکی شەهید دەینەوە.
بڵیین، ئێوەن بنەماڵەی شۆڕش پەروەردە
هێشتا کۆستی وەها، نەبووە لە سەر ئەم عەردە
مەگەر کوشتاری ئەژدهاک لە ڕۆڵەی کاوە ،
دەنا، کامە بنەماڵە، حەوت ڕۆڵەی داوە ؟؟
لە ڕێ شۆڕشیکی سووردا، قۆچی قوربان بن !
بە خوێنی خۆ ئاگر بەر دەن لە جەستەی دوژمن !

*******

ئەی هەڵپێکراو  لە بنەماڵەی مەزنی کرێکاران

وایە پەیامی هەڤاڵان لە دوورە شاران :
وەک چون ئێوە لە تەوریزەوە تا مەریوان
بە خوێنی خۆ، بست بە بستی وڵات تان نەخشان ،
کرێکاران بست بە بستی جیهانیان نەخشان
مەیدان نی یە سوور نە کرابێ لە خوێنی ئەوان.

*******

مەگری ! مەگری ! دایکی شەهید ! گریان گرانە
ڕوڵەکانت سەرتۆپ بوون لەم کوردستانە.
حەوت خەرمانت سێڵاو بردی، حەوت خەرمانی سوور
پاش بارانە کوردستانت پڕ ئەبێ لە نوور
گشت ڕوڵەی تۆن لاو چاکانی شۆڕشگێڕی کورد
پێشمەرگە کان، دڵ گەرم تر، دەستیان بۆ چەک برد
ئەیکەن بە هێز خەمی قورسی ڕوڵەکانی تۆ
بە قرمژنی گوللە باران، ڕووناکە ئاسۆ.

ڕێبوار 19 04 60

## 26.9 بە یادی کاک فوئاد : ئەحمەد بازگر

بە ڕێز کاک ئەحمەدی بازگر شاعیر و ئەدیب و نووسەر لە مەیدانی سیاسی و نیزامی دا دژی کۆنەپەرەستی و لە پێناو ئامانجێکی بەرزی ئێنسانی خەباتی کردووە و لە قەڵەمیش هەر وەک چەک ،کەڵکی وەر گرتوە و لەو مەیدانەشدا سەرکەوتوو بووە. بەرنامە جوان و ڕازاوە کانی لە ڕادیو کۆمەڵە – یادی هاوڕێ یانی شەهید، ئێمە و گوێگرەکان و ئاسۆی شۆڕش - سەنگەرێکی تری کاک ئەحمەد بوو کە لەو تریبوونەوە بۆ یەکسانی و بەرابەری ئێنسانەکان بێ وچان خەباتی کرد و دەیان و هەزاران ڕەنجدەر و هەژاری کورد گوێگری

بەرنامە کانی بوون. تان و پۆی نووسراوەکانی کاک ئەحمەد کرێکاری و لە خزمەت ئەواندایە.

*******

کاک فوئاد بۆ من لە زومرەی ئەو کەسانەیە، کە حەسرەتی هەر جارێک بیندنی، ساڵەهایە بە سەر دڵمەوە گرێ یە! گرێ یەک کە هەروا بە نەکراوەیی دەمێنێتەوە !

من نەمدیبوو! من کاک فوئادم نە دیبوو !

بەڵام منیش،

وەک هەژارانی کوردستان،

وەک کۆچەرانی کۆچە مێژوویی یەکەی مەریوان ،

وەک پێشمەرگەکانی کۆمەلە ،

تەنانەت وەک دوژمنانی کاک فوئاد ،

ئەو نێوە گەورە دەناسم !

من دەیناسم وەک دەفتەری شیعرەکانم !

من لەوانەم کە پێم خستە شوێن رچەی پێی و ئێستاش ،

هەر بۆ ئەو لوتکەیە دەڕوانم کە ئەو کاڵەی بۆ هەڵبەست بوو !

فوئاد ئێنسان بوو وەک هەمووی ئێمە ! وەک هەمووی ئەو کەسانەی لە دڵیا جێیان

دەبوەوە !

ئەو ئێنسان بوو لە وڵاتێکدا کە ئێنسان ،

هەر بە قەدر ! قوتووە شەمچەیەک ،

فیشەکی نێو دەراغی چەکی سەربازێکی ئێسلام،

نرخی هەبوو !

ئەو ئێنسان بوو لە وڵاتێکدا کە ڕاوە ئێنسان لە ئارادا بوو !

فوئاد نرکەی دەربڕاوی ئەو هاوارە لە قوڕگا خنکێنراوانە بوو،

کە بارانی عەشق،

بە سەر مووچەی لە تینوا وشک هەڵاتودا،
دەبارێنن !
ئەو دڵێکی هەبوو گەورە و سادە !
سادە لە چەشنی بزەی بێگەردی ساوایەکی تازە خەوتوو !
گەورە هەر وەکوو گەورە یی !

دڵی فوئاد لێواولێو خۆشەویستی بوو ! ئەو سەر دەمە خۆشەویستی کرابوو بە کاوڕێکی بەستەزمانی بێ دەسەڵات، کە نەک هەر لە جێژنی قوربانا، بەڵکوو هەموو ڕۆژێک بێ ڕەحمانە سەر دەبڕدرا !

من زۆر جاران بۆ دەر برینی سۆزم، خەمم ،عەشقم و هەستم لە ئەقیانووسی وشەدا دەبم بە پەنابەرێکی یارمەتی خواز، ئەو جارانە وشە ڕزگاریدەرمە و سووکم
دەکالە بارگرانیی ژانی ڕازێکی نەدرکاو ! وشە دەبێتە دەراوم لە چۆمێکی خوڕ و
شێتا ! وشە دەبێتە حەشارم لە دارستانێکی چڕ و زریان گردا ! وشە دەبێتە سەنگەری پشت پێ بەستووم کاتێ هەست بە تەنیا بوون دەکەم !

ئەمڕۆ دیسان لە یادی فوئاد،
بۆ ڕاوی وشەیەکی لێ وەشاوە،
کە بتوانم بە باڵای ئەو گەورە نێوەی بگرم،
من خۆم لە خۆم دوور کەوتمەوە و،
هەموو کەلێن و قوژبنی ئەقیانووسی وشەم
سەنگ و
سووژن دا،
دنیای وشەم،
دنیای تەعبیری ڕەنگاوڕەنگم،
لە حەنای هەولی ئەمڕۆمدا،
ببوە بیابانێکی بەرەهووت،

دەشتێکی وشکە رۆی کاکی بە کاکی !

بۆیە دەڵێم :

نەک لەئەمرۆوە،

زۆر لە مێژە ،

ناوی فوئاد،

وشەی فوئاد ،

ئەو کەلیمە پیرۆزە یە،

کە ئەوین و هیوای

یەکجێ تێدا کۆ بوەتەوە !

بەرز و بە ڕێز و پیرۆز بێ ناوی فوئاد !

**ئەحمەد بازگر سوید- یوتەبۆری 14 08 99**

# 26.10 نامەی سەرە خۆشی: سەلاح موهتەدی

بەرێزکاک سەلاح موهتەدی هێژا، نووسەر، ئەدیب، خاوەن هەڵویستی سیاسی،شارەزا لە ئەدەبیات و زمانی کوردی لە بنەماڵەیەکی سیاسی و ناسراو وبۆکانی یە. بیر و ئەندیشەی سنووری دەسکرد ناناسی ودڵی سفرەیەکی گەورە و رەنگینەو ماڵەکەی لە بۆکان بۆ میوانداری تەرخان کرابوو، و لە ڕووی هەموو ئاشنا و ڕۆشنا و دۆست و برادەر و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی ئاوەڵە و کراوە بوو. نوسراوەکانی کە زۆرتر تێکڵاوێک لە شیعر و پەخشانە لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بە زۆری بڵاو بونەتەوە.نوسراوە و بەرهەمەکانی ڕاستەو خۆ ئاژێن دەبنە لەشێ خەمبار وماندوو وبێ ئۆقرە ی ئێنسان و فرە بە دڵەوە نزیکن.کاک سەلاح هەموو کاتێک و لە سیا ساڵەکان و رۆژە تاڵ و نا خۆشەکانی

ژیانماندا ،دڵسۆزانە بەشداری خەم و پەژارەکانی ئێمە ی کردووە که شایانی ڕێز وقەدردانی و سوپاسە.

ئەم نامەیە لە ڕۆژی12 04 60 نوسراوە و لە خەبەر نامە ی کۆمەڵە بڵاو کراوەتەوە.

* * * *

**هاوڕێیانی بە ڕێز و خۆشەویست کاک ڕەشاد و خۆشکە مەلەکە!**

لە وڵاتی خۆمان کێوێک دیارە        بە قەت ئەو کێوە خەم لە دڵم بارە

کامە وشە، کێهە قسە، بە زمان بە نووسین، بە شیعربە نەسر،ڕێی ئەکەوێ و لێ ئەوەشێتەوە تا سەرخۆشی، لە بنەماڵەیەک بکا، کە بست بە بستی ئەم خاکە خەمبارە یان بە دلۆپ دلۆپ خوێنی گەرم و گەشێ ڕۆڵەکانیان نەخشاندوە؟

دایک و باوکی ئێوە بە ڕاستی وێنە و ئاوێنەی گەلی کوردن، باوک و دایکی نیشتمانن. ئێستا نیشتمانی داماوی دڵسوتاو، کوردستانی بەشکراوی بەش خۆراو، پرسەی کامە شەهیدی دا بنێ و شێنی کێهە شۆڕەسواری بگێڕێ ؟

پێنج کوڕ، پێنج کوڕی قارەمان، پێنج کوردی تێگەیشتوی پێگەیشتو،پێنج سەرکردەی سەر تۆپ، بۆ پێرە جووتیاری کڵۆڵی کورد، بەهرە و بەرهەمی ژێنی تاڵ و سوێرن، هێز و هیوان، خێرو خۆشین، خەرمانی سوورن !

زاڵمی زۆردار-چەتەی گەلان-ڕای دا و بردی بە تاڵان !

بەرو بوی زەوی پڕ پیتی کوردەواریم ڕۆ !

هات و داهات، ماف و مزەی کرێکاریم ڕۆ!

برا و خۆشکینە !

ئێستا ئێمە ڕو بکەینە کامە لای وڵاتە کاول

کراوەکەمان؟

شۆین و خوێنی پێنج سوارەی مەریوان لە کوێ

بگرین، لە کێ بستێنین ؟

شنەی شەماڵ لە سەنگەری داوێنی کامە چیا
هەستێ و بە سەر کام گوڵی کویستانی
سەر شین و مل بە کوێنا تێپەڕێ تابۆنی پێنج
برالانی لێوە بێ ؟
ئێوە ئەی پێنج برالان!
لە گەڵ خوناوەی کامە باران، لە گەڵ زەردەی
کامە خۆر، لە گەڵ زەربەی کام کوتک،
لە گەڵ نوکی کام گاسن ئاژین دەبنە لەشی
سەر زەوی یەخسیر؟
ئێوە ئەی پێنج برالان !
لە گەڵ چزوی کامە گیا، لە گەڵ چرۆی کامە دار ،
بە دەنگی کام گۆرانی و بە ڕەنگی کام هەڵپەڕکێ
سەر دێننە دەر لە خاکی بێ خودان و خێو ؟
ئێوە ئەی پێنج برالان !
خاڵی ڕێبواری ناو بەیت و باون کە هەزاران
ساڵە ماون، هەموو دنیا گەڕاون داوێنی
دۆست و داوی دوژمنتان دیوە و دۆزیوە ،
شارەزای ڕێباز و لاڕێن، بە بالۆرەی گەروی
ملیونە ها کوڕ و کیژ بانگتان ئەکەین :
ئێمەش وەکو ئێوە ڕێبوارین، ئێمەش وەکو
ئێوە دڵ بریندارین، هەڵوەدای دیداری
یارین.
هەی یاران چکردە ن ؟
گەلو! گەلی برادەرینە ! گەلی دەماجەرایە !
تاڵەسوار دەستە چیلەی خۆی هێناوە ،
کوانوی شۆڕشی کوردستانی جۆش داوە ،

كاك فوئاد دەبینم لە بەرز ترین لوتكەی
پشت ئالمانەوە سەری هەلێناوە چاوی لە
كورە كورەی پێشمەرگەیە، چاوی لە كۆمەلەیە.
دەنگی دلێری دەبیەم دەگوڕینێ و ڕەفیقانی
ڕێگای ڕزگاری دەدوینێێ:
كێ لە خۆی ڕا دەبینێ وەلامی بداتەوە ؟

تكایە ئەم چەند دێڕەم لە باتی سەرە خۆشی لێ وەربگرن
شینە بۆ خۆمی دەكەم، تۆش خۆمی

**براتان سەلاح موهتەدی 12 04 60**

## 26.11 دیدەنی: شێركۆ بێكەس

بە ڕێز كاك شێركۆ بێكەس شاعیر، ئەدیب، زمانەوانیكی شارەزاو و خاوەن هەلویستە. لە فورم ودارشتنی مێژووی تالی كوردستان لە قالبی شیعریدا بە توانایە. لە بواری شیعری ڕەمزو ئێستعارە وكۆپلە شیعری ناسك و جوان و پڕ مانا لێهاتوە. بە پەخشانە شیعر روداوە تالەكان و ژنۆسایدی گەلی كوردی باس و تۆمار كردووە ولەو قۆناغەدا یەكێك لە شاعیرە پێشڕەوەكانە. هەوین و ئامیانی شیعرەكانی یەكگرتوویی كۆمەلگای كوردستانە. پەردە لادان لە سەر سیمای دزێوی داگیر كەرانی كوردستان و... زەنجیرەیەك لەو فاكتورانن كە شێركۆ بە خامە ڕەنگێنەكەی لە دەریای ئەدەب و شیعر و پەخشانی كوردی مەلەی تیدا كردوە و ئاسەوارو گەنجینەی چاك و مێژوویی خولقاندوە. شیعرەكانی شێركۆ پڕە لە پەیام وبە تایبەت ڕەنج و مەینەت و داستانی سەربەستی گەلی كورد باس دەكات. شیعری "بەیان "یەكیك لە شاكار و بەرهەمە بە نرخەكانی كاك شێركۆ یە، كە لە روانگای چینایەتی یەوە بە شێوەیەكی هونەرمەندانە و ناسك وەسفی وەزعی ژنان لە كۆمەلگای

کوردستان و خەباتی ژنانی پێشمەرگە دەکات. لە پێشەکی دیوانی "شێرکۆ بێکەس "بەرگی یەکەم1990 شێرکۆ ئاوای نووسیوە:

... بەڵێ من هەموو کوردستان و ئێنجا هەموو جیهانیش بە شوێن گەشت و ئاسمانی فڕینی شیعری خۆم و دەنگی خۆم و هەستی بێ سنووری خۆم ئەزانم.

ئەو گۆرانیانەی لە چریکەی دەنگ هەڵبڕینیاندا سنووره مێردەزمەکان ئەبەزێنن و لە یەک کاتدا وەک تریفەی مانگە شەوێکی هاوینی دەم بە شنە، زیو پرژێنی قژی دیار بەکر و باڵای سابڵاخ و چاوی هەولێر بە یەکەوە ئەکەن. لە یەک کاتدا پەنجەرەی هەتاوی ناو دڵی یەڵماس گۆناو نەجۆو ئاوارە ومستەفا سولتانی و لەیلا قاسم و شەهاب ئەخەنە سەر پشت. هەر لە یەک ساتیشدا لە یەک چاوتروکانیشدا پۆلە چۆلەکەکانیان دەنووک لە زرێبارو سیروان و وان وەر ئەدەن و بە یەک دەنگیش بۆ عەشقی شیعری خانی و نالی ووەفایی ئەخوێنن ولە یەک کاتیشدا سەر چۆپی شایی یەکگرتن و...

## دیدەنی (بۆ شە هید فوئادی مستە فا سوڵتانی)

دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی یەکەم ستۆک هۆلم 1990، لاپەڕە کانی 934 تا 937

وە کوونێرگز ساڵی جارێ
بە سەردانێ
ئەو دێتەوە
بە زرێباردا، دێتەوە
خەونە و لە پڕ، پەیدا ئەبێ
ئەگاتە جێ و ورد چاوێکمان، پیا ئە گێڕێ.
لەو وە ختە دا
ئێمە ئەڵێی دارستانی بنارین و
ئە ویش لە لوتکەی سەر ئە چێ.

وە کوو ساڵانی ڕابوردوو
دیسانەوە ئێمە هەموو
وەک ڕەنگ و ڕوو
مۆرانەی ساڵ یەک یە ک بەڕە ی
پێستی خواردوین
گلۆڵە بە نی قژیشی یەک یە ک خواردوین
عومری خواردوین
تیاشماندایە
لە نێوانی دوو سەر دان و سێ سەردانی کاک ؛ فوئاد ؛ دا
سەعاتی دڵی، ژە نگ ئە گرێ
وە ک بورغوی کۆن، بیری ئە سوێ
ئە بێ بە قەڵەمی زڕ و
لە حەرف و وشە، دا ئەبڕێ
ئە بێ بە هە وری نەزۆک و
یەک دڵۆپ بارانی نا بێ !
وەکوو کەفە ژیلکەی سەر ئاو
هەر ساتێکە و ئێتر ئەوسا، بزر ئەبێ.
ساڵی جارێ ئەو دێتەوە
بەڵام ئەوکاتەی دێتەوە
چۆنمان دیبوو
هەر وەکوو خۆی
سەعاتی دڵی وەکوو خۆی
قەد و ڕە گی
پێست و بەرگی
هەر وەکوو خۆی
بیری، قژی ،عومری، چاوی

دەنگی، ڕەنگی، سمێڵە کە ی هەر وەکوو خۆی !
ساڵی جارێ ئەو دێتەوە
لە ناکا وێکدا. ..... دێتەوە
ئێمە هەموو، هەر هەمووومان
شە پۆلمان و کە فە ژیلکە یش
هە ر لە دوور ڕا بە سێبەریا بە دی ئەکەن ئەیناسنەوە
بەڵام کاک ؛ فوئاد ؛ بە تەنها
ئەو. .... بە تەنها
هەموو سا ڵێ
لە سەرانسەری نە خشە دا
دوو تا قممان ئە بینێت و
دوو تاقممان ئە ناسێت و
یەک یەک دەستیان ئەگوشێت و
لە گەڵیاندا، ئەدوێ و ئە خوا و پێئە کە نێ و
ئەڕوات و دێ. ....
ئەوانەی وەختی خۆی، نەی دیبوون و ئێستە لێرە ن
ئەوانە یشمان کە، وە کوو ئەو
ماونە تەوە و، هەر بروسکەی خێرای ڕێگەن !

## 26.12 گلینەی چاو: کاک مارف حەسەنی

بە ڕێز شێخ حە مە مارف حە سە نی کاتێک هەواڵی مەرگی کاک فوئادی بیستوە پەژارەیەکی قورس دای دەگرێ و ئەم پارچە شیعرەی لە ساڵی 1979 زاینی وتوە. کاک مارف نەققاش، شاعیر، هونەرمەند و خۆش نووس بووە و مەریوانی یە. تابلو جوانەکانی ماون. کاک مارف جار و بار بە ئامێری شیعر هێرشی دەکردە سەر کاربەدەستانی حکۆمەتی و کۆنەپارێزان و شیعرەکانی بە

شێوەی تەنز و ڕەخنە دەگوت. و بەرهەمەکانی پەردەی لە سەر کردەوە و ئاکارە پیسەکانی چڵکاو خۆرەکانی مەریوان لا دەبرد و  بە ناوی نهێنی یەوە بڵاوی دەکردەوە.

*****

## گلینەی چاو

وەختی کە وێنەت، ئە بینم لە پڕ ،
ناو جەرگی دەروون، پڕ ئەبێ لە گڕ،
بەڵام هەڵیە گرم، هەتاکوو ماوم،
قەد ونی ناکەم ،من لە بەر چاوم.
چون بەڵگەی دژی، چینی زۆر دارە،
خۆ فیدا کردن، لە ڕیێ هەژارە !
هەر کەس وەک تۆ بێ، شووێنی دیاری یە،
گلینە ی چاوی، کوردە واری یە  !

## 26.13 نامەی سەرە خۆشی کۆمەڵە لە دایک و باوکی شەهیدانی نەمر

نامەی سەرە خۆشی کۆمەڵە لە دایک و باوکی شەهیدانی نەمر فوئاد و حسین و ئەمین مستەفا سوڵتانی

**دایک و باوکی خۆشەویستمان !**

سڵاوتان لی ئەکەین  و سەرە خۆشیتان لی ئەکەین بە بۆنەی لە دەس دانی سێ کوڕی قارەمانتان، سێ ئەستێرەی گەشێ ئاسمانی خەباتی گەلەکەمان. بە راستی جێگای هەیە لە جیاتی سەرە خۆشی پیرۆز بایی تان لێ

بکرێ، چونکوو ئێوە دووهەمین بنە ماڵەی کوردستانی ئێرانن کە سێ شەهیدی هەرە گەورەتان پێشکەش بە گەلە چەوساوەکەمان کردووە. ئەمە شانازی و سەر بەرزی یە کە تەنیا بە نیسیبی موعینی یەکان و مستەفا سولتانی یە کان بووە.

کاک فوئاد و کاک ئەمین دوو ئەندامی خۆشەویستی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان بوون، و کاک حسین دۆست و لایەنگری هەرە نزیکی کۆمەڵە بوو. ئێوە ئەزانن کە ئەم سێ تێکۆشەرە چۆن ژیانی خۆیان نابوە خزمەت خەڵک و فیدا کار و خۆ بەخت کەر بوون، پۆڵا و نە بەز بوون و وەک پۆڵاش مردن.

دایکی خۆشەویست و باوکی بە ڕێز ! کوڕەکانی ئێوە پێشەنگی خەبات و پێشەنگی ژیانی نوێ بوون، گیانی پیرۆزی خۆیان لە ڕێگای خۆشی گەلی کورد و خۆشی هەموو ئینسانێکی چەوساوە و زەحمەتکێش دا بەخت کرد. ئەوان بۆ بە دی هێنانی کۆمەڵێکی دوور لە زووڵم و نا حەقی شەهید کران.

راستە کە ئەوانە کوڕی ئێوە بوون و بۆ ئێوە خۆشەویست بوون، بەڵام بۆ کۆمەڵەش بڕبڕەی پشت بوون. کاک فوئاد یەکەم ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو. بێ شک بۆ ئەوە ئەچوو کە ببی بە یەکێک لە گەورەترین زانایان و ڕێبەرانی گەلی کورد و چینی چەوساوی ئێران. هەر بۆیەش رژیمی کۆنەپەرەستی ئێران بە پەلە شەهید بوونی ئەوێ بە گشت جێگایەک راگەیاند. ئەو نە تەنیا دۆست و برای ئێمە بوو، بەڵکوو مامۆستای ئێمە و موعەلیمان بوو.لە کاتی رەش ترین تەنگانەدا بوونی ئەو و ئاموژگاری یەکانی ببوە دڵخۆشی و بەرز بونەوەی ورەی تێکۆشەران. ئیمانی قایمی بە خەڵک، قین و توڕەیی بی ئەژمارەی لە گەڵ دوژمنانی گەل، تێگەیشتنی قووڵ و ژیرانەی، رۆحی نەبەزی و شیرانەی لە گەڵ ئەخلاقی سادە و خۆماڵیانەی ئەوێ کردبوو بە قەڵای قایمی کۆمەڵە و هەموو ناسیاوانی.

حسین و ئەمین دوو شۆڕشگێڕی ڕاستە قینە بوون کە سەریان دانا ئەمما، نەیان هێشت دووژمنی خوێن ڕێژ تامی تەسلیمی ئەوان بچێژێت. شەرەف و سەر بەرزی بۆ ئەوان و سەر شۆڕی و مردن بۆ جاشەکان و دووژمنان.

بەڵام بێ خەفەت بن، کە بە کوێرای چاوی دوژمن لە گشت جێگایەک دەنگی دلێرانەی پێشمەرگەی قارەمان وڵاتی پڕ کردووە. پەیمان ! هەزار پەیمان ! کە چەک دانەنێن، نەوێسین، پشوو نەدەین تا تۆڵەی هەموو شەهیدانی گەل ئەستێنین، تا زەردە خەنەی سەرکەوتن لە سەر لێوی گڵاوی دووژمنان هەڵ ئەچنین. دڵنیا بن پێشمەرگەی تۆڵەسێنی کۆمەڵە بڕیاریان داوە لە هەموو لایەکەوە ئاگری مەرگ بە سەر دوژمنا ببارێنن و خاکی پیرۆزی وڵاتەکەمان لە لەشێ پیسی جاش و کۆنەپەرەست و ڕژیمی پشتێوانی ئەوان پاک کەینەوە.

وەکو بیستومانە ڕۆحیەتان زۆر باشە. ئێمەش ئەوەمان چاوەڕوان ئەکرد. با ئێوە سەر مەشقێک بن بۆ گشت دایک و باوکانی کوردستان کە لە مەولا گوڵی خوێناوی پێشکەش میللەتەکەیان ئەکەن. جارێکی تر سەرە خۆشی لە ئێوە و برایانی ئەکەین و هیوادارین سەڵامەت و سەر کەوتوو بن.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**ڕەز بەری 1358 ی هەتاوی**

# 26.14 دوو جار دیداری کاک فوئاد و دوو بیرەوەری:داریوش نەویدی

نوسراوە فارسی یەکەی دوکتور داریوش به زمانی کوردی تەرجومە کراوەتەوە.

*****

## 26.14.1 بیرەوەری یەکەم بەهاری 58 لە مەهاباد

لە بەهاری 1358 ی هەتاوی من (داریوش نەویدی) و دوکتور ناسری پاکدامەن کە یەکیک لە ئوستادە ڕادیکاڵ و چەپەکانی زانستگاکانی ئێران بوو، بۆ دامەزراندنی زانستگای کوردستانی ئێران تیدەکۆشاین و خەباتمان دەکرد و بۆ دەست پێکردنی کارەکان بەرەو کوردستان سەفەرێکمان کرد و لە مەهاباد چاومان بە کاک فوئاد کەوت ودیدارمان کرد. بە یارمەتی هاوڕێ یانی مەهاباد جەلەسەیەک بۆ تەوزیح و مەترەح کردنی گەڵاڵەی زانستگا ڕێک خرا. بەر لە جەلەسەکە کاک فوئاد چەند پرسیاری گرینگ و وردی لە من سەبارەت بە هەڵویستی سیاسی و بۆچونی ئوستادەکان پرسیّ و منیش وڵامی پرسیارەکانم داوە. کاتێک ڕاپورت و گوزارشی گرووپەکەم پێشکەش کرد کاک فوئاد بە وردی گویّ دا. دوای تەواو بوونی ڕاپۆرتەکە پرسیاری تر پرسیّ و پاشان وتی موافقم و لە گەڵاڵەو تەرحەکەتان پشتیوانی دەکەم و داوای لی کردین هەرچی زووتر و خێراتر کارەکانمان دەس پیّ بکەین، چونکوو شک و گۆمانی نە بوو کە جمهوری ئێسلامی هێرشی نیزامی و گەمارۆی کوردستان دەدا. کاک فوئاد وتی بەر لە هێرشی ڕژیم زانستگاکە دامەزرینن تا خەڵک دەسکەوتێکی چکۆلەیان هەبی و پاشان بتوانن لەو دەسکەوتە دیفاع کەن. هاوکات کاک فوئاد سفارشی دامەزراندنی کلینیکی پزشکی و پەروەردە کردنی پەرەستاری (نرس) بە گرووپەکە کرد. کلینیکی پزشکی لە شارەکانی سنە و بۆکان دامەزرا وئێمەیش

یارمەتیمان دەدان. ئێمە بۆ دەرمانگای گەل کە مەسئول وبەرپرسی دوکتور جەعفەر شەفیعی بوو ئامێری پزیشکی ودەوامان دەنارد.

## 26.14.2 بیرەوەری دووهەم هاوینی 58 لە مەریوان (ئوردووگای کانی میران)

هاوینی 58 ی هەتاوی کۆچی خەڵکی مەریوان دەستی پێ کردبوو. یەکیک لە هاوڕێ یان داوای لەمن کرد کە دەرمان و سێرۆم بۆ مارانگستە ئامادە کەم و بۆ ئوردووگای کانی میرانی بنیرم. دوکتور هوما ناتیق مێژوو زانی ئێران و یەکیک لە ئوستادە ناسراوەکانی زانستگای تاران دەواکانی ئامادە کرد و تەحویلی منی دا. بە هاوکاری دوکتور بیهداد ئوستادی زانستگای تاران و یەکیک لە ئەندامانی گورووپی دامەزراندنی زانستگا لە کوردستان بەرەو مەریوان ڕۆیشتین. دیمەنێکم دی کە هەرگیز لە بیرم ناچیتەوە. خەڵکی کۆچ کردوو کە شارێکیان جێ هێشتوە و لە ئوردووگا دەژین. کاک فوئاد ڕێبەری ئەو کۆچە مێژوویی یە بوو. بە ڕاشکاوی دەڵیم ڕێک خستنی جەماوەری خەڵک هونەریکە کە تەنیا لە ڕێبەرانی ڕادیکاڵ، پسپۆڕ. دڵسۆز و لیهاتوو دەوەشێتەوە.کاک فوئاد تێگەیشتنێکی بەرزی شۆڕشگێڕانە و سیاسی تێژی هەبوو. هەر بۆیە توانی لە سەر زەمینە و بار و دۆخی کۆمەڵایەتی،فەرهەنگی،سیاسی وئابوری دەوری لیبراوانەو ڕادیکاڵی مێژوویی خۆی تەنانەت لە گەشەی خێرای کۆمەڵە نیشان بدات . و ئەو کۆمەڵە توانی بەشێکی زۆر لە هەژارانی کوردستان لە ژیر ئاڵای عەداڵەت خوازی، ودیموکراسی،بەرابەری و یەکسانی و لابردنی ستەمی نەتەوایەتی کۆ کاتەوە . و زۆربەی خەڵکی کوردستان کۆمەڵەیان بە ڕێکخراوی خۆیان دەزانی و شانازی یان پێوە دەکرد .

کاک فوئاد پازدە تا بیست کەس لە نوێنەرانی چەپ و منی بۆ کۆبونەوەیەک لە وردووگا دەعوەت کرد. تا چونیەتی وت و ویژێ لە گەڵ نوێنەرانی ڕژیم بگەڕێنیتەوە. دەستی بە قسە کرد و وتی ئاست و ئاکامی

موزاکرەکان ئیدەئال نە بووە. بەڵام ڕژیم مان ناچار کردووە کە هەندی لە داخواز یەکانمان قەبووڵ کات و ئەمە دەسکەوتێکی باشە. گیراوەکان لە پادەگانی مەریوان کە مەترسی ئێعدامیان هەبوو ئازاد دەکەن و دەسکەوتێکی ترمان ئەمەیە. پاشان داوای لە بەشدار بوەکان کرد کە بیر و ڕای خۆیان بڵێن. هەندی لە نوێنەرانی چەپی مەریوان پێ یان لە سەر درێژەدانی کۆچەکە داگرت و کاک فوئاد پێکەنی. لە وڵامی ئەواندا هەڵویستی خۆی باس کرد. من کە لە تارانەوە هاتبوم ئارەزووم ئەوە بوو خۆزگە و سەد خۆزگە باسەکانی کاک فوئاد لە نەوار و کاسیتدا تۆمار دەکرا و یان فیلمی لی هەڵدەگیرا.

کاک فوئاد وتی دەبی ڕاستی یەکان و حەقیقەت بە خەڵک ڕاگەیەنین. لایەنە خراپ و چاکەکانی موزاکرات بۆ خەڵک باس کەین. و پێیان بڵێن کە کۆچەکە و دژواری یەکانی بێ سەمەر نە بووە. پاشە کشەی چاکمان بە ڕژیم داوە. و کاتی ئەوە هاتوە، خەڵک کۆچەکە تەواو کەن و بۆ شوێنی ژیانی خۆیان بگەڕێنەوە. دیارە ئەوانەی کۆچیان کردووە تەیفێکی بەر بڵاون و لە چین و توێژی جۆراوجۆر پێک هاتون. ژنان و منداڵان بە دژواری لە ئوردووگا ژیاون و بازاڕی یەکان هەر ئەوەندە تاقەت دێنن کە ئەو تاقەتە سنوور دارە و کرێکاران و زەحمەتکێشان دەبی ژیانی ئاسایی خۆیان دەس پێ بکەنەوە ئەگێنا زۆر زەحمەت و گرفتمان بۆ پێش دێ. ئەگەر لە گەڵ خەڵکدا قسە نەکەین و ڕاستی یەکان دووپات نەکەینەوە کە دەسکەوتی بەر چاویان بە دەس هێناوە وئێستا دەبی بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان بگەڕێنەوە ناو شار.ئەگێنا ماوەیەکی تر یەکە یەکە و دووان دووان و ڕەنگە بە نهێنی و شەرمیونانە وبە کۆمەڵ و گورووپ بەرەو شار بگەڕێنەوە. ئەمە بۆ خەڵک بەو مانایە کە هێچ دەسکەوتێکیان بە دەس نە هێناوە و ورەی خەباتکارانەیان دێتە خوارەوە.

کاک فوئاد دەیگوت گەڕانەوەیان بە یەک جارێ و بە کۆمەڵ و هەمویان بە یەکەوە و بە لە بەر چاو گرتنی دەسکەوتەکانیان، هەر چەند زۆریشە و کەم نی یە رووحیە و ورەیان دەباتە سەر و خۆیان بە سەر بەرز دەزانن. ئەگەر یەک پارچە و بە یەکەوە نە گەڕێنەوە بۆ ناو شار، ناکۆکی دەکەویتە بینیان و هەرکام

ئەوی تر بە خەتا بار و تاوان بار دەزانی. بەڵام ئەگەرچونەوەیان بە یەکەوە و یەک پارچە بێ ،یەکگرتووتر و هاوکاریان پتەوتر و زۆر تر دەکات. و بە ڕژیم نیشان دەدا کە لە بەرانبەر خەڵکی یەکگرتووی کۆچکردوو هێچی پێ ناکرێ. و بێگومان گەڕانەوە لە ڕوی ناچاری و بە سەر داخستنەوە ڕژیم هار تر دەکا و دوژمن سەرکوتی بێ ئامان دەس پێ دەکات.

لەو کۆبونەوەدا کاک فوئاد سەبارەت بە قیادە کە هاوکاری ڕژیم دەکات، بە کورتی قسەی کرد وبە تایبەت هەرگیز دوو دڵ نە بوو کە ڕژیم هێرش و گەمارۆی کوردستان دەدا. وتی نابی بەهانە بە دەستیانەوە بدەین تا زووتر هێرش بێنن، چونکوو دەبێ ئێمە وەک پێشرەو، جەماوەری خەڵک بۆ ئەو هێرشە ڕێک خەین و ئامادە کەین. قسەکانی ئاستێکی بەرزی تاکتیک و ئێستراتژی نیشان دەدا کە بۆ ڕێبەری بزووتنەوەیەکی جەماوەری وەک کۆچ پێویست بوو. هەڵویست و بۆچوونی قووڵ و گرینگی کاک فوئاد کە وەک ڕێبەری بزووتنەوەیەکی جەماوەری، لە ئاستی بەر بڵاو خۆی نیشان دەدا، بە ڕاستی شیاوی ڕێز و ئێحترامە. بۆ ئەو قازانجی کرێکار وزەحمەتکێش هەموو شتێک بوو ولای ئەو قازانجی شەخسی هەرگیز بایەخی نە بوو.

لە تاران بووم کاتێک بۆ بڵاو کردنەوەی خەبەرنامەی کۆمەڵە و وەر گرتنی یارمەتی ماڵی و پارە بۆ لای هاورێ یانم دەچووم ڕادیوی ڕژیم هەواڵی گیان بەخت کردنی بڵاو کردەوە، داخ و کەسەرێکی گران هەمووم‌انی داگرت وبە جارێک تاساین. چونکوودەمانزانی لە دەس دانی کاک فوئاد بۆ جەماوەری خەڵک و کۆمەڵە خەسارەتێکی گەورە بوو و ڕەنگە هەرگیز قەرەبوو نەبێتەوە. من لە سەر ئەو باوڕەم ئەگەر کاک فوئاد دەما، وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵە بەم جێگایە نە دەگەیشت کە ئێستا گەیشتووە وهەیەتی. کاک فوئاد بۆ ئەوانەی کە بێ ناو و نیشان بوون و پێناسەی کۆمەڵایەتیان لە بزووتنەوەدا نە بوو و خۆیان دەشاردەوە، نرخی دانەدەنا.

# 26.15 "تۆ" لە ڕوانگەی بەرزی‌یەوە:

## حەمە عەزیز

## بۆ کاک فوئادی مستەفاسوڵتانی

تۆ بەهیزی نامری، مردن لە ئاستتا کۆیلەیە
چونکە گیانی تۆ دروشمە، بانگەوازە، ریگەیە
تۆ چیای دەنگدانەوەی دەنگی کپی چەوسانەوەی
بوو مەلەرزەی ڕاپەڕینی سەردەمی بووژانەوەی
تۆ چریکەی ئەو پەیامەی بۆ هەتاوی خۆری سوور
زایەڵەت باستێلی رووخاند دژ بە ئەفسانەی سنوور
تۆ وزەی بوونی تەبایی و چونیەکی‌ی چینایەتیت
بەڵگەنامەی شایی مەرگی سیتەمی کۆیلایەتیت
تۆ قوبخانەی قوتابی بیری تازەی سەنگەری
وەک هەوێن بۆ شۆڕشی نوێ مەشخەڵی، داهێنەری
تۆ کەسێکی بۆ مرۆڤی ئەم زەمینە وەک برای
وەک پرۆژەی بۆ هەژاران خەونی داهاتووی، چرای
تۆ ئەژیت هەروەک ئەوانەی بێ گومانم نامرن
چونکە کوانووی وانەکانت چاوگیکی ئاگرن

**حەمە عەزیز** **1985**

# 26.16 ئوستوورەیەک بۆ هەمیشە

سدیق کشاوەرز

مۆدێرنیتی کە هات سەرجەم ئوستوورە وبەها کۆنەکانی بردە ژێر پرسیارەوە. بە شێوەیەک کە دەکرێ مۆدێرنیتی بە شۆڕشێ بزانین دژ بە نەریت .لەم شۆڕشەدا گەورەترین ئوستوورە کە خودایە چووە ژێر پرسیارەوە و تا ئەو جێگەی کە " مارکس ڤێبەر " دەڵێ : " مرۆڤ خودای خولقاند، نەک خودا مرۆڤ " . بە ژێر پرسیار بردن و ڕەت کردنەوەی ئەو ئوستوورە کۆنانە ، مرۆڤی مۆدێرن هەوڵی جێگیر کردنی جۆرێکی تر لە ئوستوورەی دا.

بە شێوەیەک کە لەم ئوستوورە نوێیەی جیهانی مۆدێرندا ئەوە مرۆڤی مۆدێرنە وەک بکەرێکی ڕاستەقینە بوونی هەیە. مرۆڤی مودێرن و کردەکانی مرۆڤی مودێرن ئەو چەشنە ئوستوورە نوێیەن کە دژ بە هەموو ئوستوورە میتافیزیکی و ئاسمانی یەکان وەستانەوە .

خواستی نەتەوەیی و یەکسانی خواستێکی مودێرنە، لەم خواستەدا مرۆڤایەتی هەوڵی بەرگری لە خود( self ) دەدا و هەوڵدەدات شوناسەکانی خۆی بپارێزرێ و دژ بە کۆلۆنیالیزم و داگیرکاری دەوەستێتەوە.

لای ئێمەی کوردیش لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و بە تایبەت پاش پەیماننامەی لۆزان ئەم خواستە بەرچاوتر لە هەمیشە زەق دەبێتەوە .دەکرێ شۆڕشەکانی شێخ سەعید پیران و سەیە ڕەزا و کۆمەڵەی ژێ-کاف و شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ لە عێراق بە ئەنجامی ئەم خواستە مۆدێرنە بزانین .هەر چەند ڕەنگە کۆمەڵێک مرۆڤ – لە دیدی ئێستاوە سوننەتی – ڕێبەرایەتی ئەم شۆڕشەیان بە دەستەوە بووبێ. بەڵام من بە تەواویی لە گەڵ دیدی مەنسوور تەیفوریدام کە لە وتووێژێک لە گەڵ سایتی خوێندکارانی ڕۆژهەڵات کۆماری کوردستان بە ساتێک دەزانێ کە ئێمەی کورد " ئەزموونی مۆدێرنێتیمان " کردووە .

وەک وتم شۆڕشی کورد لە سەدەی ڕابردوودا شۆڕشێکی مۆدێرنە دژ بە کۆلۆنیالیزم و داگیرکاری دوژمنانی .ئەم ڕەوتە تا دێ مۆدێرن تر دەبێتەوە .لە دەیەی 1340 ی هەتاویدا بزووتبەوەیەکی مۆدیرن لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

سەر هەڵدەدا کە بە شێوە یەکیش ڕەوتەکانی پێش خۆی دەخاتە پشت سەر . ئەو ڕەوتەش " کۆمەڵەیە".

لە سەرەتای دەیەی 1970 داله کوردستانی باشوور ڕێکخراوێکی مۆدیرن تر لە ڕێکخراوەکانی پێش تر دەستی بە چالاکی کرد ( کۆمەڵەی ڕەنجدەران ) ئەم ڕێکخراوەیە کە هەڵگری بیری مارکسیسی بوو و لە سەر دەستی کۆمەڵێک گەنجی مارکسیست لە وانە شەهید ئارام ( شاسوار جەلال ) و ... دامەزرابوو بە تەواوەتی جیاواز بوو لە ڕێکخراوەکانی پێش خۆی.هەر لەم سەر دەمەداو چەند ساڵ دواتر لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕەوتێکی مۆدیرن سەری هەڵدا کە ئەم ڕەوتەش زۆر مۆدیرن تر و نویَ خواز تر لە ڕەوتەکانی پێش خۆی بوو.ئەو ڕەوتەش کۆمەڵە بوو کە لە سەر دەستی کۆمەڵێک خوێندکاری زانکۆ دامەزرابوو.

یەکێ لەو ڕێبەرانەی کە دەستی هەبوو لەم دامەزرانی ئەم ڕەوتە نوێیەدا " فوئاد مستەفا سولَتانی یە ".

بیانویی ئەم نووسینە یاد کردنەوە یەکە لە " کاک فوئاد " وەک ئوستوورەیەکی مۆدیرن لە کوردستان . مرۆڤی مۆدیرن پێویستی بە خەبات و درێژەدان هەیە. بیکێت گوتەنی بۆ مۆدیرن مانەوە " بە درێژەدان درێژەی دەدات " . بەڵام ئەم درێژەدانەش ڕەنگە قوربانی لێبکەوێتەوە .

ڕۆژی 9 ی خەرمانانی 1358 ی هەتاوی( 1979ی زاینی ) ساڵڕۆژی شەهید بوونی ئوستوورەیەکی خەباتی کوردە ،لەم ڕۆژەدا ڕێبەرێکی مۆدیرن لە بەربەرەکانیَ لە گەڵ دوژمندا کە هەڵگری بیری سوننەتی و کۆنن لە ئاوایی " بستام " ی سە بە سەرشیوی سەقز گیانی لە دەستدا.

کردەگەرایی و نەمانەوە لە چوارچێوەی دروشمدا یەکێک لە پێناسەکانی مرۆڤی مۆدیرنە ،تا ئەو جێگەی کە وتە بە ناو بانگەکەی " دێکارت " " من بیر دەکەمەوە کە وایە هەم " . گۆڕاوە و بەم شێوەیە دەوترێتەوە " من کار دەکەم کە وایە هەم " .

فوئاد مستەفا سولَتانی وەک سەرجەم ڕێبەرایەتی کۆمەڵەی ئەو کات لە جەرگەی خەباتدا بوو. شان بە شانی پێشمەرگەکان خەباتی کرد . هەر وەها ئەو وەک ڕێبەرێکی مۆدیرن دەستی هەبوو لە ڕێکخستنی زۆر جووڵە و حەرەکەتی مۆدیرندا لە کوردستان .بێگومان کۆچی مێژوویی شاری مەریوان

حەرەكەتێكی مۆدیرنە . مێژووی كورد تا ئەو كات بە تایبەت لە كوردستانی ڕۆژهەلات ئەزمونی لەم چەشنەی نەبوە .بەلام بە ڕێبەرایەتی كاك فوئاد خەلكی شاری مەریوان دەستیان دایە حەرەكەتێكی مۆدیرن . خواستی خەلكی مەریوان خواستێكی ڕەوا بوو. ئەوان ڕێگایەكی تەواو مۆدیرنیان هەلبژارد ، ڕێگایەک كە ڕێبەرایەتیەكی مۆدیرن هەلی بژاردبوو.ڕەنگە سەرجەم خەلكی " مەریوان " ئەو كات دەركیان بە پێویستی ئەو حەرەكەتە مۆدیرنە نە كردبێ بەلام " كاك فوئاد " و سەرجەم ڕێبەرانی ئەو حەرەكەتە بێگومان دەركیان بە پێویستی یەكەی دەكرد .من لێرەدا ساتێكی تر لە ئەزمونی مۆدێرنیتی كردن لای ئێمەی كورد لە ڕۆژهەلاتی كوردستان دەخەمە ڕوو كە ئەویش " كۆچی مێژوویی مەریوانە " .

بە دلنیاییەوە گیانبەختكردنی " كاك فوئاد " خەسارتێكی گەورە بوو بۆ گەلی كورد و بزووتنەوەی مۆدێرنی كورد ، ئەو بزووتنەوەیەی كە پێش تر یەكێك لە ڕابەرەكانی خۆی –حەمە حسێن كەریمی – لە دەست دابوو.بەلام وەک پێش تر ئاماژەم پێدا مرۆڤی مۆدێرن بكەرێكی ڕاستەقینەشە ، ئەو بۆ بە جێ گەیاندنی خواستی مۆدێرنی خۆی دەكات بە قوربانی ، ئەم خەباتەش قوربانی لێ دەكەوێتەوە .

گیانبەختكردنی " كاك فوئاد " وەک ڕێبەرێكی مۆدێرن ڕەنگە بۆ ساتێكی كورت ڕێزی هێزی كۆنسێرڤاتیک و دژە مۆدێرنی ،شاد كردبێ. تا ئەو جێگەیەی كە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی كۆماری ئێسلامی بە خوشحالیەوە باسیان لە گیانبەختكردنی كرد و هەوالی گیانبەختكردنی " كاك فوئاد " بوو بە سەر دێڕی "ئیتلاعات " و " كەیهان "، بەلام بێگومان بوو بە هۆی ئەوەی كە هێزی پێشمەرگەی كۆمەلە لە گەل ئەوەی ڕێبەرێكی گەورەی خۆی لە دەست دابوو بە باوەڕێكی پتەو و ڕەنگە پتەو تر لە هەمیشەوە دژ بە داگیركەرانی كوردستان بووەستێتەوە .

لە كۆتاییدا ئەوەی ماوەتەوە بوترێ ئەوەیە كە " كاك فوئاد مستەفا سولتانی "ڕێبەرێكی مۆدێرن بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستاندا و پێویستە وەک "ئوستوورەیەكی مۆدێرن " بناسرێ .

# 27. رێزگرتن ومەراسمیٚ شکۆدار بە یادی کاک فوئاد

## 27.1 چلەی گیان بەخت کردووان



پایزی سالی 1358 ئالمانە-مالی کاک فوئاد
هاودەردی لاوان و گەنجانی بە ئەمەگی مەریوان

لە مانگی یەکەمی پایزی 1358 ی هەتاوی مەراسمی شکۆدارو تایبەتی چلەی سیٚ برای شەهید لە ئالمانە بەرێوە چوو. خەلکی حەق شناس و خەمخواری ئالمانە و بنەمالە شەهیدان چونە تالەسوار و مەراسمێک کە شایانی ئەو ئازیزانە بوو بە رێوە چوو. ئاشنا ودلسۆزانییٚ دێهاتی دوور و نزیکیش هاتبوون. هاوکات موحەسلەکان و موعەلیمەکان و خەلکی شەریفی مەریوان بە

شیعاردان و تەزاهورات کە عەکسی گیان بەختکردووانیان گەورە کردبوەوە، لە تاڵەسوار حازر بوون. وتار و سوخنڕانی خۆیانیان کرد و سرودی ئەی شەهیدانیان بە یەکەوە خوێندەوە و دوای تەواو بوونی مەراسمەکە بەرەو ئاوایی ئاڵمانە ڕێکەوتن و دیسانەوە عەکسەکانیان وەک ئاڵا بەرز کردەوە و بە شیعار دان هەموو کۆڵانەکان و خوار و ژووری ئاوایان پێوا و لە حەوشەکەمان کۆبونەوە. لە لایەن بنە ماڵەی شەهیدانەوەمیوان داری و پێشوازی گەرم و گوڕیان لی کرا. هەست و عاتیفەی دڵسۆزانە و بێگەری ئەو گەنجانە و بە تایبەت شاگرد و قوتابی یەکانی کاک حسین و کاک ئەمین، ئاستی خۆشەویستی و ڕێزو حورمەتی شەهیدانی لە ناو جەماوەری خەلکدا بە شێوەیەکی تایبەت و بی پەردە نیشان دا و خەمە قورسەکانی بنەماڵە شەهیدانی سووک کردەوە. لە لایەن دایک و باوکی شەهیدانەوە سوپاس و قەدردانی لە جەماعەتەکە کرا.



پایزی ساڵی 1358 ئاڵمانە بەشداری و هاودەردی خەڵکی حەق شناسی مەریوان لە مەراسمی چلەی شەهیدان

## 27.2 یەکەمین نەورۆزی مەرگی کاک فواد

بار و دۆخی کوردستان گوڕدرا و شەڕی مەقاومەت د ە ستی پێکرد و خەڵکی کورد و پێشمەرگە یەک پارچە، دژی سیاسە تیَ داگیرکەران ڕاوەستان و دوژمن شکستی خوارد و شارەکانی کوردستان ئازاد کران. ئێتر جەماوەری خەڵک دەرفەتێکیان بە دەس هێنا تا لە ئازیزان و گیان بەختکردووانی گەلی کورد ڕێز بگرن و یادیان کەن. لە بەهاری 1359 ی هەتاوی مەراسمی یەکەمین نەورۆزی مەرگی کاک فواد لە تاڵە سوارگیرا. بە ڕێز مامۆستا شێخ عێزالدین حوسینی،نوێنەرانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی عیراق، نوێنەرانی سازمانی چریکە فیدایی یەکان، سازمانی پەیکار، کاک سەلاح موهتەدی، کاک ئەحمەد ئەسکەندەری و پێشمەرگەکانی کومەڵە و دەفتەری مامۆستا و جەماوەری خەلک لە یەکەمین نەورۆزی مەرگی کاک فوئاد بەشداریان کرد. مەراسمەکە بە خوێندنی سرودی کاک فواد ڕۆڵەی ئاگر و خوێن دەستیَ پێکرد پاشان بەڕێز حەمە ڕەشید بەگ ،باوکی کاک فوئاد بە خێرهاتنی میوانە کانی کرد و وتی : هەر زوو تێگەیشتم فواد تەنیا ڕۆڵەی من و خاتون بەهیە نەبوو و لە راستی دا ڕۆڵەی گەلی کورد بوو و منیش وەک ئێوە لە یەکەمین نەورۆزی مەرگی پیشمەرگە، ڕێبەری هەمە لایەنە ،سیاسەت زان و لیهاتوو و دڵسۆزی کۆمەڵە فوئاد بەشداری دەکەم. بەڵام لە گەڵ سۆز و هەستی عاتیفی دایک و باوک هێچ کارێک ناکریَ و ئەم ئێحساسە، دەرونی و خوێنی یە. سۆز و عاتیفەی دایک و باوک بۆ مندال لە دەریا گەورەتر و بەرین ترە. وئەم شیعرانەی کە وەسفی ئێحساس و هەستی دەرونی خۆی بوو خویندەوە.

| | |
|---|---|
| دایە تۆ منت بۆ پەروەردە کرد | بۆ خۆشی خۆت بۆ یا نەتەوەی کورد |
| وامن بۆ گەلم خۆم دەدەم بە کوشت | خوای دەکرد دەریایی فرمێسکت دەڕشت . |
| بە کوردی دەژیم، بە کوردی دەمرم | بە کوردی دەیدەم وڵامی قەبرم |
| بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە | لەو دنیاش بۆ کورد تیَ هەڵدەچمەوە ! |

باوکی کاک فوئاد بە هوش و لیهاتویی و کارزانی کاک فوئاد ئاماژەی کرد و بیرەوەری یەکانی خۆی سەبارەت بە هات و چوی بۆ شارە کانی سنە، کرماشان، تەوریز و تاران گێڕایەوە کە چۆن هەرگێزتاسەی لە کوڕەکانی نەشکا و لافاوی دیکتاتوری مەزهەبی و کۆنەپەرەستی خەرمانی سووری برد و فەوتاند. لەو کاتەدا دڵڕەقترین ئێنسان خۆی پێ ڕانەدەگیرا و خەم و پەژارەیەکی قووڵ، بۆ مەرگی ئەو قارە مانە کە سەرمایەی گەلی کورد بوو هەموو بەشداربوەکانی داگرت. ئەو کات کەس و کاری کاک فوئاد لە قوڵپەی گریاندا بوون و فرمێسکی سوێر سوێر لە چاوانیان بەر بووە خوارەوە. حەمە رەشید بەگ وتی فوئاد جگە لە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەموو کاتێک وەک راوێژ کار یارمەتی منی دەدا و بە ئاسانی موشکلەکانی ژیانمی حەل دەکرد. و هەر کاتێک دەچومە ئەو مەدرەسانەی کە فوئاد تیدا دەیخوێند، موعەلیم و رەئیس و خزمەتگوزار و تەنانەت قوتابیەکان لیی رازی بوون و ئێحساسی سەر بەرزیم دەکرد، چونکوو هەر جارە، ئەرکی شانی منی سووک دەکردەوە. و لە ئاخردا، شیعرێکی سەعدی شیرازی کە لە گەڵ شەخسیەتی سیاسی و لیهاتوویی کوڕەکەی دەگونجا، خوێندەوە :

تو کز محنت دیگران بی غمی　　　　نه شاید که نامت نهند ادمی !

**تەرجومە کەی:**

تۆ کە لە مەینەت ودەردی کەسانێکیتر بیرناکەیتەوەو خەمت نییە
شیاوی ئەوە نیت کە ناوت بنین مرۆڤ

بە ڕێزمامۆستا شێخ عێزالدین حوسینی و ئەندامانی دەفتەری مامۆستا ،لە ساڵی 59 ی هەتاوی جەولەیەکی سیاسیان لە هەموو شارەکانی کوردستان دەس پێکرد. بە ڕێز مامۆستا لە شارەکانی دیواندەرە، سەقز، سنە و مەریوان دیداریان کرد. لە هەموو شارەکان پێشوازی یەکی بێ وێنەیان لە مامۆستاکرد. لە هەمان کاتدا مامۆستا لە هەر شارێک لە میتێنگە بەر بڵاوەکانی خەڵکدا بەشداری کرد. و بۆ شارۆمەندانی ئەو شارانەسوخنرانی کرد.لە هەموو شارەکان خەڵک

بە تێکڕایی لە کۆبوونەوە سیاسی یەکان حازر بوون و لە مامۆستا وەک ڕێبەرێکی میللی- ئائێنی خۆیان ڕێزیان گرت. پاش دیدار لە مەریوان، و بەر لە سەردانی بنەماڵەی کاک فوئاد لە ئالمانە ڕۆیشتە سەر مەزاری شەهیدان لە تاڵەسوار. . مامۆستا شێخ عیزەالدین، لە سەر گۆڕی کاک فوئاد قسە و باسێکی مێژوویی گوت. مامۆستا سەبارەت بە دەوری مێژوویی و کاراکتر و شەخسیەتی بەرزی سیاسی کاک فوئاد قسەی کرد. و فەرمووی نەمانی کاک فوئاد ڕێبەری دڵسۆزی کورد خەسارەتێکی گەورە بۆ میللەتی کورد بوو. ڕێبەری گرینگی ئەو لە کۆچی شاری مەریوان و ڕێک خستنی شەڕی مەقاومەت و پرنسیپەکانی لە وت و وێژ لە گەڵ نوێنەرانی حکومەتی جمهوری ئێسلامی و دڵسۆزی و خەباتی بێ وچانی کاک فواد. لە مێژووی خوێناوی میللەتی کورددا کەم وێنەیە. مامۆستا لە وتارەکەی دا، ئاماژەی بەوە کرد کە شەهید بوونی نا وادە و کتوپڕی کاک فواد خەسارەتێکی قورس و گران بۆ گەلی کورد بوو. و وتی لە بار و دۆخیکی زۆر ناسک و دیاری کراودا، ڕێبەرێکی ئاوا هەڵکەوتوو، لێزان و پسپۆڕ و شارەزا لە کێشەی کورد، لە دەس چوو کە پڕ کردنەوەی جێگای کاک فوئاد زۆر ئاسان نی یە وبە ڕاستی زۆر زەحمەتە. لە درێژەی وتارەکەی دا مامۆستا وتی کاک فوئاد لە کوردستان خۆشەوێست بوو. وئەو خۆشەویستی یە لە ڕێز و ئێحترامێک کە جەماوەری کورد لێ دەگرن بە ئاشکرا دەر دەکەویت. خوێندنەوەی ئەو سرودە، کە بۆ کاک فوئاد ساز کراوە و ئێستا لە سەر زاری گەنجەکانی کوردستانە، و هەڵگرتنی عەکسەکانی لە هەر ئێعتراز و خۆپیشاندانێکدا ،باشترین بەڵگە بۆ ئەو ڕێز و ئێحترامە یە. کاک فوئاد، یەکێک لەڕێبەرانی کورد بوو کە لە هەموو ڕووداوە کانی کۆمەڵە و کوردستان، لە باکوری کوردستانەوە بگرە تا باشور حوزووری هەبوو، و ڕاستەوخۆ بەشداری کرد. ئەو ڕێبەرێکی خولقینەر بوو. بە هوی هەڵسەنگاندن و دەرکی دروستی لە بار و دۆخی کۆمەڵگای کوردەواری بۆ نموونە،لە کاتی کۆچی خەڵکی مەریوان توانی هێژایانە هاواری گەلی مەزڵوومی کورد، بە دونیا ڕاگەیەنێ و رای گەیاند. شەهید فوئاد بۆ ئەو ئەرکە مێژوویی و سیاسی یە و

خزمەتی سادقانە بە هەژارانی کوردستان، تەنانەت لە گیانی خۆی دریغی نەکرد. وتارەکەی بەرێز مامۆستا شێخ عیزە الدین لە سەر میوانان و بنەماڵەی شەهیدان تەئسیری دانا و بە تایبەت سەبوری بە دایە بەهیە و حەمە رەشید بەگ و ئەندامانی تری بنە ماڵە دا و تا رادەیەکی زۆر خەم و پەژارەیانی سووک کردەوە پاشان ماموستا فەرمووی شەهیدانی کورد هاندەری خەڵکی کورد بۆ خەبات و موقاوەمەت و بەرەنگارین و ڕێزی تایبەتیان هەیە. و ڕێز گرتن لە شەهیدەکان ئێدامە و دەێژەی ڕێگایانە. دەبێ بۆ سەلماندنی مافی رەوا و عادلانەی خەڵکی کورد کە ئامانج و ئارەزووی هەمومان و شەهیدەکانیش بوو، بە وەرەی بەرزەوە خەبات کەین و ئەو ورەیە بەرز ڕاگرین. و سەندنی مافی کوردی زوڵم لێکراویش پێویستی بە فیداکاری یە. وتارەکەی بە ڕێز مامۆستا بە خوێندنی فاتیحا کۆتایی پێ هات. پاشان کاک فاتیح شێخ الاسلامی وەک نوێنەری دەفتەری مامۆستا لە کاک فوئاد وەک شەخسیەتێکی بە توانا، کارامە، لێزان، و خاوەن ئوتوریتە ناوی برد. لە درێژەی قسەکانی بە چەند بیرەوەری لە دەور و تەئسیری تایبەتی کاک فوئاد لە ڕێبەری کۆچی شاری مەریوان، دامەزراندنی شورای شار و وت ویژ لە گەڵ نوێنەرانی کۆنە پەرەست وەک ژنراڵ چەمران و مەلاکان ئاماژەی کرد. پاشانی وتی : کاک فوئاد شیاو و شایانی ڕێز و ئێحترامی مێژوویی یە.مەرگی ناوەختی ئەو بۆ بزووتنەوەی خەباتی گەلی کورد و چەوساوەکانی ئێران گران تەواو بوو.وتەکانی کاک فاتیح لە هەمان کاتدابانگەوازێک بۆ درێژە پێدانی ڕێگا و بیر و بۆچونی کاک فوئاد بوو.و جەماوەری خەڵکی بۆ دیفاع و مەقاوەمەت لە مافی عادلانە ی گەلی کورد و بێ بەشانی ئێران، لە بەرانبەر هێرشی وەحشیانە و فاشیستی جمهوری کۆنە پەرەستی ئێسلامی هان دەدا.



ئالمانە  سالی 1359 لە ڕاستەوە بەڕێزان: فاتیح شێخ الاسلامی، ئەحمەد ئەسکەندەری، مامۆستا شێخ عیزەالدینی حسینی، سەلاحی موهتەدی ، ڕەشادی مستەفا سولتانی و ....

نوێنەری یەکیەتی نیشتمانی کوردستانی عێراق، نۆبەی کەوت و وتی: ئێمە لە قولایی دلمانەوە لە هەموو گەلی کورد بە گشتی و لە بنەمالەی شەهیدی نەمر کاک فوئا بە تایبەتی، سەرە خۆشی د ەکەین. کاک فوئاد ڕێبەرێکی بە توانا و تەنیا بۆ پارچەیەکی کوردستان خەم خوار نە بوو. ئەو لە ژیانی سەربەرزانە و کورتی  دیداری ئێمە کردووە و ئەوەی لە دەستی هات یارمەتیمانی دا. هەلس و کەوتەکان و لیکدانەوە سیاسی یەکانی، شەهید شاسوار جەلال لە کاک فوئاد دەچوو. ئێمە وەک گەلی گورد لە هەر قۆناغێکی مێژویی دا، و لە پێچە توندەکانی خەباتدا، ڕێبەری ئازا، بە جەرگ و دلسۆز، و بە ئێمانمان بە داخەوە لە دەس داوە. کەشەهیدی نەمر کاک فوئاد یەکیک لەو ڕێبەرە هەلکەوتوانە بوو.من تەنیا دووجار کاک فوئادم بینی و قسەکانیم بیست، کە هەر ئەو دووجارە کار دانەوەیەکی وای لە سەر م دانا کە موعجبی بووم. ئێستا کاک فوئاد نە ماوە، بەلام کردەوە چاک و شۆڕشگێڕانە کانی لە گەلمان دەدوین و  هەموو گەلی

کورد بۆ بەرەنگاری، شەڕی مان و نەمان و رزگاری بانگەواز دەکەن، تا لە داهاتودا بتوانین ئاشتی و رزگاری لە کوردستان دامەزرینین. کاتێک لە خڕی ناو زەنگ دیداری کردین ،پێمان وا نە بوو ئەم بلیمەتە ئاوا زوو لە دەستمان دەچێ ! ئەوەندەرووخۆش و ساکار و بە دڵەوە نزیک بوو کە هەموو کەسێک لە قسەکانی تیدەگەیشت .

مەرگی کاک فوئاد خەسارەێکی مەزن بۆ نەتەوەی کورد بوو و ئێمە دیسانەوە لە گەلی کورد و بنەماڵەکەی سەرەخۆشی دەکەین و لە بەرانبەر گۆڕی شەهید فوئاد سەری رێز و نەوازش دادەنوینین. و وتارەکەی بە شیعرێکی پێر مێرد تەواو کرد :

**پێ ناوی بۆ شەهیدی وەتەن شیون و گرین نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا دەژین!**



نوێنەری سازانی چریکەکان و سازمانی پەیکار و میوانانێک کە لە دوورەوە هاتبون، هەر یەکە وتاری کورتی خۆیان خوێندەوەو مەراسمەکە بە سرودی ئەی شەهیدان کۆتایی پێ هات. پاشان میوانانی ئازیز و نوێنەرانی سازمان و رێکخراوە سیاسی یەکان و پێشمەرگەکان بۆ دیداری ماڵی کاک فوئاد و شەهیدانی تری ئالمانە بەرەو ئاوایی رویشتن و لە نزیکەوە بنەماڵەی شەهیدەکانیان بینی و هاودەردی خۆیان نیشان دا.

بەشداری خەڵک لەو مەراسمە شکۆدارەدا.

# 27.3 شاری بوکان 9 ی شەهریوەری 1360

شاری بۆکان ماوەیەک لە ژێر دەسەڵات و حاکمیەتی شۆڕشگێڕانی کورددا، بوو ولە لایەن هێزی پێشمەرگەوە دەپاریزرا و کونترۆڵ دەکرا. شاری بۆکان لەو ماوەیەدا، یەکێک لە شارە ئازاد کراوەکانی کوردستان بوو.

لە 9 ی شەهریوەری 1360 دا، کومەڵە لە شاری بوکان مەراسمیکی بو ریز گرتن لە یادی کاک فوئاد بە ڕیوە برد. دۆکتور جەعفەری شەفیعی بەو بۆنەوە وتاریکی پیشکەش کرد.

## 27.3.1 وتاری بە ڕێز

## دۆکتور جەعفەری شەفیعی

پێشەکی لە لایەن کومەڵەوە پر بە دڵ بەخێرهاتنتان عەرز ئەکەم. دوایش داواتان لێ دەکەم بە ئیحترامی شەهیدی گەورەمان کاک فوئاد، 9 شەهیدەکەی مەریوان تەواوی شەهیدانی کومەڵە و بزووتنەوی مەقاومەت و هەروەتر تازەترین شەهیدانی کومەڵە سێ تێکوشەری وشیار شەهید حەمە، شەهید ناسر و شەهید ئەبۆ هەڵستنە سەر پێ و دقیقەیەک سکوت بکەن.

دوو ساڵ لەوەپێش لە رۆژێکێ ئاوادا لە رۆژی 9 ی شەهریوەر دا، کومەڵە یەکی لە دامەزرێنەرانی خۆی لە دەس دا. گەلی کورد و هەروەتر بزووتنەوەی سەراسەری ئێران چینی کریکاری ئێران یەکێک لە ڕێبەرانی خۆی لە دەس دا. ئەلعان دوو ساڵ تێدە پەڕی، دوو ساڵ، تێدەپەڕی شەهید فوئاد نەماوە کە تەقەی تفەنگی پێشمەرگەکانی کومەڵە ببیستی، شەهید فوئاد نەماوە کە ببینی چیها پێشمەرگە لە دەوری کومەڵە کۆبوونەتەوە، شەهید فوئاد نەماوە کە ببینی دەها هەزار زەحمەتکێش لە سەراسەری کوردستان و تەنانەت ئێران لە دەوری کومەڵە ئاڵاون،

شەهید فوئاد نەماوە ،کە ببینی کومەڵەی شورشگێر بەشی زۆری بزووتنەوەی مەقاومەت بە ڕێوە دەبا، شەهید فوئاد نەماوە کە کۆنگەرەی

دووهەمی کومەڵەببینی. کە ببینی چۆن کومەڵە لەگەڵ ئینحرافاتی خۆی موبارزەی کردوە. شەهید فوئاد نەماوە تا ببینی کومەڵە چۆن پەردەی ئیکۆنیسم و پۆپۆلیسمی دادڕی، گشەی کردو خۆی بە چینی کریکار نزیک کردوە، و کەوتە سەر خەتی ئەو. شەهید فوئاد نەماوە ببینی کە کومەڵە چۆن تێکۆشەرانە لە بزووتنەوەی مەقاومەت دا ،تا ئەو پەڕی گیان بەشداری کردوە. شەهید فوئاد نەماوە، شەهید فوئادی پێشڕەو نەما کە چاوی بەگۆڤاری"پێشڕەو"کەوی. شەهید فوئادی پێشڕەو نەما کە چاو لە پێشڕەو کا و لە پێشڕەودا، شتمان بۆ بنووسی و ڕێنمونیمان کا. بەڵام ئەگەر ئێستا تێکۆشەرەکانی نێو کومەڵە بەودەسکەوتە گەورانە گەێشتون بەشێکی زۆری بەوە دەزانین کە لە سازمانێک دان لە ڕێکخراوێەک دان، کە ئەو دامەزرێنەری بووە، کە ئەو ڕێبەری بووە. و ئەوە گەورەترین ئیفتخارە بۆ شەهید فوئاد و بۆ هەر ڕەهبەرێکی دی. شەهید فوئاد لە سەرەتای بزووتنەوەی مەقاومەت دا شەهید بوو. یانی ئەگەر بە باشی بیری لێ بکینەوە بەڕاستی مەرگی شەهید فوئاد دروست تەقریبەن هاوکات بوو لە گەڵ تەوەلود و لە دایک بوونی بزووتنە وەی مەقاومەتی گەلی کورد. لە 28 موردادی 58 کە خۆمێنی فەرمانی جیهادی سادیر کرد دروس لەو ڕۆژە دا شەهید فوئاد لە گەڵ هیندێکی کە، لە هاورێ یانی کومەڵە دروس لەو ڕۆژەدا تەرحی مەقاومەت و تەرحی بزووتنەوەی مەقاومەتیان داڕشت، تەرحی لە دایک بوونی بزووتنەوەی مەقاومەتیان داڕشت، تەرحەکەی داڕشت بەڵام بەداخەوە نەما کە بۆخۆی پەرەی پێ بدا. ئەمما هاورێ کانی بەو پەڕی تواناوە لە حەول دان و لە حەول دا ئەبن. لەسەرەتای بزووتنەوەی مەقاومەت دا، هەر لەو ڕۆژانەدا، جگە لە شەهید فوئاد لە شاری مەریوان 9 کەسی تر شەهید بوون. لەوانە دوو برای شەهید فوئاد ،شەهید ئەمین و شەهید حەسین هەر وەتر دوو برای دیکە، شەهید حەسینی پیرخەزری (لاله) هەروەتر شەهید ئەحمەد لە ڕێز ئەو شەهیدانەدا بوون. هەروەتر شەهید جەلالی نەسیمی وچوار شەهیدی دیکە بە دوای ئەوەدا بزووتنەوەی مەقاومەت پێ بە پێ ئەوە کە پەرەی ئەستاند و شەهیدی دا. بەڵام بە ئەزای هەر شەهیدی کە دەی دا، تێکۆشەرانێکی زۆرتر دەهاتنە ناو ڕێزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و

جێگایان پڕ دەبووە. وەها کە ئێستا کە لە 9 شەهریوەر ی 60 دا، ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی تێکۆشەر ڕێبازێکی ڕاستەقینە، ڕێبازێکی شورشگێڕانە ،ڕێبازێکی پڕ لە کاری لە کومەڵەدا دەبینی و ئەوە بە تەواوی مەعنا تەکامول لە کومەڵەدا، لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردستانیش دا ،و بە ئیعتباری لە بزووتنەوەی کریکاری ئێرانیش دا دەبینی.

باسی شەهید فوئاد زۆر کراوە، زۆریش نوسراوە، نوسراوەکانی ئەوتان خوێندەتەوە، من پێم وایە گەورەترین ڕێز گرتن لە شەهید فوئاد و باقیی شەهیدانی بزووتنەوەی مەقاوەمەت لەهەلی ئێستا دا، ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەیەکی باش تا ئەو جێگایە ئیمکانی هەیە شۆڕشگێڕانە لە وەزعێەتی ئێستای ئێران بکەین لە وەزعیەتی دەر هەم بەرهەم ئێستای ئێران و ڕێبازێکی ڕاستەقینە بدوزینەوە بۆ ئەوەی کە بتوانین مەنافعی زەحمەتکێشان، مەنافعی گەلانی بن دەست و مەنافعی کریکاران بە باشی بپارێزین. بۆیە دەڵێم باشترین کار ئەویە چۆنکی ئەگەر بۆ خۆێشیان مابایتن ئەلعانەکە، تەواوی زهن و فیکریان لە سەر ئەوە دەبوو، کە چ ڕێگا و شوێنی بدۆزنەوە، چ ڕەهنمودی بدەن بە زەحمەتکێشان، بە کریکاران، بە گەلانی بن دەست. بۆ ئەوەی کە فرێوی سەرمایەداران نەخۆن و بۆ ئەوەی کە حاکمیەتی خۆیان داسەپێنن. ئەگەر مابایتن بەتەواوی هێز و فیکریان خەرێکی ئەوە دەبوون دەی جا ئێمەیش با ئەو کارە بکەین .

# 27.4 یادی 20 ساڵەی شەهیدبوونی کاک فوئاد

## 27.4.1 بەشێک لە قسەکانی

## بەڕێز یوسف ئەردەڵان

پاش سڵاو بۆ هەموتان و بۆ بیرەوەری گەورە شۆڕشگیریبەڕێز کاک فوئاد موستەفا سولتانی!

بەراستی ڕەنگە خۆم بە بایەخی ئەوە نەزانم کە لە سەر ئەو هاوری یە، ئەو برا، ئەو ڕابەرە قسە بکەمبەڵام بە شانازیەوە دەتوانم چەند کەلیمەیەک لە بیرەوەری خۆم لە گەڵ ئەو گەورە پیاوە بڵێم.

من کاک فوئادم لە زیندان ناسی. هاوینی ساڵی 1353 لە زیندانی قەسر لە بەندی 2_3 ئەوی لە بەر چاو بوو هەڵسوران و هەوڵدانی بۆ ڕێک و پێک کردنی تەواوی ئەو کارانەی کە دەمان توانی بۆ خۆمان لە ناو زیندان دا بیکەین. لە رابتە لەگەڵ زندانیەکانی تردا. بەراستی نزیکی کاک فوئاد و رابتەی لە گەڵ ئەو زندانیانەی کە زەحمەتکیش و کریکار بوون هەر لە ڕێوە بەر چاو بوو. دوستایەتیەکی لە گەڵیان بوو. دۆستایەتیەکی بێ غەل و غەش.

کەم کەس بوو یەک جار کاک فوئادی بدیبای و لە گەڵیا قسەی بکردایەت متوجەی شەخسیەت و ئەرزش ئەو برامانە نەبوایت. حەتتا ئەگەر بیر و باوری جیاوازی ببوایە. مەنزورم لە بیر و باوری جیاواز ئەویە کە تەوزیحی دەدەم. لەو سەردەمە دا یانی ساڵانی 1340 کە لە هەموو دونیا وەزعیەت ئاوا بوو، جونبشهای ئازادی بەخش لە سەرانسەری دونیا سەری هەڵدابوو، ئەلجەزایر سەر کەوتبوو، لە ئەفریقا هەر بە راستی ڕەش و روتەکان هاتبونە جم و جوڵ و لە ویتنام و کامبوج دا لە دژی زل هێزی ئەمریکا و کونەپەرستەکان شۆڕش و قارەمانیەت بەردەوام بوو، لە ئەمریکای لاتین دا بە دوای سەر کەوتنی کوبا مەسەلەی درێژە پێدان بە شکڵی کوبا و مەسەلەی چەگوارا مەترح بوو.

جا دیارە لەو ساڵانە دا لە شەرایەتی بوحرانی زەمانی ئێران دا، لە سەر فەعالیەت کردن کەسانێک پێیان وابوو ڕێگا ئەویە ڕاستەو خۆ چەک هەڵ بگری کە بە مەشی چریکی مەعروف بوو، ڕێ و شوینی تر ئەوە بوو کە باشە کار و باری عەلەنی ناکری، بەڵام چارە سەر کردنی ئەوە ئێلزامەن و ناچارەن چەک هەڵ گرتنی ڕاستەو خۆ نیە، کاری تەشکیلاتی_ سیاسی بێ وچان بۆ ئاگادار کردنەوەی جەماوری زەحمەتکیشان بۆ پێک هینانی سازمان و ڕێبەرایەتی خۆیان لە بنەوە بتوانین بنکەیەک دابنین کە شۆڕشێک کە دەتوانی ئامانجی رزگاریمانی تیا بەدی بیت، کاک فوئاد لەو بەشی دوومە دا بوو.

دیارە لە دوای ساڵانی 1347_1348 کە مەسەلەی ئیسماعیل شەریف زادە و کارەساتی ئەوان پێک هات، بە تەجروبە گرتن لە سەر ئەو مەسەلە و هەر وەها بە کەڵک وەرگرتن لە نووسراوەکانی مارکس و لنین، بەتایبەت ئەوەی بەرچاو بوو لە کاک فوئاد دا بە کەڵک وەرگرتن لە کتێبی چ دەبێ بکەین؟(چە باید کرد؟) بۆ هەڵبژاردنی ڕێ و شوینی کاری سیاسی_ تەشکیلاتی زۆر بەر چاو بوو. ئەوی کە دەیخویند زۆری عەلاقە بە خویندنەوەی نووسراوەی جۆراوجۆرو موختەلف و مودەلل بوو بەڵام کە وەختی وەری دەگرت بەراستی هەستی پێ دەکرد. ئەوە دیار بوو لە حەرەکەتەکانیشیا و ئەو هەستە دیار بوو، تەنیا خویندن بە کەڵک نایەت، هەست کردن بەو خویندنە موهیم بوو کە لە کاک فوئاد دا وا بوو.

لە ساڵی 1355 دا جێگاکەی گوڕدرا ئەڵبەت بە داخوازی خۆی بوو. بە موافقەتی خۆی بوو کە هاتەوە بۆ زیندانی سنە و تا ئازاد بوونی لەوی بوو. جا دیارە وەختی ئازاد بوو بە بێ تەڵەفی وەخت دەستی کرد بە تەماس گرتن و کۆ کردنەوەی هاوریان. لە گەڵ ئەو رەفیقانە کەبەختەورانە نەکەوتبوونە بەر پەلاماری حکومەتی شا و لە زیندان دا نەبوون، و هەر بە نهێنی مابوونەوە، لە گەڵ کاک حەمە حسینی کەریمی لە گەڵ هەموو هاوریانی تر دیسانەوە دەستیان کرد بە پێک هێنان و گەشە پێ دانی هەر ئەو تەشکیلاتە نهێنیە کە لە پێشدا لە بەرنامە یان دا بوو.

## وتوویژ یکی تلەڤیزیونی لە گەڵ کاک یوسف ئەردەڵان

پرسیار: ئەوە کە هەر دووکتان کاک فوئاد و تۆ لە زیندان دا بوون هیوادارم بینەرانی بەرێز بتوانن لە خاترات و بیرەوەری خۆت لە گەڵ کاک فوئاد دا ئاگاداربن.

کاک یوسف : لە پێشدا ڕێز و سڵاوی خۆم بە هەموو بینەرانی خوشەویست ڕادەگەیەنم. بیر کردنەوە لە برایەک و گەورەیەک وەک کاک فوئاد لە ساڵانی 1353 هیجری واتە 1974 میلادی یەکەم جار لە زیندانی قەسر دا یەکمان دیت. ئەڵبەت ئەوە بڵێم بەڵام پێش ئەوە لە گرووپ و سازمانەکەمان دا

ئیرتباتمان هەبوو، بەڵام بە نهێنی و شەخسی یەکترمان نەدەدی. لەو ساڵا بوو بیستبوم کە هاوریەکمان وەک کاک فوئاد هەیە و لە زندانیشدا بیستبوم کە گرتویانە. کە تەقریبەن هاوکات بوو. لە زیندان وەختیک دیم کوریکی زۆر بە دڵەوە نزیک، ئوفتادە، زۆر زۆر هەڵسوراو بوو. کاریک نەبوو لە زیندان دا کە بارێک لە سەر شان کەسێک هەڵگری و فوئاد بەشداری تیدا نەبیت. لە بەرابەر پولیسەوە زۆر محکەم بوو. نوکتەیەک زۆر زۆر موهیم لە ژیانی فوئاد دا بوو، قەد تورە نەدەبوو، بە حەرکەتی فەوری عەکس العمەلی نیشان نەدەدا، زۆر دیتوانی قسە گوێ بگری، بە ئارامی گوێ بگری بەڵام بەتێکرا و سەریع جواب بداتەوە، ئەوە یەکێک لە نوکتە موهیمەکانی شەخسیەتی ئەو بوو.

دیارە لە زەمانی شا دا ئیمکانی فیر بوون و ئاموزش و دەرس وەرگرتن لە تەجربەی شۆڕشەکانی دونیا زۆر سەخت بوو. یانی ئەوانە گشتی بە نوسراوە بوون، نوسراوەیش لە زەمانی شا دا قەدغە بوو. بەڵام هەر ئەوەندی کە کاک فوئاد خوێندبوی ئەوەی وەرگرتبوو و جەزبی کردبوو، لێ حاڵی بووبوو، جا ئەوە بوو کە بە رەحەت دەیتوانی بیگەڕینیتەوە، دەیتوانی بە کاری ببا. ئەو نوکتە زۆر زۆر موهیم بوو لە ڕابتە لە گەڵ کاک فوئاد دا لەوە زیاتر چی بڵێم کە بایەخی کاک فوئادی بیت.

پرسیار: کاک فوئاد وەک پێشەنگی ڕێبەری شۆڕشی نوێمان لە شۆڕشی جەماوەری کوردستانی زۆژ هەڵات دا دەور و نەقشی تایبەتی بوو، تۆیش وەک هەڵسوڕاوێک و هاورێ یەکی کاک فوئاد تایبەت مەندیەکانی ڕێبەرایەتی کاک فوئاد چی بوون؟ داوات لێ ئەکەم تیشک ونەزەر خۆت بخەرە سەر ئەوانە بۆت بینران.

کاک یوسف : یەکێک لە نوکتە موهیمەکانی ئەوەی کە ئەو تەشکیلاتە و ئەو سازمانە کە فوئادی تیدا بوو و بەزاهر و بە ڕواڵەت لە زمانێکی کەم دا ئاوا بنکەی دا نا، ڕەمزی ئەساسی یەکەی لە سەر ئەوە بوو، بڕوا بەوە بوو کە فوئاد بڕوای پێ بوو. کە مەسەلەی جامیعەیش وەک هەموو مەسەلەیەکی تری دونیا درۆی تیدا نیە. یانی هیچ مەسەلە لە دونیا نابیندریت مەسەلەن ریازی درۆی تیدا

نیە، شیمی و فیزیک درۆی تیدا نیە، نەخۆشی و دەرمان درۆی تیدا نیە، ئەوانە هەموو فورمول و عیلمن، ئەگەر قەرار وایە مەسەلەی کۆمەڵایەتی، مەسەلەیەکی تری دونیایە درۆی تیدا نیە. ئەوە یەکێک لە مەسەلە هەرە گەورەکان بوو. جا چۆن درۆی تیدا نیە یانی شاردنەوەی مەسەلە گرینگەکان لە خەڵک، لە تودەی عام. یەکێک لە نوکتە هەرە موهیمەکان کە بەر چاو بوو، ئەو عالەمە زۆر کەسیان حەتمەن لە بیریانە لە کوچی مەریوان و ڕاپیمایەکە دا رۆژ بە رۆژ و شایەد لە رۆژیک دا دوو جار ئەوەی کە ئەگوزرا بە خەڵک ئەوترا.

ئەو مەئمورانەی حکومەت کە هاتبوون، کەچەمران هاتبوو کە کەسانی تر هاتبوون و قسەیان ئەکرد. تەواوی ئەو سورەت جەلەسانە یا بە نەوار زەبت ببوون بە خێرایی ئەگێریاوە بۆ خەڵک کە ئەو رۆژە ئاوا وێژراوە دقیقەن عەێنی ئەوە کە گوزرابوو بۆ خەڵک باس دەکرا. هیچ غەل و غەشی تیدا نەبوو.

ئەگەر تەسمیم گیرا بوو بۆ کۆچی مەریوان بە ئاشکرا دەکوترا، ئەگەر ئەو رۆژەی کە تەسمیم گیرا باش لە بیرمە ئەو رۆژە لە شورای شاری مەریوان بووم چەند کەسیکمان کە لە زیندانی پادەگان دا بوون ئازاد کرابوون. چەمران قەولی دا کە هێزەکەی بکیشیتەوە و پەلامار نەداتە سەر شار، لە نەتیجەدا دەبووا کۆچەکە دوایی بەهاتبایەت. چەند سەعات قسە کرابوو کاک فوئاد زۆر ماندو ببوو. کاک فوئاد تەرفی قسە بوو، من لە تەرف شورای شاری سنەوە لەمەریوان بووم و نازر بووم. من لە موزاکرت دا بەشدار نەبووم. هاتینە ئەم لاوە کە ڕاوێژ بکەین نەتیجەی ئاخری چی بیت!

کاک فوئاد بوو و یەکێکی تریش بوو. باشە با ناوی نەبەم چۆن ئیستا ئەویش لە دەرەوی وەڵاتە. چەپ بوو ،بەڵام لە جەرەیانێکی تربوو. یەک نەفەری تر لە شورای شاری مەریوان، سیٚ کەس بوو دانیشتبوون قسەیان ئەکرد لە سەر ئەوە چ بکرێت ؟ کاک فوئاد نەزری ئەوە بوو تا ئیستا کردوومانە سەر کەوتوو بوین لەمە بەدوا ئێمە ئیتر ناتوانین درێژە بەم کۆچە بدەین.

ـ هێزی نیزامی بەرنگاریمان نیە تا هێرش کەینە سەر حکومەت. جا ئەوە شەرایەت و وەزعی موزاکریە کە تۆ سەر کەوتنیکت بە دەس هیناوە. بەڵام ئەوندە

قەوی نیت کە دوژمن لە بەین بیت. دوژمن زەعیف بووە بەڵام هیندە زەعیف نەبووە کە هێرشت لە سەر نەکات. ئەو حاڵەتە هاوسەنگێ وتەعادولی حاڵەتی موزاکرە و تەوافقە، جا لەوی دا تەسمیم ئەوە بوو کە کۆچەکە دوای بینین و بینەوە. ئەو کەسەی تر وا تەرفی موزاکرەیش بوو سفت و سەخت لە سەری ویستا و ئەیوت نابیت وا کەین و دەبێ کۆچ بەردەوام بیت. بەڵام دیار بوو ڕای کاک فوئاد و ئەو کەسەکەی تری شورای شاری مەریوان دوو بوون و ئەو کەسە یەک رای و دەنگی بوو و تەنیا بوو، ئەو نوکتەیە دەڵێم لە "سەداقەت و راستی دا"واقعیەت قەزیەکە هەرچێ بیت هیچ ڕابەری زەرەری تیا ناکات و بیگەڕینیتەوە بۆ جەماور، جەماور ئەمجارە دەزانن چ بکەن، دڵ خۆش دەبن دڵیان قورس دەبێ، کە حەتتا ئەگەر پاشەکشەیش هەیە چوون دەزانن پاشەکشەکە بۆچی بووە، ئەمجارە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هەوڵ دانیکی تر. ئەوە رەمزی گەوری کاک فوئاد بوو کە بەراستی دەرکی کردبوو کە لە کاریا درۆ نەکات.

## 27.4.2 بەشیک لەوتەکانی بە ڕێز

## ساعید وەتەندوست

یاد کردنەوە لە کاک فوئاد گرینگ ترین دەسکەوتێک کە هەیەتی لانی کەم بۆ من ئەوەیە کە تەئسیراتی کاک فوئاد لە سەر بیست ساڵ سی ساڵ لە مێژوویی ئێستای موبارەزەی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراندا، و بزووتنەوەی چەپی ئێران بخاتەوە بیر. بۆ من زۆر زەحمەتە بتوانم لە بارەی کاک فوئادەوە قسە بکەم. ڕاستە من ماوەیەکی تا ڕادەیەک دوور و درێژ لەو دەورانە کۆتایە، کە کاک فوئاد تەئسیری دانیا لە سەر ئەو شۆڕشە، لە بەر دەستیدا بووم و فێری زۆر شت بووم و کارم کرد. بەڵام ڕاستی یەکەی لە کاتێکەوە کە هاورێ یان داوایان لە من کرد کە بێم لیرە لە بارەی کاک فوئادەوە قسە بکەم هەستم بەوە کرد کە ئەم مەسەلە، مەسەلەیەکی سەهلە لە عەین حاڵدا دژوار ومومتەنعە. سەهلە لە بەر ئەوە ئەوەندە فاکت هەیە، ئەوەندە پەدیدەیەکە بە دەستی کاک فوئاد بە ڕێنوینی کاک فوئاد و بە تەئسیراتی کاک فوئاد لە

مێژووی کوردستان و لە مێژووی موبارەزاتی چەپ و کۆمونیستی ئێراندا ڕوی داوە کە ئێحتیاج نی یەو زۆر زۆرە بەڵام هەڵبژاردنەکەی سەختە. بە کام کەلیمە دەتوانم بەیانی ئەوئێنسانە یانی پڕ بە پڕ بەیانی شەخسیەتی کاک فوئاد بکەم. من ئەوە لە خۆمدا نابینم. تەئسیری ئەم کۆبونەوەیە و تەئسیری ئەم قسانە جارێکی تر وەکوو ئەوەیە کە ئێنسان دەرسەکانی شۆڕش خەریکە وەبیر خۆی بێنیتەوە. هەموو شاگردێک کە بیەوی سەبارەت بە ئوستادی خۆی قسە بکات یا دەبی بە قەد ئەو بزانی یا دەبی لەو زیاتر بزانی. من هێچ کام لە وانە نیم. لە بەر ئەوە بۆ من زۆر سەختە کە پڕ بە پڕ ئاماژە بە شەخسیەتی کاک فوئاد بکەم و بێناسێنم. فێری زۆر شتی کردووم. پێم وایە کە فێر بووم بە داخەوە ڕەنگە من دەرسەکانیم بە باشی وەر نە گرتووە.

واقعیەت وایە زۆر کەس شەهید بوون هەموو ئێنسانێک ئەمرێ، هێچ کەس نامێنیت، بەڵام مەرگی هەموو کەس تەئسیراتی لە سەر ئەو کۆمەڵگایە کە تیدا ژیاوە وەک یەک نی یە. و تەئسیراتی مەرگی فوئادیش ئەوەندە زۆر بوو کە تەنانەت ئەویش و لە دوای سی ساڵ لە ناو هەموو ڕێبەرانی بە حەق، ڕێبەران و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و سوسیالیزم و کومونیزم و ڕزگاری خوازی کورد جارێک هەر باسی کاک فوئاد دەکەین. ئەوە خۆی بەڵگەیەکی زۆر گەورەیە.

فوئاد کی بوو ؟ چی کرد ؟ چ تەئسیرێکی دانیا ؟ و چۆن ؟ من کوا دەتوانم وڵامی ئەوە بدەمەوە من پێم وانیە ئەوە بۆ من دروست بێ یا کاتی ئێوە بەوە بگرم کە کاک فوئاد لە چ بنەماڵەیەک بوو؟ مێژووی ژیانی چۆن بوو ؟ لە کوێ دەرسی خۆێند ؟ ئەوانە جێگا و شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە. بەڵام ئەو ئێنسانە کە بە بڕوای من سەر و گەردنێک چ لە دەورەی خۆیدا و چ هەتا ئێستاش لە هەموو ئەو کەسانەی ئێدیعای ڕەهبەری یان هەیە باڵاترە و بەرزترە. جێی خۆیەتی لە ئاست و ڕادەیەکی تردا بەرڕەسی کرێت.

بەڵام بە هەر حاڵ من ناچارم لە شتێکەوە دەس پێ بکەم. یەکەم جار لە ساڵی پێم وایە 51 بوو یا 52 ی هەتاوی بوو کاتەکەی دەقیق لە بیرم نی یە، من ئەو ئێفتخارەم بوو کە شانازی پێوە دەکەم و قەد فەراموشی ناکەم. یەکەم جار

لە تاق و سانی کرماشان، لە یەکەمین مەرکەزێک کە بۆ ئەو تەشکیلاتەی ئەو کات کە کاک فوئاد دایمەرزاندبوو ،کە لەمەودوا بوو بە ناوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران خۆی ناساند لە وی یەکەم جار دیتم. زۆر گەرم و گوڕ بوو، زۆر میهرەبان بوو، لە باوشی گرتم خێرا دەستی کرد بە شۆخی کردن. کاک فوئاد ئەو خوسوسیەتەی بوو زۆر زوو لە خەڵک نزیک دەبوەوە. بی ئەندازە ئێنسانێکی سەمیمی بوو. یانی هەر لە یەکەمین چاوپێکەوتنیدا، ئەو تەئسیرەی لە سەر دڵ من دانا کە هەرگیز نەمتوانی فەراموشی کەم. تەئسیری ڕەفاقەت، تەئسیری ڕەفیقێکی واقیعی ڕەفیقێکی زۆر زۆر سەمیمی و زۆر فیداکار. لە تەمەن لە من چکۆلەتر بوو، بەڵام زۆر لە من بە تەجروبەتر و ئاگا تر و عاقڵتر لە خۆم هاتە بەر چاوم. لە مەو دوایش سەدان جار یەکترمان دیبوو.

یەکیک لە خوسوسیاتی ئەوە بوو هەمیشە شتێکی تازەی پێ بوو. هەمیشە شتیکی باس دەکرد کە تازە بوو یانی شتێکی باس دەکرد کە هەنگاوێک بەرەو پێش بوو. ڕاستی کاک فوئاد کی بوو؟ کاک فوئاد ئێنسانێک بوو کە یەک محوەری لە زهنی خۆی دانابوو. شتێکی لە زهنی خۆی دانابوو. هەمیشە بۆ ئەوە کاری دەکرد ئەویش عیبارەت بوو لە چارە نووسی خەڵکی فەقیر و هەژار. تەشکیلاتی دامەزراند لەو جیهەتە کردی ،لە زیندان هەر لەو جیهەتەدا هەنگاوی هەڵگرت، موتاڵعەی دەکرد هەر لەو جیهەتەدا بوو بۆ ئاڵ و گۆڕ و پێک هێنانی ژیانی خەڵکی فەقیر و هەژار، بۆ بونیاد کردنی جامعەیەکی نوێ کە ئێنسان تیدا ئازاد بێ. بەو مانایە کاک فوئاد ئێنقلابی یەکی واقیعی بوو. ئەیزانی تەنیا بە ئێنقلابێک دەتوانی ئەو ئاڵ و گۆڕە بە وجود بێ. نەک لە ڕێگای سازش و سات و سەوداوە.

کاک فوئاد وەک کتیبێکی کراوە بوو. ئەگەر هەر کەسێک موراجعەی بەم کتیبە کراوەی بکردایە، موراجعەی بە هەر فەسلێکی ئەم کتێبە بکردایە شتێکی تازەی تیدا بوو. ئێنسانێک نە بوو کە شتەکانی بشارێتەوە. ئێنسانێک نە بوو لە باری مەنافع و بەرژەەندی خۆی شتێک لە کە سێک بشارێتەوە. ئەوەی کە

پەیوەندی بە ئەمری ئێنقلاب بوو تەنانەت ئەگەر ژیانی خوسوسی خۆی بوایە سەرفەنەزەری دەکرد. لەو جیهەتەوە کاری کرد و هەتا ما هەر ئەوەی کرد. وەختێک لە گەڵ کاک فوئاد بووی ئەتزانی بۆ کویٚ ئەچی ! ئەتزانی هەنگاوی دوایی چی یە ! ئەتزانی بەرەو کام ئامانج دەبی بڕۆی ! ئێبهامی نە بوو. زۆر سەریح و زۆر بە ڕاشکاوی هەموو قسەکانی دەکرد. تەنانەت ئەگەر بریتی بوایە لە ناکۆکی خۆی لە لەحاز سیاسی یەوە لە گەڵ هەر کەسێک، هەر شتێک، و هەر جەرەیانێکی سیاسی. زۆرمان دیوە کەسانێک کە خۆیان وەکوو بەرێوە بەر وەکوو تەنانەت زۆر کەس کە ئیدیعا دەکەن لە دامەزرینەانی کۆمەڵە بووە، بەڵام لە بیریان چوەتەوە ئەو جۆرە کە فوئاد بوو ئێستا وامان نیە.

کاک فوئاد یەکیک لە خوسوسیاتی ئەوە بوو کە بۆ کەسێک کە هەنگاوی لە ڕێگای ئێنقلابدا هەڵگرتایە، بۆ کەسێک کە جیهەت گیری ژیانی ئەوە بوایە کە خزمەتی بە چینی چەوساوە و بەشخوراوی ناو کۆمەڵگا بکردایە ئەبوو بە ڕەفیقیکی زۆر نزیکی. زۆر بە باشی خوسوسیاتی شەخسی ئێنسانی تەشخیس دەدا.و زۆر بە باشی دەیتوانی باری ئێسباتی شەخسیەتی ئێنسانی لەو جیهەتە تەقویەت کا. دروست بەو دەلیلە لەو نزیک دەبوەوە و بە دروستی دەیتوانی سازمانی بدا. لە هەر شوێنیک بە کار بەهاتای جگە لەوە هیدایەتی دەکردی جگە لەوەی ئەیزانی لە باری موسبەت و شەخسیەتی تەقویەت و لە کویٚ یارمەتیت بدا و بۆ چ کارێک پێویستی. لە بەر ئەوە سازماندەرێکی گەورەیش بوو. ئەو کەسانە لە سەر بڕیاری ئەو لە سەر کار هایەک دانرا لەمەو دوا هەڵویستی خۆیان و توانای خۆیان نیشان دەدا.

کاک فوئاد خۆی بە مەرکەزی عالەم نەئەزانی. کەسێک نە بوو پێی وابیٚ ئەو ڕزگار دەر و ناجی بەشەریەتە. پێی وابوو بەشەریەت ناجی ئەوە دەبی خزمەت کەی تا بتوانی ئێنسان لەو وەزعەی مەوجود لە جامیعەی چینایەتی کە هەیەتی بێتە دەرەوە. پێی وا نە بوو ئەو بیر و بڕوایە کە هەیەتی تاکانەیە. بۆیە دەیتوانی لە گەڵ نەیارانی سیاسی خۆی و لە گەڵ کەسانێک کە موخالیفی سیاسی خۆی بوون بە باشی و لە شەرایەتی موناسب دا وت و وێژ بکات و

هێزیان لەو جیهەتە کە خۆی هەدەفی بووبخاتە کار. کاتێک بیزانیایە کەسێک لە جیهەتی حەرەکەتێکی گەورە ئەڕوا تا حەد و ئاستی نیگابانی یەکەی ئەچوو. یادی بە خێر ئەویش وەکوو کاک فوئاد، کاک سەدیقی کەمانگەر لە شەڕی سنە و موزاکرەکانی سنە نەقشێکی بەرچاو و بەر جەستەی پەیدا کرد. زۆر شت تەنانەت ئەو کات نوێنەرانی ڕژیمی ئێسلامی کە هاتبوون هەدەفیان بوو بوە ئەوە، کاک سەدیق ئەو وەختە لە شەڕی سنە فەرمانی دا پادەگان چەک کەن کاک فوئاد بە منی وت ئێستا وەختیکی زۆر موهیمە ئێمە دەبی هۆشمان بە کاک سەدیقەوە بێ. بابچین نیگابانی بدەین. لە تەزاهوراتێکی گەورە کە لە جەمعیەتی سنەوە بەرەو زانستگای ڕازی کرا حوکمی لە من کرد وەک نیگابان بە یەکەوە کاک سەدیق بپاریزین. مەبەستم ئەوە بوو کە تەشخیس ئەوانەی دەدا و ئەوە نە بوو کە خۆی لە وانی تر پێ زل تر بی.

کاک فوئاد لە گەڵ نەیارانی سیاسی، لە گەڵ ئەو کەسانە کە جۆرێکی تر بیریان دەکردەوە بە ئاسانی دەیتوانی ڕابتەو پەیوەندیەکی مەنتیقی پەیدا بکات. هەمیشە بە جوانی لە موخالیفی سیاسی خۆی چ لە ناو تەشکیلاتی کۆمەڵە و چ لە دەرەوەی تەشکیلاتی کۆمەڵە بە دیقەت گوێ دەدا. هەمیشە ئێستدلالی کافی پێ بوو. لیبڕاو و قاتیع بوو. ڕخنە و ئێنتقادەکانی زۆر لیبڕاوانە و سەریح بوو.دەیتوانی ڕابتە و پەیوەندیەکی مەنتیقی پەیدا بکات. هەمیشە و هەموو جارێک گوێ بە موخالیفی سیاسی خۆی دەدا. ئەیزانی لە کوێ نەزرە و هەڵویستی خۆی دەر بڕی لیبڕاوانە و ڕۆشن و ڕەفیقانە هەڵویستی دەگرت. قەد نەزەراتی خۆی نەدەشاردەوە و ئەوە خوسوسیاتی ئێنسانێکی ئێنقلابی و کومونیستە. بە سەراحەت و لیبراوانە وبە ڕاشکاوی لە مەسایلی تەشکیلات تەنانەت ئەگەر پەیوەندی بە تەشکیلاتی دەرونی کۆمەڵەوە بوو، هەڵویستی دەگرت.

لە کۆبونەوەیەک لە شاری مەهاباد بۆ جەمعیەتێک لە جەوانانی ئەو وەختەی مەهاباد کە تازە کۆمەڵە خۆی ئاشکرا کردبوو قسە و باسێک دەکات. زۆر بە سەراحەتەوە باسی مەساییلی تەشکیلات دەکات و نایشاریتەوە. یانی

وەک سیکتێک نایشاریتەوە. وەک قەڵایەک کە دەسرەسی پێ نە بی باسی ناکا. من یەک دوو نموونە باس دەکەم بیست ساڵ لەمەو بەر قسەی کردووە. لە نەوارەکاندا هەیە بیست ساڵ لەمەو بەر قسەی کردووە و هێچ بەڵگەی ناویت. کاک فوئاد ئێژی برێک لەو مەسایلە پەیوەندی بە ئێنحرافاتی ناو ڕەهبەری مان هەیە. بێگومان ئەوانە مێژووی یەکی هەیە و من نامەوی واردی ئەو جەرەیانە بم. بە سەراحەت و ڕاشکاوی باسی دەکرد. وای لە قەڵەم نەدەدا کە گوایە هێچ ئێختلافێک نیە. و تەشکیلات هێچ ئێرادێکی لە سەر نیە. و نەزەراتی خۆی هێچ ئێرادێکی لە سەر نیە. ئاشکرا بۆ کەسانێک کە بە تەمابون لە گەڵ کۆمەڵە بن باسی دەکرد.

کاک فوئاد بە بزووتنەوەی جەماوەری ئێمانێکی یەکجار قووڵ و عەمیقی هە بوو. نمونەیەک لە وانە هەیە کە باسی دەکەم. باسی یەکیەتی جووتیاران دەکات. لە مەریوان کۆڕێک ڕەوشەن فیکر و رووناکبیر کە جۆرێکی تر بیریان دەکردەوە. ئەوە مێژوویەکی هەیە. جەماعەتێک موخالیفی یەکیەتی جووتیاران بوون. لە کاتی ئێنقلابدا ئەو حەرەکەتە ئێنقلابی یە کە لە لایەن کاک فوئادەوە رێبەری دەکرا کە پاسگاکان چەک کەن جەماعەتە رووناک بیرەکە موخالیفی چەک کردنی پاسگاکان بوون. ئەوان رێگای سازشیان گرتبوە بەر کاک فوئاد بۆ رێگا حەلەکەی ئێژی ئێمە ئەو ئێختلافمانە لە ناو خەڵکدا باس کرد. کە دوو تەرەفی رووناک بیر نەماندەتوانی بە تەنیایی ئەو ئێختلافە حەل کەین. مەسایلی سیاسی بوون ئەوە لە نیهایەتدا خەڵک بوون کە بۆ حەلی ئەو ئێختلافەکومەک بکەن و قەزاوەت بکەن. ئەوان تەسلیم بون تەنانەت نامەیان نووسی و پەژیوان بونەوە و رێگا و ڕەوشتی خۆیان گۆڕی. جێگای ئەوەیە بچن بە خەڵک بڵێن کە هەوەڵ ئێشتبامان کرد و دووهەم و لە هەمان کاتدا بە خەڵک بڵێن ئاشت بوینەوە. کاک فوئاد ئێژی ئەم کارەی ئەوان هە دووی بە قازانجی خەڵکە. مەبەستم ئەوەیە یەک محوەری لە زهنی عەمەلی دەکرد کە چەندە خەڵک ئاگاهی سیاسیان و قودرەتی موبارەزاتیان لە ئەسەر ئەو حەرەکەت و ئەو تئێختلافە کە لە بەین ئەو دوو جەماعەتە رووناک بیرە بوو بچیتە سەر. هەدەفی ئەوە بوو. لە تەوزیحی

ئەو تەشکیلاتە کە تازە خۆی بە ناوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ئاشکرا کرد بوو.ئەڵی پێویست ناکا قسەمان بەبیستن، کردەوەمان لە بەر چاو بگرن، بزانن وایە یا وا نی یە. ئەمانە عەینی قسەکانی کاک فوئادە کە باسم کرد. ئەو حەرەکەتە ئێنقلابی یە کە ساڵە ها توانی کۆمەڵە هیدایەت بکا.

لیکۆڵینەوەی مێژووی سی ساڵەی ئەخیری کوردستانی ئێران بێگومان ناتوانی بە بی ئەوەی تەئسیراتی کۆمەڵە لە نەزەر بگیرێ یانی مێژوو نووس یان لیکۆڵەرەوەیەکی بە وجدان و بی لایەن ناتوانی ئەگەر ئەو مێژووە بخاتە بەر چاو ناتوانی باسی کۆمەڵە نەکات. و کەسێ باسی کۆمەڵە کرد ناتوانی باسی فوئاد نە کات و بە نەزەری من پێچەوانەکەیشێ هەر دروستە.

بیرەوەریەکی کورت سەبارەت بە پەیوەندیم لە گەڵ هاوڕێم کاک فوئاد باس دە کەم. ئێمە لە شاری سنە بووین. فەرمانی هێرش بۆ سەر خەڵکی کوردستان درابوو.کاک فوئاد لە سەقزەوە تەلەفونی لە من کرد و وتی ئێمە خەریکین کار و بارەکانمان سازمان دەدەین. تۆش هەستە وەرە. بەو شێوەیە تەبعەن مەجموعەیەک کار لە سەر شانم بوو و من هەستام و چوم بۆ سەقز و بۆکان بۆ لای کاک فوئاد. چوونکوو لە بۆکان دەبوا کۆبونەوەیەکمان بە کردایە لە سەر وەزعیەتێکی داهاتوو کەلە کوردستان هاتبوە بەرەوە. یەکەم جار کە کاک فوئادم بینیم خەریکی ئامادە کردنی بەیاننامەی خەڵکی کورد لە بواری تاقی کردنەوەدا بوو و بە خەتی خۆی دەینووسی. ئەو بەیاننامەیە کە بریتی بوو لە هەموو مەوازع و هەڵویستەکانی کۆمەڵەی ئەو وەختە وبە خەتی کاک فوئاد نووسرا و من ئەو شانازیەم پێ برا لە کاتی نووسینی ئەو بڕیارنامەیە حوزوورم بوو و توانیم نەزەری خۆم مەترەح کەم. ئێمە بڕیار وا بوو هەر دووکمان چەکدار بین. بە هەر دووکمان توانیمان چەکێک بکڕین و بە نۆبە دەمانکردە شانمان. دوا جار کاک فوئاد چوو و تفەنگەکەی برد و من بی چەک مامەوە و پاشان لە ڕێگایەکی ترەوە تفەنگم بە دەس هێنا.

هەفتەنامەی ئینتەرنێتی " دیمانە" لە گەڵ کاک ساعید وتووێژ و چاوپێکەوتنێکی هەبوە کە لە 12 لاپەڕەدا پەخش و چاپ کراوە .لە لاپەڕەکانی 9 و 10 ئاوا نوسراوە .

پرسیاری دیمانە : دەتوانی بڵێی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە کێ بوون ؟

وڵام :- زۆر بوون ، بەڵام خودی کۆمەڵە لە پرۆسەیەکدا پێکهاتوە . هەر چەند لە سەرووی هەموانەوە کاک فوئادی مستەفا سوڵتانی یە،کاک محەممەد حوسینی کەریمی یە، کاک عەبدوڵڵەی موهتەدی یە، کاک فاتیح و کاک موسلیح و کاک یەدوڵڵە بیگلەری یە و منیش لە گەڵ ئەوان بووم .

پرسیاری دیمانە : تۆ هاوڕێ یەکی نیزیکی کاک فوئاد بووی .دەتوانی باسی ئەو تایبەتمەندیانەی بکەی کە تا ئێستا باس نە کرابن ؟

وڵام : - لە سەر کاک فوئاد زۆر کەس قسە دەکەن و زۆریش نووسراوە . سەختە من قسەیەک بکەم کە کەس نەیکردبێ. بەڵام کاک فوئاد کەسایە تییەکی تایبەتی هەبوو. ئەوەی کە کردی هەر تەنیا یازدە مانگ لە دەرەوە بوو لە دوای زیندان، لەو یازدە مانگەدا ئەوەندە تەئسیری دانا کە لە ماوەی دوای شەهید بوونی تا ئێستا هەر باسی دەکەن . هەر ئەوەی تۆ باسی دەکەی یان کەسانێک وەک ئێمە کە دەردەکەوین و لە بارەی کاک فوئادەوە پرسیار دەکرێ لێمان خودی ئەوە دەبێ زۆر هەڵکەوتوو بێ.خۆ زۆر کەس هەبوون کاریان کرد بەڵام وەک کاک فوئاد نەبوون .

پەسیاری دیمانە : تۆ زۆر لە کاک فوئاد نیزیک بووی . دەتوانی بڵێی رۆڵی کاک فوئاد لە دارشتنی قەتعنامەی هەشت مادەییدا چ بووە ؟

وڵام :-من لەو دانیشتنەدا بەشدا ر نەبووم .بەڵام لە نێو ئەو جەمعەی کە تەسویر کراوە نازانم سۆراخی کێ بگرم ، غەیری کاک فوئاد کە دیفاعی لە بەرژەوەندیی خەڵکی هەژار و فەقیری کوردستان بکا.

# 28 - سرودی كاك فوئاد

هونەرمەندی بە ڕێزو لێهاتووی شاری سنە؛ ئوستاد حەسەنی كامكار ئاهەنگ و نوتی سرودی كاك فوئادی لە سەر هونراوە و شیعری ناسک و شۆڕشگێڕانەی كاك موسلیحی شێخ الاسلامی (ناسراو بە ڕێبوار) نووسی و بە نهێنی لە گەڵ تیپی موسیقای شاری سنە؛ و بە دەنگی گۆرانی بێژی ئازێز كاك نجم الدینی غولامی؛ سرودەكەیان تۆمار كرد. ئەو سرودە وەک شەپۆلی دەریا و سروەی شە ماڵ هەموو سنوورە دەسكردەكانی كوردستانی تێپەڕاندو شكاند وەک سرودێكی سەر زاری هەموو شۆڕشگێڕانی پێشمەرگە و گەنجەكانی شار و دێهاتی كوردستانی لی هات. ئەم سرودە زۆر بە ئاسانی بڵاو بووەوە و لە دڵی جەماوەری خەڵكدا ئاژین بوو. سرودی كاك فوئاد بوو بە بە ڕمزی خەبات دژی داگیركەران و چەوسێنەران. سرودێک كە زۆر بە خێرایی لە سەر دڵان نیشت و توانی شوێنی خۆی لە كۆمەڵگای كوردستان بكاتەوە. شیعرەكە هونراوەی كاك ڕێبوار و یەكیک لە شیعرە سەر كەوتوەكانی ئەو سەر دەمە و لە بەر دڵان بوو.سرودەكە كۆڕی خەباتی لە بواری هونەری شۆڕشگێڕانەدا جۆش دا. دەنگی بە سۆز و دلگیری پێشمەرگەی شۆڕشگێڕكاك نجمە ی غولامی و ئاهەنگ و نوتی ئۆستاد حەسەنی كامكار و شیعری پڕ هەست و عاتیفەی كاك موسلیح سرودەكەیان نەخشاند. سرودەكە هاندەری كۆمەڵ كۆمەڵ لە گەنجە كان بۆ ناو سەنگەری خەبات دژی داگیركەرانی كوردستان بوو.بە هوی جەنایەتی لە ڕادە بە دەر و بێ سنوور و وەحشیانەی جمهوری ئێسلامی بە ڕێزحەسەنی كامكار ئەم كارە جوان و هونەرمەندانەی خۆی ئاشكرا نەكرد و بەنهێنی مایەوە. جمهوری ئێسلامی بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی، تینوی خوێن و كوشتنی هونەرمەندانێک بوو كە لە ئامانج و بەرژەوەند و شۆڕشی خەڵكی كورد دیفاعیان دەكرد. جمهوری ئێسلامی لە بە هانە و پەڵپ دەگەڕا و ئەگەر بیزانێبا، نوتی سرودەكە، هونەرمەندێكی بە توانا وەک بەرێز كامكار نوسیوویەتی بنەماڵەكەی زەرەزێكی قورسیان لی دەكەوت.

ئێمە لە ئۆستاد حەسەنی کامکار بە بۆنەی پەروەردەکردنی ئەو هەموو هونەرمەندە لە شاری سنە و بە تایبەت منداڵە تێگەیشتوو و هێژاکانی کە شوینی دەست و دەنگیان لە رادیو و تلەڤیزیونەکانی کوردستان دیارە، سپاس و قەدردانی دەکەین و یادی بەرز وبە ڕێز بیت.. هیوادارین منداڵەکانی هەر سەر بەرز و سەرکەوتوو بن و لە خزمەت زیندوو کردنەوەی هونەری دزراو، ون بوو، و گوم کراوی کوردی ڕچەی تر بشکێنن. و بەرهەمی هونەری زانستیانە و عیلمیان زۆرتر بێت و لەمە زیاتر خۆلقینەری شاکاری هونەری کوردی بن.

## 28.1 پێناسی سرودی کاک فوئاد

**هونراوە و هەڵبەست: موسلیح شێخ الا سلامی، گەڵاڕێزانی 1358**
**ستران بێژ: بەڕێز نجمە الدین غولامی**
**کۆڕی سرودەکە: لاوانی شۆڕشگێڕی شاری سنە**
**مۆسیقاو موزیک: تیپی مۆسیقای شاری سنە**

فوئاد، ڕۆڵەی ئاگر و خوێن ؛
تۆوی شۆڕش لە هەموو شوێن ؛
وەستا شێرانە بەرانبەر،
پەلامار دەر چەشنی سەنگەر.
گیوارای کوردەواری بوو.
لە هەموو شوین دیاری بوو.
*

دەمێ یەکیەتی جووتیاران
دەمێ کۆڕی زەحمەتکێشان
دەمێ سەنگەر، دەمێ مەزرا
کۆڵ هەڵ گرتن، لە گەڵ فەلا
*

کی بێ وەک، برووسکە وا بێ
کوردستانی، پێ ئاوا بێ
نەک هەر کوردستان، گشت ئێران
هەموو تووڕە و تازیە باران
بۆ فوئادی، کە سەنگەرە
یادی لە دڵمان ڕابەرە

*

دەمێ یەکیەتی جووتیاران
دەمێ کۆڕی زەحمەتکێشان
دەمێ سەنگەر، دەمی مەزرا
کۆڵ هەڵ گرتن لە گەڵ فەلا

*

شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان
چرای ڕێی دەروون پڕ ئێشان
وەرن یاران بە شینەوە
ئاوا بی لاوینینەوە
کاک فوئاد ئەی شەهیدی ژیر !
شۆڕشگێڕی پاک و پەی گیر !

*

دەمێ یەکیەتی جووتیاران
دەمێ کۆڕی زەحمەتکێشان
دەمێ سەنگەر، دەمی مەزرا
کۆڵ هەڵ گرتن، لە گەڵ فەلا

*

شەرت بێ، جێگات بگرینەوە
سەنگەرەکەت، پڕ کەینەوە

بەڵام سەنگەر، پڕن یاران
ئەڵێی گوڵن، لە بەهاران
شاخ و کێو، پڕ لە پێشمەرگە
دوژمن نەسیبی، هەر مەرگە !

# 29. سەر چاوەکان

## 29.1 فارسی

1. دفاع از دو چهره ی بر جستەی جنبش ملی کرد، زنده یادان قاضی محمد و احسان نوری پاشا، نوشتەی از صارم الدین صادق وزیری.
2. تحریف تاریخ مشکل گشا نیست ! نوشته و مقاله اي از عثمان روشن توده،جولای 2001 خواب به مقالەی ایرج فرزاد تحت عنوان بخشی از یک بیوگرافی به بهانەی پاسخ به چند سوال.
3. رفیق فواد مصطفی سلطانی، آنطور که من می شناختم ! مقاله و نوشته ای از ابراهیم رستمی اکتبر 2001 ،(نقدی بر مصاحبەی رادیویی عبدالاه مهتدی در سالگرد جانباختن رفیق فواد)
4. پیشرو ارگان کمیته مرکزی کۆمەلە.
5. پروسەی شکل گیری بنکه های شهر سنندج، مقاله ای ازمنصور فرزاد، ژانویه 2004
6. به نگارش واقعیت های یک تاریخ در کردستان همت گماریم، مقالهای از ابراهیم رستمی 8 جونی 2001
7. اتحادیەی دهقانان مریوان و تجربه های آن، مصاحبه با رفیق شهید فواد مصطفی سلطانی تکثیر ازدانشجویان و دانش آموزان هوادار سازمان پیکار در راه آزادی طبقەی کارگر1358
8. مصاحبه رادیویی عبدالله مهتدی با رادیو کومه له در سالگرد مرگ کاک فواد،بمناسبت 28 مرداد 58، که این مصاحبه در 28 مرداد 84 پخش شد.
9. "فواد نامی که به افسانه ها پیوست"، مقاله ای از رضا کعبی.
10. سلسله مقالات منصور بلوری در مورد جنگ خونین سنندج و رهبری سیاسی کاک فواد.
11. مقالەی عمر ایلخانی زاده در سالگرد مرگ کاک فواد.

12. مصاحبه رادیو کومه‌له با محمد شافعی در مورد اعتصاب غذای تاریخی زیندانیان سیاسی سنندج و نقش رهبری کاک فواد

## 29.2 کوردی

1. شەڕی نەورۆزی خوێناوی شاری سنە ساڵی 1358 ،(مارسی 1979)، نووسین و لێکۆڵینەوەی: مەنسووری بلوری و محەمەد حەسەنخاڵی.
2. گۆڤاری کونتراکت، ژمارەکانی 1 ،2 ،3 و 4 ساڵەکانی98، و99 کە لە شاری ئوپسالای سوید دەر دەچوو. Contract Political journal
3. گۆڤاری لێکۆڵینەوەی کوردستانی ،Kurdish Studies ژمارەکانی 11 و 12 زانکۆی شاری ئوپسالای سوید. ساڵەکانی 2003 و 2004.
4. وت و وێژی حیشمەت مستەفا سولتانی لە گەڵ رادیو ژێوار سەبارەت بە رێبەری کاک فوئاد، لە دژوارترین دەورەکانی ژیانی کۆمەڵەدا 30 08 2003.
5. دیالۆگ و پولیمیکی رەزا مستەفا سولتانی لە کامپیوتر (پاڵتاک) بە بۆنەی کاراکتر و شەخسیەتی سیاسی و دەری رێبەری کاک فوئاد.
6. نوسراوەی مەلەکە مستەفا سولتانی بە ناوی دایکم لە بواری مەینەتەکاندا وەک پۆلا وا بوو!بەهاری 1384 ی هەتاوی. نوسراوەکە لە سایتەکانی بروسکە، کوردستانی رۆژ هەلات، ئاشتی و... دانرابوو.
7. گۆڤاری پیشڕەو و خەبەرنامەکانی کۆمەڵە
8. نوسراوەی سالح سەرداری سەبارەت بە کۆجی مەریوان

## 29.3 ئینگلیزی

1-**A Modern History of the kurds by: David Mc Dowall**



# 30. بیوگرافی نووسەر

ڕەشاد مستەفا سوڵتانی برای کاک فوئادە و لە ساڵی 1948 ی زایینی لە ئاوایی ئاڵمانە لە دایک بووە . بۆ خوێندنی پلەی باڵا و لە پۆلی پێنجەمەوە لە شاری سنە خوێندوویەتی. تا پۆلی نۆیەم لە گەڵ کاک فوئاد بووەو پێکەوە لە پۆلێکدا خوێندوویانە .پاشان بەهۆی هەڵبژاردنی جیاواز لە بواری خوێندندا، لە یەک دابڕان.
ساڵی 1968 دەورەی چوار ساڵەی زانستگای موعەلیمی لە تاران دەسپێکردووە و ساڵی 1972 زانستگای تەواو کردووە. ساواکی شا نەیهێشتوە لە کوردستان خزمەت و ئێش کات. پایزی ساڵی 1972 بۆ شاری فارس نشینی نەهاوەند تەبعیدو دوور خراوەتەوە. ساڵی 1975 گەڕاوەتەوە بۆ شاری سنە و وەک دەبیر لە دەبیرستانەکانی پەروین ئێعتسامی، زەکەریای ڕازی، مەستورەی ئەردەڵان و شاپوور خزمەت و ئێشی کردووە. ساڵی 1979 بووە بە پێشمەرگەی کۆمەڵە و ئەندامی لیژنەی تەرجومە و گۆڤاری پێشڕەو بووە.
ساڵی 1988 وەک پەنابەر لە وڵاتی سوید گیرساوەتەوە و لە ئاستێکی بەرزدا خەرێکی خوێندنی عیلم و زانستی پەروەردەو بارهێنان و پێداگۆگی بووە و ئێستا مامۆستاو موعەلیمی مەدرەسەکانی سویدە .

E.mail: r.ms@comhem.se

هاوینی 2006 – سوید


ڕەشاد مستەفا سوڵتانی

# 31. تکایەک لە خوێنەران!

ئەم کتێبە هەرگیز ناتوانی هەمە لایەنە شەخسیەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە ڕێز کاک فوئاد باس بکات . پەیوەندی یەکانی کاک فوئاد لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا زۆر زۆر بەربڵاو بووە.لە خوێنەرانی ئازیز ڕجا و تکا دەکەم هەر چەشنە زانیاری، ڕوونکردنەوە،دێکۆمینت،ڤیدئو،بیرەوەری و خاترە،عەکس و وێنە ،نەوار و ... کە هەیە و باس نەکراوە و لای ئێوەی ئازیز ماوەتەوە یان هەڵگیراوە و بە تایبەت سەبارەت بە مەرگی گومانلیکراوی کاک فوئاد و پیلانی دوژمن، شەهید کردنی نۆ 9 شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز لە پادەگانی مەریوان ساڵی 1358 ی هەتاوی، تیر باران کردنی بە ڕێزان ئەمجەد و ماجیدی مستەفا سولتانی لە زیندانی تەوریز ساڵی 1362 ی هەتاوی هەر چەشنە زانیاری و شتیک دەزانن بە ئادرەسێک کە لە ئاخری کتێبەکەدا نوسراوە و یان بە هەر شێوەیەکی تر کە خۆتان پێتان باشترە ،ڕەوانەی کەن و تەحویلم دەن.ئەو دیکۆمینت و مەتڵەب و نوسراوانە ی کە سەبارەت بە کاک فوئادە،ئەگەر بتانەوی بە ناوی خۆتانەوە و یان بە ناوی نهێنی تانەوە لە چاپێکی تردا کەڵکی لێ وەر دەگیرێ و پەخش و چاپ دەکرێن . مەسئول و بەرپرسی پاراستنی نهێنی یەکانتان بە منە و لەم بابەتەوە ڕازدارم . کە وایە دڵنیا و خاتر جەم بن .

هەروەها سڵاو و پێزانین و سپاسی زۆرم وەر گرن .

**ڕەشاد**


دانشگاه صنعتی آریامهر

سال تحصیلی ۱۳۴۸ – ۱۳۴۷

شمارهٔ دانشجو ۲۰۰۸۷۴۶۴۶

نام محمد فواد نام خانوادگی مصطفی سلطانی نام پدر محمد رشید


شمارهٔ شناسنامه ۱ محل صدور سنندج تاریخ صدور ۱۳۲۷ دانشکده برق

این دانشجو تعداد ۳۰۴ واحد از ۱۳۶ واحد لازم برای تکمیل دورهٔ لیسانس مهندسی را

تا آغاز سال تحصیلی جاری کسب کرده است

نیابت تولیت عظمی دانشگاه صنعتی آریامهر – محمد رضا امین


پێناسەی زانستگەیی کاک فوئاد



پارێزەرو بەرپرسی چەمعییەتی دیفاع لە ئازادی و
ئینقیلاب سدیق کەمانگەر



باخە رەزەکانی ئاڵمانە




کێوی ئاسنگەران  لە ئۆردووگای مالومە ( کوردستانی باشور)



گۆڕستانی تاڵەسوار



نزیک ئاوایی کانعمەت : شوێنی شەهیدبوونی کاک فوئاد




دوکتۆر جەعفەر




چلەی کاک فوئاد. بەشداری گەنجانی شۆڕشگێری مەریوان لە گوندی ئاڵمانە




کاک فوئاد لە دەورانی ئەفسەر وەزیفەیی دا




کاک حسین لە دەورانی ئەفسەر وەزیفەیی دا



کاک حسین




کاک حسین




کاک ئەمجەد




لە ڕاستەوە: ڕەشاد – ئەمین – تاهێر – ماجێد – فوئاد
دانیشتوو : عەتا ڕۆستەمی




گوندی ئاڵمانه




کاک ماجێد



کاک فوئاد، ئۆردوگای کانی میران – مەریوان




موحەممەد ڕەشید بەگ




لە ڕاستەوە: عەبە كەوە، دایە بەهیە، ئەمین، بابەک



لە ڕاسەوە: ڕەشاد، فوئاد، سەعید، ئەمین. دانیشتوو: تاهێر



لە راستەوە: رەشاد، حسین، سەعید. دانیشتوو: باوکم



موهەندس محەمەد حسین کەریمی